دروستکردنی دوژمن

یــان

چۆن بە ویژدانێکی ئاسوودەوە دەکوژیت

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

نوســینی: پیار کۆنیــسا

وەرگێرانی: حەمە ڕەشید

MHF

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

سوپاس و پێزانین

لە ڕاستیدا ئەم کتێبە بەبێ ناوهێنانی دوو مرۆڤی خوێندەوار و بەئەمەک و بەهەڵوێستی وەک کاکە شوان ئەحمەد و کاکە سەروەر حەمە ئەمین، لاسەنگ و ناتەواو دەبوو، لە هەمان کاتدا ناهەقییەکی گەورەش بوو. کاکە شوان، سەرەڕای سەرقاڵی خۆی بە نووسین و وەرگێڕانەوە، کەچی هەمیشە بە سنگێکی فراوانەوە بابەتەکەم لێوەردەگرێت و پێیدادەچێتەوە و تێبینییەکانی خۆیشیم پێ دەڵێت. کاکە سەروەریش پێم دەڵێت؛ مەڵێ کاتت هەیە بۆ پێداچوونەوە، بەڵکو بڵێ پێیدابچۆرەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کتێبەکە بەبێ سەرنج و تێبینییەکانیان پڕ کەموکورتی دەبوو. سوپاس بۆ ئەرک و ماندووبوونیان

ناوی کتێب: دروستکردنی دوژمن، یان چۆن بە ویژدانێکی ئاسوودەوکوژیت.

نوسەر: پیار کۆنیـسـا

وەرگێران لە عەرەبییەوە: حەمە ڕەشید

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاینی بەرگ: ساسان لطیف خسرو

دیزاینی تێکست : ساسان لطیف خسرو

چاپی یەکەم: ٢٠٢٣

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٦٥٨)ی ساڵی ٢٠٢٣ پێدراوە.

لەسەر ئەرکی (دەزگای مرۆیی مام) چاپکرا

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پێڕست

دەسپێك / میشێل فیڤیۆرکا.. ٧

پێشەکی نووسەر.. ١١

بەرگی یەکەم: چ دوژمنێك؟... ٢١

بەشی یەکەم: دوژمن بابەتێکی سیاسییە....................................... ٢٢

بەشی دووەم: یاسای جەنگ: واباشترە جلوبەرگی سەربازی بپۆشرێت.......... ٣١

بەشی سێیەم: دوژمن منێکی دیکەیە.. ٣٤

بەشی چوارەم: جەنگی دادوەرانە:.. ٤٩

بەشی پێنجەم: "دیاریکەرانی" دوژمن... ٦٥

بەرگی دووەم: ڕوخسارەکانی دوژمن: هەوڵی پۆلینکردنێکی کلێشەیی............ ١٠٤

بەشی شەشەم: دوژمنە نزیکەکە: ململانێیەکانی سنوور......................... ١٠٥

بەشی حەوتەم: پێشبڕکێکاری جیهانی.. ١٣٠

بەشی هەشتەم: دوژمنی گیانیبەگیانی: شەڕی ناوخۆ............................ ١٥٣

بەشی نۆیەم: داگیرکراو وێنەیەکی بەربەرییە................................... ١٧٦

بەشی دەیەم: دوژمنی پەنهان یا تیورەی پیلانگێڕی............................ ١٨٦

بەشی یازدەهەم: دوژمنی ڕەها یا جەنگی گەردونی دژ بە خراپەکاری........... ١٩٨

بەشی دوازدەهەم: دوژمنی چەمکئامێز.. ٢٢٠

بەرگی سێیەم: لێکهەڵوەشانەوەی دوژمن.. ٢٦٧

بەشی چواردەهەم: ژیان بەبێ دوژمنی دەوڵەت: سەختە، وەلێ شیاوە دانانن بە بەرپرسیارێتی و پەشیمانی دا.. ٢٦٩

بەشی پازدەهەم: قوتاربوون لە شەڕی ناوخۆ: لەبیرکردن، لێبووردن، دادوەری...... ٢٧٧

بەشی شازدەیەم: دادپەروەری نێودەوڵەتی: دادپەروەری بەهێزەکان.................. ٢٩٥

بەشی حەڤدەیەم: سەرچاوەکانی جەنگ هەمیشە گرژئامێزن جگە لە توندوتیژی هیچ ڕێگە چارەیەك بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاربوونی چەوساوەکان نییە.................... ٣٠٨

دووماییی:.. ٣١٠

چەند سەرنجێک:... ٣١٥

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

MAM RIAN
FOUNDATION

دەسپێك

میشێل فیڤیۆرکا

پیار کۆنیسا (Pierre Conesa) بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە جیهانی ستراتیجی سەربازییدا دۆزییەوە. لە سالآنی نەوەدەکاندا ئاشنایەتیم لەتەکیدا پەیدا کرد، ئەو کاتەی یەکێک بوو لە بەرێوەبەرەکانی کۆمیسیۆنی کاروباری ستراتیجی (DAS) سەر بە وەزارەتی بەرگری و داوای لێمکرد بیر لەو فۆرمە تازانەی توندوتیژی بکەمەوە کە جیهان بەخۆیەوە دەیبینێت[١]. کاتێک بەرێوەبەری گشتیش بوو لە کۆمپانیای ئەنتلیجینسای ستراتیجی ئەوروپی (Compagnie européenne d'intelligence stratégique) کە نووسینگەیەکی گرنگیی توێژینەوەکانە، چەندین جاری دی یەکترمان بینی. واتە پیار کۆنیسا، نووسەرێکی بێئاگا نەبوو کاتێک باسی لە بابەتی جەنگ یا بەرگری، یا توندوتیژی و ستراتیجی دەکرد؛ چونکە دەیزانی باسی چی دەکات.

ئیدی لێرەوە ئێدمە ڕزگارکارەکە (الصدمة المنقذة) لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە سەرچاوە دەگرێت کە زیاد لە ئاستێک، نەک تەنها ئەو شێوازە نزیکارییانە لەبەریەکهەڵدەوەشێنێتەوە کە بەگشتی کاتێک تەبەنی دەکرێن پەیوەندییان بەجەنگ و ئاشتییەوە هەبێت، بگرە ئەو فیکرانەش کە لە بارەی زۆرێک لە هەڵویستەکان بە مێشکماندا گوزەر دەکات و پێمانوایە لە ڕووی فیکرییەوە کۆنترۆڵی تەواوەتیمان بەسەریدا دەشکێت. لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەوجۆرە قسە لەسەر ستراتیجییەتی سەربازی ناکەین کە بەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە قسەمان لەسەری دەکرد و بەشێوەیەکی جیاواز لە بارودۆخە دەستەهەست و مێژووییە باسلێکراوەکانی دەڕوانین.

لەگەڵ کتێبێکی هاوشێوەدا، ئێمە دوور لە کتێبێکی بچوک و کورتی ستراتیجییدا ڕاوەستاوین. هەر بەڕاستی پیار کۆنیسا دەیتوانی کتێبێکی ورد پێشکەش بکات؛ چونکە لێرەدا کارەکە دابڕانێکە لەگەڵ شیکردنەوەیەکی ستراتجیی تەقلیدی،

---

[١] – ئەو بیرۆکەیەی بە کۆمەڵ لە حەرەمی تاقیگەی کادیس(CADIS) دا گفتوگۆمان لەبارەیەوە دەکرد ومنیش بەرێوەمدەبرد، کتێبی "پارادایمێکی نوێی توندوتیژی؟ (Un nouveau paradigme de la violence?)لێکەوتەوە، ئەو کتێبەی سالی ١٩٩٨ گۆڤاری (Cultures et Conflits)بلاویکردەوە."

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

تەنانەت ئەو شیکردنەوە باشەیشی کە بۆی دەکرێت، ئەمە جگە لەبەرچاوگرتنی کۆتاییهاتنی ئەو جەنگە ساردەش کە بواری بۆ هەر دوو بلۆکە سەربازییە گەورەکە -خۆرئاوا و خۆرهەلات- ڕەخساند، پێناسەیەکی زۆر گونجاو بۆ دوژمن بکەن. بەر لە جەردکردن و ئامادەکردنی بەڵگە سەربازی و دیبلۆماسی و جیۆسیاسییەکان، دەتوانین بڵێین، هەر بەڕاستی پرۆسەی سەرەکی بۆ دروستکردنی دوژمن هەبووە، هەروەکو پیار کۆنیسا بۆمان ڕوون دەکاتەوە. دوا جار ڕەنگە ئاوەزی سەربازیی ئەو شێوازانە پەیدا بکات کە توانای زیاتریان بۆ لەناوبردنی یا مل پێکەچ کردنی هەبێت، بەمەرجێک ئەو کەسانە دیاری بکرێن کە دوژمن بەرهەمدەهێنن و لەسەر دوژمن کار لە ڕای گشتی دەکەن (ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، دەسەلاتی سیاسی، ڕووناکبیران و ڕێبەرە ئایینییەکان... هتد)و هەر بەو سیفەتەش ئاماژەیان پێدەدرێ. کەواتە پیار کۆنیسا پرسیارێکی تازەمان بەردەم دەخات و میتۆدە بەرمهێنەکەی لەسەر ئامادەکردنی پۆلبەندی شێوازەکانی دروستکردنی دوژمن کورت دەبێتەوە، لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو ئامرازە سەرەکییانەی کە بشێت بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنرێن.

ڕەنگە بوترێت ئەم شێوازە لە بیرکردنەوە، وێرانکەری فیکرەکانی پێشووە، لەبەر ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پێوادنگە ستراتیجییەکە هەمیشە پشت بە ئەفسانە و ئایدیۆلۆجیا و درۆودەسەلەکان دەبەستێت، لەگەڵ نەبوونی مەعریفەیەک بۆ واقیع و بۆ دۆخی بکەرە پەیوەندیدارەکان. ئەم شێوازە نەک لە بیریارە ستراتیجییەکان دوورمان دەخاتەوە، بگرە لەو کەسانەش کە کاریگەرییەکی زۆریان هەیە، وەک کارڵ ڤۆن کلاوزفیتز (Karl von Clausewitz). هێندێک جار لە کارڵ شمیت (Carl Schmitt)، مافناس و فەیلەسوفی نازی نزیک دەبێتەوە کە پێیوایە پێناسەکردنی دوژمن، ئەرکی سەرەکیی سیاسییە، گەر چی پیار کۆنیسا، بەوە لێیان جیادەکرێتەوە کە لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دوژمن، وەک پرۆسێسێکی سیاسیی دووپات دەکاتەوە. لەگەڵ نووسەری نزیکارییە دەستەهەستەکان ئاشکرا دەبێت کە فۆکس دەخاتەسەر زۆرێک لە بریارە ستراتیجییەکان، ئەوەش لەسەر شێوازی جان بودریار (Jean Baudrillard) کە وتەیەکی بەناوبانگی کارڵ ڤۆن کلاوزفیتز-ی وەرگرتووە، لە ڕێی ئەو وتەیەوە دەڵێت ئەو جەنگەی جۆرج بوشی کوڕ

(George W. Bush) لە عێراقدا هەڵیگیرساند، جگە لە بەردەوامیدان بە پێواری سیاسەت بە ئامرازەکانی دیکە، شتێکی دیکە نییە.

پیار کۆنیسا شێوازێکی تایبەتی بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی فیکری کلاسیکی هەیە، چونکە فیکر و سەرەنج و بەڵگەنەویستە وردەکانی، بەشێوازێکی میتۆدۆلۆجیانە، لە دەسپێکدا دادەنێت و هەموو جارێکیش بە نموونە، یا چەند نموونەیەکی دەستەهەست لە چەند دێرێکدا ڕوونی دەکاتەوە، بێئەوەی بۆ سەرچاوەی زیاد لە پێویست بگەڕێتەوە. توێژینەوەکەی تێزێکی ئەکادیمیی نییە، بەڵام هێندەی تێزەکان وردە. ڕەنگە، لەبەر ئەوەی بەتەواوەتی بابەتی پەیوەندیداریی لەسەر هەر ئەزموونێک هەیە، ڕێ بەخۆی بدات ئەم شێوازە لە ڕانان بەشێوەیەکی کورت و پوخت بەکاربهێنێت، چونکە نەک زانیارییەکی تەواوی لەسەر دۆسییەکە هەیە، بگرە دەتوانێت ئارگیۆمێنتی حاشاهەڵنەگریش بخاتەڕوو. من هەمیشە لەگەڵیدا هاوڕا نیم، بەڵکو پێموایە هێندێک جار زێدەڕەویش دەکات، بەڵام بەتێکڕایی هێزی میتۆدەکەی سەرنجم ڕادەکێشێت کە لەوانەیە لەکن هێندێک نووسەری دی وەک لاسایی کردنەوە یا زۆر ڕووکەشیانە دەربکەوێت، ئەمە لە کاتێکدا کارەکە پەیوەستە بە ڕوونکردنەوەیەکی ڕاشکاوانە و بێگرێوگۆڵی کۆمەڵێک لەو خاڵانەی کە فیکرێکی تەواو پاڵپشت بە نموونەگەلێک تەبەنی دەکات و هەموو کەسێک، گەر بییەوێت، دەتوانێت بە سانایی لێی قووڵ بێتەوە و پرسیاری لەسەر بکات.

پیار کۆنیسا، خامەیەکی جوان و تەنزئامێز و "ئازاربەخشی" هەیە؛ لەگەڵ کەودەنی، ساختەکاری، ئایدیۆلۆجی، تەوەزەلی فیکر و درۆکردندا، نەرم و بەخشندە نییە، دووڕوویی و دوو پێوەریی پێ قبوڵ نییە، ئەوەش وامانلێدەکات ئەو شێوازە فیکرییەی لەسەر خۆمان قبووڵی ناکەین، بەسەر ئەوانی دیکەدا، واتە بەسەر دوژمنەکاندا، جێبەجێی بکەین.

خوێندنەوەی ئەم کتێبە توند و ڕووشێنەرە وامانلێدەکات بە بەردەوامی بەشداری لە خۆشییەکانی پیار کۆنیسا بکەین کە بەدەیان جار لە لاپەرەیەکدا، زۆر بەڕوونی و بەحەتمی، فیکرپوچیی ئەو کەسانەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بەشداری لە دروستکردنی دوژمندا دەکەن. کاتێک یەکەم ساتەوەختی چێژوەرگرتن لەبەرچاوان نامێنن یان پشتی سەرمان دەکەوێت، ئیدی هەست بەموچڕک و

تەزوویەک دەکەین و بیر لە پرسە گەورەکانی جیهانی هاوچەرخمان دەکەینەوە، پرسیار لە بارەی ئەو تێوەگلان و کێشە بکوژانە دەکەین کە دەکرا مرۆڤایەتی لێی دوور بکەوێتەوە، گەر برێکی باشی لە لێڕوانین و ئەقلانییەت و هەستی دادوەری هەبوایە. لە ڕاستیدا فیکری ستراتیجی لەگەڵ پیار کۆنیسا دا، ڕووناکبیرە ڕەخنەگرەکەی خۆی دۆزییەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پێشەکی نووسەر

هێنری میشۆ (Henri Michaux)[2]، بەشێوازێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا دەڵێت، دیاریکردنی دۆست و دوژمن و ساغکردنەوەیان، بەر لە هەڵایسانی جەنگ، میکانیزمێکی پێویستە و بەکۆتایی هاتنی ململانێیەکەش، ململانێکارەکان بە خودی ئاکامە نێگەتیڤەکان حیساب دەکرێن: جەنگ خراپترین چارەسەر بوو، بەڵام خەڵکی جارێکی دی ملکەچیی بوون. کارێکی لۆجیکییە، هەوڵ بدەین لە چۆنێتی بەرهەمهێنانی ئەو فیز و لەخۆباییەی جەنگ تێبگەین کە خەڵکی هاندەدات بە ڕێگەیەکی شەرعی یەکتری بکوژن.

بەر لە هەموو شتێک جەنگ مۆڵەت پێدانێکی شەرعییە بۆ ئەوەی خەڵکانێک بکوژین کە نایانناسین (یا هێندێک جاریش، زۆر بە باشی دەیانناسین، هەروەکو لە شەڕە ناوخۆییەکاندا)، بەڵام لەناکاو دەگۆڕێن بۆ نیچیرێکی ئەوتۆ کە پێویستە ڕاویان بنێین و لەناویان بەرین. جەنگ ساتەوەختێکی "ناسروشتییە"؛ چونکە دەشێت سزای مردن بەسەر ئەو کەسانەدا بسەپێنین کە کوشتنی دوژمن ڕەتدەکەنەوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان بەوپەڕی ئامادەییەوە ئەو کارە ئەنجام بدەین و قەناعەتمان بە کارەکەمان هەبێت.

مەبەست لەم کتێبە دیاریکردنی شێوازێکی پەسەندکراو یان ناپەسەندی کوشتن نییە، بەڵام دەخوازێت لەسەر چۆنێتی پەیدابوونی پەیوەندی دوژمنایەتی بە شیکردنەوەیەک بگات، چۆن خەیاڵکارێک دروست دەکرێ بەر لەوەی بۆ شەڕ بچێت. بۆیە بەر لەوەی توێژینەوە لە هەموو فۆرمەکانی توندوتیژی بکەین، ئەو شێوازەمان بەلاوە گرنگە کە توندوتیژی پەسەند و بەشەرعی دەکات؛ لە وڵاتانی دیموکراسیدا، پێویستە جەنگەکە، جەنگێکی "دیموکراسی" بێت.

بەدرێژایی مێژوو، نموونەکانی دوژمنسازی لەبرەودا بووە. لە "مەترسی زەرد" تێگەیشتین، واتە داهێنانێکی بلیمەتانەی گیومی دووەم (Guillaume)، بە مەبەستی پاساو هێناوە بۆ ئەوەی ئەڵمانیا بەشداری لە دابەشکردنی چین دا بکات. هەروەها بە "ئەلبیونی خیانکار" ئاشنا بووین، ئەوەش وەسفێکی فەرەنسایە

[2]- Henri Michaux, Face aux verrous, Collection Poesie/Gallimard; n 258 (Paris: Gallimard, 1992). (1)

بۆ بریتانیا کە تومەتباری دەکات بەوەی ڕێی پێنەداوە بە شێوازێکی هێمنانە کۆلۆنیالی بکات. لە "پیلانگێڕی یەهودی- ماسۆنیزمی" پلۆتۆکراسییەکان (plutocracy –دەوڵەمەندە دەستڕۆیشتووەکان) تێگەیشتین کە لە نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا گەشەیسەند و بۆ پاساوهێناوەی هۆلۆکۆست بەکاردەهێنرا، لەگەڵ هەڵمەتەکانی گرتن، بەر لەوەی بەپچڕی دووبارە دەربکەوێتەوە. بەڵام ئایا ئەو میکانیزمانە بە تەواوەتی لەبەینچوون کە ئەو ئەفسانانەی بەرهەمهێنا و شەرعییەتی بەزۆرێک لە جەنگەکان بەخشی؟ گوتارەگەی سەرۆک جۆرج بوش لە ٢٩ی کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٢دا، دەربارەی یەکێتی کە بەشێوەیەکی تاکلایەنە ئاماژە بە سێ وڵاتەکەی "بلۆکی خراپەکاری" دەکات، نموونەیەکی سەردەمییانەیە بۆ بەرهەمهێنانێکی دەستکردی دوژمن کە بەهێزترین دیموکراسی لە جیهاندا خستیەڕوو. هەرگیز لە توانادا نەبوو گومان لە هیچ وڵاتێک لەو سێ وڵاتە ناوبراوە (ئێران، عێراقو کۆریای باکوور)، بکرێت، بەوەی لە دەستدرێژییەکانی یازدەی ئەیلول، سەپتەمبەری ٢٠٠١دا تێوەگلاون، بەڵام سەرۆک بوش، بڕیاری جەنگی دژ بە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی بە گەلی ئەمەریکا ڕاگەیاند کە لەڕووی دەروونییەوە بەرامبەر بەتیرۆر هێدمەگرتبووی...! ئەو ئەوروپایەی هەمیشە دژ بە سۆڤێتی دوژمن یەکگرتوو بوو، بەسەر دوو بەرەی ناکۆکدا دابەش بوو، "ئەوروپای پیر" سەدام حوسەینی بە کێشە دەزانی، بەڵام ڕەتیدەکردەوە تاغووتی بەغداد بکاتە پاساو بۆ ئەوەی جەنگ هەڵگیرسێنێت. کەچی "ئەوروپای نوێ" شوێن واشنتن کەوت و دژ بە "هەڕەشەی عێراق" بەشداری لە هەڵمەتی سەربازیدا کرد.

کاتێک ئەلێکسەندەر ئەرباتۆڤ (Alexandre Arbatov)، ڕاوێژکاری دیبلۆماسی میکائیل گۆرباچۆڤ (Mikhail Gorbatchev)، ڕستە بەناوبانگەکەی گوکرد "خراپترین خزمەتگوزاریتان پێشکەش دەکەین، لە دوژمن بێبەشتان دەکەین!"، تیورەی پۆچەڵکردنەوەی تەکنیکیی کەرتی ستراتیجی خۆرئاوای سەلماند، چونکە چیدی هەڕەشەی مەرگهێن بوونی نابێت! بەڵکو ئاشتییەکی ڕاستەقینە هەیە. بەڵام ململانی و ئاماژەدان بە جەنگ، بە ژمارە لەکەمی نەداوە، ڕەنگە مەترسییەکەی بەهۆی بە هەرێمایەتیبوونی، لە کەمی دابێت کە هێندێک جار بەناڕوونی دەردەکەوێت. بەڵام چۆن دەتوانرێ ململانێی ساڵی ١٩٩٧ی نێوان ئیکوادۆر و پیرۆ، دەربارەی دارستانێکی چڕی نەدۆزراوەی کەمەرەیی (استوائی –

گەرمەسێر)، شیبکرێتەوە؟ یا داخستنی ٢٥ ساڵەی سنووری نێوان جەزائیر و مەغریب، سەرباری ئەوەی ڕاگەیاندنی یەکێتی خۆرئاوای عەرەبی، ئامانجێکی سەرەکیی پێکهێنانی هەریمایەتی بوو؟، یا ئاهەنگگێرانی بۆلیڤیا لە "ڕۆژی دەریا" لە ساڵیادی شکستی جەنگی زەریای هێمن لە ساڵی ١٨٣٣دا و وەبیرهێنانەوەی داواکردنی ڕێڕەوێکی دەریایی؟

ڕەگوڕیشەی جەنگ لە ڕووداوە واقیعییەکاندایە، بەڵام زۆرێک پێیانوایە لە بونیادی ئایدیۆلۆجی و لە ئامادەکارییەکان یا لە شتە لێڵ و ناروونەکاندایە. ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دادەنێت کە دوژمن بریتییە لە پرۆسەی بیناکردن؛ کاتێک پەیوەندییە ستراتیجییەکەمان بەرەو جەنگ دەمانبات، ئیدی ڕێبازێکی دیالیکتیکی دەهێنێتە ئاراوە کە کردەو وێنەی لایەنی یەکەم دەگرێتەوە و کاریگەریشی لەسەر کردەو وێنەی لایەنی دووەم دەبێت.

پێچەوانەی ئەوەی لە کتێبەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەیخوێنینەوە، خودی دیموکراسی هەڵگری ئاشتی نییە، ئەگینا هەرگیز هەڵمەتی کۆلۆنیزمانەی فرەنسا و بریتانیا دروست نەدەبوون، ئەمەریکییەکان لە عێراق نەدەبینران، ئیسرائیلییەکان سەرزەمینە داگیرکراوەکانیان کۆلۆنی نەدەکرد. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، گشت ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بانگەشەی جەنگ ناکەن. ڕژێمی میانماری (Myanmar) سەربازی یا پورتوگالی سالازار (Salazar) باشترین نموونەن. دیکتاتۆرەکان زۆر بە سادەیی دوژمن دادەتاشن: ئیدی چی ناوخۆیی بێت، هەروەکو حاڵەتی دیکتاتۆرە سەربازییەکانی پیرمانی، یا دەرەکی، هەروەکو حاڵەتی جەنەراڵە ئەرجەنتینییەکان، ئەو داواکارییەی زیندوو کردەوە کە پەیوەست بوو بە دوورگەکانی فۆکلاندی بریتانیاوە، یا تێکەڵەیەک لە هەر دووکیان، هەروەکو حاڵەتی ڕژێمەکەی هیتلەر کە دوژمنەکەی خۆی دیاری دەکرد، واتە جوو، ڕەگەزە نزمەکان، دیموکراسییەکان، فرەنسا و کۆمۆنیستەکان... هتد، یا ستالینیزم کە تروتسکی و بوخارین و سیخور و دوژمنانی سۆسیالیزم و ئیمپریالییەکانی تاوانبار دەکرد.. بەڵام سەبارەت بە وڵاتانی دیموکراسی حاڵەتەکە چۆنە؟

با بەمشێوەیە بەدواداچوون بۆ پرسیارەکە بکەین: دروستبوون و بەردەوامبوونی وێنەی نێودەوڵەتی لە کن ڕای گشتی، بەپێی ئەو شێوازانە دەبێت

کە پێویستە توێکاری بۆ بکرێت: بەوشێوەیە هیند کە بەدڵنیاییەوە مەزنترین دیموکراسییە لە جیهاندا، لەگەڵ مەهاتما گاندی، نازناوی "وڵاتی ناتوندوتیژی" بەدەست هێنا. بەڵام شەش جەنگی دەرەوەی بەرپا کردووە (چواریان لە دژی پاکستانو یەکێکیان لە دژی چین)، دەستوەردانێک لە سریلانکا، هێرشێکی سەربازیشی وەک پرۆسەیەکی پۆلیسی ناوخۆ کردە سەر پەرستگای ئەمریتسار ئاڵتونی بۆ ئەوەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی سیخ دامرکێنێتەوە. کەواتە ئەمە چی پێناسەیەکی نامۆیە بۆ ناتوندوتیژی! بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، چین کە بەزۆری وەک وڵاتێکی هەڕەشەکار پیشان دەدرێت، وادیارە بەر لە هەموو شتێک، سەرقاڵی سەرقامگیری ناوخۆ بێت؛ لە ساڵی ١٩٤٩ەوە تەنها دەستوەردانی لە دوو ململانێی دەرەکی کردەوە (کۆریا و هیند) و شەڕی گێڕانەوەی کۆلۆنیالیزمیانەی "تبیت"ی کردووە.

خودی ڕووداوەکان و خودی وێنە و یادەوەری و نەبەرد و مێژووەکان، لە هەموو ئانوساتێکدا، هەمان مانایان نییە، چونکە حەقیقەتی دیموکراسی، لەتلەت و پارچەپارچەیە. دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل سەبارەت بە جوولەکەی هەموو جیهان، کۆتایی چەوسانەوەیەکی دوورودرێژە کە لە "Shoah"دا گەیشتە ترۆپکی خۆی، واتە ئەو قەڵاچۆکردنەی ئەوروپییەکان ئەنجامیان دا، بەڵام لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا هیچ مانایەکی نییە کە بەدرێژایی چەندین سەدە زۆر پارێزگارییان لەو جوولەکانە کردووە کە مەسیحییەکان دەریان کردبوون. کشانەوەی سۆڤێت لە ئەفغانستان، وەک سەرکەوتنێک بۆ وڵاتانی دیموکراسی ڕاڤە دەکرێت، بەڵام سەبارەت بە موسڵمانەکان، ئەوە دەسەلمێنێت کە دەتوانن سەرکەوتن بەسەر مەزنترین سوپای جیهاندا بەدەستبهێنن، کاتێک خاکی ئیسلام داگیر دەکات. هەمان تێبینیش بەسەر ئەوروپییەکاندا جێبەجێ دەبێت. جاک درۆز (Jacques Droz) لە توێژینەوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشدا[3]، ئەو دژوارییانە شیدەکاتەوە کە لە نووسینی کتێبێکی مێژوویی پەروەردەیی هاوبەشدا، ڕووبەڕووی مێژوونووسە فرەنسی و ئەڵمانییەکان دەبێتەوە، کاتێک کارەکە دەگاتە سەر دیاریکردنی ئەو هۆیانەی جەنگی جیهانی یەکەمی لیکەوتەوە. هەر

---

[3]- Jacques Droz, Les causes se la premieres gurre mondiale: Essai d’historiographie, Points (2) (Paris: Le Seuil, 1973), p. 187.

بەو شێوەیە دەتوانین نموونەی زیاتر بهێنینەوە، بۆ ئەوەی بە باشی گرنگی زاراوە و تێگەیشتنی دوولایەنە لە دروستکردنی دوژمندا ڕوون بکەینەوە.

بۆچی دوژمن؟ ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییە چییە کە لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا دەیگێڕێت؟ ئایا پێویستە ناسنامە بە زەرورەت دژ بە "ئەوی دی" بونیاد بنرێت؟ کارڵ شمیت پێیوایە ئەوە خودی ئەرکی سیاسییە. کەواتە دوژمن ئەوی دییە، شەڕە، هەڕەشەیە و چەشنی نەخۆشیی ناتوانرێ لە ژیان جیابکرێتەوە.. گەلێک خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، وەک هێورکەرەوە کار دەکات، بە تایبەتی لە ڕێی ئەو بەرپرسیارێتییەی لە کۆنیگەرانیمان (ڕاستەقینە یا وێناکراو)دا دەینوێنێت. ڕەنگە دروستکردنی دوژمن هاوبەندی پێکەوەیی جێگیر و قاییمتر بکات و لەوانەشە دەرچەیەک بێت سەبارەت بەو دەسەڵاتەی لەناوخۆدا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە. دوژمن لە کتێبە سەرەکییەکانی پەروەردەی ستراتیجییەتی سەربازییدا، بزرە و بوونی نییە. جەنگ، هەر لە سەرەتاوە وەک ڕەچەتەیەک، شیکردنەوە و ئایدیاکان بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات. مێژوونووسەکان بەهەڵگۆزین ئەو فاکتەرە بابەتییانە دەخوێننەوە کە جەنگی لێکەوتۆتەوە و بەزەرورەت خەڵکی لێی بێئاگابوون. بەڵام پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی لە چۆنێتی پەیدابوونی ئەندێشەی دوژمنکاری تێبگەین و ئەو ڕەگەزە کۆمەڵایەتییانە دیاری بکەین کە ڕای گشتی لێ دروست دەبێت.

کێ دوژمن دروست دەکات؟ لە شۆڕشی فەرەنسییەوە، چیدی پادشا بەتەنیا بڕیار لەسەر جەنگ یا ئاشتی نادات. کەواتە، پەیدابوونی نەتەوە و ململانێیەکانی جیهان لە سەدەی بیستەمدا، ڕەزامەندی ڕای گشتی گەرەکە، بەوەی فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ مۆبیلیزەکردنی جەنگ. ڕاڤەکردنی جەنگەکان، بەوپێیەی گەمەیەکی بازرگانانی چەکە یا بەرژەوەندییە گەورەکەی سەرمایەدارییە، لە ڕووماڵ کردنی تێکرای ململانێ هەنووکەییەکاندا کورت دەهێنێت. ئەرکی فەرمیی دامەزراوەکانی فیکری ستراتیجی لە گەورە وڵاتانی دیموکراسیدا کە ئەنگلۆسەکسۆنییەکان ناوی "ستراتیجیناسەکان" (strategists)ی لێدەنێن، لەسەر بەرهەمهێنانی شیکردنەوە و گوتار لە بارەی ناوکۆی نێودەوڵەتی و هەڕەشەکان کورت دەبێتەوە، ئەمە لە پاڵ بەخشینی فۆرمێکی نوێ بە زەرورەتی هێزی سەربازی بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشانە بێتەوە و لە کۆتاییشدا بەشەرعییەتکردنی

بەکارهێنانی هێز، گەر پێویست بکات. سەردەمی دوای کۆتاییهاتنی یەکێتی سۆڤێت، نوقمی حاڵەتی دڵەڕاوکێیەکی توندی کردن. هەروەکو فریدریک نیچە (Friedrich Nietzsche) لە کتێبی مرۆڤانە و زێدە مرۆڤانە (Humain, trop humain) دا دەنووسێت "ئەوەی لەسەر دژایەتی کردنی دوژمنەکەی ژیان دەکات، لەبەرژەوەندیدایە وازی لێ بهێنێت بۆ ئەوەی بژی". لە ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری تەکنیکیدا، هەروەکو حاڵەتی گشت دامەزراوەکان، "ستراتیجناسەکان" لە ماوەی نەوەدەکاندا، چەمک و دوژمنی زۆر دەستکرد و بارودۆخەکییان بەرهەمهێنا کە دوای گەڕان بەناو زەمەندا، شیکارییان بۆ کردووە.

دوژمنسازی قۆناغگەلێک لەخۆدەگرێت: لەڕووی ئایدیۆلۆجییەوە، ستراتجییەکی دیاریکراوە، گوتارە، ئەو ڕەئیسازانەیە کە پێیان دەڵێن دیاریکەرەکان (marqueurs)، لە کۆتاییشدا، میکانیزەکانی هەڵشکانە بەرەو توندوتیژی. "دیاریکەرانی دوژمن"، ئەوانەی دەبێ بخرێنە پاڵ توێژی دیاریکەرانی ناسنامەی توێژەرانی کۆمەڵگە، ئەوانە بەپێی جۆری ململانێیەکان، هەم ژمارەیان زۆرە، هەم جیاوازن، ئەوانە کەسانێک نین بارودۆخەکە بەوردی ڕاڤە بکەن، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریان هەیە. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، سەنگ و قورسایی دێرۆلید (Deroulede) لە فرەنسا لە جۆرێس (Jaures) گرنگتر بوو. کیپلینگ (Kipling)و پیار لۆتی (Pierre Loti) بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕای گشتیان والێکرد قەناعەت بە کولتوری ئیمپریالیزم بهێنێت. هۆلیوود، زۆر فیلمی گاوانی (کاوبۆ)یان دەربارەی داگیرکاری ئەمەریکی بەرهەمهێنا کە بینەران ماوەیەکی دوورودرێژییان بەدیارییەوە بەسەر بردووە، بەوپێیەی دامەزراوەی داستانێکی مەزن بوو، ئەمە لە کاتێکدا کارەکە بە قەڵاچۆکردنێکی سیستماتیکانەی خێڵە هیندییە سوورەکانەوە پەیوەست بوو. لە شوێنێکی دیکەدا، باسمان لەسەر "پرۆپاگەندەی" جینۆسایدی ڕەگەزیی کردووە، بەڵام لەم حاڵەتەدا قسە لەسەر جۆرێکی سینەما دەکەین.

ئەگەر دوژمن بینا بێت، کەواتە دەشێت ڕێزبەندییەکی بۆ دابنێین و دەرک بە گەورەیی هەمەجۆریی حاڵەتەکانی جەنگ و پرۆسێسی دروستکردنەکەی بکەین.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

"دوژمنە نزیکەکە"، ئەو دراوسێیەی کە لە ئەنجامی ناکۆکییەکی سنووردا، ململانێی لەگەڵدا دەکرێ، ئەوەش ململانێیەکە بە شێوەیەکی تەقلیدی لە نێوان دوو لایەندا ڕوودەدات. پرسی ململانێیەکە پارچە زەوییەکە و جەنگیش لێسەندنەوەی خاوەندارییەکەیە بە شێوەیەکی توندوتیژانە.

"نەیاری جیهانیی"، کێبەرکێی دژایەتیکردنی نێوان دوو هێزە کە ڕۆڵێکی جیهانی بەخۆیان دەبەخشن، هەروەکو حاڵەتی جەنگی سارد، یا کێبەرکێی ئیمپریالییەکان لە گیروگازی کۆلۆنیدا. جەنگ ڕووکاری هێز و کارێکی دزێو و نەفامانەیە بۆ ئەوەی نەخشەیەک کۆنترۆڵ بکرێ.

"دوژمنی دۆست"، بریتییە لە شەڕی ناوخۆ، ئەوی دییە لەسەر خاکەکەم، شەڕی نێوان دراوسێکانە کە تا ئەو ساتە وادەردەکەوت بە ئاشتی پێکەوە ژیان دەکەن. جەنگ لەڕێی وشەکانەوە دەست پێدەکات و هەرگیز ڕاناگەیەنرێت، پاشان بە کوشتنی پێشدەستی (ئیستباقی) کۆتایی دێت: دەکوژین بەر لەوەی بکوژرێین! شەڕی ناوخۆ پاکتاوکردنێک شیزۆفرینییە.

"بەربەری"، داگیرکەر، گەلی داگیرکراو بە دڕندە دادەنێت، لەو کەسە ناحاڵی و کەودەنانە پێکدێن کە تەنها لە هێز تێدەگەن. بەڵام دوژمن ئەو میللەتەیە کە بەدەست داگیرکارییەوە دەناڵێنێت، وەک ئەو کەسەی دەست بەسەر خانوویەکی چۆڵدا دەگرێت و خاوەنەکەیشی ناچار دەبێت بوون و مانەوەی لە ماڵەکەیدا قبووڵ بکات. بەڵام هەرچی سەرکووتکردنیشە بۆ "پایەدارکردنی ئاشتییە".

"دوژمنی نادیار"، هێزێکی نادیار و شاراوەیە کە وادادەنرێت گشت گەلان بەڕێوەبەرێت و چارەنووسیان کۆنترۆڵ بکات، کەڵکەڵە و خولیایەکە لە "تیورەی پیلانیگێڕی"یەوە سەرهەڵدەدا. بنەمای جووبێزی و بناغەی کودەتا سەربازییەکانی ئەمەریکای لاتینە دژ بە کۆمۆنیزم. نەخۆشییەکی خۆپارێزە؛ واتە دژەتەن بەرهەم دەهێنێت کە لە دژی پێکهاتە خۆیەتییەکان ئاراستە دەکرێت)، واتە جەستە زیاتر لەو ڤایرۆسەی تێیدایە زیان بەخۆی دەگەیەنێت. جەنگ پاڕانۆیایەکی (paranoia) توندوتیژە کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک میتاستازە (جۆرە نەخۆشییەکە) پۆخڵەکانی بەرهەمدەهێنێت.

"جەنگی چاکە دژ بە خراپە"، تەنیا ململانێ ئاینییەکان ناگرێتەوە؛ جەنگی ڕژێمە تۆتالیتارە زەبەلاحە عەلمانییەکانی سەدەی بیستەم دەگرێتەوە. ئایدیۆلۆجییەکان، چەشنی ئایینەکان مەرگهێن بوون. ئەوی دی نەک هەر "بەد"ە، بگرە ئەهریمەنیشە، پێویستە جەنگ بە تەواوەتی لەسەر ئاستی جیهان و لەسەر ئاستی ناپاک و پیلانگێڕەکانیش لەنێوببرێت. جەنگ پرۆسەی دەرکردنی ڕۆحە شەڕەنگێزەکانە.

"دوژمنی چەمکی"، تاکە دوژمنە لەسەر پێودانگی ڕەگەزی تاکلایەن بێت، ئەوەش ئەکتێکی ئیمپریالیی زلهێزەکانە، دۆخێکی دەگمەنە کە جیهان لەکاتی سەرۆکایەتی جۆرج بوشی کور دا دەرکی پێکردووە. باڵادەست دوژمنێکی هاوتای خۆی نییە، بۆیە لە ململانێیەکی گشتگیردا، بەتەنها دژایەتی چەمکەکان دەکات. ئەوە "جەنگێکی گشتگیرە دژ بە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی و تیرۆر". جەنگ بریتییە لە خۆپاراستن.

"دوژمنی میدیایی" دوا دوژمنە، لە بۆشایی ئایدیۆلۆجی و ستراتیجی دوای جەنگی سارد، دۆخە هەرە تازەکە پێکدەهێنێت و ڕاگەیاندن داگیری دەکات؛ چونکە وێنە بەسەر دەقدا باڵادەست دەبێت. ئەم هەڕەشە ناستراتیجییە لە ڕێی دامەزراوە ستراتیجییەکانەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێی ڕووناکبیرە ڕاگەیانکارەکان و ڕەوەند و/ یا ئەوانەی لە بواری مرۆییدا کار دەکەن، دیاری دەکرێت. ئەم هەڕەشەیە کردەی سەربازی بێ دوژمنی لێدەکەوێتەوە، لەگەڵ ڕەوانەکردنی کڵاو شینەکان، واتە دووەم سوپای جیهان لە دوای سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان، جەنگەکە لە دیدگای خۆرئاواوە وەک درامایەکی دەروونی (سایکۆدراما) دەردەکەوێت.

لە نێو ڕەگەزەکانی ئەم پۆلبەندییەدا، ڕەگەزێکی تەواو پوخت نییە؛ بەزۆری چەندین جۆری جیاواز لە تاکە ململانێیەکدا تێکەڵ دەکرێن. هەر یەکێک لەو حاڵەتانە وەپیر خەسڵەتەکانی ستراتیجییەکی پەیوەندیدارەوە دەچێت و لەسەر گوتاری دەسنیشانکراو و دیاریکەرە تایبەتەکەی بینا دەکرێت، لەگەڵ ئەو ئاماژانەی ڕەنگە لێیەوە بەدی بێت.

ئەگەر دوژمن بونیادێک بێت، دەشێت لەبەریەکهەڵوەشێتەوە.

گرنگترین داهێنانی سەردەمەکەمان، ڕەنگە ئاشتەوایی مێژوویی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا بێت، لە دوای سێ جەنگی وێرانکەر لە نێوان ئەو دوو دوژمنەی کە بە میراتگری وەسف دەکران. وادیارە تۆبەکردنی ئەڵمانیا لە گوناهەکانی بێهاوتا بێت (ڕەنگە لەبەر ئەوەی تاوانەکەشی بێهاوتا بوو)، بەڵام هەرگیز ژاپۆن و هیچ وڵاتێکی دی چاویان لێی نەکرد کە کوشتنی بەکۆمەڵ ویژدانیانی بارکردووە. ئەم مۆدێلە ئاشتەواییەی نێوان ئەو دوو دوژمنە تەقلیدییە لاسایی نەکرایەوە، سەرباری ئەوەی چەندین هەوڵ لەو پێناوە دراوە! پێکهێنانی یەکێتی ئەوروپا کە لە ڕێی گفتوگۆ کردن، لەگەڵ دەستبەرداربوون لە هێندێک دەسەڵاتی سەروەری وڵاتان پێشدەکەون، تەنیا بە بەهایەکی وێکچوو لە توانادا دەبوو. تا ماوەیەکی زۆر و بەتەواوەتی ئەم کارە بە بێهاوتایی دەمێنێتەوە. یەکێتی ئەوروپا کە قەوارەیەکی بێ دوژمنە، بەزەحمەت هەوڵ دەدا بەرگرییەکی هاوبەش بینا بکات.

لەبارەی ئاشتەوایی نێوان دوژمنە میراتگرەکانەوە، ئاماژەی پۆزەتیڤی دیکە لە شوێنێکی دیکەدا دەدرەوشێتەوە، بۆ نموونە، پێشنیازی لیژنەی مێژوونووسەکانی ئەرمەن و تورک بۆ کارکردن لەسەر "جینۆسایدی" ساڵی ١٩١٥، یا سەرەتای ئاشتەوایی نێوان پۆڵەندا- ڕوسیا.

شێوازی دیکە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دوژمن ئەزموونکراوە: بۆ نموونە، لێخۆشبوون لە گوناە، بەخشین، دانپیانان، یادەوەری هاوبەش، دادوەری.. هەر هەمووشیان سەرکەوتنی جیاوازیان بەدەستهێناوە. لە هەشتاکانەوە، لە کۆتایی سەردەمی دیکتاتۆرەکان و جەنگە ناوخۆییەکاندا، میکانیزمی لێکهەڵوەشانەوەی نیشتمانپەروەری پەیدا بوو. لە ئیسپانیا یا هێندێک وڵاتی ئەمەریکای لاتین، یاساکانی لێبوردن، لە پێناوی هاندانی گەڕانەوە بۆ دیموکراسی، لەبیرکردن-ی بەسەر دادوەری و سزاداندا پەسنکرد، بەڵام بەگشتی دادوەریمان وەبیردێتەوە، کاتێک ئەو کەسانەمان وەبیردێتەوە کە لە لێبوردنی گشتیدا سوودمەند بوون. لە ئەفەریقیای باشوور، "لیژنەی ڕاستییەکانو ئاشتەوایی" بەخشینی لە ڕێی وشەوە داهێنا و یادەوەری هاوبەشی بەسەر لەبیرکردن و دانپیاناندا پەسنکرد. ئایا لێرەدا کارەکە بە لێکهەڵوەشانەوەیەکی بەردەوامەوە پەیوەستە؟

لە کۆتاییدا، لەگەڵ پێکهێنانی دادپەروەریی نێودەوڵەتیدا، جیهان بەرپرسیارێتی سزادانی ئەنجامدەرانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی یا جینۆساید هەڵدەگرێت. بۆ

یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دادپەروەیی نێودەوڵەتی، لەڕێی چارەسەرکردن لە جیاتی میکانیزمە تەقلیدییەکانی تۆڵەسەندنەوە، ڕێساکانی قوتاربوونی لە ململانێکاندا گۆڕی. بەڵام نابێت تەنها لەسەر ڕاوەدونانی تاوانکارانی کۆمەڵکوژی وڵاتە هەژارەکان یا دیکتاتۆرەکان کورت بێتەوە. کێ دادگایی کێ دەکات؟

ئەم کتێبە توێژینەوەیەکە توێژەرێکی شارەزا و کارامە نووسیویەتی، کەواتە کتێبێکی تیوریزەکارانەی تەواونەکراوە، کتێبێکی سادەکارییە و هیوا گەورەکەی ئەوەیە، مشتومڕ و ڕەخنەگرتن بوروژێنێت.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەرگی یەکەم
چ دوژمنێك؟

ئایا دوژمن پێویستە؟ یەکێک لە باشترین لێکۆڵیارە فرەنسییەکان، جەنەراڵ ئێریک دو لا میزۆنوڤ (Eric de La Maisonneuve)، بەتەوسەوە دەڵێت: "سۆڤێتیی دوژمن هەموو خەسڵەتەکانی دوژمنی "باش"ی هەبوو: تۆکمە، جێگیر و یەکانگیر. لەڕووی سەربازییەوە لە ئێمە دەچوو، بەپێی نموونە هەرە پوختەکەی کلاوزڤیتزی بیناکرابوو، بەدڵنیاییەوە مایەی نیگەرانییە، بەڵام ناسراوە و دەکرێت پێشبینی هەنگاوەکانی بکرێت. پێوارییەکەی کەلێن و درز لە یەکانگیریماندا دروست دەکات و هێز و توانامان بێفەڕ و بێکەڵک دەکات"[٤] . ئەو دابڕانەی لە داڕوخانی یەکێتی سۆڤێت کەوتەوە، یەکێک لە کلیلە بەسوودەکانی ڕاڤەکردنی جەنگی لەدەستدا: هەر بەڕاستی جووت جەمسەری، بەنزیکەیی بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بۆ ڕاڤەکردنی هەموو ململانێیەکان بەکارهێنرا. لە کۆتاییهاتنی کۆمۆنیستەوە، هەموو قەیرانە زەق و زاڵەکان، لۆکالی بوون (یۆگسلاڤیا، سۆماڵ، تەیمور، ڕواندا، کۆنگۆ، هایتی و ئەفغانستان)، بۆیە ئەو سەرچاوانەی جوڵەی پێدەدات، شایستەی ئەوەیە شیکاری ناوچەییان بۆ بکرێت. هیچ نموونەیەکی سەرتاپاگیر، بەبێ پشکنینێکی ورد، ناتوانێت خوێندنەوەیەکی سانای بۆ بکات. جوگرافیا و مێژوو، لەدوای هیپتۆنیزمی (خەواندنی موگناتیسی) جەنگی سارد، مافەکانی خۆیان بەدەست هێنایەوە. کەواتە، پێویستە لە دەستنیشانکردنی دوژمندا، بەجیا بۆ هەر یەکێک لەو میتۆدە تەقلیدییانە بگەڕێنەوە.

بەڵام بەر لە هەموو شتێک، لێ گەڕێ با بزانین تیوریست و زانایانی زانستە سیاسییەکان ومافناس وسۆسیۆلۆجیست وستراتیجیستەکان، چی دەڵێن..

---

[4]- Eric de La Maisonneuve, “Societe de strategie,” Agir (novembre 2002).

بەشی یەکەم
دوژمن بابەتێکی سیاسییە

هۆبز (Hobbes) لە کتێبی لیڤیاسان (Leviathan)دا بەراوردێکی کردووە لە نێوان دۆخی سروشتی (etat de nature) بەر لە کۆمەڵگەی مرۆیی و کۆمەڵگەی مرۆیی کە جەنگ تێیدا سیستمێکی سروشتییە (ordre naturel). هۆبز گریمانەی ئەوە دەکات کە خەڵکی توندوتیژانە ڕەفتار دەکەن و بەتەنها ڕێکخستنی هاوبەش بەریانپێدەگرێت. هەروەها تیورەی ئەرستۆیی ڕەخنە دەکات کە دەڵێت مرۆڤ بوونەوەرێکی سیاسییە، ڕەنگە مرۆڤ بە زۆر، نەک بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت. کەواتە دوژمن لەلای ئەو، پێدراوێکی سروشتییە. ئەو تیورییە زۆر بەخێرایی دەستەواژە بەناوبانگەکە "مرۆڤ گورگە بۆ برای خۆی" کورت دەکاتەوە. وادیارە دروستکردنی دوژمن بونیادییە؛ چونکە دۆخە بەراییەکە دۆخی "جەنگی هەموو دژ بە هەموو"ە. لەم حاڵەتەدا، غەریزەی مانەوە مرۆڤ بەڕێوەدەبات، بەوپێیەی مرۆڤەکان هەر لە بنەڕەتەوە یەکسانن و هەمان مافیان لەسەر شتەکاندا هەیە و هەمان ئامرازیان بۆ بەدەستهێنانی هەیە، ئیدی چی بەفێڵ و گزی بێت یا بەتوندوتیژی. هەموو کەسێک خۆی تاکە دادوەرە لەسەر ئەو شێوازانەی کە دەشێت بەکاریان بهێنێت بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەی بگات، جەنگیش یەکێکە لەو شێوازانە. مرۆڤ پەلامار دەدات، بەر لەوەی پەلامار بدرێت، ئەوەش بە مەبەستی ئەوەی پێشدەستی مەترسییەکە بکات. توندوتیژی تەنها پێشبینی ترسێکە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە یا شیمانەیی بێتەوە. هۆبز پرسیار لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنی دوژمن ناکات، مادامەکی جەنگ دۆخێکی سروشتییە.

ڕۆسۆ (Rousseau) لە کتێبی دۆخی جەنگ (LEtat de guerre)[5] دا، ڕەخنەی ئەو "میتۆدە سامناکەی هۆبز" دەکات کە جەنگ دەکاتە سیستمە سروشتییەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤ. لە بەرامبەریشدا، پرۆسەی بونیاتنانی دۆخی کۆمەڵایەتی و بە دانانی سنوورێک بۆ دۆخی سروشتی، پاساو بۆ جەنگ دەهێنێتەوە و دەیکات بە کردەیەکی نیمچە بەردەوام. ڕۆسۆ، وەک کوڕی

[5]- Jean Jacques Rousseau, l'Etat de guerre, Babel (Arles, France); 409 (Actes Sus 2000).

سەردەمەکەی، خۆی دەخاتە چوارچێوەی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتەکانەوەو جەنگی حەوت ساڵە دەکاتە ژێدەری خۆی[٦] . خەڵکی تەنها لە دۆخی جەنگی نێوان وڵاتاندا کە سەربازەکان بەشداری تێدا دەکەن، دژایەتی یەکتری دەکەن، نەک لە دۆخێکی سەرەتاییدا!

ئەو تیورییە دامەزرێنەرە گەورانە لەو بیرۆکە شیمانەییەی "سروشتی مرۆیی"ەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەوانەیە باش بێت یا شەڕەنگیزانە. بەردەوامبوونی جەنگەکان بە فۆرمە هەمەچەشنەکانییەوە پێشگریمانەی لێکۆڵینەوە لە پۆلبەندی تیۆرییەکانی دیکەدا دەکات.

کتێبەکانی خوێندن کە ستراتیجییەت دادەنێن باس لە جەنگ دەکەن، نەک دوژمن. ئەوەش هەر چۆنێک سەرسوڕهێنەر دەربکەوێت، ئەوا بیرکردنەوەی ستراتیجی کلاسیک، بەر لە جەنگ، زۆر گرنگی بە دوژمن نادات. وادیارە هەمووان شوێن پێی ئەلبێریکۆ جەنتلی (Alberico Gentilis) هەڵدەگرن کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا، لە کتێبی یاسای جەنگ (De jure bellis)دا، جەنگ بە ململانێیەکی "چەکدارانە، گشتی و دادوەرانە" پێناسە دەکات. لێرەدا گفتوگۆ لەسەر بابەتی دوژمن ناکەین، چونکە جەنگەکە "دادوەرانەیە"و پاشان ناتوانرێ بەلاوەبنرێت، بەڵکو لە ئێستادا بەبێ مەترسییەکی گەورەی ستراتیجی، بەڵام نەک بەبێ جەنگ، لە ساتەوەختێکی مێژوویيدا ژیان دەگوزەرێنین. ئینجا چی؟

فیکری سەربازی گرنگی بەو شێوازە دەدات کە بردنەوی جەنگ دەرەخسێنێت. جاک ئەنتۆنی هیپۆلیت دو گیبەر (Jacques Antoine Hippolyte de Guibert) لە کتێبی "توێژینەوەیەکی گشتی دەربارەی تەکتیک" (١٧٧٠) (Essai général de tactique)، لەو بەڵگەنەویستەوە پێدەکات کە دەڵێت جەنگ پێدراوە. هەروەها سەبارەت بە کلاوزیفیتز (Clausewitz)ی پروسی و ئەنتۆنی هێنری جۆمینی (Antoine Henri Jomini)ی سویسری، پێیانوایە بابەتی ڕەگوریشەی ململانێیەکان، بابەتێکە بایەخێکی ناچیزی هەیە؛ چونکە دوژمنی دیاریکراو،

[٦] – جەنگی حەوت ساڵە (١٧٥٦ – ١٧٦٣)، تاڕادەیەک بە یەکەم ململانێی جیهانی دادەنرێت. هۆکارەکەی ململانێی نێوان کۆلۆنیالیستەکانی ئینگلیز و فرەنسا بوو لە کەنەدا. گشت ئەوروپاشی لە جەنگەکەدا تێوەگلاند. فرەنسا و نەمسا سەرەڕای شەڕی دوو سەد ساڵەی نێوانیان کاتێک یەکیانگرت کە فریدریکی پادشای پروسیا لەگەڵ ئینگلیز دا هاوپەیمانی بەست.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

دوژمنی بونیادییە، ئەو دوژمنەش ناپلیۆنە. ئەمە بێجگە لەوەی، ئەو دوو ستراتیجیستە، بەر لەوەی بۆ نیشتمانی خۆیان بگەڕێنەوە، لە ڕیزەکانی سوپای ڕوسیا، شەڕی ئیمپراتۆریان کردووە.

لە سەدەی بیستەمدا، لیدڵ هارت (Liddell Hart) بەهۆی ئەو کاریگەرە زۆرەی مەترسی جەنگی سەنگەر لەسەری هەیبوو، تەواوی زیرەکی و ژیریی تەرخان کرد بۆ ئەو شێوازە باشەی کە سەرکەوتن لە جەنگە گەورەکان دا دەستەبەر دەکات. گاستۆن بۆتول (Gaston Bouthoul) کە دووەم جەنگی جیهانی، تۆقاندبوی، ساڵی ١٩٤٥، (زانستی جەنگی)، وەک مادەیەک لە مادەکانی کۆمەڵناسی دامەزراند. بۆتول، وەک کوڕی سەردەمەکەی خۆی، دوو جەنگی جیهانی و بە هەندەکی جەنگی ساردی بینیوە، بۆیە دۆخی جەنگی بە دۆخێکی بەردەوامی کۆمەڵگەی مرۆیی وێنا دەکرد، چونکە ئەو دەنگ و هاوارەی "چیدی دووبارە نابێتەوە!" (Jamais plus) کە لە نێوان هەر دوو جەنگی جیهانیدا بەرز بووەوە، ڕێی لە هەڵگیرسانی جەنگەکان نەدەگرت. وادیارە شیکردنەوەکەی لەسەر ئەو ئەنگیزە ڕاستەقینانەیە بیناکردووە کە توندوتیژی جەنگ لە جەستەی کۆمەڵایەتیدایە. بۆتول هەوڵ دەدا، بەپێی سیستمێکی دیاریکراو، هۆیەکانی جەنگ ڕێکبخات. بە تێپەراندنی هۆکارە سیاسییە ڕاستەوخۆکانی تایبەت بە هەر ململانێیەک، هەوڵ دەدا، لە کتێبی لێکۆڵینەوەیەک لە زانستی جەنگ (Traité de polémologie)[٧]دا، شێوازێکی فرەبواری (pluridisciplinaire) بۆ دیاردەکە پێشکەش بکات کە گرنگی بەو جەنگاوەرە دەدات کە ناوی مرۆڤی تورە–ی (Homo Furiosos) لێ دەنێت. بە بۆچوونی ئەو، دەوڵەت و تاکەکان، مۆبێلیزەی ململانێ ناکەن، بەڵکو قەناعەت و بیروباوەڕەکان ئەوە دەکەن. بەزۆری جەنگ لە ویستی بەکۆمەڵ و بەها کۆمەڵایەتییە دانپیانراوەکانەوە پەیدا دەبێت، ئەوەش تایبەتمافی کۆمەڵایەتی و سیمبولی جەنگاوەرە کە دەرئەنجامی جەنگە، "دۆخی جەنگاوەر"، "هەستی باڵابوون"و بەخوداییکردنی جەنگ، "هەستی مێژوویی"، یا کۆنترۆڵکردنی گەشەی دانیشتوان کە جەنگ بەرهەمی دەهێنێت.. بۆتول، بەپێچەوانەی ئەو مێژوونووسانەی جەنگ بەپێی مۆتیڤە تایبەتەکان

[7] – Bouthoul, Traite de polémologie: Sociologie des guerres , bibliotheque scientifique (3) (Paris: Payot, 1991).

ڕاڤەدەکەن، دەیەوێت هۆکاری بونیادیی بۆ بدۆزێتەوە. پێیوایە هۆکاری ململانێیەکان، پەیوەستە بە کۆنترۆڵی "خوولیای جەنگخوازییەوە"؛ لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوە، کاتێک ڕوودەدات کە گەلانی پەیوەندیدار بەشداری تێدا بکەن. هەر لێرەشەوە بەرپرسیارێتی نازییەت و دواتریش بەرپرسیارێتی کۆمۆنیست لە هەڵایسانی ململانێیەکاندا، زۆر ڕوون و ئاشکرا دەردەکەون. بەڵام شیکردنەوەی بۆتوڵ بە تایبەتی سەبارەت بە دەوڵەت کە لەسەر ئەوروپا چڕ دەبێتەوە، پێشبینی ناکات جەنگەکان کۆتایی بە کۆلۆنیالیزەکردن و جەنگەکانی یاخیبوون و شۆڕشی دژەستەمکاری و جەنگەکانی ناوخۆ بهێنێت.

بەڵام فیکری مارکسیزم سیناریۆکان زۆر سادە و ساکار دەکاتەوە، کاتێک پرەنسیپی شەڕی ناوخۆ بە جیهانی دەکات و بۆرجوازیش وەک دوژمنێکی ڕەها، واتە "دوژمنی چینایەتی" دیاریدەکات. ئەنگلز (Engel) لە کتێبی ڕۆڵی توندوتیژی لە مێژوو (Le Rôle de la violence dans L'histoire) دا (١٨٨٨) خەسڵەتی حەتمی، بگرە پێویستیش، سەبارەت بە دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریای ئایندە، دەداتە پاڵ جەنگ. لینین لە کتێبی "ئیمپریالیزم بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری" (l'Impérialisme, stade supreme du capitalisme) یە، ڕاڤەیەکی سادە و گشتگیر بۆ جەنگی جیهانی دەخاتەڕوو، واتە پێشبرکێ دوژمنکارییەکانی ئیمپریالیزم لەڕووی بونیادییەوە درێژکراوەیەکی چەکدارانەی پێشبڕکێی بازرگانییە. بۆرجوازییەکانی پیشەسازی و دارایی کە پاساویان بۆ داگیرکاری کۆلۆنیالی دەهێنایەوە، وڵاتیان بەرەو دژایەتی کردنی نەیارێکی ترسناکتر برد؛ چونکە لەوانە بوو فەرەنسا ئەم جەنگە دژ بە ئینگلتەرا هەڵگیرسێنێت، بەڵام دژی ئەڵمانیا هەڵیگیرساند! ئەو جەنگەی کە بازرگانەکانی چەک ڕاڤەی دەکەن. بۆیە کۆمۆنیستەکان قورس بوو بەلایانەوە وێنای جەنگەکانی کۆلۆنیالیزەکردن و هاوسۆزی لەگەڵ جیهانی سێیەم (le tiers-mondisme)و وڵاتانی بێلایەندا بکەن کە بە ئاسانی لەنێو چوارچێوەی پێودانگەکانی ئەم شیکارییەدا جێگەیان نابێتەوە. ململانێی چین - سۆڤێت، داگیرکردنی کەمبۆدیا لەلایەن ڤێتنامەوە، پاشان جەنگی سنوور لە نێوان هانۆی (Hanoi)و پێکین (Pekin)، زیاتر شپرزەی کردن. نەدەبوو وڵاتانی کۆمۆنیست لە نێو خۆیاندا بکەونە شەڕەوە!

بەڵام ماوتسی تۆنگ (Mao Tse-Toung)[٨]، دوا گەورە ستراتیجیستی کۆمۆنیست و قوتابی سون تسو (Sun Zu)، پەیوەندییەکانی جەنگی گۆڕی و وەک مارکسییەکی بەئەزموون، گرنگی بە دوژمنەکەی دەدا. لە ناوکۆی شۆڕشی چینیدا، هاوپەیمانییەکی ئەفسانەیی لە نێوان هەر چوار چینە شۆڕشگێڕەکە دژ بە بۆرجوازی چینی و کەمپی ئیمپرالیزمی ژاپۆنی و خۆرئاوا بە دیارکەوت. کاتێک ماو بووە سەرۆکی دەوڵەت، مۆدێلی نێودەوڵەتی گۆڕی، یەکێتی سۆڤێت بووە هاوپەیمانێکی دڵسۆز بۆ کەمپی کۆمۆنیست و هێزی ئەنتی ئیمپریالیزم، لەگەڵ ململانێی ئایدیۆلۆجی و دواتریش ململانێی سنوور (ڕووداوەکانی ئۆسوری "Oussouri" لە ساڵی ١٩٧٦)، دوژمنی سەرەکی گۆڕا بۆ کێبەرکێکردن لەگەڵ واشنتن. بەر لەوەی لە ماوەی شۆڕشی کولتوریدا ببێتە دوژمنی سەرەکی و وەک هێزێکی هەلپەرست (ڕیڤیژینیست -révisionniste) سەرکۆنە بکرێت؛ ئەوەش لەناوکۆی ململانێی ئایدیۆلۆجیدا بە ناپاکیی گەورە دادەنرێت. لە کۆتاییدا و لە ساڵی ١٩٧١ەوە، ماو دژ بە یەکێتی سۆڤێت و سەرمایەداری بیری لە بەرەیەکی یەکگرتوو کردەوە و پێناسەیەکی بۆ "تیورەی جیهانی سێیەم" پێشکەش کرد کە جیهانی سێیەم بە ڕێبەرایەتی پێکین ڕووبەڕووی هەر دوو زلهێزەکە دەبێتەوە.

ڕیمۆن ئارۆن (Raymond Aron)، ئەو کەسەی هێدمەی مەترسی حەتمیی ئەتۆمی گرتبووی، گرنگییەکی زیاتری بە ئاشتی دەدا تا لەوەی بە جەنگی بدات[٩]، چونکە دوژمنی کۆمۆنیست سەبارەت بە دەستنیشانکردنی وەک دوژمن، گرفتێکی دروست نەدەکرد. بەڵام بە پێشنیازکردنی مۆدێلێک بۆ گشت فۆرمە جیاوازەکانی ئاشتی، بەپێی توانای کارلێکردنی نیوان هێزەکان، نەکەوتە داوی میکانیزمی جیهانی دوو جەمسەرییەوە. لە "ئاشتی هاوسەنگ"دا، هێزەکان یەکسان دەبن و لە "ئاشتی باڵادەستیدا" دەوڵەتێک بەسەر دەوڵەتێکی دیکەدا زاڵ دەبێت، لە "ئاشتی ئیمپراتۆرییانەدا" دەوڵەتێکی بەهێز سنووری خودموختاری بۆ نەتەوە ژێردەستەکانی دیاری دەکات. "ئاشتی بێتوانایی"یش، ئاشتی تۆقاندن یا

---

[8]- Mao Tse-Toung, La guerre révolutionnaire (Paris: Trident, 1989).

[9]- Aron, Paix et guerre entre les nations. Perennes (Paris: Calmann-Levy, 2004).

ترساندنی یەکترییە کە بەهۆی هەڕەشەی ئەتۆمییەوە سەرهەڵدەدا. بەڵام ئارۆن بە "ئاشتی ڕەزامەندی" کە چارەسەرێکی نموونەییە، قابیل دەبێت، ئەو چارەسەرەی تێیدا پێواری (غیاب) جەنگ لە پێواری داواکارییەکانەوە پەیدا دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێتی ئەوروپا لە ژێر چاودێرییدا دروست دەبوو، بەڵام وادیارە چەپەڵی ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا لە تایبەتمەندییە ئاوارتەکەی پەیماننامەی ڕۆما بێبەشی کردبوو.

بیریارە ستراتیجییەکان ئەوەندە هەوڵیان نەداوە، تا بزانن چۆن کۆمەڵگەیەک دوژمنەکانی خۆی دیاری دەکات، بۆیە هەر ئەوەندەیان کرد کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دەستەواژە بەناوبانگەکەی کلاوزفیتز دووبارە بکەنەوە: "جەنگ جگە لە بەردەوامبوونی سیاسەت بە ئامرازەکانی دیکە، شتێکی دی نییە". بەهەر حاڵ دەستەواژەکە ڕاست و دروستە، بەڵام دوو لایەنەیە، ڕاست و دروستە مادامەکی گرنگی بەململانێی نێوان ئەو وڵاتانە دەدەین کە پەیوەندیی سیاسی و دیبلۆماسی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ناتوانرێت بەسەر شەڕی ناوخۆ، قەتلوعامە گەورەکان و کردەی تیرۆریستییەکان یا ململانێ ئایینییەکاندا جێبەجێ بکرێت. دووەم، جەنگی ئەتۆمی لەچوارچێوەی ئەم لۆجیکەدا جێی نابێتەوە؛ هەروەکو ساخارۆڤ (Sakharov) بەناسۆرییەوە دەڵێت: "جەنگی ئەتۆمی شتێکی لە بەردەوامییەکی سادەی سیاسەت بە ئامرازەکانی دی جیاوازتر دەبێت، دەبێتە ئامرازێکی کۆ خۆکوژیی!".

بیرکردنەوەی ستراتیجیی ئێستا، وەڵامێکی زۆری پێ نییە. فیکری سەربازیی گرنگی بەتایبەتمەندییە بونیادی و ستراتیجییەکانی دوژمن دەدا، پاش ئەوەی ئەمە دوایی دیاری دەکرێت. ئیدی بەوجۆرە هاوسەنگییە سەربازییەکان (Military Balances)، سەرچاوەی نێودەوڵەتی ئەو بیرکردنەوە ستراتیجییە کە پەیمانگەی نێودەوڵەتی ستراتیجی لە لەندەن دەریدەکات، حاڵەتی هێزە چەکدارەکانی جیهان ئامار دەکات کە بەپێی جۆر و بڕی کەلوپەل و هێزی سیستمە سەربازییەکان، وەک نیشاندەری هەڕەشە و کێبەرکێی شیمانەیی دەرکی پێدەکرێت. هەروەکو وینسلۆ ویلەر (Winslow Wheeler)[١٠] دەڵێت؛

---

[10]- W.T. Wheeler, the Wastrels of Defence: How Congress Sabotages U.S Security ({n.p.}: (6) Naval Institutes Press, 2004).

بودجەی ئەمەریکا بۆساڵی ٢٠١٠، گەیشتە ٧٠٨ ملیار دۆلار، واتە بەنزیکەیی سێ هێندەی کۆی بودجەی چین، ڕوسیا، کوبا، کۆریای باکوور و ئێران. کەواتە دوژمن بە نادیار و بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، ئەگینا هێزە سەربازییە زەبەلاحەکەی ئەمەریکا، بە هەڕەشەیەکی جیهانی دادەنرێت کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ساڵی ١٩٩١ەوە هێزێکی زاڵ و باڵادەستە و نیوەی خەرجییە سەربازییەکانی ئەستێرەکەمان پێکدەهێنێت. بەهەر حاڵ، سەربارەت بە زۆربەی خوێنەرە خۆرئاواییەکان بەو شێوەیە نییە. بەڵام سەبارەت بەوانی دی، ئەوا پێمانوایە وەڵامەکە دەزانین..

بەرهەمەکانی سەنتەرە هەرە بەناوبانگەکانی توێژینەوە و بیرکردنەوە (think tanks)، بۆ نموونە، سەنتەری ستراتیجی و نێودەوڵەتی (CSIS) ئەمەریکی، پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی ستراتیجی (ISS) بریتانی و پەیمانگەی فرەنسی بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (IFRI)، بەپێی هەڵسەنگاندنە ئایدیۆلۆجییە هەنووکییەکان، دۆخی نێودەوڵەتی وەسف دەکەن. گۆڤاری ڕەمسیس (Ramses) بۆ ساڵی ٢٠٠٢، گۆڤارێکی پلاندانی ستراتیجی ساڵانەیە و لەلایەن پەیمانگەی فرەنسی بۆ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان (IFRI) دەردەچێت، لەو ژمارە تایبەتەیدا کە لە ناوەڕاستی ٢٠٠١، بەر لە هێرشەکانی ١١/ سەپتەمبەردا ئامادەکرابوو، هیچ یەکێک لە وتارەکانی بۆ دیاردەی ئیسلامگەرا تەرخان نەکرابوو. تیرۆر یا ئەفغانستان کاریگەرییان لە "مۆدە" دەچێت، بەوپێیەی بڕیارمانداوە یەکەم بکەین بە هەڕەشەیەکی سەرەکی، ئەمە سەرباری ئەوەی تەنها ئامرازێکە و دووەمیش بکەین بە ئەفسانە یا لاوژە (ملحمە) یا هەڕەشەیەک..

دوژمن هەڵبژاردەیە، نەک پێدراوێک بێت لە پێدراوەکان.

دابڕانی ڕاستەقینە لە فێرگەی ئەمەریکی، یا ڕاستترە بڵێین لە فێرگەی ئەڵمانییەوە هاتووە. کارڵ شمیت[11] (Carl Schmitt)، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە "پادشای سەروەر دۆخی ئاوارتە یەکلادەکاتەوە"[12]. بۆیە خودی سروشتی سیاسییەکە

---

[11]- Schmitt, J. Freund and M. L. Steinhauser, La notion de politique: Theorie du partisan champs Classique (Paris: Flammarion, 2009).

[12]- C. Schmitt, Theologie politique: 1922, 1969, Bibliotheque des sciences humaines (Paris: Gallimard,{s.d.}), p. 15.

وایلێدەکات جیاکاری لە نێوان دۆست و دوژمندا بکات: "دەبێ بگەین بە سیاسەتمەدارەکە و شەڕ و دژایەتی بکەین و بەرپەرچی بدەینەوە". گرووپ بەراورد بە بەرامبەرەکەی دیاریدەکرێت. بۆیە دەبێ جەنگ کردەی ئایدیالی سیاسی بنوێنێت، مرۆڤ بۆ ئەوەی بوونی خۆی بسەلمێنێت، پێویستە، بەپێی شمیت، دوژمنەکەی دیاری بکات، پاشان شەڕی بکات. دەوڵەت فۆرمێکی هەرە تەواوکاری سیاسەتمەدارە؛ چونکە بە تەنیا ئەو دەتوانێت دوژمن دیاری بکات و ناوی لێ بنێت. ئەو دەوڵەتەی پشت بە سیاسەتێکی ئاشتیخوازانە دەبەستێت، خەسڵەتەکەی وەک قەوارەیەکی سیاسی لەدەست دەدات. بە بۆچوونی کارڵ شمیت کە سەر بە کۆماری فایمارە (Weimar)، دەستوورە دیموکراسییەکەی ڕایخی دووەم -بەرهەمی هاوسەنگی تەواوی نێوان دەسەڵاتەکانە- بەتەواوەتی ئیفلیج بووە. بە بەمەبەستی چاوخشانەوە بە دیکتەکانی ڤێرسای (إملاءات فرساي - Diktat de Versailles)، پێی باش بوو پاڵپشتی لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بکرێت، ئەوەش دیدگایەک بوو، بەنزیکەیی هەموو هاونیشتمانییەکانی لەگەڵیدا هاوڕا بوون. بۆیە پشتگیری لە هیتلەر دەکرد، چونکە ئەو ئامانجانەی ڕاگەیاند. ئیدی بەوجۆرە شێوازەکەی کارڵ شمیت و ئەوانەی دوای ئەویش دەربارەی ئەو مافەی دەوڵەت وێنای دەکات، لە تیورییە ئەڵمانییەکە ڕەگیداکوتا. بەڵام شمیت وەک پیاوی سەردەمەکەی خۆی، دوورتر لە زەرورەتی دیاریکردنی دوژمن، سەبارەت بە سیاسەتمەدار، باس لەو میکانیزمانە ناکات کە بەشداری لە دیاریکردنی دوژمندا دەکەن.

بەزیندووکردنەوەی تیورییەکانی مافی سروشتی و جەنگی دادوەرانە، لیۆ شتراوس (Leo Strauss) ناکۆکی و ناتەبایی نێوان دێرین و مۆدێرنەکانی زیندوو کردەوە. شتراوس بڕوای بە بەها گەردونی و ڕاستییە بەڵگەنەویستەکان هەیە. ڕەنگە، بەهەڵە وادەربکەوێت کە یەکێک بێت لەو دامەزرێنەرانەی نەگۆڕەکانی نیوکۆنزەڤاتیڤەکانی دانابێت[13]، لەبەر ئەوەی کریستۆڵ (Krystol)و وۆڵفۆفیتز (Wolfowitz) سوودیان لە شێوازە فەلسەفییەکەی وەرگرتووە، هەروەها سروشبەخشەکانی دیکەی دبلۆماسییەتی جۆرج بوشی کوڕ-یش

[13]-Voir l’article de Corinne Pelluchon dans la: Revue Le Banquet, no. 19 (2004).

سوودیان لێی وەگرتووە، ئەوانەی بانگەشەی بەرجەستەبوونی بەها جیهانییەکانیان لە کاری نێودەوڵەتیدا دەکرد. ئەو کەسانە نەریتێکی ئەمەریکییان بۆ مافی سروشتی دەگێڕایەوە، ئەوەش ئاوێتەیەک بوو لە گەشبینی و کارکردن. لەگەڵ لیۆ شتراوس، پاساوێکی فەلسەفیی و ئەخلاقییان بۆ چەمکی جەنگی زووهاتنەدەست (guerre preemptive) دۆزییەوە، بۆ نموونە، وەک ئەوەی لە دژی عێراق بەکارهێنرا. لە ڕوانگەی ئەو قەناعەتەی کە وڵاتی بەهاکانن، پاساوی بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتی پێدەبەخشین. بەگوێرەی کتێبە پیرۆزەکەیان"پرۆژەی سەدەی نوێی ئەمەریکا" (Project for a New American Century) (PNAC) کە ساڵی ١٩٩٧ نووسراوە و ئەو جووت پرەنسیپە دەخاتەڕوو کە دەڵێت؛ ئەوەی بۆ ئەمەریکا باش بێت، بۆ جیهانیش باش دەبێت، بۆیە پێویستە ڕێگە لە دەرکەوتنی نەیاری هاوتا (peer competitor) بگیرێت. هەڵمەتی ئەو سەرکۆنە توندەی کە هۆکارەکەی نارەزایەتی فرەنسا و ئەڵمانیا و ڕوسیا بوو بەرامبەر بە جەنگ لە دژی عێراق، ئەوە دەسەلمێنێت کە هێندێک بیریاری واشنتن، پێیانوایە ئەو وڵاتانە، بەو دوو وڵاتە هاوپەیمانەشەوە، دوژمنن[١٤]. ئیدی بەوجۆرە ناولێنانەکان لە نێوان نەیار یا پێشبڕکێکار یا دوژمن بەنێویەکادادەچن..

گەر تیۆرییە سیاسییەکان وەڵامێکی دیاریکراو لە بارەی میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی دوژمن نەخاتەڕوو، لێگەڕێن با ببینین یاسای نێودەوڵەتی چی دەڵێت کە ڕەنگە پێشێلکردنی ببێتە مایەی هەڵایسانی جەنگ، پاشان بتوانێت دوژمن دەستنیشان بکات.

---

14 -D. Frum and Perle, An End to Evil: How to win the War on Terror (New York: (10) Ballantine Books , 2004).

بەشی دووەم

یاسای جەنگ: واباشترە جلوبەرگی سەربازی بپۆشرێت

یاسای نێودەوڵەتی لەگەڵ دەرکەوتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان وڵاتە تازەکاندا بەدیار کەوت کە قەوارەی سیاسیی خاوەن سەروەری و سنووری دانپیانیابوون. ململانێ تەقلیدییەکان دەربارەی سنوور یا دەربارەی بوونی دەوڵەتێک سەرهەڵدەدەن. بۆیە یاسای جەنگ دوو مەسەلە دەروژێنێت: پێناسەی یاسایی بۆ جەنگ و دۆخی دوژمن.

جەنگ بە ململانێی نێوان دوو دەوڵەتی خاوەن سوپا پێناسە دەکرێت. لە ڕێی کردەیەکی ئیرادەییەوە ئەنجام دەدرێت؛ واتە جاڕدانی جەنگ، ئینجا کردەی دەستدرێژکارانە دەست پێدەکات. ئیدی لەو دەمەوە ئەو سەربازەی یۆنیفۆرمی سەربازی دەپۆشێت، تێکەڵ بە سیستمێکی هەرەمی دەبێت کە فەرمان دەدات و فەرمان وەردەگرێت و لە چوارچێوەی یاسای جەنگدا، لە کوشتنی کەسەکاندا تاوانبار نابێت. ئیدی بەوجۆرە، لەیەک کاتدا، سەربازی هەر دوو کەمپەکە، ملکەچی ڕێکەوتننامەی ساڵی ١٩٤٩ی جنێڤ دەبن کە ڕێساکانی پاراستنی سەرباز و دیلەکان دیاریدەکات، پاشان بارودۆخیان گرەنتی دەکرێت. بەڵام گشت شارستانییەکان هەمان خوێندنەوەیان بۆ دۆخی دیلەکانی جەنگ نییە؛ ژاپۆنییەکان، بەگوێرەی فەلسەفەی بوشیدۆ (Bushido) کە مردن لە جیاتی خۆڕادەستنکردن بەسەر جەنگاوەردا دەسەپێنێت، پێیانوابوو دیلەکانی جەنگ شایستەی ژیان نین، بۆیە وازیان لێدەهێنرا تا بە برسێتی بمرن، یا بەهۆی مامەڵەی خراپەوە ژیانیان لە دەست دەدا.

بەڵام جاڕدانی دۆخی جەنگ دەوڵەتە شەڕکەرەکە ناچار دەکات، بۆ نموونە، دان بە جەنگاوەرە ڕاپەریوەکانی دوژمندا بنێت. کەواتە گەلێک تەکنیکی خۆدوورخستنەوە هەیە بۆ ئەوەی دۆخی جەنگ بەلاوەبنرێت: قسە لەبارەی ڕووداوەکانەوە دەکەین (جەنگی جەزائیر)، پایەدارکردنی ئاشتی (جەنگەکانی ڕیشەکێش کردنی کۆلۆنیالیزم)و "ڕێوشوێنەکانی پۆلیس"و "دژەتیرۆر" (ئەفغانستان)، هەروەها قسە لەسەر "کردەی پێشدەستی" (action preemptive) دەکەین (عێراق). ئەو کردەوە جەنگەییانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی "مەترسییەک" و ڕێگرتن لە ئاژاوە نانەوە و "هەڕەشەکردن لە ئاشتی"، ئاراستە دەکرێن،

هەروەها بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەک، بیمەی ئازادی هاتوچۆ و پاراستنی هاوڵاتییان... بەڵام دوژمن بەو تەکنیکانە ناسنامەی یاسایی لە دەست دەدات؛ دەبێتە "شۆڕشگێڕ"، "تیرۆریست"، "توندڕەو"و "ئاژاوەگێڕ".. گشت ئەو سیفەتانەش دەیخاتە دۆخێکەوە کە مافەکانی لە کەمی بدات.

مەدەنییەکان لە یاسای جەنگدا، توێژێکی تایبەت (espèce générique) پێکدەهێنن کە پێویستە خۆیان لە هەڵگرتنی چەک بەدوور بگرن. لە بەرامبەریشدا، بە باشی نازانین چۆن جەنگاوەری چەکدار بەبێ یەکپۆشی پۆلێن بکەین، دەشێت وەک "تاوانبار" مامەڵە بکرێت و لەسەر بنەمای یاسای سزادان یا بەپێی یاسایەکی تایبەت (legislation specifique) تاوانبار بکرێت. دەتوانین یاسایەکی نوێ دابهێنین، هەروەکو چۆن ئەمەریکییەکان یاسایەکی تازەیان بەناوی "شەڕکەری ناشەرعی" داهێنا کە بە یاسای نێودەوڵەتی نامۆ بوو، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانن پاساو بۆ زیندانی کردن، ئەشکەنجەدان و گرتنی زۆردارەکی لە گوانتانامۆ بهێننەوە. لێرەدا کارەکە لە پێچوپەنایەکی ژیرانەی یاسایی دەچێت و واشنتن بەمجۆرە شیدەکاتەوە :"لەبەر ئەوەی جەنگی دژ بە تیرۆر، جەنگێک نییە دژ بە دەوڵەت، بۆیە ڕێکەوتننامەی جنێڤ بەسەر ئەو کەسانەدا جێبەجێ نابێت کە لە لایەنەکەی دیکەدا دەستگیر دەکرێن، ئیدی چی چەکدار بن یا بێ چەک". بەڵام دەبوو ئەمە بسەلمێنرێت. هەروەها فێڵ و پێچوپەنایەکی زۆر لە هەگبەکەی یاسادا هەیە. لە داواکەی "عومەر خزر" کە لە تەمەنی پازدەساڵیدا لە ئەفغانستان دەستگیر کرا، پاشان لە گوانتانامۆ زیندانی کرا، پارێزەرانی بەرگری ئەوەیان ڕوون کردەوە کە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت، خزر یا منداڵێکی سەربازە، بە لەبەرچاوەگرتنی ئەو ساڵەی تێیدا دەستگیرا کراوە، ئەوا لە ڕووی سزاییەوە بەرپرسیار نییە، یا جەنگاوەرێکە بەرپرسە لە کردەوەکانی و ناتوانین لەسەر کوشتنی سەربازێکی (ئەمەریکی)، تاوانباری بکەین، ئەمەش حاڵەتێکە لە کاتەکانی جەنگدا زۆر بەربڵاوە.

هێزەکانی خۆرئاوا کە دەیانەوێت ببن بە دەوڵەتی یاسا، هەوڵ دەدەن یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی پاساو بۆ زیانە لابەلاکانی جەنگە ناپارسەنگەکان بهێننەوە. ئۆپراسیۆنی کاست لید "Cast Lead"ی ئیسرائیلی بۆ سەر غەزە ١٤٠٠ کوژراوی فەلەستینی لێکەوتەوە و لە بەرامبەریشدا ١٤ سەرباز

لە سوپای ئیسرائیل کوژران. ئەمەش سەرباری پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بریتانیا و کەنەدا، ئیرادەی ئیسرائیل بۆ هەموارکردنەوەی ڕێکەوتننامەی جنێڤ ڕاڤە دەکات کە مەدەنی و شەڕکەر جیادەکاتەوە و ڕێگە دەدا "بەشێوەیەکی شەرعییانەتر" مەدەنی بکوژرێت. بەڵام لەم حاڵەتەدا چۆن حوکم بەسەر کردەی تیرۆریستانەدا دەدرێت؟

لە ئێستادا یاسای جەنگ، بەپێی بڕیاری وڵاتە شەڕکەرەکان، کارێکی تاک لایەنەیە و قابیلی جێبەجێ کردن یا ڕەتکردنەوەیە. کاتێک مەسەلە ستراتجییەکان لە نێوان خەڵکە جدییەکاندا چارەسەر دەکەین، ئەوا دەوڵەتی یاسا، چەمکێک بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ یا بۆ بەکارهێنانی پروپاگەندە پێکدەهێنێت! گەرچی ماوەی چەند ساڵێکە، دادپەروەری تاوانکاری نێودەوڵەتی کارتی گەمەکە بەشێوەیەکی تاڕادەیەک جیاواز دابەش دەکات، کەچی یاسای جەنگ تا هەنووکە ئەو دادپەروەرییە دەنوێنێت کە بەتوانا بەسەر لاوازدا جێبەجێی دەکات، بۆیە سەربازەکانی لایەنی بەهێز پارێزراو دەبن، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕەتیکردەوە ڕەزامەندی لەسەر ڕێکەوتنی دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا دەربڕێت! لە جەنگی عێراقشەوە، مەودای ئەو پارێزبەندییە بەرفراوانتر بوو تا کۆمپانیا تایبەتە ئەمنییەکانیش (کاتێک ئەمەریکی دەبن) بگرێتەوە.

وادیارە پێناسەکردنی دوژمن زیاتر کۆمەڵایەتییە تا ئەوەی یاسایی بێت؛ بۆیە پێویستە دروستکردنەکەی وەڵامی ئەمجۆرە شیکردنەوەیە بداتەوە.

بەشی سێیەم
دوژمن منێکی دیکەیە

دوژمن پێداویستییەکی کۆمەڵایەتیی دابین دەکات و بەشێکە لە خەیاڵدانی کۆلێکتیڤ کە تایبەتە بە هەر گروپێک. پێویستە دوژمن "منێکی دیکە" بکەینە "ئەوی دی"و ڕەشریێژی بکەین و بە هەڕەشەکاری ناوزەدەی بکەین بۆ ئەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی شەرعییانە دەربکەوێت.

پێویستیی ناسنامە: ئەوی دی

جان فرەنسوا بایار[١٥] (Jean-François Bayard) لە کتێبی ساوێر (وەهم)ی ناسنامە "L'Illusion identitaire"دا، ئەوە دەسەلمێنێت کە فاکتە سیاسییەکان، وەک ئەوەی هەیە، بوونی نییە، بەڵکو وەک ئامرازی ڕاڤەکردنێکی تایبەت بە هەر کۆمەڵگەیەک، بەپێی "دیاریکەرە مەعریفیی، سۆزداری و سیمبولییەکان" بوونی هەیە. بواری سیاسی "شانۆیەکە، بەتەنها گرنگیی کردەی خەڵکی تیا نابینین، بەڵکو دەنگدانەوە و شێوازی لێ تێگەیشتن و دەرکردن و ڕاڤەکردنیشی دەبینین". پرۆسێسی دروستکردنی دوژمن بەتەواوەتی دەکەوێتە نێو ئەم میکانیزمەوە.

ڕێنیە جیرار (Rene Girard) لە کتێبی توندوتیژی و موقەدەس[١٦] (La Violence et le Sacre)دا، ڕۆڵی قوربانی لە بارودۆخی قەیرانەکاندا شیدەکاتەوە تا ئاراستەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرەو کەسێک یا ئاژەڵێک بەلاریدا ببرێت. بەوەش قوربانی وەک قۆچی قوربانی پارێزگاری لە یەکێتی گرووپ دەکات. بەزۆری ئەو قوربانییە بەشێوازێک لە نێو توێژێکدا هەڵدەبژێردرێت کە مەترسی تۆڵەسەندنەوە دروست نەکات: هەتیو، بەتەمەن، بێوەژن، یەخسیر. لە ئێرانی شیعەگەرادا بەهائییەکان (Bahais)، "قوربانین"، چونکە ئەوانیش بەهۆی بڕوابوونیان بە گەڕانەوەی ئیمامی فریادڕەس، کێبەرکێکاری ڕاستەوخۆی چینی فەرمانڕەوان کە بەگومڕا وەسفیان دەکات.

بۆ دەربازبوون لە تۆڵەسەندنەوەی خێڵەکی کە پەرتەوازەیی لێدەکەوێتەوە، کار بە دادپەروەری گشتی دەکرێت، ئیدی چی مۆرکێکی یاسایی هەبێت یا

15- Jean François Bayart, L'illusion identitaire (Paris: Fayard, 1996), p. 177

16- Girard, La Violence et le sacre (Paris: Grasset, 1972)

دامەزراوەیی. دەشێت دوژمن بەو کەسە وێنا بکرێت کە بە ئەوی دیی هەڕەشەکەری دادەنێین و دەکرێت ئەو جەنگەش شیبکاتەوە کە دەتوانین وەک سروتی قوربانییەک پارێزگاری لە یەکێتی گرووپ دەکات، بەشەرعی جاڕی بۆ بدەین، بگرە تەنانەت دەتوانێت دووبارە بینای بکاتەوە، ئیدی چی نەتەوە یا ئۆردو یا کڵێسە یا هاوپەیمان یا گروپێکی ئەتنیکیش بێت. ڕێنیە جیرار لە کتێبی "قوتاربوون لە کلاوزفیتز"[١٧] (Achever Clausewitz)دا، مەسەلەی بژاردەی دوژمن لە ڕێی فێڵێکی فیکریی دوور دەخاتەوە و بە جێگیرکردنی نێو لە سروتێکی ئایینی مەسیحیدا، واز لە چۆنێتی شیکردنەوەی هەڵبژاردنی دوژمن دەهێنێت. بەڵام هەست بە دوژمنایەتی کردن، واتە ئەوەی پێی دەوترێت "خولیای جەنگ" (passion guerriere)، هەمیشە لە"بونیادی دوژمنایەتی" زیاد دەکات، واتە بڕیاری دەستەقەست بۆ شەڕکردن. جیرار بە ئەندێشەی جەنگی ئەتۆمی دەگات، بۆ ئەوەی دروستی ئەندێشەی کۆتاییهاتنی جیهانی تەوراتی بسەلمێنێت.

هەموو گرووپێک لە ڕێی ئاماژەی سیمبولیی ئینتماکردنەوە هاوشوناس دەبێت: یەکپۆشی سەربازی، گوتاری پڕجۆشوخرۆش و جیاواز، هێماکانی ناسینەوە، سیمبولەکان و سروتی تەڵقینداني نهێنییەکان (rites initiatiques). بۆ نموونە یەکپۆشی ئیسلامییەکان، ئیسلامییەکان پۆلێن دەکات و لە غەیرە ئیسلامییەکان جیایان دەکاتەوە؛ تەکفیرییەکان پانتۆڵی کورت لە پێ دەکەن بۆ ئەوەی بە پیس و پۆخڵی غەیرە ئیسلامییەکان گڵاو نەبن (وادیارە ئەم خەمە ئەو ژنانە ناگرێتەوە کە بالاپۆشە شۆڕەکانیان بەسەر زەویدا دەخشێت)، ئەوانە ڕیش دەهێڵنەوە، چونکە پێیانوایە محەمەدی پەیامبەر هەرگیز ڕیشی نەتاشیووە و هەروەکو سەردەمی پەیامبەریش، سەندەڵێک لە پێ دەکەن لە پێستی وشتر دروست کرابێت. سروتیگەلێکی جەنگیی دیکەش لە کن گرووپەکانی هۆلیگان دەبینین کە دەڕژێنە نێو گۆرەپانەکانی تۆپی پێ، یا لەکن دەستە و تاقمە هەرزەکارەکانی دەوروبەری شارەکان (خاڵ کوتان، ستایڵی قژ داهێنان، جلوبەرگ.. هتد). هەر تاکێک لە نێو زنجیرەی هەڕەمیدا، پێگەیەکی دیاریکراوی هەیە کە ئاوێتەی گرووپەکەی دەکات. ئەم بونیادە هەڕەمییە ئەو دەزگایانە بە شەرعی دەکات کە

17- Girard, Achever Clausewitz: entretiens avec Benoit Chantre (Paris: Carnets Nord, (14), 2007).

گرەنتی دادپەروەری جەنگ دەکەن و سەرباز لە سزادان دەپارێزن. گرووپ، جگە لە کوژراوی تیمەکانی فریاگوزاری، لە ڕێی کوژراوەکانییەوە خۆی دەناسێتەوە. وەک دەرئەنجام و بۆدەرکەوتنێکی دژ، یادە تەلار (النصب التذكاريه) ناوی سەربازە موسڵمانە کوژراوەکانی سەردەمی جەزائیری فەرەنسی یاد ناکاتەوە کە لە گۆڕەپانی جەنگدا ژیانیان لە دەستدا، یادەتەلاری ویلایەتە یەکگرتووەکانیش سەربازە پۆرتۆریکییەکان ئاوارتە دەکات کە لە ڤێتنامدا ژیانیان لەدەستدا، هەروەها پەرستگای یازۆکی لە ژاپۆن ئەو سەرباز و تاوانبارانەی جەنگ لەخۆدەگرێت کە دادگای تۆکیۆ تاوانباری کردوون، ئەو کۆمەڵگە ئیمپراتۆرییانەی کە ناسنامەی نەتەوەیەکی بەهێزیان هەیە، بەم ڕەفتارە دەناسرێنەوە.

بەوجۆرە پاساو بۆ توندوتیژی دژ بە دوژمن دەهێنرێتەوە؛ مادامەکی یەکێتی گرووپەو/ یا ناسنامەی نەتەوەیی بنیادەکاتەوە. ئیدی گرووپی دوژمنکار دەبێتە ئەو قەوارە ئامادەکراوەی قوربانی پێدەردرێت. ڕەنگە دروستکردنی دوژمن پەیوەندی نێو گرووپ پتەو بکات، ئیدی مەترسییە ڕاستەقینەکە هەر چییەک بێت، وەک ئەو کەودەن و خولیای تۆڵەسەندنەوەیەی کە تا ئەمرۆش دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئەمەریکای والیکردووە دژ بە کوبا لە ئامادەباشیدا بێت. سیاسەتوانەکانی یۆنان پێویستیان بە تورکیای دوژمن هەیە، هەروەکو چۆن جەزائیرییەکانیش پێویستیان بە مەغریبی دوژمن هەیە. سەرکۆنەکردنی چەندینجارەی دوژمن لە هێندێک وڵاتدا پێکهاتەیەکی ژیانی سیاسیی پێکدەهێنێت: ئەو پاکستانەی کە شەڕی ناوخۆی نێوان کۆچبەر و سیندی و بونجابییەکان شڕوهوڕی کردووە، تەنها بەدژایەتی کردنی هیند بەیەکگرتووی دەمێنێتەوە. سەرکۆنەکردن و شەرمەزارکردنی فەرەنسا سیاسەتێکی ڕەوایە بۆ بەرەی ڕزگاری نیشتمانیی جەزائیر کە نایەوێت دەستبەرداری دەسەڵات بێت.

ئەم شیکردنەوەیە تەنانەت بۆ دیموکراسییەکانیش دەسدەدات کە زۆر بەخێرایی دەبنە قوربانی ئەو پرۆپاگەندەیەی پراکتیزەی دەکەن. جۆرج ف. کینان[١٨] (George F. Kennan)، داهێنەری بیرۆکەی بەرپێگرتن (containment)،

---

[18]- George Kennan, Russia and The West Under Kenin and Stalin (united Kingdom: Little (15) and Brown, 1961).

کە ئامانج لێی ڕاگرتنی بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم بوو، بە زەینێکی ڕوونەوە دەڵێت: "لێگەڕێن با بۆتان دووپات بکەمەوە، وڵاتێکی دیموکراسی لە دۆخی جەنگدا شتێکی نییە لە خۆویستی (خۆبەسەنتەر کردن) زیاتر بێت! لەم حاڵەتەدا بەهایەکی ئایدیاڵی بە مەسەلەکەی دەدا کە ڕوانینی بۆ شتەکان دەشێوێنێت. دوژمنەکەی بەرجەستەی شەڕەنگیزی دەکات، کەچی کەمپەکەی خۆی دەبێتە سەنتەری هەموو ڕەندییەکان". جۆشوخرۆشی بەریتانییەکانمان وەبیردێتەوە، کاتێک شەڕی "فۆکلاند" هەڵگیرسا، یا پەرۆشی سەربازانی ئەمەریکا کاتێک بەرەو ئەفغانستان دەرۆیشتن. هێندێک کەرەت ئەوی دی، بەشێوەیەکی ساختەکارانە ناسنامەی گرووپ دیاری دەکات. تیودۆر هێرتزل (Theodor Herzl) لە کۆنگرەی زایۆنیست پاڵ دا، ئەم تێبینییەی خستەڕوو، کاتێک وتی: "لەو باوەڕەدام نەتەوە گرووپێکی مێژوویی مرۆڤەکانە و بە هۆی دوژمنێکی هاوبەشەوە بەردەوام دەبێت". بۆیە بەم دەرئەنجامە دەگات "گەلی جوولەکە پێویستی بەخودناسین نییە؛ چونکە جووبێزەکان (ئەنتی سامیزمەکان) ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن"[١٩].

هێورکەرەوەیەک بۆ دۆخی نیگەرانی بەکۆمەڵ

دۆرکهایم (Durkheim) دەڵێت؛ "کاتێک کۆمەڵگە دەناڵێنێت، هەست بە پێویستیی دەکات بۆ ئەوەی یەکێک بدۆزێتەوە و ئێشوئازارەکانی بداتە پاڵ و دەتوانێت لە ڕێگەیەوە تۆڵەی بێهیوابوونی لێ بسەنێتەوە". دۆمینیک مویسی (Dominique Moisi) لە کتێبێکی تازەدا نەخشەیەک بەناوی "جوگرافیای سیاسەتی هەڵچوون" دەکێشێت، تێیدا تێبینی کولتوری ئەو ترسە دەکات کە خۆرئاوای گرتۆتەوە و بازاری نیگەرانی تێیدا دەگەشێتەوە. ئایا پێویستە لە میراتی ترس لە ململانێی ئەتۆمیدا، زێدە هەستیارییەکی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان لە بەرامبەر نیگەرانی بەکۆمەڵ بەدیبکەین؟ ئەوانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵگەگەلێکی زۆر سەلامەتن، لەگەڵ ئەوەشدا، "پرەنسیپی خۆپارێزی" دادەهێنن کە دەبێتە مایەی کارەسات و زێدەڕەوی لە مەترسییەکەدا. ئاستی نیگەرانی بەکۆمەڵ لە بوارە هەرە هەمەڕەنگەکاندا بەرزدەکاتەوە: هەڵەی زانیاری لە ساڵی ٢٠٠٠دا،

[19]- Cite par M. Korinman, “Herzl ou l’ elaboration d’un projet geopolitique,” Herodote, no. 53 (1989).

هەڕەشەی وڵاتانی باشوور، نەخۆشی شێتی مانگا، ئەنفلوێنزای باڵندە، ئەنفلوێنزای بەراز (H1N1)، تیرۆر، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، تاوانی ڕێکخراو، نەخۆشی سیدا (Sida)، ئیسلامگەرا، چەتەی دەریا و ڤایرۆسی زانیاری کە ناکرێ لێی بەدوور بیت… گشت ئەو مەترسییانە، ئیدی ئاستی ئەو مەترسییانە چەند بێت، پێویستییان بە ڕوونکردنەوە، نیگەرانی و زێدەرەوی لە هەڵسەنگاندا هەیە، بگرە تەنانەت گەڕان بەدوای بەرپرسیارێتییەکانیشدا. دانیشتوانی وڵاتە پێشکەوتووەکان کە بەسەر برسێتی و پەتا گەورەکاندا زاڵ بوون، ئەوانەی لەوانەیە زیاتر لە ڕووداوی هاتوچۆدا گیان لە دەست بدەن، تا ئەوەی لە کردەی تیرۆریستی یا جەنگی ئەتۆمی، کەچی لە بەرامبەر پێشبینییە ستراتیجییە کارەساتبارەکاندا هەستیان دەڕوشێت و چاوەڕان دەکەن دەسەڵاتە گشتییەکان لە هەموو پێشبینینەکراوان و تەنانەت لە چارەنووسیش بیانپارێزێت. ئەو قەیرانە ناکاوانەی هاودەمی نیگەرانی پێشبینکردنی کۆتایی جیهان دەکات، کاریگەرییەکی بەردەوامیان هەیە و دەتوانن بابەتەکان، نەک سروشتیان بگۆڕن. کەواتە پێویستیمان بە هێورکەرەوە دەبێت.

لە ناوکۆی مەترسییە بەکۆمەڵەکاندا، چۆن دوژمن دروست دەکرێت؟ هەمیشە وەڵامدانەوەکان لە شیکارییە هێمن و سارد و مەند (رصین)ەکانەوە نایەت، بەڵکو بەزۆری بەرهەمی ئەدەبی یان میدیایی، یا سینەماییە. دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بازاڕێکە (لەمەشدا هۆلیود بەهەڵەدا نەچووە)، لە نامرۆڤایەتی خیانەتکارانەی مەترسیی زەردەوە (دکتۆر فۆمانشۆ)، بۆ دەسەڵاتی ڕەهای جاڵجاڵۆکەیی مەترسی سوور (فیلمە سیخوییەکانی جەنگی سارد)، لەم دواییانەشدا بوونی تەواو فێڵبازانە و هەڕەشەلێکراو و دڵڕەقانەی مەترسی سەوز (بۆ نموونە، تیرۆریزمی ئیسلامی کە بۆمبەکەی لە زنجیرەی ٢٤ کاتژمێر دا داناوە). ئەو ڕۆڵەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە پیاوە شەڕەنگیزە مەکسیکییەکە لە فیلمەکانی خۆرئاوای ئەمەریکیدا دەیبینێت، بەگشتی کەسێکی دڵڕەق و ڕیشهاتووە و ئەرەقی لێدەتکێت و بەدەنگی بەرز قاقا لێدەدات. لە فیلمەکانی جەنگدا، سیخوری ئەڵمانی، پاشان سۆڤێتی، چەشنی ڕۆبۆت ساردوسڕ و هێمنن. لە فیلمەکانی هاندان و هەستبزوێنەکانی ساڵانی نەوەدەکاندا، ڕۆڵی شەڕەنگیزە کۆلۆمبییەکە دەستپێدەکاتەوە کە قاچاخچییەکی بە ئەدەبیی شیکپۆشی مادەهۆشبەرەکانە، بەڵام بەشێوەیەکی باوەڕنەکردەنی دڵڕەق و بێبەزەییە و بزەیەکی نیگەرانهێنی

هەیە. لە کۆتاییشدا، لە ۲۰۰۱ەوە بەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە ئاشنا دەبین کە هیچ شتێک لە ڕێی شێوازە پێکەنینئامێزەکەیەوە ڕاناگرێت و بەهۆیەوە گوتارە دەماگیرانەکەی بڵاودەکاتەوە. پێکەنینە گاڵتەجارییەکەی کە هاودەمی کردەیەکی نەگریسانەیە، خەسڵەتێکی هاوڕەگەزبازەکانە کە لەلای زۆربەی کەسایەتییە شەڕەنگێزەکانی پێشوودا دەیبینین. لە ماوەی چەند مانگێکدا، ئەلقاعیدە بووە هەڕەشەیەکی ئەفسانەیی و تاڕادەیەکیش گرنگییەکەی هاوتای گرنگیی داگیرکارییە گەورەکان دەبێت، ئەوەش پاساو بۆ هەموو گومانەکان و بڵاکردنەوەی هەموو ئامرازە پۆلیسی و سەربازییەکانی خۆرئاوا دەهێنێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا گرووپە تیرۆریستییەکان، لە ڕاستیدا، هەڕەشەیەکی ستراتیجی دروست ناکەن، کەچی بەزۆری پەرچەکردارە سیاسییەکە، هەروەکو دەروونشیکارە فرەنسییەکان دەڵێن، لەو پێشبینییە دەچێت کە خۆبەخۆ بەدیدێت! ترس لە توندوتیژییەکی قەبەکراو، توندوتیژییەکی گەورەتر بەرهەم دەهێنێت، ئەوەش لە بەرامبەردا پاساو بۆ توندوتیژی دەهێنێتەوە!

ترسی بەکۆمەڵ لەو کۆڕبەندە ستراتیجانەی بیر لە ئاسایشی نێونەتەوەیی دەکەنەوە، دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەیە. کاتێک دەڵێین "جیهان دەگۆڕێت"، "گۆڕاو و ناجێگیرە"و "پڕ لە مەترسی"و "ئاڵەنگاری"یە، ئەوا ئێمە لە "گەشەسەندنی ئابووری چین" نیگەرانین کە بە "هەڵکشانێکی گریمانەیی" وەسف دەکرێت، هەروەکو چۆن لە "شۆڕشی کولتوری" نیگەران بووین، هەموو ئەوانەش بە بەشێک لە پارادۆکسی مێژووی جیۆپۆلەتیک (الجغرافیا السیاسیە) دادەنرێت. دوای هێرشەکانی ۱۱/ئەیلول-سەپتەمبەر، پلاتفۆرمەکانی (منصات) تەلەفزیۆن تەنها بۆ ئەو پسپۆڕانە تەرخان دەکران کە باسیان لە کردەی تیرۆری ئەتۆمی یا کیمیایی چەند هەفتەی داهاتوو دەکرد. بەپێچەوانەشەوە، میدیا عەرەبییەکان، بە بەردەوامی، ئەو گوتارەیان دووبارە دەکردەوە کە "ئیسلام ئایینی ئاشتییە"و تەنیا "موسڵمانە خراپەکان"، تیرۆریستن: هەر یەکەیان دوژمنی خۆی هەبوو.

بوونەوەرێکی جیاواز

دەرونشیکاری ئەمەریکی، ئێریک ئێرکسۆن (Erik Erikson)، جەنگ وەک دیاردەی "جۆرکاری ساختە"[٢٠] (pseudo-spéciation) وەسف دەکات، واتە لەسەر شکڵی ئەو ساتەی کە تێیدا دەکرێت گرووپێک، تاکەکانی گرووپەکەی دیکە بەکەسانێک دابنێت کە ئینتمایان بۆ ڕەگەزێکی دیکە هەیە و پێویستە ڕاو بکرێن و بەبێ هیچ بەربەستێکیش لەناوببرێن. زۆرجار، تەنانەت لە جەنگە هەرە دڕندانەکانیشدا، تێبینی دەکەین کە هێندێک کەس سەبارەت بە ڕزگارکردنی کەسێکی دوژمن، باس لە ڕەفتارێکی بوێرانەی خۆیان دەکەن. لە بەرامبەریشدا، قەوارە دوژمنەکە شایانی هیچ بەزەییەک نییە. جاک سیملان[٢١] (Jacques Semelin) باس لە ڕووداوێک دەکات کە میکائیل ئیگناتییف (Michael Ignatief) تێیدا ژیاوە: "لەژێرزەمینێکی تۆکمەی سربییەکاندا، گوێم لە سەربازە یەدەکەکان بوو، دەیانوت بێزمان لەو هەوایەش دێتەوە کە کرواتییەکان هەڵیدەمژن، ڕقمان لەوەش دەبێتەوە کە لە ژوورێکدا لەگەڵیاندا بین..". کەواتە ئەوی دی مرۆڤایەتی کۆڵێکتیڤن (humanite collective). جەنگە هاوچەرخەکان ٩٠٪ لە مەدەنییەکان دەکوژێت، لە بەرامبەریشدا تەنها ١٠٪ لە سەربازەکان دەکوژێت. ئیدی بەوجۆرە دوژمن بووە بە گشت، لەتواناشدا دەبێت بە شێوەیەکی شەرعیی نەوە جیاوازەکانیان بکوژرێن.

هەروەکو سەرنج دەدەین، جیاکاری لەسەرەتادا زارەکییە؛ چونکە گشت زمانەکان دەستەواژەگەلێکیان تێدایە کە مەبەست لێیان شکاندن و بەدناو کردنی ئەوی دیکەیە. بەربەرییەکان لەلای یۆنانەکان، ئەو خەڵکانەن کە بە زمانی یۆنانی نادوێن و بەدەنگێک گوزارشت دەکەن کە مایەی تێگەیشتن نییە. لە باشووری ئەفەریقیای ئێستادا، ماکوێر (Makwere) ئەو کەسانەن کە بەزمانێکی نەبیستراو دەدوێن و بویلاخایا (Buyelakhaya) گرووپی (بگەرێڕەوە بۆ وڵاتەکەت!)ن، واتە ئەو غەوارە بیانییانەی، بەهەمان شێوەی گرووپی "پێویستە گانا بڕوات" (Ghana must go)، ساڵی ١٩٨٠ لە نەیجیریا دەرکران. پێویستە ئەوی دی لە بازنەی

---

[٢٠] – واتە دەرکەوتنی جۆری نوێ.

[21] – Jacques Semelin, Purifier et detruire: Usages politiques des massacres et genocides, la couleur des idees (Paris: Le Seuil, 2005).

وشەکاری دوور بخرێتەوە، چونکە ئەو: شۆڕشگێڕ، ڕێگر، بەربەری، بکوژ، کوێر و تیرۆیستە.. بەدەگمەن پێی دەوترێت جەنگاوەر یا دوژمن. دەشێت ڕووناکبیرانیش بەشداری لەم پرۆسێسەدا بکەن. سارتەر (Sartre)، لە وەرزنامەی (Les Temps modernes) تشرینی یەکەم، ئۆکتۆبەر بۆ تشرینی دووەم، نۆڤەمبەری ١٩٦١دا دەنووسێت: "ئەوەی دژایەتی کۆمۆنیزم بکات، سەگە، لێرە ناچمە دەرەوە، هەرگیز لێرە ناچمە دەرەوە! بەناوی ئەو پرەنسیپانەی فێری کردووم، بەناوی مرۆڤایەتی و نەریتە دێرینەکانییەوە (یۆنانی و ڕۆمانی)، بەناوی ئازادی، یەکسانی و برایەتییەوە، ئەو ڕقەی لە بۆرجوازی هەڵمگرتووە، تەنیا بە کۆتایی ژیانم، کۆتایی دێت".

پاشان جیاکارییەکە دەبێتە جیارییەکی کولتوریی، هەروەها زانیاریمان دەربارەی تیورییە ڕەگەزپەرستییە جیاوازەکانی ئەوروپا هەیە. ژاپۆنییەکانیش بەرامبەر ئاسیاییەکانی دیکە، پەرەیان بەفیکرێکی ناسیونالیستی هەژمونگەری توند دا، بە تایبەتی بەرامبەر بە چین. لە سەرەتای سییەکانەوە، پرەنسیپی باڵابوونی ڕەگەزی ژاپۆنی دانرا کە پشتی بە تیورەی کۆکوتای نۆ هۆنگی (kokutai no Hongi) (پرەنسیپەکانی نەتەوە) دەبەست: خۆرئاواییە مادییە نەگریسەکان لە کۆمەڵگەیەکی تاکگەرا و مادیدا ژیان دەگوزەرێنن، دەرئەنجامی فراوانبوونی ئەم کۆمەڵگەیە بەتەنیا شەڕی نێوان (رۆح و مادە)ی لێدەکەوێتەوە. ئەو پروپاگەندەی بە شوا (Showa) ناسراوە، ئاسیاییەکانی دیکە وەک خەڵکانی پیس و داروخاو و لاواز دەخاتەڕوو کە ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن. ئیدی بەوجۆرە، بەپێی تیورەی هاکۆ ئیشو (Hakko Ichiu) "هەموو جیهان، لەژێر هەمان بنمیچدایە"، بۆیە پێویستە لەسەر ڕەگەزی ژاپۆنی، کە تاکە نەتەوەیە خودای تینۆ (le Tenno) ڕێبەرایەتی دەکات لە جیاتی بەشداریکردنیان لە پشتگیری کردن لە جەنگ و پەلهاویشتنەکەی، گرەنتی چارەنووسی ئاسیاییەکان بکات. بەڵام بەرهەڵستی کردنی تاوانێکە دەرهەق بە لۆجیکی ئەو شتانەی شکۆی خودایی (transcendence divine) سەپاندویەتی و نیاز خراپیش دەسەلمێنێت. ڕەگەزپەرستی ژاپۆنی کە ئایینی شینتۆ (Shinto)، پشتگیری دەکات، چەشنی زۆرێک لە بزوتنەوە ڕەگەزپەرستییەکانی دیکە، پاساو بۆ جەنگ دەهێنێتەوە.

زانستی واتاسازی سەربازی، بۆ وەسفکردنی هەمان ئەو کارەی بەپێی ئەو بلۆکەی کارەکە ئەنجام دەدات، وتەزای جیاواز بەکاردەهێنێت. بۆیە وادادەنرێت سروشتی کاری تیرۆریستانەی "کوێرانە"، لە بۆردومانی ئاسمانی "ئامانج دەستنیشانکراو" دزێوتر بێت. هەمان دەستەواژە بۆ ئاماژەدان بە هەمان پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ بەکارناهێنین: ڕفاندنی کەسێک و ڕێی پێ نەدرێت پەیوەندی بەخێزانەکەیەوە بکات، هۆکاری زیندانەکردنەکەی پێ ڕانەگەیەنرێت، ڕێی پێنەدرێت پارێزەرێک بەرگری لێ بکات و کاتی دادگایی کردنی بۆ دیاری نەکرێت، لە کۆلۆمبیا پێی دەوترێت: بارمتە گرتن، لە چیچان ڕفاندن، لە ئیسرائیل گرتنی ئیداری و لە گوانتانامۆیش: بێبەشکردن لە مافەکان. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا کارەکە بە ڕفاندنی نایاساییەوە پەیوەستە. تۆکڤێل (Tocqueville) لە کتێبی دەربارەی جەزائیر (De lAlgerie)دا، زۆر بە باشی توندوتیژی داگیرکردن کورت دەکاتەوە: "بەربەرییەکان لەبەرامبەر بەربەرییەکاندا، هەمیشە تورکەکان وەک بەربەری موسڵمان لە ئێمە جیاوازن".

پێویستە وەک هەڕەشەکارێکی شیمانەیی لە ئەوی دی بڕوانرێت. ئەوەی لەم بارەیەوە سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە تێبینی بکرێت لە هاوتەریبی نێوان بابەتە بەکارهاتووەکان بۆ وەسفکردنی ئەو مەترسییە زەردەی کە جاک دوکۆرنوا (Jacques Decornoy) کتێبێکی نایابی بۆ تەرخان کردووە[22]و نێوان ئەو چەمکانەی بۆ وەسفکردنی هەڵکشانی ئیسلامگەرا دووبارە دەبێتەوە. یەکەم، پێویستە وەک مەترسی "زەرد"، ئاماژە بەو پرەنسیپە سەرتاپاگیر و کۆکەرەوە زۆر بە سوودەی جوگرافیای سیاسیی بدرێت کە لە هیند و سیام-ەوە بۆ مەنگۆلیا و تیبت شۆڕدەبێتەوە (بڕوانە بلاک و مۆرتیمەر "Black et Mortimer"): نهێنی ماسییەکەی ئەبو سەیف (Le Secret de lEspadon). وادادەنرێت ئیسلامگەرا (مەترسییە سەوزەکە) وەک ڕەنگدانەوەی چەمکی نەتەوە، یا گرووپی ئیماندارەکان، تەواوی جیهانی عەرەبی ئیسلامی نغرۆ بکات. لەوانەیە هەڕەشەکردن لەماوەی کارکردنیدا خاوەنەکەی بگۆڕێت، بێ ئەوەی مەترسییەکە بگۆڕێت. چین بە ژمارەی دانیشتوانەکەی کۆلۆنیالیستەکانی دەتۆقاند، پاشان ژاپۆن لە دوای سەرکەوتنی تسوشیما (Tsushima) بەسەر ڕوسیا و جەنگی

---

[22]-Jacques Decornoy, Peril jaune blanche (Paris: Grasset, 1970).

جیهانی دووەم دەیترساندن. لە کۆتاییشدا، چینی ماو لە دوای ساڵی ١٩٤٩ەوە جارێکی دی مەشخەڵەکەی بەدەستەوە گرت، کەچی پلانی کولتوری وەک خۆی مایەوە، بەڵام پایەکەی گۆڕانی بەسەردا هات. هەموو جارێک دەبوو وڵاتی سەرکردە "حەشامەتێکی دەمارگیر کە گرنگی بە مردن نادات" بەدوای خۆیدا رابکێشێت. بەڵام سەبارەت بە ئیسلام، ئەوا شۆڕشی ئێران هێدمەی هەشتاکان بوو، موژدەی بە شەپۆلی داهاتوو دەدا. ئیسلامییەکان لە نەوەدەکاندا، کاروباری جەزائیریان بەدەستەوە گرت، لە کۆتاییشدا ئەفغانستانی تاڵیبان ڕێبەرایەتی حەشامەتێکی لە دەمارگیرەکان دەکرد و پێشەوا چەکدارەکانیان مەشق و ڕاهێنیان لە ئۆردوگاکاندا دەکرد، شانشینی عەرەبی سعودیش بانگخوازە وەهابی و خۆکوژەکانی بە هەموو شوێنێکدا بڵاودەکردەوە. بەڵام پێویستە شتەکان تێکەڵ نەکەین و نەیشێوێنین، چونکە لێرەدا کارەکە پەیوەندی بەهاوپەیمانێکەوە هەیە..

پێویستە ئاگادارییەکی زۆر تایبەت ئاراستەی پێشبینییەکانی دانیشتوان بکرێت کە بەزۆری بۆ ڕوونکردنەوەی هەڕەشەی داهاتوو بەکاردەهێنرێن. شاڵاوی دانیشتوان ئەو ئامرازەیە کە ڕۆژانە بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی هەڵکشانی گریمانەیی مەترسییەک ڕاڤە بکات. ناولێنانی "مەترسی زەرد" کاتێک داهێنرا کە چین ژمارەی دانیشتوانی لە ٤٠٠ سەد ملیۆن کەس تێپەڕی نەدەکرد. ئەمرۆش لەگەڵ ١.٣ ملیار کەسدا، هێشتا چاوەڕوان دەکەین "زۆری دانیشتوانەکەی" بەکاربهێنێت. بەزۆری باس لە "یەک ملیار موسڵمان" دەکەین، وەکئەوەی قەوارەیەکی یەکانگیر بێت. ئەم ئارگیومێنتە بەتەنیا لە بەرنامەکانی حیزبی بەرەی نیشتمانی دا بەدیناکەین، بەڵکو لە زۆرێک لەو بەرنامە سیاسییانەشدا بەدیدەکەین کە سەرکۆنەی داگیرکاری دەکەن. ئوردون کە پەنابەرە فەڵەستییەکان لە خۆدەگرێت، فەرماندەی باڵای سەربازی لە یەکی ئایار/ مایۆی ٢٠١٠دا، ئەم یاداشتەی ئاراستەی شا عەبدوڵای دووەم کردووە: "دەمانەوێت پارێزگاری لە ناسنامەی نیشتمانی ئوردون بکەین. لە ئێستادا ژمارەی فەڵەستینییەکان لە وڵاتێکدا کە کۆی دانیشتوانەکەی ٦.٢ ملیۆن کەسە، گەیشتۆتە ٤.٥ ملیۆن پەنابەر، هەر بەڕاستی ژمارەکە نیگەرانهێنە". یوسف کورباج[٢٣]، لە ڕێی نموونەگەلێک

---

[23]- Youssef Courbage, “Utilisation politique de l’analyse demographique des minorites,” dans: Congres de l’IUSSP, Salvador, Bresil, 18-24 aout 2001, http://www.iussp.org/

لەسەر دانیشتوانی ئێرلەندای باکوور و کۆسۆڤۆ، ئەوە دەسەلمێنێت کە چۆن وردبوونەوە و ساغکردنەوەی ئەو ئەفسانانەی لە دەسپێکی پێشبینییەکانی دانیشتوانەوە بونیاتنراون، وەک پێویست ئەنجام نەدراون، یا تەنانەت هیچ وردبوونەوە و پشتڕاستکردنەوەیەک لە ئارادا نەبووە. پیار دیپرۆج (Pierre Desproges) لە تێبینییە پێکەنینئامێزەکەیدا، زۆر بە باشی هێندێک لە شێواندنە دیموگرافییەکان کورت دەکات: "سەبارەت بە ئێمە، شەش ملیار بیانی هەیە، بەڵام سەبارەت بە چینییەکان تەنها پێنج ملیار هەیە. ئەمە جیاوازییە سادە و ساکارەکەیە!". ئایا لە ئێمە کەمتر یا زیاتر نیگەرانن؟

شیکارییە کولتورییەکان، نیگەرانییەکان زیاتر دەکەن. زەرد فێڵباز و بێشەرم و بێبەزەییە، تەنیا خەون بە داگیرکردنی خۆرئاواوە دەبینێت. ئەو عەرەبەی نامرۆڤایەتییەکی ئەفسانەیی بووە بە خەسڵەتێکی هەمیشەیی، بە هەق و ناهەق چەقۆ بەکاردەهێنێت. کۆمۆنیست چەقۆ لە نێو دانەکانیدا هەڵدەگرێت (ئەوەش کاری پروپاگەندە دژوار دەکات)و بۆرجوازی لەگەڵ ئەو جگەرەیەی بەردەوام لە دەمیدایە (بەر لە قەدەغە کردنی جگەرە کێشان)... بن لادنی پزیشک فو مانچو (Fu Manchu)ی ئیسلامییەکانە... هێمن، بێبەزەیی و دەمارگیرە، ئامانجیی دەسەڵاتی گشتگیرە. زۆرێک لەم ئەفسانانە لەو کاتەدا بەرهەم دەهێنرێت کە خۆرئاوا کۆنترۆڵی بەسەر جیهانەوە هەیە... ڕاگەیاندنی مەترسی زەرد لە بارەی داگیرکارییەوە جەنگیز خان وەبیردەهێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا هێزە ئەوروپییەکان لە دوای دوو جەنگ، پەلوپۆی چین دەبڕێت بۆ ئەوەی ناچاری بکات ئەو ئەفیونە[٢٤] بکڕێت کە لەلایەن کۆڵۆنییەکانەوە بەرهەم دەهێنرێت. هەروەها لە ڕاستیدا پشکی ئیسلامییەکان لەلایەن ڕای گشتی عەرەبی لە دوای شکستە ئابرووبەرانەکەی جەنگی شەش ڕۆژە، ڕووی لە هەڵکشان کرد، ئەمە لەگەڵ داگیرکاری ئیسرائیل و بەکۆڵۆنیکردنی خاکە داگیرکراوەکان. هینتنگتۆن، دوا

---

[٢٤] – لە جەنگەکانی ئەفیوندا، چین کە لەسەر خاکەکەی ڕێگری لە ئەفیون دەکرد، ڕووبەڕووی چەندین وڵاتی خۆرئاوا بووەوە کە لە کۆڵۆنیکان دروستیان دەکرد. جەنگی یەکەم لە ١٨٣٩ بۆ ١٨٤٢ لە نێوان چین و بریتانیا بوو. بەڵام دووەم لە ١٨٥٦ بۆ ١٨٦٠، دژ بە فەرەنسا، ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و ڕوسیا بوو. پەکین ناچار کرا ڕێگە بە بازرگانیکردنی ئەفیون بدات و ڕێکەوتنێکی نادادپەروەانە واژوو بکات. چەندین وڵاتی دیکەی خۆرئاوا ئەو دەرفەتەیان بۆ گوشار کردن قۆزتەوە تا بەندەرەکانی چین بۆ بازرگانیکردن کراوە بێت.

بەرهەمی تیۆرە کولتورییەکانە، پێیوایە شارستانی ئیسلامی، بەسروشت فراوانخوازە، بەڵام بۆ چاودێرێکی بێلایەن، تێبینی کردنی ئەو کارە پڕزەحمەت دەبێت، کاتێک تەنها دەستوەردانە چەکدارییەکان، یا ئەو جەنگە نێودەوڵەتییانەی وەبیردەکەوێتەوە کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە وڵاتانی خۆرئاوا بەرێوەی دەبەن.

دواجار دەڵێین، هەڕەشەکردن نێودەوڵەتییە، وەلێ هاوکات ناوخۆییشە: مەترسی زەرد لە دوای تەواو بوونی کارکردن لە هێڵی شەمەندەفەر، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ڕێگری دەکرد لەوەی کۆچبەرە ئاسیاییەکان بگەن بەکالیفۆرنیا. لە ئەوروپای ئەمرۆدا، ئیسلامییەکان لە پشت ئاژاوە و پشێوییەکانی گەڕەکە هەژارنشینەکانی دەوروبەری شارە گەورەکانن، ئەمە ئەگەر باوەڕ بەو شیکارییانە بکەین کە پەیوەست بوون بە کارە توندوتیژەکانی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠٨ی فەرەنسا. ئەوی دی، ئەو دوژمنەیە کە لە نیگەرانییەکانمان بەرپرسە! ئەو توندوتیژییەی گرووپ ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یەکانگیرییەکەی تۆکمە و پتەو دەکات. چڕی بۆردومان کردنی شارەکانی ئەڵمانیا بە بڕیاری بریتانیا، لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا کە ژمارەی قوربانییەکانی لە قوربانییەکانی هێرۆشیما زیاتر بوو، ئامانجە ستراتیجییەکەی مل پێکەچ کردنی دانیشتوانەکەی بوو. بەڵام وادیار بوو بە تایبەتی ئەو بۆردومانکردنە دانیشتوانی لە دەوری ڕژێمی نازی خڕ کردەوە، چونکە پێیانوابوو، ئەو بۆردومانەی هاوپەیمانەکان ئەنجامیان دەدا، "توندوتیژییەکی کوێرانە" بووە. هەمان پەرچەکردار لەلای پاکستانییەکانی ئەمڕۆش دەبینین، بەپێی تازەترین ڕا پرسی گشتی، لە ٦٥٪ دانیشتوان هیواخوازن سوپای ئەمەریکا بکشێتەوە و تەنها لە ٢٥٪یان پێیانوابوو وڵاتەکەیان بە گەڕانەوەی تاڵیبان ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە[٢٥].

بەئاژەڵکردنی بەربەری

"بەدوژمنکردنی ئەوی دی" (سیفەتی ئەوی دی دانەپاڵ) بۆ گوتاری ستراتیجی، بە پرۆسەیەکی پێویست دادەنرێت.. ئەوانە دێنە نێو ئامێزتانەوە بۆ ئەوەی منداڵ

25 – Pew Research Center, Numbers, Facts, and trends Shaping your World, http://pewresearch.org/pubs/1683/pakistan-less-concern-extremists-america-image-poor-india-threat-support-harsh-laws>.

و هاوسەرەکانتان سەرببڕن.. تێکستی سرودی نیشتمانی فرەنسی، ئاماژەگەلێکی پەتی جەنگ لە دووتوێدا هەڵدەگرێت: لە سەردەمی ڕۆجیە دو لیل (Rouget de Lisle)دا ئەوی دی، ئەو بەربەرییە کە ئامادەیی تێدایە هەموو شتێک بکات، سەردەبڕێت، ڕەنگە لەمرۆدا لاقەش بکات.

زۆرێک لە "شارەزایان" هێرشەکانی ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەری ٢٠٠١، بە دابڕانێکی ستراتیجی دەبینن. ئەمەش بەهیچ شێوەیەک دروست نییە. ساڵی ١٩٨٤، یەکەم پرۆسێسی "تیرۆری بایۆلۆجی" سەرکەوتوو لە ئۆریگۆن (Oregon) لە داڵاس (Dalles) ئەنجام درا، مەزهەبی ڕاجنیشی (Rajneeshee) بەکتریای سالمۆنیلا-ی لە خۆراکی خواردنگە جیاوازەکاندا بڵاوکردەوە و ٧٥١ کەس نەخۆش کەوتن؛ بۆ ئەوەی کار لەسەر دەرئەنجامی هەڵبژاردنە لۆکاڵییەکان بکات، بەڵام لەو دەمەدا، بەهۆی پاراستنی ئازادی ئایینییەوە، هیچ ڕێوشوێنێکی ئەمنیی تایبەت بەرامبەر ئەو مەزهەبانە نەگیرایەبەر کە ڕوانینێکی ئەو دونیاییان هەبوو. هیچ شتێکمان لەبارەی تیمۆتی ماکڤی (Timothy McVeigh) نەدەزانی کە بڕوای بە عەقیدەی باڵایی ڕەگەزی سپی هەبوو، ئەوەش مەزهەبێکی ئایینی ڕاستڕەوی ڕادیکاڵی ئەمەریکییە و سەرکۆنەی "دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتی فیدراڵی" دەکات. ماکفی بەرپرسیاری یەکەم کردەی تیرۆریستی بوو لەسەر خاکی ئەمەریکا. بۆمبەکەی ئۆکلاهۆما سیتی (Oklahoma City)یش، لە نیسانی/ ئەپریلی ١٩٩٨دا، ئەو دایەنگەی ویرانکرد کە دەکەوتە بینای فیدراڵییەوە و ١٦٨ کوژراو و ٦٨٠ برینداری لێکەوتەوە.

ئەو دابڕانە دەروونییەی پەلامارەکانی ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەری پێدەناسرێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکە و ڕووماڵە میدیاییەکەی، لە خودی ڕووداوەکە زیاترە. ئەو چەند دۆکومێنتە کەمەی لە نێو لاپەڕەکانی بن لادن دا دۆزرایەوە، ئاماژەیەکە لەسەر ئیرادەی دانانی ستراتیجی گرژی و پەستان، ئەوەش کارێکی ئاسایی گرووپە تیرۆریستییەکانە تا ئەوی دی ناچار بکەن زێدەڕەوی لە کاردانەوەکانیدا بکات و هێزە ئەمنییەکانی پەرت بکات و بڕستیان لێببڕێت و لە حاڵەتی نائاساییدا بمێننەوە و ترس و دڵەڕاوکێش لەلای دانیشتوان دروست بکات. ناتوانرێت گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە لەبارەی هەڕەشەی تیرۆرەوە بکرێت، چونکە حەقیقەتێکی جیهانییە و پێشبینی ناکرێت، بەڵام ستراتیجی نییە. بەهەر

حاڵ، هیچ کەسێک، بۆ یەک خولەکیش بیری لەوە نەکردەوە کە ئۆپراسیۆنەکانی ١١ی سەپتەمبەر، ویلایەتە یەکگرتووەکان، یا وڵاتانی ئەوروپی نغرۆ دەکات؛ چونکە دەبوو کاردانەوەکە ئەمنی بوایە و دەزگا هەواڵگرییەکان گرنگییان پێ بدایە، بەڵام بەو شێوەیە کەوتەوە کە بن لادن چاوەڕوانی دەکرد. کۆشکی سپی بەدوای دوژمندا دەگەڕا و جەنگێکی "سەرتاپاگیری"ی لەسەر ئاستی جیهاندا ڕاگەیاند کە لووتبەرزی و لەخۆباییبوونێکی (Hubris) جەنگی ڕاستەقینە دەیجوڵاند و دنەی دەدا: دوو جەنگ، ساڵی ٢٠٠٢، شەست و هەشت گرووپی تیرۆریستی لەسەر لیستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا تۆمار کرابوون، لەگەڵ سەدان هەزار کوژراو. ئەوەش بازنەی توندوتیژی - سەرکووتکردن بوو، بۆ نموونە قەتلوعامی ستیف (سطیف) لە ساڵی ١٩٤٥دا کە شۆڕشی جەزائیری لێکەوتەوە: کوژراوە ئەوروپییەکان، سەرکووتکردنێکی توندوتیژئامێزی سەربازیی دژ بە هاوڵاتییە ڕەسەنەکان، ئەوانەی بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ هەڵدەگرن.. پاشماوەکەشی دەزانین.

هێماکانی مەترسی ئەوی دی، چەشنی بواری سەربازی، لە بواری ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتوریشدا دەردەکەوێت، ئیدی گەر لە ئێرلەندای باکوور بێت لە نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانت، یا لە دوا ڕۆژەکانی یۆگسلاڤیا، بگرە تەنانەت لە قاڵبە ئایینییە هاوشێوەکانیشدا بێت؛ ڕقوکینەکە لەلایەن ڕێبەرە ئایینییەکانەوە جۆش دەدرێت. گوتارەکانی ئییان پەیزلی (Ian Paisley)، سەرکردەی پرۆتستانەکان دژ بە کاسۆلیکە ئێرلەندییەکان، لە گوتاری بانگخوازە وەهابییەکان دەچێت دژ بە شیعەکان، لە هەموو حاڵەتێکدا زۆر لە گوتارەکانی جان ماری پان (Jean-Narie Le pen) توندوتیژترن.

دواجار، دوژمن بژاردەی سیاسییە. ئێران وزەی ئەتۆمی کەمتر بەکاردەهێنێت و لە پاکستانیش تیرۆریستتر نییە کە خاوەن هێزی ئەتۆمییە و بارەگای زۆرێک لەو فێرگە ئایینییانەشە کە تیرۆریستی چالاک تێیدا دەردەچێت، بەڵام واشنتن یەک لایەنە پاکستانی هەڵبژارد. هەروەها ئیسلامەتی ئێران لە شانشینی عەرەبی سعودی کەمترە کە بانگخوازە وەهابییەکانی ڕەوانەی خۆرئاوا دەکات، کەچی سەرباری ئەوەش هاوپەیمانە.

ئێستا، لە دوای دانانی ئەم چوارچێوەی ململانێ کردنە، پێویستە ئەوە شیبکەینەوە کە چی دیموکراسییەکان والێدەکات پاساو بۆ بەکارهێنانی هێزی چەکداری بهێننەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی چوارەم
جەنگی دادوەرانە:

ئامرازە پەسەندكراوەكان، پێویستییەكی لەڕادەبەدەر، باڵادەستییەكی مسۆگەر

"چ ناوێكی لێ بنێین، كاتێك وەك ئەمڕۆ، خۆرهەڵدێت، هەموو شتێك تێكچووە و هەموو شتێك وێران بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ هەناسە بدرێت، هەموو شتێكمان لەدەستداوە و شار دەسوتێت، بێتاوانەكان یەكتری دەكوژن و تاوانبارەكانیش لە سوچی ڕۆژێكدا دەمرن؟

ئەی ژنە نارسیسەكە، بۆ ئەمە ناوێكی زۆر جوان هەیە، ئەمە پێی دەوترێ كازیوە"

جان جیرۆدۆ (Jean Giraudoux)

ئەلیكترا (Electre)

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

شكۆمەندی بۆ جەنگ!

ئەم هەسارەیەی ئێمە بۆ هەموو وڵاتێك مۆزەخانەیەكی جەنگی هەیە، كەچی زۆر بە كەمی مۆزەخانەی ئاشتی تێدایە كە بە سروشتییش سەرنجڕاكێش نین. خوایاندنی جەنگ لە زۆرێك لە كۆمەڵگە فرە خوداییە تەقلیدییەكاندا، پاساوێكە بۆ دەسەڵاتی چینەكان كە خۆی بە ئۆرۆستۆكراسی وەسف دەكات (سوارچاكی، پاڵەوانە دێرینەكان، خانەدان یا سامۆرای)و خوایاندنی جەنگ (تألیە الحرب)، كوشتنی بەكۆمەڵ و لەخۆباییبوون پیرۆز دەكات كە جەنگاوەر لە كەسایەتییە ئاساییەكەی جیاواز دەكات. سەركەوتن باڵایی كۆمەڵگە سەركەوتووەكان دەسەلمێنێت، هەروەكو چۆن پاساو بۆ دۆڕاوەكانیش دەهێنێتەوە لەسایەی ئاڵەكەیدا بمێننەوە. لە دواییشدا جگە لە بۆگەنیی دروشمە نیشتمانییەكان شتێكی دیكەی لێ نامێنێتەوە: بڕوابوونمان بە خودا (In God we trust)، خودا لەگەڵمانە

(Got mit uns)، خودا گەورەیە! (الله أكبر)، وادیارە جۆرج بوشی کوڕ بەتەواوەتی ئاگای بە پابەندبوونی خوداییەوە هەبوبێت: چونکە ئەو گوتارەی لە ٢٨ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٥دا ئاراستەی هێزە چەکدارەکانی کرد، بەم دەستەواژانە بەکۆتا دەهێنێت: "ئازادی و تۆقاندن، دادپەروەری و دڕندایەتی، هەمیشە لە دۆخی جەنگدا، هەروەکو دەزانین لەلای خوداوەند بەیەک چاو سەیر ناکرێت". بەڵام خودا هەر چییەک بێت کە بە زۆری داوای دەستیاری لێ دەکرێت، لەو ڕۆژەوەی خەڵکی دەستیان بە کوشتار کردووە، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەرنەکەوتووە! لە لیبیای ئەمڕۆدا[٢٦]، یاخیبووەکان و لایەنگرانی قەزافی پەنا بۆ هەمان خودا دەبەن (ئەمە چ تەنگژەیەکی بێبەزەییانەیە).

هەروەها جەنگ، بە فۆرمە عەلمانییەکانیی لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا بەخودایی دەکرێت، ئیدی شەرعییەتی هەر چۆنێک بێت. فرەنسا لە بلوار و شەقامە گەورەکانیدا "ئەفسانە پەمەییەکان"ی سوپا زەبەلاحەکەی ناپلیۆن دووبارە دەکاتەوە، بەپێچەوانەی ئەو یادەوەرییەی کە ئیمپراتۆرەکەی لە باقی وڵاتانی ئەوروپادا جێیهێشتووە. پارێزگاری کردن لە یادەوەرییەکان سرووتە، ئیدی چ جەنگەکە دامەزرێنەرانە بێت (جەنگی ڕزگاری لە جەزائیر)، یا ڕزگاریخوازانە (جەنگ دژی فاشیزم)، یا وەیشومە و کاولکارانە بێت (جەنگی زەریای هێمن بۆ بۆلیڤیا)، یا مایەی کۆمەڵکوژی بێت (شکستی سرب لە شەڕی کۆسۆڤۆ le champ des merles) (ساڵی ١٣٨٩)، یا ئابرووبەرانە بێت (جەنگی ڤێتنام سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتووەکان). ئاهەنگی ساڵیاد بەشداری لە بیناکردنی وێنا کۆلێکتیڤەکانی ناسنامەی گرووپ دەکات. داهێنانی سەربازی ون، ڕێزلێنانی گشت قوربانییەکانی جەنگە کە بەرجەستەی یادەوەری بواری گشتی دەکات. دەسەڵاتەکان هەرگیز یادەتەلاری جەنگی ١٩١٤ – ١٩١٨یان دانەناوە کە هەڵگری دەستەواژەی "نەفرەت لە جەنگ!" بوو؛ چونکە پێیانوابوو سوکایەتیکردنە بە قوربانیدانی جەنگاوەرەکان.

واوەتر لە پرۆسە ئاساییەکان، بۆ نموونە، پێشوازیکردنی ڕێوڕەسمیانە یا نمایشی سەرکەوتن کە بۆ سەربازە سەرکەوتووەکان ساز دەکرێت، هەر شارستانییەک پەیوەندییەکی جیاوازی بە جەنگ و توندوتیژییەوە هەیە. وەک تێبینی دەکەین

---

[٢٦] – بەر لە کەوتنی ڕژێم، بەڵام لە دوای کەوتنیشی هەر بەردەوام دەبێت.

پەروەردەی مێژوویی فەرمی بۆ جەنگ، بنەمایەکە بۆ ڕوانینی توندوتیژی چەکدارانەی تایبەت بە هەر کۆمەڵگەیەک. خۆشبەختانە هەر دوو وێستگەی شەمەندەفەری ئوستەرلیتز (Austerlitz)ی فرەنسی و واتەرلوو (Waterloo)ی ئینگلیزی ڕاستەوخۆ پێکەوە نەبەستراونەتەوە. فێرکردن، شکستەکانیش، چەشنی سەرکەوتنەکان، یا شاکارە گەورەکانی چەک، پیشان دەدا. ئیدی بەوجۆرە پاشەکشێ لە ڕوسیا کە ناپلیۆن لە گالیسکەیەکی ڕوسی سێ ئەسپیدا کۆتایی پێهێنا و بە خێرایی گەڕایەوە بۆ پاریس، بەزۆری لەوە دەچێت فەرماندەی گشتی دەستبەرداری سەربازەکانی بووبێت. بەڵام مەینەتی و قارەمانێتی سەربازەکان بە فەرماندەیی جەنەراڵ ئیبلیە (Eble)، پردێک بوو، وێنە شەرمەهێنەکەی هەڵهاتنی ئیمپراتۆری دەشاردەوە. بەپێی ئەو شێوازەی کە حەکایەتە لاوژەییە نیشتمانییەکەی (القصة الملحمية الوطنية) لە بارەی سەرکەوتنەکانەوە بڵاویدەکردەوە، چیدی جەنگ وێرانکارانە نەبوو، بەڵکو لاوژەیەک بوو، بەرپرسیارێتییەکەشی دەسڕیتەوە.

کارەکە جیاواز دەبێت، گەر وڵاتەکە لەلایەن بێگانەوە داگیر کرابێت، یا نا، خاکەکەی بە بۆردومان وێران و شارەکانی تەخت کرابێت، یا نا، بارمتەکانی گولە باران کرابێت، یا نا، ئیدی وەک چارەسەرێکی تا ڕادەیەک پەسەندکراو دەستوپەنجە لەگەڵ جەنگدا نەرم دەکرێت، بەتایبەتی گەر شەڕەکە لەسەر خاکی نەیارەکە بێت. ئەڵمانیا ساڵی ١٩١٨ کە خەندەق و پەناگە و وێرانکاری لەسە خاکەکەی نەبوو – چونکە ناوچە ناوخۆییەکان بەدەست گەمارۆدانەوە دەیانناڵاند – پێیوانەبوو جەنگەکەی دۆڕاندووە. بۆیە گوتارەکەی هیتلەر تایبەت بە تۆڵەسەندنەوە زۆر پەسەند کراو بوو، ئەمە لە کاتێکدا فرەنسای دالادیە (Daladier)، دەرئەنجامی یەکەم ململانێی جیهانی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر خاکەکەی هەبوو، هەر لەبەر ئەوەش کاتێک سەرۆک وەزیرانی بە ڕێککەوتننامەی میونیخ گەڕایەوە، هەناسە و ئاهێکی ئارام و ئۆخژنی هەڵدەمژی.

ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرگیز وەیشومەی جەنگی بیانیی لەسەر خاکەکەی و بەسوتماکردنی شارەکانی و کارتی بەشەخۆراک و سرەگرتنی ئەزموون نەکردووە. دانیشتوانەکەی لە ڕێی پەیوەندیی سینەماییەوە جەنگیان ئەزموون کردووە، ئەو وڵاتەی بەدرێژایی ململانێیەکانی سەدەی بیستەم، ملیۆنێک قوربانی

(سەرباز) داوە، بێ ئەوەی یەک قوربانی مەدەنی بدات، ناکرێت پەیوەندیی بە جەنگەوە، بۆ نموونە، لە ڤیێتنام بچێت کە ماوەی ٣٠ ساڵ شەڕی ڕزگاریخوازانەی کردووە و ٤ ملیۆن قوربانی مەدەنی و سەربازی داوە، یا ڕوسیا کە لە ئەنجامی دوو جەنگی جیهانیدا بڕستی لێ بڕا. کەواتە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە ئەندازەی وێرانکردنی دوژمن، ستراتیجی سەربازی هەیە (بۆردومانی چڕ[٢٧]، شەڕی کیمیایی[٢٨])، بۆیە بەپێچەوانەی ئەوروپییەکانەوە، ئاماژە بە هیچ یادەوەرییەک ناکات کە دانیشتوانەکەی ئەزموونیان کردبێت. بەوجۆرە ئەمەریکا گوزارشتی لەو جەنگە کلاسیکییە دەکرد کە ساڵی ٢٠٠٢ فەرماندەییان دەکرد، دوای ئەوەی گشت ژێرخانی عێراقیان لەبەین برد، هەوڵی دەدا ئەوە بۆ دانیشتوانەکەی بسەلمێنێت کە ئاو، کارەبا، پۆلیس و خزمەتگوزارییە گشتییەکانیان نییە، بەڵام "بەختەوەرن بەوەی دیموکراسییان هەیە". ئەو سوێندەی دەبێ هەموو سەربازێک بیخوات، ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی ئیتیکی جەنگاوەری ئەمەریکییە لەگەڵ توندوتیژی جەنگدا: "من ئەوپەڕی ئامادەییم تیایە (..) خۆبەخشانە دژ بە نەیار بجەنگم و دوژمنانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەنێوبەرم (..)، من پاسەوانی ئازادی و هونەری ژیانی ئەمەریکیم". پێویستە ئەم دیکترینە ئیمانداریيە (العقيدة الإيمانية) کە ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێر کاریگەری نیو کۆنیسێرڤاتیڤەکاندا هەموار کرایەوە، بە بیروباوەڕی سەربازی فرەنسیی بەراورد بکرێت: "سەرباز، خاوەن هێزەکەی خۆیەتی، ڕێز لە نەیارەکەی دەگرێت و پەرۆشی ڕزگارکردنی دانیشتوانە". گوێڕایەڵی لە فەرمانەکان دەکات و ڕێز لە یاسا و نەریتەکانی جەنگ و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت (...)، بەسەر جیهان و کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە و ڕێز لە جیاوازییەکانیان دەگرێت[٢٩]. ئەم بەراوردکارییە پێودانگی شێوازی تیوریی و پراکتیکی جیاواز لە ململانێ

---

[٢٧] - لە ماوەی جەنگی ئەمریکادا، سێ وڵاتەکە هینیدی- چینی، سێ هێندەی هەموو وڵاتانی جیهان لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، بۆبمباران کران.

[٢٨]- بەکارهێنانی "بریکاری پرتەقاڵی – Agent Orange " کە بەمەست لێی وێرانکردنی ئەو دارستانانە بوو کە هۆشی منە پێیدا تێدەپەڕێت. ئەو بریکارە پرتەقاڵییەی کۆمپانیای مۆنسانتۆ (Monsanto) دروستی دەکات، لە ئیتاڵیا کارەساتی سیڤیسۆ (Deveso)ی لێکەوتەوە.

[٢٩] - بڕوانە ئەم وتارە نایابە:

J. C. Barry, “Vaincre l’ennemi ou le detruire? American Warrior, Inflexions et militaires: Pouvoir dire (septembre 2010)”.

هەنووکەییەکاندا بەردەست دەکات. ستراتیجی سەربازی ئەمەریکا، هەوڵ دەدا بە هەر شێوازێک بێت، ستراکچەر و پایەکانی دوژمن وێران بکات، بۆ ئەوەی ناچار بە ئاشتی بکات. هەروەها هێزە ئەوروپییەکان هەوڵ دەدەن، لە ڕێی ستراتیجییەتی ئاوێتەکردنی کردەی مەدەنی و سەربازیدا، نەیارەکان لە بنکە کۆمەڵایەتییەکەی دابڕن. ئەو جەنگانەی لە ئەفغانستان و عێراقدا دەگوزەرێن، کارەساتی ڕاستەقینەی سەربازی و کۆمەڵایەتی و کولتوری ئەوتۆ دەهێننەگۆڕێ کە تا ئێستاش گشت دەرئەنجامەکانیمان هەڵنەسەنگاندووە.

دەشێت جەنگ وەک پاکتاوکردنێک هەڵسەنگێنرێت و سوپاش وەک دیسپلین. لە ڕابردوودا دەمانتوانی بڵێین: "پێویستیان بە جەنگێکی باش ئامادەکراو هەبووا!". ئەو جەنگەی وەک ڕزگاری دوای شکست یا زەبوونی پێشکەش دەکرێت، میتۆدێکە زۆرێک لە کولتورەکان بەشداری تێدا دەکەن. لە قەیرانی ویژدانی کەفارەت (expiatoire)دا لە شکستی ساڵی ١٩٤٠ی فەرەنسا تێدەگەین. لە ئەڵمانیا، لە دوای شکستی یینا (Iena)، ناسیونالیستی ڕزگارکەر لە ڕێی ڕۆحی جەنگاوەرانەی پرۆسییەوە گەڕایەوە و بەنزیکەییش پرۆسەی وێکچوو لە هەموو شوێنێکدا ڕوویداوە. بەڵام ساڵی ١٩٧٩ بۆ ئەمەریکا، ساڵی ئابرووچوون بوو کە تێیدا شای ئێران، هاوپەیمانە باوەڕپێکراوەکەیان ڕووخا و خومەینی دەسەڵاتی گرتە دەست، کارمەندەکان وەک بارمتە لە باڵیۆزخانەکەیاندا لە تاران دەستبەسەرکران و سۆڤێتیش ئەفغانستانی داگیرکرد. لاوازی سەرۆکایەتی کارتەر (Carter) لە ڕزگارکردنی بارمتەکان لە ڕێی ئۆپراسیۆنێکی سەربازییەوە، کارەساتی لێکەوتەوە، پاشان بووە مایەی کودەتایەکی ڕاشکاوانەی زۆرێک لەو ڕووناکبیرانەی تاڕادەیەک لیبراڵ بوون و بەرەو ڕەوتی نیوکۆنسێرڤاتیڤ هەنگاویان نا، بەوەی قەناعەتیان بە زەرورەتی سەرلەنوێ پڕچەککردنەوەی سەربازی و بونیاتنانەوەی ئەخلاقی وڵات هەبوو. زۆرێک لە کەسایەتییە نیوکۆنسێرڤاتیڤەکان، سەر بەو نەوەیە بوون کە شکستی ڤێتنام تووشی هێدمەی کردبوون و ڕەخنەی دیبلۆماسییەتی مافەکانی مرۆڤیان دەکرد کە جیمی کارتەر پراکتیزەی دەکرد. کریستۆڵ (Krystol)، یەکێکە لە پێشەوایانی نیوکۆنسێرڤاتیڤەکان، بەمشێوەیە مەسەلەکە دەستنیشان دەکات: "نیوکۆنسێرڤاتیڤ، چەپڕەوێکە بۆ واقیع گەڕاوەتەوە".

له بەشەکەی دیکەی گۆی زەویدا، ڕای عەرەبی کە لە ئەنجامی شکستی جەنگی شەش ڕۆژە، هەستی بە زەبوونی و زەلیلی دەکرد، چاوی لەسەر شکستی سۆسیالیزمی عەرەبی بوو، بۆیە بە پاڵپشتی و ئەنگیزەی ئیسلامییەکان، کەوتە گفتوگۆکردن لەسەر گەڕانەوە بۆ بەها تایبەتەکانی شارستانی ئیسلامی. بە بۆچوونی بار زڤی (Bar-Zvi)، کۆڵۆنێلی خانەنشین لە سوپای ئیسرائیل، لە ئێستادا هەمان پرۆسە لە ئیسرائیلدا دەبینین، چونکە هێندێک لە شارەزایان پاساو بۆ ئەو پێویستیی جینۆسایدە دەهێننەوە کە نازییەکان بەهۆی دوو شکستەوە، دژ بە جوولەکە پیادەیان کرد: شکستی مەسادا (مسعدا)و شەڕی تەل حەی لە سەرەتای ساڵانی بیستەکاندا کە کۆڵۆنییەکی بچوکی جوولەکە بوو لە جەلیل و لەلایەن عەرەبەکانەوە پەلامار دران و لە ئەنجامدا شەش جوو کوژران[٣٠]. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، میسر پێیوایە نیوەی شکستی شەڕی "یۆم کەیپور" (يوم الغفران)ی ساڵی ١٩٧٣، شەڕی ڕزگارییە، ئیدی لەو دەمەوە بیری لەوە دەکردەوە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ئیسرائیلدا بکات.

دواجار، با وشەیەک لەبارەی ئەو وێنەیە بڵێین کە وڵاتەکە لەسەر خۆی دەیخاتەڕوو. ئەو ئۆسترالییانەی کە چەشنی ئەمەریکی یا ئیسپانی بەرامبەر بە هێندییە سورەکان، تاوانیان دەرهەق خەڵکانی ڕەسەنی وڵاتەکەیان (Aborigenes) کردووە، هەرگیز ئەو بوێرییەیان تێدا نەبوو، وێنەی ئەو قارەمانە پۆزەتیڤانە بەرهەم بهێنن کە هەڵگری پەیامێکی گەردوونییە، هەروەکو چۆن جۆن واین (John Wayne) لە بونیاتنانی نیشتمانی ئەمەریکادا ئەو ڕۆڵەی گێڕا. حاڵەتەکە لەمرۆشدا هەمان شتە، هۆلیوود وێنەکە لەگەڵ جۆرێک لە زێدەڕەوی ڕاستدەکاتەوە و لە ڕێی ستایشکردنی جەنگاوەرە دێرینەکانەوە کە لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکاندا بڵاودەبێتەوە، بەشداری لە گێڕانەوەی شکستی ڤێتنام دەکات. پێویستە جەنگ لە هۆلیوود دا، بۆنگەنی مردنی نەبێت.

30- Idith Zertal, La nation et la mort: La Shoah dans le discours et politique d'Israel, La (6) Decouverte poche (Paris: La Decouverte, 2008), et. M. Bar-Zvi, Eloge de la guerre apres la Shoah, Philosophie (Paris: Hermann, 2010).

ژاپۆنی و ئەڵمانییەکان لە ژێر قورسایی بەرپرسیاریتیان لە هەڵگیرساندنی دووەم جەنگی جیهانیدا دەناڵێنن، بەڵام ژاپۆنییەکان توانیان خۆیان لە کەفارەتی تاوانەکانیان بەدوور بگرن؛ چونکە ئەو دۆخەی تێیدا دەژین، وەک تاکە قوربانی بۆمبی ئەتۆمی، ڕووماڵی گفتوگۆ ناوخۆییەکانیان لە بارەی قەتلوعامەکانەوە دەکات. پیاچوونەوەی مێژووی (revisionisme) ژاپۆن تاو نا تاوێک لە کتێبی مێژووی قوتابخانەکاندا وەبیردەهێنرێتەوە، یا، بۆ نموونە، بە بۆنەی سەردانەکەی سەرۆک وەزیران، ناکازۆنی یاسوهیرۆ (Nakasone Yasuhiro) لە ١٥ی ئاب/ ئۆگستی ١٩٨٣دا، بۆ پەرستگای یاسوکونی (Yasukuni) کە تەرمی سەرباز و تاوانبارانی جەنگی پێکەوە تێدا کۆکراوەتەوە.

دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتوریی سەرباز کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر هەستیاری ڕای گشتی بەرامبەر بە مەترسییەکانی جەنگ هەیە. زۆرێک لەو فیلمە جەنگییانەی هۆلیۆود کە لە نێو "زنجیری B"دا ڕیزبەندی دەکرێن، وێنەیەکی تەواو شاعیرانەی ئەو جەنگاوەرە کەلەڕەق و پەتیارە دڵ نەرمە و ئەو کەسە هەڵەشەیە نمایش دەکات کە لەڕووی سەرۆکاکانی دەوەستێتەوە و بە بەردەوامیش سەردەکەوێت، زۆر زەحمەتە خەڵکی ئەوروپا وێنای بکەن. ئەم ئەفسانەیە کاتێک تووشی سەرسوڕمانمان دەکات کە سیلڤەستر ستالۆن (Sylvester Stallone) داهێنەری ڕۆڵی ڕامبۆ سینەمایی، لە کاتی خزمەتی سەربازیدا، بەشداری لە جەنگی ڤێتنامدا نەکردووە. بێگومان لەسەر ئەو کارەی پەشیمان دەبێتەوە، چونکە لە فیلمی ڕامبۆی ٢دا بەر لەوەی بڕوات بۆ ڕزگارکردنی ئەو زیندانییە ئەمەریکییانەی لە قەفەسی بەورەکانی ڤێتنامدا دەستبەسەر بوون، ئەم ڕستەیە دەڵێت: "ئەم جارە دەرۆین بۆ ئەوەی بیبەینەوە!"، پاڵەوانەکە بە تەنیا حەفتا و پێنج کەس لە دوژمن دەکوژێت (نووسەر دووپاتی ژمارەکە دەکاتەوە)و خۆیشی دەستی بە سوکی بریندار دەبێت. ئایا دەتوانین وێنای فیلمێکی فرەنسیی لەوجۆرە دەربارەی جەنگی جەزائیر یا ڕوسیا لە بارەی جەنگی ئەفغانستانەوە بکەین؟ گەر شتێکی لەوجۆرەش ڕووبدات، ئەوا بەو "فیلمەی پروپاگەندە بۆ جەنگ دەکات" وەسف دەکرێت.

جەنگی دادوەرانە

ئەمەریکییەکان هێرش و پەلاماری ساڵی ١٨٣٦ی تەکساس دژ بە مەکسیکییەکان، بەشەڕی ڕزگاریخوازی لە قەڵەم دەدەن و دەستبەجێیش کۆیلایەتییان بۆ گێڕایەوە کە ڕژێمی پاشایەتی ئیسپانیا ماوەیەک بوو، قەدەغەی کردبوو.

لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکاندا، بەشەرعییەتکردنی بەکارهێنانی هێز بۆ ئەوەی ببێت بە"جەنگی دادوەرانە"، ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت. کارڵ سمیس، لە دوو دەقی دامەزرێنەردا، توێژینەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی جەنگی سەدەی بیستەم دەکات: تیوەری پارتیزانی (La Theorie du partisan) (١٩٦٣)و یاسای خاک (Ke Nomos de la Terre) (١٩٥٠). کۆتاییهاتنی جۆرێکی دیاریکراو لە جەنگی نێوان وڵاتان و سوپا ئاساییەکاندا، بواری ئەوەی بۆ دەرەخسێنێت جیاکاری بکات لە نێوان مافی پەنابردن بۆ جەنگ (jus ad bellum)و ماف لە ماوەی جەنگ (jus in bello)دا. هەروەها بیروباوەرە مەسیحییانەکەی تۆما ئەکوینی (Thomas dAquin) لە کتێبی پوختەی تیولۆجی (la somme théologique)دا ڕەخنە دەکات کە تا سەدەی شازدەمیش کاری پێدەکرا. بەپێی ئەم تیولۆجییە، بۆ ئەوەی پرسێکی دادوەرانە هەبێت "پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی پەلاماریان دەدەین، بە هۆی گوناهێکەوە شایستەی ئەو هێرش و پەلارمادانە بن". پێویستە جەنگەکە لەژێر دەسەڵاتی میر دا بەڕێوەبچێت، ئەگینا دەبێتە جەنگێکی "نادادوەرانە"و دەبێ "نیازێکی ڕاست و دروستی" هەبێت، واتە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت. کارڵ شمیت پێیوایە "جەنگی دادوەرانە" دەرگا لە بەردەم جەنگێکی ناکۆتا ئاوڵا دەکات، بەوەی فۆکس دەخاتەسەر دادوەریی پرسەکە، بەپێچەوانەی جەنگەکانی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی، دان بە شەرعییەتی دوژمندا نانێت.

لە جەنگی دادوەرانەدا، دوژمن لە ڕێی شەڕەنگێزییەکەیەوە خۆی دیاری دەکات؛ چونکە پەلاماردانەکەی بە کارێکی حەتمی دەکات. سەرەک وەزیرانی بریتانی، تۆنی بلێر (Tony Blair) ئەمەی ڕوون کردۆتەوە، کاتێک وتی سەدام حسێن، "جۆرە ڕۆکێتێکی هەیە دەتوانێت لە ماوەی ٤٥ خولەکدا جێگیریان بکات". بەگشتی، دەبێ پرسەکە دادوەرانە بێت، ئەم بیرکردنەوەیە ڕاڤەکردنێکی زۆری دەوێت. هەر ئەمەش هێڵی بەرگری تۆنی بلێر بوو لەبەردەم لیژنە پەرلەمانییەکەی

MAN HUMANITARIAN FOUNDATION

چیلکۆت (Chilcot) دا: "تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنمان بۆ مەترسییەکە گۆڕاوە.. (دوای هێرەشەکانی ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەر)، دەرکمان بەوە کرد، گەر ئەو خەڵکانە چەکی کۆکوژییان هەبێت، دەتوانن ٣٠ هەزار کەس بکوژن (...)، هەر لەم دەسپێکەوە دەبوو جوڵە بکەین"[٣١]. ئێمە لەو ئارگیومێنتە تێدەگەین کە بیریار و نیوکۆنسێرڤاتیڤەکان، لە کارڵ شمیت و لیۆ شتراوس، بۆ دانانی پرەنسیپی "جەنگی پێشدەستی" هەڵیانهێنجاوە و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش دەتوانێت تاک لایەنە بڕیار بدات، کاتێک پێویابێت هەلومەرجی "جەنگی دادوەرانە" بەردەستە: بەرژەوەندی گشتی (دیدگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بەرژەوەندی جیهان، چ واتایەک لەلای ئەوان دەگەیێنێت)و دەوڵەتی بەدکار (Rogue State)، واتە دەوڵەت بە سروشت شەڕەنگیزە.

لە کۆتاییدا، ئەمە دوا فۆرمی گوتارێکە پاساو بۆ توندوتیژی جەنگ دەهێنێتەوە: مەبەستمان دەستەواژە تەکنیکییەکەیە کە پەیوەستە بەو چەکە مۆدێرنەی پێی دەوترێت "زیرەک"و ئەو چەمکەی لەم ساڵانەی دواییەدا بەزۆری بەناوی "سفری قوربانی"یەوە بەکاردەهێنرێت. ئەو شۆڕشەی ساڵانی نەوەدەکان لە کاروباری سەربازی (RMA) (Office of Net Assessment) دەستی پێکرد، ناوەندی بیرکردنەوەی ئەمریکی ئەندی مارشاڵ (Andy Marshall)، ڕایدەگەیەنێت کە چەکی تەکنەلۆجیای زیرەک، بەوردی ئامانجەکانی دەپێکێت. ئیدی بەوجۆرە توندوتیژی بەتەواوەتی کۆنترۆڵ دەکرێت و تێکرای کاریگەرە لاوەکییەکان، بەتایبەتی لەسەر مەدەنییەکان، زۆر ڕوو لە کەمی دەکات. لە پاڵ ئەوەشدا، ئەو تەکنۆلۆجیایەی کە تەقەکردن لە دوورییەکی سەلامەتەوە فەراهەم دەکات، تا ئەوپەری ڕادە پاراستنی سەرباز زامن دەکات. ئیدی دەگەین بەوەی کە ئەو بۆمبەی کێشەکەی ٥٠٠ کیلۆگرامە و فرۆکەیەک دەیگرێتە ئەو ماڵەی لەڕووی تیۆرییەوە ماڵی "تیرۆریستێکە"، ئامرازێکی گونجاوە بۆ قەڵاچۆکردنی تیرۆر لە غەزە یا لە ناوچە خێڵەکییەکانی باکووری پاکستان. وادادەنرێت زیانە لاوەکییەکان زۆر دیاری کراوبن. بەڵام زۆر زەحمەتە ئەو تیۆرییە لەسەر زەوی و بەکردار پشتڕاست بکرێتەوە: بەپێی ئاماری پێگەی (Irak Body Count)، کوژراوەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧دا، هەر ٢٠ کوژراوی عێراقی بەرامبەر بە یەک کوژراوی

31- Le Monde (1/2/2010

ئەمەریکی بووە، بەپێی ئامارەکانی (The Lancet)، هەر ٢٠٠ کوژراو بەرامبەر یەک کوژراو تۆمار کراوە. بەڵام ناتوانین دەربارەی لێهاتووی فرۆکەوان یا تۆپهاوێژەکان، حوکمی بەپەلە بدەین.

توندوتیژییەکی پێویست و پەسەندکراو

جەنگ مادەیەکی سەرەکی مێژووی نیشتمانی پێکدەهێنێت، سەرباری ئەوەی لەڕووی پرەنسیپەوە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان و پاشانیش نەتەوە یەکگرتووەکانەوە قەدەغە کراوە. یادەوەری جەنگ گەشە بە ئەفسانە بەکۆمەڵەکانی ناسنامەی گرووپ دەکات و ڕێگە بە هەموو پرۆسەکانی وەگەرخستنەوە دەدا تۆڕەکانی ئایدیۆلۆجییەکی نوێ بینا بکات. تێبینی دەکەین کە مێژوو بەجۆرێک لە جۆرەکان لە حاڵەتی سەرکەوتندا پشت بەپاساو هێنانەوەی دەبەستێت، لەگەڵ دراماتیزەکردن یا پۆزشهێنانەوە لە حاڵەتی شکست هێناندا. هیچ کەسێک بەپێی فۆرمە شەرعییەکە، واتە لەکاتی جەنگدا، لەسەر کوشتن سزا نادرێت: "تا دەمردن لێیان بدەن! لە ڕۆژی حەشردا سزا نادرێن". ئەمە گوتەی ڤۆن کلایست (Von Kleist)ە لەسەر فرەنسییەکان، ئەو جەنەراڵە ئەڵمانییەی دوو جەنگی بینیوە. سەرکەوتن تاوانی سەربازە جەلادەکان دەسڕێتەوە، لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکانیشدا، پێویستە قوربانییە دۆڕاوەکان کولتور یا ئایینەکەیان بگۆڕن.

یاسادانانی هێز (تشريع القوة) پێویستیی بە وشەسازی هەڕەشەکردن هەیە کە بژاردەیەکی فراوانی ئەگەرەکان پێشکەش دەکات. ئیدی لێرەدا ئارگیومێنتی کولتور زۆر بە سوود دەبێت: یەکێتی سۆڤیێت، ئیمپراتۆرییەتی شەڕەنگیزی بوو. لە زۆرێک لە شیکارییە هاوچەرخەکاندا تیرۆریست وەک ئەو نەخۆشە وەسف دەکرێت کە تێروانینی بۆ مردن و ڕێزلێنانی بۆ ژیان لە تێڕوانینی ئێمە جیاوازە. لەبەر ئەوەی تەنیا لە زمانی هێز تێدەگات، بۆیە کەسێکی فێڵباز و ئایدیۆلۆجیستە، گۆشتی مرۆڤ دەخوات، یا ڕەگەزبازێکە و لە شارستانییەت یاخی بووە، مێشکی لە مێشکی مرۆڤی سپییێست ناچێت! ئۆپراسیۆنی خۆکوژی بۆ زۆرێک لە شرۆڤەکاران، خەسڵەتێکی ئیسلامی ڕادیکاڵە، ئەمە لە کاتێکدا تامیلەکانی سریلانکا (مەسیحی و بوزی یا ئەنیمیست (إحيائيه-گیانگەرا) بوون)، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، زیاد لە فەڵەستینییەکان ئەم شێوازەیان بەکاردەهێنا.

لە واتاناسی نوێی دوای ساڵی ١٩٨٩دا کە میانڕەوتر و تەماویترە، "مەترسییەکان" جێگەی "هەڕەشەکان" دەگرنەوە، "ئاڵەنگارییەکان" جێگەی "ململانێی خۆرهەڵات-خۆرئاوا"، "مەترسییەکانی ناسەقامگیری" جێگەی "هەڕەشەکانی کودەتا" دەگرنەوە، "بەرژەوەندییەکان"و "ناوچەکانی دەسەڵات"یش زیاتر لە تیورییەکانی ئیمپریالیزم پەسەندترن. بابەتی "مافەکانی مرۆڤ و بەرگری کردن لە دیموکراسی" زیاتر باسوخواسی لەسەر دەکرێت، بەڵام لە چوارچێوەی سنووری بەرژەوەندییە ستراتیجییەکاندا، ڕێوشوێنەکانی "سەقامگیری" جێگەی دەستیاری و کۆمەک کردنی ڕژێمە دۆستەکانی گرتۆتەوە، شەڕی پارتیزانی ناوی "شەڕە ناهاوسەنگەکانی" (guerre asymetrigue) لێنراوە. جەنگی سەرتاسەری دژ بە تیرۆر، پاساو بۆ ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان دەهێنێتەوە، نووسینگەی ڕاوێژکاری یاسایی سەر بە وەزارەتی دادی ئەمەریکی بۆ هێزەکانی سوپا، لە یەکی ئاب/ ئۆگستی ٢٠٠٢دا، یاداشتنامەیەکی ئەشکەنجەدانی (Torture Memo) بڵاوکردەوە کە بە شاکارێکی شەرمەزاری دادەنرێت، چونکە یاساناسە گەورەکان هەموو شارەزاییەکی خۆیان تێیدا بەکارهێناوە. زۆر بە سادەیی تێبینی بیانوی یاسایی بۆ ئەشکەنجەدان دەکەین کە لە ئەبوغرێب و باگرام و زیندانییە نهێنییەکانی هەواڵگری ئەمەریکی (CIA) پراکتیزە دەکرا، چونکە شەڕی سەرتاپاگیری دژ بە دەوڵەتێک نییە، بۆیە ڕێکەوتننامەی جنێف بەسەر زیندانییەکاندا جێبەجێ ناکرێت، لەبەر ئەوە پۆلێنکردنێکی یاسایی نوێیان بۆ داهێنرا، ئەویش "جەنگاوەرە ناشەرعییەکان" بوو. لەبەر نەبوونی پاراستنی یاسایی تا گەرەنتییان دابین بکات. ئەوەش بابەتی یاداشتنامەکە بوو! شتێک نییە ناوی ئەشکەنجەدان بێت، گەر شوێنەوارێک جێنەهێڵین، بۆ نموونە، قۆڵێکی شکاو! بگرە پاساو بۆ پراکتیزەکردنێکی نامرۆڤانە و بە یاساییکردنی دەهێنرێتەوە بەناوی ئەو پەندە کۆنەی کە دەڵێت: "کاتێک شەڕی بەربەرییەکان دەکەین، ئامرازی بەربەرییانە بەکاردەهێنین". بەپێچەوانەی جەنەراڵ ماسو (Massu)، ئەشکەنجەدانی کارەبایی لەسەر خۆی تاقیکردەوە بۆ ئەوەی حوکم لەسەر ئەو ئازارە بدات کە لەو ئەشکەنجەدانەدا ئەزموونی کردووە، کەچی سەرۆک بوش پێی باش نەبوو، ئەزموونی بکات تا بزانێت داخۆ ئەو ڕێوشوێنانەی ڕەوایەتییان پێدرا، نامرۆڤانە بوون!

دواجار نزیکبوونەوەی هەڕەشەکردنەکە، بەگشتی، فاکتەرێکە ڕێگە بە بەکاربهێنانی هێز دەدا. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن بۆ ئەوەی ڕای گشتی بە بەرجەستەکردنی هەستی نزیکبوونەوە و دەستبەجێی مەترسییەکە قاییل بکەن. هەروەها ڕێگە بە خستنەڕووی ڕووداوەکە و هێندێک جاریش قەبەکردنی دەدرێ بۆ ئەوەی جەختی لەسەر بکرێتەوە. گرووپی فۆکس نیوز (Fox News) لە ڕێی جنێودان بە ئۆپۆزیسیۆن (ڕۆژنامەی زی سەن (The Sun) تایتڵی یەکێک لە لاپەرەکانی "شیراکی کرم" بوو)، ڕۆڵی هاندەر و برەودەری داینەمیکیانەی جەنگی دژ بەعێراق دەبینی. ئامارە توێژینەوەیەک دەربارەی جەنگ لە عێراق کە لەسەر سەمپلێکی ٣٣٣٤ بینەری کەناڵە جیاوازەکانی ئەمەریکا ئەنجام دراوە و "بەرنامەی ڕەفتارەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی" لە نێوان ٢٠٠٣و ٢٠٠٤دا کارەکەی ئەنجام داوە، ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە ٨٠٪ لە بینەرانی فۆکس نیوز بەلانیکەمەوە بڕوایان بە یەکێک لەو چوار بیرۆکە (هەڵەیە) هەیە: پەیوەندییەکی بەرایی لە نێوان بەغداد و بن لادن دا (٧٦٪ بۆ فۆکس نیوز، ٤٥٪ بۆ ABC) هەیە؛ تێوەگلانی عێراق لە تەقینەوەکانی ١١ی ئەیلول/ سەپمتەمبەردا؛ دۆزینەوەی چەکی کۆکوژی لە عێراق؛ لە کۆتاییشدا، پاڵپشتی جیهان بۆ جەنگی دژ بە عێراق. دروشمی ڕیکلامەکەی فۆکس نیوز بریتی بوو لە "ئێمە ڕاستییەکان دەگوێزینەوە، ئێوەش بڕیار دەدەن (we report you decide)".

دواجار مۆنۆپۆلکردنی ئامرازەکانی زانیاری هەموو جۆرە درۆ و دەلەسەیەک فەراهەم دەکات. دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا و ئیسرائیل بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانیان ڕاگەیاند، وەکئەوەی بۆ ساڵی ١٩٩٤ لە ئانوساتدا بێت، پاشان ٢٠٠٠، ئینجا ٢٠٠٦و ئێستاش ٢٠١١ یا ٢٠١٢. ئەمە بەچی و چۆن وەسف بکەین؟ پاوڵ وڵفیتیز (Paul Wolfowitz) لە ٢٣ی کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٣دا لە وتارێکیدا لەبەردەم ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (Council on Foreign Relations) وتی: "هاوبەندی نێوان تۆڕە تیرۆریستییەکان و ئەو وڵاتانەی چەکی تیرۆری بەکۆمەڵیان هەیە، هەڕەشەیەکە بۆ کارەساتێک کە زۆر لە ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەر گەورەترە. چەکی تیرۆری بەکۆمەڵ و ئەو تۆڕە تیرۆریستییانەی کە عێراق پەیوەندیی لەگەڵیاندا بەستووە، هەڕەشەی لەیەکجودا نین (...)، داماڵینی عێراق لە چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی و بایۆلۆجی و

هەڵوەشانەوەی بەرنامەکەی بۆ پەرەپێدانی چەکی ئەتۆمی، ڕەگەزێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن لە جەنگی دژ بەتیرۆر"دا. هەمان بیرۆکە، بەڵام بەشێوەکی نەرمتر و زیاتر لە ڕووی یاساییەوە ڕێگە پێدراوە، لە بڕیارەکەی کۆنگریس لە ١١ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا، دەربارەی بەکارهێنانی هێز دژ بەعێراق دووبارە دەبێتەوە: "بەوپێیەی مەترسییەکە لەوەدایە عێراق چەکەکانی (چەکی کۆمەڵکوژ) بۆ پەلامارێکی ناکاو دژ بە ویلایەتە یەکگرووەکان یا سوپاکەی بەکاربهێنێت، یا بیدات بە تیرۆریستە نێونەتەوەییەکان بۆ ئەوەی هێرش و پەلاماری پێ ئەنجام بدەن و ئەو زەرەر و زیانانەی ڕەنگە بەر ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوڵاتییەکانی بکەوێت، ئەوا گشت ئەو شتانە پاساوێکە بۆ ئەوەی ئەمەریکا بەرگری لە خۆی بکات..". ئەوەش نموونەگەلێکی نایابن بۆ ئەو درۆیانەی لەسەر زانیاری شیمانەیی بونیاتنراون.

کەواتە، هەروەکو کارڵ شمیت دەیسەلمێنێت، دروستکردنی دوژمن، وەک دوا هەڕەشەکارێک، ئەکتێکی سیاسییە. بەڵام چۆن ئەم پرۆسەی دیاریکردنە بەرێوەدەچێت؟ بەبۆچوونی ئێمە پەیمانگە تایبەتمەندەکان دادەمەزرێنێت و گوتارێکی ستراتیجی ئامادەکات و سەرکردەی بیرورا تەیاردەکات، ئەوانەی پێی دەڵێن "دیاریکەرانی دوژمن"، لە کۆتاییشدا، یاسای توندوتیژی چەکدارانە دادەنێت. ئەمەش بابەتی بەشەکەی دواترە. وەک نموونەیەکیش، شریتی بابەتێکی بەناوبانگ لەسەر هێڵی زەرد، پێشان دەدەین.

مەترسی زەرد: بەهایەکی زامنکراو

ئەو دەستەواژەیەی کە لە نێوجەرگەی هەڵچوون و شەپۆلی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپادا هەڵکۆڵرابوو، درابووە پاڵ گیومی دووەم (Guiliaume II)و دەوترێت لە کاتی هەوڵدانی بۆ "یەکخستنی" ئەو نەتەوە خۆرئاواییانە دایهێناوە کە کۆلۆنییان لە ئاسیا هەبوو تا ڕووبەڕووی مەترسی هەڵکشانی تواناکانی چین و ژاپۆن ببنەوە. ئەم زاراوەیە لە دوای ماوەیەکی کورت لە هەر دوو شەڕی ئەفیون (١٨٣٩-١٨٥٦و ١٨٥٦-١٨٦٠) بەکارهێنرا کە فەرەنسا و ئینگلتەرا هەڵیانگیرساند، بۆ ئەوەی بازاری چین بەڕووی ئەو مادە بێهۆشبەرانەدا بکەنەوە کە لە کۆلۆنێکانیان بەرهەم دەهێنرا، بەڵام دەستەواژەکە پێشتر لە ڕێی ڕۆمانووس و نووسەر و سەرباز و جوگرافیناس

و دیپلۆماسییەکانەوە کەوتە نێو کولتوری میللییەوە، لەگەڵ میتافۆری مێرووزانی "شارە میرووڵە"ی ئاسیایی و شیکارییە ئەنترۆپۆلۆجییەکان کە یا تایبەتمەندی مێشکی سەرەتایی، یا ملکەچی خۆرسکانە، یا دڕندەیی گەلانی ڕەگەزی زەرد پشتڕاستدەکاتەوە و دەشێت بەبێ جیاوازی چینییەکان، مەغۆل یا هیندۆسەکان بەپێی پێویست بگرێتەوە. جاک دوکۆرنوا (Jacques Decornoy) لە کتێبی مەترسی زەرد، ترسی سپی[٣٢] (Peril jaune, peur blanche)دا، پێیوایە "مەترسی زەرد"، داهێنانی "سپیپێستە ئیمپریالی و کۆلۆنیستەکان" بووە، و "درێژەپێدەری ئەفسانەی بەربەرییەکانە کە بە دەستەواژەی خۆرئاوایی دەربارەی ترس لە داڕمان، بەشداری لەگەڵدا دەکات". نەتەوەکانی ئەوروپا لە دیمۆگرافیای چین تۆقیون: "٤٠٠ ملیۆن دانیشتوان، ٣٠ ملیۆن چەکدار". لەوە دەترسن ژاپۆنی و چینییەکان یەکبگرن و قسەیان لەگەڵدا بکەن و بیانکەن بە هاوڵاتی. بەوەش دەبن بە یەکەم هێز لە جیهاندا. کتێبێکی فێرخوازی فرەنسی تایبەت بە خانەی مامۆستایان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، مەترسی زەرد، وەک کاردانەوەیەکی نیگەرانهێن بەرامبەر بە کۆلۆنیالیزم دەەخاتەڕوو: "داگیرکردنی چین لەلایەن بیانییەکانەوە، جگە لە فۆرمێکی پرمەترسی مەسەلەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، شتێکی دیکە نییە. چین خاوەنی نایابترین کۆگای مرۆییە لە جیهاندا، ئەو کۆگایەش نەک هەر ناکارا نییە، بگرە چالاک دەبێت: ئەم چالاکییەش مەترسی زەرد پێکدەهێنێت". لەوەتەی ژاپۆنییەکان شکستیان بە چینییەکان هێناوە کە ژمارەیان بە دەیان جار کەمتر بوو، ئیدی لەپڕ ڕەشبینەکان هەڵوێستیان گۆڕی، بۆیە لەمەودوا هیچ ترسێک لە فۆرمە سەربازییەکەی زەرد دا نییە.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە، بە دۆڕان و شکستی ڕوسیا لە تسوشیما لەبەردەم کەشتیگەلی ژاپۆنی لە ساڵی ١٩٠٥دا، مەترسی ژاپۆن سەریهەڵدا، ڕۆژنامە بەربڵاوەکانی ئەو سەردەمە، ڕووماڵی ململانێکەیان دەکرد. لویس ئۆبیر لە ٨ی شوبات/ فەبرایەری ١٩٠٤، (Louis Aubert)، لە ڕۆژنامەی (Le Siecle)دا، دەربارەی پەلامارە "لەناکاوەکەی" ژاپۆن بۆ سەر ڕوسیا دەنووسێت: "ژاپۆن، میللەتێکی مناڵە. لە ئێستادا یاری قەبەی لەبەردەستە (زرێپۆش)، وەک پێویست ژیر و ئەقڵانی نییە، بەهەمان ئەندازەش کامڵ نییە بۆ ئەوەی تاقینەکاتەوە. دەیەوێت بزانێت چۆن بەکاریبهێنێت". لە ١٠ی شوبات/ فەبرایەردا: "لەخۆباییبوون و خواستی جەنگ ڕۆڵێکیان لە ڕەفتاری ژاپۆندا هەبوو. دوودڵ نین لەوەی ژاپۆنییەکان وەک تێکدەری

32- Decornoy, Peril jaune blanche.

سیستمی گشتی و ئاشتی وێنا بکەین، بەدڵنیاییەوە ئەوان بەربەرین، سەرباری ئەو هەموو شتەش کە لە ئەوروپای شارستانییەوە وەریان گرتووە، کەچی هەر بەوجۆرە ماونەتەوە".

دوای ئەوەش بە ماوەیەکی دووردوودرێژ، تەنانەت جەنەراڵ دیگۆل-یش، خۆی ڕادەستی چێژی مەترسی زەرد کرد، کاتێک لە گوتاری برازاڤیل (Brazzaville)، لە ساڵی ١٩٤٥دا وتی: "بۆچی ئەم گرووپە فرەنسی-ئەفەریقییە پێکدەهێنین (...)، لەبەر ئەوەی هەموو دەزانین مەترسی گەورە لە جیهاندا خۆی متکردووە و هەڕەشەکان لە ئەفەریقیا خۆیان مەڵاس داوە (...)، بە تایبەتی لە ئاسیا ڕێژەیەکی زۆر گەورەی مرۆڤ هەیە و لەبەر نەبوونی ئامرازی پێویست بۆ گوزەران کردن، هەوڵ دەدەن پەلبهاون".

تازەترین ڕاڤە بۆ مەترسی زەرد، ڕاڤەکردنەکەی نیوکۆنسێرڤاتیڤە ئەمەریکییەکانە، ئەوانەی سەرکۆنەی گەشەسەندنی ئابوری و هێز و کۆششە جەنگییەکانی چین دەکەن. ساڵی ٢٠٠٥، پاوڵ وڵفیتز، لە سەردانێکدا بۆ چین، زۆر هەڵچوو، کاتێک بینی ئەو وڵاتە نزیکەی ٩٠ ملیار دۆلاری بۆ خەرجی سەربازی تەرخان کردووە، ئەمە لە کاتێکدا بودجەی ئەمەریکا نزیکەی ٧٠٠ ملیار دۆلار بوو. پەنتاگۆن لە ٢٥ی ئایار/ مایۆی ٢٠٠٧، لە ڕاپۆرتی ساڵانەیدا، نیگەرانی خۆی لە هەڵکشانە بەهێزەکەی سوپای چین دەربڕیووە، بەوەی تیشکی خستۆتە سەر سێ کەرت: کۆمەڵەی ڕۆکێتی دوور مەودا، کەشتیگەلی ژێردەریایی ئەتۆمی کە توانای هاویشتنی ڕۆکێتی JL2 هەیە، ئەو ڕۆکێتانەی مەوداکەی دەگاتە ٨٠٠٠ کلم، لە کۆتاییشدا، تواناکەی لە بۆشایی ئاسماندا. ئەم ڕاپۆرتە هەوڵ دەدا پاڵپشتی هەوڵەکانی بەرگری ئەمەریکا بکات، واتە پشتگیریکردنی تیورەی پسپۆران، بەتایبەتی کۆمارییەکان، ئەوانەی بەردەوام کۆنگرێس و ڕای ئەمەریکی لەوە ئاگادار دەکەنەوە کە پەکین لە دوور مەودادا، تاکە دوژمنی ڕاستەقینەی ستراتیجی ئەمەریکایە. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئەوەش ناشارێتەوە کە دوا ئامانجی چین ئەوەیە، هێزێکی چەکداری متمانەپێکراوی ئەوتۆی هەبێت، شەڕەکانی سەدەی بیستویەک بباتەوە. بەرخوازی پەکین بەرەنگاربوونەوە و بەرپێگرتنی ئەو هێزانەی دوژمنە کە یارمەتی "سەربەخۆی تایوان" دەدەن. ئەوەش شێوازێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ ئاماژەدان بە ویلایەتە یەکگرتووەکان. بیروباوەری چین زۆر لە ستراتیجییەتی "زووهاتنەدەست" دوور نییە، واتە پلان دادەنێت بۆ ئەوەی "لە ڕێی لێدانی هێرشبەرانەوە دەستپێشخەری بکات"و "توانای دوژمن بەر لە بەرکاهێنانی لەنێوبەرێت". پەکین بەوجۆرە هەوڵ دەدا پارێزگاری لە دەستڕاگەیشتنی بە سەرچاوە و بازارە زەرورییەکان بۆ گەشەسەندنی ئابوری بکات، ئامادەیی و کاریگەریی

هەرێمایەتی دابین بکات، تا بتوانێت "هاوسەنگی بخولْقێنێت و لە ناوچەکانی دەرەوەی سنوری چیندا، کێبەرکێی هێزەکانی دیکە بکات، لەنێویاندا ئەمریکا و ژاپۆن و هیند"، پنتاگۆنیش سەرنجی ئەوەی داوە.

لەکۆتاییدا، پەکین بەوە سەرزەنشت دەکرێت کە سیاسەتی نیوکۆنسێرڤاتیڤەکانی ئەمەریکا پراکتیزە دەکات. وەک ئەوروپییەک، ئایا پێویستە چەشنی جۆرج بوشی کوڕ، گەشەسەندنی چین بە مەترسی لەسەر خۆمان بزانین، یا بەپێچەوانەوە، پێویستە لەسەر دیبلۆماتکارەکان دەستیاری پەکین بکەن بۆ ئەوەی تێکەڵ بە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بێت، هەروەکو لەمڕۆدا وادەردەکەوێت باراک ئۆباما (Barack Obama) بڕوای پێی هەبێت؟، کاتێک کەشتییەکی جەنگی لە کەنداوی عەرەبی-فارسی دا دەردەکەوێت "بۆ ئەوەی ڕێگەی دابینکردنی پەترۆل بۆ ئاسیا بپارێزێت"، هەروەکو ئێمەش ئەو کارە دەکەین، ئایا پێویستە چەشنی نیوکۆنسێرڤاتیڤەکان بە مەترسی بزانین، یا بەشداری لە ئاسایشی نێودەوڵەتیدا دەکات؟ پەکین لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەشداری هەژدە ئۆپراسیۆنی کردووە، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاشتی بکات. بەڵێ، بەدڵنیاییەوە چین دەوڵەتێکی دیکتاتۆرییە، بەڵام ئایا ئیمپریالییە؟ پێویستە لێی دڵنیابینەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی پێنجەم
"دیاریکەرانی" دوژمن

ساڵی ١٩٩٢، جیهان ئامادەباشی کرد بۆ ئەوەی سۆماڵ لە چنگاڵی میرانی شەڕ رزگار بکات، ئۆپراسیۆنەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سۆماڵ (ONUSOM) هێزی شازدە وڵاتی لەخۆگرتبوو. تا ئەمرۆش قەیرانەکە بەردەوامی هەیە، بەڵام سۆماڵ تەنها شایستەی کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتییە. تۆ بڵێی چۆن ڕوانینێکی گشتی بۆ قەیرانێک دێتەئاراوە و پاساو بۆ ڕەوانەکردنی هێز دەهێنرێتەوە؟ کێن ئەوانەی ڕەئی دروست دەکەن؟ ئایا پێویستە ڕووناکبیران، تەنانەت کەسە خراپەکانیشیان، بەڵام زیاتر دەخوێنرێنەوە و زیاتر لە خەڵکانی دی ناودارتن، بە گەواهیدەری سەردەمەکەی خۆیان دابنرێن و دەنگییان بیسترێت، ئیدی شارەزاییان هەر چەند بێت، دەربارەی ئەو بابەتەی کە چارەسەر دەکرێت، یا بەپێچەوانەوە، ئەو خاوەن ڕاوبۆچونانەی (أصحاب الرؤى) دواتر دروستی بۆچوونەکانیان پشتڕاستکراوەتەوە؟ ئایا دیرۆلێد (Deroulede)، یا جۆریس (Jaures) هەڵبژێرین بۆ ئەوەی لە کەشوهەوای هاوینی ١٩١٤دا تێبگەین؟ یا سارتەر (Sartre)، یا ئارۆن (Aron) بۆ ئەوەی لە کۆمۆنیزم تێبگەین؟ ئایا پێویستە ئەو هەواڵدۆزانە بە دیاریکەری دوژمن دابنێین کە ئەفسانەی مەترسی زەردیان پاراستووە، یا ئەوانەی رەخنەیان کردووە؟ بۆ نموونە، فیلیپ سۆڵەرز (Philippe Sollers)، یا سیمۆن لییز (Simon Leys)، دەربارەی شۆڕشی کولتوری چین؟ بەدڵنیاییەوە کاریگەری ئەوانەی دەستیان بە ئەفسانەی مەترسی زەردەوە گرتبوو، لەسەر ڕای گشتی زیاتر بوو. کەواتە، چەشنی "دیاریکەرانی ناسنامە"، "دیاریکەرانی دوژمن"، ناوی قەوارە گشتی یا تایبەتەکانی لێ دەنێین، یا دامەزراوەکان یا ئەوانەی بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە بەشداری لە دیاریکردنی دوژمن دەکەن بۆ ڕای گشتی. جەنگ وەک هەر حوکمڕانێک پێویستی بە شکۆمەندی نییە، بەڵکو بووە بە کاروباری هەمووان. بۆیە ئامادەسازی ئەقڵەکان بۆ هەڵبژاردنی دوژمن، لە میکانیزمێکی سۆسیۆلۆجیشەوە بەرهەم دێت کە بۆ ڕەزامەندی بەکۆمەڵ دادەمەزرێت.

بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئەو دیدەی هانی جەنگ دەدات، پێویستە سەرەتا دامەزراوە گشتییە تایبەتمەندەکان لەبەرچاو بگرین، واتە ئەو سیستمە ئاوێتەیەی

که دامەزراوە سەربازی و پۆلیسییەکانی وەک هەواڵگری و ڕێکخراوە ئیداری و نێوەندەکانی فیکر، تێیدا تێکەڵ دەبن. بەڵام پێویستە توێژینەوەی "دیاریکەرانی دوژمن"یش بکرێت کە بەتایبەتی گرنگی بە شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان گرووپ و ئەوی دی دەدەن: ڕووناکبیران، میدیا، ڕۆژنامەنووسان و مامۆستایان و ئەکادیمییە ڕووناکبیرەکان و جوگرافیناسەکان و لێکۆڵەران...

با سەرەتا چاوێک ببخشێنینەوە بە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو توێژەی کە ئەمەریکییەکان پێی دەڵێن "ستراتیجیستەکان"و ئەرکی فەرمییان پێشکەش کردنی پسپۆری و شارەزاییە بۆ ئەوەی هەڕەشەیەک دیاری بکەن، یا قەیرانێک ڕاڤە بکەن یا گوتارێک دابنێن، بگرە تەنانەت دیاریکردنی دوژمنیش.

ستراتیجیستەکان: ئەنجوومەنی سەربازی- کولتوری

سەنتەرەکانی بیرکردنەوەی ستراتیجی

"بەدڵنیاییەوە ئەمەریکا بەر لە کۆلۆمبۆس (Colomb) دۆزرایەوە، بەڵام زۆر بە باشی نهێنییەکە پارێزرا". ئەم ڕستەیەی ئۆسکار وایلد (Oscar Wilde)، بە شێوازێکی گاڵتەئامێز گوزارشت لەو نەنگییە دەکات کە لە سەدەی هەژدەهەمدا لەگەڵ کۆنترۆڵی سەربازییانەی ئەوروپا بەسەر گۆی زەمیندا لە دایک بوو: واتە پەینەبردن بەوەی چۆن وەک ئەوی دی بیر بکەیتەوە. لەگەڵ ئیمپراتۆرییە گەورە کۆلۆنیستەکان و کێبەرکێی جیهانیی، لە نێوەندە ئەکادیمی و کولتورییەکاندا، یەکەم کۆمەڵەی جوگرافی و بەشەکانی زانکۆ و یەکەم تیورە گەورەکانی جیۆسیاسی، لەسەر بنەمای ڕەگەزی سەریان هەڵدا، بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئیمپریالیزمی ئەوروپی و ئاراستەکردنی بهێننەوە. شوێنەکانی ئەم ئەندێشە ستراتیجییانە کە شوێنگرەوەی نێوەندەکانی بیرکردنەوەی ستراتیجیین لە دەرەوەی چوارچێوەی ئیداریدا دەرکەوتن. وڵاتە هاوچەرخەکان، بە بۆنەی دوو ململانێی جیهانییەوە، ئامێری هەوڵگرییان پێدرا، یەکەم بە هەواڵگری سەربازی بۆ ئەوەی نهێنییەکانی دوژمنە نزیکەکەی پێ ئاشکرا بکرێت، پاشان هێدی هێدی بە هەواڵگری سیاسی-سەربازیی گشتگیر. لەمرۆدا میکانیزمی بەرهەمهێنانی دوژمن لە ئاوێتەکردنی هەر دوو کۆمەڵە گشتی و تایبەتەکە پێکدێت کە بە گشتی بە مایەدانی گشتی کار دەکەن.

دامەزراوەکانی بیرکردنەوەی ستراتیجی کە لە بەرژەوەندی وەزارەتەکانی بەرگریدا کار دەکەن، لە ماوەی جەنگی سارد دا، لە وڵاتە دیموکراسییەکانی خۆرئاوادا بایەخێکی بێوێنەیان پێدرا. سێ هۆکار بۆ هەبوونیان هەبوو: وەسف کردنی هەڕەشەیەک، تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی، ئەگەر لە تواناشدا بێت خاوەن هەڕەشەکە دیاری بکرێت، ئینجا پاساوهێنانەوە بۆ سیستمی بەرگری کردن و شێوەی سوپاکان لە ڕێی ڕیزبەندیی مەترسییەکانەوە؛ لە کۆتاییشدا، بەشەرعیکردنی بەکارهێنانی هێز.

نێوەندەکانی بیرکردنەوە لەڕووی مێژووییەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەریانهەڵدا، بەجۆرێک لە ئێستادا بە نزیکەیی ١٥٠٠ سەنتەر هەیە. بەپێی ڕاپۆرتی سیاسەتی دەرەوە لە ساڵی ٢٠٠٨[٣٣]، کە تایبەتە بەو ٥٤٦٥ پەیمانگەیەی لە ١٦٩ وڵاتدا کار دەکەن، تۆرێکی ئایدیۆلۆجی بەهێز و هەژموونگەرایان دامەزراندووە. هەروەکو سەرنج دەدەین ژمارەی ئەو دامەزراوانە لە ساتەوەختی ڕوخانی دیواری بەرلینەوە ڕوو لە زیادبوونن. لە خودی ئەمەریکا، ٥٨٪ ئەو نێوەندانەی بیرکردنەوە لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا دامەزراون. ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاد لە پێنج هێندە لە ئەوانی دی وەبەرهێنانی لە بواری فیکردا کردووە: بە ٥٦١.١ ملیۆن دۆلار لە یەکەم دە نێوەندی بیرکردنەوەی ئەمەریکا وەبەرهێنانی کردووە، بەرامبەر ١١٢.٢ ملیۆن دۆلار لە ئەوروپا. پێشتر دیکسۆن[٣٤] (Dickson) لە ساڵی ١٩٧١دا قسەی لەسەر "ئەنجوومەنی سەربازی- کولتوری" کردووە. بەناوبانگترین پەیمانگەی ئەمەریکی (RAND Corporation) نزیکەی ١٥٠٠ کەسی لەو بوارەدا بەگەرخستووە و پێنج نوسینگەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەبەردەستە و چواریش لە دەرەوە[٣٥].

---

[٣٣] – پۆلێنکردنی گۆڤاری (Foreign Policy) بۆ نێوەندەکانی تویژینەوە و بیرکردنەوە لە جیهاندا:

http://www.foreignpolicy.com/files/2008_Global_Go_To_Think_Tanks.pdf>

[34]– Paul Dickson, think Tanks (New York: Atheneum, 1971), p. 133.

[٣٥] – ئەم پێدراوانە لە تێزێکی دکتۆرا هەڵهێنجراون:

Jjean Loup Samaan, “Contribution a: une sociologie de l'expertise militaire: Ka RAND corporation dans le champ anericain des etudes strategiques depuis 1989,” Paris, 2008, these non publiee

هێندێک دامەزراوەی بێناوتر، بەڵام زۆر دەوڵەمەندتر لەسەرترن وەک Aerospace (٨٠٠ ملیۆن دۆلار)، یا MITRE (١.٣ ملیار دۆلار) کە بەم سوپا یا ئەوی دی، یا دامەزراوەکانی بەرگری بەستراونەتەوە، ئەرکەکەشیان ئەوەیە بیانو بۆ ئەو بودجەیە بهێننەوە کە لە کۆنگرێس داوا دەکرێت.

نێوەندی ڕاند (RAND)، (یا دامەزراوەی توێژینەوە و پەرەپێدان) و سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی و نێودەوڵەتی "CSIS" لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕۆڵێک دەگێڕێن کە لە دیموکراسییەکانی دیکەدا هاوتایان نییە، ئەوانەی سەنتەرە سەرەکییەکانیان، بەلانیکەمەوە، بەشێوەیەکی هەندەکی، بەهۆی هاوکارییە گشتییەکانەوە درێژە بە کارەکانی خۆیان دەدەن: نێوەندی شیکردنەوە و پێشبینی کردن لە وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا کە دەمێک نییە، بووە بە بەڕێوەبەرایەتی پێشبینیکردن، تەنها بیست کەس کاری تیا دەکەن و دەرماڵەیەکی یەک ملیۆن ئۆرۆیان وەک بودجەی توێژینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٩ بۆ تەرخان کردووە. بەڵام لیژنەی کاروباری ستراتیجی لە وەزارەتی بەرگری (زیاد لە ١٠٠ کەس، لەگەڵ بودجەیەکی توێژینەوە کە بەنزیکەیی دەگاتە ٤ ملیۆن ئۆرۆ)، پشتگیری کۆمەڵێک لە پسپۆرە ئەکادیمییەکان دەکات کە دامەرزاوەی توێژینەوە ستراتیجییەکان، پێشەنگیانە (بەنزیکەیی ٣٠ توێژەر و بودجەیەکی پێنج ملیۆن ئۆرۆ). پەیمانگەی ستۆکهۆڵم بۆ توێژینەوەی ئاشتی نێودەوڵەتی SIPRI لە سوید، ٥٠ توێژەر لە خۆدەگرێت و پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی ستراتیجی IISS لە بریتانیا ٤٠ توێژەر و ٨ ملیۆن جونەی ئیستەرلینی لەخۆدەگرێت. سەرلەبەری ئەو دامەزراوانە بەراورد بە سەنتەرەکانی ئەمەریکا، دامەزراوەی گرگنن کە باشترین شارەزای بیانی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. لە بازاری فیکردا، هێشتا کۆنترۆڵی ئەمەریکا بەهێزە، بەتایبەتی لە ماوەی جەنگی سارد دا؛ چونکە سیناریۆی ململانێکە بریتی بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەکیی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێت، بۆیە پەیمانگەکانی ئەو دیو زەریا، گوزەرگایەکی زەروریی هەر پۆستێکی ئەکادیمییە. لەبەر ئەوە تا ئەمرۆش تێکڕای گفتوگۆ ستراتیجییەکانی خۆرئاوا، لە بازنەکانی (cercles) ئەمەریکاوە دەردەچن و خەڵکانی دی چارەسەری دەکەنەوە. با سەرکەوتنی وتارەکەی ساموێل هینتنگتۆن (Samuel Huntington)و کتێبەکەی دەربارەی پێکدادانی شارستانییەکان (Le Choc des civilisations) وەبیربهێنینەوە کە بۆ ٣٥

زمان وەرگێردراوە و بەدەیان ملیۆن دانەی لێ چاپکراوە و لەسەرتاسەری جیهانیشدا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە! گرنگ نییە لەگەڵیدا هاوڕا، یا ناکۆک بین، مادامەکی هەلومەرجی گفتوگۆکردنەکە پێشتر دیاریکراوە.

بەپێی توێژینەوەیەکی گۆڤاری Foregin Policy (سیاسەتی دەرەوە) کە پێشتر باسی لێوەکراوە، هیچ نێوەندێکی ناخۆرئاوایی ناوی لە لیستی باشترین دە نێوەندی ئەمەریکی لە بواری سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشدا نەهاتووە، ئەوەش هەموو چاودێرێک ناچار دەکات هەڵوەستەی لەسەر بکات. کەواتە هیچ وڵاتێکی ئەم سەرزەمینە شیکردنەوەیەکی بەجێ و پەسەند دەربارەی پرسە دیبلۆماسییەکان یا ئەمنییەکان بەرهەم ناهێنێت؟ ئایا جیهانی بەچینیکراو (سەبارەت بە چین)، کە لە ترۆپکی گەشەسەندنی ئابوریدایە، یا جیهانی ڕوسی، هیچ بەرهەمێکی ئاست بەرز یا هیچ گوزارشتێکی دەربارەی پێویستی ئاسایش لە بەرامبەر بە خۆرئاوا نییە؟ کەواتە دەربارەی پەیمانگەی سەنغافورە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی چ دەڵێین کە لە هەموو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێت؟ لێرەدا زۆر بەروونی ئەو حوکمە پڕبەهایە دەبینین کە دەستەواژەی "باشترین نێوەندەکانی بیرکردنەوە" دیاریی دەکات.

ئەم سیستمە چۆن شیکردنەوەکانی "ئەوانی دی" لەبەرچاو دەگرێت؟ بازاری ئەمەریکا کەمێک لە وەرگێڕانە بیانییەکان بەکاردەبات. وەرگێڕانەکان لە گشت بوارەکاندا کەمترە لە ٣٪ی کتێبە چاپکراوەکانە، لە ٠.٨٪ کتێبی فەرنسییە، ئەوەش زۆرترین وەرگێڕانە و پێش ئیسپانی دەکەوێت. بە هەر حاڵ، بازاری ئەمەریکا، بەو ١٧٢٠٠٠ ناونیشانە نوێیەی لە ساڵی ٢٠٠٥دا چاپکراون، داوایەکی زۆری بۆ "نمایشکردنی زیدەی (بیانی)" نییە[36]. بیرکردنەوەی ستراتیجی (réflexion stratégique) خۆرئاوایی، ئەمەریکی و ئەوروپیش، توانای پێویستیان نییە لە ئاییزانە جیاوازەکان و هێندێک جاریش لە یاخییەکان تێبگەن. لە توێژینەوەیەکی سیاسەتی دەرەوەدا، چەمکی Hubs، واتە خاڵە گرێکوێرە جوگرافییەکان، وەک بنەمایەکی بیرکردنەوە، بەدیاردەکەوێت؛ لە ئەوروپا، برۆکسڵ و بەرلین و لەندەنە،

36- Daniel Cohen et Thierry Verdier, La mondialisation immaterielle, Les rapports du Conseil d’analyse economique (Paris: Documentation francaise, 2008), p. 219. http://www.cae.gouv.fr/IMG.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تەل ئەبیب و ئەستەنبوڵە. بەڵام لە دوو سەنتەرە گەورەکە، نێوەندەی ئیمارەت بۆ توێژینەوە ستراتیجیی و لێکۆڵینەوەکان (ECCSR) لە ئەبو زەبی و نێوەندی لێکۆڵینەوەکانی کەنداو لە دوبەی، تەنیا یەک جار ناویان هێنراوە. توێژینەوەی سیاسەتی دەرەوە ڕەنگدانەوەی وێنەی ئایدیۆلۆجی پێشوەختەیە کە بیرکردنەوەی ئەوروپییەکان، بەتایبەتی ئینگلیزیزمانەکان و تەواوی جیهان، ڕووبەڕووی یەک دەکاتەوە.

لە ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکاندا، ڕێبەر و تاکحیزب، مەسەلە ستراتیجییەکان لە نێو چەند دەستێک (هێندێک جاریش یەک دەست)دا قەتیس دەکەن، ئەوەش گفتوگۆی ناوخۆ بەئەستەم دەکات. زۆر بەخێرایی ئەو ڕووناکبیرانە پەراوێز دەخرێن کە خۆیان بۆ ئەوجۆرە بابەتانە تەرخان کردووە، بۆیە بەزۆری کۆچ دەکەن. ئیدی بەوجۆرە گفتوگۆ نامێنێت و بەرهەمەکەی لەو بازنە بچووکانەدا سنووردار دەکرێت کە لە گۆتارە فەرمییەکاندا دووبارە دەبێتەوە. بۆ نموونە کێبەرکێی نێوان مەغریب و جەزائیر، هیچ بڵاوکراوەیەکی زانستیی جدی لێ ناکەوێتەوە، چونکە سانسۆر کتێبخانەکان هەژار دەکات. لە جیهانی عەرەبیدا بیرکردنەوەی ستراتیجی بەرامبەر بە ئیسرائیل، یەکڕەنگ دەگرێت: شا حەسەنی دووەم، کاتێک قسە لەسەر ڕژێمە عەرەبییەکان دەکات کە بەتەواوەتی سەرقاڵی سەرکووتکردنی ڕکابەرەکانیانن، داوا دەکات لە پێناو بەرهەڵستی کردنی زایۆنیزمی دوژمندا، دووبەرەکی بەلاوەبنرێت، بە تەوسەوە دەڵێت: "ڕیسواکردنی ئیسرائیل بەهێزترین وزەبەخشی سێکسی موسڵمانەکانە". بیرکردنەوە دەربارەی گرفتە ناوخۆییەکانی لەبابەت هەڵکشانی توندڕەوی ئایینی و جیهادییەکان لە نەبوون نزیک دەبێتەوە. بەتەنیا سەربازەکان (بەتایبەتی جەزائیرییەکان) هەڵگری بیرکردنەوەیەکی جدیین؛ چونکە بەرگریکردن لە ڕژێم، بەشێکە لەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە.

کەواتە ئێمە لە بەردەم دوو جیهانین کە لە یەکتر تێناگەن، جیهانی خۆرئاوا، لەبەر ئەوەی وەک ئامرازێکی هێز بیردەکاتەوە و مەسەلەکانی دیکە لەبەرچاو ناگرێت، جیهانی عەرەبی، لەبەر ئەوەی تا هەنووکە، بەزۆری ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە حوکمڕانە ناوچەییەکە دەیڵێت. ئێمە بەگرنگییەوە چاودێری پاشهاتەکانی ستراتیجییەتی عەرەبی دەکەین.

بڵاوکردنەوەی بیرۆکەکان گرەوێکی گەورەیە. لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، داوا لە ستراتیجیستەکان دەکرێت کە خوێندکاری گفتوگۆ کردنن، گوتارێکی گشتی، فەرمی یا نیمچە فەرمی ئامادە بکەن: "کاغزە سپییەکان" لە گۆڤاری بەرگری ستراتیجیی (Strategic Defence Review) لە ساڵی ١٩٩٨دا، "وەرزێکی نوێ" لە هەمان گۆڤار، لە ساڵی ٢٠٠٢دا، "ستراتیجییەتی ئاسایشی نەتەوەیی" (تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠١٠) لە بریتانیا؛ "بەرەو ستراتیجییەکی مەزن بۆ جیهانێکی پشێو: نوێکردنەوەی ترانس ئەتڵەسی"، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان؛ "کتێبی سپی دەربارەی بەرگری" لە فرەنسا لە ساڵی ١٩٩٤دا، پاشان ساڵی ٢٠٠٨. هەموو ئەو بەرهەمانە بەردەستن و شیکارییەکانی بریاردەرانی سیاسەت و پسپۆرەکانی دیکە لەو بەرهەمانەدا دەبینرێن. پێویستە سەرنجی بەرهەمی ئەو توێژینەوە قەبانە لە بارەی تیرۆرەوە بدەین کە دوای ١١ ئەیلول/ سەپتەمبەر، یەکسەر ڕووناکیان بینی. نێوەندی بیرکردنەوەی لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان (RAND) لە ساڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣دا، لەسەر داوای دەسەڵاتە جیاوازەکان، زیاد لە سەد ڕاپۆرتی ئامادە کرد. ژمارەیەکی زۆر لە سیناریۆ کارەساتبارەکان لەسەر داوای دەسەڵاتەکان بڵاوبووەوە. نووسینگەی ئاسایشی ناوخۆ (DHS) کە دوای ١١ی سەپتەمبەر دامەزرا، بودجەیەکی ٥.٤٦ ملیۆن دۆلاری خستە بەردەست تیمێک لە توێژەران لە بێرکلی (NFS)، بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی "جەنگی پەیوەندییە ئەلەکترۆنییەکان (cyberguerre)"دا فۆرمێکی شیاوی ئەنتەرنێت دروست بکەن.

ئیدارەی ئەمەریکا، دەربارەی بابەتە ستراتیجییە سەرەکییەکان، نموونەیەکی دەگمەن لەسەر گفتوگۆی دیموکراسی و گشتی پێشکەش دەکات. کونیلەکان[٣٧]، بەتەواوەتی لە نێوان نێوەندەکانی بیرکردنەوە و سیستمی سیاسی و جیهانی بەرگریدا، نیمچە تەواوبوونێک تەواو بوون. پسپۆرەکان لەم جیهانە یا ئەوی دی، بەپێی چانسی هەڵبژاردن لە پیشەکەیاندا سەرکەوتوو دەبن و ڕاوێژکار دەخەنە بەردەستی بریاربەدەستە سیاسییەکان و ڕۆڵی نێوەندگیر لە پەیوەندی کردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە دەگێڕن، هەروەکو چۆن دیوانە وەزارییەکانی فرەنسا ئەو کارە دەکەن. نیل شیهان (Neil Sheehan)، ڕۆژنامەوان لە نیویۆرک تایمز،

---

٣٧ – کوی بۆشاییەکانی تەنێکی ڕەقە کە بوار بە تێپەڕبوونی شلەمەنی یا گازەکان دەدات.

لە سەردەمی ڕۆبێرت مام نامارا (Robert MCNamarra)دا ناوی "پسپۆڕانی چارەسەرکردنی کێشەکان"ی[38] لێناوە و "تیمە سەربازییەکان" (brain Trust)ی لە باشترین ئەقڵی دەرچووانی پێشکەوتووترین زانکۆ و پەیمانگاکانی بیرکردنەوەی ستراتیجی پێکهاتووە. ئەو پسپۆڕانە لەگەڵ شارەزایانی بواری کاروبارە جۆراوجۆرەکانی سۆڤیت.. هتد، تێکەڵ بە تیورەی گەمەکان (théorie des jeux) و شیکردنەوەی سیستەمەکان بوون. لە ئەنجامی پاساوهێناوە و شیکردنەوەی هەڵە، لەگەڵ دڵنیابوون لە سەرکەوتن، ڕاستەوخۆ هانی سوپایان دەدا شەڕی ڤێتنام بکات. هەروەها هەستکردن بە سەرکەوتنی تەواوەتی پاڵپیوەدەنان پلان بۆ بۆردومانی ستراتیجی سەر بەنداوەکانی دەڵتای ڕوباری سوور دابڕێژن، بۆ ئەوەی لافاوێکی ئەوتۆ دروست بێت کە سەدان هەزار قوربانی لێ بکەوێتەوە. ئەو هێڵەی هۆ چی مینە ببڕن کە لە ڕێگەی دارستانەکانەوە کەلوپەل و ئازوقەی چەکدارەکانی لە ڤێتنامی باشوور دابین دەکرد، هەروەها پلانیان بۆ دوا جەنگی کیمیایی دیموکراسییە هاوچەرخەکان دادەڕشت. فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی B52، نزیکەی ١٥٠ هەزار لیتریان لە "مەوادی کیمیایی مێروو قڕکەر" ڕژاند کە زۆر مەترسیدارە (لە ئێستادا بە Seveso پۆلێن دەکرێت).

نەریتێکی کولتوریی ئەمەریکی: ئایندەزانی (la futurologie)

"سی ساڵی پڕشکۆی دوای جەنگ"، لەسەر بنەمای متمانە بە مۆدێلی ئابوری و تەکنۆلۆجی، ئەو هەستەی بەخشی کە دەتوانرێت پێشبینی ئایندە بکرێت. ئایندەزانی لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا، تیشکی دەخستەسەر شێوازە دیاریکراوەکانی، وەک گشتاندنی هێڵداری لەسەر بنەمای ئامار، شیکاری ئیشوکار و کۆدسازی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی شیکردنەوەی دروست و بەکارهێنانی سیناریۆکان. لە ماوەیەکی کورتدا، پلاندانان بۆ ئایندە بووە "زانست" و ئایندەزانەکانیش بوون بە سەرکردەی فیکر. لە ساڵی ١٩٧٢دا، کتێبەکەی هێرمان کان (Herman Kahn) (ساڵی ٢٠٠٠)، ناونیشانێکی لاوەکی هەبوو، کتێبی پیرۆز بۆ سی ساڵی ئایندە، ئەم کتێبە سروشی لە کارەکانی پەیمانگەی هۆدسن (Hudson Institute) و ئەکادیمیای هونەر و

---

[38]– “The Pentagon Papers,” The New York times (1971).

زانستەکان بۆ هاتبوو. گریمانەی ئەوە دەکرا ساڵی ٢٠٠٠، تێکڕای داهاتی ناوخۆ بۆ نیوەی وڵاتانی جیهانی سێیەم بگات بە ١٠٠٠٠ دۆلار بۆ هەر تاکێک، ساڵی ٢٠٥٠یش داهاتی تاکەکەسی دانیشتوانە بیست ملیارەکەی سەر گۆی زەوی بگاتە ٢٠٠٠٠ دۆلار. هێرمان کان دووپاتی دەکردەوە کە چەکێک پەیدا دەبێت جوڵەی کشان بەرهەم دەهێنێت، وەبەرهێنان لەو کانزایانە دەکەین کە لەسەر مانگەوە هاوردەی دەکەین، چۆنمان پێ خۆش بێت ڕەنگی پێستمان دەگۆڕین و بۆ چێژ وەرگرتن پەنا بۆ "هاندانی ئەلەکترۆنی دەبەین". ئەمڕۆ وێنەکانی خەیاڵی زانستیانەی مرۆڤ لەسەر مانگ، ژیان لە ناو مانگە دەستکردەکان یا لە ناو ئۆقیانووسەکان و سەکۆی کەسێتی فرێو، وەک پێشبینی کۆن دەگەڕێنەوە. بەڵێنمان پێدرا لە ساڵی ١٩٧٥ەوە، پێشبینی کەشوهوایەکی سەد دەر سەد بکەین.

ئەڵڤین تۆفلەر (Alvin Toffler)، لە کتێبی شەپۆلی سێیەم (la Troisième Vague)دا، کۆتایی ململانێی چینایەتی، یا ململانێی نەتەوەکانی ڕاگەیاند. شەپۆلی سێیەم، کە جۆرێکە لە "شۆڕشی جیهانی"، یا "بازێکی چەندایەتیی مێژووە"، لە شەپۆلی دووەم، واتە شەپۆلی پیشەسازی جیاواز دەبێت. ڕەنگە شۆڕشی سۆپەر پیشەسازی "سۆپەر ئایدیۆلۆجییەکی بانسەرمایەداری و بانکۆمۆنیزم"ی گەرەک بێت، سەرباری بوارێکی دەرونی (psycho-sphere) کە لەگەڵ بوارێکی تەکنیکی (-techno sphere) نوێ دا بگونجێت...

فرەنسا لەوە بە دوور نەبوو. جان جاک سیرڤان شرایبەر (Jean-Jacques Servan Schreiber)، ساڵی ١٩٦٧، لە کتێبی ئاڵەنگاری ئەمەریکی (le Deft americain)دا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دوای نەوەیەک، ڕەنگە هەر یەک لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات و پۆڵەندا و ئۆستورالیا، لە بوون بە کۆمەڵگەی پۆست-پیشەسازی دا، بەسەر فرەنسادا سەرکەون. بەپێچەوانەشەوە، ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٧٢ی پەیمانگەی هیدسۆن بە ناونیشانی گەشتێک بە ئاسمانی فرەنسا (Survol de la France)دا کە لەسەر داوای لیژنەی وەزاری هاوبەش بۆ پلاندانانی بەکارهێنانی زەویوزار و کێشکردنی ناوچەیی (DATAR) جێبەجێ کرا، ئەوەی سەلماندووە، گەر هیچ دواکەوتنێکی پێشبینەکراو ڕوونەدات، ئەوا وڵاتەکەی لە ساڵی ١٩٨٥دا، دەبێتە هێزێکی پیشەسازی ئەوتۆ کە لە ئەڵمانیای فیدراڵ سەرکەوتووتر دەبێت و بێکاریش نامێنێت. "کۆمەڵگەی خۆشنودی"ی چاوەڕوانی هاوڵاتی خۆرئاوای دەکرد. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بەرنامەڕێژی بۆ ئایندە بە نزیکەیی بۆ ماوەی

سی ساڵ بووە پراکتیکێک کە بانگەشەی زانستیبوونی دەکرد، هەمان لۆجیکیش بە ناوی "مادییەتی زانستی"دا باڵی بەسەر یەکێتی سۆڤێتدا کێشابوو.

ئایندەزانی لەسەر شیکردنەوەی پێشکەوتنە تەکنیکییەکان دامەزرا بوو، پەرەسەندنە سیاسییەکانی پشتگوێ خستبوو، وەک کەوتنی کۆمۆنیزم و گەڕانەوەی ئەو ئیسلامییانەی لە بواری فیکریدا دوورخرابوونەوە. ئەم کارە قەشمەری کردن نییە بە پێشبینیکردن ئایندەوە، هەمیشە پراکتیزەیەکی دژوارە، چونکە هەر ئەوەندەی گوازرشت لە خۆی بکات، ژینگەکە دەگۆڕێت، بگرە بەپێشاندانی کاریگەری سەرسوڕهێنەری میدیا و سەرکردەکان بەرامبەر بەوەی بە جیدی دەردەکەوت، لەبەر ئەوەی ئەمەریکی بوو. کارڵ پۆپەر (Karl popper) لە کتێبی نەهامەتی مێژووگەرا (Misere de lhistoricisme) و کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی (La Société ouverte et ses ennemis)دا، سەرنجی ئەوەی داوە، ئایندەزانی کلێشەیەکی مێژووگەرایە کە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بەدەستییەوە ناڵاندوویانە. ئەو ڕەخنە لەم تیورەییە دەگرێت کە کاریگەری لەسەر هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، بەوەی پێشبینی کردنی مێژوویی دەکاتە ئامانجی سەرەکی ئەو زانستانە و فێریان دەکات کە دەشێت بەو ئامانجە بگەین، گەر ڕیتمەکان یا هۆکارەکان بدۆزینەوە یا یاساکان یا ئەو ئەنگێزە گشتییانەی کە گەشەسەندنە مێژوویییەکان تیشک دەخەنەسەری. سەرنج دەدەین کە گشت ئەو تیورییانەی پشت بەناو "ڕەوتێکی مێژوو" دەبەستن، وەک مارکسییەت کە هەموو شتێک بۆ ململانێی چینایەتی دەگێڕێتەوە، ناکارا و ناچالاکن و ڕژێمە تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەمی بەرهەم هێناوە. پۆپەر لەو باوەڕەدایە کە زانین بەپێی ئەزموون و هەڵە و بەپێی مەزەندە یەکلەدوای یەکەکان پێشدەکەوێت، بۆ ئەوەی بتوانین لە کاریگەری ئەم یا ئەو ڕێکارە تێبگەین و دەرئەنجامە حەتمییەکانی ڕاست بکەینەوە. لەو دەمەوە ئایندەزانی (لەگەڵ واقیع)دا گونجاوە.

دەزگاكانی هەواڵگری

دەزگاکانی هەواڵگری کە ناوبانگیان لە نێوەندەکانی توێژینەوە و بیرکردنەوە کەمترە، لە پرۆسەی دیاریکردنی دوژمندا، گەمەکاریێکی تازەن و بەر لە دووەم جەنگی جیهانی ناویان لە بواری کارگێریدا نەبووە. ساڵی ١٩٤٥، نووسینگەی خزمەتگوزاری ستراتیجی (OSS) هەڵوەشایەوە کە ئەمەریکییەکان ساڵی ١٩٤١ بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەڵمانیای نازی دایانمەزراند بوو، ساڵی ١٩٤٧ لە فۆرمی CIAدا ژیانی بە بەردا کرایەوە و گەڕایەوە بۆ بواری کارکردن. ئاژانسی هەواڵگری (CIA) لە ساتەوەختی ململانێیەکانی سەدەی بیستەمدا دامەزرا و لە بنەڕەتدا ئەرکەکەی بەرگریکردن بوو، بە مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی، ئاراستەی وڵاتە دراوسێکان دەکرا. لەگەڵ جەنگی سارد دا، لە دەسپێکی جوگرافیایەکی سیاسی تا ڕادەیەک سەقامگیر پەرەیسەند: یەکێتی سۆڤێت و وڵاتانی سەر بەو یەکێتییە و ناوچەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆرهەڵات – خۆرئاوا. زانیاریی تایبەت بە جەنگ – ئەوەش هۆی بوونی ئەو دەزگایانە بوو– لە پایتەختی وڵاتە نەیارەکەدا کۆدەکردەوە کە سەرباز و باڵوێزخانە و دەسەڵاتەکانی تێدابوو. بۆ کۆکردنەوەی پێدراوە دیاریکراوەکان دەربارەی کەرەستە و هێز و ژێرخانی نەیارەکە، زلهێزەکان وەربەرهێنانیان لە تەکنەلۆجیا دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان لە زەحمەتی و دژوارییەکانی بەکارهێنانی مرۆڤ دوور بخەنەوە: هەموو جۆرە چاودێرییەک لە ڕێگەی مانگی دەستکرد، کۆدسازی، ڕێگرتن لە پەیوەندی بێتەل و تەلدار و گوێهەڵخستنەوە بوو.. ئەوەش ڕووبەڕووبوونەوەی نێو نهێنییەکانی دەوڵەتی پێکدەهێنا. هەواڵگری ئەو زانینە سیاسییە گشتگیرییەی پشتگوێدەخست کە لە ئەستۆی دیبلۆماسییەکاندا بوو. لەبەر ئەوەی دونیای هەواڵگری، دونیای نهێنییە، بۆیە ڕێسای ئەمنیی بەسەر خۆیدا دەسەپاند، کە زۆری نەخایاند پێوەرەکانی دامەزراندنی یەکخست و لاوازی کرد. لە ئێستادا دەزگاکان بەدەست هەڵاوسانەوە دەناڵێنن: ٧٤ ملیار دۆلار، واتە زیاد لە پوختەی داهاتی نەتەوەیی (PIB) عێراق یا قەتەر و ٢٠٠٠٠٠ هەزار کەس بەسەر هەر چواردە ئاژانسەکەی ئەمەریکادا دابەش بوون. تۆڕی گوێهەڵخستنی ئیچلۆن (Echelon) کە نێوان کەنەدا و نیوزیلەندا و شانشینی یەکگرتوو بەیەک دەگەیەنێت و ئاژانشی ئاسایشی نەتەوەیی (NSA) ئەمەریکی نزیکەی ٤٧٠٠٠ کارمەندیان هەیە. هەر

یەک لە فرەنسا و ژاپۆن تەنها شەش دەزگای هەواڵگری یا پۆلیسی تایبەتیان هەیە. ئەم بەشبەشبوونە، بە زەرورەت میکانیزمی ڕێکخستنی پێویستە کە زەحمەتە بە بەردەوامی لە نێوان ئەو دەزگا پێشبڕکێکارانەدا وەگەربخرێت کە کاری زۆر نهێنی پراکتیزە دەکەن، هێندێک جاریش زۆر زێدەڕەوانە پیادەی دەکەن (ئەنجوومەنی نیشتمانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ڕێکخەری زانیارییەکان لە فرەنسا)[٣٩].

فەلسەفەی دەزگاکان لە سەردەمی جەنگی سارد دا دوولایەنە بوو: دوژمنی دوژمنەکانمان، دۆستمانن"، ئەم پرەنسیپە بەسادەکاری شیکردنەوە دەناسرێتەوە. ئەو زانیارییەی جیابووەکان و حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەبارەی دیکتاتۆرە دوژمنەکانەوە پێشکەشی دەکەن، گرنگییەکی زۆریان هەیە: ئەحمەد چەلەبی دەربارەی عێراق بۆ هەواڵگری ئەمەریکا (CIA)، مەسعود ڕەجەوی و هاوسەرەکەی دەربارەی ئێران، دوو ڕێبەر - سەرکردەی فیکری موجاهیدینی خەلق-ن کە لە ساڵانی هەشتاکاندا هاوکاری فرەنسایان دەکرد. هەروەها "تێکۆشەرانی پێناو ئازادی"یان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی خەبات لە دژی سۆڤێت یا بزوتنەوە چەپەکاندا بکەن: بن لادن، یا قەلبەدین حیکمەتیار لە دژی یەکێتی سۆڤێت لە ئەفغانستان، حیزبوڵلای تورکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، بەکاردەهێنران، لە ئەمەریکای باشووریش سەربازەکان لە حەفتاکاندا بۆ کودەتا ئامادە دەکران.. ئەو دەزگایانە لە پەنجا و شەستەکاندا، لە ڕێی ڕێکخستنی کودەتا و تیرۆرکردن یا هاندان، بە ترۆپکی خۆیان گەیشتن. مەزەندەکرێت بەتەنها ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا (CIA) لەگەڵ هێندێک سەرکەوتندا، لەپشت نزیکەی پەنجا کودەتاوە بووبێت لە تەواوی جیهاندا، ئیدی بەوجۆرە بەشداری لە زیندووکردنەوەی تیورەی پیلانگێڕی کردووە کە دواتر قسەی لەبارەوە دەکەین. دەزگاکانی هەواڵگری ڕۆڵێکی سەرەکی لە پلاندانان بۆ ئاینده و دیاریکردنی دوژمن دەگێڕن، بەوەش سیمایەکی

[٣٩] - "دوا راپۆرتی لیژنەی نیشتمانی دەربارەی دەستدرێژییە تیرۆریستانەکانی سەر ئەمەریکا" دەرفەتە لەکیسچووەکانی کاری هەماهەنگییەکانی نێوان پۆلیس و هەواڵگری بە دە دەخەملێنێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێرشەکانی ١١ سەپتەمبەر بگرێت، بڕوانە:
Pierre Conesa,"Renseignemment de crise et crise du reseignment," Agir, no. 25 (Mars 2006).

جدییان پێدەدا کە فۆکس دەخەنەسەر ئەو نهێنییەی بەڵگەنەویستە ئایدیۆلۆجییەکان پەنهان دەکات. فۆکس خستنەسەر دوژمنێکی دیاریکراو، ئەوەش هەڵاوێرد ناکات کە ئێمە بەخۆمان دوژمن دروست بکەین. هەواڵگری گشتی فرەنسا (DGSE) لە ساتەوەختی مەسەلەی کەشتی ڕاینبۆ واریۆر (Rainbow Warrior)دا، زۆر بە ئاسایی: "حیزبی سەوزی بە کاڵەک دەچواند: ئەوان لە دەرەوە سەوزن و لە ناوەوەش سوورن!"؛ ئەم شیکارییە خۆشمەزەیە (کاتێک دوای سی ساڵ شەنوکەوی دەکەین) بووە مایەی پرۆسەیەکی تەوسئامێز کە کەشتی حیزبێکی ژینگەی لە بەندەری وڵاتێکی هاوپەیماندا تێکشکاند.

لە دوای نەمای یەکێتی سۆڤێت، ئەو ئامێرە زەبەلاحانە پرسیاریان لە ئایندەی خۆیان دەکرد. "جەنگی ئابوری جیهانی" داهێنرا، تۆڕی ئیچلۆن لە وڵاتە هاوپەیمانەکاندا دژ بە پیاوانی کار ئاراستە کرا، دوای ئەوەی پایەیان بۆ ڕیزی "پێشبڕکێکارە دوژمنەکان" بەرزکرایەوە. بەڵام لە کاتی شیکردنەوەی چروکی و ئەو خراپەکارییانەی پەیوەست بوون بە پراکتیزەکانیانەوە، گەندڵکاری خودی پیاوانی کاری ئەو دەزگایانە و تەنانەت سیاسەتوانەکانیشی ئاشکرا کرد، پاشان لە گرنگی هێندێک قەیران کەمکرایەوە، ئەفغانستان بەنموونە، پسپۆر و شارەزا پەیوەندیدارەکان لە کارەکانیان دوورخرانەوە. سەرەتاکانی ئینتەرنێت ڕێگەی گەیشتنی بۆ زۆرێک لەو زانیاریانە خۆش کرد کە تا ئەو کاتە دەستپێڕاگەیشتیان زەحمەت بوو. بە کورتی: دەزگا ئەمنییەکان، بە تایبەتی ئەمەریکا، بەر لە یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەر، نەک لەکارکەوتبوون، بگرە سەرلێشێواویش بوون.

بەگشتی، دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتە دیموکراسییەکان، بەرژەوەندییەکی ڕوون‌و دیاریان هەیە، چونکە ڕێگە بە هۆشداری و ئاگادارکردنەوە دەدا، بێ ئەوەی ناچاری ڕاڤەکردن یا پاساوهێنانەوە بێت و تایبەتمافی زانین دەدات، پاشان بە دڵنیاییەوە تایبەتمافی درۆکردن. ئیدی بەوجۆرە؛ گوتارەکەی کۆلین پاوەڵ (Colin Powell) لە ٥ی شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٣دا لەسەر سەکۆی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەدەرخستنی چەند کەمۆڵەیەکی پڕ لە مەوادی مەترسیدار، دەیویست پاساو بۆ جەنگی دژ بەعێراق بهێنێتەوە (لە ڕاستیدا چی تێدابوو؟)، یا ڕاپۆرتە ساختەکەی بوتلەر (Butler) کە سەرەک وەزیرانی بریتانیا،

تۆنی بلێر پێشکەشی کرد، باسی لەوە دەکرد کە سەدام حسێن ڕۆکێتی مەودا دووری هەیە و دەتوانرێت لە ماوەی ٤٥ خۆلەکدا جێگیریان بکات. هەر دووکیان "پشتیان بە زانیاری نهێنی بەستبوو" (هۆیەکەشی ڕوونە!). ڕاپۆرتەکەی بوتلەر کۆپی ڕاپۆرتێک بوو، ڕاهێنەڕاوێک لەسەر داتای ڕۆژنامەیەک نووسیبوی کە وەک زانیاری هەواڵگری پۆلێن کرابوو.

ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کۆنگرێسی ئەمەریکی دەربارەی ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەر کە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەوە، گورزێکی کوشندەی لەم جیهانە وەشاند کە بەدەست قەیرانێکی قووڵەوە دەناڵێنێت. بەئاگاهاتنەوەکە قورس بوو: "زانیارییەکان ساختە بوون (...) و زێدەڕەوییان تێدا کرابوو (...) و پشتڕاست نەکرابوونەوە (...). زۆربەیان لە کولتورێکی نزم و فشۆڵ و لە لاوازی ئیدارەی ئاژانسی هەواڵگریی CIA"یەوە سەرچاوەیان دەگرت. ڕاپۆرتەکە بەو دەرئەنجامە گەیشتووە. ئەو ئەدەبە ئەفسانەییەی بۆ دەزگاکانی هەواڵگری تەرخانەکرابوو، جەستەیەکی بە میتۆلۆجیای مەعریفی گشتگیر بەخشی و هێزێکی ڕەهای بەو دەزگایانە دا کە بەداخەوە واقیع بەشێوەیەکی بەرفراوان بە درۆی خستەوە. تێبینی دەکەین، ئەو هەڵانەی KGB کە بووە داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە و هەڵەکانی CIA سەبارەت بەهەڕەشەی ئیسلامییەکان تا ڕادەیەک لەیەکدەچن[٤٠]، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هێندێک بەرپرسی سیاسیی گرنگ بەهۆی ئەو هەڵانەوە دەرکەوتن (بوشی باوک، ئەندرۆپۆڤ (Andropov)و پوتین "Poutine"). لە واقیعدا، دەزگا ئەمنییەکان لە کۆتایی جەنگی سارد دا، لە خۆگونجاندن لەگەڵ ناوکۆی نیو جیوسیاسیدا، ڕووبەڕووی دژواری جۆراجۆر دەبوونەوە. بەڵام جەماوەرە زۆروزەوەندەکە و هۆلیوود لێی بێئاگابوون. دەتوانرێت بوترێت کە تیرۆریستیش پیاوی سێبەرە، هەر ئەوەش هۆکاری سەرلەنوێ مانەوەی دەزگا هەواڵگرییەکان بوو[٤١].

---

[40]- Robert Baer, La chute de la CIA: Les memoires d'un gurrier de l'ombre sur les fronts de l'islamisme (Paris: Gallimard, 2003), p. 392, et R. Clarke, Contre tous les ennemis: Au Coeur de la guerre americaine contre le terrorisme (Paris: Albin Michel, 2004), p. 363.

[41]- "Top Secret America," The Washington Post (18 juillet 2010).

هێندێک دەزگای هەواڵگری، ڕاپۆرتی پلاندانان بۆ ئاینده بڵاودەکەنەوە. ڕاپۆرتەکانی CIA[٤٢] کە لە فرەنسا حەکایەتخوانی دیار و بەناوبانگی هاوشێوەی نۆسترادامۆس (Nostradamus)ی مۆدێرن، ئەلێکسەندەر ئادلەر (Alexandre Adler)، پێشکەشی دەکات، نموونەی سەرنجڕاکێش لەسەر پلانە ناکاراکانی ئاینده دەخاتەڕوو.

زۆرێک لە وڵاتان یا ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، دەربارەی دۆخی ستراتیجی جیهانی، (پەڕەی سپی) یا (کتێبی سپی) یا لێڕامانی فەرمی[٤٣] بڵاودەکەنەوە. بەپێی دەیان لەو دۆکیومێنتانەی زانیاری لەبارەیانەوە هەیە، چیدی کەس دوژمنی نییە. تەنها سازان دەمێنێتەوە دەربارەی هێندێک لە بۆچوونەکانی وەک بڵاوبوونەوەی چەک، برسێتی لە جیهان، کێشەی ئاو، زەوی کشتوکاڵی، گەشەپێدانی بەردەوام یا تیرۆر. بەڵام دوژمن بوونی نەماوە. لەگەڵ ئەوەشدا، گریمانەیەکی لاواز هەیە کە ئەم سازانە جاڕ بۆ جیهانێکی بێ جەنگ بدات. با بەدواداچون بۆ لێکۆڵینەوەکان بکەین.

<table><tr><td>

دەزگاکانی هەواڵگری هەڕەشەیەک دادەهێنن

دژواری جیاکاری لە نێوان زانیاری و هەواڵ، نێوان کڕیار و بەرهەمهێن، نێوان تایبەت و گشتی، نێوان هاوپەیمان و پێشبڕکێکار، بە بەردەوامی زیاد دەکات. دان باتلەر (Dan Butlet)، ڕاسپێردراو بە گەشەپێدانی ستراتیجی لە نووسینگەی بەڕێوەبەری هەواڵگری نەتەوەیی دا دەڵێت: "پێویستە لەوە تێبگەین کە ئێمە هەموو وەڵامەکان و هەموو شارەزایانمان لەلا نییە، کەواتە، پێویستە بەڕووی پسپۆری و شارەزایی دەرەوە بکرێینەوە و لە کۆمەڵەی زانیارییەوە (la communauté du

</td></tr></table>

42- A. Adler, Rapport de la CIA: Comment sera le monde en 2020? (Paris: Robert Laffont, 2005), p. 268, et A. Adler, Le Nouveau Rapport de la CIA: Comment sera le monde en 2025/ (Paris: Robert Laffont, 2009),p. 298.

43- Etats-Unis: Demiere Quadriennal Defence Review (QDR), en fevrier 2010; Grande- Bretagne: Green Paper de fevier 2010, en vue de la Strategic Defence Review de novembre 2010: Canada et Australie: France: Livre blane sur la defense et la securite nationale de 2008: Allemagne: Livre blanc 2006 sur la politique de securite: Russie: Strategie de securite national, mai 2009, Nouvelle Doctrine russe de defense, fevier 2010: chine: Sixieme Livre blanc sur la defense nationale, Janvier 2009.

MHF MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

(renseignement بگوێزینەوە بۆ ئەو زانیارییانەی کە کۆمەڵ (renseignement par la communauté) پێشکەشی دەکات. سەرچاوەی هەوالگری کراوە (Open Source Intelligence) (OSINT)، سیستمێکە پراکتیزەی زانیارییەکان ئاوەژوو دەکاتەوە. کۆمەڵەی زانیارییەکان بەم دواییانە سەرنجی ئەوەی داوە کە پێویستە دەست بەوە بکات و واز لە کولتوری نهێنی و ئەقڵییەت و شێوازە میراتییەکانی جەنگی سارد بهێنێت، هەروەها لە پێناوی بەرژەوەندی بەشداریکردن بە زانیاری و پراکتیزەکردنی هاوکاری و ئیدارەدانی زانیاریدا، دەستبەرداری جیاکردنەوە و نهێنی و شاردنەوە و شەڕی نێوان دەزگاکان بێت.

دوا نمایش بەتالیۆنی ٣٠٤ی هەواڵگری سەربازی لە سوپای ئەمەریکا بڵاوکرایەوە[44] و یەکێتی زانایانی ئەمەریکیش، دەربارەی شیاو بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پەیوەندی مۆبایڵ (GPS, Skype, Twitter mashups, cartographiques، یا پشتی سکرینەکان) گەڕاندییەوە کە ڕەنگە تیرۆریستەکانی ئەلقاعیدە پەنای بۆ بەرن و ئەم نمایشەکردنە لە دەوری جیهانی بلۆگۆسفیر "عالم التدوين" (blogosphère) و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر ئینتەرنێت (میدیای ئۆنلاین) دەسوڕایەوە. "چی دەبێت گەر تیرۆریستەکان، هەمان ئامرازی پەیوەندیکردن وەک هەر کەسێکی ئاسایی بەکاربهێنن؟"، ڕاپۆرتەکە لە هەڕەشەی تیرۆریستی واوەتر دەڕوات، چونکە "تویتەر -Twitter بووە بە ئامرازێکی چالاکی کۆمەڵایەتی بۆ سۆسیالیست، گرووپەکانی مافی مرۆڤ، کۆمۆنیست، ڕووەکییەکان، ئەنارکیستەکان، گرووپە ئایینییەکان، خوانەناس، تێکۆشەرە سیاسییەکان و هاکتیڤیستەکان (hacktivistes) و ئەوانی دی". توێژینەوەکەی هەواڵگری سەربازی کە یەکێتی زانایان ئاماژەی پێداوە، بەتایبەتی تیشک دەخاتەسەر ئەو سەرچاوە ئاشکرا و زانراوانەی دەشێت لە تۆڕی ئینتەرنێتەوە دزەی بۆ بکرێت، کەسێک ئامادەی کردووە کە شارەزاییەکی کەمی لە زمانی عەرەبیدا هەبووە و وەرگێڕانەکەی گۆگڵی بەکارهێناوە.

کەواتە، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە ئاماژە بە ئامرازە تازەکە (تویتەر) بدرێت، نەک شیکردنەوە: تیرۆریستانی یازدەی سەپتەمبەر چەقۆیان بەکارهێنا و پەنجەی تۆمەتبارکردنیش بۆ دروستکەرەکانی ڕانەکێشرا. دەشێت لە پێواری دوژمندا، هەمیشە میدیا بەشەیتان بکرێت.

44- Federation of American Scientists:
http://www.fas.org/irp/eprint/mobile.pdf

ستراتیجیستە نافەرمییەکان: ئەفسانەناسەکان (میتۆلۆجیستەکان)

"ئەو فیلمە جەنگییانەم پێخۆشە کە کۆتاییەکی دڵخۆشکەریان هەیە"

جان ماری گۆریۆ (Jean-Marie Gourio)

کورتە هەواڵی بارەکە (Breves de comptoir)

ئایا کۆمەڵگە هاوچەرخەکان ئاشنایەتییان لەگەڵ ساتەکانی لەخۆباییبوون و لووتبەرزی بەکۆمەڵ هەیە؛ هەروەکو هەڵچوون و وروژانە جەنگیەکەی گریکەکان، واتە ساتێک لەو شێتبوون و ئەقڵەدەستدانەی کە پیاو تێیدا لە دۆخی سروشتی خۆیدا نابێت؟ لەگەڵ شۆڕشی فرەنسی و سەرهەڵدانی ناسیونالیزم و ململانێکانی جیهان لە سەدەی بیستەمدا، بەدەستهێنانی ڕای گشتی بۆ مۆبیلیزەکردنی جەنگ، بووە فاکتەرێکی سەرەکی. گەمەکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کاتێک بەرەو ڕای گشتی دەچن، لە ڕێی نووسین و گوتارەکانیانەوە، کار لەسەر لە سەقامگیری و چەسپینی ئەم هەستە کۆمەڵایەتییە دەکەن، بە میتۆلۆجیاش داهێنانی تێدا دەکەن. هاوشێوەی دیاریکەرانی ناسنامە، دیاریکەرانی دوژمنیش بەشداری لە دانانی پێناسەیەک بۆ ناسنامەی گرووپ دەکەن. دەشێت ئەوانە کەسانێک یا گرووپێک بن کە ناسنامەی کۆمەڵ بەخۆیان دەدەن، بژاردەی خۆیان دەکەن بە بژاردەی کۆمەڵ. ئەوەش بونیاتنانێکی ئەفسانەییە، هێندێک جار دەشێت پێی بوترێت پروپاگەندە، یا ناسیونالی یا شۆڤێنی، هێندێک جاری دی ئایدیۆلۆجیا... کە تێیدا بەپێی فۆرمۆڵەیەکی ئاوێتە و جیاواز، واقیع لەگەڵ وێناکراو تێکەڵ بەیەک دەکرێت. لێرەدا بابەتە مێژووییە کۆنەکان دەهێننەوە و میتۆلۆجیایەکی نوێی لێ دروست دەکەن. ڕەنگە بەپێی ئەو ئێشوئازارەی چەشتوویانە و بەپێی بەرژەوەندی باڵای وڵات، یا ناسنامەی هەڕەشەلێکراوی گرووپ، پێشوازی لە گوتارەکە بکرێت. پۆڵ ڤالیری (Paul Valery) دەڵێت: "مێژوو هەرە مەترسیترین بەرهەمە کە کیمیای ئەقڵ ئامادەی کردووە (...)، خەونهێن و سەرخۆشکەرە (...)، یادەوەری وێژینگەیی (وهمی) بەرهەم دەهێنێت (...)، برینە کۆنەکان وەکخۆی دەهێڵێتەوە و دەیپارێزێت (...) بەرەو وڕێنەی

مەزنایەتی یا ورێنەی چەوسانەوە دەبیات[٤٥]. قەیرانی یۆگسلاڤیا نموونەیەکە لەسەر ئەو پرۆسە سوسیۆلۆجییەی لێرەدا خراوەتەڕوو: ڕووناکبیرە دێرینە جیابووەکان، دەسەڵاتە ئایینییەکان، جەنگاوەرە دێرینەکان، سەرکردە سیاسییەکان، خێزانەکان.. هەر هەموو بەشدارییان لە گوتاری دروستکردنی دوژمندا کردووە، بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن.

داهێنەرانی ئەفسانە شارستانییەکان، سەرەتا ئەو مێژوونووس و جوگرافیناسانەن کە بەتێکڕایی ناسنامەی مێژوویی وەسف دەکەن و کەمی ناکۆکییەکەی لەسەر نەخشە، بەهای ئەو ناسنامەیە بەرجەستە دەکات. مێژوونووسەکان[٤٦] وشەی دوژمنی "بۆماوەیی"، "تەقلیدی"، یا "لە سەردەمی باپیرانەوە"و وشەی "مافە مێژووییەکانیان" داهێنا، وەکئەوەی مێژوو بە بەردەوامی پێدراوەکان نەگۆڕێت. هەروەها ئەوانە وەک جۆرێک لە خوداوەندە تراجیدییەکان، بەشداری لە ئەفسانەی پیاوە مەزنەکان و جەنەڕاڵە سەرکەوتووەکان و شۆڕشگێڕ و پادشا یا سەرۆکەکاندا دەکەن. لە ئەمەریکای لاتیندا، سەرنجی ئەوە دەدەین کە وێنەی شۆڕشگێڕ[٤٧] بە شێکە لە شانۆگەری هونەری شۆرش دژ بە نەهامەتی. زاباتا (Zapata) لە مەکسیک، چی گیڤارا (Che Guevara) لە پۆلیڤیا، بەنزیکەیی لە تەمەنی مەسیح دا، واتە ٣٩ ساڵیدا. وەسوەسەی فرەنسا بۆ گێڕانەوەی وتەکانی ناپلیۆن (Napoleon)، کاریگەری هەڵمەتە پڕ مەترسییەکەی میسر ناهێڵێت، یا هەڵمەتە کارەستبارەکەی ڕوسیا. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا زۆر جار ڕیزبەندی گەلان دەکات لە نێوان

45- Paul Valery, Regards sur le monde actuel, NRF (Paris: Gallimard, 1945), p. 43.

46- Marc Ferro, Comment on raconte l’histore aux enfants a travers le monde, Petite Bibliotheque Payot (Paris: Payot, 2004).

٤٧ - وێنەی پاڵەوان پێویستی بەهەڵگرێک هەیە: لە تیگوسیگالپا (Tegucigalpa) پەیکەرێکی مۆرازان (Morazan) هەیە، پاڵەوانی یەکێتی ئەمەریکای نێوەندە، ئەوەش لە ڕاستیدا پەیکەری مارشاڵ نای-یە کە شاندەکەی گواتیمالا بۆ پاریس لە بازاری بەرگوت (بازاری کەلوپەلی دەستی دوو یا ئەنتیک) دا بەدەستی هێنا، دوای ئەوەی ئەندامانی شاندەکە بودجەکەیان لە ئاهەنگەکانی پایتەختی فرەنسا خەرج کرد. کارەکە هێندە گرنگ نییە، چونکە پاڵەوانەکە هەڵگرێتی.

ئەوانەی فرەنسایان خۆشدەویت و ئەوانەی ڕقیان لیی دەبێتەوە، وەکئەوەی ئەم سیستمی ژێدەرییە بۆ دابەش کردنی جیهان و ڕاڤەکردنی ڕەفتارەکان بەس بێت.

جوگرافیناس و گەریدەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم و گرووپی جوگرافیای سیاسیی تەقلیدی[٤٨]، دەربارەی سنووری "سروشتی" و دۆزینەوەی سەرزەمینە "نەدۆزراوەکان" (لە ڕوانگەی ئەوانەوە) و "ناوچەکانی دەسەڵات" و "ناوچەکانی بەرگری پێشەوە"، زۆر بیریان کردۆتەوە. لە بواری ئەدەبدا، ڕۆژنامەوان و نووسەرە سیاسییەکان بابەتی درندە باشەکان یا مرۆڤە گۆشتخۆرە بەدکارەکانیان گشتاندووە، ئەو نێردانەی شارستانییەت لە ئەدەب لەگەڵ بیار بونوا (pierre Benoit)، یا بیار لوتی (pierre loti) یا ڕودیارد کیپلینگ (Rudyard Kipling) بڵاودەکەنەوە، یا لە وێنەکێشان لەگەڵ خۆرهەڵاتناسە یەکەمینەکان، لە ئەدەبی منداڵانیشدا لەگەڵ تان تان لە کۆنگۆ یا تەرەزان. ئایدیۆلۆجیستە ئایینییەکانیش بە هەمان شێواز لە ڕێی ئارایشتکردنی یەکێتی ئەفسانە، یا سەردەمی ئاڵتونی، کار دەکەن، ئەوانەی کافرەکان نایەوێت بگەڕێنەوە بۆ لایان. لە ڕاستیدا ئیسلامییەکانی ئێستا بەشێکن لە نوێکردنەوەی بناژۆخوازانەی (التجدید الاصولی) هەموو ئایینەکان، بەتایبەتی یەکتاپەرستی (مادە سەرەکییەکەی بنەمای لێنەبوردنی نوێخەوازییە).

دەکرێت ڕووناکبیران، لە پێناوی چەسپاندنی تیۆرییە ڕەگەزپەرستی یا ئایدیۆلۆجی، یا زۆر بەسادەیی جیوسیاسییەکاندا، جێ متمانەیی بە ئەفسانە "زانستییەکان" بدەن. ئەکادیمیستی سربی بۆ زانستەکان، ساڵی ١٩٨٦، لە یاداشتەکانیدا مانیڤیستی زیندووڕاگرتنی سربیای گەورەی نووسیووە. خاتوو پلاڤسیک (Plavsic) سەرکردەی سربی بۆسنیا، لەکاتی دادگاییکردنیدا لەبەردەم دادگای لاهای دا دەڵێت: "سربی بۆسنە (...) تا ئەوپەری ڕادە، گەشەیان بە هەستی بەرژەوەندی نیشتمانیی داوە، هەر ئەوەش ڕێگەیان پێدەدا بزانن کەی نەتەوە

---

[٤٨] – بڕوانە کتێبەکەی لاکۆست "هەمیشە هاوچەرخ" la geographie, ca seri dabord a faire guerre (1976), Fondation (Paris: La Decouverte, 1985)

ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە (...)، من بایۆلۆجیناسم و ئەوە دەزانم.."[٤٩]، ڕووناکبیران "سرودی نیشتمانی - المعزوفة الغنائية الوطنية" بۆ بەرگریکردن لە بەها و مۆبیلیزەی ناسیونالیستی دووبارە لێدەدەنەوە[٥٠]. سیاسەتی هێوڕکردنەوە ڕەتدەکەنەوە و ئەقڵیەتی میونیخ سەرکۆنە دەکەن. بەکورتی، بەپێی ئەوەی هانا ئارێنت (Hannah Arendt)[٥١] پێی گەیشتووە، چەپەکان پسپۆڕن لە سەرکۆنەکردنی "فاشیزم" و "جینۆساید" بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵکوژییەکی پێ وەسف بکەن، ئەوەش لە بەرژەوەندی ئەقڵیەتییەکدا کار دەکات کە ئامادەیە چاو لە ئاست هەموو فۆرمەکانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی جەنگ بپۆشێت، مادامەکی کارەکە پەیوەست نییە بە جینۆسایدەوە. ئەکادیمیستی ئیسرائیلی شلۆمۆ ساند (Schlomo Sand) شیکارییەکی تێروتەسەل دەخاتەڕوو کە بەم دواییانە بڵاوبۆتەوە، دەربارەی پرۆسەی بونیاتنانی ناسنامەیەکی ئەفسانەیی کە نێوان "بەشەکانی یادەوەری جوولەکە و مەسیحی ئاوێتە دەکات، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش خەیاڵدانی بەبڕشتی جوولەکە و مەسیحیی، زنجیرەیەکی ڕێژەیی بەردەوامی داهێناوە". نووسەر لە کتێبەکەیدا "داهێنانی گەلی جوولەکە[٥٢] - Comment le peuple juif fut inventé " لە حاڵەتێکی تایبەت بە ئیسرائیل، ئەوە دەسەلمێنێت کە چۆن ئەفسانەی ئەتنیکی وەرگۆڕاوە بۆ خەیاڵدانێکی مەدەنی. تا ڕادەیەکی باش بیروباوەڕی ناسیونالیستی ئەوروپی شیکراوەتەوە و بە تایبەتی دوای ئەو ململانێیانەی کە کێشورەکەی پارچەپارچە کرد، بەڵام دەربارەی زۆرێک لە ناسنامە ناسیونالەکان توێژینەوەی هاوشێوەمان نییە.

49- Cite par: Semelin, Purifier et detruire: Usages politiques des massacres et genocides, p.55

٥٠ - ئەناتۆڵ فرانس (Anatole France) کە پروپاگەندەی ناسیونالیستی بۆ مۆبیلیزەکردنی جەماوەر بەجۆشیهێنابوو، ڕۆڵی لە فیلمێکی بێدەنگ دا دەبینی، دەبوو تێیدا گوتارێکی ئاگرین نیشتمانی بدات. ڕۆژێک کەسێکی لاڵ لە کاتی نمایشکردنی فیلمەکەدا کە جووڵەی لێوەکانی دەخوێندەوە کەوتە قاقا لێدان: ئەناتۆڵ فرانس بەدڵ حەکایەتی قەلەڕەش و ڕێوی لاڤۆنتینی دەخوێندەوە.

51- Hannah Arendt, Du mensonge a la violence: Essais de politique contemporane, Agora (Paris: Pocket, 2002), p. 44.

52- Schlomo Sand, Comment le people juif fut invente: De la Bible au sionisme, Champ (Paris: Flammarion, 2010), p.47.

ڕۆژنامەوانەکان، بە تایبەتی لە سەردەمی ڕۆژنامەی نووسراودا، ڕەهەندێکی لاوژەیی (ملحمی)انە بە هەموو سەرچڵییەکی نامۆیانە دەبەخشن و ئەو خاوەن ڕۆژنامانەش هانیان دەدەن کە ستراتیجییەتی پەخشکردنێکیان بەڕێوەدەبرد کە تێیدا جەنگ ڕۆڵی بازرگانی دەگێڕێت. ساڵی ١٨٩٨، ویلیام هێرست (William Hearst) کەسی یەکەمی New York Journal هەوڵی دا لە ڕێی ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە ئەمەریکییەکان لە دڕندایەتی کۆلۆنیالیستەکان، بەسەر پێشبڕکێکارە سەرەکییەکەی، جەمسەرە (قوتب) لۆکاڵییەکە، جۆزیف پۆلیتزەر (Joseoh Pulitzer)دا سەرکەوێت، چونکە پێیوابوو جەنگی سەربەخۆیی کوبا دژ بە ئیسپانیا، دەرفەتێکە بۆ ئاوەژوو کردنەوەی ئاراستەکە. هێرست لە وتارەکانیدا بە بەردەوامی هێرشی دەکردە سەر ئیسپانیا و لاوازی دیبلۆماسییەتی ئەمەریکا. ڕۆژنامەکانی فرۆشێکی زۆریان هەبوو، ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژنامەوانەکان بۆڵەیان دەهات و ناڕەزایەتییان دەردەبڕی لەسەر ئەوەی هیچ شتێک لە کوبا ڕوونادات. هێرست بەم دەستەواژەیە کە دواتر زۆر بڵاوبووەوە، وەڵامی دانەوە: "وێنەم پێ بدەن، جەنگتان پێدەدەم!"، هەر بەڕاستی جەنگی پێدان و بەسەر پێشبڕکێکارەکەیدا سەرکەوت! ئەمڕۆش هەمان دۆخ لەگەڵ ڕۆپێرت مەردوخ (Rupert Murdich) بەدیدەکەین کە بە هەموو قورسایی گرووپە ڕۆژنامەوانییەکەوە گوشار دەکات و لەوەشدا کەناڵەکەی، فۆکس نیوز، هانی جەنگی دژ بەعێراق دەدا، بۆ ئەوەی زۆرترین سود ببینێت. لە کاتی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، تید تیرنەر (Ted Turner)، جێگری بەڕێوەبەری گرووپی CNN, AOL Time Warner درێغی نەکرد لەوەی لە ڕۆپێرت مەردوخ بخوێنێت، کاتێک وتی: "ئەو هاندەری جەنگ بوو! پشتگیری جەنگی دژ بەعێراقی دەکرد و هانی دەدا".

لەگەڵ نیگەرانییەکانی دوای ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەردا، خۆبەخۆ نەوەیەک لە شارەزایان لە بواری تیرۆر لە سەرانی ڕوانگە یا نێوەندەکان دەرکەوتن، بەڵام هەمیشە "نێودەوڵەتی" و "پسپۆرانی بواری زانیارییەکان (spécialistes en renseinement)" بوون. دەبوو هەمیشە بانگەشەی نیگەرانی زیاتر و ئاشکراکردنی نهێنی زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی دزەیان بۆ میدیاکان پێ بکرێ. مەترسی دەستدرێژی کیمیایی یا ئەتۆمی یا بەکتریی کە هەڕەشەیەک بوو ئەگەری ڕوودانی نزیک بوو، بابەتێک بوو ڕێژەی فرۆشی بەرز دەکردەوە. بۆیە

پێویست بوو لەو دەمەدا، لە دوانگەی تەلەفزیۆنێکی باشەوە، نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بەرهەم بهێنرێت.

سینەما زۆر گرنگی بە بازاری نیگەرانی دا، بەوپێیەی هەموو وڵاتان "هونەری حەوتەم"یان بەکاردەهێنا، بەڵام ئەمەریکا، بەبێ ڕکابەر، لە پروپاگەندەی سینەمادا بەهێزترینە[٥٣]. زۆرێک لە بەرهەمەکانی هۆلیوود لە دوای دەستدرێژییەکانی سەر نێوەندی بازرگانی جیهانی، پێشبینکردن یا پێشدەستی بوون، فیلمی تاوەری دۆزەخ "la tour infernale" (١٩٧٤) حەکایەتی ئاگرکەوتنەوە لە قوڵەیەکدا دەگێڕێتەوە. لە فیلمی مردنێکی بە ئازار"Die hard"دا کە ساڵی ١٩٨٨ نمایش کرا، تێیدا گروپێکی دوازدە تیرۆریستی، فەرمانبەرانی یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکان بە بارمتە دەگرن. بەڵام بروس وێلس (Bruce Willis) بەتەنها بەسەریاندا سەردەکەوێت. ئیسلامییەکان بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٨، لە فیلمی ئابڵۆقەدان "The siege" دا دەردەکەون، هێندێک دایەلۆگی ئەم فیلمە وامانلێدەکات بیر بکەینەوە: "بەڕێزان پێویستە تەماشای ئەتڵەسەکانتان بکەن! یەکێک لە ڕاوێژکارەکانی سەرۆک بەواقوڕمانەوە دەقیژێنێت: "ئەو شێخەی بەرپرسی دەستدرێژییەکانە هاوپەیمانی ئێمە بوو، کەچی لێمان هەڵگەڕایەوە. بەڵام دەبێ لێیان تێبگەین: یارمەتیمان دان، پاشان وازمان لێیان هێنا!". فیلمی (Outbreak)ی ساڵی ١٩٩٥، تیرۆری بایۆلۆجی چارەسەر دەکات. بەڵام دەستدرێژی نێونەتەوەیی کە ڕاوێژکارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان (spin doctors) هەڵیانبەستبوو، بابەتی فیلمی کلکی سەگ (Wag the dog) (١٩٩٧) بوو؛ لە فیلمەکەدا ڕاوێژکاری پەیوەندییەکان، لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، قەناعەت بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەهێنێت، تێوەردانی (تدخل) چەکدارانە دژ بە ئەلبانیا بوروژێنێت (لەو دەمەدا کۆسۆڤۆ زۆر ناسراو نەبوو). لەپڕ لافاوەکە لە دوای یازدەی سەپتەمبەر وشکی کرد، ستۆدیۆکان هێندێک فیلمی کارەساتباریان لابرد، بۆ نموونە، لووتپژان (Nose bleed)، کە تێیدا بە مەبەستی وێرانکردنی سەنتەری بازرگانی جیهانی، پیلانگێڕێ دەکرێت، لە کاتی وێنەگرتندا، ئاماژەکانی پەیوەست بەتیرۆر، ئەو فرۆکانەی دەتەقنەوە و ئەو

53- Jean Michel Valantin, Hollywood, le Pentagone et Washington: Les trois acteurs d’une strategie globale, Frontiers (Paris: Autrement, 2003).

بینایانە دادەروخێن لابران. ئیدی ئەفسانەکە کۆتایی دێت، کەواتە واقیع لە کوێوە دەست پێدەکات؟

دواجار، سیاسەتمەدارەکان لەنێو ئەفسانەسازاندا، گرنگییەکی تایبەتیان دەبێت، چونکە شانازی نەتەوەییان پێدەسپێردرێت و ڕەتیدەکەنەوە دەستەوەستان بمێننەوە، گەر دەمارگرتن "استفزاز"، یا ئاڵەنگارییەک ڕوویدات. لە یۆگسلاڤیای پێشوودا، سەرکردەی ویلایەتە لێکدابڕاوەکان، کارادزیچ (Karadzic)، تودجمان (Tudjman) و عیزەت بێگۆڤیچ (Izetbegovic) هەر یەکەیان بەجیا گوتارێکی ئاراستەی گرووپەکەی خۆی کرد و تێیدا باسیان لە جیاکاری ڕەگەزیی و ڕزگاربوون لە سەرکوتکردن و ملکەچی دەکرد. میلۆسۆڤیچ لە یادی سەد ساڵەی نەبردی "مەیدانی مۆرێلۆس"دا (Campo de morelos مەیدانی ریشۆڵە) وتی: "هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئەم نەتەوەیە زەلیل بکات!"، ئەمە لە کاتێکدا سرب لە یۆگسلاڤیای سەردەمی حوکمڕانی تیتۆ (Tito)دا، پێگەیەکی تایبەتی هەبوو. ئەوەش بەر لە سەرەتای جەنگ و دوای کۆمەڵکوژییەکە بوو.

سەرباری بەرهەمهێنەرانی کولتوری، پێویستە بەپێی توانا گوتارێک هەبێت کە زانستیانە دەربکەوێت، ئەگینا کارەکە دەبێتە پروپاگەندە! هەروەکو بارتۆلۆمە بن نەسار (Bartholome Benassar) لە کتێبەکەی دەربارەی جەنگی ئیسپانیا[٥٤] سەرنجی داوە: "هیچ شتێک ئەوەندەی ئەو توانای ئازاردانەی پشت بە ساختەکاری دەبەستێت لەلای مێژوونوس ترسناک نییە کە دەسەڵاتی فیکری یا ڕۆحی دەیپارێزێت. جەنگی ئیسپانیا دوو دۆخمان بۆ دەخاتەڕوو کە بۆ نموونە دەست دەدەن. لە ئۆردووی شوێنکەوتووانی فرانکۆ دا، هەڵمەتێک بۆ بەرگریکردن لە شارستانی مەسیحییەت هەبوو، لەگەڵ سەربازە بەهێزە (هێزەکانی شۆک) موسڵمان و نازییەکان، هێندێک جاریش پەنا بۆ خزمەتگوزاری جەلادەکان دەبرێت (...). لە ئۆردووی کۆمارییەکانی بەرامبەریشدا، هەمان دەمارگیری هەیە، لەگەڵ شکۆدارکردنی نیشتمانی سۆسیالیزم و ڕۆمای نوێ دا، خەڵکانێک پەنا بۆ ناوزڕاندن و ئەشکەنجەدان و تیرۆر کردن دەبەن، بۆ ئەوەی لەو کەسانە ڕزگاریان بێت کە حەقیقەت دەزانن و ڕەنگە ئاشکرای بکەن".

54- Baetholome Benassar, La guerre d'spagne et ses lendemains, Tempus (Paris: Perrin, 2006).

سەرچاوەکانی گوتار: هەموو شتێک ستراتیجییە! هەموو شتێک ڕیسکە! جووت ستاندارد

ڕای گشتی گرنگییەکی زۆر بە مەسەلە جیوسیاسییەکان دەدا، بەڵام هەمیشە ناتوانێت ئەوە دیاری بکات کە چۆن گوتاری ستراتیجی دیموکراسییە گەورەکان (بێ ئەوەی باس لە دیکتاتۆرەکان بکەین)، وشە و ئەفسانە و شیزۆفرینیای هەیە. ئەوەش میتۆلۆجیایە بەو مانایەی کە ڕاووڵ جیرارد[55] (Raoul Girardet) دیاریکردووە: "سیستمێکی بیروباوەرە تەواو یەکانگیرەکان"ە، فۆکس دەخاتە سەر ڕێسا ئایدیۆلۆجییەکان و پێکهاتەی بێقەیدوشەرت و ڕێژەیی کولتور کە شەرعییەت بە جووت ستاندارد دەدا، و تێیدا هیچ جۆرە بەراوردکارییەک لە نێوان ئەوی دی و ئێمەدا نییە، بۆ نموونە ئەو پزیشکانەی نەخۆشییەکان دەستنیشان دەکەن: "ئەوە بکەن کە دەیڵێم، نەک ئەوەی کە دەیکەم". هەمیشە ئامانجەکە گوزارشتکردنە لە هێز لە ڕێی ئەو شیکردنەوانەی دەربارەی هەست بە هەڕەشەکردن یا بە مەترسی تەوەرە دەبەستێت و ئەو تێڕوانینە نێودەوڵەتییانەی یەکسانی تێیدا لاواز و ناڕوونە، بەڵام سنوور و کۆتوبەند بەسەر ئەوانی دیکەدا دەسەپێنێت.

شیکردنەوەی ستراتیجی بونیادێکە هەمیشە ئەقڵانییەت بە هێز و توانای وڵاتێک دەبەخشێت، واتە توانای ئەو وڵاتە لەوەی ویستی خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت. ئەم ویست و مەبەستە بە شیزۆفرینیا دەناسرێتەوە: دەیەوێت بەدانانی مەرجی دەرەگفتوگۆ کردن و پەیوەست بە ئاسایشی وڵاتەکە، بەسەر ئەوانی دی، بەشداری لە ئاسایشی نێودەوڵەتیدا بکات. فیکری ستراتیجی منەی ئەو شێواز و ئامرازانە دەکات بۆ ئەوەی دیدوبۆچوونی بسەپێنێت، بێ ئەوەی هەوڵ بدات لە تایبەتمەندێتی ئەوی دی تێبگات. داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی ئەتڵەسییەوە، نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەو هەڵە ستراتجییە، چونکە ئەو داگیرکارییە لەو باوەڕەدابوو کە مەسەلەی تاڵیبان تەنها لە ڕێی سەربازییەوە چارەسەر دەکرێت. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر تێنەگەیشتنێکی باش لە مگێزی (مزاج) ئەفغانی (تاڵیبان یا غەیرە تاڵیبان). وادیارە

---

[55]- Raoul Girardet, Mythes et mythologies politiques, Points (Paris: Le Seuil, 1990).

لە گوتاری ستراتیجیدا بەتەنها لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی ئەوی دی، ئیدی قەوارەی ئەو بەرژەوەندییانە و بەهێزیی هەر چەندێک بێت، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و پەنهانی هەبێت بۆ ئەوەی دۆخە خوازراوەکەی "هێز" لەدەست بدات.

ناشێت لە سەردەمی جیهانگیریدا، بیرکردنەوەیەکی ستراتیجی هەبێت، دید و بۆچوونی یەکتر لەبەرچاو نەگرێت، بەڵام هەرگیز دۆخەکە لە بازنەکانی بیرکردنەوە و بڕیاردانی ئەو وڵاتانەی خۆیان بە هێزی دیموکراسی وەسف دەکەن، بەوجۆرە نییە. "کتێبی سپی" فرەنسی دەربارەی بەرگری کە ساڵی ١٩٩٤ دەرچووە، چەشنی هاوشێوەکانی لە وڵاتە خۆرئاواییە گەورەکاندا، وەک ئەرکێکی ستراتیجی باس لە "بڵاوکردنەوەی هێزی سەربازی لە پێناو بەشداریکردن لە ئاسایشی نێودەوڵەتی"دا دەکات. ئەم دەسەڵاتپێدانە خۆبەخۆییە لە بەڵگەنامە گشتییەکانی وڵاتە دیموکراسییەکانی دیکەدا دەبینرێت. بەڵام لەبەرڕۆشنایی دەستێوەردانە خۆرئاواییەکان لە عێراق و ئەفغانستان یا ئەمڕۆ لە لیبیا، ئایا دەکرێ لە باقی وڵاتانی دیکەدا وابیربکەینەوە کە پاڵپشتی کردنی دیموکراسی پاساو بۆ ئەم جەنگانە دەهێنێتەوە، ئینجا ئەمە توانای سەربازیی خۆرئاوایە؟ کەواتە، شیکردنەوەی نێودەوڵەتی بۆ جیاکردنەوەی وڵاتانی دۆست لە وڵاتانی نەیار لە بێژنگ دەچێت. بۆ نموونە، پاکستان، وڵاتێکە چەکی ئەتۆمی هەیە و بەشی خۆی تیرۆریست و جیهادییەکان هەناردە دەکات و هەمیشە کەمایەتییە ئایینییەکان تێیدا ڕووبەڕووی پەلامار و هێرش دەبنەوە، کەچی خۆرئاواییەکان بڕیاریاندا لە نێو وڵاتانی "بلۆکی بەدکاری"دا پۆلێنی نەکەن، کێ دەتوانێت ئەوە بەجدی وەربگرێت؟

هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی ئێران ساختەکاری تێدا کرا، بۆیە کارێکی سروشتی بوو لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سەرکۆنە بکرێ! بەڵام بۆچی لەسەر وڵاتێکی وەک میسر بێدەنگی لێدەکرێ، کاتێک موبارەک دەیویست کوڕەکەی بکاتە میراتگری خۆی؟ بەم دواییانە میسرییەکان پووچی ئەو هەوڵەیان سەلماند.

ئیدی بەوجۆرە، تا دەوڵەتەکە بەهێز بێت، مەرجە ئەمنییەکانی بەسەر مەرجەکانی ئەوانی دیکەدا زاڵ دەبێت. ئەوە فەلسەفەی پرەنسیپی تیورەی مۆنرۆ

(Monroe)یە کە سەرپەرشتیکردنی واشنتنی بەسەر ئەمەریکای لاتیندا ڕاگەیاند، ئەوەش هاوتا ئەمەریکییەکەی "تیورەی سەروەری سنووردار"ە کە لیونید بریجینیڤ (Leonid Brejnev) ڕایگەیاند، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی بەسەر وڵاتانی سەر بە مۆسکۆ دا بسەپێنێت. با ئەم چەند وشەیەی ساڵی ١٩١٢ی سەرۆکی ئەمەریکا، تافت، بخوێنینەوە کە لەوپەری خۆشحاڵییدا دەریبڕیوە: "ئەو ڕۆژە دوور نییە کە بەخاتری باڵایی ڕەگەزەکەمان، فراوانبوونی خاکەکەمانی تێدا دیاری دەکرێت، سێ ئاڵا بە ئەستێرەکانییەوە لە سێ خاڵی یەکسان لە دووریدا بەسەریاندا دەشەکێنەوە: یەکەم لە جەمسەری باکوور، دووەمیان لە کەناڵی پاناما و سێیەمیان لە جەمسەری باشوور"دا. بەڵگەنامە ستراتیجییەکەی بریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٤دا بەناونیشانی "دابینکردنی ئاسایش لە جیهانێکی گۆڕاو"دا، خۆی لە خۆیدا نموونەیەکی نوێی دوو زمانەیی ئەو وڵاتەیە کە خۆی بۆ داگیرکردنی عێراق ئامادە دەکرد.

هەموو شتێک ستراتیجییە!

پێویستە گوتار زانستیانە بێت. ئەو بابەتانەی یارییان پێدەکرێ، بۆ نموونە "تەختەی شەترەنجە گەورەکە"، "گەمە گەورەکە"، "تیورەی دۆمینۆ" و "یاریکەرێکی شەترەنج دژ بە یاریکەرێکی غوو"، بابەتی سەرەکین بۆ ئەوەی ساردی ئەقڵانییەتی نەیار و پێداگرییەکەی بسەلمێنێت. ئەمەش کارە سەرەکییەکەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن تا چەند دوژمن ماکیاڤیلی و ترسناکە. ئیدی بەوجۆرە دەوترێت سەدام حسێن یاریکەرێکی شەترەنجە و حافز ئەسەدی سوریاش، یاریکەری غوو-ە، ئەمە لە کاتێکدا کارەکە لەلایەن هیچ هاوبەشێکی گەمەکە بۆ هیچ یەکێک لەو دوو دیکتاتۆرە پشتڕاست نەکراوەتەوە. ئەو جیوسیاسییەی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بە هۆی دەستدرێژییەکانی نازییەوە، بەشەیتان کرا، "جارێکی دی بوو بە مۆدە". هەروەکو چۆن لە حەفتاکاندا، هەموو شتێک سیاسی بوو، لە هەشتاکاندا، هەموو شتێک سێکسی بوو، ئەوا ئەمرۆش هەموو شتێک جیوسیاسییە[٥٦]. پزرکان و لادانە جیوسیاسیەکانی وەک "کەوانی قەیرانەکان"، "ئەڵقەرێز"، "میحوەر" (بۆ ئەندازەیی نائیوکلیدی-Non-Euclidean) کە نێوان

[٥٦] - - ئەمرۆ زیاد لە سەدوپەنجا ناونیشان بە زمانی فرەنسی بەزاراوەی "جیوسیاسی" بەردەستە، لەنێویاندا جیوسیاسی ناوچەی نیێڤەر (Nievre).

پایتەختەکانی دوژمن و بەفینلەندەکردن بەیەک دەگەیەنێت (ئەو بیرکردنەوەیە ئاماژە بە پاشکۆیەتی فینلەندە بۆ مۆسکۆ دەکات، ئەو وێنایەی تا ئێستاش فینلەندییەکان سەرکۆنەی دەکەن و بەردەوامیش سەرکۆنەی دەکەن)، "گەیشتن بە ئاوە گەرمەکان" و "مەترسییەکان"، یا "بەرژەوەندییەکان"، گوتارەکە لەنێو ڕەهەندێکی جیهانیدا دادەنێت. بەپێی شرۆڤەکارە زرنگەکان، شوێنێک لەسەر زەوی نییە، گرنگی ستراتیجی نەبێت، یا وابەستەی ناوچەیەکی دەسەڵات نەبێت. دەشێت لە ڕێی دۆخی وڵاتی ستراتیجییەوە هەموو قەیرانێک شرۆڤە بکرێ، تەنانەت گەر ناوچەییش بێت. بەوجۆرە لە نێوەندە فەرمییەکاندا، وەک بەرەنگاربوونەوەیەک بۆ بەرخوازی ئەنگلۆسەکسۆنەکان، پاساو بۆ ئەو پاڵپشتییە بێقەیدوشەرتەی فرەنسا دەهێنرایەوە کە پێشکەشی سەرۆکی ڕواندا، هابیاریمانا (Habyarimana)ی دەکرد، تا جینوسایدەکەی ساڵی ١٩٩٤ ڕوویدا. بەڵام دەرهێنانی دڕندانەی ئەو پیاوە لە ئامێزی سەرکردەکانمان - کوشتنی - لەگەڵ شەیداییە شێتانەکەی بۆ کوشتنی بەکۆمەڵ، پێگە ستراتیجییەکەی فرەنسای لە ئەفەریقیا لەق نەکرد. پاریس پێشوازی لە بێوەژنەکەی کرد کە بەشەخسی بەرپرسیاربوو لە ڕێکخستنی ئەنتەرهاموی (Interhamwe) -ئەو میلیشیایەی کوشتنی بەکومەڵی ئەنجام دا- بە بڕی دوو سەد هەزار فرانک، قەرەبوویەکی بچووک کرایەوە، ئەو بڕە پارەیەش لە سنوقی ئەرکی هاوکاری سەربازی خەرج کرا بۆ ئەوەی نیشینگەکەی لە پاریس پێ دابین بکرێ. هەر بەڕاستی کارەکە بە بەرژەوەندی، نەک بە ستراتیجییەوە پەیوەستە.

دەشێت دوژمنێکی کاتی، دوژمنێکی تەقلیدی حەشار بدات. ئایا لە کاتی جەنگی ڤێتنامدا، خەمیر روج (Khmer Rouge) زیاتر لە ڤێتنامییەکان نەدەترسان تا ئەو ئەمەریکییانەی کە لە دژیان دەجەنگان؟ ئەوان لە دوای شکستەکەیان و بەجێهێشتنی شەرمەزارانەی سایگۆن، ئەو خەمیریانەیان پێ باشتر بوو کە دەستیان بە خوێنی کۆمەڵکوژییەکان سوور بوو؛ چونکە شەڕی ئەو ڕژێمەی دەکرد کە ساڵی ١٩٧٩ حوکمی گرتەدەست و لایەنگری ڤێتنامییەکان بوو. خەمیر روژ بە پاڵپشتی ئەندامانی هەمیشەیی لە ئەنجوومەنی ئاسایش، بۆ ماوەی چەند ساڵێک وەک نوێنەری فەرمی کەمبۆدیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان مانەوە، دوای ئەوەی بەتەواوەتی بڕستیان لەو وڵاتە بڕی. لەو دەمەدا هەموو ئاگایان لە کوشتوبڕەکانیان بوو.

هەموو شتێک ڕیسک، یا هەڕەشە، یا ئاڵەنگارییە!

گوتارەکانی پەیوەست بە بواری ستراتیجیی، تیشک دەخەنەسەر دوو بابەت: دیاریکردنی مەترسییەک باوەڕی پێ بکرێ و دابڕانەکان. توانای پەخشکردنی نیگەرانی و ڕاگەیاندنی کودەتایەکی گرنگ لە ژیانی نێودەوڵەتیدا، بەشدارییەکی زۆر دەکەن لە سەرخستنی کتێبێک کە ئەو کارە ڕادەگەیەنێت، تەنانەت گەر بەشداری لە جێمتمانەیی پێشبینییەکانیشدا نەکات. ئەگەر ئەو کتێبە لەلایەن شارەزایەکەوە یا نێوەندی لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ئەمەریکی دەرچووبێت، ڕووماڵی میدیایی بۆ دابین دەکات. توێژینەوە ئەمەریکییەکان لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە، پێشبینی ئەوەیان کردووە کە ساڵی ٢٠٠٠ زیاد لە ٢٥ وڵاتی ئەتۆمی لە جیهاندا بوونی دەبێت، کەچی ئەمڕۆ زۆر بە زەحمەت گەیشتوین بە نۆ وڵات، ئەمە سەرباری هێندێک وڵاتی ئاستانە (واتە ئەو وڵاتانەی پێمانوایە دەتوانن بۆمبی ئەتۆمی دروست بکەن، بەڵام دروستی ناکەن). هێندێک لەو وڵاتانەی بە هەڕەشە دادەنران، وازیان لە بەرنامە ئەتۆمییەکەیان هێنا. کتێبخانەکان جمەیان دێت لە توێژینەوە دەربارەی "یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی ٢٠٥٠"دا و توێژینەوەی ئایندەبینی کارەستبار دەربارەی داڕوخانی خۆرئاوا و داماڵینی لە چەکە ئەخلاقی و مادییەکەی. ئەوەش مەسەلەیەکی پیشەییە..

گوتار وەرگۆڕان و گۆڕانکارییەکان بەجۆرێک قەبە دەکات، وەکئەوەی لە ساتەوەختێکی مێژوویی مرۆڤایەتیدا دۆخێکی تەواو بێجوڵەی دۆزیبێتەوە. ئیدی بەوجۆرە دەتوانین لە شیکارییە ستراتیجییە مۆدێرنەکاندا، ئەم دەستەواژانە بۆ نموونە بخوێنینەوە؛ "حەپەسان و پشێوی مێژووی سەدەی بیست و یەک ئاواڵە دەکات بەوەش چەندین جۆری دابڕان و ناکاو لەسەر چەندین ئاست ڕادەگەیەنێت"[٥٧]. پێویستە بڕوامان هەبێت بەوەی کە قۆناغێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، سەقامگیرییەکی ستراتیجی ڕەها و جۆرێک لە "سەردەمی زێرین" هەبووە، هەروەکو کتێبی کار و ڕۆژەکانی هزیود (Hesiod, Works and Days) باسی لێوە دەکات.

[57]- Nicolas Bavarez, Nouveau monde, vieille France, Tempus (Paris: Perrin, 2006).

له بەرامبەریشدا، پێویستە زاراوەکە سەبارەت بە هەڵسەنگاندنە ئابورییەکان ئەرێنی بێت، ئەگەر بمانەوێت دەستمان بە میدیا بگات. بەر لە قەیرانە داراییەکەی هەنووکە، چەندین شرۆڤەی گەشبینانەی ئابوری کراوە[٥٨].

زۆرێک دەستەواژەی ئامادە لە کتێبە ستراتیجییەکاندا هەیە: "ساڵێک لە مەترسییە هەموو جۆرەکان "، دوژمن "نیازی سەرلەنوێ هەژموونداری بەسەر تەواوی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا ناشارێتەوە" (بۆچی تا ئەو ئاستە گەلحۆیە کە نیازەکەی بدرکێنێت؟)، هەمیشە بەرنامە سەربازییەکانی "بەرخوازانەیە"، خۆی بۆ "جەنگە دوژمنکارییەکانی ئایندە" ئامادە دەکات (دەتوانین پێشکات پێشبینی بکەین)، "لە هەموو شوێنێک هەڕەشە" دەکات، ئەمە لە کاتێکدا جیهان هەوڵ دەدا – لە نێوان دابڕان و بەردەوامبوون –دا "پارێزگاری لە پرەنسیپەکانی" بکات. زمانی پێشبینیکردن ناونیشانی خرۆشان زەقدەکاتەوە: جیهانی کۆنم لە سەرەمەرگدا بینی، جیهانێکی پڕ لە شڵەژان و گومانم بینی... جیوسیاسی زۆرێک لە چەمکە کۆلێکتیڤە هاوچەرخەکان بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە، نیوکۆلۆنیالیزمی جیهانی سێیەم (tiers-mondisme)، تیرۆری زیادەڕۆ، کۆمەڵگەی پۆست- پیشەسازی، جیهانگیری.. ئەو چەمکانەی ئاڵۆزیی سادە دەکاتەوە و خوێنەر سەرسام دەکات. وەسفکردنی مەسەلەکە ڕوویەکی سەرەکیی شیکاری ستراتیجی پێکدەهێنێت. زۆرجار باس لە مەسەلەی فەڵەستین دەکەین، بەڵام کارەکە پەیوەندی بە مەسەلەی نیشتەجێبوونی ئیسرائیلەوە هەیە، یا دەربارەی مەسەلەی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا دەدوێین، ئەمە لە کاتێکدا مەسەلەکە لەسەرەتادا مەسەلەی سپیپێست بوو، یا مەسەلەی پێگەی ژن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کە بەدڵنیاییەوە مەسەلەکە پەیوەندی بە ڕەفتاری پیاوەوە هەیە. لە بابەتە ستراتیجییەکاندا، بۆ نموونە، لێزانی سۆڤێت لە هەشتاکاندا، باسی لە بابەتی ڕۆکێتی پێرشینگ (Pershing) لە ئەڵمانیا دەکرد، بۆ ئەوەی مۆبیلیزەی ڕای گشتی بکات کە خۆپیشاندان و سەرکۆنەی لێ بکەوێتەوە، بەڵام کارەکە پەیوەست بوو بە وەڵامدانەوەی جێگیرکردنی ڕۆکێتی SS20 سۆڤێتی. هەروەکو سەرۆک میتران (Mitterrand) لە بەردەم پەرلەمانی ئەڵمانیادا وتی: ڕۆکێتەکان لە خۆرهەڵاتن، خۆپیشاندانەکانیش لە خۆرئاوا!".

---

[٥٨] – بڕوانە پێگەی www.huyghe.fr.

شرۆڤەکاران بۆ ئەوەی وتەکانیان سەرنجڕاکێشتر بن، لە بینینی "بەرخوازییە نهێنییەکان" و "پلانە شاراوەکان" و "بەرژەوەندییە بابەتییەکان"دا درێغی ناکەن... لەڕووی پرەنسیپەوە نەزانین، یا ڕاستترە بڵێن گەمژەیی مرۆڤ لە ڕاڤەکردندا بەلاوەدەنرێت. شوێنێک بۆ گەمژەیی یا نائەقڵانییەت لەلای ستەمکار نییە کە چەندین دەیەیە ئەو خووەی لەدەستداوە کەس نارەزایەتی لە بەرامبەردا دەربڕێت، هەروەها شوێنێک بۆ نەزانینە بێسنوورەکانی هێندێک خاوەن بڕیار لە وڵاتە دیموکراسییە گەورەکاندا نییە[٥٩]! ئەلیکسەندەر ئادلەر (Alexandre Adler)، سەروتارنووس لە ڕۆژنامەی فیگارۆ و پاڵەوانی کۆدشیکەرەوە لە کاروبارەکانی دەزگای هەواڵگری، "زەبلۆن"ی (Zebulon) ژیانی نێودەوڵەتی، لە قەیرانێکەوە باز بۆ قەیرانێکی دیکە دەدا، بەئاسایی باس لە هەواڵگری نهێنی دەکات، بەوەش دڵنیادەبێتەوە کە وتەکانی تەنیا بە خودی فاکتەکان بەرپەرچ دەدرێنەوە[٦٠]. خۆشبەختانە، ئەو وتارانە ئەوەندە ئاڵۆز و دژبەیەکن تا خوێنەر لە یەک کاتدا هەم پێیان سەرسام بێت، هەم لێیان بەگومان بێت.

دروستکردنی دوژمن/ روسیای پۆتن

ڕۆژنامەنووس ڕۆبێرتۆ ساڤیانۆ (Roberto Daviano)، نووسەری کتێبی گۆمۆڕا (Gomorra) کە مافیای کامۆڕا (camorra) هەڕەشەی کوشتنی لێدەکرد، بەناچاری بەنهێنی ژیانی دەگوزەراند، بەڵام کەس بیری لەوە نەدەکردەوە حکومەتی ئیتاڵی تۆمەتبار بکات. لە بەرامبەریشدا، تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسانی ڕوس، وەک ئانا پۆلیتکۆڤسکایا (Anna Politkovskaia)، یا چالاکوانانی بواری مرۆیی وەک ناتالیا ئیستیمورۆڤا (Natalia Estemirova) کە ١٥ی تەموز/ ئۆلیۆی ٢٠٠٩ لە چیچان کوژرا، زۆر بە ڕوونی و بە ڕاشکاوی دەدرایە پاڵ کرملین. هەر بەڕاستی تیشک دەخرایەسەر ڕابردووی ئەفسەرێکی (سادەی) پێشوو لە KGB، ئەویش

---

[٥٩] – ئەم ڕاڤەکردنە بۆ زۆربەی بڕیارە سیاسیە نیودەوڵەتییەکانی سەرۆک بوش ڕوونتر و ڕاستترە کە بەر لە هەڵبژاردنی، جگە لە مەکسیک، هیچ شوێنێکی لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا نەدیبوو.

[٦٠] – بەتایبەتی بڕوانە: Alexandre Adler, “Et si la guerre d’Irak n’avait pas lieu,” Le Figaro (8–9 mars 2003)

نووسەر لە پشتبەستنی بە سەرچاوەکانی ئەمەریکا، باس لە فرێکوێنسی واشنتن دەکات.

ڤلادیمێر پۆتن (Vladimir Poutine) بوو، بەڵام سەرۆک بوشی باوک لەبیردەبرایەوە کە بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا CIA بوو... دەشێت لە فرەنسا ئاماژە بە بەڕێوەبەری پێشووی نووسینگەی سەرەک وەزیران بدەین کە سەرۆکی دامەزراوەی گازی فرەنسا بوو، بەڵام پەیوەندی نێوان ئیدارەی گازپرۆم (Gazprom) و کرملین مایەی نیگەرانییە. هیلاری کلنتۆن کە دوای دۆناڵد ڕامسفیلد هات، داوای لە مۆسکۆ دەکرد ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێت، بەڵام ئەوەندەی بزانین، واشنتن ماوەی دە ساڵە زیندانییەکانی لە گوانتانامۆ دەستبەسەر کردووە و کەمترین مافیان پێ ڕەوا نابینێت! لەکاتێکدا پەرچەکرداری توند بەرامبەر بەداگیرکردنی خاکی جۆرجیا لەلایەن هێزەکانی ڕوسیاوە هەیە و ماوەیەک بۆ کشانەوەیان دیاری دەکرێت، کەچی زۆر بەئەدەبەوە هیوادەخوازرێت ئیسرائیل پرۆسەی نیشتەجێبوون لە خاکی فەڵەستین ڕابگرێت. کار دەگاتە ئاستی گلەیی کردن لە ڕوسیا لەسەر ئەوەی داوای کردووە، بەهای گازی نێردراو بۆ ئۆکراین بەپێی بەهای بازار بدرێت، نەک بەپێی تاریفەی ئیمتیازاتی بۆری گازی دۆستایەتی (درۆگبا) پێشوو. پێشتر کلۆد ماندیل (Claude Mandil) لە ڕاپۆرتەکەیدا "ئاسایشی وزە و یەکێتی ئەوروپا" لە ٢١/نیسان/ ئەپریلی ٢٠٠٩دا کە ئاراستەی سەرەک وەزیران کراوە، ئاماژە بە هێندێک ناکۆکی دەدا، کاتێک ڕوسیا لە قەیرانی ئۆکراین دا بەشەیتان دەکەین، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەین لە ئاسایشی وزە و یەکێتی ئەوروپا دا بیکەین بە هاوبەشێکی ئاسایی.

هەمیشە شیزۆفرینیا بەشێک بووە لە جیوپۆلەتیک، ئەوەش جۆرە پۆشاکێکی "ئەقڵانی"ی پەیوەندییەکانی هێزی نێودەوڵەتییە. لە حاڵەتی ڕوسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بە ئاستی وڕێنەکردنی (دوو ئاراستە) دەگەین. کارەکە پەیوەست نییە بە بەخشینی بڕوانامەی دیموکراسی بە ڕژێمەکەی کرملین کە هێشتا پێویستە لەسەری هەوڵێکی زۆر بدات، بەتایبەتی سەبارەت بە چیچان و پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووسەکان. بگرە ڕەخنەکە ئەرێنیتر دەبێ و بە دڵنیاییشەوە کاراتر دەبێت، گەر بەراوردەکە بە شێوەیەکی میانڕەوانە بەکاربهێنرێت. ئایا دەبێ ڕەخنەکە ڕەها بێت، بەهۆی ئەوەی زۆرێک لە هەواڵنووسەکانی پەیوەندیدار بە پرسە نێودەوڵەتییەکان، ڕابردوویەکی کۆمۆنیستییان هەیە، ئەوەش پەڵەیەکە و قابیلی سڕینەوە نییە؟ ئایا لەبەر ئەوەی فرەنسا بە دە ساڵ دواکەوتن بە مۆدەی نیوکۆنسێرڤاتیڤەکانی (neo-conservative) زانی کە ئەولویەتی ستراتیجییان لەگەڵ کۆندەلیزا ڕایس (بەر لە دەستدرێژییەکانی یازدەی سەپتەمبەر)دا شکستپێهێنانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو بوو؟ ئایا لەبەر ئەوەی ئەوروپای سیاسی کە لەبەرچاوانمان بونیاتدەنرێت، دوژمنی نییە و هەوڵ دەدا سیاسەتێکی بەرگریانە

دابڕێژێت؟ بەڵام چین لە سەردەمی ئیدارەی بوش دا، ڕۆڵی دوژمنی جێگرەوەی دەبینی، کەچی سەرۆک ئۆباما کار دەکات پەیوەندییەکان لەگەڵ پەکین ئاسایی بکاتەوە. چیدی لە توانادا نییە پشت بە کەس ببەسترێت[٦١].

جووت ئیستاندارد!

گوتاری هێز بەوە دەناسرێتەوە کە خەسڵەتێکی شیزۆفرینیانەی هەیە: ئەو سەبارەت بە کرداری هێزەکان یا کردەی هاوپەیمانەکانی بەراورد بە کردەی "نەیارەکانی"، گوزارشت لە حوکمە جیاوازەکان دەکات. دیگۆل بەوە پاساوی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لەلایەن فرەنساوە دەهێنایەوە کە ئەو چەکە هاوسەنگی هێز دروست دەکات و ڕێگە لەوەش دەگرێت وڵاتێکی گەورە ویستی خۆی بەسەر وڵاتێکی بچووکدا بسەپێنێت. ئەوەی وەبیردەهێنایەوە کە فرەنسا نایەوێت سەرلەنوێ ڕووبەڕووی داگیرکاری ببێتەوە و بەهاوئاهەنگی لەگەڵ هیند، ڕەتیدەکاتەوە پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی واژۆ بکات. دەشێت ئەو گوتارە بەسەر تەواوی ئەو وڵاتانەشدا پیادە بکرێت کە کولۆنیالیزمیان ئەزموون کردووە، چۆن لەمڕۆدا بڵاونەکردەوەی چەکی ئەتۆمی لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە سەرکۆنە دەکرێت؟ ئەوەش زۆر بەسادەیی لە ڕێی قەدەغە کردنەوە.

گوتاری ستراتیجی سیستمی بەهاکان شکۆمەند دەکات کە بە باشی پراکتیزەکردنی ژیانی نێودەوڵەتی فەراهەم بکات. ئیدی بەوجۆرە کۆمۆنیزم "بەهەشتی کرێکاران (مانگرتن تێیدا قەدەغە بوو)"و هێزی ئاشتی و ئۆقرەیی بوو". بەڵام فرەنسا، دووەم هێزی کۆلۆنیالییە لە مێژوودا، کەچی سەرباری هەموو شتێک "وڵاتی مافەکانی مرۆڤە". هەروەها سەرۆک وێلسۆن (Wilson) و جێنیشینەکانی، ئەوانەی لەکاتی پەیماننامەی ڤێرسای و نەمانی کۆلۆنیالیزمدا، بەرامبەر بە فرەنسا و بریتانیا، بەرگرییان لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان دەکرد، پرەنسیپی مۆنرۆ-یان لەسەر ئەمەریکای لاتین پراکتیزە دەکرد. دواجار،

---

[٦١] - چەپکێک لە وتارەکەی نووسەر کە ڕۆژنامەی لیبراسیۆن بڵاوی کردۆتەوە، کانونی دووەم/ پەنایەری ٢٠١٠.

نەمسا، هەستی بە تورەیی دەکرد، کاتێک ڕابردووی نازیبوونی سەرۆکەکەی، کورت فالدهایم (Kurt Waldheim) ئاشکرا بوو، ئەو ڕابردووەی کە وادیاربوو تا ئەو کاتە زۆر بە وردی پەنهان درابوو.

"بانێک و دوو هەوا - جووت ستاندارد" بنەما ئایدیۆلۆجییەکەی گوتاری ستراتیجی پێکدەهێنێت. ئەو وڵاتەی داوای ڕزگارکردنی کۆلۆنییەکان دەکات، بەردەوام درێژە بەداگیرکارییە تایبەتەکانی دەدا. حکومەتە جیاوازەکانی ئیسپانیا داوای گێڕانەوەی جەبەل تاریق (Gibraltar، جیبرالتەر) لە بریتانیا دەکەن، بەڵام ڕەتیدەکەنەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەغریب گفتوگۆ بکەن، دەربارەی دەستبەرداربوونی لەو دوو ئینکلاڤەی (جیب) کە هەر دوو شاری سەبتە (Ceuta) و مەلیلە (Melila) تێدایە. دیموکراسییەکانی خۆرئاوا ڕەتیدەکەنەوە دان بە حکومەتەکەی حەماس لە غەزەدا بنێن کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنێکە لەلایەن چاودێرە خۆرئاواییەکانەوە چاودێری کراوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتە بوونی ئیسرائیل ڕەتدەکاتەوە. لە هەمان کاتیشدا ئەو حکومەتانە پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ حکومەتەکەی ئێستای تەل ئەبیب هەیە کە بەردەوامی بە نیشتەجێبوون دەدا و وەزیرێکی ڕەگەزپەرستیش، لیبرمان (Lieberman) لە حکوتەکەیدا هەیە کە دەکرێ لە فرەنسا بەپێی یاسا گشتی ساڵی ١٩٧٢ی دژ بە ڕەگەزپەرستی لەسەر وتەکانی تومەتبار بکرێ. کەواتە پێویستە لەو هەڵوێستانەوە بەو دەرئەنجامە بگەین تاکە هەڵبژاردنی یاسایی ئەو هەڵبژاردنەیە کە ڕژێمی لایەنگر بە خۆرئاوای لێبکەوێتەوە. بۆیە سەرۆک موبارەک یا سەرۆک بن عەلی هەڵبژاردنیان ئەنجام نەدەدا؛ چونکە لەوانەبوو لەرێیەوە ئیخوان موسلمین بەدەسەڵات بگات. بەهاری عەرەبیش کە تەنیا داواکاری دیموکراسییان هەبوو، نادروستی ئەو گریمانەیەی سەلماند.

داماڵینی دیالۆگکار لە شایستەیی، پراکتیکی سەپێنراوە، کاتێک دەمانەوێت "دوژمنێک" دیاری بکەین. "تا نەبین بە خاوەن چەکی ئەتۆمی، شەڕی ئەمەریکامان پێ ناکرێت". ئەو وتانەی پاساو بۆ بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەهێنێتەوە، نە وتەی کیم جۆنگ ئیڵ (Kim Jong Il)ە، نە وتەی سەرۆکی ئێرانی، ئەحمەدی نەژاد-ە، بەڵکو قسەی سوپاسالاری هیند بوو، کاتێک لەگەڵ لیس ئەسپین (Les Aspin)، واتە گەورە بەرپرسێکی ئەمەریکی، گفتوگۆی دەکرد. ئەم ڕستە زۆر

سەنگینە کە شیکردنەوەیەکی سەربازییانەی ساردی بەرپرسی گەورەترین دیموکراسییە لە جیهاندا، شارەزا ئاساییەکانی کاروباری ئەتۆمی تورە نەکرد. کەواتە ئایا دوو شێواز بۆ حوکمدان لەسەر بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی هەیە؟

بەڵگەنەویستەکانی ئایدیۆلۆجیا

گریمانە دەکرێ وڵاتە دیموکراسییەکان بە سروشت "هەڵگری ئاشتی"بن، ئەم لۆجیکە ڕاگەیەنراوە لەگەڵ شیکردنەوەکەدا ناگونجێت. هەر یەک لە فەرەنسا و بریتانیا جەنگی سەربازییان دژ بە دوایی پێهێنانی کۆلۆنی کردووە. ساڵی ١٩٩٤، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سایەی ئیدارەی کلینتۆندا، هەوڵەکانی بۆ بەرگریکردن سەرلەنوێ دەسپێکردەوە، ئەمە لە کاتێکدا ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەک نەدەبووەوە. دوای چەند ساڵێک، لە ئەنجامی هەوڵێکی هاوشێوەی چین دا کە تەنها شەشیەکی هەوڵەکانی بوو، دووچاری نیگەرانی بوو. ئیسرائیل ساڵی ١٩٤٧، لە دوای پەلامارە تیرۆریستییەکەی سەر ئۆتێل داود پادشا، بارەگای سوپاسالاری بریتانیا کە ٩٦ قوربانی لێ کەوتەوە، ماندەیتی بریتانیا لەسەر فەڵەستین کۆتایی پێهات. حکومەتی تەل ئەبیب خۆی لە دۆخێکی هاوشێوەی دۆخی دەسەڵاتی جەزائیری دەبینێتەوە کە لە ڕێی دەستدرێژییە تیرۆریستانەکەیەوە سەربەخۆیی بەدەستهێنا، ئەو دۆخەی کە لە ئێستادا کارە تیرۆریستەکانی نەیارەکانی سەرکوتە دەکات.

"هەژاری جەنگ بەرهەمدەهێنێت". ئەمە ڕاگەیاندنێکی دیکەیە، بەڵام لە دووەم جەنگی جیهانییەوە بەدەگمەن پشتڕاست کراوەتەوە. دۆخی (هایتی) کە لەم ڕۆژگارەدا هەموو جیهان گرنگی پێ دەدەن، نموونەیەکی خەمهێنە. نەتەوە دەوڵەمەندەکان زیاتر هۆکاری ئەو ململانێیانەن کە پێی دەوترێت ململانێی "هێز"، یا کودەتا تا ئەوەی نەتەوە نەدارەکان هۆکار بن، زۆرجاریش بۆ ئەوەی سەرچاوەکان کۆنترۆڵ بکەن، هەروەکو حاڵەتی عێراق.

"ڕەنگە پێشکەوتنی ئابووری هۆکارێکی ئاشتی بێت". کارەکە تەواو پێچەوانەیە، زۆرجار پێشاندانی ئەو هێزەی پەیوەستە بە گەشەسەندنی ئابوورییەوە سیستمە نێودەوڵەتییەکە دەگۆڕێت، پاشان هێزە باوەکان نیگەران دەکات. گەشەسەندنی ئابووری سەرپێ کەوتوو لە ئەڵمانیا لە سەردەمی ئیمپراتۆر ویڵهێلم دا، هەڕەشەی لە فەرەنسا و بریتانیا دەکرد و زۆری نەخایاند یەکەم پزیسکی یەکەم

جەنگی جیهانیی لێکەوتەوە. لەمڕۆشدا هێزی ئابوری چین ئاگادارکردنەوەیەکە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان.

زۆرجار جیوسیاسی کارەساتی "تیورەی دۆمینۆ"ی بەکارهێناوە کە پێیوایە کەوتنی حکومەتێکی دیاریکراو، بەشێوەیەکی میکانیکی دەبێتە مایەی کەوتنی وڵاتانی دراوسێ. هەر لە بنەڕەتەوە ئەم تیورەیە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕاگەیەنرا، بەڵام لە هیچ شوێنێک نەسەلمێنرا، بۆیە وەک ڕاهێنانێکی گریمانەیی مایەوە. لەلای خۆیەوە، لیسلی هـ گێلب (Leslie H. Gelb) ڕۆژنامەوان لە نیویۆرک تایمز کە زۆر جارز بوو لە بیستنی هەمان داستانی تراجیدی کە بەردەوام لەبارەی ململانێیەکانەوە دووبارە دەبێتەوە، دەڵێت: "جیهان پڕە لە دۆمینۆ".

مەترسی ستراتیجی لە ساڵانی نەوەدەکاندا: بێکاری تەکنیکی

دەستەواژەکەی ئەرباتۆڤ (Arbatov)، "خراپترین خزمەتگوزاریتان پێشکەش دەکەین، لە دوژمن دەتانپارێزین!"، تۆڕی بەرهەمهێنانی ستراتیجی لە بەرامبەر مەترسی بێکاری تەکنیکیدا دانا. سوپا تەقلیدییەکانی خۆرئاوا بەکۆتایی هاتنی کۆمۆنیزم، دوژمنێکی ئاست بەرزی هاوشێوەی خۆیان لەدەستدا، ئەوەش تەنگژەیەکی گەورەی خوڵقاند. چەند ئارگیومێنتێکی گونجاو بۆ بەرگریکردن لە بودجە دەبینین: "ئاستی ئامادەکاری دامەگرە"، "هێشتا زۆر زووە قازانجی ئاشتی هەمبار بکرێت"... بەڵام پەرۆشی لە کەمی دا؛ چونکە بەهەرێمایەتیکردنی قەیرانەکان، حیساباتی لەو ستراتجییانە تێکدا کە منەی پارادایمی ئەستێرەیەکی جێگرەوەیان دەکرد. ئاژانسی هەواڵگری نێوەندی ئەمەریکی CIA پسپۆرەکانی لە ئەفغانستان کار کەنار کرد، کە لە بیرکرابوون. شارەزایانی بواری سۆڤێت سەرلەنوێ هەمان ئامرازیان بەکارهێنایەوە بۆ ئەوەی ڕوسیای یەڵسن (Eltsine) و پوتن یا دەسەڵاتە تازەکان لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا شرۆڤە بکەن، شانەی ئەفەریقی لە کۆشکی ئیلیزیە بەردەوام ئاماژەیان بە "کاغەزی ئەفەریقی" دەکرد بۆ ئەوەی خۆیان بە دۆخی جیهانی فرەنساوە با بدەن... کەواتە میکانیزمی بەرهەمهێنانی ستراتیجی هەمان کاردانەوەی هەبووە بەرامبەر هەموو ئەو بونیادانەی لە دەرئەنجامی دۆخێکی نوێوە هاوسەنگیی تێکچووە: زەرورەتی

خۆی بسەلمێنێت و "دوژمنێک" بەرهەم بهێنێت. سیستمی فیکری ئەمەریکی هەموو توانای خۆی بۆ گەڕان بەدوای پارادایمێکی نوێی جیهانیدا خستەگەڕ.

دوای ڕزگارکردنی کوێت، زۆرێک بڕوایان بەوە هێنا کە "سیستمی نوێی جیهانی، قۆناغی مافە لە خزمەتی ئاشتیدا": سوپا گەورەکانی وڵاتە دیموکراسییەکان لە سایەی دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تێوەردانیان کرد بۆ ئەوەی ڕێزی یاسای نێودەوڵەتی و ڕزگارکردنی کوێت (نەک ڕزگارکردنی سەرزەمینە داگیرکراوەکان) بسەپێنن. پاشان بیرۆکەی "هەڕەشەی باشوور" دەستی پێکرد بۆ ئەوەی شوێنی "هەڕەشەی خۆرهەڵات" بگرێتەوە، لەگەڵ ئەو هیوایەی ئاراستەکردنەوەیەکی سادەی جوگرافی، پارێزگاری لە چوارچێوەی ستراتیجی و ئامرازە هاوشێوەکان بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی باشوور زۆر هەمەڕەنگە، بۆیە زۆر بەخێرایی لە نێو جیهانی عەرەبیدا دیاری کرا. پاشان "جەنگی ئابوری جیهانی" ئەزموون کرا، بەڵام تەنیا بەشێک لە ئامرازەکانی هەوالگری، نەک ئامرازەکانی بەرگری، بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد! هەوڵ درا مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانی ڕێکخراو یا تیرۆر "بەسەربازی بکرێ"، هەروەکو لە پلانە ئەمەریکییەکەدا "کۆلۆمبیا" کە ئامانجەکەی لەنێوبردنی قاچاخچێتی مادەهۆشبەرەکان بوو. هەروەها بیرکردنەوەی ئەمەریکی پەنای بۆ پێشبینییە دراماتیکییەکان برد کە گرنگە دوای تێپەربوونی سی ساڵ وەبیربهێنرێتەوە. دوور لە پێکدادانی شارستانییەکان کە پێشتر باسی لێوەکراوە، چەندین پسپۆر دەیانویست پەیوەندییەک لە نێوان جیهانگیری و نەبوونی سەقامگیری بدۆزنەوە: سەبارەت بە تۆماس بارنێت[٦٢] (Thomas Barnett) "چارەسەری بۆ هەموو پرسە گەورەکان دۆزییەوە (...)"؛ چونکە هەموو هەڕەشەکان لە جیهانێکەوە سەرچاوە دەگرن کە "بەجیهانگیرییەوە پەیوەند نەبێت"، واتە سەرزەمینە نوێیەکانی بەربەرییەت (terra barbaris). بارنێت نەخشەی بنکە پێشکەوتووەکانی ئایندەی ئەمەریکای لەسەر ئەستێرەکەمان دەکێشا بۆ ئەوەی بتوانێت بەرپەرچی ئەو "هەڕەشەیە" بداتەوە. ئەم بۆچوونە باسی لە سنوورە تازەکەی دۆخی شانشینی عەرەبی سعودی نەکردووە، چونکە وڵاتێکی هاوپەیمانە و بەتەواوەتی

62- Thomas Barnett, The Pentagon's New Map: War and Peace in the Twenty First Century (New York: G. P. Putnam's Sons, 2004).

ئاوێتەی جیهانگیری بووە، هەر چەندە سەرچاوەیەکی گەورەی تیرۆریستەکانیشە. لەبەردەم ئەو شکستەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا درووێنەی کرد، "هەڕەشەی چین" دەمێنێتەوە کە بابەتی ڕاپۆرتێک بوو سەرلەنوێ زەنگی مەترسییەکی لێ دایەوە، ئەو ڕاپۆرتەی پەنتاگۆن لە ئەیلول/ سەپتەمبەری ٢٠١٠دا ئامادەی کردبوو، واتە لەو کاتەی خەریک بوو بودجەی بەرگری لە کۆنگرێسدا بریاری لەسەر دەدرا.

لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا و لە پێواری دوژمن دا، بەرهەمهێنانی ستراتیجی، دەربارەی هەڕەشەکردن، وازی لە بیرکردنەوەی جێمتمانەی لاواز هێنا، تا بیگۆڕێت بە بیرکردنەوە دەربارەی توانا سەربازییەکان. ساڵی ١٩٩٤، هەوڵەکانی بەرگری ئەمەریکا، لە سەردەمی ئیدارەی کلینتۆن دا، چڕکرایەوە، ئەمە لە کاتێکدا هیچ هەڕەشەیەک نەبوو تا پاساوی ئەو کارەی پێ بدرێتەوە. لە کاتی نەبوونی دوژمندا، بە خلیسکان بەرەو "فیتیشیزمی تەکنەلۆجی" (fétichisme technologique) ڕاستەقینە، پێداگری لەسەر توانا سەربازییەکان دەکرا. بۆیە دەست کرا بە بەرنامەکانی وەک Joint Strike Fighter (فڕۆکەیەکی شەڕکەری نەوەی شەشەمە، پڕتێچووترین بەرنامەیە لە مێژووی پەنتاگۆن دا، کە ٤٠٪ هەڵسەنگاندنەکان تێدەپەڕێنێت) و بەرنامەی (TSAT) (Transformation Satellite Program) کە لە ئێستادا وازی لێهێنراوە، هەروەها سەبارەت بە مانگی دەستکرد بۆ ئەوەی بە تیشکی لیزەر پەیوەندییەکان ئەنجام بدرێ.

لە دەستدرێژییەکانی یازدەی سەپتەمبەردا، فیتیشیزمی تەکنەلۆجی سنووری خۆی زانی، بەوەی کە هیچ سیستمێکی تەکنیکی هەواڵگری ئاشکرای نەکرد، چونکە تیرۆریستەکانی ناو فڕۆکەکانی هێڵی ناوخۆی ئەمەریکا، بە تیغەکانیانەوە بە ناو ڕادار و هەستەوەر و دۆزەرەوەکانی دیکەدا تێپەرین.

پرۆژەی بەرگری دژەڕۆکێت بایەخێکی تایبەتی هەیە. جۆرج بوشی کوڕ پرۆژەکەی ڕاگەیاند و زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی بریتانیا، پشتگیریان لێی کرد، بەڵام دواتر ڕوون بووەوە کە پڕتێچووە و لەڕووی تەکنیکیشەوە جێی متمانە نییە. لەبەر ئەوەی هۆکاری تێکچوونی هاوسەنگی نێوان وڵاتانی خاوەن ئەتۆم بوو، بۆیە ڕوسیا و فەرەنسا زۆر بە توندی ڕەخنەیان

کرد. لە ١٧ی ئەیلول/ سەپتەمبەری ٢٠١٠دا، سەرۆک ئۆباما وازی لە سیستمی بەرگری دژەڕۆکێت (antimissile) هێنا، حکومەتەکانی ئەوروپاش پێشوازیان لەو بڕیارەی ئەمەریکا کرد، هەروەکو چۆن پێشوازییان لە بڕیارەکەی پێشوو کرد. کەواتە ستایشکارانی دیبلۆماسییەتی جۆرج بوشی کوڕ، بوون بە گێلە ستایشکاری دیبلۆماسییەتی باراک ئۆباما، ئەگەرچی ئۆباما زۆر بە توندی ڕەخنەی لە سەرۆکەکەی پێش خۆی گرت. ئایا دەشێت لەسەر هەمان شێوازی گوێڕایەڵیی کۆمۆنیست بۆ مۆسکۆ، گوێڕایەڵی بۆ واشنتن هەبێت، هەروەکو لە سات و کاتێکی دیکەدا دەوترا؟

هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) کە لە دوای نەمانی هاوپەیمانی وارسۆوە، بەزیندوویی مایەوە، لە ئێستادا تاکە هاوپەیمانیی سەربازییە لەسەر گۆی زەویدا. سەبارەت بە زۆرێک لە ناخۆرئاواییەکان، وەک پاسەوانێکی چەکداری وڵاتە زەنگینەکان دەردەکەوێت، بەتایبەتی ژاپۆن و ئوستورالْیا گفتوگۆ لەسەر ئەگەری پاڵاوتنیان بۆ هاوپەیمانییەکە دەکەن. هێندێک وڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، لە هەموو بارێکدا، دەپرسن؛ بۆچی وڵاتانی ئەوروپا دەیانەوێت لە پاڵ هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسیدا، "ئەوروپایەکی بەرگریکار" دروست بکەن، چونکە وڵاتانی ناوەڕاست پێیانوایە بەتایبەت دژی ئەوان ئاراستە دەکرێت. دوای ئەوەی ناتۆ بەشێوەیەکی فەرمی لە ساتەوەختی داڕوخانی یەکێتی سۆڤێت و هاوپەیمانی وارسۆدا، بێ دوژمن مایەوە، ساڵی ڕابردوو، چەمکە ستراتیجییە تازەکەی پێناسە کرد، ئەمە لە کاتێکدا سەربازەکانیان لە ئەفغانستان لە شەڕێکدا تێوەگلاون (واتە، "لە دەرەوەی ناوچەکە"، هەروەکو لە کاتی ڕەخنەکردنی دیگۆلی دا دەوترا)، کە نازانێت چۆن بیکات. هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی زەرورەتی سەربازیی و دەستوەردانی لە لیبیا بۆ خۆرئاوا سەلماند. بەڵام ئایا ئەوە هۆکارێکی بەسە، بەتایبەتی سەبارەت بە وڵاتانی دیکەی جیهان؟

ئەم بیست ساڵەی دوایی کە بەبێ دوژمن دەناسرێتەوە، دوو دەیەی بێ شەڕ نەبووە، چونکە ئەو ئەمەریکییانەی کە لە ناوکۆی وردئاگاییان لەسەر تێکشکاندنی هێزی سۆڤێتی پێشوو، پاڵپشتی شۆڕشی ڕەنگەکانیان لە ئۆکراین و جۆرجیا و قیرغیزستان دەکرد، هەڵکشانی ئیسلامیزیان نەدەبینی. بەڵام دووبارەبوونەوەی شەڕەکەی پێشوو، خوویەکی کۆنی دەوڵەتە سەرکەوتووەکەیە. چیدی نەخشەی

جیهان شوێنی ڕکابەرایەتی گەورە نییە کە دەرزی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر دەچەقێنرێت و ئاڵا بچووکەکانیش ئاماژە بەپێشکەوتنی وڵاتێک و پاشەکشێی وڵاتێکی دی دەکەن. قەیرانەکانی ئەم بیست ساڵەی دوایی کە لە ئارایشتە دزێوەکانی جەنگی سارد، قوتار ببوون، لۆکاڵی و لە دەرەوەی ئاڵەنگاری جیهانی بوون، شایانی ئەو مۆتیڤانەیە کە شیکارییە ناوخۆییەکان تۆکمە و بەهێزی دەکات. کۆگاکانی ئەو چەکانەی کە جەنگی سارد جێیهێشتوون، ململانییەکان بەبێ هاوکاری دەرەکی سوودی لێوەردەگرن. لێرە بەدواوە کوشتن بە کلاشینکۆف یا تەور دەکرێت. بە هیچ پارادایمێکی گشتگیری کۆن، ناتوانرێ خوێندنەوەی سادە و ساکار بۆ قەیرانەکان بکرێت، ئەوەش ژمارەیەک پرەنسیپی گوتارە ستراتیجییەکانی زلهێزەکان دەربارەی سەقامگیری جیهان بنکەن دەکات. تەنانەت شەپۆلە تیرۆریستییەکانیش لە ناوکۆ هەرێمایەتییە دیاریکراوەکاندا گوزارشتی لێ دەکرێت، هەر چەندە ئەوەش کاری پۆلیسە، تا ئەوەی کاری سوپا بێت. لەم جوگرافیا تازە و بێسوودەی جیهاندا[٦٣]، هەموو قەیرانەکان هیچ بەهایەکیان نییە؛ چونکە پاڵنەرە سیاسییە ناوخۆییەکانی وڵاتە دیموکراسییە گەورەکان، پێش شیکارییە ستراتیجییە گشتگیرەکان دەکەوێت. لە ئێستادا چ قەیرانێک شایستەی مردنی سەربازێکی خۆرئاوایە؟ بۆسنە، بەڵێ، بەڵام نە جینۆساید لە ڕواندا (سوپای فەرەنسا بەتەنیا مایەوە)، نە قەیران لە کۆنگۆ کە لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە خوێناویترین ململانێیە!

کەواتە، چۆن دەتوانین ئەو جەنگانە شرۆڤە بکەین کە تا هەنووکە هەسارەکەمان دەلەوتێنن؟

63- Conesa, “Une geographie du monde,” Le Monde diplomatique (amrs 2001).

بەرگی دووەم

ڕوخسارەکانی دوژمن: هەوڵی پۆلینکردنێکی کلێشەیی

تاوتێی جەنگ لە دوای داڕوخانی یەکێتی سۆڤێت لەنێونەچوو، قەیران و ململانێیەکان ئەو سەرچاوە تەقلیدییەی خۆیان دۆزییەوە کە شیکردنەوە جووت جەمسەرییەکە پەنهانی دەدا. مێژوو و جوگرافیا لە دوای هیپنۆزی ئایدیۆلۆجی (التنويم المغناطيسي الايديولوجي) مافەکانیان بەدەست دەهێننەوە کە ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا سەپاندبووی. لە دوای ساڵی ١٩٩١وە، میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی دوژمن و دروستکردنی لە زۆرێک لە وڵاتان (دیموکراسی یا نادیموکراسی)دا وەک خۆیان مانەوە: کەواتە با هەوڵ بدەین پۆلێنبەندییەکی کلێشەییانە (typologie) بۆ دوژمن دابنێین. هەر نموونەیەک لەو نموونانەی لێرەدا باسیان لێوەکراوە، بەتەواوەتی پاک و پوخت نین، بەزۆری دوژمن تێکەڵەیەکە لە چەندین جۆر، توخمێکی چەندین پێکهاتەیە کە بەدرێژایی کات پێشبڕکێ کوشندەکان ڕاڤە دەکات. هەر ململانێیەک لەو ململانێیانە ڕێسای خۆی هەیە.

بەشی شەشەم
دوژمنە نزیکەکە: ململانێیەکانی سنوور

مەسەلەی شەڕی سنوور دۆخێکی هەرە تەقلیدی و بەربڵاوە. ململانێی دووقۆڵی لێ کەوتۆتەوە: هیند – پاکستان، پاکستان – ئەفغانستان، هیند – چین، یۆنان – تورکیا، لیبیا – چاد، جەزائیر – مەغریب، بریتانیا – ئەرجەنتین (دوورگەکانی فۆکلاند)، پیرۆ – ئەکوادۆر، بۆلیڤیا – چیلی، کۆلۆمبیا – فەنزەویلا، عێراق – ئێران، ئیسرائیل – سوریا، ئەرمینیا – ئازەربایجان، کەمبۆدیا – ڤێتنام، ئیسپانیا – مەغریب (سەبتە و مەلیلیە)، مۆڵداڤیا – ڕوسیا (ترانسنستریا)، ڕوسیا – جۆرجیا، ژاپۆن – ڕوسیا (دوورگەکانی کوریلا)، هیند – چین، میسر – سودان... ئەم لیستە تەواو نییە.

دیاریکردن و بەرجەستەکردنی سنوور دیاریدەیەکی نوێیە، بە شێوەیەکی جیاواز بەپێی کێشوەرەکان بەرەو پێشچووە. میشاڵ فۆشیە (Michel Foucher) لە کتێبی بەرەکان و سنوورەکان[٦٤] (Fronts et frontieres)دا پرسی سنوور بە ٢٥٢٠٠٠ کلم هەڵدەسەنگێنێت کە ئەستێرەکەمانی دابەشکردووە، پێیوایە زیاد لە ٦٠٪ یان هێزگەلێک لە دەرەوەی وڵاتە پەیوەندیدارەکان دیارییان کردووە. تەنها ٢٪ سنووری جیهان لە ساڵی ١٩٩١دا، دەرئەنجامی ڕاپرسی بووە، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە چۆن جەنگ لە دیاریکردنی سنووردا، دیاردەیەکی سەرەکی بووە. لەلایەکی دی، لە ساڵی ١٩٩١ەوە، زیاد لە ٩٠٠٠٠ کلم سنووری تازە دەرکەوتووە و ٢٤٠٠٠ کلم-ی، بابەتی ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی بووە. ئایا دەشێت کێشەکانی سنوور لە ئایندەدا هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگ بێت؟

کاتێک فۆشیە، سنووری بەوە پێناسە کرد کە ""بونیادێکی پانتایی هێڵداری بەراییە و ئەرکەکەی جیاکردنەوەی جیۆسیاسی و دیاریکردنی خاڵی دەرئەنجامەکانە لە سێ بواردا، واتە، واقیع، سیمبولی و وێناکراو، ئەوا هەموو ئارگیومێنتە جوگرافییە ساختەکانی ئیمپراتۆرییەت و میراتییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمی دەربارەی "سنووری سروشتی" و "سنووری ڕاستەقینە" و "سنووری مێژوویی"،

---

[64]- Mivhel Foucher, Fronts et frontires: Un tour du monde geopolitique (Paris: Fayard, 1991), et M. Foucher, L’obsession des frontieres (Paris: Perrin, 2007).

بەلاوەنا. هەروەها تێڕوانینەکانی لەمەڕ هاوبەشی کردنی جیهاندا جیاواز کرد کە لە جیۆسیاسی تەقلیدی ڕێژەییدا کاریگەر بوون، بۆ نموونە "بەلْکەنەکردن"، "بازنەی تەندروستی"، "دەوڵەتی لەمپەر"، "بازنەی دەسەڵات" و "ناوچەکانی پێشەوەی بەرگریکردن".

هەر بەڕاستی دیاریکردنی سنوور لە سەدەی هەژدەمەدا لە ئەوروپا دەستی پێکرد، بە تایبەتی لەڕێی بەرینبوونی ئیمپریالیزمەوە بۆ تەواوی جیهان پەلیکێشا. ئەم داگیرکارییە کۆلۆنیالییە ڕێکەوتننامەی گەورەی لەسەر دابەشکردنی جیهان لێ کەوتەوە (بەرلین، ڤێرسای، پۆتسدام، یالْتا...). ئیدی بەوجۆرە لەسەر سووچی مێزەکاندا، دیاریکردنی ڕاستەوخۆی هێڵکاری ئەو ناوچانە هاتنەئاراوە کە خۆرئاواییەکان شارەزایی تەواویان لەسەر نەبوو (ئەفەریقیا، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست..)، هێندێک وڵاتی دیکەش نەمان، یا داهێنران، یا گوێزرانەوە. بیروڕای باوی یاسای نێودەوڵەتی، پاڵپشتی دەسەڵاتی دەوڵەت و سەروەری لە چوارچێوەی سنوورەکەیدا دەکات، بەڵام بزوتنەوە شۆڕشگێڕەکانی دژ بە کۆلۆنیالیزم و شۆڕشە جوداخوازەکان، بوونە مایەی پەسەند کردنی پرەنسیپی "مافی چارەی خۆنووسینی گەلان" کە لە مادەی یەکەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، بەتایبەتی لە بڕیاری ١٥١٤ی ئەنجوومەنی گشتی تایبەت بە سەربەخۆی گەلانی بندەست. بۆیە وادەردەکەوێت سنوورکێشان بابەتێکی وابەستەبوونی نێوان دوو پرەنسیپی دژبەیەک بێت کە دەشێت زۆر بە سانایی ململانێیان لێ بکەوێتەوە. ئیدی لەو دەمەوە دیاریکردنی پێویست، گوزارشتێکە لە تیورەی سۆسیۆلۆجی و مێژوویی تایبەت بە پەیوەندی لەگەڵ خاکدا. بەوجۆرە بەخاتری نیگەرانی لە هێرشی ڤێتنامدا، لە مادەی دووی دەستووری ساڵی ١٩٩٣ی کەمبۆدیادا هاتووە: "یەکپارچەیی خاک (..) بەتەواوەتی لەچوارچێوەی سنوورەکەیدا پارێزراوە کە لەسەر نەخشە بە پێوەری ١/١٠٠٠٠٠ دیاریکراوە، ئەوەی لە نێوان ساڵی ١٩٣٣و ١٩٥٣ دانراوە"[٦٥]. ئەم پاڵپشتییە هەڵاوێردانەیە، وەرگێڕانی نەخشەسازی دوو بۆچوونە کە پەیوەندییان بە ناسیونالیزمەوە هەیە: بۆچوونێکی خەمیرانە کە پێیوایە خاک ئەو شوێنەیە کە خەمیر تێیدا نیشتەجێ

[65]-Foucher, L’obsession des frontieres.

بوون (لەسەر نەخشە دانراون)، ئەوەش لەگەڵ ناسیونالی جوتیاری ڤێتنامیدا ناکۆک دەکەوێتەوە کە بەپێی لۆجیکی بەرەی پێشەنگ بەرەوپێشەوە دەچێت.

میکانیزمی ئایدیۆلۆجی بۆ شەڕی سنوور

ئەو فێرگە فەرمییانەی کە ناسیونالیزمی ئایینی تێدا دەخوێنرێت، بەزۆری لە یادەوەری ململانێیەکاندا تێوەگلاون، چونکە مێژوو و شوێنەکان بۆ ئاستی سیمبولەکان بەرزدەکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕێی وێنەی بیسمارک –ی سەرکەوتوو لە هۆڵی ئاوێنەکان (Hall of Mirrors) (ساڵی ١٨٧١)، و لە ڕێی پارچە قوماشێکی ئاوریشمی ڕەش لەسەر نەخشەی ئەلزاس و لۆرین، خوێندکارە فرەنسییەکانیان بۆ جەنگ ئامادە دەکرد. نەخشەکانی سوریا تا ئەمرۆش بەندەری ئەسکەندرۆنەی تێدایە کە لە بەرژەوەندی تورکیا لەدەستی دا. بۆلیڤیا کە وڵاتێکی قەتیسکراوە، لەو دەمەی کەنارەکانی لە شەڕی زەریای هێمن لە ساڵی ١٨٨٣دا لەدەستدا، تا ئێستاش لە ٢٣ی ئازار/ مارس دا، ئاهەنگی "ڕۆژی دەریا" دەگێڕێت و داوای ڕێڕەوێک بەسەر زەریای هێمن دا دەکات، بەڵام چیلی داواکەی ڕەتدەکاتەوە. بەناوی نەبەردی قۆسوە (کۆسۆڤۆ) کە عوسمانییەکان لە ١٥ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٣٨٩دا تێیدا سەرکەتوو بوون، تائێستاش ناسیونالەکانی سرب داوای کۆسۆڤۆ دەکەن.

مێژوونووس، جوگرافیناس، ڕێکخراوە ناسیونالیستەکان و ئەو جەنگاوەرە دێرینانەی لە ژیاندا ماون، هێشتا نوێنەرایەتی ململانێیەکانی پێشوو دەکەن، هێندێک کەڕەتیش دانیشتوانە پەرتەوازە دەرکراوەکان، یا ئەوانەی دوورە نیشتمانن، لایەنگری هەرە بەپەرۆشی ئەو ململانێیانەن کە پشت بە گوتارە ئەفسانەئامێزەکان دەبەستن. ئەدەب ڕەهەندێکی لاوژەیی (ملحمی) سەرباری بابەتەکە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەرکێکی ترسناک دەکەوێتە سەرشانی جوگرافیناسەکان، بەوەی سەرنج بەلای ئەو نەخشانەدا ڕادەکێشن کە شەرعییەتی داواکاری وڵاتەکەیان دەسەلمێنێت. ئیدی بەوجۆرە "ململانێ غەمهێنەکەی" نێوان پیرۆ و ئیکوادۆر لە کانونی دووەم/ یەنایەری ١٩٩٥دا لەسەر ناوچەیەک لە دارستانە دەستلێنەدراوەکان (دارستانە پاکیزەکان – virgin forests) بوو کە ناوچەیەکی فەرامۆشکراوی پێنەزانراو بوو، کاتێک دیاریکردنی سنوور لە ڕێی "پرۆتۆکۆڵی ئاشتی و دۆستایەتی و سنوور"ەوە پەسەند کرا و

له ٢٩ی کانوونی دووەم/ یەنایەری ١٩٤٢دا له ڕێو واژووی لەسەر کرا. ئیدی لەو بەروارەوە هەموو حکومەتەکانی ئیکوادۆر ئەو پرۆتۆکۆڵە ڕەتدەکەنەوە، نەخشە فەرمییەکانی قوتابخانەکانیش هەرگیز ئەو دابڕینەی له ساڵی ١٩٤٢ ڕوویداوە، لەبەرچاو ناگرن. ژمارەی گیان لەدەستدانی ساڵی ١٩٩٥ بەهۆی نەخۆشی مەلاریاوە، هاوتای ژمارەی ئەو کەسانەیە کە بەفیشەک کوژراون، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جەنگە له کۆتاییدا بە ڕێکەوتن گەیشت.

گومانی تێدا نییە دوژمن بەجۆرێک "میراتی"یە کە وایلێدەکات له ڕابردوودا ڕەگ دابکوتێ و ببێتە توخمێک له توخمەکانی بیناکردنی ناسنامە. زۆر گرنگ نییە خودی وڵاتەکە له ئەنجامی درز و کەلینە ناوخۆییەکان دابەش بووبێت، بۆ نموونە، پاکستان یا سودان، تۆکمەیی کۆمەڵە مرۆڤێکە له توندیی گوتاری دژە ئەوی دی سەرچاوە دەگرێت. ئیدی بەوجۆرە وادیارە ئەو پاکستانەی بەهۆی جەنگە ناوخۆییە کەم تا زۆری ڕۆژانەکەی لەبەریەکهەڵوەشاوەتەوە، تەنیا له ڕووبەڕووبوونەوەی هیند لەسەر پرسی کشمیر، یەکتیییەکەی خۆی دەبینێتەوە. هەروەها سیاسەتوانە یۆنانییەکان زێدەڕەوی له هەڕەشەکانی تورکیا دەکەن بۆ ئەوەی متمانە له سیاسەتی ناوخۆدا بەدەستبهێنن. لەکاتی فڕینی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بەسەر دەریای ئیجەدا – شوێنی پەرینەوەیە – ناڕەزایەتی دەردەبڕن، چونکە پێیانوایە دەریایەکی خۆماڵییە، ئەمە له کاتێکدا نوێترین چەک لەسەر دوورگە هاوبەشەکان له کەناراوەکەی تورکیا دادەنێن. بەڵام له جەزائیر، هیچ شتێک لەبارەی مەغریب بە خوێندکارەکان ناوترێتەوە، وەکئەوەی زۆر بەسادەیی بوونی نەبێت.

جەنگ له ڕێی حەکایەتی مێژوویی ئەو نەبەردانەوە پیرۆز دەکرێت کە له هەموو گوتارە نەتەوەییەکاندا دەیبینین. پاڵەوانە جەنگاوەرەکان تا ئاستی ئەفسانە بەرزدەکرێنەوە. لاوژەی سەربازیی ناپلیۆنی له هوشیاری نەتەوەیی فەرەنسیدا، ڕۆڵی داگیرکاری خۆرئاوای دوور (Far West) دەگێرێت، یا فیلمە کاوبۆییەکان (گاوانەکان) له هەستی نەتەوەیی ئەمەریکیدا، یا جەنگی نیشتمانی مەزنی ڕووس دژ بە ناپلۆن کە بۆ یەکەمجار لەسەر دەستی مارشاڵ کۆتۆسۆڤ (Koutousov) شکستی هێنا.

گوتاری دوژمنکارانه پشت به ناسیونالیزمێکی هەمەتۆن (متنوعة النبرات) دەبەستێت کە دەشێت مایەی نیگەرانی بێت (یۆنان)، یا کەڵکەڵەی تۆڵەسەندنەوەی هەبێت (بۆلیڤیا)، یا نۆستالژی (حنینی – nostalgia) بێت (ئیسپانیا و هەر دوو ناوچەی سەبتە و مەلیلیە، ڕوسیا و یەکێتی سۆڤێت)، یا گوزارشت لە هەستی قوربانیبوون دەکات (سربیا)، یا عیرفانی (ئیسرائیلی گەورە)، یا پۆپۆلیستانەیە (هەنگاریا و پەیماننامەی تریانون)، یا ئیمپریالیزمانەیە (کۆنترۆڵی چین لەسەر تیبیت)، یا ئەفسانەییە (قودس بۆ ئایینە یەکتاپەرستەکان). دۆزینەوەی سەرچاوەکانی کەرەستە خاوە پەرچوئامێزەکان (العجائبیة)، سنوور و شاراوەکان، هەوڵێکە بۆ ئەوەی بنەمایەکی مادی بۆ دوژمنایەتی بخاتەڕوو. لە ترۆپکی ململانێی نێوان لیبیا و چاد، دەربارەی کەرتی ئۆزۆ (Aouzou)، باس لە یۆرانیۆم دەکرا... هەرگیز نەدۆزرایەوە. پۆچی و تورەهاتی هێندێک جیاوازی سنوور دەربارەی لمی وشک و شوێنە چۆڵەکان، وامانلێدەکات خەون ببینین: مەغریب و ئیسپانیا خەریک بوو ساڵی ٢٠٠٢ لەسەر دوورگە بچووکەی تورا (لەیالی ئێستا) بەشەڕبێن، شوێنێکی بەردەڵانە و تەنیا باڵندەی نەورەسی لەسەر دەژی و سەد مەتر لە کەنارەکانی مەغریبەوە دوورە. هەروەها سەبارەت بە یۆنان و تورکیا لەسەر دوورگە بچووکەکەی ئیمیا ساڵی ١٩٩٥، بەهۆی کەشتییەکی بارهەڵگری گیرخواردووی تورکیا کە فەرگاتەیەکی (فرقاطة) تورکی هەوڵی یارمەتیدانی دا، کەشتی گەلە جەنگییەکانی هەر دوو وڵات دەستیان بە سوڕانەوەی دوژمنکارانە کرد.

لەپشت ململانێکانی سنوورەوە، بیرۆکەی یەکێتی ئەتنیکی زۆر بەخێرایی دەردەکەوێت، دانیشتوانی سنوورە تێکەڵ و بەیەکاچووەکان لە هەردوو بەرەکەوە، بنکەیەک پێکدەهێنن بۆ ئەوەی سەرزەمینەکان بۆ نیشتمانی دایک بگێڕنەوە. ڕەنگە ئەو مامەڵەیەی بەسەریاندا سەپێنراوە، یا وتنەکەی، زۆر بە سادەیی، ئەو مامەڵەکردنە بەرەو دوژمنایەتی بەرێت. هێشتا حیزبە ڕاستەڕەوە توندڕەوەکانی لە بابەت جۆبیک (Jobbik) لە هەنگاریای ئەمرۆدا، باس لە "مەینەتی هەنگارییەکان" دەکەن، کە لە دوای پەیماننامەی تریانۆن (١٩٢٠)، لە پەرتەوازیی کەمایەتی وڵاتە دراوسێ جیاوازەکانەوە هاتوتە ئاراوە. لە ڕۆمانیاش هەروەکو سلۆڤاکیا، کەمایەتییەکان پارێزگاری لە یادی ئیمپراتۆرییەتی نەمسایی – هەنگاری دەکەن. هەموو تیورییە جیاوازەکانی هاوکاریی کولتوریی کە لە

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

سەردەمی نەتەوەکان، لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا پەیدابوون، لە سەرەتای سەدەوە وەک پرەنسیپێک بۆ دیاریکردنی سنوور بۆ کۆکردنەوەی دانیشتوانی تاک کەلتوری لە تاکە دەوڵەتێکدا ڕاگەیەنرا، وەک یەکێتی تورک، یەکێتی جێرمەنی، یەکێتی سلاڤی، یەکێتی عەرەبی، یەکێتی تورانی، یەکێتی سۆماڵی و یەکێتی ئاسیایی - کە هێندێک کەڕەت خۆرئاواییەکان بە یەکێتی مەغۆلی ناوزەدەی دەکەن. ئەو تیورییە جیاوازنە لە پرۆژە ئیمپرالییەکانی وەک ئەڵمانیای گەورە، سربیای گەورە سەریان دەرهێنا و تا ئێستاش لە بیرکردنەوە هەنووکەییەکانی وەک سوریای گەورە و هەنگاریای گەورە یا ئەڵبانیای گەورە بەزیندوویەتی ماوەتەوە. بەڵام گشت ئەو یەکێتییانەی لەسەر ئەو بنەمایە دروست بوون، شکستیان هێنا، بۆ نموونە، کۆماری یەکگرتووی عەرەبی، چیکوسلۆڤاکیا، یەکێتی نێوان لیبیا و تونس[٦٦]، یۆگسلاڤیا، کۆلۆمبیای گەورەی بۆلیڤاری و سینیگامبیا... لە ئێستادا کەمترجاران باس لەو تیورییانە دەکەین.

پاساوی بەکارهێنانی توندوتیژی بە بیرۆکەی تۆڵە، یا تۆڵەسەندنەوەدا تێپەر دەبێت، تەنها لە چەند حاڵەتێکی زۆر هەڵاوێرد دا، ئارگیومێنتە ئەفسانەییەکان پاڵپشتی لێ دەکەن، بۆ نموونە، سەرزەمینی پیرۆز، یا قەتلوعامەکانی ڕابردوو (کوشتارگەی کیوس (Chios) سەبارەت بە یۆنان) و بوارەکانی بیرەوەری. بەپێی میتۆلۆجییە ناسیونالییەکەی میلۆسۆڤیچ "هەر خاکێک سربییەکی تێدا نێژرابێت، خاکی سربییە". بەڵام سەبارەت بە خەمیر، "سەرزەمینی خەمیرەکان، هەموو ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە خەمیری لەسەر دەژی". زۆر بە دەگمەن گوتاری مێژوویی خوێندراو، هەوڵ دەدا جیاکاری لە نێوان ئەو کاروبارانەدا بکات کە پەیوەندی بە بەرپرسیارێتی ململانێکانی ڕابردوو هەیە، بگرە بەپێچەوانەوە، یارمەتی بڵاوکردنەوەی ئەو بیروباوەرە دەدا کە پەنابردن بۆ هێز، کارێکی حەتمییە. تەنانەت هێرشە سەرەتاییەکانی هیتلەریش، بۆ نموونە، داگیرکردنی ڕینانیا، وەک تۆڵەی زەلیلکردنی دیکتەیتەکانی ڤێرسای (Diktat de Versailles - املاءات فرساي) خرایەڕوو. بۆیە جێگەی پرسیار نییە چاو بە

[٦٦] - کاتێک یەکێتی نێوان ئەو دوو وڵاتە ڕاگەیەنرا، سەرهەنگ موعەممەر قەزافی لەبەردەم کامێراکانی تەلەفزیۆنی فەرمی لیبیادا سەر بۆڵدۆزەرێک کەوت و بەخۆی تابلۆی فەرمانبەرانی گۆمرکی لیبیای وردوخاش کرد، بۆ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە یەکێتی نێوان دوو وڵاتەکە ڕاستەقینەیە. لەو ڕۆژەوە فەرمانبەرانی گومرکی تونس میوانداری هاوکارە لیبییەکانیان دەکەن.

پەیماننامەی برێست – لیتۆڤیسک (Brest-Litovsk) دا بخشێنرێتەوە کە لەگەڵ ڕوسیای سیزاری دا واژوو کرا و هێندەی ڕووبەری فرەنسا و بریتانیای لەو وڵاتە دابڕی کە دەکاتە چارەکی دانیشتوانەکەی. ڕەنگە تۆڵەسەندنەوە لەسەر ئاستی سیاسی و لەسەر ئاستی ئامانجی لایەنگرانی دەسەڵاتخوازی سەربازی، دەست بدات بۆ ئەوەی بە دوای هۆکارێکی شەڕەکە (casus belli)دا بگەڕێیت. وەبیرهێنانەوەی بەردەوامی ململانێکان، "تۆڵەسەندنەوە" بۆ ئاستی ئیرادەی سەرنجڕاکێش و سارد و میتۆدانە بەرزدەکاتەوە، بۆ ئەوەی دوژمنایەتی بەرامبەر ئەوی دی لە زەینی هاوڵاتیاندا بهێڵێتەوە. دوای ئەوەی کردەی دوژمنایەتی دەست پێدەکات، ئەو ڕەوشەی لێی دەکەوێتەوە، دەبێتە مایەی مۆبیلیزەکردنێکی قەبەی سوپاکان و هەوڵدانی جەنگ.

نزیکیی جوگرافیا هەستی هەڕەشە لێکردن بەرهەم دەهێنێت. ئەو سەربازانەی ناچارن بە ئامادەباشی بمێننەوە، چەمکی ئۆپراسیۆنەکان دیاری دەکەن کە بەتەواوەتی ئاراستەی دراوسێ دەکرێن (هێڵی شین لە ڤۆج Vosges، پڕچەککردنی دوورگەکانی دەریای ئیجە سەبارەت بە یۆنان، چەمکی بەرگریکردنی چیلی دژ بە بۆلیڤیا و ئەرجەنتین). کاتێک قەیرانەکان دەتەقنەوە، سوپا بەئاراستەی دەست پێکردنی پرۆسەی دوژمنکارانە دەبرێن بۆ ئەوەی خەسڵەتێکی هێرشبەرانە لەسەر شانۆی ئۆپراسیۆنەکان بەدەست بهێنن کە بە سروشت لەڕووی جوگرافییەوە دیاریکراون (جەنگی ١٩١٤، جەنگی شەش ڕۆژە). ڕۆژنامە ئابرووبەرەکان، ڕۆڵێکی ئاگرینی دەبینن، چونکە تۆنی ناسیونالیستانەی توندڕەو لە ژمارەی فرۆشی ڕۆژنامەکان زیاد دەکات، هەروەکو گرووپی ڕۆژنامەوانی مەردۆخ لە بریتانیا لە شەڕی فۆکلاند و جەنگی عێراق دا، ئەو کارەی کرد.

بەتایبەتی سەربازەکان و ئەو سیاسییانەی شەرعییەتیان نییە، قەیرانەکان گورجتر دەکەن: هەر توێژێک بەناوی بەرگریکردن لە سەرزەمینە پیرۆزەکان یا بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات، ڕیشی توێژەکەی دی ڕادەکێشێت. باقی ئەو دانیشتوانەی سەرقاڵی کاری ڕۆژانەی خۆیانن، بەزۆری لە دەسەڵاتی بڕیاردان دوورخراونەتەوە، جگە لەو کاتانەی قەیرانە نیشتمانییەکان تۆخ دەبنەوە، گرنگییەکی ئەوتۆ بەو کارە نادەن. حەسەنی دووەم، ساڵی ١٩٧٥، بەمەبەستی

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

لکاندنی خاکی بیابانی خۆرئاوا کە مەدرید دەستبەرداری بوو، لە "ڕێڕۆیشتنی سەوز – المسيرة الخضراء"دا، ٣٥٠٠٠٠ هەزار خۆبەخشی مەدەنی کۆکردەوە کە هەر یەکەیان قورئانێک و ئاڵایەکیان هەڵگرتبوو. ئەگەری ئەوە هەیە ئامرازە لۆجستییەکان بۆ نمایشکردنی هێزێکی لەوجۆرە، لەلایەن دەسەڵاتی ئەو وڵاتەوە دابین بکرێت کە ڕەنگە لەپێشبوونی دیکەی هەبێت. گرژی سیاسی دەربارەی ناکۆکییە دووقۆڵییەکان، بە قەستی دنە دەدرێت، بەتایبەتی گەر بزانین سنووری جەزار–مەغریب، زیاد لە ٢٥ ساڵە داخراوە.

دەشێت هۆکاری هەڵگیرسانی جەنگ زیاتر ناوخۆیی بێت، تا ئەوەی نێودەوڵەتی بێت. هێرشی سەربازانی ئەرجەنتینی بۆ سەر دوورگەکانی فۆکلاند لە ساڵی ١٩٨٢دا، و ڕاگەیاندنی یەک لایەنەی سەرهەنگەکانی (colonels) یۆنان بە لکاندنی قوبرس (Enosis) ساڵی ١٩٧٣، یا جەنگی هیند–پاکستان لە کارجیل (Kargill) ساڵی ١٩٩٩، کە پێی دەوترێت "جەنگی سەهۆڵبەندان"، لە بەرزی ٥٠٠٠ مەتر لەگەڵ پلەی گەرمی ژێر سفر، نموونەی هاوچەرخن لەسەر هۆکارە ناوخۆییەکان.

بەڵام سنووری دروست و جێڕەزامەندی، ئەو سنوورەیە کە لەلایەن دراوسێ و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پەسەند بێت. ئەو جۆرە ململانێیانە زۆر بڵاو نین و ڕەنگە چارەسەر بکرێن، گەر دەسەڵاتێکی هەرێمایەتی بۆ چارەسەرکردنی ململانێیەکان هەبێت.

توندی پرسی سنوور

- **ئەفەریقیا**

ئەفەریقیا، ئەو کیشوەرەیە کە کۆلۆنیالیستەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی بریتانی و فرەنسییەکان، بەپێی پرەنسیپی ناوچەکانی دەسەڵات، سنووریان بەسەردا سەپاندووە . بەشی سەرەکی لە سنوورەکەی ئێستا کەمتر لە ٢٥ ساڵە دیاریکراوە. وڵاتە ئەفەریقییەکان ڕێزلێگرتنی پرەنسیپی (uti possidetis) پشتڕاست دەکەنەوە، واتە دەست نەبردن بۆ ئەو سنوورەی لە ئیستعمارەوە بە میراتی ماوەتەوە، هەروەکو لە دەقی بڕیاری ڕێکخراوی یەکێتی ئەفەریقیا لە ساڵی ١٩٦٤و لە بەڵگەنامەی ساڵی ٢٠٠٠ی یەکێتی ئەفەریقیادا هاتووە. لەو کاتەدا

تەنها دوو دەوڵەتی ئەندام، مەغریب و سۆماڵ، خۆپاریزییان کرد. لە واقیعدا، زۆر بەکەمی سنوورەکان دەستکاری کراون (سودان، بیابانی خۆرئاوا، ئەریتیریا و سۆمالیلاندی ئەمرۆ). ئەفەریقیا ٨٠٧٠٠ کلم سنووری نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەمی لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە کراوە. زۆرێک لە وڵاتان لە کۆنترۆڵ کردنی خاکەکەیاندا، بەدەست کێشەی گەورەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی ئەو ناوچە دووردەستانەی دەکەونە ئەو زەوییانەی بە زەحمەت دەستی پێدەگات (چیا، بیابان، جەنگەڵ). سنووری ئەفەریقیا بریتییە لەو ناوچانەی کاریگەرییەکی زۆریان هەیە، ئەوەش زیاتر ڕێگە بە چالاکی سنوور بەزاندن دەدا، تا ئەوەی نێوان گەلانی دراوسێ بەتەواوەتی جیا بکاتەوە. سەبارەت بە هێندێک لەو دانیشتوانەی لەسەر سنووری نێوان وڵاتان دەژین، کارێکی بەسوود نییە، تەنانەت بیر لە لۆجیکی سنووری وڵاتانیش بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئیدارە بەنزیکەیی بوونی نییە، هەروەکو دۆخی خۆرهەڵاتی چاد. سەبارەت بە گرووپە کۆچەرییەکانیش، هەڵوەشانەوەی سنوورەکان یا گوزارشتکردن لەو داواکارییانەی پەیوەستە بە ناسنامەیەکەوە سنوور ببەزێنێت، کارێکی ژیرانە نییە، بەڵام گرنگ بەردەوامیدانە بە ژیان، مادامەکی بوونی سیمبولییانەی سنوور، پراکتیزەکردن و نەریتەکانی ڕۆژانە ناگۆڕێت.

سەرباری بەردەوامی گفتوگۆ کردن دەربارەی سنوورەکانی ئەفریقیا، بەڵام، هەروەکو میشێل فۆشیە بەهەق ئاماژەی پێدەدا، بەهەمان شێواز لە هەموو بەشەکانی کیشوەرەکە ڕەتناکرێتەوە؛ ئەگەر ئەوەش ڕوویدات، ئەوا پشت بە یاسای کۆلۆنیالیزم دەبەسترێت، نەک جیاکردنەوەی گرووپەکانی سەر سنوور. سنووری باشووری بیابانی گەورە (ئەفریقیای ڕەش) کێشەیە، چونکە دانیشتوانەکەی بەرژەوەندییەکی گەورەیان لە پێکەوە ژیاندا نییە، بەتەنیا نەیجیریا، زیاد لە دوو سەد و پەنجا گرووپی ڕەگەزیی تێدایە و ململانێکانیشی زیاتر ناوخۆییە تا ئەوەی نێودەوڵەتی بن. هەروەکو تێبینی دەکەین دەسەڵاتی دەوڵەت، بەپێی دەستەواژەکەی جان فرانسوا بایار (Jean-Francois Bayard)، "مێزێکی خولاوەی" نێوان پێکهاتە ڕەگەزییە جیاوازەکانی وڵاتە. سێیەکی وڵاتە ئەفریقییەکان لە سەربەخۆبوونیانەوە بەدەست کودەتای سەربازییەوە ناڵاندوویانە، ئەمە لەکاتێکدا ململانێکانی سنوور هەڵاوێردن، ڕاستترە بڵێین

شێوەی شەڕی ناوخۆ، یا دوورخستنەوەی بەکۆمەڵی گرتووە (تۆگۆ – نەیجیریا، مەغریب – جەزائیر، ڕواندا، سەنگال – مۆریتانیا).

بەڵام کەسی "غەوارە"، چەشنی وشەی عاجی[٦٧]، چەمکێکە بۆ دوورخستنەوەی ڕکابەری سیاسی بەکاردێت کە بناغەی قەیرانە ترسناکەکەی کۆتدیڤوارە، یا بۆ جیاکاری پێکهاتەی ئەتنیکی بەکاردێت. هێندێک لە ڕژێمەکان خێڵە توتسییەکانیان لە وڵاتانی دەریاچە گەورەکاندا وەک "غەوارە" پیشان دەدا: خەڵکی نیلی (لە ڕووباری نیلەوە) هاتوون بۆ ئەوەی دانیشتوانە لۆکاڵییەکان لە بنەچەی بانتۆ داگیر بکەن، مۆرەکان لە سەنیگال کە لە هەمان کاتدا کۆمەڵە بەقاڵ–قەرزدەرێک و ئەتنیکین، لەکاتی قەیرانە گەورەکانی خۆراکدا، بەتەواوەتی بەئامانجگیرابوون. کیشوەری ئەفریقیا، ئەو کیشوەرەیە کە بەپێی کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران (HCR)، زۆرترین ژمارەی پەنابەری هەیە. ئەو خەڵکانە ویستی گەڕانەوە بۆ خاکی باوباپیرانیان دەیانجوڵێنێت (ئیدی شەرعییەتی نزیکایەتییان هەر چییەک بێت) و فاکتەری دروست کردنی قەیرانەکانیشن، هەروەکو لە ڕواندا بینیمان، یا ئەمرۆ لە کۆنگۆ (زائیری پێشوو)دا دەیبینین. بڵاوەپێکردنی سوپا لە دەوروبەری پایتەختەکاندا، نەک لەسەر سنوور، زیاتر بۆ پاراستنی ڕژیمە تا ئەوەی پارێزگاری لە وڵات بکات.

سەرباری لێدوانی سەرکردە و ڕووناکبیرە ئەفریقییەکان دەربارەی "دەستکردی" سنوورەکان و ئەو دابڕانەی کۆڵۆنیالیستەکان بەسەر کۆمەڵگە ڕەسەنەکانیدا هێناویانە، کەچی بزوتنەوەی ڕزگاری یەکخوازانە لەو کیشوەرەدا زۆر کەمە. هەر بیست و چوار هەوڵە جوداخوازانەکەی نێوان ١٩٤٦ – ١٩٩٨ شکستیان هێنا[٦٨]. سەرلەنوێ کێشانەوەی نەخشەی ئەفریقیا، بەپێی جیاکردنەوەی ئەتنیکی کە نزیکەی حەوت سەد ڕەگەز، بە هەزار و دووسەد زمان دەدوێن، گڕ لە ململانێکان بەردەدات لە جیاتی ئەوەی هێوریان بکاتەوە. بۆ نموونە، سوازیلاند،

---

٦٧ – مەبەست لە چەمکی عاجی دیاریکردنی ڕەگەزی هاوڵاتیانی کۆتدیڤوارە (ساحل العاج)، ئەوەش وڵاتێکە لە زیاد لە پەنجا گرووپی ڕەگەزیی پێکهاتووە. ئەم چەمکە ساڵی ١٩٩٤، سەرلەنوێ لەگەڵ سەرۆک کونان بێدیە (Konan Bedie) سەریهەڵدایەوە، بۆ ئەوەی نەیارە سەرەکییەکەی واتارا (Oattara) کە بە بیانی تومەتبار بوو، دوور بخاتەوە.

68– Foucher, Ibid, p.59.

ساڵی ١٩٨٢، ئۆفەرێکی لە ئەفریقیای باشوورەوە ڕەتکردەوە کە سەرەوەری لەسەر خاکی کانگوانی پێدەبەخشی و زیاد لە ملیۆنێک سوازی تێیدا نیشتەجێ بوون. باشووری بیابانی گەورە (ئەفریقیای ڕەش)، ئەو کیشوەرەی زۆرترین داوای یاسایی هەیە کە لە دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتی چارەسەر کراوە، بۆ نموونە، ململانێی یاسایی نێوان نەیجیریا و کامیرۆن، یا لەبەردەم دادگای ناوبژیوانی بۆ نیمچە دوورگەی باکاسی. سەرباری زۆری شەرە ناوخۆییەکان، بەڵام کیشوەرەکە بە "بەڵکەنەکردن" نەکرا وەکئەوەی زۆرێک ڕایانگەیاندبوو، سنوورەکانی لە چاو سنوورەکانی ئەوروپا و ئاسیا لە هەمان ماوەدا کەمترین گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

لە بەرامبەریشدا، بەئەتنیکیکردنی (ethincisation) هێزە سیاسییەکان و ستراتیجییەتی تاڵانکردن لەلای دەستەبژێر و گرنگیدانی ئابوری بیانی نوێ بە ناوچە بەپیت و پڕ سەرچاوەکان، میکانیزمی جەنگێکی نوێ پێکدەهێنێت، بۆ نموونە، شەڕی ناوخۆ لە لیبیریا و سیرالیۆن یا کۆنگۆ. وابەستەیی ئەتنیکی بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی دیکەی (ئابوری، ستراتیجی، سیاسی و سەربازی) گرووپێکی تایبەت پێشبخرێت. پێداگری ئەنگۆلا لەسەر مافی "ڕاوەدونانی جیولۆجی" سەبارەت بە شەڕ لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراسیدا، پێشینەیەکی نیگەرانهێنە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر ئەوجۆرە گەمەکارانەدا، چالاکە، بەڵام بەر بەرهەڵستی هەموو جۆرەکانی سیاسی و ئابوریش دەکەوێت. ئیفلیجی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوای ڕاپۆرتەکەی ئەلئیبراهیمی[٦٩] کە زۆر بە وردی گەمەکارە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دیاری کردبوو، ئەوانەی سوودیان لە قەیرانی کۆنگۆ بینی بوو، نموونەیەکی دراماتیکییە.

میشێل فۆشیە پێیوایە نزیکەی ١٦٪ی (١٣٠٠٠کلم) سنووری کیشوەرەکە ململانێئامێزە، بەشێوەیەکی سەرەکی لە مەغریبی عەرەبیدا، هێندێ کەڕەتیش بێ هیچ بنەمایەک (بۆ نموونە، ململانێی جەزائیر لەسەر بیابانی خۆرئاوا)، یا بەتەواوەتی لەسەر بنەمای داواکاری کۆلۆنیالیزم (بۆ نموونە، کەرتی ئۆزۆ سەبارەت بە لیبیا، بەپشتبەستن بە نەخشەی ئیتاڵیای فاشیزم). مەغریب نیوەی

---

[69]- Drop, Reseou froncophone de recherche sur les operations de paix, www.Operationspaix.net/Rapport-Brahimi.

بودجەی بەرگری بۆ کۆنترۆڵکردنی بیابانی خۆرئاوا خەرج دەکات. ئیدی بەوجۆرە یەکێتی مەغریبی عەرەبی بە مردوویی لەدایک بوو. دیبلۆماسییەتی تۆڵەستێنی عەقید قەزافی کە بەشێوەیەکی سیستماتیکانە سنووری دوای نەمانی کۆڵۆنیالیزمی ڕەتدەکردەوە، زیاتر ڕێکاریی بوو، تا ئەوەی سەربازی بێت. ئەمە گەر سەرنج بدەین، ئەوا لیبیا ئەو وڵاتە ئەفریقییە کە زۆرترین جار ڕووی لە دادگای دادپەروەری نێودەوڵەتیدا کردووە بۆ ئەوەی ناکۆکییە هەرێمایەتی و دەریاییەکانی لەگەڵ تونس و ناکۆکییە هەرێمایەتییەکانی لەگەڵ جەزائیر و ناکۆکییەکانی لەگەڵ چاد دەربارەی شریتی ئۆزۆ چارەسەر بکات. دوای لکاندنی سەد هەزار کلم٢ لە ئۆزو لە نێوان ١٩٧٢ و ١٩٨٧دا، لەگەڵ دراوسێکەی ڕووبەڕوووی جەنگ بووەوە، لە دوای بریاری دادگای دادپەروەی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی نجامینا، ساڵی ١٩٩٤ دەستبەرداری داواکەی بوو.

- **ئەمەریکای لاتین**

ئەمەریکای لاتین ناوچەی "سنووورە زیندووەکانە"[٧٠]. سەدەی نۆزدەهەم لەگەڵ بە کۆتاهاتنی کۆڵۆنیالیزم، وڵاتانی کۆپیکراو لە پادشایەتییە جێگرەوە (vice royautes) کۆنەکاندا هاتنەئاراوە، بۆلیڤاریزم لەسەر ئاستی کیشوەرەکە وەک ئەفسانەیەکی یەکگرتوو مایەوە. لەبەر ئەوەی ئاوەدانکردنەوە لە شارەکانی کەنارەوە بە ئاراستەی ناوەوە و سنوورە پێشکەوتووەکان دەستی پێکرد، بەتایبەتیش لە ناوچە دارستانە دەستلێنەدراوەکانی وەک ئەمازۆن، یا ناوچە شاخاوییەکان، پێشکەوت، بۆیە دیاریکردنی سنوورەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەتیورەیی مایەوە. بۆ نموونە، سنووری پاراگوای لەگەڵ بەرازیل بەدووری ١٠٠ کلم بۆ ماوەی چەندین دەیە لەکەمی داوە. دەشێت شتێکی لەوجۆرە لە گۆیانای فرەنسی، یا لە بۆلیڤیا لە ناوچە سنوورییەکەی سانتاکروز ڕوویدات، چونکە دەوروبەری دوو سەد خێزان لە جوتیارە بەرازیلییەکان، نزیکەی ٣٥٠٠٠٠ هیکتار لە سۆیا دەچێنن کە لە ٣٥٪ بەرهەمی بۆلیڤیا پێکدەهێنێت. ئەو ناوچەیە لانکەی کودەتاکان بوو، بۆ نموونە، کودەتاکەی

[70]– Jean Paul Chamay, “Les Ameriques dans leurs geopolitismes,” ISC, 2005, www.Stratisc.org.

جەنەراڵ هۆگۆ بانزەر (Hugo Banzer) لە ساڵی ١٩٧١دا کە بە پاڵپشتیکردنێکی ئاشکرای دیکتاتۆرییە سەربازییەکەی بەرازیل ئەنجام درا.

دیاریکردنی سنوور لەسەر پێدراوەکانی سەردەمی ئیسپانی دامەزرا و ڕۆڵێکی تایبەتی دا بە پارێزەران و هەڵگرانی بڕوانامەی دکتورا لە یاسا و خاوەن زەویوزارە کشتوکاڵییە گەورەکان، ئەوانەی بە باشی لە بواری سیاسیدا دەرکەوتن. سەربازەکان ئەرکی پاراستنی سەرزەمینە پیرۆزەکان لە ئەستۆ دەگرن، چونکە ڕەنگە تەنها ٢٠٪ سنوور دیاریکردن لە ئەسڵدا لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا بووبێت، ئەوەی دیکەی ڕەنگە بە هۆی جەنگ یا پرۆسەی گۆڕینەوەی نێوان خودی ئەمەریکییەکانی باشوورەوە گۆڕا بێت. هێشتا ئەو کاریگەرەی هێندێک لە ململانێ توندوتیژەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا جێیهێشتووە، لە ناسنامە نەتەوایەتییەکاندا ڕەگی داکوتاوە: بۆ نموونە جەنگی پاراگوای (١٨٦٤-١٨٧٠)، جەنگی زەریای هێمن (١٨٧٩-١٨٨٤)، یا جەنگی چاکۆ (١٩٣٢-١٩٣٥).

ساڵانی شەستەکان بواری بۆ پێشبڕکێیەکی ڕاستەقینەی پرسی سنوور خۆش کرد، هەر لە ساڵی ١٩٦٤ەوە لە بەرازیل، ئینجا ساڵی١٩٧٣ لە ئەرجەنتین و چیلی. دەستەی ئەرکانی گشتی دەیویست لە ڕێی چارەنووسێکی نیشتمانی "ڕوونەوە"، پاساو بۆ دکتاتۆرییەتەکەی بهێنێتەوە و گرنگییەک بە وڵات بدات کە لە واقعی خۆی گەورەتر بوو. واوەتر لە "ئاسایشی دەوڵەت"، ئەو ئەرکانە لە ڕێی هەڵهێنجانی چەمکی "سنوورە زیندووەکانەوە"، خەریکی نەخشەکێشانی وشکانی و دەریایی بوو، تا بەم بەرخوازییە جیوسیاسییە، هەموو جۆرەکانی سکهەڵگوشینە ئابوری، کۆتوبەندە ناوخۆیی و پێشێلکردنی ئازادییەکان پاساو بدرێنەوە. لە بەرازیل، جەنەراڵ کۆلبێری دو کۆتۆ سیلڤا[٧١] (Golbery do Couto e Silva)، پاڵپشت بە تیۆرەی "سنوورە زیندووەکان"، قووچەکی باشووری بۆ پێنج ناوچەی جیوسیاسی بۆ ژێر کۆنترۆڵی وڵاتەکەی دابەش کرد. دەریاوان "ئەدمیرال" هێرنانی گۆلار فۆرتونا (Hernani Goulart Fortuna) فەرماندەی فێرگەی باڵای جەنگ، دووپاتیدەکاتەوە کە تەنانەت گەر بەرازیل

[71]- Geopolitica do Brasil. Conjuntura Politica Nacional o Poder Executivo, Jose Olympio, Rio de Janeiro, 1981.

کێشەی سنووریشی نەبێت، ئەوا "کێشەی کۆنترۆڵ نەکردنی سنوورەکانی" هەیە و قاچاخچێتی مادەهۆشبەرەکان و ئۆپراسیۆنی چەتە و ڕێگرەکان و قاچاخچێتی چەکی تێیدا دەکری کە لە "وڵاتە دراوسێکانەوە دزەیان پێدەکرێت".

لە ئەرجەنتین، پیرۆن (Peron) "سنوورە ئایدیۆلۆجییەکەی" ڕەتکردەوە، بۆ ئەوەی پاساو بۆ هاوکارییەکەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتدا بهێنێتەوە و بەمەبەستی کۆکردنەوەی خەڵکی و لەدەسپێکی بان کیشوەری "الهضبة القارية" لە دەریای ئەرجەنتیندا کە دوورگەکانی فۆکلاند لە خۆدەگرێت، بیرۆکەی "سنووری ناوخۆ" و بیرۆکەی "ئەرجەنتینی گەورە"ی پەرەپێدا. پێویستە لەسەر ئەرجەنتینی "دوورگەیی"، "بازنەیی" کە هەناردەی خواردن دەکات، بەدیدگایەکی "نیمچە دوورگە" و "سێگۆشەیی" و "کیشوەری" و "کراوە بەسەر زەریای ئەتڵەسی و ئەنتارکتیکا (قارة القطب الجنوبی)دا بگۆڕدرێتەوە.

سەربازە چیلییەکان "دەریایەکیان بۆ چیلی" دیاری کردووە کە لە سنووری پیرۆ و دوورگەی ئیستەر لە زەریای هێمنەوە درێژ دەبێتەوە بۆ خاکی گراهام لە باشوور و دوورگەکانی ساندویچ و جۆرجیای باشوور لە ئەتڵەسی. لە ساڵی ١٩٧٨ەوە، پینۆشێ (Pinochet) باسی لە "سنوورە ئۆرگانییەکان" بەرەو ئەنتارکتیکا کردووە و لە تیۆرییەکەیدا کە پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەییەوە، سیاسەتی دەسەڵاتخوازی بۆ یەکانگیری کۆمەڵایەتی گونجاندووە.

ساڵی ١٩٩٥، ململانێی نێوان پیرۆ و ئێکوادۆر لەسەر ٧٨ کلم سنوور، بەڵگەیەکی نوێی لەسەر ژێوەری (حيوية) ململانێ سنووریە لاوەکییەکان پێشان دا کە سەرچاوەکانی جەنگ بە ئاراستەی سەرباز، سیاسەتوان، پارێزەرانی کۆیادەوەری (الذاكرة الجمعية) و کۆمپانییە بیانییەکان، بگرە تەنانەت هێندێک جار ڕووناکبیرانیش دەجولێنێت. بوونی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەمەریکی (OEA) فاکتەرێکە بۆ هێورکردنەوەی ململانێکان.

نموونەیەک وەبیردەهێنینەوە کە دەتوانێت ئەقڵییەتی سەربازی ئەو کیشوەرە ڕوون بکاتەوە: ساڵی ١٩٩٩، هێزی پیادەی چیلی دەیویست چوار سەد تانک بەدەست بهێنێت، واتە زیاتر لە ژمارەی تانکەکانی فرەنسا، ئەوەش لە وڵاتێکدا درێژییەکەی لە باکوورەوە بۆ باشوور ٣٠٠٠ کلم و ئەوپەری پانییەکەشی ٢٠٠

کلم[٧٢]. بۆچی؟ چونکە ئەرکانی گشتی ساڵی ٢٠٠٠ بیری لە دووبارکردنەوەی سیناریۆی "جەنگی زەریای هێمن" (١٨٣٦-١٨٣٩)، پاشان "جەنگی زەریای هێمن"ی (١٨٧٩-١٨٨٤) دەکردەوە کە تێیدا چیلی لەلایەک، پیرۆ و بۆلیڤیا لەلایەکی دیکە ڕووبەڕووی یەک بوونەوە. ئەو ململانێیە بە سەرکەوتنی چیلی بەکۆتا هات کە هۆکارەکەی هەڵوەشانەوەی ئەو تایبەتمافە بوو کە بۆلیڤیا بە کۆمپانیایەکی چیلی بەخشی بوو. بۆلیڤیا ڕێڕەوە دەریاییەکی لە دەست دا، ئیدی لەو دەمەوە لا پاز (La Paz) داوای مافی ڕێڕەوێکی مەدەنی بەسەر زەریای هێمن لە حکومەتی چیلی دەکات، ئەو داواکارییەی کە بە بەردەوامی سانتیاگۆ لە ترسی داوایەکی هەرێمایەتی گریمانەکراو ڕەتیدەکاتەوە. دەرئەنجامە ناپەسەندەکەی ئەو دژبەرییەی کە چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە و بۆ سەدو پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەوەیە کە بۆلیڤیا گاز و پەترۆڵ بەرهەمدەهێنێت لە دەستوورەکەیدا ڕەتیدەکاتەوە بەرهەمەکانی لە ڕێی چیلییەوە هەناردە بکات کە ڕێڕەوێکی سەر دەریای بۆ ناکاتەوە. چیلی کە سەرچاوەی وزەی نییە، پەترۆڵ لە فەنزەویلاوە هاوردە دەکات، ئەمە لە کاتێکدا بۆلیڤیا هێڵی بۆری نەوتی لە خاکی ئەرجەنتینەوە بەرەو زەریای هێمن هەڵبژاردووە و بازارەکانی ئاسیای بەسەر خۆیدا داخستووە. ئەم نموونە گاڵتەجاڕییە، ئەمە گەر کارەساتبار نەبێت، تایبەتمەندی کۆمەڵگەی سەربازی وڵاتێک لە وڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین ڕوون دەکاتەوە کە بە دیکتاتۆرییەت ئاشنایە.

هەروەها لەو کێشوەرەدا هەوڵەکانی یەکگرتن شکستیان هێنا (یەکێتی پیرۆڤی – بۆلیڤی، یا هەرێمە یەکگرتووەکان لە ئەمەریکای نێوەند)دا. دەشێت هەڕەشە زارەکییەکانی نێوان هەر دوو سەرۆکی کۆلۆمبی و فەنزەویلی لە هەواڵەکانی ئەمرۆدا، پێکدادانێکی سنووورداری لێ بکەوێتەوە.

- **ئاسیا**

ئاسیا سەرزەمینی گۆڕین و دەستکاریکردنی سنوورەکانە: لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، زیاد لە ٥٣ سنووری نوێ بەشێوەیەکی ئاشتیانە، یا توندوتیژانە دیاریکراون.

---

[٧٢] – سوپای چیلی تەنیا یەکجار تانکە شەرکەرەکانی لە ١١ ئەیلول/ سەپتەمبەری ١٩٧٣دا بەکارهێناوە، ئەویش کاتێک پەلاماری کۆشکی لا مۆنێدا (la Moneda)ی دا و سەرۆک ئەلیندی (Allende) کوشت.

خۆرهەڵاتی دوور و ناوەڕاست، بابەتی دابەشکردنێکی ڕاستەوخۆی سنوور بوون کە خۆرئاواییەکان دیارییان کردووە (ڕێکەوتنەکانی سایکس-پیکۆ). تا ئێستاش خەونە کۆنەکە بە یەکگرتنەوەی وڵاتانی عەرەبی کێبەرکێکان توندتر دەکاتەوە. ئەو تیورییە بە عەلمانی دەناسرێتەوە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا عەرەبە مەسیحییەکان گوزارشتیان لێی دەکرد و لە بیرۆکەی ڕابوونی عەرەبیدا ڕەگی داکوتا و دەستەبژێریش پاڵپشتی دەکرد، هەروەها ژیانی کرد بە بەری ئەو "سۆسیالیزمە عەرەب"یەی کە "پسپۆرە ستراتیجییەکان" بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە دژە خۆرئاواییان دەزانی.

لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، سەرچاوەی ململانێکە لە بانگەشەی ڕێبەرایەتی کردنی جیهانی عەرەبی و پێواری یەکانگیری کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و ئایینی هێندێک لەو وڵاتانەیە کە دیکتاتۆرەکان حوکمڕانی دەکەن، بەوەی بەرخوازی هەرێمایەتی دەکەنە بابەتێکی دووبارەیی سیاسەتی ناوخۆ (عێراق، سوریا، لیبیا). ململانێکانی سنوور لەزۆری دەدەن و دەسەڵاتدارە ستەمگەر و تا ڕادەیەک پاوانخوازەکانیش بەشێوەیەکی فراوان دەیقۆزنەوە. گەلی عەرەبی، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە دوو حەقیقەتی جیۆسیاسی دەورە دراوە، ئەوانەش نەتەوەی تورک و ئێرانییە.

زۆرێک لە پرۆژەکانی یەکگرتنەوە شکستیان هێنا کە جەمال عەبدولناسر یا سەرهەنگ قەزافی دەستپێشخەرییان بۆ کرد بوو. کاتێک شکستە ناکاوەکەی جەنگی شەش ڕۆژە ڕوویدا، مۆمی یەکێتی عەرەبی و لەگەڵیشیدا سۆسیالیزمی عەرەبی کوژانەوە. ئیسلامیزمی مۆدێرن مۆرکە سڕبووەکەی یەکێتی عەرەبی سەرکۆنە کرد و یەکێتییەکی دیکەی لەسەر بنەمای ئایینی پێشنیاز کرد، پێناسەیەکی بۆ سنوورە نوێیەکەی کۆمەڵگەی عەرەبی موسڵمان دانا؛ ئەوەش نەتەوە بوو. بەڵام ئەو نەتەوەیە لە ئێستادا بەهۆی شەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعە لە عێراق و پاکستان و لوبناندا لەسەرەمەرگدایە. لەلای خۆیشییەوە تورکیای لاو، یا بزوتنەوەی تۆڕانی، بەمەبەستی یەکخستنیی سەرجەم گەلانی تورک و یەکخستنەوەیان لە تاکە دەوڵەتێکدا، بانگەشەی بۆ یەکێتی تورک، یا یەکێتی خێڵە تورکەکان دەکرد، بەڵام مستەفا کەمال ڕەتیکردەوە. لەکاتی

سەربەخۆیی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستدا، هەوڵێک بۆ زیندوکردنەوەی یەکێتی تورک دەرکەوتەوە، بەڵام دەرئەنجامێکی قاییلکەرانەی نەبوو.

لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا، لەپرێکدا خێڵە کۆچەرییەکان، بەهۆی ئابوری پەترۆڵەوە زەنگین بوون. ئەوەش کارێکە بەبێ ئەوەی ڕێکەوتنی لەسەر بکرێت، سنوورکێشانی سەپاند، بەڵام شەڕی گەورەی لێ نەکەوتەوە. ڕژێمەکان چەک دەسێنن، بۆ ئەوەی پاسەوانی و پشتگیری ئەو فرۆشیارانە بەدەستبهێن کە خۆیان نایانەوێت لەبەر ئەو هۆکارە شەڕ بکەن. بەتەنیا تیۆەردانی بونیادی هەژمونگەرای ستەمکارێکی بچووکی ناوچەیی کە ڕێسا پەترۆڵییەکان تێکەڵ دەکات، دەتوانێت بەمەبەستی پاڵپشتی کردن دەستوەردان بکات (داگیرکردنی کوێت لەلایەن سەدام حسێن-ەوە، بە نموونە).

ناوچەکە کە تاڕادەیەک بە هۆی ڕەفتارەکانی خۆرئاواوە ناجێگیرە، بابەتێکی دیکەی پرۆژەیەکی فراوانخوازییە، ئەوەش پرۆژەیەکی ئیمپریالی و ئەمەریکیە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، لەپاڵ پرۆژەی ئیسرائیلی گەورە کە هەر لە بنەڕەتەوە پرۆژەیەکی ئایینی و ڕەگەزپەرستانەیە و فۆکس دەخاتەسەر کۆنۆنیالیزەکردنی زۆرەملێیانەی ئەو سەرزەمینانەی کە ئیسرائیل ساڵی ١٩٦٧ داگیریکردوون. هاوکات لەگەڵ ئەو داگیرکارییەی کە وڵاتە خۆرئاواییەکان، چاویان لەئاستیدا نوقاندووە، دیوارێک لە دوا پلانیدا دەوروبەری چل ناوچەی ئابڵوقەدراو و نزیکەی سێ سەد و نەوەد هەزار فەلەستینی دەگرێتەوە، لە ڕووی مادیشەوە هەموو پارچە زەوییەکانی کەناری خۆرئاوا لێکجیادەکاتەوە، بەوەش هەلومەرجی تەکنیکی بۆ دوورخستنەوە و جەنگی درێژخایەن فەراهەم دەکات، خۆرئاواییەکانیش بەرپرسیارێتی تەواو هەڵدەگرن.

نیوکۆنسێرڤاتیڤەکانی ئەمەریکا، میراتگرانی دیبلۆماسییەتی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی-بریتانی، ئەوانەی زۆربەی کێشەکانی ئێستای ناوچەکەیان لەپشت خۆیانەوە جێهێشتووە، لەگەڵ پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەدا، گەرەکیان بوو بەدیاریکردنی سنوور پرسەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست چارەسەر بکەن. داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا، ئەفغانستان لەلایەن "هاوپەیمانی ناتۆ"وە، هەلومەرجێکی بۆ ناسەقامگیری ستراتیجییەکی گرنگ هێنایەئاراوە (هەستی دژەخۆرئاوا، توندڕەوی ئایینی، جەنگی نێوان سوننە و

شیعە/ کوردستانێکی نیمچە سەربەخۆ، تێکدانی سەقامگیری پاکستان...) کە کاریگەرە جیهانییەکەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام دەبێت.

داواکارییە ڕزگاریخوازانەکەی سی ملیۆن کورد، لە تورکیا، سوریا، عێراق و ئێران، بەر لاساری و سەختگیری سیاسی دەکەوێت. ئیدی کورد وەک ڕەعییەتێک دەمێننەوە کە بڕیاردەران بەپێی پێویست بەکاریان دەهێنن، ئەوان وەک تیشکۆی قەیرانێکی هەمیشەیی دەمێننەوە!

بابەتی سنوور پرسێکی هەمیشەیی ئەم هەرێمەیە، چونکە خۆرئاواییەکان بەعادەتی خۆیان هێز پێشان دەدەن.

خۆرهەڵاتی دوور بە بوونی قەوارەی دەوڵەتە کۆنەکان دەناسرێتەوە: چین، ڤێتنام، کەمبۆدیا، هیند، ژاپۆن، کۆریا و ڕوسیا لەسەر سنووری باکوور. بۆیە سنووری خۆرهەڵاتی دوور نەریتێکی مێژوویی و پەراگەندەیی دەنوێنێت. لێرەدا وەبیرهێنانەوەی ململانێکان لەسەر سنوورە تەقلیدییەکان، یا لکاندنی خاک و پشتبەستن بە حەکایەتە کۆن و دژبەیەکەکان دووبارە دەبێتەوە. هیچ کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی پەنای بۆ دیاریکردنی سنووری دەستکرد نەبرد، لە بەرامبەریشدا، هیچ سیستمێکی هەرێمایەتی پرەنسیپێکی دامەزرێنەرانەی دانەنا (هەروەکو بۆ نموونە، ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقی ئەو کارەی کرد)، یا ڕێگەی بە چارەسەرکردنی ململانێکانی سنوور نەداوە؛ چونکە ئەوە شوێنپێیەک بۆ پراکتیزەکردنی "تیورەی دۆمینۆ" پەیدا دەکات کە پسپۆرە ستراتیجییەکان حەزی پێدەکەن و لەساتەوەختی جەنگی سارد دا پاساوی بۆ دەستوەردانەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە دەهێنایەوە.

چین خۆی بە چەقی ناوچەکە دادەنێت، بەڵام هەڵکشانە ئاشیخوازانەکەی (Heping jueiqui) بەپێی گوتەکەی دینگ کسیاو پینگ (Deng Xiao Ping)، وادەخوازێت ناکۆکییە سنوورەییەکان بەشێوازی ناسەربازییانە چارەسەر بکرێن، لە ئێستاشدا هەر ئەو کارە دەکات. هێشتا لەسەر زنجیرە چیا بەرزە بە بەفر داپۆشراوەکان کە رووبەرەکەی دەگاتە ٣٨٠٠٠ کلم٢، کێشەی لەگەڵ هیند دا هەیە، چونکە چین ساڵی ١٩٦٢ داگیری کرد، هەروەها لەسەر "ئەرۆناچاڵ پرادیش - Arunachal Pradesh"، دەوڵەتێکە لە هیمالایا کە چین داوای دەکات؛ چونکە ئەو خانەقایەی تێدایە کە شەشەم دالای لاما (Dalai Lama)

تێیدا لە دایک بووە، ئەمەش جۆرێکە لە دوورخستنەوەی دەستی دەرەکی لە پرسی تیبت. دواجار، ڕژێمی کۆمۆنیست کە لافوگەزافی لەناوبردنی ڕژێمی ئیمپراتۆرییەت لێدەدا، داوای تیبت دەکات، کە یەکێکە داگیرکارییەکانی ئیمپراتۆرییەت، بەو پێیەی ملکەچی سەروەرییە فیودالیزمە کۆنەکەی بووە. بەرخوازییەکانی چین زیاتر بەرخوازی ئاوییە تا ئەوەی وشکانی بێت، ئیدی لێرەوە گرنگییە زۆرەکەی هێزی دەریایی دەردەکەوێت. بەڵام داواکردنی تایوان تەنها مەشقێکی شێوازییانەیە (ستایلیست)، چونکە دەستکردییەکەی لە چینی نەبوونی دانیشتوانەکەیدا دەردەکەوێت. ئەم مەسەلەیە دەرئەنجامی داگیرکارییە چڕوپڕەکەی ساڵی ١٩٤٧ی کادرە هەڵهاتووەکانی کیومینتانگ (حیزبی ناسیونالیستی چینی) بوو. ڤێتنام مێژوویەکی دووردرێژی بەرهەڵستکارانەی دژ بە کشانی چین هەیە، هەروەها پەیوەندییەکی بەهێزی داگیرکارانەی لەگەڵ دەوروبەرە هەرێمایەتییەکەیدا هەیە، بەتایبەتی کەمبۆدیا. بەڵام مەترسیدارترین ململانێ لە ناوچەکەدا، ململانێی دەریاییە، ئەوەش پەیوەندیی بە داگیرکردنی دوورگەکانی پاراسێل و سپارتلی-یەوە هەیە کە لەلایەن چینەوە داگیرکراون و زۆرێک لە وڵاتانی کەنار دەریا داوای دەکەنەوە. دواجار، لە ئێستادا خۆرهەڵاتی دوور تاکە حاڵەتێکە کە ڕژێمێکی سەربازی دیکتاتۆری تێیدا جێگەی دەبێتەوە، واتە کۆریای باکوور، ڕژێمەکەش پێویستی بە درێوی هەڕەشەی جەنگەوە هەیە، بۆ ئەوەی پاساو بۆ ئەو سکهەڵگوشینە بهێنێتەوە کە بەسەر میللەتەکەیدا سەپاندویەتی.

دۆخی هیند، دۆخێکی دژەڕووە (پارادۆکسئامێزە). بەشێوەیەکی فەرمی لە سەردەمی ماهماتا گاندی (Mahatma Gandhi)ەوە، وڵاتێکی "ناتوندوتیژە"، وڵاتێکە لەسەربەخۆبونییەوە لە زۆرترین ژمارەی ململانێ و لکاندنی خاکەوە تێوەگلاوە؛ توندبوونی هیند بەرامبەر بە پرسی کشمیر کە سێر سیریڵ ڕادکلیف (Sir Cyril Radcliffe) لە کاتی دابەشەکردنەکەی ساڵی ١٩٤٧دا، بەهەندەکی بە نیودەلهی بەخشیوە، هۆکارێکی بەردەوامی قەیرانەکانە. بەڵام وڵاتێکە دۆخی خۆی وەک هێزێکی ناتوندوتیژ لە تیۆرییە ستراتیجییەکاندا دەپارێزێت، بێ ئەوەی بەرخوازییەکی گشتی ستراتیجی دیاری هەبێت، جگە لەوەی گومانێکی زۆری لە چین و پاکستان هەیە. پاکستان تەنها لە کاتی ململانێی لەگەڵ دراوسێ گەورەکەی (هیند)دا یەکێتییەکی سیاسی دەبێت.

ڕوسیا لە هەر دوو قۆناغی سیزاری و کۆمۆنیزمدا، چەمکێکی بۆ سنووری دووانەیی بەمیرات بۆ ماوەتەوە، دەبێ وڵاتە قەڵغانەکان دڵی وڵاتەکە لە داگیرکاری بپارێزن. ئەو ڕەوەندە ڕوسییانەی لە دوای ١٩٩١دا، لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا بڵاوبوونەتەوە، پاساوێکی نوێی دەستێوەردانە، ئەو تیۆرییانەی یەکێتی سلاڤی وەبیردەهێنێتەوە کە نێوەندە کۆنەکانی ڕوسیا برەوی پێدەدەن. ئەو تیۆرییەی فەیلەسوفی ڕوسی، ن. ی. دانیلڤسکی (N.I.Danilevski) پەرەی پێدا، لەسەر ئەو ناسنامە هاوبەشە دانراوە کە قەوارە سلاڤیە جۆراجۆرەکان بەشداری تێدا دەکەن: ڕوس، پۆڵۆنی، چیک، سلۆڤاکی، سلۆڤینی، کرواتی، سربی، مۆنتینیگری، مەقدۆنی، بولگاری، بیلاڕوسی، ئۆکرانی و ڕۆتینییەکان. دانیلڤسکی لەژێر چاودێری ڕوسدا، داوای یەکێتی سیاسییان لێ دەکات. ئەو بیرکردنەوەیە ڕێسایەکی ئایدیۆلۆجی بوو لە پێکهێنانی یۆگسلاڤیای ساڵی ١٩١٨دا و بۆ خۆهەڵقورتاندنی سیزار لە ناوچەی بەلکان و یەکێتی سۆڤێتیش بەر لە جەنگ و دوای جەنگ بەکاریدەهێنا. لەکاتی قەیرانی یۆگسلاڤیادا، هێندێک لایەنی ئەو بیرکردنەوەیە لە پاڵپشتی کردنی ڕوسیا لە سربیا دەبینین. یەکێتی سلاڤی لە شیکردنەوەکانی ئەلیکسەندەر سۆڵجینیتسین (Alexandre Soljenitsyne)دا دەبینین، ئەگەر چی دوژمنێکی سەرسەختی ڕژێمی کۆمۆنیزمیش بوو، پێی باش بوو ڕوسیا ئۆبلاستەکان (هەرێمەکان)، ئەوانەی لە باکووری کازاخستان بە زمانی ڕوسی دەدوێن، بە ڕوسیاوە بلکێنێت. ڕوسیا بە شێوەیەکی ئاشتیانە و بەتەواوەتی هەموارکردنەوەی سنوورەکانی سۆڤێتی پەسەند کرد، ئیدی سنوورە ناوخۆیەکانی یەکێتی سۆڤێت کە کۆمیساری نەتەوەکان، جۆزیف ستالین، لەسەر بنەمای دابەشکردن و پێناسەی ئەتنیکی دروستکراو، دیاری کردبوو، لە کاتی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتدا بوونە سنووری نێودەوڵەتی ١٧ وڵات. لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت، لە ساڵی ١٩٩١دا، ڕەنگە هەشتا بابەتی ناکۆکی سنووری وروژاندبێت، بەڵام ئەو ناکۆکییانە، تەنها یەک ململانێی لە ساڵی ٢٠٠٩ دا لەگەڵ جۆرجیا لێکەوتەوە. مەسەلەی سنوور لە ئاسیای نێوەند، لە ئایندەدا دوو پرس دەوروژێنێت: یەکەم، پرسی دژواری پێکەوەژیانی ئەتنیکی، هەروەکو لە قیرغیستاندا سەرنجی دەدەین کە دانیشتوانە ئۆزبیکەکە دەردەکات. لەلایەکی دی، لەبەر ئەوەی پەلکێشانی کۆلۆنیالیزمی ڕوسی، بەردەوامیی جوگرافیایە – بەپێچەوانەی پەلکێشانی فەرەنسا و بریتانیای مەزن – بۆیە وا تەماشای پرۆسەی

بەکۆتاهاتنی کۆلۆنیالیزم دەکات، وەکئەوەی لێسەندنەوەی خاوەندارێتی زەویوزار بێت. لەسەر ئەو بنەمایەش مۆسکۆ پێیوایە ئاسایشی سنوور لە باشووری وڵاتەکەی، کارێکی ناوخۆیە، نەک نێودەوڵەتی. چیچان سەبارەت بە ڕوسیا، تارادەیەک، لە ئیرلەندای باکوور دەچێت، سەبارەت بە بریتانیا.

شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە کرانەوەی سنوور لەناو یەکێتی ئەوروپادا، بنەما و پایەیەکی کاریگەرە بۆ ئەوەی ناکۆکییە سنوورییەکانی لە ئەوروپا پێ چارەسەری بکرێ. هەروەکو ڕۆبیرت شومان (Robert Schuman) لە کتێبی "لە پێناوی ئەوروپا" (Pour lEurope) دا، دەنووسێت؛ "سنوورە سیاسیەکان لە گەشەسەندنێکی مێژوویی و ئەتنیکی گەورە و کۆشانێکی درێژخایەن لە پێناوی یەکێتی نیشتمانی دا، هاتونەتە ئاراوە و ناتوانین بیسرینەوە. لە ڕۆژگارەکانی دیکەدا، دەمانتوانی لە ڕێی داگیرکارییە پڕزەبروزەنگ، یا بەهۆی هاوسەرگیری سوودبەخشەوە، شوێنەکانیان بگۆڕین. بەڵام لەمڕۆدا ئەوەندە بەسە لە بەهاکەی کەم بکەینەوە". ئیدی بەوجۆرە ئەڵمانیا دانینا بە سنووری ناوچەی ئۆدر نایس (Oder-Neisse)، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی لە بەرژەوەندی پۆڵەندا واز لە زەوییەکان بهێنێت، ئەمە لە کاتێکدا داواکاری کۆمەڵەکانی سودیت ئەڵمان (سودیتلاند) کە لە ساڵی ١٩٤٥دا ڕاگوزێرابوون، ڕەتکرایەوە لەلایەن چیکوسلۆڤاکیاوە قەرەبوو بکرێنەوە. هەنگاریا، لە دۆزی کەمایەتییەکانی سنووردا، چاوپۆشی لە داواکارییە شیمانەییەکانی کرد. هیچ هەوڵێک کە بەرخوازی و گرنگیی لە بەرخوازی و گرنگیی یەکێتی ئەوروپا دەچوو، لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم سەرزەمینەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا (با دەسپێشخەرییەکانی ڕێکەوتننامەی بازرگانی ئازاد لە ئەمەریکای باکوور و یەکێتی مەغریبی عەرەبی، یا ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو وەبیربهێنینەوە).

میشێل فۆشیە بەم دەرئەنجامە دەگات و دەڵێت: "کێشەی سنوور نییە، بەڵکو بەتەنها کێشەی پەیوەندیی نێوان وڵاتان و میللەتان لەسەر هەر دوودیوی سنوورەکە هەیە". مەبەست لە جەنگە سنوورییەکان - جەنگە سنووردارەکان - لەنێوبردنی ئەوی دیکە نییە، بەڵکو بەدەستخستنی زەوییە کە ڕەنگە هێندێک جار نەگاتە ڕووبەری پارچە زەوییەکی بچووک. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا وڵاتگەلێک لە ڕێی سەد و پازدە حاڵەتی توندوتیژەوە دروست بوون و لە دوا

سی ساڵیشدا تەنها لە سێ حاڵەتدا دروست بوون. دروست کردنی دیوار و پەرژین بەدرێژایی زیاد لە ١٨٠٠٠کلم لە هەشت ناوچەی جیهاندا، سنووری نوێ دیاریدەکەن، ئیدی چ شەرعی بێت، یا ناشەرعی (کۆریا، هیند – پاکستان، قوبرس، ئێرلەندای باکوور، بیابانی خۆرئاوا، ئەو دیوارەی دەوری سەبتە و مەلیلەی لە مەغریب گرتووە، دیواری سنووری باشوور لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، دیوار نێوان سعودیە و یەمەن، نێوان کوێت و عێراق، دیوارەکەی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکان و بەم نزیکانەش لە نێوان یۆنان و تورکیا)، ئەو دیوارانە گوزارشت لە ئەستەمبوونی پێکەوەژیان و دراوسێتی دەکەن.

گرفتی سەرچاوە دەگمەنەکان (ئاو، وزە و خاک)، وامان لێدەکات بیر لەوە بکەینەوە کە دابەشکردنی موڵکوماڵ لە چەند ساڵی ئایندەدا کۆتایی نایەت. بەڵام هیچ نووسراوێک نییە! کەچی هیوایەکی کەم هەیە کە بەشێکی گرنگی ناکۆکییەکانی سنوور، لێرە بەدواوە، تایبەتە بەناوچە ئاوییەکان (ناوچە ئابورییە تایبەتەکان، سەرچاوە پەترۆڵییەکانی بن ئاو، ناوچەکانی ڕاوکردنی ماسی)، تەنها ٣٠٪ یان بابەتی ڕێکەوتنەکان بوون. بەڵام ڕێگە بە بلیمەتی داهێنەرانە و جەنگاوەرانەی مرۆڤ دەدات بەرەو ئاسۆیەکی نوێ هەنگاو بنێت، هەروەکو بەم دواییانە ڕوسەکان ئەوەیان ڕوون کردەوە، ئەوانەی لە ژێر ناوچەیەکی سەهۆڵبەندانی کێشەلەسەر لە جەمسەری باکووردا، کارەکەیان ئەنجام دا.

گەمژەییە دوژمنێکی دەستکردت هەبێت

دۆخی یۆنان

لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە، بەتەنیا ناسیونالیزمی سەنگین بۆ یۆنان بەس نییە، بۆ ئەوەی هەڵوێستە بەرگرییەکەی ئێستای پێ ڕاڤە بکات.

پێویستە خەسڵەتەکانی ناسیونالیزمە یۆنانییەکە وەبیربهێنرێتەوە، گەر ئامانج لە "بیرۆکە گەورەکە"، جۆرێکە لەو یەکێتییە هێلینییەی کە لە سەردەی نۆزدەهەمەوە پەرەیسەندووە، کۆکردنەوەی گشت ئەو یۆنانییانە بێت کە بەزمانی یۆنانی دەدوێن، بە مەسیحییە ئەرتەدۆکسییەکانیشەوە، لە ژێر سایەی دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەی بڕیارە پایەتەختەکەی قوستەنتینە بێت. بیرۆکەکە لە سەدەی بیستەمدا بە زیندوویێتی مایەوە، ئیدی هەر زۆر زوو بووە پاساوێک بۆ سیاسەتی ناوخۆ کە هەموو سیاسییەکان لە هەموو ئانوساتێکدا دەیقۆزنەوە. یۆنان تەنها لە ساڵی ١٩١٨دا بەشداری یەکەم جەنگی جیهانی کرد، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە ناسنامەی ئەو

هاوپەیمانییەی کە بتوانێت دەستکەوتی خاکی بۆ برەخسێنێت، بۆیە بەری ئەو هاوپەیمانییەی لە ڕێی ڕێکەوتننامەی سیڤرەوە چنییەوە کە کەنارەکانی خۆرئاوای تورکیای پێ بەخشرا. ئەسینا دەیویست خاوەنێتی بەرەو ناوەوە بەرێت، بۆیە سوپاکەی تا ئەنقەرە جوڵاند. لە کۆتاییدا، مستەفا کەمال شکستی پێهێنا، ئەوەش "کارەساتە گەورەکە" بوو، چونکە ١.٢ ملیۆن یۆنانی لە ئەنادۆڵ و ٧٠٠٠٠٠ هەزار تورک لە یۆنانەوە بە دوو ئاراستەی جیاواز ڕەویان کرد، ئەو کارەی بەشداری لە بەردەوامیی ململانێکە کرد.

تا ئێستاش یۆنان، سەرباری پرەنسیپەکانی یاسای دەریاوانی، دەیەوێت لە ڕێگەی دیبلۆماسییەوە دەریای ئیجە لەسەر نەخشە فەرمییەکانی، بکاتە دەریایەکی ناوخۆ. مانەوەی ئەو ناسیونالیزمە لەخۆباییە بەشداری دەکات لە شرۆڤەکردنی ئەو ڕۆڵە پەرگیرەی سوپا لە وڵاتێکدا کە دوا وڵاتی خۆرئاوایە لە ماوەی نێوان ١٩٦٧ تا ١٩٧٤دا ئاشنایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی سەربازیدا هەبووە. جارنامەی (Enosis)، واتە لکاندنی قوبرسی سەربەخۆ (کە تورکێکی زۆرتێیدا دەژیا) بە بڕیارێکی یەک لایەنەی یۆنان، دوا بەشی دیبلۆماسییەتی ڕژێمی کۆلۆنێلەکانی ساڵی ١٩٧٤ بوو. ئەوەش داگیرکارییەکەی تورکیای لێکەوتەوە کە مەبەست لێی پاراستنی کەمایەتییە موسڵمانەکەی سەر دوورگەکە بوو. ئیدی لە ساڵی ٢٠٠٤وە، لەدوای ئەوەی قوبرس بووە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، ئەو مەسەلەیەش بوو بە مەسەلەیەکی ئەورووپی. بەپێی ئەو ڕاپرسییەی ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجام دراوە، کە تێیدا لە ٧٧٪ یۆنانییەکان، تورکیا بە مەترسییەکی سەرەکی دەزانن، قوتابخانە فەرمییەکانی یۆنانیش ئایدیۆلۆجی ناسیونالیزمی نیگەرانهێن بڵاو دەکەنەوە. یۆنان لە ساڵی ٢٠٠٥دا گرنگترین بەرنامەی بۆ کرینی کەلوپەلی سەربازیی لە نێو وڵاتانی پەیمانی باکووری ئەتڵەسیدا هەبوو، ئەمە لە کاتێکدا هیچ پیشەسازییەکی بەرگری نەبوو: ٢.٨٪ لە بەرهەمی ناوخۆیە، لەوپەڕی حاڵەتدا دەگاتە ٦٪ لە بەرامبەریشدا، لە وڵاتانی پەیمانی ناتۆدا تێکڕای نێوەنجی لە ١.٧٪ سوپا لە ٢.٩٪ هێزی کار دەنوێنێت، لە بەرامبەردا ١.١٪ لە وڵاتانی دیکەی یەکێتی ئەوروپا پێکدەهێنێت. یۆنان بە بەردەوامی تورکیا بە سەرچاوەی هەڕەشەکردن لەسەر خۆی دەزانێت، ئەمە سەرباری ئەوەی هەر دووکیان ئەندامی پەیمانی ناتۆن. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ گرێبەستی خۆپڕچەک کردن، یەکێک بوو لە ئامرازە سەرەکییەکانی مایەدانی حیزبە سیاسییەکان. ئایا پێویستە لێرەدا هۆکاری کۆدەنگی نێوان حکومەتە جیاوازەکان لەسەر بەرنامەی سەربازی بزانین؟ لە واقیعدا، تەنیا هیوا ئەوەیە کە سیاسەتوانە یۆنانییەکان کاروبارەکان بە جدی بگرن؛ قەیرانە ئابوورییەکەش ژێرتریان بکات.

جەنگی کارەستباری چاکۆ (Chaco War) (١٩٣٢ - ١٩٣٥)

جەنگەکە لە نێوان ١٩٣٢ و ١٩٣٥ هەڵگیرسا، تێیدا بۆلیڤیا ڕووبەڕووی پاراگوای بووەوە و بووە هۆی مردنی یەک لەسەر چواری جەنگاوەرە خۆبەخشەکان و دڕندانەترین جەنگی هەموو سەردەمەکان بوو. ڕەگوریشەی ئەو ململانێیە، وەک زۆریک لە جەنگەکانی ئەمریکای لاتین لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، لە دیارینەکردنی سنوور و ئەو تایبەتمەندییانە بوو کە لە هەرێمە کۆلۆنیالیەکانی ئیسپانیا بەمیراتی مابووەوە، ئەمە لەگەڵ پێواری نیشتەجێبوونێکی ڕاستەقینە لەسەر سەرزەمینە بەرفراوانەکاندا.

یەکەم گەورە ململانێ کە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٥ و ١٨٧٠دا، دەربارەی بیابانی گران چاکو ڕوویدا، ڕووبەڕووبونەوەیەک بوو لە نێوان پاراگوای و هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکەی ئۆرۆگوای و ئەرجەنتین و برازیل، لەو ڕووبەڕووبونەوەیەدا پاراگوای دوچاری شکستێکی ئابرووبەرانە بووەوە و ئەرجەنتینیش دەستی بەسەر چاکۆ دا گرت. بۆلیڤیا سوودی لەو شکستە وەرگرت، بەو پێیەی "گران چاکۆ بۆریاڵ (Gran chaco Boreal)" دەکەوێتە ناو بازنەی دەسەڵاتییەوە. بەڵام لەبەر سەختی ناوچەکە و کەشوهەوا تاقەتقرۆکێنەکەی و نەبوونی هیچ ژێرخانێک، کاری نیشتەجێبوونی تیا ناکرێت. ساڵی ١٨٨٤، بۆلیڤیا کە دوای جەنگ هەموو گوزەرگایەکی بەسەر زەریای هێمندا لەدەست دا، چاوی بڕیبووە ڕووباری پاراگوای تا ڕێڕەوێک بۆ ئەتڵەسی دابین بکات، بەڵام پاراگوای ئەوەی بەدەمارگرتن و ئیستفزاز دەزانی.

پاراگوای لە ساڵی ١٩٢١ەوە لە چاکۆ دەستی بەدانانی بنکەی سەربازی کرد، بۆلیڤیاش بە هەمان شێواز هێڵێکی لە قەڵای بچوک دروستکرد، میتافۆریکە لە کوختی بچوکی سەر بە پووش پۆشراو کە بەچواردەوریدا خەنەک لێدەدرێ. لەسەر بنەمای ئەو دەنگۆیانەی کە نەوت لە ناوچەکەدا دۆزراوەتەوە، ئەو دوو دەوڵەتەی بەدەست هەژارییەوە دەیانناڵاند، شەڕیان لە دژی یەکتر ڕاگەیاند. بۆلیڤیا لەلایەن کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکی (ستاندارد ئۆیڵ) پشتگیری دەکرا، ئەمە لەکاتێکدا کۆمپانیا بریتانییەکان و کۆمپانیای (شێڵ) پاڵپشتی پاراگوایان دەکرد. جەنگەکە لە حوزەیرانی ١٩٣٢دا لە ڕۆخی دەریاچەی پیتیانتوتا (Pitiantuta) چەخماخەی دا، ئەوەش پێگەیەکی ئاو بوو کە تێیدا پاراگواییەکان قەڵا بچووکەکانی بۆلیڤیایان لەنێوبرد. جەنگەکە کارەساتێکی مرۆیی بوو، سەرباری سەد هەزار قوربانی لە شەڕەڤانان (هەڵسەنگاندنێکی گەشبینانەیە)، هەمان ژمارە و زیاتریش لە کاتی شەڕەکە و دوای شەرەکەش بەهۆی مەلاریاوە گیانیان لەدەستدا و دەستە سەربازییەکان بەتەواوەتی

لەو بیابانە وشکانە بزر بوون کە تەنها زۆنگاوە بۆگەنەکانی تیابوو. لیژنەیەکی نێودەوڵەتی کە پێکهاتبوو لە کۆلۆمبیا و کوبا و مەکسیک و ئۆرۆگوای و ویلایەتە یەکگرتووەکان، دۆخەکەی بۆ پێش شەڕەکە گێڕایەوە، کۆمەڵەی نەتەوەکانیش ئاگادارنامەیەکی وەک دەستدرێژیکارێک ئاراستەی پاراگوای کرد. لە ١٢ی حوزەیران/ یۆنیۆ/ ١٩٣٥دا دەست بە گفتوگۆی ئاگربەست کرا، پەیماننامەی ئاشتی سەرەتایی لە ساڵی ١٩٣٨دا دانرا و لە دوای حەفتاو چوار ساڵ واژووی لەسەر کرا.

سەربازانی بۆلیڤیا، هەروەکو بەزۆری ئەو کارە دەکەن، بەرپرسیاریتی شکستەکەیان خستە ئەستۆی مەدەنییەکان و هانی کودەتاکەی ساڵی ١٩٤٣یان دا. تا ئێستاش نەوت لە چاکۆ نەدۆزراوەتەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەشی حەوتەم
پێشبڕکێکاری جیهانی

"ئەی سپییێست بارە قورسەکەت وەرگرەوە،
ئاخر پاداشتەکەت بێبەهایە،
سەرزەنشتی ئەوە بکە کە دیارییەکەتی دەوێت،
ڕقوکینەی ئەوانەی چاودێرییان دەکەیت،
خەڵکە گەمژەکەی پرسەکان
کە ڕووەو ڕووناکی ڕێنماییان دەکەیت
بۆچی تاریکمان دەرەوێنیتەوە
و ئازادیمان پێدەبەخشیت؟"

رودیارد کیپلینگ (Rudyard Kipling)

باری پیاوە سپییێستەکە (١٨٩٩) (Le Fadeau de lhomme blanc)

هەڵبژاردەیەک

پێشبڕکێکاران بەپێی پێوەری نەخشەی جیهانێکی تەخت، بیر لە باڵادەستی بەسەر جیهاندا دەکەنەوە، هەروەکو فرەنسا و بریتانیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم و یەکێتی سۆڤێت لە ماوەی جەنگی سارد دا ئەوەیاندەکرد، ڕەنگە سبەینێ ویلایەتە یەکگرتووەکان و چینیش ئەوە بکەن. خودی میکانیزەمە ئایدیۆلۆجییەکان، لۆجیکی جەنگ قاییم دەکەن: واتە هەستکردن بەچارەنووسێکی حەتمی کە پاساو بۆ دۆخە بەهێزەکەی دەهێنێتەوە، لەگەڵ تێڕوانینە گشتگیرەکەی بەرخوازییەکانی کە هێندێک جار دابەشەکردنی جیهان، جەنگ بە وەکالەت و ململانێ جیهانییەکانی لێ دەکەوێتەوە.

لە سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، گەریدە، سەرباز، کۆمەڵەی جوگرافیناسان و جیۆسیاسییەکان ڕۆڵێکی مێژوویی سەنترالیان لە تێڕوانی جیهانی پێشبڕکێ کردندا گێڕا. لەو دەمەدا کارەکە پەیوەست بوو بە دۆزینەوەی جیهانێکی نادیار (بۆ سپییێست) و شرۆڤەکردنی باڵایی شارستانی خۆرئاوا و پاساوهێنانەوە بۆ کۆلۆنیالیزم. بەربەرەکانێ لە ڕابردوودا پێشبڕکیی جوگرافی

بوو: چونکە هێندێک جار نێردە کێبەرکێکارەکان دەبوونە مایەی هەڵایسانی جەنگ، هەروەکو لە ١٨ی ئەیلول/ سەپتەمبەر ١٨٩٨دا، لە نێوان فرەنسی و بریتانییەکاندا لە فاشودا (Fachoda) ڕوویدا کە لەو سەردەمەدا پێی دەوترا "پێشبڕکێ بۆ ئەفریقیا". "پاشەکشێی" کۆلۆنێل مارچاند (Marchand)، لەسەر ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی فرەنسا، قەیرانێکی سیاسی ناوخۆی لێ کەوتەوە و بەهۆیەوە حکومەت ڕووخا کە زۆر بە توندی بە "خیانەتکردن لە ئابرووی وڵات" و ڕیسواکردنی تومەتبار دەکرا.

ئیمپریالیزمی خۆرئاوا

بەگشتی دووپاتکردنەوەی ناسیونالیزم بە چارەنووسی کۆنترۆڵکردنی جیهان، بە بنەمای ئایدیۆلۆجی سیستمی ئیمپریالیی دادەنرێت. ئەمرۆکە لە کتێبەکانی مێژوودا "ئاقاری چارەنووسی حەتمی " (destinee manifeste)ی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئیمپریالیزمی سەردەمی ڤیکتۆریا دەخوێنرێت کە هەڵگری "باری پیاوە سپییپێستەکە"ی کیبلینگ و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ (droit-de-l-hommisme) و "پەیامی شارستانییەتی" فرەنسایە کە جول فیری (Jules Ferry) بانگەوازی بۆ دەکرد، بەوپێیەی فرەنسا میراتگری شۆڕشە و پێویستە لەسەری درێژە بە کۆلۆنیزەکردنی جیهان بدات. یەکێتی سۆڤێت حەکایەتێکی زۆر سەردەمیانەتری لەسەر ئیمپریالیزم داهێنا: "نێونەتەوەیی پرۆلیتاریا" و "نیشتمانی کرێکاران" کە مۆسکۆ قیبلەگایان بوو، ئەمە لە کاتێکدا ئینتەرناسیونالیزمی سێیەم شوێن و ڕێیان بوو. چین لەسەردەمی ماو دا لە ڕێی بانەرەکانی (Banners) پڕۆپاگەندەی "دۆستایەتی نێوان گەلان" بەشداری زۆرێک لە برەودانەکانی کرد، ئەوەش ڕێگەیەک بوو بۆ سەرکۆنەکردنی دەسەڵاتخوازانەی مۆسکۆ کە لەسەر حیسابی گەلان، حیزبەکانی بەڕێوەدەبرد. گشت ئەو ئایدیۆلۆجیانە بەباشی ناسراون و پێویست ناکات بەدوورودرێژی باسیان لێوە بکرێ، بەڵکو تەنها وەبیردەهێنرێنەوە، بەوەی هێشتا بەشێکی زۆر لە بیرکردنەوەی ستراتیجیستەکان دەربارەی ئاسایشی نێودەوڵەتی پێکدەهێنێت. هەر هەموویان دەیانەوێت پاساو بۆ چەمکی "هێز" بهێننەوە، چونکە هەر یەکەیان پەرەی بەبیرۆکەی هێز دەدا تا بەرخوازییەکانی دابین بکات و کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی ئەوی دیکە دابنێت. بۆیە ڕەهەندی ئایدۆلۆجی ئیمپریالیزم بنچینەیە.

وەزیری کۆلۆنیالی بریتانی، جۆزیف چامبەرلاین (Joseph Chamberlain) پێی خۆش بلێت: "فێری بیرکردنەوەی ئیمپریالیزمانە بن!".

بیروباوەری ئیمپریالیزم، جیوسیاسیی تایبەت بە ئەڵمانیا (Geopolitik)ی سەدەی نۆزدەهەم و جیوسیاسی تیوره گەورەکانی ئیمپریالیزم (زانستی) و کۆلۆنیالیزمی هێنایە ئاراوە. لەو جیوسیاسییە داروینییەدا، هێز بە خاک و بەندەر و سەرچاوەکانەوە هاوتا دەبێت. فریدریش ڕاتزل (Friedrich Ratzel) باوکی جیوسیاسی ئەڵمانیا، زانایەکی سروشت بوو کە بەرەو جوگرافیا ڕۆیشت، دەوڵەت وەک بوونەوەرێکی زیندوو وەسف دەکات و دەڵێت: "دەوڵەت هەمان ئەو کاریگەرییانەی لەسەرە کە لەسەر هەموو ژیان هەیە. شوێنەکان بڵاوبوونەوەی خەڵکی لەسەر خاک، فراوانبوونی دەوڵەتەکەیان دیاری دەکات (...)، بۆیە پێویستە سنوور وەک دەستەواژەیەک لەسەر جوڵەیەکی ئۆرگانی و نائۆرگانی بیری لێ بکرێتەوە". هەروەها پێویستە بڵاوبوونەوەی نەتەوەکان بۆ زەوتکردنی سەرزەمینی ئەو وڵاتانە بێت کە چالاکییەکی کەمتریان هەیە. ئەوەش تێروانینێکە هەموو ئۆپراسیۆنەکانی لکاندنی خاک بەشەرعییەت دەکات.

کارڵ هاوسهۆفەر (Karl Haushofer) (١٨٦٩-١٩٦٤) بیرۆکەی زیندەبەرگ "بایۆسفێر"ی مشتوماڵ کرد کە پێشبینی دابەشکردنی جیهان بۆ چوار ناوچە دەکات: ناوچەی پانئەورووپا (zone paneuropeenne) کە ئەفریقیا و خۆرهەڵاتی ناوەراست دەگرێتەوە و ئەڵمانیا کۆنترۆڵی دەکات، ناوچەی پانئەمەریکا (zone panamericaine)، ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆنترۆڵی دەکات، ناوچەی پانڕوسیا (zone panrusse) کە ئاسیای ناوەڕاست و ئاسیای باشوور دەگرێتەوە و لەلایەن ڕوسیاوە کۆنترۆڵ دەکرێت، لەپاڵ ناوچەی پانئاسیا (zone panasiatique) کە ژاپۆنی هاوپەیمانی ئەڵمانیا کۆنترۆڵی دەکات و خۆرهەڵاتی دوور (چین) و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا و باکووری زەریای هێمن دەگرێتەوە، ئەوەش بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گەمارۆی ئەنگلۆساکسۆنی ببنەوە. ئەو تێڕوانینەش لە سایەی ڕایخی سێیەمدا پراکتیزە دەکرێت کە پێیوایە دەبێ "میللەتە گەورەکان" جیهان بەپێی هاوپەیمانییە باوەکان و بەپێی پلەبەندییەک کە بنەماکەی ڕەگەزییە، دابەش بکەن.

فێرگەی ئینگلیزی ئەدمیراڵ جۆن ماک کیندەر (Halford John Mackinder) (١٨٦١-١٩٤٧)، جەختی لەسەر هێزی دەریایی دەکردەوە (Sea power). دەریا و زەریاکان نزیکەی سێ لەسەر چواری گۆی زەوی دادەپۆشن. بریتانیا ئەو دوورگە جیهانییە کۆنترۆڵ دەکات کە ماک کیندەر بە دڵی جیهان (Heartlan) ناوی دەبات، هەروەها دوورگە دوورەدەستە گەورەکانی (Outlyings Islands) وەک ئوستورالْیاش کە ستراتیجییەکی کەمتریان هەیە. دڵی جیهان، چەقی ڕاستەقینەی جوگرافیای جیهان، لە دەشتاییەکانی ئەوروپای ناوەڕاست بۆ سیبیریای خۆرئاوا بەئاراستەی دەریای ناوەڕاست و ئاسیای باشوور شۆڕدەبێتەوە. بەپێی ماک کیندەر، لەسەر ئیمپراتۆری بریتانیا کە هەژمونی بەسەر دەریاکانەوە هەیە، پێویست بوو، لە ڕێی کۆنترۆڵ کردنی ئامرازەکانی گواستنەوە، بەتایبەتی هێڵی شەمەندەفەر، لەپێناوی ئەوەی وەک زلهێزێکی جیهانی بمێنێتەوە، کار بۆ پەیداکردنی پێگەیەک لەسەر ئەو سەرزەمینە بکات.

فێرگەی ئەمەریکی لەگەڵ ئەدمیراڵ ماهان (Alfred Thayer Mahan)دا (١٨٤٠-١٩١٤)، زیاتر گرنگی بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای شارستانییەکان دەدا، ئەگەرچی گرنگییەکی زۆریشی بە هێزی دەریایی داوە. فەرماندە سەربازییە باڵاکانی ئەمەریکا کە تا ئەمڕۆش هەسارەکە دابەش دەکەن، هەمیشە لە دەریایەوە تەماشای زەوی دەکەن. سیاسەتی ڕەتدانەوە بنەمای ستراتیجی ئەمەریکی دژ بە ئەوروپییەکانی ئەمەریکای لاتین پێکدەهێنێت، پاشان دژ بە یەکێتی سۆڤێت، سبەینێش دژ بە چین. جاڕنامەی پرەنسیپی مۆنرۆ بووە هۆی دیاریکردنی ڕووبەرێکی جوگرافی کە لە ئیمپریالیستەکانی دیکەدا قەدەغە بوو. "هەر هەوڵێکی ئەوروپا کە ئامانجی سەپاندنی ڕژێمەکەی بێت بەسەر هەر بەشێکی نیوەی ئەم سەرزەمینەدا (هەر دوو ئەمەریکا)، بەمەترسی لەسەر ئاشتی و ئاسایشمان دادەنرێت". مۆنرۆ لە وتارەکەی ١٨٢٣یدا زۆر بە ڕوونی ئەوەی ڕاگەیاند. پاشان تیورەی بەرپێگرتن (containment) جێگەی تیورەی ڕەتدانەوەی (roll back) گرتەوە: پەلکێشانی ڕوسیا لە نەوەکاندا، ئەمریکای هان دا لە کاتی شۆڕشە ڕەنگاوڕەنگەکانی جۆرجیا و ئۆکرانیا و قیرغیزستاندا، لەژێر پەردەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بەرگری لە مافەکانی مرۆڤ، مایەدانی ژمارەیەک حیزبی سیاسی بکات، هەروەها فێرگەی ئەمەریکی پێداگری لەسەر ڕەهەندی کولتوری هێز دەکردەوە و تا ئێستاش هێندێک لە ڕەگەزەکانی لەو

گفتوگۆیانه ماوه که دەربارەی زەبرەهێز (hard power) (ئامرازە سەربازییەکان) و نەرمە هێز (soft power) (کاریگەری کولتور و پروپاگەندە بە مەبەستی تاودانی کاروبارەکان) ئەنجام دەدرێ. فۆرمە مۆدێرنەکەی ئەم دابەشکردنە جوگرافی و کولتورییە ئیمپریالیستییەی ئەستێرەکە لە کتێبەکەی سامۆئیل هینتنگتۆن، پێکدادانی شارستانییەکان دا نیشان دراوە.

پرۆپاگەندە: ئامرازی داگیرکاری

پێگەی هێز گرنگییەکی زۆر تایبەت بە پرۆپاگەندە دەدا، دواتریش ناوێکی ئەنگلۆساکسۆنی (ئەمە خانەدانترە) لێدەنێت، ئەوەش نەرمە هێزە. هەر نەیارێک پەیامێکی شارستانی هەڵدەگرێت و ئەو سیاسەتوان و ڕووناکبیر و هونەرمەندانەش دەیگوێزنەوە کە شانازی بە باڵایی سیستمی بەهاکانیانەوە دەکەن و فۆرمێکی هەڕەشەئامێزی پێدەدەن. واشنتن لە چوارچێوەی ڕێکەوتنەکانی ساڵی ١٩٤٦ی بلوم بایرنەز (Blum-Byrnes)دا کە ئامانجی بەخشینی قەرزێکی ئەمەریکی بوو بە فەرەنسا بۆ سەرلەنوێ بیناکردنەوەی (بەر لە پلانی مارشاڵ)، کردنەوەی بازارێکی نیشتمانی بۆ بەرهەمەکانی هۆڵیوود سەپاند. ئەو سەردەمەی کە تێیدا تەواوی کۆمەڵەی (Readers Digest)[٧٣] گەیشتبوونە کتێبخانەکانی ئەمەریکای باشوور و کتێبخانەی وڵاتە کۆمۆنیستەکان بە کتێبی هەرزان بەهای خانەی بڵاوکراوەکانی گەل (Edition du peuple) پڕببوون، بەجۆرێک بەرهەمەکانی مارکس و ئنگلز بەردەستی هەموو توێژەکان بوو. زنجیرە ئەمەریکییەکان کە تەلەفزیۆنە تازەدەرکەوتووەکان پەخشیان دەکرد، وێنەی خێزانێکی سپییپێستیان پیشاندەدا کە خاوەنی دوو منداڵ بوون و لە خانوویەکی تایبەتدا دەژیان و هیچ سواڵکەرێکی ڕەشپێستیش لە نزیکیانەوە نەبوو. سینەمای سۆڤێتی و فەرمانگەی وروژاندن و پروپاگەندەش (prop agit) لە ساتەوەختی شکۆی خۆیاندا بوون، بەڵام کارێکی سانا نەبوو، جێگەی ئیزنشتاین (Eisenstein) بگرێتەوە. لە پاڵ ئەوەشدا، ستاخانۆڤ

73- German Rama, "Educacion y movilidad social en Colombia," ECO, decembre 1969, cite dans: Eduardo Galeano, Les veines ouvertes de l'amerique latine: Une contre-histoire, Terre humaine (Paris: Pocket, 2001).

(Stakhanov) پاڵەوانی سۆسیالیزم گاڵتە و نوکتەی نەدەزانی. بەڵام چینی کۆمۆنیست ڕۆحی لێهاتوویی نەبوو، چونکە پۆستەرە گەورەکانی ڕیکلام شەقامی شارەکانی تەنیبوو، حەشامەتێک لە ژنان و پیاوانی دەم بەپێکەنین لە هەموو ڕەگەزەکان تێکەڵ ببوون و بەشانازیی و سنگ دەرپەڕاندنەوە ڕێیان دەکرد، وەکئەوەی ئامادەبن لە پۆستەرەکانەوە بێنەدەرەوە. خەرمانە ڕووناکییەک لە پشت ڕوخسارە خڕ و گەشاوەکەی ماو بوو، کاتێک بە میهرەوە گرنگی بە منداڵەکانی دەدا. لە واقیعدا ڕەگەزپەرستی کۆمەڵگەی چین بە بەردەوامی لە زانکۆکاندا لە فۆرمی کردەی ئاژاوەگێری و تێکدان (پۆگرۆم – Pogrom)دا دژ بە خوێندکارە ئەفریقییەکان بەرێوەدەچێت.

پێویستە ئەوی دی، بەسیفاتە هەڕەشەئامێز و نیازەشەڕەنگێزەکانی، دوژمنێکی لێوەشاوە بێت: ئینگلتەرا بۆ فرەنسییەکان "ئەلبیۆنی" خیانەتکار (ناوە کۆنەکەی ئینگلترا) بوو. لە دوای ڕووداوی فاشودا[٧٤]، ئەڵمانیاش لە دوای قەیرانی مەغریب بووە "دێوەزمە". پرۆپاگەندەکردن بۆ جەنگی سارد لە بەکارهێنانی کاریکاتۆردا دوودڵا نابێت: کۆمۆنیستێکی مەردومیی قژبژ، چەقۆیەک لەنێو دانەکانیدا هەیە، سەرمایەداریش کێشەی قەڵەوی و ئالوودەبوونی جگەرەکێشانی هەیە.

پێویستە لێرەدا "هاوسەنگەرەکان" دەستنیشان بکەین، واتە ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوان و هونەرمەندان، ئەوانەی کوێرانە بەهاکانی یەکێک لە کەمپەکانیان ستایش دەکرد، بێ ئەوەی تێیدا بژین. یەکێتی سۆڤێتیش ئەوەی کردبوو بەپیشەی خۆی، بۆیە زۆرێک لە ڕووناکبیر یا هونەرمەندان وەک "بەهەشتی سۆسیالیزم" لێیان دەڕوانی، هەر بەڕاستی هەڵوێستی شەرمەزارکەرانەیان دەگرتەبەر، ئەمە لەکاتێکدا هێندێکی دیکە بێدەنگییان لێی دەکرد[٧٥]. ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ کەسایەتییەکانی وەک جان کۆ (Jean Cau) دەکرد کە وەک ڕووناکبیرێکی دژە سارتەر پیشان دەدرا، یا ڕیمۆن کارتییە (Raymond

[٧٤] – – فاشودە شارۆچکەیەکی باشوری سودانە، تێیدا سوپای فرەنسا و بریتانیا لە ساڵی ١٨٩٨دا لە میانەی کێبەرکێی کۆلۆنیستانەی نێوانیان لەسەر داگیرکردنی سودان بەریەککەوتن، گەر هەوڵە دیپلۆماسییەکان نەبوایە، ئەوا ئەو بەریەککەوتنە بۆ جەنگی نێوانیان پەلیدەکێشا.

[75]– Fred Kuferman, Au pays des Soviets: Le voyage francais en Russie 1917-1939, Archives (Paris: Gallimard, 1979

Cartier)[٧٦] کە لەو بەرهەمە زۆرانەی شرۆڤەی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکات، هیچ گرفتێکی پەیوەست بە ڕەشپێستەکان لە شەقامی شارەکانی ئەمەریکادا نابینێت. لە هەمان کاتدا، بۆریس ڤیان (Boris Vian) موسیقاژەنی جاز، بەناوێکی خوازراوەوە، کتێبێکی ورد دەربارەی خراپی دۆخی کەمایەتییە ڕەشپێستەکان دەنووسێت[٧٧]. گوتاری ڕووناکبیران لەبارەی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزم هەڵەی زۆر گەورەیان تێدایە، بۆ نموونە، ڕۆژنامەی لۆمۆند کە زۆر بە باشی جەنگی سەربەخۆیی جەزائیری شیکردۆتەوە و جەنگی ئەمەریکای دژ بە ڤێتنام سەرکۆنە کردووە، بەڵام لەهەمبەر خمیر روج (الخمير الحمر)دا، بەتەواوەتی بەهەڵەدا چووە کە بەهۆی ئەوەی دژایەتی کردنی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا دەکەن، بەجەنگاوەری پێناو ئازادی دابنرێن. لە ساڵی ١٩٧٤دا، ڕۆژنامەکە بەم مانشێتە بڵاوبووەوە "ئاڵای بەرگری لەسەر پنۆم پنە (Phnom Penh) دەشەکێتەوە!"، لە ڕاستیدا قەتلوعامێک دەستی پێکردبوو.

چەمکی "ئیسلامی - پێشکەوتووخواز"، بە لەبەرگرتنەوەی پێوەری پێشکەوتنخواز/ کۆنپارێز، دڵدارای ڕووناکبیرانی دەڤەری سان جێرمان لە پاریس، بۆ شەڕی ناوخۆی لوبنان داهێنرا بۆ ئەوەی دۆخی لوبنانی پێ شرۆڤە بکرێت. دوای ساڵێک و بەگەڕانەوە بۆ دواوە، پێمانوایە خەون دەبینین. لە ساتەوەختێکی دیکەی ورێنەی ئایدیۆلۆجیدا، ژمارەیەکی بەرچاو لەو ڕووناکبیرانەی لە سەردانی سیستماتیکانەی چینی شۆڕشی کولتوری (بەڵام لە پاریس) گەڕابوونەوە، نقومی چۆش و خرۆشی "فیکری ماو تسی تۆنگ" بوون، هەروەکو چۆن دالای لاما-ی بوزی خواپەرست، پڕ لە نیعمەتی خوایی بوو. ڕەنگە لەلای سەرکردە ئابورییەکانی ئەمڕۆی پەکین، هەستێکی نوێ هەبێت، بەوەی چین نموونەییە، لەلای ڕووناکبیرە ماوییە کۆنەکانیش، ئەوانەی قەناعەتیان بە باشییەکانی بازار هەبوو، هێندێک دەق و زۆرێک لە بێتاقەتی و مرمۆنی هەبێت، وەک حاڵەتی ئەو دڵدارەی هەست بە ناپاکی دەکات. ئەو داوای سوکایەتیپێکردنەی ڤیکتۆر

[٧٦] - ریمۆن کارتیە (Raymond Cartier) داوای ڕەگەزنامەی ئەمەریکی کرد، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوە: بۆیە زیاتر وەک پرۆپاگەندەچییەکی (propagandiste) ڕەگەز فرەنسی بەسوودترە.

[77]- Boris Vian, J'irai cracher sur vos tombes, Le livre de poche (Paris: LGF, 2008).

کراڤچینکۆ[٧٨] (Vivtor Kravtchenko) لەساڵی ١٩٤٩دا دژ بە گۆڤاری (Lettres Francaises) بەرزی کردبووەوە لەسەر دەرکردنی کتێبی "ئازادیم هەڵبژارد -Jai choisi la liberte"، نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە دەربارەی مۆبیلیزەکردنی ڕووناکبیران دژ بە شایەتحاڵەکان، واتە پێشکەش کردنی تیۆرەی بێگەرد بۆ ڕەتدانەوەی واقیع.

بەڵام دیوی دووەمی ئەو ڕۆڵە تازەیەی هونەرمەندان دەیگێڕن، ئەو هەڵمەتە جیاوازانەیە کە سەرکۆنەی کاریگەرییە ئازاربەخشەکەیان دەکات، وەک هەڵمەتی جدانۆڤ (Jdanov) لە یەکێتی سۆڤێت، هەڵمەتی سەد گوڵ لە چین، دادگاییەکانی ماکارسی (MacCarthy) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

هێڵەکانی دابەشکردنی جیهان

ئەو تیۆرییە ئیمپریالیستیە گەورانەی پاساویان بۆ دابەشکردنی جیهان بەسەر ناوچە جیاوازە ژێردەستەکان دەهێنایەوە، چەمکگەلێکیان هێنایەگۆڕێ کە هێشتا بەشداری لە بونیاتنانی فیکری ستراتیجیدا دەکەن: کۆڵۆنییەکان، پارێزراوەکان، ناوچەی دەسەڵات، وڵاتە لەمپەرەکان (Etats tampon)، ناوچە قایمەکان (glacis)، وڵاتە هاوپەیمانەکان، بندەستەکان، یا پاشکۆکان، بەفینلەندەکردن (finlandisation) (زاراوەیەکە فینلەندییەکان تورە دەکات). هەموو ئەو زاراوانە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەیەکی نیمچە ڕاشکاوانەیە دەربارەی "سەروەری سنوورداری" وڵاتە پاشکۆکان، ئیدی چ بریجنێڤ بەرامبەر وڵاتانی پەیمانی وارسۆ گوزارشتی لێکردبێت، یا سەرۆکی ئەمەریکا، مۆنرۆ، بەرامبەر وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، یا دیگۆل سەبارەت بە کۆڵۆنییە کۆنەکانی ئەفریقیا.. لێرەدا کارەکە پەیوەستە بە بەشداریکردن لە "ئاسایشی" جیهاندا.

گەمەکانی هاوسەنگی هێز ڕێوڕەسمی کەرنەڤاڵی خۆیان هەیە، واتە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان بۆ دابەشەکردنی جیهان، وەک کۆنگرەی بەرلین لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، بۆ دابەشکردنی ئەفریقیا لە نێوان بریتانیا و فرەنسا و ئەڵمانیا، دروستکردنی وڵاتانی لەمپەر، بۆ نموونە، کۆنگۆ، موڵکێکی تایبەتی

78- Victor Kravetchenko, J'ai choisi la liberte: La vie publique et privee d'un hout fonctionnaire sovieyique (Paris: Self, 1947).

پادشای بەلجیکا بوو (کە پابەندی کۆمپانیایەکی تایبەتی کرد، پاشان بە دەوڵەتی بەلجیکای بەخشی)، ئەفغانستان و سیام. کەسانی پەیوەندیدار لە ڕێی دیاریکردنی سنوورەوە، ڕاهێنان لەسەر ڕەسمی بەکۆمەڵ دەکەن. لە دوای کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ڕێکەوتنی سایکس-پیکۆ-ی ساڵی ١٩١٦، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابەش دەکات. پەیماننامەکانی ڤێرسای و کۆنگرەکانی پۆتسدام و یالْتا، نەخشەی ئەوروپایان داڕشتەوە. بەهێزەکان، کاتێک ئەم نەیار، یا ئەو ڕکابەر پاشەکشێ دەکات، بە پێنوسێکی سوور، ئایندەی تەواوی گەلان دیاری دەکەن، سنوور لادەبەن و دەستکاری دەکەن و وڵاتانی تێکەڵ دروست دەکەن، گرفتەکان هەواڵەی ئاینده دەکەن. نەتەوە یەکگرتووەکان ترۆپکی پرۆسەی دابەشکردنی هێز پێکدەهێنێت، ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر مافی ڤیتۆی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە دامەزراوە، واتە مافی ئەو دەوڵەتانە بە هەڵگیرسانی جەنگ و ڕێگرتن لەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەستوەردان بکات.

لێرەدا سەرنجی دوفاقێتی شیکردنەوەی ستراتیجی دەدەین؛ چونکە هەموو قەیرانەکان لە ڕێی ئاوێزەی دوالیزمەییەوە (موشور ثنائي) شرۆڤە دەکرێن کە هەرگیز لە بەرژەوەندیی تایبەتیی بکەرە ناوخۆییەکاندا نییە. قەیرانەکان وەک شوێنی پێشبڕکێی سەربازی بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دوورکەونەوە (فاشۆدا، مەغریب ساڵی ١٩١١ لە نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا، کۆریا ساڵی ١٩٥٣، ڤێتنام لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ و ١٩٧٥، ئەنگۆلا و مۆزەبیق ساڵی ١٩٨٠، ئەفغانستان ساڵی ١٩٧٩). لەبەر ئەوەی ململانێکە جوگرافییە، کەواتە خوێندنەوەی قەیرانەکان، هەر چۆنێک بێت، هەمیشە خوێندنەوەیەکە هەموو هەسارەکە دەگرێتەوە. شیکردنەوە ستراتیجییەکانی ئەو سەردەمانە پێشبڕکێی لەسەر بەڵگەنەویستە جیوسیاسیەکان دەکرد، بۆ نموونە "ئایندەی جیهان دەبەسترێتەوە بە..."، "دەستدرێژی ئیمپریالیزم بۆ سەر کەمپی سۆسیالیزم"، "سیستمی بوکەڵە"، "تاودان بەرەو دەریا گەرمەکان". زنجیرەیی شیکردنەوە جیوسیاسییەکان، بەدوابیەکهاتنێکی میکانیکییە، بەجۆرێک هەر شوێنێکی دوورەدەستی سەر ئەم گۆی زەوییە دەبێتە "ئەڵقەرێزێک"، "پێگەیەکی گرنگی ستراتیجی" و "قۆناغێک لە قۆناغەکانی ڕێپێوان بەرەو". ئیدی بەوجۆرە فرۆلینا (Frolinat)، بزوتنەوەیەکی کۆچەری توبۆ (toubous)ی چادە، ئەوانەی لەسەر هێرش و پەلاماری ناوچەکانی باشووری وڵات دەژیان، خۆی وەک

"بزوتنەوەی کرێکاران و جوتیارانی چاد" دەناساند، دوو توێژی زۆر بچووکی ئەو وڵاتەن، بۆ ئەوەی پاساو بۆ هاوکارییەکانی سۆڤێت و لیبیا بهێنێتەوە.

لە نێوەندەکانی توێژینەوەی بیرکردنەوەدا، پسپۆرانی دوژمنی سەرەکی – واتە شارەزایان لە کاروباری سۆڤێت یا شارەزایان لە کاروباری چین- پێش پسپۆرانی قەیرانە هەرێمایەتییەکان دەکەون. بەڵام بەهەڵە لێی تێدەگەن؛ چونکە هەموو شتێک بەشیکردنەوەی دوالیزمدا تێدەپەڕێت، ئیدی بەوجۆرە دیبلۆماسییەتی هیند، لەگەڵ ئەوەی دیموکراسییەکی پەرلەمانییە، کەچی لە مۆسکۆوە نزیکە، بەڵام واشنتن بە هەڵە لێی تێدەگات، چونکە بە بۆچوونی ئەو دەبێت هەموو دیموکراسییەکان شوێن کاروانەکەی ئەمەریکا بکەون. هەروەها هەمان شت سەبارەت بە مۆسکۆش کە پەیوەست بوو بە ڕێچکەی تیتۆ لە یۆگسلاڤیا. بەبۆنەی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە، گفتوگۆکانی نێوان پسپۆرانی بواری سۆڤێت، لەدەسپێکی کارەکانی کۆرنیلیوس کاستۆریادیس (Cornelius Castoriadis)دا باسیان لە هێزی سەربازی – ئابوری سۆڤێت دەکرد و پاشان بەوە گەیشتن سوپای سوور زۆر بەخێرایی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت. بەتەنیا بینیگسین (Bennigsen)، شارەزا لە کاروباری قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست، پێشبینی شکستیی داگیرکردنەکەی دەکرد. کۆندولیزا ڕایس، وەزیری دەرەوەی سەرۆک بوش و شارەزا لە کاروباری سۆڤێت، کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتە حوکم، پاڵپشتی سیاسەتی بەڕەنگاربوونەوەی ڕوسیای دەکرد، بەڵام هیچ شتێکی لەمەڕ تەوژمی ئیسلامی نەدەزانی. چونکە گەر لەوە تێبگەشتایە کە پاشەکشێی سۆڤێت لە ئەفغانستان سەرکەوتنی ئەو جەنگاوەرە ئیسلامییانەیە کە دەتوانن شانازی بکەن بەوەی شکستیان بە بەهێزترین سوپای جیهان هێناوە، ئەوا سڵی لەو ئارگیومێنتە دەکردەوە کە بن لادن لەو سەرکەوتنەوە پێیدەگەیشت[٧٩].

تێڕوانینە سەربازی و ستراتیجییەکان، هەمیشە بەشێوەیەکی فەرمی، فۆرمە پێشکەوتووەکانی بەرگرین: ئینگلیزەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا، زۆر بەڕوونی

[79]- Gilles Kepel et Jean Pierre Milelli, Al-Qaida dans le texte: Ecrits d'Oussama Ben Laden, Abdallah Azzam, Ayman al-Zawahiri et Abou Moussab al-Zarqawi, Quadrige, Essai, debats (Paris: PUF, 2008).

ئەو سیاسەتەیان پێشان دەدا کە پێی دەوترێت "سیاسەتی بەرەو پێشەوەچوون" (یا فراوانخوازی سلّکردەیی - التوسع الاحترازي) کە بە بۆچوونی خۆیان پێکهێنانی دەوڵەتی لەمپەر پاساو بەڕووی هێرشی ئیمپریالییەکانی دیکە دەهێنێتەوە: ئەفغانستان بەڕووی هێرش و پەلامارەکانی ڕوسیا لە ئاسیای ناوەڕاست، سیام بەڕووی هێرشەکانی فرەنسا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆنگۆی بەلجیکا لەڕووی فرەنسا و ئەڵمانیا لە ئەفریقیای ناوەڕاستدا. کەنارەکانی لەنگەرگرتن لە ئیمپراتۆرەکان جیابوونەوە، وەک هۆنگ کۆنگ، سەنغافورە و جەبەل تاریق.. لە کاتی جەنگی سارد دا، بنکە پێشکەوتووەکانی دەستە سەربازییەکانی ئەمریکا و ڕوسیا لەسەر هەسارەکە بڵاوبوونەوە و ناوچەکانی دەسەڵاتی هەر یەکێک لەو دوو هێزە کەوتنە ژێر چاودێرییانەوە.

پێکهێنانی سیستمی هاوپەیمانییە گەورەکان (لێکتێکەیشتنی سێ قووڵی دژ بە هاوپەیمانی سێ قۆڵی، هاوپەیمانی ئەتڵەسیی باکوور دژ بە هاوپەیمانی وارسۆ، هاوپەیمانی بەغدا، پەیمانی ئاسایش لە نێوان ئوستورالیا و نیوزیلەندا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا "Anzus"...)، ڕێگە بە ڕێکخستنی جیهان دەدا بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ جەنگ بکات. ئەگەر هێڵە گشتییەکان بۆ دابەشکردنی جیهان پەسەند بکرێن، ئەوا ململانێ لە ڕێی جەنگ بەنوێنەرایەتی کردن (بەوەکالەت) لە ناوچە ناجێگیرەکاندا سەرهەڵدەدا. هەر کەسێک دەتوانێت پاڵەوان یا دەستوپێوەندەکانی ڕووبەڕووی یەکتر بکاتەوە بۆ ئەوەی دووچاری ململانێی گەورەتر نەبێت (قەیرانەکانی ئەفریقیا، ڤێتنام دژ بە کەمبۆدیا، کۆبییەکان لە ئەنگۆلا و مۆزەبیق). بەڵام کاتێک سیستمەکە لە ژێر چاودێری دەردەچێت، ئیدی جەنگی جیهانی هەڵدەگیرسێت.

پێویستە کێبەرکێی ئایدیۆلۆجی بیسەلمێنێت کە وڵاتێکی تازە "بەویستی خۆی" بووە بە هاوپەیمان. ئەو کودەتایانەی سەرباز و هەواڵگری ڕێکیدەخەن، ئەو سەرکردە سیاسییە لۆکاڵییە دەگەیەنن بە دەسەڵات کە وەفا و دڵسۆزی خۆی پێشکەش دەکات. ئەمەش لەسەر ئاستی پروپاگەندە بە باشترین دادەنرێت، هەروەکو لە "کودەتاکەی پراگ" لە ساڵی ١٩٤٨دا ڕوویدا و کۆمۆنیستەکانی هێنایە سەر کورسی دەسەڵات. گۆتواڵد (Gottwald)، سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی چیک، بەلێدوانێکی ڕاشکاوانەی بریقەدار خۆی بۆ کودەتا ئامادە

دەکرد کاتێک وتی: "(پێویستە) گەلی کرێکار بۆ پەرچەکردارێکی گریمانەیی ساز و ئامادە بێت". هەروەها ئەو کودەتایەی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا (CIA) پلانی بۆ دارشت بوو، بۆ ئەوەی سەرەک وەزیرانی ئێرانی، موسەدەقی ناسیونالیست کە دیموکراسیانە هەڵبژێدرابوو، خەریکی خۆماڵی کردنی نەوتیش بوو، لابەرێت و شا لە جێگەی دابنێت، ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی سەرلەنوی دابەشکردنی کێڵگەکانی نەوت لەسەر حیسابی بریتانییەکان، لە بەرژەوەندی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا دابەش بکاتەوە. بابراک کارماڵ (Babrak Karmal) کە مۆسکۆ لە کابول دایناوبو، ڕژێمی "کرێکاران و جوتیارانی" (بەمانای وشە) لە ئەفغانستان ڕاگەیاند. لە ڕاڕەوی هێندێک کۆلێجی جەنگی ئەمەریکا دا (ڕێی دیکتاتۆرەکان) بە ڕیز وێنەی پێشوازی کردن لە دیکتاتۆرە کۆدەتاچییە سەربازییەکانی ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی ئەمەریکای لاتین دەبینین. لە دوای کۆتایی هاتنی دووەم جەنگی جیهانی، سیناریۆی "کودەتای هەڕەمەکی" زیاد لە حەفتا جار بە دەستپێشخەری ئەم هێزە یا ئەوی دی دارێژراوە. ساڵی ١٩٥١، ئەریڤالۆ (Arevalo) سەرۆکی گواتیمالا لە گوتاری ماڵئاوییدا وتی، لەماوەی سەرۆکایەتیدا لە سی و دوو پیلانی سەربازی ڕزگاری بووە و زۆرینەشیان بە هاوکاری ئەمەریکا بووە.

سەرۆک جۆنسۆن لە ٢٨ی نیسان/ ئەپریل ١٩٦٥دا، بۆ پاساوهێناوەی لە دەستوەردانی ئەمریکا لە سان دۆمانگ[٨٠] دژ بە سەرۆکی هەڵبژێردراو، خوان بوش (Juan Bosch)، نیمچە پۆزشێکی هێنایەوە کاتێک وتی: "بەبێ دوودڵی فەرمانی دەستوەردانم لە کۆماری دۆمێنیکا نەدا"، بەوەش ئەو وتانەی دووبارە کردەوە کە تیودۆر ڕۆزفلت بەر لە پەنجا و نۆ ساڵ وتبوی: "بەوپەڕی دوودڵییەوە، ناچار بووم یەکەم هەنگاو بۆ دەستوەردان لەو دوورگەیە بنێم". بەکورتی: سەربارى هەموو شتێک ئەوە ئیمپریالیزمە! هەموو دەستوەردانێک "لە پێناوی ڕزگارکردنی دیموکراسییە"، هەروەکو چۆن دەستوەردانی سۆڤێت لە پراگ لە ساڵی ١٩٦٨دا لە پێناوی "ڕزگارکردنی سۆسیالیزم" بوو.

---

[٨٠] – ئەو دەستوەردانە زیاد لە ٤٠٠٠ کوژراوی لێکەوتەوە، واتە زیاد لە ژمارەی قوربانییەکانی دەستدرێژییەکەی ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەر.

خوێندنەوەی ستراتیجی دوالیزمانە لە مامەڵکردنی سیاسیدا، ڕێگە بە هەموو فۆرمەکانی ئازادی دەدا، چونکە ڕێگەی لە دوژمنی چینایەتی و سیاسەتی نێودەوڵەتی یەکێتی سۆڤیێتی نەگرت، ڕێکەوتننامە ئەڵمانی - سۆڤیێتی لە ساڵی ١٩٣٩دا واژۆ نەکات، یا دان بە دیکتاتۆرە سەربازییەکانی ئەمەریکای باشووردا نەنێت. وڵاتە دیموکراسییەکان پاڵپشتی مەترسیدارترین کودەتا و خراپترین ڕژێمی سەر گۆی زەمینیان کردووە، یەکەمەکەشیان ڕژێمی سعودیە کە بەدڵنیاییەوە لە ئێرانی خومەینی ئیسلامیترە. هاوپەیمانی گوێرایەڵ "باشە"، ئیدی ڕژێمەکەی هەر چۆنێک بێت، هاوپەیمانی دوژمنیش "بەد و خراپە"، بەڵام پۆلبەندییەکە دەگۆڕێت کاتێک کودەتایەک لە هاوپەیمانییەکەدا ڕوودەدا. ئیدی بەوجۆرە محەمەد سیاد بەڕی (Syiad Barre)، دیکتاتۆرەکەی سوماڵ کە هەمیشە هەوڵی بۆ دەستخستنی پارە دەدا، بەپێی ئەو تەنگژانەی ڕووبەڕووی دەبووەوە، یا بەپێی پێداویستییەکانی، جارێک هاوپەیمانی واشنتن و جارێک هاوپەیمانی مۆسکۆ بوو. بەمەبەستی دروستکردنی بەنداوی ئەسوان، عەبدولناسر، یەکەمجار داوای یارمەتی لە ئەمەریکا کرد، داواکەی ڕەتکرایەوە، چونکە لە نێوەندە ستراتیجییەکاندا بە "مۆسۆلینی نیل" وەسف دەکرا. سەرباری ئەوەی هاوکاری مۆسکۆی بەدەستهێنا، بەڵام ئەو یارمەتییە ڕێی لێ نەگرت کۆمۆنیستە میسرییەکان زیندانی نەکات. دیبلۆماسییەتی فەرەنسا لە ڕواندا کە پاڵپشتی دیکتاتۆرییەتی هابیاریمانا-ی دەکرد، دەیویست بوونی ئەو وڵاتانەی بە ئینگلیزی دەدوێن، بنکەن بکات. هەر بەڕاستی پۆڵ کاگامی (Paul Kagame) کوڕی پەناهەندەیەک بوو لە ئۆگەندا (کۆلۆنیایەکی پێشووی ئینگلترا)، بە فەرەنسی قسەی نەدەکرد. بۆیە بەپێی بیریارە سەربازە فەرمییەکانی پاریس، ئاسایی بوو لەلایەن لەندەن یا واشنتنەوە پشتگیری بکرێت، ئەوەش دووبارەبوونەوەی فاشودا بوو.

پشتئەستوور بەو زانیاریانەی پێشتر باسمان کرد، ئامرازەکانی شیکردنەوە بنەمای ئەو پێوەرانەیە کە لە خۆرئاوا بەکاردەهێنرێن، سەدام حسێن، بەر لەوەی ببێتە سەرۆک کۆمارێکی دیکتاتۆری یەکێک لە وڵاتەکانی "بلۆکی شەڕ"، "سەرکردەی مۆدێرنە عەرەبی و بەرگریکاری عەلمانییەت" بوو. ساڵی ١٩٥٤، بیریارە ئەمەریکییەکان، ئەوانەی لایەنگیریان لە سیاسەتی دەستوەردان دەکرد، نگۆ دین دییم (Ngo Dinh Diem)، سەرۆکی دەوڵەتی کاسۆلیکیان لە ڤێتنامی

باشووری بوزی، بە چێرچل (Churchill)ی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا وەسف دەکرد.. هتد. وێنەی "سەرۆک کۆماری مۆدێرن"، تەنیا لەبەر ئەوەی لایەنگیری لە خۆرئاوا دەکات، لەناکاو لەگەڵ ڕوخانی بن عەلی و حوسنی موبارەک دا، تێکدەشکێت. لێرەدا ئەمە پرسیارەکەیە: دەبێ چەند سەرۆکی دیکە بڕوخێنرین؟

پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن

پێشبڕکێ زۆر بەخێرایی، لە ڕێی بەربەرکانێی خۆپڕچەککردنەوە، ڕەهەندێکی سەربازی وەردەگرێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، هێزی دەریایی کە ئامێرگەلێکی گەورەی سەلماندنی هەبوونی جیهانە، سیمبولی سەربازی هێز بوو (سیاسەتی "بەلەمی چەکدار")، نەخشە ئیمپراتۆرییەکان، سەرەتا لە دەسپێکی بەندەرەکانی لەنگەرگرتندا دەکێشران. زەمەنی "شکۆی یۆنیفۆرمی سەربازی" و مۆدەی جلوبەرگی دەریایی منداڵان بوو. نمایشە سەربازییە گەورەکان لە گۆڕەپانی سوور و پرۆپاگەندەی هۆڵیوودی سەربازی، لە سەدەی بیستەمدا، بەشداریان لە ململانێی بیناکردنی سازانی میللیدا کرد. هەمووان لە دەسپێکی باڵادەستی سەربازییەوە، بیر لە سەقامگیری دەکەنەوە، بۆ نموونە، دووفاقێتی پێودانگەکانی بریتانیا سنووری بەسەر کەشتیگەلی وڵاتە پێشبڕکێکارەکاندا دەسەپاند. لە کاتی کەوتنی یەکێتی سۆڤێت و لەماوەی پریسترۆیکادا، سەرانی ڕوس ناچار بوون دان بەوەدا بنێن کە نەیاندەزانی بەدیاریکراوی چەند کڵاوە ئەتۆمییان هەیە. لە دونیای کۆمۆنیستیدا، لە مۆسکۆ و بیجین- دا، بیرکردنەوەی ستراتیجی سەر بە ئەکادیمیای زانستەکان بوو. لەو سەردەمەدا لەپێشبوون بۆ ئەندازیاران و پسپۆران بوو. هەمان زانستیزم (scientisme) لە واشنتن، وای لە واڵت ڕۆستۆ (Walt Rosto)، شارەزا لە کاروباری دواکەوتندا کرد، کە دواتر بووە ڕاوێژکاری سەرۆک جۆنسۆن لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا، هانی بیرۆکەی بۆردومان کردنی دامەزراوە پیشەسازییەکانی ڤێتنامی باکوور بدات. سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو وڵاتە لەبەردەم پۆلە فرۆکەی B52دا خۆی ڕادەستدەکات بۆ ئەوەی پیشەسازییە تازەپێگەیشتووەکەی بپارێزێت. ڕۆستۆ تەنها شیکردنەوەی تیوریی هەبوو، بێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکی دەربارەی خودی ڤێتنام هەبێت، بەوەی کە هیچ پیشەسازییەک نییە. زانایان و ئەندازیارە

سەربازییەکان، ئەوانەی بەشدارییان لە بەربەرەکانی خۆپڕچەککردن دەکرد، سووکە شیکردنەوەیەکی تەکنۆلۆجییان سەربار کرد. ئەندازیارێکی بلیمەتی ئەمەریکی، پێیوابوو بۆمبی هێشوویی[٨١] کە ڤیتنامییەکانی پێ بۆردومان دەکرا، خەوشە سەرەکییەکەی ئەوەیە، ئەو پارچە پۆلایانەی ڕۆدەچێتە ناو گۆشتەوە، دەشێت بە تیشکی سینی شوێنەکەی دیاری بکرێت، پاشان بە نەشتەرگەری دەربهێنرێت. بۆیە پێشنیازی کرد، بەهەمان کارایی، بۆ گوی پلاستیکی بگۆردرێت، لەبەر ئەوەی هیچ نەشتەرگەرییەکی بۆ ناکرێت. چونکە پەککەوتە و خاوەن پێداویستی تایبەت لە مردوو زیاتر لەسەر کۆمەڵگەی دەکەوێت.

شرۆڤەکردنی مەترسی تەکنیکیی هەڕەشەکردن، ڕێگە بە دەسپێکردنی بەرنامەی نوێ دەدا کە باڵادەستی سەربازی دەستەبەر بکات. بەربەرەکانی خۆپڕچەککردن کە لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەم کێبەرکێیەی پێدەناسرێتەوە، پێگەیەکی گرنگ بە کۆمەڵگەی سەربازی-پیشەسازی دەدا، ئەوەش یەکگرتنەوەی سۆسیۆلۆجیە کە تێیدا ئەو سەربازانەی بایەخ بە چنگهێنانی باشترین کەلوپەل دەدەن و ئەو پیشەسازکارانەی لە ڕێی هاوکارییە گشتییەکانەوە، گرنگی بەدەستخستنی مایەدانی توێژینەوە تازەکان دەدەن و ئەندازیارانی پسپۆری بواری چەک، ئەوانەی بە بەردەوامی تەکنەلۆجیا تازەکان تاقیدەکەنەوە، تێکەڵ بەیەک دەبن. لە دووەم جەنگی جیهانییەوە، کێبەرکێی نێوان کروب (Krupp) (دروستکەری تۆپهاوێژی ئەڵمانی) و شنایدەر (Schneider) (دروستکەری تۆپهاوێژی فرەنسی) گڕیگرتووە. بەرنامەی چەکی قورس و بێسوود ڕووی لە زیادبوون کردووە. هەروەها زرێپۆشی قەبە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە زیادی کردووە کە زۆر بەکەمی بەکارهێنراون. کەشتییە جەنگییەکەی فرەنسا ڕیشولیو (Richelieu) بەر لەوەی ڕەوانەی ئەمباری ئاسنەکۆن بکرێت، گوللە تۆپێکیشی نەتەقاند. دواتر، مەودای ڕۆکێتە تەکتیکییە کڵاوە ئەتۆمییەکەی پلۆتۆن، تەنها ١٥٠ کلم بوو، لەناو خاکەکەشی جێگیر کرابوو، بۆ ئەوەی لەکاتی داگیرکاری سۆڤێتدا ڕزگار بکات. کەواتە تەنها بەر ئەڵمانیا دەکەوت، چونکە لەوێدا دەکەوتە خوارەوە.

---

[٨١] – بۆمبە هێشوییەکان (بۆمبی کەرتبوونیشی پێ دەوترێت)، کاتێک بەر زەوی دەکەوێت و گەلێک پارچە پۆلایی دەهاوێت کە ئامانج لێی بریندارکردن و کوشتنی خەڵکێکی زۆرە، ڕێکخراوە مرۆییەکان داوا دەکەن بەتەواوەتی قەدەغە بکرێت.

سەرۆک ئیزنهاوەر (Eisenhower) لە ١٧ی حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٦١دا، لە گوتارەکەیدا ئاماژەی بە قورساییە لەڕادەبەدەرەکەی کۆمەڵگەی سەربازی-پیشەسازی کردووە. بەڵام بەربەرەکانێی خۆپڕچەککردنی تەکنیکی و پڕتێچوو، هەر بەردەوام بوو، سیخوری کردنیش تیشکۆی لەسەر ئەو پێشکەوتنە بوو کە نەیارەکە لەو بوارەدا بەدەستی دەهێنێت.

ئیدی بەوجۆرە، دیاریکەران زۆر و زەوەند بوون؛ چونکە بەشێکی زۆری هێزە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بودجەی بەرگری و جەنگی حەتمی بیناکرابوون. کۆرنیلیۆس کاستۆریادیس کە بە شیکردنەوەی کۆمەڵگەی سەربازی-پیشەسازی سۆڤێت ناسراوە، دووپاتیدەکاتەوە کە کۆنترۆڵی حیزب (واتە پۆلیسی نهێنی) بەسەر دەوڵەت دا (لەنێویشیاندا سوپا)، بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی سەربازی بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا گۆڕا. لە ڕاستیدا، گریمانەی دوو کۆمەڵگەی ڕوسی دەکرێت: بواری سەربازی نهێنی و بواری مەدەنی کە هەرگیز سوودمەند نەبوو. ئەوەش تاکە ڕێگە بوو بۆ ڕوونکردنەوەی کەموکورتی ڕوسیا لەسەر ئاستی مەدەنی و باڵادەستی شیمانەیی ڕوس لەسەر ئاستی چەک؛ کاستۆریادیس دەنووسێت[٨٢]: "بەپێچەوانەی خرۆشۆف-ەوە کە دەربارەی ئەستەمبوونی "بردنەوەی" جەنگی ئەتۆمی، هاوبەشی ئەمەریکییە فیکر ئاستنزم و کۆنپاریزەکانی دەکرد، ستراتیجییە تازەکە زۆر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیاند کە ئەرکی سوپا (هەڵایسانی جەنگی ئەتۆمی و بردنەوەیەتی)، بۆیە پێویستە لەسەری سوپا و وڵات بۆ ئەو ئامانجە ئامادە بکات. بەوەش دەکرێت ئەوەی پێی دەڵێین بنەما و پرۆژەی بوونگەرای سوپایەک، پێکەوە بسازێن: جەنگ هەڵگیرسان و سەرکەوتن تێیدا، چونکە سوپا بەبێ ئاسۆی جەنگ و سەرکەوتن، لە ڕەبەندێک دەچێت بڕوای بە زیندووبوونەوەی مردووەکان نەبێت. ئەمەش دۆخی سوپای ئەمەریکایە". لە ڕاستیدا، لەگەڵ داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە، ئەو کەموکورتییە سەرسوڕهێنەرانەمان بۆ دەرکەوت کە سوپای سوور بەدەستییەوە دەیناڵاند.

82- Comelius Castoriadis, Devant la guerre (Paris: Fayard, 1982), volume I: Les realites, p. 275.

لەبەر ئەوەی هەمیشە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگ هەیە، ئەوا سەرزەنشتکردنی بەزین و "ورە بەردان"، پێویستییەکی دووبارەییە، چونکە دۆخی نائامادەیی سوپا و کەمی کەلوپەل، بابەتگەلێکن بەبۆنەی نەبوونی بودجەی پێویست دووبارە دەبێتەوە؛ هێندێک جار وازهێنانی سوپاسالار بەرجەستەیەکی تاڵی ئەو دۆخەیە. بەکورتی، هەموو جەنگێک لە ئایندەدا، جگە لە چەند حاڵەتێکی هەڵاوێرد، جەنگێکی دۆڕاوە. لە کاتی جەنگی سارد دا، چەکی ئەتۆمی، هەموو لایەکی ناچار بە سڵکردەیی دەکرد، خۆشبەختانە جەنگەکان لەسەر شانۆ لاوەکییەکان هەڵگیرسان (کۆریا، ڤیتنام، ئەندونیسیا، مالیزیا، ئەنگۆلا، مۆزەمبیق...). لە ئەوروپا، هاوپەیمانان، لەگەڵ ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی هەر کارێک، بۆ ماوەی شەست ساڵ ڕووبەڕوو وەستانەوە. بوزاتی (Buzzati)یش سرووشی ڕۆمانەکەی، بیابانی تەتەر (Le Desert des Tartares) لەوەوە بۆ هاتووە.

دەشێت بەشێوەیەکی ڕاگوزەری، بەڵام زۆر بەنهێنی، پەنا بۆ ئەوە ببرێت داوای یارمەتی لەو مافیایانە بکرێت کە تاوانی ڕێکخراو ئەنجام دەدەن. کاتێک کاسترۆ (Castro) کورسی دەسەڵاتی لە کوبا گرتە دەست، دوورگەکە بریتی بوو لە سالۆنی قومار کردن و هۆڵی تریاک کێشان و تیاترۆخانەیەکی ڕەسمی ئەمەریکا. بەپێی وتەکانی ڕێنیە دومۆن (Rene Dumont)، ساڵی ١٩٥٨، ژمارەی لەشفرۆشەکان لە ژمارەی کرێکارەکان زیاتر بوو[٨٣]. بەکورتی و بەپۆختی، بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا کە لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی مافیاکانیش بوو، زیانی بەرکەوت، کاتێک barbudos، واتە ڕیشنەکان، ئەوانەی دەسەڵاتیان گرتەدەست، قومار و ماددەهۆشبەرەکان و لەشفرۆشییان قەدەغە کرد. کینیدی (Kennedy) زۆر باش دەیزانی چۆن بە دابەزینە شکستخواردووەکەی لە کەنداوی بەرازەکان، بەرگری لەو بەرژەوەندییانە دەکات. لە ساڵانی پەنجاکاندا، میراتگرانی مایير لانسکی (Meyer Lansky) سەرکردەی بێ ڕکابەری هاڤانای ژێر دەسەڵاتی حوکمی باتیستا (Batista)، گلەییان هەبوو، بەوەی ستەمیان لێکراوە و تەنها ٥٧٠٠٠ دۆلاریان[٨٤] بەمیراتی بۆ ماوەتەوە. لە فرەنسا داوای یارمەتی لە مافیای تاوانە ڕێکخراوەکان کرا، بۆ ئەوەی مانگرتنی کرێکارانی

83- Rene Dumont, Cuba socialism et developpement (Paris: {s, n}, 1964).

84- T. J. English, Nocturne a la Havane (Paris: La Table Ronde, 2010).

بەندەری مارسیلیا سەرکوت بکات، ئەوانەی ناڕازیبوون سەربازەکان بۆ هیندی چینی بنێردرێن. ئەوەش سەرەتای بەقاچاخبردنی نەهەنگەکان بوو، پاشان پەیوەندی فرەنسی (French Connection) و هەناردەکردنی ئەفیونی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

لەم جیهانە دوو سەرەدا، هەر زۆر بە خێرایی بە بەکارهێنانی ئامرازی گونجاو، دیبلۆماسییەتە جودابووەکانی وەک دیبلۆماسییەتی جەنەڕاڵ دیگۆل، تیتۆ، یا جەمال عەبدولناسر، بەشەیتان کران[85]. گەشەسەندنی چینی ماویزم، یا سیاسەتی سەربەخۆیی فیلەندا، دوو نموونەن لەسەر پەرەسەندنێکی لێڵ و ئاڵۆز لە ناوکۆی دوو جەمسەریدا. کۆنگرەی باندۆگ (Bandoeng) کە لەدایکبوونی وڵاتانی بێلایەنی تێدا دەست نیشان کرا، بە مانۆڕێکی کۆمۆنیزم دانرا، هەروەها گەیشتنی عەبدولناسر بە کورسی دەسەڵات و خۆماڵی کردنی کەناڵی سویس بە شۆڕشێکی دژ بە کەمپی ئازادی حیساب دەکرا.. ئەی چی بڵێین لەبارەی نووسینی سەر پۆستەرەکانی هاوبەندی خوێندکارە بریتانییەکانی نزیک لە حیزبی پارێزگاران کە نیلسۆن ماندیلا (Nelson Mandela)ی پێ وەسف دەکرا: "نیلسۆن ماندیلا و هەموو تیرۆریستێکی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقی لە سیدارە بدەن(ANC)! ئەوانە هەموویان خوێنڕێژن"..؟

ئەو حاڵەتەی زیاتر مایەی پێکەنینە، گەر نەشڵێین تراژیترە، بەزۆری دۆخی خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ئەریتیریا بوو، لە ساڵی ١٨٩٠ەوە کۆلۆنییەکی بریتانی بوو کە هێزەکانی بریتانیا ساڵی ١٨٤١ داگیریان کرد و تا ساڵی ١٩٥٢ بەڕێوەیان دەبرد. لەو بەروارە بەدواوە نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدارەی وڵاتەکەیان خستە ئەستۆی ئەسیوبیا، کە بەپێی ڕێوشوێنەکانی ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لکاندنێکی ڕێگە پێدراو بوو. خەبات لە دژی ئەدیس ئەبابا بۆ

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

[85] – ناوبانگی کتێبەکە سیمبولیی ئەو کارە بوو، کتێبی تۆپاز (Topaze) لە نووسینی لیۆن ئۆریس (Leon Uris)، جەنەڕال لاکروا (Lacroix)، واتە دیگۆل (De Gaulle) وەک پیاوێک وەسف دەکات کە کورتبینییەکی زۆری هەیە، بەڵام بە ڕادەیەک جوانپۆشە کە نایەوێت چاوێلکە لە چاوان بکات، بەڵگەکانیش یاریدەدەرەکەی بۆ دەخوێندەوە کە ڕاستیدا بەکرێگیراوی سۆڤێت بوو.

ماوەی سی ساڵ، لە ١٩٦١ تا ١٩٩١ بەردەوام بوو. کادرەکانی بەرەی میللی ڕزگاریخوازی ئەریتیریا لە زانکۆی لۆمۆمبا لە مۆسکۆ مەشق و ڕاهێنیان دەکرد. بەڵام کاتێک ئەفسەرە سوورەکان کورسی دەسەڵاتیان لە ئەدیس ئەبابا گرتە دەست، یەکێتی سۆڤێت هاوپەیمانییەکەی گۆڕی و ئەسیوبیای پەسەند کرد. مۆسکۆ، نیشتمانی ستەملێکراوان، دەستبەرداری خوێندکارە دێرینەکانی بوو، بۆیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی هاوکاری ڕێگەی واشنتنیان گرتەبەر.. هتد. ئیدی لە توانادا نەبوو پشت بە هیچ کەسێک ببەسترێت.

سەبارەت بە ئەمەریکای لاتینیش کە حاڵەتێکی کارەستباری دیکەی کێشوەرێکی ملکەچە بۆ "چەوسانەوەی فریادڕەسێک"، چەند بەیتێک لە هۆنەراوەکەی پابلۆ نیرودا (Pablo Neruda) بە ناونیشانی "کۆمپانیای یونایتد فروت – کۆمپانیای میوە یەکگرتووەکان"، لە هەموو شیکردنەوەیەک باشترە:

"کاتێک فووی کردە وێنەکان
و هەموو شتێک لەسەر زەوی ئامادە بوو
یەهوە جیهانی دابەشکرد
لە نێوان کۆمپانیای کۆکاکۆلا و ئەناکۆندا،
و فۆردمۆتۆرز
و ئەوانی دی،
کۆمپانیای فروت، کۆمپانیای یونایتد فروت، باشترین زەوی بۆ خۆی تەرخان کرد،
کەناری نێوەندی وڵاتەکەم،
خاکە بەپیتەکەی هەر دوو ئەمەریکا.
یەهوە سەرلەنوێ ناوی لەو سەرزەمیانە نا
کۆمارەکانی مۆز"

پابلۆ نیرودا
کانتۆی گشتی (١٩٥٠) (Canto General)

دەشێت ئەو سیستمە دووانەییەی لەسەرەوە شیکاریمان بۆ کردووە، بۆ ئەوە بەکاربهێنرێت تا لە پێشبڕکێی ئایندەی نێوان پەکین و واشنتن تێبگەین، چونکە پێشتر نیشانەکانی هەبوون. ناسەقامگیرییەکی ڕاستەقینە لە ماوەی گواستنەوەدا دێت ئاراوە کە چین لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی تاکلایەنەی ئەمەریکا، داوای پێگەی خۆی دەکات. بە پێچەوانەی نیوکۆنسەرڤاتیڤەکانی ئەمەریکا، لە بەرژەوەندی

ئەوروپییەکانە، بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئاسانکاری بۆ ئەم گواستنەوەیە بکەن، لەجیاتی ئەوەی بەشەیتانی بکەن.

جیوسیاسی شاژنە ڤیکتۆریا

سەرۆکی بۆلیڤیا، ماریانۆ میلگاریخۆ (Mariano Melgarejo) کە پێشتر عەریف بوو، لە ڕێی کودەتایەکەوە کە ناوی کودەتاچی (golpiste) لێنرا، بە کورسی دەسەڵات گەیشت. لە ساڵی ١٨٧٩دا، لە باڵوێزی ئینگلیز توڕە بوو، چونکە ڕەتی کردبووەوە پەیماننامەی لا پاز (La paz) واژوو بکات، بۆیە بە چوکولاتە چەوری کرد و لەسەر پشتی کەرێکی زەنگوڵەدار بە ناو شاردا سوڕاندییەوە، پاشان لە وڵات دەری کرد.

کاتێک هەواڵی ئەو ڕووداوە گەیشتە لەندەن، شاژنە ڤیکتۆریا (Victoria) کە لە ترۆپکی بەهێزیدا بوو، بڕیاری دا لەسەر ئەو سوکایەتی پێکردنە بێدەنگ نەبێت، بۆیە فەرمانی دا کەشتییەکی سەربازیی ڕەوانەی لا پاز بکات.

کاتێک سەرەک وەزیران، گلادسۆن (Gladstone) سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە لا پاز ٥٠٠ کلم لە دەریاوە دوورە و ٤٠٠٠ مەتر لە ئاستی دەریا بەرزترە، ئیدی شاژن داوای نەخشەیەکی جوگرافی لێکرد، دوای ئەوەی شوێنی وڵاتەکەی دۆزییەوە، بە نووکە قەڵەمێک وڵاتەکەی ڕەش کردەوە و ڕایگەیاند: "بۆلیڤیا بوونی نییە".

ئیدی بەوجۆرە، تا کۆتایی حوکمڕانییەکەی ئەو وڵاتە لەسەر نەخشەی بریتانیا سڕایەوە.

بۆچی دانوستانەکان لەگەڵ ئێران سەرکەوتوو نابێت؟

خواستی دیبلۆماسییەتی سەرکووتگەرانە لە میدیاکانی خۆرئاوا لە زۆری داوە، بگرە تەنانەت بانگی جەنگ دژ بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانیش ڕووی لە زیادبوون کردووە[٨٦]، هەروەها هەڕەشەکانی جۆرج بوش لە گوتارە بەناوبانگەکەی لە ٢٩ی کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٢دا دەربارەی "بلۆکی بەدکاری" بۆ دواجار دیمەنە ستراتیجییەکەی دیاری کرد.

بەناوی جەنگی دژ بەتیرۆر، بوش ئەو وڵاتە گریمانەییانە دیاری دەکات کە "چەکی ئەتۆمی بڵاو دەکەنەوە"، بەوەش پەیوەندییە دەستکردەکەی نێوان هەڕەشەکاران هەڵدەسەنگێنێت؛ بڵاوکردنەوە بەتەنها دەبێتە دروستکراوی دەستی وڵاتانی بلۆکی خراپەکار: عێراق، ئێران و کۆریای باکوور. ئیدی لەو دەمەوە، ڕێگە دەدرێ هیند و پاکستان و ئیسرائیل، وەک "وڵاتانی چاکەکار کە هاوکاری بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمی دەکەن" تەماشا بکرێن. بڵاوبوونەوە خۆی لە خۆیدا شەڕەئەنگێزی نییە، بەڵکو لەو پێناسە تاکلایەنەوە ماف و بەهاکەی بەدەستدەهێنێت کە واشنتن پێشکەشی دەکات. لە ڕاستیدا، هەر سێ وڵاتەکەی بلۆکی شەڕ پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمیان واژۆ کردووە.

بەپێی گوزارەکەی شیرین عەبادی، پارێزەری ئێرانی کە خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە، ئێرانی ئیسلامی "گرێدراوی" فرانکنشتاین ـە، واتە ئەو دێوەزمەی کە خۆرئاوا لە ماوەی شەست ساڵی ڕابردوودا دروستیان کردووە. لێگەرێ با چەند ڕووداوێک باس بکەین: ساڵی ١٩٥٣، ئەو کودەتایەی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکی (CIA) دژ بە ڕژێمی هەڵبژێردراوی موسەدەق ڕێکی خستبوو، بۆ ئەوەی ڕێ لە خۆماڵی کردنی نەوت بگرێت - ئەو کارەی ڕەزا شا دوای بیست ساڵ ئەنجامی دا - دەرگای لەسەر بیستو پێنج ساڵ لە دیکتاتۆرییەت ئاواڵە کرد. شا هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتووی لە خۆرئاوا بەدەست هێنا، کەسێکی سەر بە خۆرئاوا بوو، ڕۆڵی پۆلیسی لە کەنداو دەگێڕا، دەزگایەکی پۆلیسی سیاسی کارای (ساواک) هەبوو کە دەیتوانی نەیارەکانی لە دەرەوەش تیرۆر بکات، هەروەکو سوپای پاسدارانی ئەمڕۆ، دەستوەردانی لە عومان کرد

---

[86]- Therese Delpech, L'Iran, la bombe et la demission des nations, CERI-Autrement (Paris: Autrement, 2006), et A. Jahanchahi, Vaincre le troisieme totalitarisme, Coup de gueule (Paris: Ramsay, 2001).

بۆ ئەوەی پادشا دەربەگە بچووکەکە بپارێزێت. ئەوروپییەکان بە هاوکاری بەرنامەی فەرەنسی (Eurodif) یارمەتیان دا تەنانەت گەشە بە وزەی ئەتۆمی بدات کە بشێت بۆ ئەتۆمی سەربازی بگۆڕێت، بەڵام ڕژێمی خومەینی لە سەرەتای شۆڕشدا ئەو بەرنامەیەی ڕاگرت، چونکە پێیوابوو کۆماری ئیسلامی لەپێشبوونی دیکەی هەیە و هیچ پێویستییەکی بە وزەیەکی لەوجۆرە نییە. فەرەنسا بۆ ماوەی زیاد لە دە ساڵ ئەو پارەیەی دەدایەوە کە شا پێی دابوو، ئەمە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی شەرعییەتی ئەو ڕژێمە کە لە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هاتە گۆڕێ[87].

ئێران لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩، هەر بەزوویی لەلایەن عێراقەوە، بە پاڵپشتی هەموو وڵاتانی خۆرئاوا هێرشی کرایەسەر، وڵاتانی خۆرئاوا ڕەتیان کردەوە یارمەتی وڵاتە پەلامار دراوەکە بدەن و ئابلۆقەیان خستەسەر، بەوەش بەتەواوەتی بڕیارەکانی بەشی حەوتەمی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان پێشێل کرد. لە بەرامبەریشدا، هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکی شەڕیان بۆ عێراقی دەستدرێژیکار دابین دەکرد. کاتێک عێراق لە ساڵی ١٩٨٢دا بۆ یەکەمجار چەکی کیمیایی بۆ تێکشکاندنی هێرش و پەلامارەکانی بەسیج لە نیمچە دوورگەی فاو بەکارهێنا، وڵاتانی خۆرئاوا هیچ کاردانەوەکەیان نەنواند، ئەمە لە کاتێکدا هێندێک لە بریندارە ئێرانییەکان لە فەرەنسا چارەسەریان وەردەگرت. کۆیادەوەری ئێران بەو پێنج سەد هەزار قوربانییە ئێرانییە بارکراوە کە بەهۆی ئەو ململانێیەوە گیانیان سپارد، ڕێک هەروەکو یادەوەری فەرەنسییەکان کە بە قوربانی جەنگاوەرە دێرینەکانی جەنگی ١٩١٤–١٩١٨ بارکراوە.

شیکردنەوەکانی ڕژێمی ئێران لەسەر بابەتی تیرۆر، لە شیکردنەوەکانی خۆرئاوا جیاوازە، لەبەر ئەوەی حکومەت لە لایەن موجاهیدینی خەڵقەوە دووچاری دەستدرێژیی بۆتەوە، وەک ئەو کردەیەی ساڵی ١٩٨١ کە ژیانی لە نیوەی ئەندامانی حکومەتەکەی سەندەوە، بۆیە دەیوت لەوە تێناگات بۆچی خۆرئاواییەکان لەبارەی دەستدرێژییەکانی پاریس، سەرکۆنەکەی دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا فەرەنسا مافی پەنابەری سیاسیی بەو بزوتنەوەیە بەخشیوە کە بەئاشکرا دەستدرێژییەکانی تارانی لەئەستۆ گرتووە.

---

[87] – "شکستیان هێنا!"، ئەمە ئەو ڕێنماییە بوو کە سەرەک وەزیرانی فەرەنسا بەو دیبلۆماتکارانەی دابوو کە دەربارەی دانەوەی قەرزەکانی یۆرۆدیف (Eurodif) بە تاران گفتوگایان لەبارەیەوە دەکرد (هەڤپەیڤینێکی ڕاستەخۆ کە نووسەر لەگەڵ یەکێک دانوستکاراکاندا ئەنجامی داوە).

سالّی ١٩٩١، له دوای ڕزگارکردنی کوەیت، پشکنینە نێودەوڵەتییەکان، بەرنامە ئەتۆمی و بەکتریی و کیمیاییەکانی ڕژێمەکەی سەدام حسێنی ئاشکرا کرد کە لەلایەن خودی خۆرئاواییەکانەوە یارمەتییەکی زۆر درا بوو: ئەتۆمی لە فرەنسا، سەرەتای چەکی کیمیاییش لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە... ئەو هێدمەی لە ئاشکرا کردنی هەموو ئەو بەرنامانە کەوتەوە، بەدڵنیاییەوە یارمەتی تارانی دا قەناعەت بەوە بکات کە هیچ گرەنتییەکی نێودەوڵەتی ئەوەندە توانای نییە سەلامەتی و سەربەخۆی وڵات دابین بکات. لەو دەمەدا ئەو کەسانە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیان دەست پێکردەوە کە ئەمرۆ پێیان دەڵێین "میانڕەوەکان"، واتە ڕەفسنجانی و یاوەرەکانی.

کام حوکمڕان بەر ئەو حەکایەتە بکەوێت، دەتوانێت ڕێگە لە ئێران بگرێت بیر لە چەکی ئەتۆمی نەکاتەوە؟ بەدڵنیاییەوە فرەنسا بەهەمان شێواز پاساوی بۆ ئەتۆمییە تایبەتەکەی نەهێنایەوە. ڕژێمی ئێرانی چەند ناپەسەند بێت، ئەوا ئێران هۆکاری بەجێی هەیە بۆ ئەوەی ئاسایشەکەی بەو گرەنتییە نێودەوڵەتییانە نەبەستێتەوە کە وەزیرە جیاوازەکانی دەرەوە پێشکەشی دەکەن، بۆ نموونە دۆست بلازای فرەنسی (Douste Blazy) کە وادیاردە بە حەکایەتەکەی نەزانیبوو. بەدڵنیاییەوە ئێران ڕێز لە یاسای نێودەوڵەتی ناگرێت! ئەو لۆجیکی هێز پراکتیزە دەکات کە ڕۆژانە ئەوانی دی بۆی دەسەلمێنن تاکە لۆجیکی کارپێکراوە. کەواتە بەتەنها ئەو نییە! سەرپێیانە سەرنجی ئەوە دەدەین کە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە بە پێشێلکردنێکی تەواوەتی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درا.

گەر وڵاتێک هەبێت ئەحمەدی نەژادی ناچار بکات گوێ بۆ دەنگی ئەقڵ شل بکات، بەدڵنیاییەوە وڵاتە خۆرئاواییەکان نییە. کاتێک سەرۆکی بەرازیل لولا (Lula) و سەرەک وەزیرانی تورکیا، ئۆردوگان (Erdogan) هەوڵیاندا میانگیری بکەن، دەبوو دەسەلاتدارەکانی وڵاتە خۆرئاواییەکان، ئەوانەی هەڵەیەکی زۆریان کردووە، ڕەندی ئەوەیان هەبوایە بێدەنگی هەڵبژێرن.

بەشی هەشتەم
دوژمنی گیانیبەگیانی: شەڕی ناوخۆ

"من شەڕی ناوخۆم. بێزار بووم لە تەماشاکردنی ئەو گێلەپیاوانەی لە هەر دوو بەرەکەوە سەیری یەکتری دەکەن، وەک ئەوەی کارەکە بە جەنگە نیشتمانپەروەرییە کوێرانەکەیانەوە پەیوەست بێت. من جەنگی دارستان و کێڵگەکان نیم، من جەنگی گۆڕپانە ترسناکەکەم، جەنگی زیندان و سەرشەقامەکان، جەنگی دراوسێ لەگەڵ دراوسێ، جەنگی نەیار دژ بە نەیار، جەنگی هاوڕێ لەگەڵ هاوڕێ، من شەڕی ناوخۆم، من ئەو جەنگە چاکەم کە دەزانین بۆچی دەکوژین و کێ دەکوژین: گورگ بەرخ دەخوات، بەڵام ڕقی لێی نابێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا گورگ ڕقی لە گورگ دەبێتەوە. سەرلەنوێ میللەت بونیات دەنێمەوە، هێزیان پێدەبەخشم، چەندین میللەت لە جەنگی نیشتمانیدا توانەوە، بەڵام گەلان لە شەڕی ناوخۆدا لەناوناچن".

هێنری دو مونتیرلان (Henry de Montherlant)

شەڕی ناوخۆ (١٩٦٥) (La Guerre civile)

لە شەڕی ناوخۆدا، دوژمن دۆست و کەسە نزیکەکانە. میکانیزمی جیاکردنەوەی دوژمن لەو شەڕەدا کە پاساوی توندوتیژی دەداتەوە، لە ململانێکانی دیکە توندتر و سەرەکیترە. توندوتیژی زنجیرەیەکی پێکەوەگرێدراوە، بە ئاشتی دەست پێدەکات، جەنگ تەنها ترۆپکی ئەو توندوتیژییەیە و هێندێک جار لە ڕێی ئەو سەرکوتکردنەی لایەنی سەرکەوتوو پیادەی دەکات، لە دوای ململانێکەش هەر بەردەوام دەبێت. ئەم جەنگە کە بەبێ ڕاگەیاندنی پێشوەختە هەڵدەگیرسێت، جیاکاری لە نێوان هێڵی پێشەوە و پشتەوە ناکات، کوشتارەکان بریتین لە پەرچەکرداری زووهاتنەدەستی گشتگیر. دیاریکارانی ناسنامە لە جەنگە ناوخۆیەکاندا: زیاتر خێزان و ڕووناکبیران و دامەزراوە ئایینییەکانن تا ئەوەی سوپا یا ستراتیجیستەکان بن. ئیدی لێرەوە یادەوەری کوشتارەکانی پێشوو بەردەوامی دەبێت، چەشنی ئاگری بن کا لە دوای بەرجەستەبوونێکی هێواش و لەسەرخۆ، دەتەقێتەوە. قەیرانی سیاسیش ڕۆڵی ئەو توخمە دەبینێت کە گڕ لە پڵێتەکە بەردەدات.

کەواتە، شەڕی ناوخۆ لە ڕێی دووپاتکردنەوەی ناسنامەی تایبەتی بەشێک لە جەستەی کۆمەڵایەتی دژی بەشێکی دیکە، پاکتاوێکی شیزۆفیرینیایە تا لەڕووی جوگرافیی یا جەستەییەوە پەراوێزی بخات. هەروەکو میشال هاستینگ (Michel Hastings) لە خەیاڵی ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان (LImaginaire des conflits communautaires)دا دەڵێت؛ "بەپێچەوانەی فیکرە باوەکەوە، باشترین دوژمن بەپێی لێکچوون و نزیکایەتی، نەک بەپێی جیاوازی، بەدیدەکەین".

ئەوی دی لەسەر خاکی من

شەڕی ناوخۆ، بە شێوەیەکی پراکتیکی ململانێیەکە لە نێوان "ئەوان" و "ئێمە"دا لە شوێنێکی داخراودا، ئەگەر چی هەر دوو لایەنەکە لەیەکدەچن.

دەروونناسیی شەڕی ناوخۆ دەکەوێتە نێو زەمەنێکی دوورودرێژی مێژوویەکی هاوبەشەوە کە لە دووبارەبوونەوەیەکی دوورودرێژیی شۆڕش و سەرکووتکردن و کوشتارگە و برسێتی و دەرکردن و پرۆسە جیاکارییە دوولایەنەکان دەچێت. شەڕی ناوخۆ پێش هەموو شتێک شەڕێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە بەر لە کوشتنی بەکۆمەڵی ساڵی ١٩٩٤ لە ڕواندا، کوشتاری ساڵەکانی ١٩٥٩، ١٩٦٣، ١٩٧٢، ١٩٧٣، بەشێوەیەکی سووکتریش لە ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ ڕوویاندا، هەموو جارێکیش پرۆسەی دەرکردنی خەڵکی و سەرلەنوێ دابەشکردنی زەویوزاری لێکەوتۆتەوە. حکومەتی بریتانی لە سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا، کە لەو سەردەمەدا دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهان بوو، بەبێ هیچ هەنگاونانێکی جیدی، وازی لە دانیشتوانی ئێرلەندا هێنا تا بەهۆی نەخۆشی پەتاتەوە، ڕووبەڕووی "برسێتییەکی گەورە" ببنەوە. ئەوەش جۆرێکە لە هۆلۆدۆمۆر "Holodomor"ی پێشوەختە، واتە "کوشتن لەڕێی برسیکردنەوە". لە نێوان ساڵانی ١٨٤٨ و ١٨٥١دا بەهۆی برسێتییەوە ٥٠٠٠٠٠ هەزار تا یەک ملیۆن کەس گیانیان لە دەستدا، دەوروبەری یەک ملیۆن کەسیش بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کرد. ئیدی لێرەوە لەوە تێدەگەین بۆچی ڕەوەندی ئێرلەندی لە ئەمەریکا بەزۆری یارمەتی سوپای ڕزگاریخوازی ئێرلەندایان دەدا.

یۆگسلاڤیای تیتۆ لەوە کەمتری نەکرد. ساڵی ١٩٤٥، لە پاش کوشتارگەکەی نێوان لایەنگرانی ئۆستاشینە کرواتییەکان (Oustachid Croates) و تچێتنیکییە سربییەکان (Ttchetniks Serbes)، لە سەروەختی دووەم جەنگی جیهانیدا،

تیتۆ داوای لە نەمسا کرد پەنابەرەکانی ڕادەست بکرێتەوە. هاوپەیمانان ١٢٠٠٠ تا ١٥٠٠٠ سلۆڤینی، لە نێویانیشدا میلیشیا دێرینەکان هەبوو، و ٧٠٠٠ سربی و ١٥٠٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠٠ کرواتی کە ٤٠٠٠٠ ئۆستاشییان لە نێو دا بوو، ناچار کرد جارێکی دی و بە ئاراستەیەکی پێچەوانەوە لە سنوور بپەڕنەوە. لە ماوەی چوار ڕۆژ بە پێڕۆیشتینی تۆپزی کە ناوە قەشەنگەی "ڕێۆڕۆیشتنی سپی" هەڵگرتووە، نزیکەی ١٢٠٠٠٠ هەزار کەس بەهۆی شەکەتی یا کوشتن گیانیان لەدەست دا. لە یەکەم ساڵی حوکمڕانی کۆمۆنیستدا ٧٠٠٠٠٠ کەس لەنێوچوون کە ٢٦٠٠٠٠ هەزار کەسیان لە ڕێی پرۆسەی کوشتنی خێراوە بوو. هێندێک لەو گوندانەی کۆسۆڤۆ کە چەکدارە لایەنگرەکانی ئەلبانیای گەورە (لە ئەڵمانەوە نزیکبوون) کۆنترۆڵیان کردبوو، تەختی زەوی کران و دانیشتوانەکەشی سەر بڕان.

جەزائیریش هەمان هەلومەرجی بەر لە شەڕی ناوخۆ و ژیاون. سەختی و تاڵی جەنگی سەربەخۆیی و کوشتارگەی نێوان حەرەکی و موجاهیدەکان، ئۆپراسیۆنە گومڕاکەرە جیاوازەکانی سوپای فرەنسا کە پاکتاوکردنێکی خوێناوی لێکەوتەوە و بەهۆیەوە ١٥٠٠٠٠ حەرەکی و خێزانەکانیان کوژران، ئەوانەی فرەنسا لە کاتی سەربەخۆییدا دەستبەرداریان بوو، وەک ناپاک سەربڕان، ئەمە سەرباری زوڵم و ستەمی سیاسەتی هەرەوەزی سۆسیالیستی (collectivization socialiste) و بەشاریکردنی هەرەمەکی بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەکی موڵکایەتی (تاپۆ) کە لە دوای پرۆسەی دەرکردن هاتەگۆڕی، لە پاڵ کەمی خانووی نیشتەجێبوون و (دەسەڵاتی کارگێڕی) و گەندەڵی دەستەبژێر.. هەموو ئەو شتانە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندنی کردە وڵاتێکی هەژارنیشین. ئەو گەنجانەی لە ئەنجامی سەرکووتکردنی ئەخلاقی لە ژیانی سێسکی بێبەشبوون، لە ئەنجامی شکستی سیستمی پەروەردە لە کولتور، بە هۆی کەمی خانووبەرە لە هاوسەرگیری، بەهۆی بێکاریی بەردەوام لە کارکردن، بەهۆی بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کە دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو، لە سیاسەت، کۆمەڵە بێکارێک بوون کە پێیان دەوترا "پاڵدیوارەکان" (بەزاراوەی جەزائیری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پاڵ بە دیوارەوە دەدەن، ئەوەش گوزارەیەکی گاڵتەئامێز بوو وەک ئاماژەیەک بۆ گەنجە بێکارەکان). ئەو دۆخە پەناگەی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکەی ساڵی ١٩٨٨ و لانەی خەباتگێڕە ئیسلامییەکان و شەڕی ناوخۆ بوو.

لە شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمەریکای باشووردا، سەرنجی هەمان خەسڵەتی توندوتیژیی کۆمەڵایەتی دەدەین، ڕەنگە جەنگی هەزار ڕۆژە (١٨٩٩-١٩٠٢)، پاشان (la violencia) کۆلۆمبی (١٩٤٦-١٩٥٧)، ١٠٠٠٠٠- ٣٠٠٠٠٠ کوژراوی لەسەر شێوازی شۆڕشی جوتیاران و تیرۆر کردنی پیشەییەکان و کوشتوبڕی میلیشیا گەورە مولکدارەکانی لێ کەوتبێتەوە...

هەموو ئەوانەی لەو قەتلوعامانە ڕزگار بوون، بەسەرهاتی خۆیان بۆ مناڵەکانیان دەگێڕنەوە، ئەو ژن و پیاوانەی دواڕۆژ کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە تۆڵەی کوشتنی باوانیان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەم یادەوەرییە پەنهانەی کوشتوبڕەکانی ڕابردوو، دیاریکارانی ناسنامەی ژینگەی خێزان و جەنگاوەرە دێرینەکان و کڵێسە، پارێزگاری لێ دەکەن، ئیدی ئایدیۆلۆجیای یەکگرتووی ڕژێم هەر چییەک بێت. تیتۆیزم، زیاد لە چڵ ساڵ بیرۆکەی ئەو یۆگسلاڤیایەی سەپاند کە لە ساتەوەختی بەرهەڵستی کردنی داگیرکاری ئەڵمانیا پەیدابوو. بەڵام ناسنامەی سربی و کرواتی سلۆڤانی بەزیندوویی مانەوە. خێرایی وەبیرهاتنەوەی وێنەکانی تچینتنیکیی و ئۆستاشینەکان، سەقامگیری و ڕەگداکوتاوی یادەوەرییەکە دەسەلمێنێت، نەک بەزەرورەت بەپێی ئەو کۆمەڵە وێنەیەی کە ڕژێم پەخشی دەکات.

بەردەوامبوونی دوژمنایەتییەکە لە خوێندنگاکانیشدا دەبینین. لە ئێرلەندای باکوور لە ٩٠٪ منداڵان هێشتا لەو خوێندنگە ئاینییانە دەخوێنن کە لە ڕووی مەزهەبییەوە تێکەڵ نین.

پێناسەی فەرمی بۆ ناسنامەی نیشتمانی لە یەک کاتدا هەم هێوڕ کەرەوە، هەم ئەفرێنەری هەلومەرجی قەیران بوو؛ تیتۆیزمی یۆگسلاڤی کە لەکاتی بەرهەڵستی کردندا دروست بوو، سیستمێکی نوێی لەسەر ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیزم دامەزراند، هەروەها لەسەر دابەشبوون بۆ وڵاتگەلێک کە دەشێت تێیدا ڕەچاوی ناسنامەی نیشتمانی بکرێ، لەگەڵ خەفەکردنی ناسیونالیزمی سربیا. هاوبەندی کۆمۆنیستە یۆگسلاڤییەکان و پۆلیسی سیاسیی و یەکگرتنی زۆرەملیانەی پێکهاتەکانی وڵات دروست بوون، بەڵام کارەکە سەرکەوتوو نەبوو. دەرکەوتنی "دانیشتوانی موسڵمان" (لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر وشەی موسڵمان) لە ئامارەکانی دانیشتوانی یۆگسلاڤیا بە مەبەستی دیاریکردنی دانیشتوانی غەیرە

سربی و کرواتی، یەکێک بوو لە ئاماژەکانی سەرەتای ئەو ململانێ ئەتنیکی-ئایینییەی کە دواتر تەقییەوە. جەزائیر لە کاتی سەربەخۆیدا وەک دەوڵەتێکی عەرەبی پێناسە دەکرا، ئەمە لە کاتێکدا، پشکی بەربەر، لە هەموو توێژەکاندا، بەگشتی زۆرینە پێکدەهێنێت. لوبنان لەسەر بنەمای دیموگرافییەکی وشکی بێ گیان، جیاکاری لە نێوان ناسنامەی ئایینی و خێڵەکی دا دەکات. ئامارە ڕێکوپێکەکانی دانیشتوان بۆ ئەو دانیشتوانەی هەمیشە لە نێوان دانپیانان بە ناسنامە جیاوازەکان و "نیشانکردنی" دانیشتوانی سەر بە کەمایەتی جۆلانی دەکات، بووە بە هۆکاری ململانێ شیمانەییەکان، تا کار گەیشتە ئەوەی بڕیار لەسەر قەدەغەکردنی هەموو جۆرە ئامارێک بدرێت، واتە شکاندنی گەرمیپیۆەکە..

بۆیە، گەر ناسنامەی نیشتمانی بەزەحمەت دابمەزرێت، ئەوا ناسنامە جیاوازەکان بە شێوەیەکی خراپ پێکەوە هەڵدەکەن. لە ئیسپانیا بانگهێشتەکانی خودموختاری کەتالۆنی و باسک بەر لە شەڕی ناوخۆ سەریان دەرهێنایەوە. جیاکاری نێوان هۆتۆ و توتسی بەر لە کۆلۆنیالیزمی بەلجیکی بوونیان هەبوو، و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش لە بەڵگەنامەکانی ناسنامەدا دەمێنێتەوە. داگیرکارییەکەی کرۆمویڵ (Cromwell) (دژ بە ئێرلەندا) لە سەدەی حەڤدەهەمدا، جیاوازی دروست کرد، لەلایەک، لە نێوان کاسۆلیکییە ئێرلەندییەکان، لەلایەکی دی، لە نێوان پرۆتستانەتە ئینگلیزییەکان و پرێسبیتێرییە ئۆسکۆتلەندییکان. بەڵام کرواتییە کاسۆلیکەکان و سربە ئۆرتۆدۆکیسەکان کە لە جیابوونەوەی نێوان ئیمپراتۆری ڕۆمانی خۆرئاوا و ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی خۆرهەڵات دابەشبوون، پاشان جیابوونەوەی ساڵی ١٠٥٤، ئینجا سنووری نێوان ئیمپراتۆرییەتی نەمساوی-هەنگاری و ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، سەر بە هەمان ئایین بوون و بە هەمان زمان قسە دەکەن کە بە ئەلفبای جیاواز نووسراوەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی تەنیا لە یەکەم شانشینی سرب و کرواتییەکاندا کۆبوونەوە کە ساڵی ١٩١٩ دامەزرا. ئەوەش ڕێگر نەبوو لەوەی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەسانایی یەکتری سەربڕن.

ڕۆڵی میتۆلۆجیستەکان (ئەفسانەسازان) لە بەرهەمهێنانی قەیراندا گرنگە، تەنانەت هێندێک جار ڕووناکبیرە جیابووەکانی ڕژێمە کۆنەکە و دەسەڵاتی ئایینی و ئەوانی دی، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە کاروانی پەرتبوون و بانگەواز کردن بۆ

توندوتیژی دەگێڕن. ئەوەتا سەرلەنوێ مێژوو بۆ یەکەمجار لە ڕێی ئاوێزەیەکی (موشور) ئەتنیکی یا کۆمەڵایەتیدا دەنووسرێتەوە کە ڕووناکبیران دەینووسن و ئەفسانە کۆنەکان بۆ حاڵی حازر دەگێڕنەوە. ئیدی بەوجۆرە دۆخی ئەو قوربانییەی ناسیونالیستە ڕادیکاڵەکان سربی پێ وەسف دەکەن، بە ئەگەرێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم[88]. ڕەنگە نووسەری سربی دۆبریکا کۆزیک (Dobrica Cosic) نەیارە کۆنەکەی حوکمی تیتۆ و سرووشبەخشی یادەوەری ئەکادیمی زانستەکان، خاوەنی ڕستە بەناوبانگەکە بێت: "سرب هەمیشە جەنگەکانیان بردۆتەوە و ئاشتیان دۆڕاندووە". هەروەها ساڵی ١٩٥٧، لە ڕواندا بڵاونامەی باهۆتۆ نووسرا کە دەقێکی ڕەگەزپەرستانەی قێزەونە بۆ ئەوەی پاساوی قەتلوعامەکان بداتەوە (بڕوانە دەقە چوارچێوەدارەکەی دواتر). جەنگی ئیسپانیا کە فرانکۆییەکان هەڵیانگیرساند بە دروشمی "هەڵمەتی خاچخوازی و جەنگی وەرگرتنەوە" ئەنجام درا، وەکئەوەی دوای وەدەرنانی عەرەب و جوولەکە، دەبێ کرێکار و نەدارەکانیش دەرکرێن.

ئەوی دی قڕکەری بەکۆمەڵە

تۆمەتبارکردن بە تاوانی جینۆساید، زۆر بەخێرایی لە گوتاری شیزۆفرینیای پەیوەست بە دروستکردنی دوژمن دەردەکەوێت. بۆ یەکەمجار کڵێسەی ئەرتەدۆکسیی سرب، ساڵی ١٩٨٧ لەسەر هەلومەرجی ژیانی ڕۆڵەکانی هەمان ئایین لە کۆسۆڤۆ بەکاریهێنا. میلۆسۆڤیچ کاتێک باسی لە گەلی سرب دەکرد، دڕدونگ نەبوو لەوەی وەک "گەلێکی ئاسمانی" باسی بکات، تودجمان کاتێک دەربارەی پاکتاوکردنی جەستەیی و سیاسی و یاسایی میللەتەکەی دەدوا، ڕەگەزی کرواتی بە "دێرینترین و جوامێرترینی ئەورووپا" وەسفی دەکرد. ئیدی بەوجۆرە سەرانی شەڕی ناوخۆ، بەسەر کەللەسەری کادرەکانی ئەو وڵاتەدا دەڕۆیشتن کە هێشتا تیتۆیی بوو.

پێگە فیکرییەکانی دەسەڵات (نێوەندە ئەکادیمییەکان، زانکۆکان و تەلەفزیۆنی گشتی) و ئەو میدیایانەی ڕۆژانە ڕقوکینە بڵاودەکەنەوە، ئایدیۆلۆجییەکان

---

[88]- Diane Masson, L’utilisation de la guerre dans la construction des systems politiques en Serbie et en Croatie: 1989-1995 (Paris: L’Harmattan, 2002), p. 106.

بەرجەستە و بەهێز دەکەن. بۆ نموونە ڕادیۆی (Mille collines) لە ڕواندا، کاتێک باسی لە توتسییەکان دەکرد، بە "سیسرک" ناوی دەهێنان، لە ڕۆژنامە نیشتمانییەکانی یۆگسلاڤیادا، ئۆستاشینەکان و تچیتنیکییەکان یەکتریان تومەتبار دەکرد. میدیاکان ترسیان لە نزیکبوونەوەی دوژمن بڵاودەکردەوە، وەک هاوڵاتیانی "وڵاتێکی دیکە"و دوژمنانی دەوڵەتە کرواتییە تازەکە، سەیری سربە کرواتییەکانیان دەکرد. ئەفسانەی "خۆکوژی ڕەگەز"[٨٩] لە دەرەوەی واقیع دەردەکەوتەوە. توێژە جیاوازەکانی خەڵکی هەست بە مەترسی ئەو کەمایەتییانە دەکەن کە ڕێژەی منداڵبوونیان بەرزە، سرب، کەمایەتییەکی کۆسۆڤۆ بوون، لە ڕێژەی لە دایکبوون کۆسۆڤییەکان (ئەلبانی کۆسۆڤۆ) نیگەران بوون. هەروەها لوبنان لە ساڵی ١٩٦٠ەوە ئامار ناکات تا دیاردەی زۆرینەی موسڵمان دەرنەکەویت، بۆ ئەوەی چاو بە هاوسەنگی دەستووردا نەخشێنرێتەوە.

دەشێت بەرپرسیارێتی جەنگ بخرێتە ئەستۆی پیلانێکی نێودەوڵەتی. شتێکی بەڵگەنەویست بوو، لە دیدی لایەنگرانی فرانکۆوە، کۆماریخوازەکانی ئیسپان لە شەڕی ناوخۆدا بە "سوور" حیساب بکرێن. هەڵمەتی هەڵبژاردنی میلۆسۆڤیچ ساڵی ١٩٩٢، لە بەلگراد لەسەر ئەم بابەتە بونیاتنرا: "هیچ سربییەک شەڕ ناکات، بەڵکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێی سەپاندنی ئابلۆقەوە پەلامارمان دەدا!". ئەو دەیویست ئەوە بسەلمێنێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی سلۆڤینیی و کرواتییەکان دەکات و دان بە سەربەخۆییاندا دەنێت! بەوەش ململانێیەکە سیفەتی "جەنگی بەرگریکردن لە نیشتمانی" سربیا و کرواتیای وەردەگرت. تودجمان، سەرۆکی کرواتیای سەربەخۆ، لە بەرواری ١٨ی کانونی دووەم/ یەنایەری ١٩٩٣، لە ڕۆژنامەی فیڤارۆ دا دەڵێت :"کرواتەکان (...) بە تایبەتی لە بۆسنە و هێرزۆگۆبینیا (هێرسک) بەرگرییان لە ناوچەکانی کرواتیا دەکرد". لەمڕۆشدا هەست بە مەترسی خواستی موسڵمانەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامیدا دەکەن (...). لە نێو ڕیزەکانیاندا موجاهیدە خۆبەخشەکانی هێندێک وڵات بوونیان هەیە، بۆ نموونە، پاکستان، یا ئێران. سەرۆک عیزەت بیگۆڤیچ (سەرکردەی

[89]- Paul Schor, Compter et classer: Histoire des recensements americains, Ecole des hautes etudes en sciences sociales (Paris: Ramsay, 2009).

بۆسنییەکان) پشت وڵاتانی ئیسلامی دەبەستێت، وەکئەوەی بەپێدانی ڕواڵەتێکی ئیسلامی هەڕەشەکەر، بابەتی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی بکات بە "مۆدە".

دەسەڵاتی ئایینی لە ڕێی ئەو ڕۆڵەی وەک دیاریکەری ناسنامە دەیبینی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پەرتکردنی کۆمەڵگەدا تێوەگلابوو. لە ئیسپانیا، نامەی پاستۆڕاڵی (pastoral) قەشەی سالامانکا لەلایەن پلا ئەی دانیاڵ (Pla Y. Daniel) لە ٣٠ی ئەیلولی/ سەپتەمبەری ١٩٣٦دا، زاراوەی "هەڵمەتی خاچخوازی" بەشەرعی کرد کە فرانکۆ بەکاریهێنابوو، پاشان دەسەڵاتی کڵێسەی کاسۆلیکی لەو نامەیەی ئاراستەی جیهانی کاسۆلیکی کرد، شتی زیاتری هەبوو، بەوەی کۆمارییەکانی بەوە تومەتبار دەکرد کە "مافی خوداوەند پێشێل دەکەن". لە ساڵی ١٩٨٢هوە، لە دوای مردنی تیتۆ بە ماوەیەکی کورت، کڵێسەی ئەرتەدۆکسی سربی "بانگەوازێکی بۆ پاراستنی سربی کۆسۆڤۆ و شوێنە پیرۆزەکانیان" بڵاوکردەوە، پاشان لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا، گفتوگۆی لەسەر بابەتی لێبوردن دەکرد، دەربارەی ئەو تاوانانەی ئۆستاشە کرواتییەکان لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا ئەنجامیان دابوو، واتە تاوانەکانی چل ساڵی رابردوو. دەسەڵاتی کڵێسەی کاسۆلیکی پاڵپشتی ئۆستاشییەکانی دەکرد، بەوەش دوژمنایەتی نێوان دوو لق لە لقەکانی مەسیحییەت سەریهەڵدایەوە. ئەو هەڵویستە ئایینیانە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەشداری لە خراپتر کردنی قەیرانەکە کرد؛ دەسەڵاتە ئایینییەکان بە تایبەتی بە دژایەتی کردنی ڕێکارەکانی دیاریکردنی وەچە خستنەوە، دەیویست قەوارەی رەعیەتەکانی زیاد بکات، تەنانەت گەر بەوەش قەیرانەکە زیندوو بکاتەوە، هەروەکو لە ڕواندا ڕوویدا (بەتێکرایی حەوت منداڵ بۆ هەر ژنێک لە ساڵانی نەوەدەکاندا). ئەوەش دەبێتە پەرتبوون، تەنانەت گەر لە خودی خێزانە ئایینییەکەشەوە سەرهەڵبدات: کاسۆلیک لە دژی ئەرتەدۆکس لە یۆگسلاڤیا و ڕواندا، کاسۆلێکی سەر بە پاپا دژ بە پرۆتستانت لە ئێرلەندای باکوور، شیعە لە دژی سوونە لە عێراق و پاکستان، بەم دواییانەش سەرکووتکردنی شیعە ڕاپەریوەکانی بەحرین لەلایەن شانشینی عەرەبی سعودی وەهابییەوە... کڵێسەی ئەرتەدۆکسی سربی پلانە ئاشتییە جۆراجۆرەکانی بە پلانی دایتۆن-یشەوە (Dayton) سەرکۆنە کرد، چونکە بابەتەکانی وەعزی ئایینی (کە بۆ هەموو شوێنێک دەست دەدا) سەرکۆنەی پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکانی دەکرد کە "نەیارانی سرب" و "نەیارانی ئیسلام" و

"دژە سامیزم"، بە سڕ کردنی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، دەیهۆننەوە، ئەو پیلانگێڕییەی کە تەنیا بە گەڕانەوە بۆ نەریتی ئایینی پەکدەخرێت. ئەم بابەتە لەلای ئەو ئیسلامییانەش دووبارە دەبێتەوە کە لێنەهاتوویی سۆسیالیزمی عەرەبی ڕەتدەکەنەوە و"تازەگەرییەکەی" سەرکۆنە دەکەن.

مۆبیلیزەکردنی ڕەوەندییەکان کە پێکهاتبوون لە نەوەی ئەو قوربانییانەی لە کوشتارگەکانی پێشوودا ڕایانکردبوو، یادەرەوەری ژیاننامەی شەهیدەکان هەڵدەگرن و ڕای گشتی بیانی دەجولێنن و پارە دەنێرنەوە، هەروەکو بۆ نموونە، ڕەوەندی ئێرلەندی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو کارەی کرد. دەشێت ڕەوەند یارمەتی سەربازی و دارایی گرنگ پێشکەش بکات، هەروەکو خۆرهەڵاتی کۆنگۆ کە تێیدا میلیشیاکانی ئەنتەرهاموی پەنایان بۆ برد، ئەوانەی جینوسایدیان لە ڕواندا ئەنجام دا. ڕەوەندەکان هەر لە یەکەم درزەوە هانی جەنگ و جیابوونەوەیان دەدا، هەروەکو کۆمەڵەی کرواتییەکان لە ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٩١، کاریان دەکرد بۆ ئەوەی دان بە سەربەخۆی کرواتیادا بنرێت. ڕۆڵی گرووپەکانی ڕەوەندی سیاسی زۆر بەهێزە؛ چونکە ئەو گرووپانە لە سایەی ڕژێمە دیموکراسییەکاندا دادەمەزرێن.

"ئەوی دی" بە زێدە دادەنرێت و دەبێ لە فەزای جوگرافی هاوبەشدا دووربخرێتەوە. "خاک" ڕۆڵی سەرەکی لە دەمارگیری شێنەیی دوژمنکارانە دەگێڕێت، چونکە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، چەشنی زۆربەی شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمەریکای باشوور، ڕەگوڕیشەیان بۆ ئەو ڕیفۆرمە کشتوکاڵییانە دەگەڕێتەوە کە هەرگیز ڕووناکییان نەبینی: سیستمێکی فیودالی کشتوکاڵییە (latifundiaire)، کە ئەرۆستۆکراسی چینی خانەدان یا بۆرجوازییەکان لە چاو گوندنشینە داماوەکاندا، ژیانێکی ئاوارتە لە سایەیدا دەگوزەرێنن. لە ڕواندا، هەموو خولیکی کوشتبڕەکان، دەبێتە مایەی ئەوەی سەرلەنوێ زەویوزاری کشتوکاڵی دابەش بکرێتەوە، سەرکەوتووەکان زەوییەکان داگیر دەکەن و دۆڕاوەکانیش دەردەکرێن. ئیدی بەوجۆرە مەرجەکانی شەڕی داهاتوو دێنە ئاراوە، ئەوانەی بە ناهەق دەرکراون، پێیانوایە خاکە کێشەلەسەرەکان، سەرزەمینی باوباپیریانە. میلۆسۆڤیچ پرەنسیپێکی دانا کە دەڵێت: "سربیا گشت ئەو سەرزەوییانە دەگرێتەوە کە سربەکان تێیدا نێژراون". ئەم بابەتەش لە بەلجیکا، لە شکڵی

دیاریکردنی سنووری ناوچەکانی دەوروبەری برۆکسل، ئەو شارانەی بە زمانی فرەنسی دەدەوێن، بوونی هەیە. تیتۆ لە یۆگسلاڤیا ئەو مەسەلەیەی بە دامەزراندنی فیدراڵییەتی وڵاتە دامەزرێنەکان چارەسەر کرد. بەڵام ڕاستەوخۆ لە دوای کۆچی تیتۆ، ناسیونالیستە توندڕەوەکانی (ultranationalalistes) هەموو لایەنەکان، بوونی بۆسنە، دەوڵەتە بەربەستەکەیان ڕەتکردەوە. تودجمان لە ژێر ناوی "(ناسیونالیستی) کرواتی" (croacite)دا داوای دەکرد، بەوەش ئەو بیرۆکەیەی وەبیرهێنایەوە کە ئەنتی پاڤلیک (Ante Pavelic) لە کاتی دووەم جەنگی جیهانیدا بانگەشەی بۆ دەکرد، میلۆسۆڤیچیش ناوی ناسیونالیستی سربی لێ نا. شاری قودس (ئۆرشەلیم) پوختەی ئەو شەڕە ناوخۆییانەیە کە پەیوەندی بە شوێنەوە هەیە. گەڕەکە یەهودییەکان دەوری گەڕەکە عەرەبییەکانیان داوە، دەسەڵات هاوئاییننیە ئەمەریکاییەکان هاندەدا خانووگەلێک بسێنن کە زۆر تێیدا نامێننەوە، بۆ ئەوەی دیموگرافی شارەکە بگۆڕن، ئەمە لە کاتێکدا قەشە ئەرمەنییەکان و قەشە ئەرتەدۆکسییەکان لە حەوشەی کڵێسەی قیامە شەڕ لەسەر مۆمدانێک دەکەن کە شوێنەکەی گۆڕاوە و پۆلیسی ئیسرائیلیش بڵاوەیان پێدەکەن.

ڕەتکردنەوەی جیاکارانەی ئەوی دی فۆرمی دیار و هەستپێکراو وەردەگرێت. بەڵگە بۆ ئەوەش جیاکردنەوەی جوگرافی یا ئیداری نێوان گرووپە جیاوازەکانە. سەرنجی هەمان کردە لە شوێنە دابڕاوەکاندا (گیتۆ) دەدەین کە بۆ کاسۆلیکی شارەکانی ئێرلەندای باکوور تەرخان کراوە. لە لیندندیری یا بەلفاست کاسۆلیکەکان لە گەڕەکە هەژار و ترۆکاندا نیشتەجێ دەبن کە کرێی خانووەکانیان هەرزانە. بە وێنەی سەر دیوارەکان ڕێز لە قوربانداني پاڵەوانەکان دەگیرێت کە شکۆمەندی بە سوپای ڕزگاریخوازی ئێرلەندا دەبەخشن و تەلی دڕکاوی شارەکەی سەرەوە لە خوارەوە جیادەکاتەوە. سەرەتا بەئەتنیککردن (ethnicisation) بە شۆڕشێکی سیمبولیدا تێدەپەڕێت، بۆ نموونە ناوی شەقامەکان و هەڵبژاردنی ئاڵای هەرێمەکە و "پاقژکردنەوەی" زمانی ناوچەیی... گومانی تێدا نییە کە بەرجەستەکردنی ناسنامە ڕەفتارێکی دەمارگرتنی (استفزازی) دەستەقەستە، هەروەکو ئێرلەندا، بەوەی ڕێڕۆیشتنە پرتەقاڵییەکان (پرۆتستانتی) بە پاڵپشتی پۆلیسی ئینگلیز بەناو گەڕەکە کاسۆلیکنشینەکاندا تێدەپەڕن. ئەمرۆ لە بەلجیکا، کۆدی خانوو (wooncode) و پرەنسیپی

(Wonen in Eige Streek) (واتە هەموو کەسێک لە ناوچەکەی خۆیدا نیشتەجێ دەبێت) کە مەبەستی جیاکردنەوەی فیزیایی نێوان گرووپەکانە، ڕێگە دەدا کەسێک بە زمانی فلەمەنکی قسە نەکات، ڕێگەی نیشتەجێبوونی پێنەدرێت. لە کاتالۆنیاش لە ڕێی ڕەتکردنەوەی قسە کردن بە زمانی کاستیلی دوور دەخرێتەوە، ئیدی قسەکەرەکە هەر کێیەک بێت. ساڵی ٢٠٠٩ تیمێک لە مامۆستایانی پەروەردەی حکومی لە ناوچەی باسک، بە بیانوی دەرنەچوونیان لە تاقیکردنەوەی "ئاستی زمانەوانی" گرێبەستەکانیان بۆ نوێ نەکرایەوە. ئەوەش جیاکردنەوەیەکی ساردی ڕەگەزییە کە لە ژیانی ڕۆژنەدا بەردەوامی هەیە. "ئەوانە خەڵکانێکن زۆر بەخێرایی هەست بە چەوسانەوەی خۆیان دەکەن و هەر گومانێک بە سەغڵەتکردنی شیمانەییان پەلامارت دەدەن"، کریستین هیمەرچیتس (Kristien Hemmerechts) ژنە نووسەری فلەمەنکی سەرنجی ئەوەی داوە، کاتێک قسە لەسەر ناسیونالیستەکان و ئەو گرووپە دەکات کە خۆی ئینتمای بۆی هەیە.

قۆناغی دووەم کار لەسەر بەراوردکاری دۆخی ئەتنیکە جیاوازەکان دەکات کە داواکاری جیاواز دەهێنێتە ئاراوە. میلۆسۆڤیچ لە ١٦ی کانونی دووەم/ یەنایەری ١٩٩١دا دەڵێت[٩٠]: "گەلی سربیا لە تاکە دەوڵەتێکدا دەژی، هەر گەلێکی دی پێی خۆشە بە یەکسانی لەگەڵ گەلی سربیا بژی، بەخێرهێنانی لێ دەکرێت". هەر ئەوەندە بەسە سربی بە کورد یا فلەمەنکی یا ئیسرائیلی بگۆڕین، ئەوا خۆمان لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی نزیک، یا بەلجیکا یا لە ئیسرائیلی ئێستادا دەبینینەوە. ئەم بەڵگەنەویستە یەکسەر پرسی ئەو کەمایەتییانە دەخاتەڕوو کە لە دەرەوەی خاکی نیشتمان ژیان دەگوزەرێنن، بۆ نموونە، ئەوانەی لە بەلجیکای فلەمەنکی بە فرەنسی دەدوێن، سربی کرایینای کرواتییەکان و کرواتی سربیا و هەنگاریای ڕۆمانی، ئەوانەی دەبنە یەکەم ئامانجی کردەی توندوتیژی، کاتێک توندوتیژی باڵا بەسەر قەیرانەکەدا دەکێشێت..

میکانیزمی سیاسی ماوەیەکە بەدەم کەمکورتییەوە دەناڵێنێت. ئۆرۆستۆکراسییە موڵکدارە تەقلیدییەکان بەڕووی هەر جۆرە گەشەسەندنێک دەوەستنەوە، ئیدی بەوجۆرە بنەماڵە فیوداڵە گەورەکانی پاکستان یا ئەمەریکای باشوور، دەسەڵات

90- Masson,Ibid., p>90 et 104.

بەشێوازی میراتی خێزان دەگوێزنەوە بۆ ئەوەی بە دوور بن لە هەر جۆرە ڕیفۆرمێک کە بشێت هەڕەشە لە دەسەڵاتیان بکات. لە ئەمەریکای لاتین و لە ئیسپانیا، خانەدانە ناوچەییەکان بەتایبەتی ژیانی سیاسی نێوان دوو حیزب ڕێکدەخەن و پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ ڕێوشوێنێکی بێ کەڵک دەگۆڕن. دەستوەردانە سەربازییەکان لەلایەن چەپەکانەوە بێت یا ڕاست، ژیانی سیاسی لە ئەمەریکای باشوور دەنەخشێنن. لە ئەفەریقیای ڕەش کە دەکەوێتە باشووری بیابانی گەورەوە زۆرێک لە دەستەبژێرە خێڵەکییەکان ڕێکاری حوکمڕانی بۆ خێڵەکەی خۆیان ڕێکدەخەن و گشت خێڵەکانی دی هەڵاوێرد دەکەن و هەوڵ دەدەن لە کەمترین کاتدا زۆرترین بەرژەوندی بەدەست بخەن، کاتێک شەڕی ناوخۆش دەردەکەوێت، هانا بۆ فرەنسا دەبەن. ئیدی بەوجۆرە ماوەی چل ساڵە فرەنسا بە بەردەوامی "چارەسەری قەیرانی چاد" دەکات.

قەیرانی سیاسی ئەو هۆکارەیە کە شەڕی ناوخۆی لێدەکەوێتەوە. لە یۆگسلاڤیای دوای تیتۆ دا، هەڵوەشانەوەی شێنەیی فیدراڵیزم، بەتەواوەتی وڵاتێکی ئیفلیج کرد کە بەدەست قەیرانێکی ئابوری قووڵەوە دەیناڵاند. دیکتاتورییەت بە زەبری هێز ناسنامەکان بێدەنگ دەکات و پرۆسەی دیموکراسیش ئازادی دەکات. بەدیموکراتیزەکردن ململانێکانی لە ڕێی وەرگۆڕانی ڕەعییەتەکانی پێشوو بۆ هاوڵاتی وروژاند کە داوای "مافی" خۆیان دەکرد. قەیرانی حیزبە سیاسییەکانی فیدراڵی بە جڤاتی کولتوری یا بزوتنەوەی پەیوەست بە ناسنامە بەرجەستە بوو، وەک "بەهاری کرواتی" لە ساڵی ١٩٧١دا و "بەهاری خێڵەکی" (لە جەزائیر)، هتد. هەڵوەشانەوەی ئیمپراتورییەتی سۆڤێت، شەڕی ناوخۆی لە وڵاتانی دەوروبەری، واتە لەسەر سنوور، هەڵگیرسانەوە کە کپ کرابوو، هەروەکو دۆخی ئێستای قیرغیزستان، چونکە هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە داوای مافەکانی خۆی دەکات و ئەو مافە تایبەتەی کە بە "خاکی" خۆی دادەنێت. پرسە ئەتنیکییەکان، بە هەموو سیفاتە ئایینی یا زمانەوانییەکەیانەوە، سەر پرسە کۆمەڵایەتی یا چینایەتییەکان دەکەوێت. حیزبە سیاسییە تازەکان و کۆمەڵەکان خۆشنوودی کۆمەڵەکەی لەسەر حیسابی کۆمەڵەکانی دی، دەکاتە ئامانجێکی سەرەکی خۆی. لە یۆگسلاڤیای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، بونیادی فیدراڵییەت دەبووە شوێنێک بۆ بەرجەستکردنی ناسنامە، هەر کاتێک مەسەلەی ئازادییە سیاسییەکان دەهاتە ئاراوە. پرسیار دەکرا دەربارەی ئەوەی چجۆرە

حیزبێک ڕێگەی پێدەدرێ؟ ئایا ئەتنیکییە یا نیشتمانییە؟ حیزبی جۆراجۆر دروست بوون: حیزبی تێکەڵ و پێکەڵ، هیچ بەرنامەیەکیان نەبوو، جگە لە سەرکۆنەکردنی "دیکتاتۆرییەت"، ئەوەش خەسڵەتێکی تایبەتە بە پۆپۆلیزم و ڕەگەزپەرستی (بۆ نموونە، میلۆسۆڤیچ و بەرەی ڕزگاری ئیسلامی لە جەزائیر)، هەروەها حیزبە مێژووییەکان سەرلەنوی لە دایک دەبنەوە و ململانێ کۆنەکان وەبیردەهێننەوە، وەک حیزبی جۆدیپ (Joddipp) لە هەنگاریا، میراتگری حیزبی دەریاوان هۆرتی (Horthy) و بزووتنەوەی هەنگاریا (Nyilaskeresztes Párt – Hungarista Mozgalom))، هێندێک جار حیزبی ژینگەپارێزی ناوچەیی دروست دەبێت، بۆ نموونە، بەرەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کۆرسیکا (FLNC) لە کۆرسیکا و کۆمەڵەی باکوور لە لۆمباردی...

سەرکردە تەقلیدییەکان، ئەوانەی لەڕێی پێشهاتە سیاسییەکانەوە ناڕەزایەتی لە دژیان دەردەبڕڕێت، زێدەڕەوی لە پرسی ئەتنیکیدا دەکەن، هەروەکو دۆخی لوبنان، چونکە توێژی سیاسی میراتی، دەسەڵات لە بەردەوامبوونی دابەشبوونە ئەتنیکییەکاندا بەدەستدەهێنێت. کاتێک کەمایەتییەکی سێیەم دەربکەوێت، پرۆسەی بەئەتنیکیردن هەوڵ دەدا ئاوێتەی بکات. ئیدی بەوجۆرە لە ٢٥ی ئازار/ مارسی ١٩٩١دا تودجمان، سەرکردەی کرواتی و میلۆسۆڤیچ سەرکردەی سربی بەیەکگەیشتن بۆ ئەوەی بۆسنە دابەش بکەن. گفتوگۆکە شکستی هێنا، چونکە سەبارەت بە یەکەم، موسڵمانە بۆسنییەکان، ئەو کرواتییانەن کە بوون بە ئیسلام، یا سەبارەت بە دووەم ئەو سربییانەن کە بوون بە ئیسلام. بابەتە ئەتنیکییەکان، لەلایەن نەوەی نوێی سیاسییەوە کۆنترۆڵ کرا کە منەی شەرعییەت و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە "میللەت"ەوە دەکرد، بۆیە گوتارەکەشی گۆڕی. ئیدی بەوجۆرە لۆران گباگبۆ (Laurent Gbagbo) لە مەسەلەی وابەستەیی بۆ کۆتدیڤوار (ساحل العاج) زۆر واوەتر ڕۆیشت، ئەمە لە کاتێکدا عەلی عیزەت بیگۆڤیچ لەسەر کتێبی "یاداشتنامەی ئیسلامی" سەرکۆنە کرا. دیاریکەرەکانی جیاکردنەوەی گرووپێک لە دراوسێکانی کە بەهایەکی زیاتریان پێدەدرێت (ئیدی چی پێودانگی ئایینی، جەستەیی، ئاماژەی سیمبولی و میدیا بێت)، ناسنامە بۆ ئەفسانە دەگۆڕێت. یادکردنەوەی بۆنەیەک، ساتێکی سیمبولی تایبەت بە ناسنامە دەخولقێنێت. ساڵی ١٩٨٩، یادی شەش سەد ساڵەی شەڕی کۆسۆڤۆ (قوسوە) کە بەشکستی لە بەرامبەر سوپای عوسمانیدا، کۆتایی بە شانشینی سربیا هات،

ڕێگەی لەبەردەم میلۆسۆڤیچ خۆشکرد، لە ڕێی وەبیرهێنانەوەی کەمایەتی سربی لە کۆسۆڤۆ و وێناکردنی کۆسۆڤییەکان بە وەچەی داگیرکەرە عوسمانییەکان، بە ڕای گشتی سربی بگات. لەو بۆنەیەدا حەوت هەزار ڕەوەندی سربی بەشدارییان کرد کە بە تایبەتی لە دەرەوە بۆ ئەو مەبەستە گەڕابوونەوە. ئیدی میلۆسۆڤیچ بەرنامەکەی ڕاگەیاند: "هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئەم میللەتە (سرب) بچەوسێنێتەوە!". لە ناوچەکانی کرواتیای سربیاش بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ گێڕدرا، بەڵام ئەو ئاهەنگە نارەزایەتی دەسەڵاتی نیشتمانی کرواتیای لێ کەوتەوە.

پەرستنی توندوتیژی

تەنانەت لە کاتی ئاشتیشدا خۆپیشاندانە گشتییە توندوتیژەکان، دەبنە جۆرێک لە سروتی پەرینەوە (چوونە ڕیزی دونیای پێگەیشتووەکان) بۆ ئەو گەنجانەی لەسەر پیرۆزکردنی یادەوەرییەکان پەروەردە بوون و ئەوەی لە سەرکووتکردن دەچێت. هێندێک ڕووداوی جێگرەوە قۆناغی بەر لە جەنگ بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە، شەڕی نێوان هاندەران، واتە جۆرێک لە یەکلاکردنەوەی حیساباتی سیمبولی دەربارەی یاری تۆپی لە نێوان هەر دوو تیمی سربی و کرواتیدا. تیوەگلانی گەنجان، لە ڕێی تۆڕی پشتیوانیی و دابینکردنی پەناگە و هەڵگرتنی جانتا، بەشێنەیی کردەی توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە. لە ناوچەی باسک، ئەو توندوتیژییەی پێی دەوترێت کالی بۆرۆکا (خەباتی شەقام - Kale Borroka)، (توندوتیژی شار کە پەلاماری بانکەکان دەدەن و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی سەر شەقامەکان تێکدەدەن و ڕووکاری کۆگان دەشکێنن و حاوییەکانی خۆڵ و خاشاک دەسوتێنن..) کە گرووپی ڕادیکاڵی نزیک لە ڕێکخراوی جوداخوازی ئیتا (ETA) ئەنجامی دەدات، بوو بە سرووتی جەنگاوەرە گەنجەکان. بەپێی توێژینەوەیەک کە لە تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠٩دا دەربارەی "گواستنەوەی بەها بۆ ناکامەکان"[٩١] پێشکەش کراوە و لەلایەن ئینیگۆ لامارکا (Inigo Lamarca) لەسەر ١٨٢٩ منداڵی تەمەن دوازە بۆ شازدە ساڵان ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە لە ٣٠٪ سەرکۆنەکردنی تیرۆر ڕەتدەکەنەوە و١٥٪ پێیانوایە پاساوی خۆی هەیە و ئەمە لە کاتێکدا تەنیا ١٢٪ کردەوەکانی ڕێکخراوی ئیتا (خاکی باسک و ئازادی) بۆ وڵاتی باسک بە باش دەزانن. ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە

[91]– www.elcorreo.com

دەكات كە خێزان ئەو كولتورە بڵاو دەكاتەوە و بەزۆریش دایكان دەیكەن تا باوكان. لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵدا بەهۆی دیاردەی تیرۆری پەیوەست بە هەڵوێستەكانی ئیتای ناسیونالیستی توندڕەو، جگە لە زیانە مادییە لە هەژمار نەهاتووەكان و مەینەتییە زۆروزەوەندەكانی دانیشتوان، زیاد لە ١٠٠٠ كوژراو و ٧٠٠٠ هەزار كەس بریندار بوون، ئەمە لە كاتێكدا هەرێمەكە دەوڵەمەندترین ناوچەی ئیسپانیایە و ئۆتۆنۆمی خۆی هەیە، بە پۆلیس و زمانی تایبەت بەخۆشیانەوە.

توندوتیژی كۆمەڵایەتی هێدی هێدی بۆ توندتیژ جەنگ گۆڕا، قۆرخكاركردنی دەسەڵاتی نێوەندی لەلایەن دەوڵەتەوە لەبەینچوو، هێزی میلیشیا جێگەی گرتەوە و هەموو دەوڵەتی سەنترالیان ڕەتكردەوە و سوپای نیشتمانی یۆگسلاڤیا لە دوای سەربەخۆی سلۆڤینیا هەڵوەشایەوە. لە خۆپێشاندانەكانی لوبنان، لە دوای كۆچی جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٧١دا، سەرنجی ئەوە درا كە چەكێكی زۆر كەوتۆتە دەستی خەڵكی و مەسیحییەكانیش میلیشیای چەكداریان بۆ جەنگێك دروست كرد كە دوای چەند ساڵێك هەڵگیرسا[٩٢]. جۆرج قورم، پێیوایە تەنانەت بەر لە شەڕی ناوخۆش، میلیشیا جیاوازەكان بەنزیكەیی مۆبێلیزەی ١٠٠٠٠ كەسیان كردبوو (٣و٠٪ دانیشتوان)، ئەمە لە كاتێكدا ژمارەی سوپای لوبنان لە ٥٠٠٠ كەس تێنەدەپەڕی. گشت میلیشیاكان بانگەشەی ئەوە دەكەن كە توێژەكەی خۆیان دەپارێزن. ئیدی بەوجۆرە میلیشیای ئەركان[٩٣] (Arkan)، خراپترین سەركردەی جەنگی سربیایە، لە بانگەوازێكدا دەڵێت: "سربەكانی كرواتیا داوای بەهاناوەچوون دەكەن!"، ئەوەش زەقترین ئاماژەی هەنگاونانە بەرەو توندوتیژی. لەو دەمەوە، ستراتیجییەتی هەمووان، لەڕێی قەدەغەكردن، یا ترس، یا كوشتوبڕێكی پێشدەستانە، بەرەو پاكتاوی ڕەگەزی هەنگاو دەنێت. پرۆلیتاریا پۆخڵەكە لەگەڵ ئەم گوتارە پۆپۆلیزمییەی دژ بە دوژمنێكی نزیک هاوشوناس بوو، هێزی دەستوەشێنیان بەناوی بریقەدارەوە بۆ ئەو میلیشیانە دروستكرد: بەورەكانی ئەركان، دوپشكەكانی سربیا و ئینتەرهامۆی (واتە "پێكەوە هەین") لە

---

[٩٢] – جەمال عەبدولناسر لە ئەیلول/ سیپتمبەری ١٩٧٠دا كۆچی كرد و شەڕی ناوخۆی لوبنانیش لە ساڵی ١٩٧٥دا دەستی پێكرد.

[٩٣] – نازناوی زیلكۆ ڕازناتۆڤیچ–ە، سەركردەی میلیشیا خۆبەخشەكانی سربیا.

ڕواندا، میلیشیاکانی "Muerte a los secuestradores" (MAS)(مەرگ بۆ ڕفێنەران) سەر بە بازرگانانی مادە هۆشبەرەکان و نیمچە سەربازییەکانی لە کۆلۆمبیا و گرووپەکانی مای مای (Mai Mai) لە کۆنگۆ یا سوارەی جەنجەوید لە سودان.. تەنانەت خودی سوپاش کە پێشهاتە سیاسییەکان پارچە پارچەی کرد بوو، بوو بە میلیشیا.

کوشتوبڕی پاکتاوی ڕەگەزیی توندوتیژییەکی زووهاتنەدەستە بۆ ڕزگارکردنی "خاکێک" کە بەرجەستەی ناسنامە دەکات. یەکێک لە سەربازە سپپێستەکان لە بەردەم لیژنەی ڕاستی و ئاشتەوایی لە ئەفەریقیای باشوور، لە سایەی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی (ئاپارتاید)دا[٩٤]، بەمجۆرە باس لە کوشتنی ڕەشپێستەکان دەکات: "هەرگیز چێژمان لەم کارەمان نەدەبینی، هیچ خواستێکمان بۆ ئەنجامدانی نەبوو، بەڵام دەبوو ڕێگەیان پێ نەدەین ژن و منداڵی بێتاوان بکوژن". توندوتیژی بەر لە هەموو شتێک ڕووداوێکی دراوسێتییە لە ڕێی کوشتنی دراوسێوە، پاشان ڕاگواستنی دانیشتوانی بە دوادا دێت. جەنگی گشتیگر بەبێ هیچ لێدوانێکی فەرمی تین دەگرێت. کوشتن دەبێتە ڕێسایەکی ڕەفتار نواندن: کۆمیساری سیاسی لە ماوەی جەنگی ئیسپانیدا دەڵێت[٩٥]: "بەپێی بیروباوەری تۆ، دەکرێ چی لە ئەفسەرێکی فاشی بکەین؟" بەهەر حاڵ زیندانی لە شەڕی ناوخۆدا نییە".

جەنگ لە ئەنجامی ڕووداوی کوشتنێکی ڕاستەقینە یا گریمانەیی هەڵدەگیرسێت. کوشتارگەی مەورییەکان (Maures)، ساڵی ١٩٨٩، لە سەنیگال، لە نێوەندی داکار لە ئەنجامی قسەلۆکێک ڕوویدا کە دوو قەشەی سەنیگالی لە ناوچەی ڕووباری (le Fleuve) جەستەیان شێوێندراوە و ئەندامی جەستەیان بڕاوەتەوە. ئامانج لە کوشتارگە، ئیدی چ لە گێرنیگا بێت یا ڤیکۆڤار، تۆقاندنی نەیارە بۆ ئەوەی ملی پێ کەچ بکرێت یا ناچار بکرێت کۆچ بکات. ڕاگەیاندنی تایبەتی ژمارە (١)ی جەنەڕاڵ مۆلا (Mola) لە ٢٥ ئایار/ مایۆی ١٩٣٦دا کە ئاراستەی لەشکرەکانی فرانکۆ کراوە ڕایدەگەیەنێت: "دەبێ کاری زۆر توندوتیژانە

94- Desmond M. Tutu, Il n' y a pas d'avenir sans pardon, Spiritualites vivantes (paris: Albin Michel, 2000), p. 129.

95- Cite dans: B. Benassar, La guerre d'Espagne et ses lendemains, Tempus (Paris: Perrin, 2006), p. 109.

بکرێت بۆ ئەوەی دوژمنێکی بەهێز و باش ڕێکخراو بەزووترین کات ملکەچ بکرێت". یادەوەری کۆمەڵکوژییەکانی ڕابردوو، لەپاڵ بابەتی "خۆکوژی ڕەگەز"، پشتگیری گوتاری زەرورەتی "یەکلاکردنەوەی بابەتەکە" دەکات و کوشتارگەکەش بە شەرعی دەکات بۆ ئەوەی بەر لە مەترسی سەرکەوتنی دوژمنی ناوخۆ بگیرێت، ئیدی چی سەرکەوتنێکی سەربازی بێت (لە چەشنی حیزبی بەرەی نیشتمانی توتسی ڕواندیی لە ڕواندا)، یا دیموگرافی بێت (سەبارەت بە زاوزێ لەلای کاسۆلیکە ئێرلەندییەکان یا کۆسۆڤار)، یا ئایینی (موسڵمانانی لوبنان)، یا ڕەگەزی بێت (ئۆزبەک لە قیرغیزستان). گشت پەیوەندیدارەکان بە جۆرێک لە پێشبینیکردنی خودبەها پێش کاروبارەکان دەکەون، هەروەکو دەروونناسەکان دەڵێن، چونکە گومانبردن وایانلێدەکات کە دوژمن لەکاتی سەرکەوتندا کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات. دوژمن ئەوەندە زیانمەند دەبێت تا ئەوەی نەک هەر شکستکەی، بگرە نەبوونیشی لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا قبووڵ بکات. ئامانج لە لاقەکردن و کوشتنی منداڵان لە ڕێی دایکان و وەچەکانەوە (ڕواندا، یۆگسلاڤیا، کۆنگۆ، سیراڵیۆن، لیبریا و بۆسنە)، کوشتنی ئەوی دیکەیە و دەرگا لە بەردەم هەر ئاشتەواییەکی ئایندەدا دادەخات. دەشێت پاکتاوکردنی ڕەگەزی بەهێمنی و لەسەرەخۆ بناسرێتەوە، هەروەکو کۆسۆڤییەکان لە هەشتەکاندا بەرامبەر سربییەکان ئەنجامیان دا: یا دڕندانە بێت هەروەکو حاڵەتی فەڵەستینییەکان کە هاوردە ئیسرائیلییەکان دەریان دەکەن: یا هەروەکو لە نەوەدەکاندا سربەکان لە کاتی پلانی "ناڵی ئەسپ"دا کۆسۆڤییەکانیان دەرکرد. کاتێک ناوچەیەکی پاک لە ڕووی ڕەگەزییەوە لە توانادا نەبێت، ئیدی ململانێ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بە پێی تایبەتمەندی دانیشتوان و ئابوری وڵاتەکە دووبارە دەبێتەوە (بۆ نموونە: ڕواندا، قەڤقاز و قیرغیزستان).

"ناپاکەکان"، ئەوانەی لۆجیکی ڕووبەڕووبوونەوە و کۆمەڵکوژی قبووڵ ناکەن، دەبنە ئامانجی ئۆپراسیۆنەکانی توندوتیژی، بەجۆرێک لە ڕواندا ناوی ibihindugemb یان لێنرا (واتە "بوونەوەرە بێ کلک یا سەرەکان"). میانڕەوەکان لە کرواتیا و سربیا، بە ئاشتیانە پەراوێز دەخرێن و لە ڕواندا دەکوژرێن، لە لوبنانیش هەر لە سەرەتای ئۆپراسیۆنەکانی توندوتیژییەوە، یەکسەر لە دونیای سیاسەت دوور دەخرێنەوە. لە ئیسپانیا بابەتی "ستوونی پێنجەم"، لە کاتی شەڕی ناوخۆدا داهێنرا کە بەزۆری لەسەر ئەو پاڵپشتییەی سوپای فرانکۆ لە مەدریدی

ئابڵۆقەدراو بەدەستی هێنا. ڕژێم بە مەبەستی خۆپارێزی، پەنای بۆ بەندکردن و کوشتن دەبرد! هەموو پێشڕەوییەکی سەربازی کوشتنی ناپاک و قۆرخکار و بیسەرانی ڕادیۆی نەیاران و سیخور و بانگەشەکارانی هەواڵی ناڕاست و جامباز و شکستخواردووەکانی خێراتر دەکرد.. (لیستەکە تەواو نەبووە) و گشت ئەوانەی هاوکاری لەگەڵ نەیاراندا دەکەن.

شەڕی ناوخۆ، جەنگ نییە، چونکە هەرگیز ڕاناگەیەنرێت و وشەکان نکوڵی لێدەکەن. هەروەکو جەزائیر، لە یادی جەنگی دژ بە ئیسلامییەکاندا باس لە "ساڵە ڕەشەکان" دەکرێت. میلۆسۆڤیچ ساڵی ١٩٩٢ لە سربیا وتی: "سربیا لە دۆخی جەنگدا نییە"[٩٦]. پاکستان ساڵی ٢٠٠٩ لە عێراق و ئەفغانستان کردەی خۆکوژی زیاتری بەخۆیەوە بینیووە و ساڵانی حوکمی ڕژێمی سەربازی لە ڕژێمی مەدەنی زیاتر بووە، بەڵام بەهۆی ململانێی ناوخۆوە، بەشێوەیەکی فەرمی "پارچە پارچە " نەبووە. توندوتیژی لە دوای سەرکەوتن لە ڕێی سەرکووتکردنەوە بەردەوام دەبێت، بۆیە ڕادیۆی مەدرید لە ٢ نیسان/ ئەیپرلی ١٩٣٩دا ئەم ئاگادارییەی بڵاو کردەوە: "ئیسپانییەکان ئاگادار بن! ئاشتی قەڵغانێکی ئارامبەخش نییە، بگرە لە بەردەم مێژوودا ترسنۆکە (...). ئیسپانیا هەمیشە بەرامبەر هەموو دوژمنە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بۆ شەڕ ئامادەیە"[٩٧]. قۆناغی سەرکووتکردن ڕاستکردنەوەی ڕیشەکێشکردنە. لە ئیسپانیا، لە کۆی ٤٣٠ ئوستادی زانکۆ تەنیا ١٦٠ کەسیان لە پۆستەکەیان مانەوە و ٦٠٠٠ مامۆستا لە سێدارە دران و ٧٠٠٠ دیکەش زیندانی کران. بەڕێوەبەری گشتی زیندانەکان لە کانونی دووەم/ یەنایەری ١٩٤١دا[٩٨] دەڵێت: "ئەو کەسانەی پرەنسیپە سەرەتاییەکانی ئایینەکەمان فێر نەبوون، حوکمی هەڵواسینەکانیان سوک ناکرێت". دوا حوکمی لە سیدارەدانیش کە پەیوەندی بەشەڕی ناوخۆوە هەبێت، ساڵی ١٩٧٤ لە ئیسپانیا جێبەجێ کرا، واتە دوای سی و چوار ساڵ لە تەواوبوونی شەڕ.

96- Masson, L’utilisation de la guerre la construction des systems politiques en Serbie et en Croatie: 1989-1995

97- Guy Hemet, la guerre d’Espagne, Points Historie (Paris: Le Seuil, 1989).

98- Cite par: Hermet, Ibid., p.302.

شەڕە ناوخۆییەکانی ئەمڕۆ پانتاییە جیوسیاسییە هەمەڕەنگەکان دەگرێتەوە، لەوانە، یەکەم، ئەو ناوچانەی دەکەونە سەر سنوورەکان: وەک ناوچە سنوورییەکانی ئیمپراتۆڕە قەیراناویی و کێشەدارەکان کە ناوچەگەلێکی شاخاوییە بە زەحمەتی دەستی پێڕادەگات و وەک پەناگەیەک بۆ ئەو گەلە جیاوازانە بەکاردەهێنرا کە زامنی ئاسایشی خۆیان دەکرد. ئەو ئیمپراتۆرییانەی بە هێز ئاشتی مەدەنییان دابیندەکرد، هێدی هێدی پێگەی خۆیان لە دەستدا. دەتوانین زۆرێکیان دیاری بکەین: باڵکان، قۆقاز، جەبەل لوبنان، ئەفغانستان، ئاسیای ناوەندی سۆڤیتی و چینی پێشوو، ئەفەریقیای دەریاچە گەورەکان... دەشێت شەڕی ناوخۆ لە زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیای ناوەند کە کۆمیسیاری دەوڵەت بۆ نەتەوەکان، جۆزێڤ ستالین، سنوورەکانی دیاری دەکرد و تاکە خەمی کۆنترۆڵکردنیان بوو، قابیلی ئەوەن زۆر بە دڕندانە هەڵگیرسێت، قیرغیزستانی ئەمڕۆ بە نموونە.

بەڵام کەنارەکانی ئەفەریقیا کە کۆڵۆنیالیزم بۆ چەندین وڵات دابەشی کردووە، پێکهاتوون لە دانیشتوانە کۆچەرییەکان، ئەوانەی قاچاخچییەتی کۆیلە دەکەن، شانسینە کۆنەکان کە لە کۆیلایەتیدا دەژین، ئەو گرووپانە کۆگایەکی کۆیلەن و کۆڵۆنیالیزم ڕزگاریانی کردووە، لە شەڕێکی ناوخۆیی بەردەوامدا دەژین. ماوەی چل ساڵە فرەنسا بانگەشەی چارەسەر کردنی کێشەی چاد دەکات، ئەمە لە کاتێکدا سودان کۆمەڵکوژیی ڕێکخراو بەخۆیەوە دەبینێ کە پەیڕەوانی ئایینەکان لە باکوور و باشووردا تێیدا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. لەمڕۆشدا مالی و نەیجیریا ناوچەی دڵخوازی قاعیدەیە لە وڵاتانی خۆرئاوای ئیسلامیدا (AQMI): لەبەر ئەوەی لەوێدا دەوڵەتێک نییە شەرعییەتێکی ڕاستەقینەی هەبێت.

شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتانەی کە ناسنامەی نیشتمانیان دیاریکراو نییە، شاراوە و پەنهانە، چونکە گەلێک ناوچە هەیە کە تێیدا ئایین و ڕەگەزەکان بەریەکدەکەون، هەروەکو نەیجیریا یا کۆتدیڤوار. لیبیریا و سیرالیۆن، کە بە شێوەیەکی دەستکرد دروستبوون بۆ ئەوەی دووبارە ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا بۆ وڵاتەکانیان بگەڕێنەوە، هیچ پلانێکیان نەبوو تا برینی چەوسانەوەی دانیشتوانە ڕەسەنەکە سارێژ بکەن کە هاوردە نوێیەکان دروستیان کردبوو. چارلز تایلەر (Charles Taylor)، سەرکردەی جەنگی لیبیریا، بە ڕەچەڵەک ئەمەریکی بوو. ئەو شەڕە

ناوخۆیەی لەو دوو وڵاتە هەڵگیرسا زۆر دڕندانە بوو؛ کۆی کوژراوەکان لە لیبیریا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ٣.٥ ملیۆن کەسە، بەنزیکەیی گەیشتە ٢٠٠٠٠٠ هەزار کەس، بەڵام سەبارەت بە سیرالیۆن کە ژمارەی دانیشتوانەکەی پێنج ملیۆن کەسە، لە نێوان ١٥٠ هەزار بۆ ٢٠٠ هەزار کوژراو بوو. شەڕی کۆنگۆ خوێناویترین ململانێی دوای دووەم جەنگی جیهانییە کە دەگەڕێتەوە بۆ تاڵانییە سیستماتیکییەکەی وڵات لەسەر دەستی مۆبوتو (Mobutu) و بۆ مۆرکی وڵاتێکی دەستکرد (دوو سەد و پەنجا ئەتنی و دوو سەد و دە زمان)، بۆ پاشهاتەکانی ئەو ململانێ ڕەگەزییەی کە لە جینۆسایدی ڕواندا هاتەئاراوە. پێشبڕکێ هەرێمایەتییەکان ئاگری ئەو ململانێیە خۆش دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا هیچ "هێزێک" بەپێی ئاستی ئەو ململانێیە، بیر لە بەگەڕخستنی تواناکانی ناکاتەوە.

لەو دەمەی ئەمەریکای لاتین بەنێو قۆناغی گواستنەوەی دیموکراسیدا کەوتووە، شەڕەکان سنووردارتر بوون. سەرکەوتن یا شکستی سیاسەتی ڕیفۆرخوازە وەگەرکەوتووەکان، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئایندەی ئەو وڵاتە دەبێت. کشانەوەی ئەمەریکییەکان کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پاڵپشتیکاری بێقەیدوشەرتی زۆرێک لە کودەتاکان بوون، ڕێگەی خۆش کرد بۆ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە سیناریۆی کودەتای سەربازی کەمترین ئەگەری هەبێت.

لە وڵاتانی ئەمەریکای پردەزەوی (برزخ – isthmus)دا، لە کۆلۆمبیا و فەنزەوێلا، ئاستی توندوتیژی مەدەنی بە بەرزی ماوەتەوە: مادەهۆشبەرەکان، ماراس (Maras) (ئەو باندانەی پراکتیزەی توندوتیژییەکی زۆر دەکەن)، ئەندامانی میلیشیاکانی پێشوو. ئەو وڵاتانەی تا ئەمڕۆش ئاستێکی بەرز لە توندوتیژی بەخۆیانەوە دەبینن، ئەو وڵاتانەن کە شەڕی ناوخۆی دوورودرێژ و خوێناوییان بە خۆیانەوە بینیووە. سەلڤادۆر، ساڵی ٢٠٠٩، بەرزترین ئاستی تاوانی کوشتنی لە جیهاندا تۆمار کرد، واتە ڕێژەی ٧٢ تاوانی کوشتن بۆ هەر ١٠٠٠٠٠ کەس لە دانیشتوان، دوای ئەویش باشووری ئەفەریقیا دێت بە ٦١ تاوانی کوشتن. دیاردەی ماراس یەکێکە لە پاشماوەکانی شەڕی ناوخۆ و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان کە تا ئێستاش بوونیان هەیە و پرۆسەکانی دەرکردن کە واشنتن لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا پیادەی کرد و لە ڕێگەیەوە

بیست هەزار گەنج لە نەوەی دووەمی سەر بە باندە کوچبەرەکان گەڕێنرانەوە بۆ وڵاتەکانیان کە پێشتر نەیانبینیبوو.

هێندێک وڵاتی وەک پاکستان و عێراق کەوتونەتە نێو قۆناغە بەردەوامەکانی توندوتیژییەکی درێژخایەنی ئەوتۆوە کە مەترسییەکی گەورەی لێدەکری ئەو بارودۆخە ناوچەکە ڕابماڵێت. لە پاکستان شەڕی ناوخۆی پەنهان لە ساتەوەختی سەربەخۆییەوە هەر یەک لە کوچبەرەکان و پەنجابییەکان، سوونە و شیعە ڕووبەڕووی یەک دەکاتەوە، هێندێک جاریش ڕێکدەکەون پەلاماری مەسیحییەکان بدەن. دەرئەنجامی بۆردومانەکانی ئەمەریکا کە ڕژێمەکەی ئێستا پشتگیری لێدەکات، ماڵوێرانییەکە دووهێندە دەبێت. ڕەنگە کوردستانی عێراق کە سیستمێکی نیمچە سەربەخۆ پیادە دەکات، ببێتە مەرجەعی سی ملیۆن کورد و سەقامگیری ناوچەکە تێک بدات (ئەم بۆچوونە بەرامبەر بە کورد زۆر ورد نییە و ڕاسیزمێکی زەقی پێوەدیارە و لە ڕوانگەی داگیرکەرانی کوردستانەوە لە گەلی کورد دەڕوانێت، بەپێچەوانەوە، سەربەخۆیی کوردستان و ئازادی کورد دەبێتە مایەی سەقامگیری ناوچەکە . و. کوردی).

وڵاتە فرەکولتورەکان دەتوانن بە ئاشتی بژین، وەک کەنەدای جووت زمان و سویسرای فیدراڵی. لە کەنەدا، ڕێکەوتننامەی دەریاچەی میش لە ساڵی ١٩٨٢دا، چارەسەرێک بوو بۆ دووپاتکردنەوەی ناسنامەی فرانکۆفونیی ساڵانی حەفتاکان کە یەکلاکردنەوەی ئاشتیانەی بۆ ڕووبەڕوونەوەی نێوان هەر دوو گرووپەکە پایەدار کرد. دەشێت جیابوونەوەی وڵاتە فرە ئەتنیکییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە بێت، وەک جیابوونەوەی نێوان چیکیا و سلۆڤاکیا لە ٣١ کانونی یەکەم/ دیسمبەری ١٩٩٢دا، یا هەڵوەشانەوەی ئاشتیانەی یەکێتی سۆڤێت. قەیرانی بەلجیکا پێچەوانەکەی دەسەلمێنێت کە تەنانەت لە نێوەندی ئەوروپاشەوە دەشێت دیموکراسی بە ئەتنیکی بکرێت. هەروەکو توندوتیژی ڕێکخراوی ئیتا یا بەرەی نیشتمانی ڕزگاریخوازی کۆرسیکا (FLNC) بەناولێنانە جیاوازە تا ڕادەیەک گاڵتەئامێزەکانییەوە (کەناڵی مێژوویی و کەناڵی "ئاسایی") دەیسەلمێنێت، لەڕێی گوتارێکەوە کە توندوتیژی کوێرانە دژ بە هەموو فاکتێک بە شەرعی دەکات، لە پشت بێتوانایی قازانج کردن لە ڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە هەنگاو دەنرێت.

توندوتیژی شەڕی ناوخۆ سنووری بۆ نییە، بەڵام بە کەمی لە دەوروبەرە جیوسیاسییەکەی بڵاودەبێتەوە و لەوەش زەحمەتر خرۆشاندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە. گەشەسەندنی ناسنامەی ناوچەیی و دەستەگەری بنەمای سەرەکی شەڕە ناوخۆییەکانە، نموونەی لوبنانی هەنوکەش وەبیرهێنانەوەیە کە دەکرێ دیموکراسی بەدەستییەوە بناڵێنێت.

دە ڕاسپاردەکەی باهوتو (Bahutus)

بەیاننامەیەکی ڕەگەزپەرستانەی ڤانسان نەتزیمانا (Vincent Netziman)یە دژ بە توتسییەکان، ڤانسان ئوستاد بوو لە زانکۆی ڕواندا، لە ١٧ی نیسان/ ئەپریلی ٢٠٠٩دا لە برۆکسڵ دەست بەدادگایی کردنی کرا. ئەم دەقە لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٩٠دا لە گۆڤاری کانگورا (Kangura)ی توندڕەوی ڕواندی بڵابۆتەوە. بەرگی لاپەرەکە وێنەیەکی سەرۆک میتران (Mitterrand) و ئەم کۆمێنتەی لەسەر بوو: "هاوڕێی ڕاستەقینەی ڕواندا".

"١. لەسەر هەموو هوتو (Hutu)یەک پێویستە ئەوە بزانێت کە ئوموتوتسیکازی (Umututsikazi) (ژنە توتسی، تێبینی نووسەر)، لە هەر کوێیەک بێت، لە بەرژەوەندی ڕەگەزی توتسی کار دەکات. بۆیە هەر کەسێک ژنێکی توتسی بخوازێت یا بیکاتە دۆستی خۆی، یا سکرتێری، یا بیپارێزێت، بە ناپاک دادەنرێت.

٢. دەبێ هەموو هوتویەک بزانێت کە کچانی باهوتوکازی (Bahutulazi) (هوتو، تێبینی نووسەر)، وەک ژن، هاوسەر، ژنی ماڵەوە، زۆر خۆنەویست و لێهاتوون. ئایا شۆخ و سکرتێری باش و لە خەڵکانی دی پاکیتزەتر نین؟

٣. ئەی ژنانی هوتو، وشیار و ئاگادار بن، هاوسەر و برا و ڕۆڵەکانتان ئاقڵ بکەن.

٤. پێویستە هەموو هوتویەک بزانێت کە هەموو توتسییەک لە کاروکردەوەکانیدا پاک نییە، تەنیا هەوڵ دەدا ڕەگەزەکەی خۆی باڵادەست بکات. هەر هوتویەک کار لەگەڵ توتسی بکات، یا پارەی خۆی یا پارەی دەوڵەت لە دامەزراوەیەک وەگەڕبخات کە خاوەنەکەی توتسی بێت و پارە بە قەرز بدات بە توتسییەک، یا قەرزی لێوەربگرێت و لە کارەکانیدا خزمەتگوزاری پێشکەش بە توتسی بکات، بە خائین حیساب دەکرێت.

٥. پێویستە پۆستە ستراتیجیی، سیاسی و کارگێڕی، ئابوری، سەربازی و ئەمنییەکان بدرێن بە هوتو.

٦. پێوسیتە زۆرینە لە کەرتی پەروەردە دا (فێرخواز، قوتابی، فێرکار) بۆ هوتو بێت.

٧. دەبێ هێزە چەکدارەکان تەنیا بۆ هوتو بێت، ئەو وانەیەی کە لە ئەزموونی شەڕی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٠دا فێربووین. دەبێ هیچ سەربازێک هاوسەرگیری لەگەڵ ژنی توتسیدا نەکات.

٨. پێویستە لەسەر هوتو چیدی بەزەییان بە توتسییەکان نەیەتەوە.

٩. دەبێ هوتو یەکگرتوو، یارمەتیدەری یەکتر بن، لە هەر کوێیەک بن، پێویستە گرنگی بە چارەنووسی براکانیان بدەن. دەبێ هوتو لە ناوەوە و دەرەوەی ڕواندا بە بەردەوامی بە دوای دۆست و هاوپەیمانی پرسی هوتودا بگەڕێن، باتۆ (Bantous) یەکەم برایانن. پێویستە لەسەریان بە بەردەوامی بەرەنگاری پروپاگەندەی توتسییەکان ببنەوە. لەسەر هەموو هوتویەک پێویستە لە بەرامبەر توتسی، دوژمنە هاوبەشەکەیان وتووریابن.

١٠. پێویستە شۆڕشی کۆمەڵایەتی ١٩٥٩ و ڕاپرسی ساڵی ١٩٦١ و ئایدیۆلۆجیای هوتو، بە هەمووان و لەسەر هەموو ئاستەکان بوترێتەوە. هەموو هوتویەک پێویستە لەسەری بەشێوەیەکی بەربڵاو ئەم ئایدیۆلۆجیایە بڵاو بکاتەوە. هەر هوتویەک برا هوتوکەی بچەوسێنێتەوە، ناپاکە، لەبەر ئەوەی ئەم ئایدیۆلۆجیایەی خوێندۆتەوە یا بڵاویکردۆتەوە و خوێندوویەتی".

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی نۆیەم
داگیرکراو وێنەیەکی بەربەرییە

"هەمیشە چەوسێنەر، نەک چەوساوە، شێوەی خەبات دیاری دەکات. چەوسێنەر توندوتیژی بەکاردەهێنێت، چەوساوەش هیچ بژاردەیەکی نییە، جگە لەوەی بە توندوتیژیی وەڵامی بداتەوە".

نێلسۆن ماندێلا (Nelson Mandella)
یاداشتەکان (Memoires)

هیچ پەندێکمان نەبیستووە لە پەندی ئەم چینییەی کسینیانگ (Xinjiand) بچێت، کاتێک ڕۆژنامەوانێک لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆن (Liberation) دەربارەی ئیگۆر (Ouighours) لێدوانی لەگەڵدا دەکات و دەڵێت "زۆر باش دەیانناسێت": "پێیانوایە کسینیانگ موڵکی خۆیانە و گلەیی لەوە دەکەن کە لە ئێمە هەژارترن (...)، بەڵام گرفتەکە لەوێدایە کە ئەوان تەمەڵ و تەوەزەلن (...). کەمایەتییە ڕەگەزییەکان (لە کسینیانگ)، خەڵکانێکن کولتور و چینێکی نزمیان هەیە، پیس و پۆخڵن، لە نێوەندی شەقامەکەدا پیسایی دەکەن، تەنیا بیر لە شەڕ و کوشتار دەکەنەوە (...). تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی ڕێگەیان پێنەدرێ سەرلەنوێ بیر لە شەڕ بکەنەوە، ئەوەیە کە بەوپەڕی تواناوە ملیان پێ کەچ بکرێت! زمانی ئیگۆری لەگەڵ سەدەی بیست و یەک دا ناگونجێت"[٩٩]. ئەم پلانە بۆ شیکردنەوەی کەسایەتی دانیشتوانی داگیرکەر، تایبەت نییە بە کۆمەڵگە دیکتاتۆرییەکان، بەڵکو زۆر جار سیستمی دیموکراسی لەلای داگیرکەر، پەردەیەکە بۆ هەژمون و سەرکووتکردن و توندوتیژی، هەروەکو دۆخی کۆنگۆی بەلجیکی، لە جەزائیری فەرەنسای دوێنێ، ئەو زەوییانەی خۆرئاوا لە چین قۆرخی کردووە، بەجۆرێک هێندێک شوێن بۆ سەگ و چینییەکان قەدەغە بوو، لە ئێرلەندای باکووری بریتانی و لەو سەرزەمینانەی ئیسرائیل لە ئێستادا

---

[99]- Liberation (5 juillet 2010).

داگیریکردووه[100]. بەڵام دژەڕووە (پارادۆکسە) ئیسرائیلییەکە بریتییە لەوەی کە ئەو عەرەبانەی هەڵگری ڕەگەزنامەی ئیسرائیلین، هاوڵاتی دەوڵەتێکی دیموکراسین، مافەکانیان زۆر لەوە زیاترە کە ڕەنگە لە هەر وڵاتێکی عەرەبی لە ناوچەکەدا بەدەستی بهێنن، بەڵام نەک فەڵەستینی ناوچە داگیرکراوەکان. دەشێت هەمان گوتار، بە هەمان شێواز لە قەیرانە جیاوازەکانی ئێستادا ببینین: تبتییەکان، خێڵەکانی شان لە ئاسیای باشوور، بابۆی ئەندەنوسیا، هیندییە سوورەکان لە چیاباس، ڕەشپێسەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی (ئاپارتاید)، کورد و بلوچ... هتد.

بیناکردنی وێنەی داگیرکراو، لەو بارودۆخە کۆلۆنیالییە، تیشک دەخاتە سەر دوو تایبەتمەندی: داگیرکەر هەست بە بوونی جەنگێکی پەنهان دەکات و پێیوایە دەبێ بە بەردەوامی هێزی خۆی بسەلمێنێت: هەموو توندوتیژییەک لەلایەن داگیرکراوەوە بۆ ڕەتکردنەوەی دۆخ و ڕژێمە باوەکە، لەڕووی کەلتورییەوە وەک کردەیەکی تیرۆریستی یا وەک یاخیبوونێک سوکایەتی پێدەکرێت و پاشان ڕاستەوخۆ "ئاشتی و ئۆقرەیی دەسەپێنرێت". ئەو بەڵگەنەویستانە پاساو بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەهێننەوە بۆ ئەوەی ڕەتیبکاتەوە پێگەی "جەنگاوەری دوژمن" بە ئەوی دی بدات. هیچ ڕاگەیاندێکی جەنگ ناسەپێنرێت کە هەڵگری کۆتوبەندی یاسایی یا نێودەوڵەتی بێت. کەواتە توندوتیژی داگیرکەر سەرکووتکردنێکە بۆ ئەوەی ئاشتی بسەپێنرێت.

داگیرکردن بەر لە هەموو شتێک بانگەشەیەکی مێژوویی و کولتورییە. خوێندنگە ئەو داینگە و نێوەندەیە کە مێژووی فەرمی پەخش دەکات. هەر لە منداڵییەوە ڕوانین بۆ ئەوی دی دروست دەبێت[101]. داگیرکەر بوونی بەو شەرعییەتە پاساداو دەداتەوە کە لە ڕابردووەوە سەرچاوەی گرتووە، یا ئەو دەوڵەمەندییەی کە خۆی هۆکارەکەی بووە. فێرگە کۆلۆنیالییە فەرەنسییەکان، منداڵانیان فێر دەکرد

---

[100]– Laetita Bucaille, “Israel et la Palestine, imaginaires croises,” dans E. Feron et M. Hastings, L’imaginaire des conflits communautaires, Logiques politiques (Paris: L’Hamattan, 2002).

[101]– Bucaille, Ibid., sur les sondages faits aupres d’enfants israeliens, p. 221

که "باپیرانمان هێژا و ئازیزن". پارادۆکسەکە ئەوەیە کە کۆلۆنیالیزمی چینی دەرهەق بە تیبت بە ڕابردووی ئیمپراتۆریی پاساو دەداتەوە... کە ڕژێمی کۆمۆنیستی بە تەواوەتی لەنێویبرد. مێژوو گرەو کردنە، چونکە بەرپرسانی حەماس لە ناوچە داگیرکراوەکاندا نارەزایی دەردەبڕن لەسەر ئەوەی بەشێک لە کتێبەکانی خوێندن کە ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی پەنابەرانی فەلەستینی بەکاریدەهێنێت، تایبەتکراوە بۆ "هۆلۆکۆست" کە پێیانوایە "درۆیەکە زایۆنیستەکان دایانهێناوە"، بۆ ئەوەی "داگیرکردنی فەلەستین قبوول بکرێت". لەلای خۆیشییەوە جەدعون سەعار (Gideon Saar)، شالیاری پەروەردەی ئیسرائیل، هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو کارەساتە ناکات کە لە کتێبی خوێندنی منداڵانی عەرەب لە ئیسرائیلدا هەیە. ئەگەر چی کارەساتەکە "تراجیدیا گەورەکەی"ی ساڵی ١٩٤٧ بوو، واتە ئۆپراسیۆنی ئەو دەرکردنە چڕەی کە پێش دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بەڕێوەچوو[١٠٢].

خاک – هەرێم

پەیوەندی لەگەڵ خاکدا بۆ هەمیشە بەردەوام دەبێت، ئەفەریقییەکی سپیپێست کە سەر بە ڕژێمی ڕەگەزپەرستە و خاکی خەڵکانی ڕەشپێستی داگیرکردووە، هەروەکو کۆلۆنیالە فرەنسی یا بریتانییەکان دەڵێت: "ئەمە زەوی منە، باوانم لێرە لە دایک بوون، من لێرە لە دایک بووم". لەو سەرزەمینانەی ئیسرائیل داگیری کردووە، شەرعییەتی تەوراتی بەکاردەهێنرێت کە وشەکە بە مانا تازەکەی "سنوور" دیاری ناکات، بۆ ئەوەی پاساو فراوانبوونێک بهێنێتەوە کە ئیماندارە توندڕەوەکان داوای دەکەن. داگیرکاران بە ئاشکرا باڵابوونی شارستانی لە داگیرکارییە کولۆنیالییەکاندا ڕادەگەیەنن؛ چونکە لەکاتی قۆرخکاری زەوییەکاندا، لەسەر لافیتەیەک لە یەکێک لە کەنارەکانی شانگەهایدا نووسرابوو: "بۆ چینی و سەگ قەدەغەیە!". لە کۆمەڵگە کۆیلەییەکاندا، بۆ نموونە، ئەفەریقیای باشوور، جیاکردنەوە دامەزراوەیی بوو؛ چونکە هەر شتێک نێوان گرووپەکانی نزیک بکردایەتەوە، قەدەغە بوو، وەک هاوسەرگیری و پەیوەندی نێوان ئەتنیکەکان... کۆلۆنیالیستە بەلجیکییەکان ڕەتیان دەکردەوە کادری خۆماڵی پێبگەیەنن، بۆیە دەیانوت: "نە دەستەبژێر، نە کێشە و گرفت". لە ئێرلەندای باکوور، ئەو هێڵە

102– Le Monde (17 septembre 2009).

ئاشتییەی کە دەوری بەلفاست و لاندری گرتبوو، سنووری ڕەگەزپەرستییەکی تراجیدی بوو، لە ئاپارتایدی بۆیرز (Boers)ی ئەفەریقیای باشوور و ئەو دیوارە دەچوو کە ئیسرائیل لە کەناری خۆرئاوادا دروستی کردووە، چونکە لەلایەک خۆشگوزەرانی دەبینین، لەلایەکی دی، نەداری. ڕەگەزپەرستی بە پەنهانی دەمێنێتەوە و هەمیشە بە فەرمی گوزارشتی لێناکری. جنێو، ئەو وشانەیە کە لە سەرەتاوە منداڵان لەسەر زمانەکەی ئەوی دی فێری دەبن.

نیگەرانی داگیرکردن لە کەمی ژمارەی دانیشتوان و ئەو هەستەوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە "مافە مێژووییەکانی" تێناگات. لەبەر ئەوەی زۆربەی جار ئەو ئامرازانەی بەردەست نییە کە کۆنترۆڵکردنەکە پەسەند دەکات، بۆیە هێزە ئەمنییەکان ناچار دەکات کردەی توندوتیژی زیاتر ئەنجام بدەن کە دواجار جەنگی لێدەکەوێتەوە. تەنانەت ڕەچاوی داواکاری ئاشتییانەی مافە سەرەتاییەکانی ژێردەستەکانیش ناکرێت، ئەوەش زۆر بە سادەیی کاتێک داگیرکەر نەتوانێت لەڕێی هێزەوە چارەسەری بکات. بۆ نموونە پەرەشووتوانە بریتانییەکان، لە ٣٠ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٧٢دا، یەکشەممەی خوێناوییان (Bloody Sunday) ئەنجام دا؛ کاتێک زۆر بە خوێنساردی تەقەیان لە سێیەم خۆپیشاندانی ئاشتییانە کرد و چواردە کەسیان کوشت کە لە ئێرلەندای باکوور داوای مافی هاوڵاتیبوونیان دەکرد. ئەو یەکشەممە خوێناوییە چووە ڕیزی یەکشەممە خوێناوییەکی دیکەوە کە ٢١ تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٢٠، لە کاتی یاری تۆپی پێی (gaelique) لە کوک پارک دا ڕوویدا، کاتێک زریپۆشێکی ئینگلیزی چووە نێو یاریگەکە و کەوتە دەستڕێژ کردن لە تەماشاکەران، لە ئەنجامدا چواردە کەس کوژران و حەفتاو پێنج کەسیش بریندار بوون.

نیشتەجێکردنی زۆرەملێ هەوڵ دەدا هاوسەنگی دیموگرافی بگۆڕێت، کۆچبەرانیش کە بەزۆری لە پرۆلیتاریای لۆمپەن (lumpenproletariat) هاتوون، ئەوە بە دەرفەتێک دەزانن تا بەراورد بە نزمترین دۆخی دانیشتوانە خۆماڵییەکان، لە مەینەتی ڕزگاریان بێت و بەهایەک بەدەستبهێنن، هەروەکو دۆخی چینییەکان لە کسینیانگ یا لە تیبیت. بەمەبەستی هاندانی ئاوارەکردن، کۆمەڵکوژییەکی هەڕەمەکی لە گوندێکدا ئەنجام دەدرێ. دۆخی ڤۆکۆڤار لە سربیا

لە تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٩١دا بەوجۆرە بوو، تا کرواتییەکان کۆڕەو بکەن، یا لە دێر یاسین، لە ٩ نیسان/ ئەپریلی ١٩٤٨ دا (بەرپرسە فەڵەستینییەکان کارەکەیان زۆر گەورە کردەوە بۆ ئەوەی ئاماژە بە دزێوی هێزەکانی ئیسرائیل بکەن)، پیاوانی ئەرگۆن (Irgoun)، کە ڕێکخراوێکی زایۆنی چەکدارە، زۆر خوێنساردانە، نزیکەی بیست فەڵەستینیان کوشت. تا ئێستاش هاوردە ئیسرائیلییەکان خانووبەرە تێکدەدەن بۆ ئەوەی فەڵەستینییەکان ناچار بکەن کۆچڕەو بکەن. گەر ئەو کارانە لە ناوچەکانی دیکەی جیهاندا ڕوویدەن، ئەوا باس لە پاکتاوی ڕەگەزی دەکرێ. ڕاپۆرتێکی فەرمی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA) لە بەرواری ٢٨ی حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠١٠دا، بە نموونە، باس لە هەشتاو پێنج دۆنم زەوی خێزانە فەڵەستینییەکان دەکات کە هاوردەکانی یەتسهار (Yitzahe) کاولیان کردووە، دار زەیتون و بادەمەکانیشیان لەڕەگەوە دەرهێناوە و ئاگریان تێ بەرداون.

نوێنەرانی کۆلۆنیالیستە هەڵبژێردراوەکان هەموو هەوڵێکی گۆڕان لەبار دەبەن، تەنیا ئەوان ڕاسپێردراون بەناوی ژێردەستەکانەوە قسە بکەن. نوێنەر و هەڵبژێردراوەکانی جەزائیری فەرەنسا، تەنانەت هەوڵی هەرە میانڕەواکانیشیان لەباربرد، بە نموونە، پرۆژەی بلوم ڤیولێت (Blum-Violette)ی ساڵی ١٩٣٦، کە ئامانجی ئەوە بوو هێندێک مافی هەڵبژاردن بە دەستەبژێرە خۆجێیەکان ببەخشێت. ویستی گفتوگۆکردن لەلایەن ژێردەستەوە، هێندێک جار بە بیانوی سەرسوڕهێنەر بەلاوەدەنرێت، بۆ نموونە کۆلۆنیالیست شیمعون کارنییڵ (Shimon Karniel) کە لە ساڵی ١٩٦٧ەوە لە سەرزەمینە داگیرکراوەکاندا نیشتەجێ بووە، دەڵێت: "عەرەب دەتوانن بە ئاشتی لە دەوڵەتی جوولەکەدا بژین. جێگە بۆ هەموو کەسێک هەیە!"، بەڵام بنیامین نەتانیاهۆ (Benyamin Netanyahou) ڕەتیکردەوە لە کەناری خۆرئاوا واز لە نیشتەجێ کردن بهێنێت، لە ١١ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ٢٠٠٩دا لە واشنتن، وەک ڕاڤەرکردنێک بۆ ڕەتکردنەوەی سیاسەتی "دەست درێژکردن" لەلایەن فەڵەستینییەکانەوە، ئەوەی دووپات کردەوە کە : "فەڵەستینییەکان ئاشتیان ناوێت!". گومانی تێدا نییە کە نیازیان خراپە. لە ماوەی ئاپارتاید دا هەمان بیانو دەهێنرایەوە، کاتێک دەسەڵاتی پریتۆریا بانتۆستانەکانیان (bantoustans)، جۆرە ناوچەیەکە لە ژێر چاودێریدا دەبێت، لەسەر شێوازی ئەو ئۆردوگا هیندییانە دروست کرد کە دەبێ دانیشتوانە

خۆماڵییەکە پێی ڕازی بن و دەبوایە کار لەسەر چارەسەری یەکجارەکی مەسەلەکە بکەن.

دوژمن بەو کارەی دەبێت بە بەستەری کۆمەڵایەتیی گرووپە داگیرکارەکە، چونکە لە ئێستادا ئالان دیکهۆف بەمجۆرە قسە لەسەر کۆمەڵگەی ئیسرائیلی دەکات "بژاردەی نەتەوەی چەکدار، باشترینی بە دەستهێناوە؛ چونکە بەرگریکردن لە نیشتمان دەکەینە مەسەلەی هەمووان، بەوەش هەستی چارەنووسی هاوبەش لە نێو خودی کۆمەڵە هەرێمایەتێکە گەشە دەکات"[١٠٣]. شرۆڤەکارانی دیکەی وەک دانیاڵ بن سیمۆن (Daniel Bensimon) لە ڕۆژنامەی هارتز باس لە "شەڕێکی ناوخۆی بێ چەک" لە نێوان دیندار و عەلمانییەکانی ئیسرائیل دا دەکات. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: چارەنووسی ئیسرائیل لە دوای ئاشتی چی دەبێت؟، ئەوانەی هەوڵ دەدەن پەیوەندی دوژمنکارانە هەڵوەشێننەوە، باقی کۆمەڵگە بە "ناپاک"یان دادەنێن، هەروەکو دۆخی ئەلبێر کامۆ (Albert CAmus) لە جەزائیر، پارێزەری لیبراڵی فرەنسی، پیار پۆپی (Pierre Popie)، سەرۆکی سەندیکای بزوتنەوەی کۆماری میللی (MRP) لە جەزائیری پایتەخت کە لە ٢٥ی کانونی دووەم/ یەنایەری ١٩٦١دا، ڕێکخراوی سوپای نهێنی (OAS) تیرۆری کرد، یا ئیسحاق ڕابین (Itzhak Rabin) کە توندڕەوێکی جوولەکە تیرۆری کرد، یا سادات کە یەکێک لە ئیخوان ئەلموسلیمون تیرۆری کرد، ئەم دووانەی دوایی تیرۆر کران لەبەر ئەوەی لەگەڵ فەڵەستینی و ئیسرائیلییەکاندا گفتوگۆیان کرد.

سەرکووتکردن بەردەوام دەبێت، ئیدی چی بە هێمنی بێت، هەروەکو کۆسۆڤۆی ئەمڕۆ دژ بە سربەکان، یا توندوتیژ بێت، وەک ئەو سەرکووتکردنەی نیشتەجێ ئیسرائیلییەکان لە سەرزەمینە داگیرکراوەکاندا پراکتیزەی دەکەن، یا وەک ئەوەی چینییەکانی هان (Hans) لە تیبت و سینیانگدا پیادەی دەکەن. ئامانجەکەش خۆلادانە لە گفتوگۆی نێودەوڵەتی کە تا ئەو کاتەی داگیرکراو ڕێگەی توندوتیژ نەگرێتەبەر گەرموگوڕ نابێت. لەوانەیە دونیای دەرەوە سەرکۆنەی بکات، یا بەپێچەوانەوە پیلانگێڕانە بێت. کۆدەنگییەک بۆ سەرکۆنەکردنی ڕژێمی

103- Alain Dieckhoff, “Les dilemmes territoriaux d’Israel,” Cultures et conflits (printemps 1996), p. 169.

ڕەگەزپەرستی (ئاپارتاید) هەبوو، بەڵام چاوپۆشی لە چەندین حاڵەتی دی دەکرا، بۆ نموونە، دۆخی کاسۆلیک لە ئێرلەندای باکوور، لە ئەوروپای خۆرئاوا و نێوەند لە سەدەی بیستەمدا، دیموکراسییەکانی ئەوروپا وەک پرسێکی ناوخۆی بریتانیا مامەڵەیان لە تەکدا دەکرد. مایەی سەرنجە کە قەیرانی ئێرلەندا زیاد لە ٣٥٠٠ کوژرا و چەندین دەستگیرکردنی لێکەوتەوە، لەگەڵ دەستبەرسەرکردنی هەڕەمەکیانە لە ماوەی چل ساڵدا.

داگیرکەر خۆی لە جەنگێکی پەنهاندا دەبینێتەوە: "گەر ناچاربین تەورەکە دژ بە خێڵێک بەرز بکەینەوە، ئەوا دەبێ داینەنێینەوە تا خێڵەکە قڕ نەکەین، یا تێکیبشکێنن. (...) لە شەڕێکدا چەند کەسێکمان لێ دەکوژن. دەبێ هەموویان لەنێوبەرین!". ئەو ڕستانە تۆماس جێفەرسۆن (Thomas Jefferson)، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان وتویەتی، زۆر بە باشی دینامیکییەتی کۆلۆنیالیزمی خۆرئاوای دوور (Far West) وەسف دەکات. ئەو مەترسییەی گرووپی پراکتیزەکارانی داگیرکردن لەلایەن دانیشتوانە خۆماڵییەکەوە ڕووبەرووی دەبنەوە، پاساوی گەمارۆدانی سەربازی و ئابلۆقەدانی زەوییەکان دەداتەوە. مەبەست لە سەلماندنی سیستماتیکانەی کۆنترۆڵ کردن، وەبیرهێنانەوەی باڵادەستی داگیرکەرە: سەپاندنی ئاهەنگگێڕان بە یادی داگیرکردن، سوکایەتی پێکردن لە نێوەندەکانی چاودێری کردن، پاسپۆرت بۆ گەشتی ناوخۆ، یا ڕێپێدانی هاتوچۆی زۆرەملییانە.

بەشەیتانیکردن تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە نوێنەرە سیاسییەکانی ژێردەستە بە "توندڕەو" وەسف بکات، ئەوەش شێوازێکە بۆ ئەوەی لە نێوەندی ئەندێشەکردن دوور بخرێنەوە کە تەنیا دەسەڵاتی داگیرکەر دەستنیشانی دەکات. ئەم زاراوەیە دژ بە ماندیلا بەکارهێنرا، کاتێک سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقی (ANC) بوو، دژ بە فەرحات عەباس، سەرکردە گەنجەکەی جەزائیر، یا دژ بە سوپای ڕزگاریخوازی ئێرلەندی (IRA) لە ئێرلەندای باکوور. ئەو تەقینەوانەی مژدەهێنی شۆڕشەکانە، فۆرمی خۆپیشاندانی دژ بە پێگەیەکی نزم وەردەگرێت، چونکە پەلاماری کۆلۆنیالیست و ماڵومولکیان دەدرێت، هەروەکو ئەوەی ساڵی ١٩٤٥ لە سەتیف ڕوویدا و چەندین کەڕەت لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ لە لهاسا (Lhassa)، یا وەک لەم دواییانە کسینیانگ ڕوویاندا. پاشان

خودی کۆلۆنیالیستەکان و هێزەکانی پاراستنی ڕژێم لە پێناوی دەستەبەرکردنی "ئاسایشی مۆڵکوماڵ و کەسەکان" توندوتیژییەکی دڕندانە پیادە دەکەن کە جیاوازی نێوان سەرباز و مەدنییەکاندا ناهێڵێت. زاراوەی "ئەشکەنجەدانی جەستەیی ڕەگەزیی" (ratonnades)، بەزۆری چەندین وەرگێڕانی هەیە. پێویستە سوپا "وانەی" "سەرەڕۆی"ی ژێردەستە دابدات، هەروەکو فەرنسییەکان ساڵی ١٩٤٧ لە مەدەغشقەر ئەو کارەیان کرد، یا بریتانییەکان لە عێراق دژ بە شۆڕشی ١٩٢٠ کردیان، یا هەروەکو لە غەزە لە ئۆپراسیۆنی کاست لید (الرصاص المصبوب) ڕوویدا. زۆری ژمارەی قوربانییە مەدەنییەکان ئەوە دەسەلمێنێت کە شەڕەنگیزی هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە. ڕاپۆرتەکەی گۆڵدستۆن (Golgstone) لە ١٥ ئەیلول/ سەپتەمبەری ٢٠٠٩دا دەربارەی ئۆپراسیۆنی "کاست لید" پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن هەر دوو لاوە دەسەلمێنێت، بەڵام حکومەتی تەل ئەبیب بە تەواوەتی ڕەتیکردەوە.

ئەو پرۆسەیەی پێی دەوترێت "کپکردنی ئاگری فیتنە"، تەنیا ژێردەستە بە دوژمنێک ناکات کە یاسای جەنگ بیگرێتەوە، بەڵکو دەیکاتە تاوانبار، یاخی، یا شۆڕشگێر و هێندێک جاریش بەو بوکەڵەیەی دوژمن یاری پێدەکات، ئەمە لە کاتێکدا دانیشتوانی ناوچەکە تەنیا دەیانەوێت "بەئاشتی لەگەڵ داگیرکەردا بژین". شۆڕشی داگیرکراو دژ بە سوپای داگیرکەر، جەنگی بێهێزە بەرامبەر بە بەهێز، واتە ئەوەی لە ڕابردوودا پێی دەوترا "شەڕی شۆڕشگێڕانە" کە بەناوی ململانێیەکی نابەرامبەر و ناهاوسەنگ بۆمان دەگەڕێتەوە. ئەوانە چەتەی شەڕکەرن دژ بە سەرباز و ئەو مەدەنییە چەکدارانەی کە ژێردەستە وەک ئاژەڵ و دڕندە و ترسنۆک دەبینن. بەوەش تیرۆر، واتە توندوتیژییەکی ناشەرعی بەبێ جلی سەربازی ڕووبەڕووی توندوتیژییەکی شەرعی بە جلی سەربازییەوە دەبێتەوە. ئیلی بارناڤی (Elie Barnavi) لە کتێبی ئایینە بکوژەکان (Les Eeligions meurtrieres)دا دەنووسێت: "لێرەدا شارستانییەت هەیە و لەوێ بەربەرییەت، لەنێوان ئەو دووانەشدا هیچ دیالۆگێکی مومکین نییە (...). لەم تیرۆرە تێناگەین، چونکە بە تەواوەتی بە ئێمە نامۆیە(...). جگە لە کوشتنی زۆرترین کەس، نازانین چییان دەوێت، ئەمەش هەموو شتەکەیە"[١٠٤]. لەگەڵ ئەمجۆرە بیانووەدا،

---

[104]– Elie Barnvi, Les religions meurtrieres (Paris: Flammarion, 2006).

قەسابخانەی سەتیف لە ئەیلول/ سەپتەمبەری ١٩٤٥، یا کوشتارگەی مەدغشقەر لە ساڵی ١٩٤٧دا و دەستبەسەرکردنی ئیداری یازدە هەزار فەڵەستینی بە شەرعی دەکرێت[١٠٥]، ئەمە سەرباری ئەشکەنجەدان وەک ئامرازێک بۆ لەناوبردنی تیرۆر، ئەبوغرێب بە نموونە. لە بەرامبەر ئەوەشدا، توندوتیژی هێزە چەکدارەکان بە "شەرعی" دادەنرێت، وەک بۆردومان کردنی ئەفغانستان و باکووری پاکستان لەلایەن ئەمەریکاوە. ژاپۆنی کۆلۆنیالیزم بەدڵڕەقی سەرکووتکردنە لەڕادەبەدەرکەی دەناسرێتەوە، چونکە بەئەگەرێکی زۆر ٠.٥٪ لە دانیشتوانی هەر دوو کۆریا و ١٪ لە دانیشتوانی تایوان لە دوای پرۆسەی لکاندنەکەی ساڵی ١٩٠٥دا بێسەروشوێن کران.

ئارگیومێنتی کولتورگەرا بۆ سەرکوتکردن لە زانیارییەکی نادروستی سایکۆلۆجی ژێردەستەوە هەڵدەهێنجرێت: سوکایەتی کردن بە ژیانی مرۆڤ، تێگەیشتنێکی سنووردار بۆ بەکارهێنانی هێز، بەربەرییەت، خەسڵەتی جەستەیی یا کولتوری، بەتایبەتی بوونی پەیوەندییەک لەگەڵ مردندا جیاواز لەو پەیوەندییەی پەیوەندی بەداگیرکارییەوە هەیە، رەفتارێکی خەوشدار و دڕندانەیە.. ئەوەی زۆر تازەیە، مەسەلەی قەڵغانی مرۆییە. ئیدی بەوجۆرە هێندێک لە ڕووناکبیران پاساو بۆ زۆری ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان دەهێننەوە. جۆیل مێرگی (Joel Mergui) لە وتارەکەی دەربارەی ئۆپراسیۆنی "کاست لید"، ئەوە شیدەکاتەوە کە "بۆچی کوژراوە ئیسرائیلییەکان کەمن؟"[١٠٦]، بۆیە دەڵێت: "فەڵەستینییەکان زۆر لەو لاوازییەی ئیسرائیلییەکان تێدەگەن کە بەهای ژیانی مرۆڤ بەسەر کردەی سەربازیدا پەسەن دەکەن"، یا وتارەکەی ئەندریە گلوکسمان (Andre Glucksman)، لە ڕۆژنامەی لۆمۆند بەناونیشانی (وەڵامدانەوەیەکی توند؟)، باس لەوە دەکات کە حەماس "بەبێ هیچ پابەندبوونێکی بە لەمپەرە ئەخلاقی و پێداویستیی دیبلۆماسییانەی ڕکابەرەکەی، قەڵغانی مرۆیی بەکاردەهێنێت". ئۆپراسیۆنی کاست لید کوشتنی ١٤٠٠ فەڵەستینی و ١٤ ئیسرائیلی لێکەوتەوە. ئیدی بەوجۆرە دەتوانین مێژوو بنوسینەوە و بەرپرسیارێتی سەرکووتکردنەکەی سەتیف بدەینە پاڵ جەزائیرییەکان و بەرپرسیارێتی قوربانییە مەدەنییەکانی

---

[١٠٥] – بڕیاری پەرلەمانی ئەروپا لە ٤ی ئەیلول/ سەپتەمبەر ٢٠٠٨.

[106] – Le monde (7 et 16 janvier 2009).

هێرشە نازییەکەی نیسان/ ئەیپرلی ١٩٤٣، بدەینە پاڵ یاخیبووانی گیتۆ (ghetto)ی وارسۆ. ئیدی لێرە بەدواوە شۆڕشگێرە ژێردەستەکان بەرپرسیارێتی کوژراوەکانی سەرکووتکردن هەڵدەگرن. کەواتە دواجار ئەم گفتوگۆ مێژووییە چارەسەر کرا!

داگیرکەر بەزەبری هێز بێت یا بەقاییلکردن، لە ڕێی سەرانەوەگرتنی لەبابەت چارەسەروەگرتن لە نەخۆشخانە، مۆڵەتی کارکردن و هەڵگرتنی هەڕەمەکیانەی قەدەغەکارییە جۆراجۆرەکان، هاوکارەکانی ساز و ئامادە دەکات[107]. کاروبارەکان لە کاتی شەڕدا لە جەزائیر بەوجۆرە بەرێوەدەچوون، یا لە ئەفەریقیای باشوور لە سایەی ڕژێمی ئاپارتاید دا، لەمڕۆشدا کارەکە لە ئیسرائیل بەوجۆرە بەرێوەدەچێت. ئەوەش جێ برینی قووڵ لەکن دانیشتوانە داگیراکراوەکە جێدەهێڵێت کە بە ڕێوشوێنی توندوتیژی زۆر دڕندانە چارەسەر دەبێت: تایەیان بە گڕەوە دەخستە ملی خائینانی خەباتی دژ بە ڕژێمی ئاپارتاید، لووتیان دەبڕی و ئەندامی زاوزێیان لێ دەکردەوە، یا گوێ دەرهێنان لە ماوەی ئۆپراسیۆنەکانی "تەڵەی شین" (la bleuite)[108] لە جەزائیر کە بووە مایەی پاکتاوکردنی جەستەیی چالاکوان و خێزانەکانیان لە دوای سەربەخۆییدا. سزادانی بێبەزەییانەی لەوجۆرە، بەشداری لە ئیدانەکردنی ئاژەڵییانەی ژێردەستەکاندا دەکات، بەوەش توندوتیژی داگیرکەران وەک کردەیەکی شارستانی بەردەوام دەردەکەوێت بۆ ئەوەی ئاشتی بسەپێنرێت.

107- Amnesty International, rapport Donatella Rovera.

١٠٨ – –"تەڵەی شین (la bleuite) "بریتی بوو لە ئۆپراسیۆنێکی گومڕاکەرانەی هێزەکانی فرەنسا کە پاکتاوکردنێکی گەورەی لە ڕیزەکانی بەرگری بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانیدا لێکەوتەوە.

بەشی دەیەم

دوژمنی پەنهان یا تیورەی پیلانگێڕی

"موسڵمانەکان دوچاری سەرکووتکردن و هەژمونی کۆنەکان دەبنەوە کە ئەوروپی و جوولەکە دەیسەپێنن بەسەریاندا (...). ئایا پێویستە قبووڵی بکەین گەنجەکانمان خۆیان بتەقێننەوە و تیرۆر بکەن، بەو کارەشیان کەسوکاری خۆمان بکوژن؟ پێویستە شێوازێکی دیکە هەبێت. ناکرێت چەند ملیۆن جوولەکەیەک بەسەر ملیارێک و سێ سەد ملیۆن موسڵماندا زاڵ بن (...). ئەوروپییەکان لە کۆی دوازدە ملیۆن جوولەکە، شەش ملیۆنیان لێ کوشتن. بەڵام لە مڕۆدا جوولەکە بە نوێنەرایەتیکردن حوکمی جیهان دەکات. گەلانی دیکە والێدەکەن شەڕی یەکتری بکەن و لە پێناوی ئەواندا بمرن (...)، هێز و سەرکەوتنە دیارەکانی ئەمڕۆیان زیاتر لەخۆباییتریان دەکات، بەڵام لەخۆباییبوونێک لە توڕەبوون بچێت، هانیان دەدا هەڵە بکەن، چونکە مرۆڤ لەو حاڵەتەدا بیر ناکاتەوە. جوولەکە دەستیان بە هەڵە کردووە و هەڵەکانیشیان ڕووی لە زیادبوون کردووە".

ئەم وتانە لە بڵاوکراوەیەکی ئیسلامییانەی ئاساییەوە وەرنەگیراوە، وەک ئەو بڵاوکراوانەی لەبەردەم هێندێک مزگەوتدا دەیانبینین، بەڵکو لە وتارەکەی سەرەک وەزیرانی مالیزیا، مەهاتیر محەمەد وەرگیراوە کە لە کاتی دەسپێکردنی لوتکەی دەیەمی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی (OCI) لە پوتراجایا (Putrajaya) لە ١٥ – ١٨ تشرینی یەکەم/ ئەکتۆبەر ٢٠٠٣دا خوێندییەوە. هەروەکو دەبینین، تیورەی پیلانگێڕی تەنانەت هێشتا لەکن سەرکردە هەرە مۆدێرنەکانیشدا بوونی هەیە.

تیورەی پیلانگێڕی لە وڕێنەی دژایەتی کردنی سامیزمدا گەیشت بە لوتکە، بەڵام زۆر لەوەش واوەتر دەڕوات. کلیلێکی ڕاستەقینەیە تا جیهان و دروستکردنی دوژمنی پێ ڕاڤە بکرێ و بە بەردەوامیش تازە دەبێتەوە. لە شانشینی سعودی کاتێک هەستی پێدەکەین کە قسە لەسەر شیعە دەکرێ، هەروەها لە کن ئەوم شینری کیۆ (Aoum Shinri Kyo)، دامەزرێنەری تائیفەی ئەوم (Aoum)ی ژاپۆنیشدا دەیبینین کە ساڵی ١٩٩٥، بە غازی سارین هێرشیکردە سەر میترۆی تۆکیۆ. لەمرۆشدا کاتێک هەستی پێدەکەین کە قسە لەسەر ئیسلام دەکرێت، لە

جیهانی عەرەبی – ئیسلامیشدا دەبینرێت کاتێک قسە لەسەر جوولەکە دەکرێ، لە ڕواندا و بەرلە جینۆساید قسە لەسەر توتسی دەکرا. ئەوەش بنەمای ڕادیکالّییەتی ئایینی ئەمڕۆیە کە سەرلەنوێ مێژوو وەک پیلانگێڕییەکی تازە ئاشکرا بوو دەنووسێتەوە. ڕابردوو لێوانلێوە لە نموونەی لەوجۆرە: پیلانگێڕی یەسوعییەکان، ستوونی پێنجەم، پیلانگێڕی ماسۆنی، حکومەتی دەولّەمەندەکان (پلۆتۆکراتی – la pioutocratie)، دووسەد خێزان، چاوی مۆسکۆ و پیلانگێڕی جوولەکە بۆ ئەوەی دەستدرێژییەکانی ١١ی ئەیلول/ سەپتەمبەری پێ ڕاڤە بکرێ...

گرێی چەوسانەوە دینامیکییە و قابیلی خۆگونجاندنە

ڕاوولّ جیرارد (Raoul Girardet) لە کتێبی ئەفسانە و میتۆلۆجییە سیاسییەکان (Mythes et mythologies politiques)دا، بەشێوەیەکی زۆر نایاب میکانیزمی فیکریی تیورەی پیلانگێڕی شیکردۆتەوە. پێدەچێت سەرچاوە فیکرییەکان تا ڕادەیەک میکانیزمیان تێدا بێت: هیچ شتێک بەو سانایییە نییە کە بشێت بەهۆیەوە ڕووداوێکی ناماقووڵ کە لە ئێستادا کۆمەڵگە تێیدا بژیت، ئاماژەیەکمان پێ بدات. کەواتە هۆیەکی پەنهان هەیە، دەبێ ئاشکرای بکەین. ئیدی بەوجۆرە دەنگۆیەکە بڵاودەبێتەوە و لە پرەنسیپە کۆنەکەوە برەو پەیدا دەکات کە دەڵێت "دوکەڵ بەبێ ئاگر نابێت"! (وتەیەکە لەو دەمەی بۆمبی دوکەڵ داهێنراوە، ئایەخی (پروپوچی) روون بۆتەوە). تیورەی پیلانگێڕی بانگەشەی ئەوە دەکات، بە خستنەڕووی سەلماندێکی سادە و ساکار، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و لە کاتی پێویستدا، دوژمنی "شاراوە" ئاشکرا دەکات. هەروەها خەسڵەتێکی سەرەکی هەیە بەوەی لە دۆخە پرمەترسییەکاندا، وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە، یا ئەو بارودۆخانەی کە بە توندی هێدمەکەیان، دەناسرێنەوە و لەناکاو و زۆر بەسادەیی ئەو ئەڵقە گوومبووە بەدیار دەخات کە هەموو شتێک ڕاڤە دەکات. لە یەکەم شکستی سوپای فرەنسی لە ساڵی ١٩٤٠دا، سەرلەنوێ ستوونی پێنجەم دەرکەوتەوە، پاشان لە دوا شکستدا، پرسی پیلانگێڕی جوولەکە – ماسۆنییەت بەکارهێنرا بۆ ئەوەی بەرەی میللی پێ تاوانبار بکرێ، لەگەڵ لیۆن بلۆم (Leon Blum)ی سەرکردەیان کە ئەدگارێکی بێچەنوچوونی هەبوو، بەوەی لە یەک کاتدا هەم جوولەکە بوو، هەم سۆسیالیست. دەشێت بەرگی

هەموو خراپەکارییە ناکۆکەکان بە بەری دوژمنە پەنهان و نادیارەکەدا بکرێ، ئیدی بەوجۆرە جوولەکە بەهاوزەمانی یا بەنۆرە بەوە تومەتبار دەکرێن کە پلاندانەری شۆڕشی سۆڤیێتی بوون، یا سەرمایەداری دزێون.

دوو بابەتی دووبارەبوو لە ڕابردووەوە دەگەڕێنەوە. لەلایەک، نیگەرانییەکی نادیار بەرامبەر هەڕەشەیەکی نادەستەهەست (غیر ملموس) هەیە، بۆ نموونە، یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەر، یەکسەر بە قۆناغی هایپەرتیرۆریزم (hyperterrorisme) وەسف کرا و نەوەیەکی خۆدروستکەر لە شارەزایانی بواری تیرۆر کە هەمیشە نێودەوڵەتین، جاڕی نیگەرانی زیاتر و نهێنی زیاتریان دەدا، لەگەڵ پێشبینیکردنی دەستدرێژی کیمیایی، یا ئەتۆمی، یا بەکتریی، ئەوەندەی بتەوێت! هەروەها بەشێوەیەکی خۆبەخۆش بازاری نیگەرانی (دەروونی، نەک دەرمانی) بەدیارکەوت. تەنیا دوای ساڵێک لە یازدەی سەپتەمبەر، شەست و نۆ ناونیشان بە وشەی "تیرۆر" بەچاپ گەیەنران و دوازدە کتێبیش ناوی "بن لادن"یان لەسەر بوو. ئامار کردنی ژمارەی کتێبەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان خرۆشانی زیاتر ئاشکرا دەکات، چونکە سەد و چل کتێب ناونیشانی یازدەی ئەیلول/ سەمپتەمبەریان لەسەرە. هەروەها پێویستە چاپکراوە فرەنسییەکانیش وەبیربهێنینەوە، زۆرینەی ناونیشانەکان لەسەر نهێنی و پیلانگێڕی بوو، ئەوەش ڕەنگە پراکتیزەیەکی گشتی دوولایەنەی تیرۆریست و دەسەڵاتەکان بێت، وەک "جەنگی نهێنی"، "ئەرشیفی نهێنی"، "تارمایی"، "تەمی ئیسلامی"، زۆمبییەکان – مردووە زیندووەکان – zombies"، "دوژمنی پەنهان". زاراوە کۆنەکانی جەنگی سارد و "نیونەتەوەیی ئیسلامی" هێنرانە ئاراوە، ئەوەش هەمیشە ژمارەی فرۆش زیاد دەکات... هێندێک جار دەسەڵاتی سیاسی کاروبارەکانی لە تیرۆریستەکان باشتر بەڕێوەنابات. هەر بەڕاستی تیورەی پیلانگێڕی ڕێی ڕابوون بۆ هەمووان هەموار دەکات. ڕەنگە باشترین لێدان پێشەکی هەر دوو کتێبەکەی تییری میسان (Thierry Meyssan) بێت، "فریودانە ترسناکەکە" (LEffroyable Imposture)، یا ئابرووچوونەکەی پەنتاگۆن (پەنتاگەیت– Le Pentagate) کە باس لەوە دەکات هیچ فرۆکەیەک بۆردومانی پەنتاگۆنی نەکردووە. "نهێنییە ئاشکرابووەکان" ئەوە دەردەخەن کە زانیاری زیاتر لەلای هێزەکانی پۆلیس دەبێت، یا ئەمەی دوایی شتەکان دەشارێتەوە. موزایەدەکە تا ڕادەیەک ڕێساکە پێکدەهێنێت، ئەوەش لە دەسپێکی

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

پێدراوە نهێنییەکان کە بە شێوازی درکاندن ئاشکرا دەبێت و کۆدەکرێتەوە، بەڵام هەمیشە نازانین لە کوێ. لەژێر کاریگەری وەسوەسەی گشتیدا، خەڵکی پێیانوایە جۆن ئالان محەمەد (John Allen Muhammad)ی شێتۆکە تەقەکەرەکەی واشنتن، لە ساڵی ٢٠٠٢دا، پەیوەندی بە قاعیدەوە هەیە. بەزۆری میدیا لەگەڵ کەمێک لە خودڕەزامەندی، تێکەڵی ئەم گەمەیە بوون، بەتایبەتی گەر ڕیتمی ڕۆژانەی سەروتارەکان بەرهەمێکی بەردەوام بسەپێنێت، یا بانگهێشتکردنی خەڵکانی سەرنجڕاکیش بۆ پلاتفۆرمی تەلەفزیۆن لەگەڵ گرەنتیدان بە "ئاشکراکردنی نهێنییەکان".

لەلایەکی دی، ئەو کارەی هێزێکی بیانی پێی هەڵدەستێت، ڕاڤەی شتێکی دەرەتێگەیشتن دەکات. وڕێنەی پیلانگێڕی لە ساتی هێدمەی بەکۆمەڵی گەورەدا، سەرلەنوێ دەگەشێتەوە: شۆڕشی بۆلشەفیزم، قەیرانی ساڵی ١٩٢٩، یا دەستدرێژییەکانی یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەر... تیورەی پیلانگێڕی لە ڕێی بڵاوکردنەوەی نیگەرانییەکی شاراوە و پەخشکردنی پێشوەختەی، بەشەرعییەت دەکرێ، بۆ نموونە، دەشێت تەقینەوەی توڕەیی خەڵک لە هەموو ئانوساتێکدا بجولێنرێت، وەک پەلاماردانی کۆگا چینییەکان لە جەزائیر لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٢٠٠٩دا و ئەو کوشتوبڕەی ئویغۆر لە قیرغیزستان لە ساڵی ٢٠١٠دا ڕووبەڕووی بووەوە، یا شەوی شوشەی شکاو دژ بە جوولەکەی ئەڵمانیا... دوژمنی پەنهان زۆر لە دوژمنی بینراو خراپترە، چونکە کاروبارەکان بە شاراوەیی و لەڕێی هاوپەیمانە گەندەڵەکانییەوە بەڕێوەدەبات. دوژمنی پەنهان و شاراوە هەمیشە لێمانەوە نزیک نییە، بگرە هێندێک جار زۆر دوورە، بەڵام دەشێت لە دووریشەوە کاریگەری هەبێت. ئەو "دەستی دەرەکییە" کە دوژمنە شاراوەکە لەگەڵ خیانەت دژ بە کۆمەڵەیەکی نیشتمانپەروەر پێکەوە دەبەستێتەوە. پێویستە چەندین وێنە و وشە ئاراستەی ئەندێشەکار بکرێ، لێرەدا بریتین لە: هەشت پێ (ئۆکتۆپوس)، جرج، جاڵجاڵۆکە، نێونەتەوەیی پێنجەم (ئیسلامیزم)، شەیتانەکان...

بە تەنیا کاریگەری میدیا و پارە، گەمەی ڕاگەیاندن ڕاڤە دەکەن. ئەو بابەتانەش، بەتایبەتی، دڵخوازی خەڵکانی دژەجوولەکەن.

پێداگری دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لەسەر تومەتبارکردنی کەناڵی جەزیرە، بەوەی پلاتفۆرمی ڕاگەیاندنی قاعیدەیە، ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەم بابەتە دەشێت تەنانەت لە وڵاتێکی میدیا ئازادیشدا بەکاربهێنرێت: دوژمنی پەنهان، هەرگیز لە ڕیزی پێشەوە نییە، کاروبارەکان بە شاراوەیی بەرێوەدەبات، ئەوەش بەهێزی دەکات. کودەتا سەربازییەکان، لە سەرهەنگە یۆنانییەکانەوە تا جەنەڕاڵەکانی ئەمەریکای باشوور، بە زۆری "هەڕەشەی کۆمۆنیست"یان بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی دەسەڵات بگرنەدەست و چەپەکان لەنێوبەرن. بەپێی لیژنەی ڤالیچ (Valech) دیکتاتۆرییەتی چیلی لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣ بۆ ١٩٨٩دا بە نزیکەیی ٢٩٠٠٠ قوربانی لێکەوتۆتەوە و لە نێویاندا ٣٠٠٠ کوژراو و بێسەروشوێن هەیە. ئەوەش زۆر لە ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیست زیاتر بوو. دیکتاتۆرییەتی سەربازی ئەرجەنتین، هاوشێوەی گشت دیکتاتۆرییەکانی ئەمەریکای باشوور کە زۆر بابەتی پیلانگێڕی کۆمۆنیستی بەکاردەهێنا، بەرپرسیارێتی سی هەزار بێسەروشوێن و تیربارانکردنی پازدە هەزار کەسی لە ئەستۆدایە. وادادەنرێت لیستە هەڕەمەکی و نایەکانگیرە (catalogue a la prevert) قەدەغەکراوەکان، ئەو لیستانەی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ڕایدەگەیەنن، سەرکۆنەی ئاستی پرۆسەی بەزاندنی ئەو کۆمەڵگەیە بکەن کە پێویستە پارێزگاری لێ بکرێ.

بەڵگەنامەیەکی دامەزرێنەری وەک پرۆتۆکۆڵی حەکیمانی زایۆن، دەستوری گەمەکردنەکەیان "ئاشکرا" کرد. ئەم بەڵگەنامە ساختە و ناودارە کە ساڵی ١٩٠١ لەسەر داوای پۆلیسی نهێنی ڕوسیا هەڵبەسترا و پلانێکی گوماناوی لەخۆدەگرێ کە جوولەکە و ماسۆنی لە ڕێی داگیرکردنی جیهانەوە، هەموو بابەتەکانی پیلانگێری دەگەڕێنێتەوە. تا ئێستاش ئەو بەڵگەنامەیە لە کتێبخانەکانی جیهانی عەرەبی – ئیسلامیدا بەکاردەهێنرێت و ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەفسانە بەدەر لە داهێنەرەکانی، بەزیندوێتی دەمێنێتەوە. تیورەی پیلانگێری زەحمەتی سەلماندن لەسەر تومەتبار ئاوەژوو دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەری، کاتێک مافی بەرگری لەخۆکردنی هەبێت، بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت. لە دوای دەستدرێژییەکانی یازدەی سەپتەمبەر، ئەو بیرۆکەیە بڵاوبووەوە کە جوولەکانی نێوەندی بازرگانی جیهانی بەر لە دەستدرێژییەکە ئاگادار کراونەتەوە، بۆیە توانیویانە خۆیان ڕزگار بکەن. سەلماندنی ڕەها لەڕێی نەبوونی هیچ جوولەیەک لە نێو قوربانییەکاندا

بونیاتنراوە، ئەگەر چی هیچ فرەنسییەکیش لە نێو قوربانییەکاندا نەبوو. کەواتە بۆچی دەبێ بەو دەرئەنجامە بگەین؟

پیلانگێڕی حەکایەتێکە

ڕەهەندی داستانئامێز بنەمایەکە بۆ تێگەیشتن لە سەرکەوتنی ڕێکخراوانەی تیورەی پیلانگێڕی، چونکە ئەوەی کەسێکی ناشارەزا پێشکەشی دەکات، بەوەی بڕیارە پەچەیەک لابەرێت، ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسەکان (میسان)، خۆدروستکەرەکان (هیتلەر)، ڕووناکبیرە قەیرانییەکان (گارودی)و دەروونناسەکانە (کارادزیچ). سەرکەوتنی ڕۆمانەکانی دان براون (Dan Brown) کە لەسەر ئەم بابەتە بونیاتنراون، بوونی سەرچاوەی ڕۆماننووس دەسەلمێنێت کە ئەم تیورەیە پێشکەشی دەکات.

هێندێک جار تیورەی پیلانگێڕی خۆبەخۆ گڕ دەگرێت. ماوەی چەند ساڵێکە ئاوەژوو کردنەوە یا پێچەوانەی تیورەی پیلانگێری لە ڕای گشتی ئیسرائیلیدا تێبینی دەکەین، هەر چەندە بە زۆری قوربانی دەستی ئەو تیورەیە بووە. ئیدی بەوجۆرە هەموو ڕەخنەکردنێکی سیاسەتی تەل ئەبیب، مۆری دژایەتیکردنی سامیزمی پێوە دەنرێت. کاتێک ڕەخنەکەش لە بیریارانی جوولەکەوە بێت، ئیدی بیرۆکەی "ئەو جوولەکەیەی ڕقی لە خۆیەتی" دادەهێنرێت، ئەوەش پرەنسیپێکی ئەرستۆیە کە قسەکەرەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە؛ بۆ ئەوەی بەدواداچوونی ڕەخنەکە بە ئەرک نەکرێت. هەمان پرەنسیپ لە دادگاییە گەورەکانی مۆسکۆدا پەیڕەوی لێدەکرا، "ڕەخنەگر ئەو ناپاکەیە کە خۆی بە دوژمن فرۆشتووە"، شلۆمۆ ساند (Schlomo Sand) کە ڕەخنەگرە فرانسییەکان بە هۆی کتێبەکەیەوە "داهێنانی گەلی جوولەکە"[١٠٩] (Comment le people juif fut invente)، بێ ئەوەی بیخوێننەوە، هێرشیان دەکردەسەر، لە ٥-٦ی نیسان/ ئەیپرڵ/ ٢٠٠٩، لە ڕۆژنامەی لۆمۆندا، دەنووسێت : "پاریس تەل ئەبیب نییە". بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆن لە فرەنسا بێدەنگ بکرێت، ئەوەندە بەسە ئاماژە بە دژە سامییەتیان

---

[109]- Sand, Comment le people juif fut invente: D la Bible au sionisme, champs (Paris: Flammarion, 2010).

بدرێت، یا لەوانەیە وەک پێویست جوولەکەیان خۆش نەوێت، هیچ شتێک لەمە ئاسانتر نییە. هەر چەندە شڵۆمۆ ساند ئوستادە لە زانکۆی تەل ئەبیب.

تیورەی پیلانگێڕی لەگەڵ ڕوانینی سینەمایی بۆ دامەزراوەیەکی هەواڵگری پڕزانیاری و هێز لە ڕێی جەنگی ساردەوە، ژیانێکی دیکەی دۆزییەوە. گەمەکردن، سیخوری دووسەرە، یا سێسەرە، مانگی دەستکرد، گوێهەڵخستن لە پەیوەندییەکان و کودەتاکان، پشتیوانی لە بوونی هێزێکی شاراوە دەکەن کە یاری بە جیهان دەکات، بن لادن یاریدەدەری هەواڵگری ئەمەریکی (CIA) بووە، هەروەکو چۆن شامیل باسایێڤ (Shamil Bassaev)، سەرۆکی چیچان، بەکرێگیراوی هەواڵگری سۆڤێتی (KGB) بوو، یا هەروەکو بەپێی ڕۆژنامەی فرەنسی، ئاسایشی سەربازیی، جەمال زەیتونی، سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی چەکدار لە جەزائیر دەجوڵاند.

لەم دەسپێکەوە، هەموو شتێک و پێچەوانەکەی بەجێ دەبێت. دەکرێ کردەی کەسێک وەک لیدانێکی بلیارد لەگەڵ ستراتیجییەتی گەڕانەوە یا تەنانەت دووجار گەڕانەوەی تۆپەکە بۆ لایەکی مێزەکە ڕاڤە بکرێ. ڕەنگە ئەمەریکییەکان بیانەوێت نرخی پەترۆڵ بەرز بکەنەوە، هەروەها ویستویشیانە پەترۆڵێکی زۆر هەمبار بکەن بۆ ئەوەی نرخەکەی دابەزێنن. شەقامی عەرەبی لە هەموو شوێنێکدا دەستی پەنهانی ئیسرائیل و لۆبی زایۆنی ئەمەریکی و نووسینگەکانی هەواڵگری واشنتن، یا پاریس (بەتایبەتی لە خۆرئاوای عەرەبی دا) دەبینێ. ڕۆمانی زنجیرەیی و ئەدەبی سیخوریکردن و سینەمای هاوچەرخ، بەبێ ئامادەیی کۆمۆنیستەکان، ڕێکخراوگەلێکی نهێنیان داهێناوە کە دەیانەوێت جیهان کۆنترۆڵ بکەن. خۆشبەختانە لە یازدەی ئەیلول/ سەپتمبەرەوە، نێونەتەوەیی ئیسلامی گەڕایەوە بۆ ئەوەی سووتەمەنی نوێ بۆ مەکینەی پیلانگێڕی دابین بکات. ئەنتەرنێت و تەکنیکی نوێی زانیاری، کرانەوەیەکی نایابی بەڕووی تیورەی پیلانگێڕیدا کردەوە، ئیدی کەسێکی سەر جادە دەیتوانی کارکردی کۆمەڵایەتی بۆ قاوەخانەی "کافیە دو کۆمێرەس"[١١٠] (café de commerce) لەسەر پێوەرێکی جیهانی بە هۆی نامەی ئەلەکترۆنی یا فەیسبووکەوە، بەرهەم بهێنێتەوە. زۆر ئاسانە ڤایرۆسی

[١١٠] – قاوەخانەیەکە خاوەن دیدە جیاوازەکان گفتوگۆی تێیدا دەکەن (وەرگێڕی عەرەبی).
بڕوانە پێگەی فرانکۆفۆنی: www.hoaxbuster.com

زانیاری وەسف بکرێ کە لە ناشوێنەوە بە مانۆڕی نهێنی دێت، ئەوەش جۆرە پەتایەکی خشۆک و بێدەنگە. ئەنجامدانی ئەو کارە، یا خەڵکی والێبکرێت باوەڕی پێبکەن، یەک شتن. ئەوەش تیۆرییەکە لەگەڵ کرمی کۆمپیوتەری ستاکسنێت (Stuxnet)دا بەدیارکەوت کە گومانی ئەوە دەکرێت بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی بە ئامانج گرتبێت، کەواتە لە داهێنانەکانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا یا موسادە. دوو تیورە ڕووبەڕووبوونەوە: ئەو کەسانەی دەڵێن کرمێکی چالاکی لەوجۆرە تەنیا تیمێکی گەورە دەتوانێت دروستی بکات، بۆیە دەبێ لە داهێنانی دەزگای هەواڵگریدا بێت، لە بەرامبەریشدا، کەسانێک دەڵێن ناکرێ تیمێکی گەورەی خاوەن ڕێکخستنێکی زنجیرەیی و کارگێڕی قەبە، بەدیاریکراوی کرمێکی چالاکی لەوجۆرەی دروست کردبێت. کەواتە، بەپێی تیورەی پیلانگێڕی، پێویستە سەرەتا ئەو ئەنجامە دابنێن کە دەتانەوێت، پاشان کۆمەڵە ئارگیومێنتێک پەرەپێبدەن.

پسپۆڕی کۆمۆنیست

ڕژێمە ستەمگەرەکان، بە تایبەتی کۆمۆنیزم، تیورەی پیلانگێڕان بەرز دەنرخێنن، چونکە ئەو تیورییە ڕێگە بە دەستنیشان کردنی بەرپرسیاریێتی کێشە هەنوکییەکان و گرفتی ڕۆژانەی خەڵکی دەدا. کۆمەڵگە کۆمۆنیستییەکان ئەو تیورەیان کرد بە پسپۆڕیی خۆیان، لەبەر ئەوەی دوژمن، تەنانەت وەک دوژمنی سۆسیالیزم خۆی خزاندۆتە نێو بەرزترین دەسەڵاتی حیزبەوە، ترۆتسکییەکان (trotskystes) و بۆخارییەکان (boukhariniens) و لیوشاوشیستییەکان (liushaoshistes)یش، هەموویان بەکرێگیراوی لایەنی بێگانە و سیخوری هەواڵگری ئەمەریکان (هەواڵگری ئەمەریکا ئاواتەخواز بوو ئەوە ڕاست بێت) و پیلانگێڕانی دژ بە یەکێتی سۆڤێت کە "بەربەرۆکی سپی دەپۆشن"، هەموویان بەکرێگیراوی ئیمپریالیزمن... ئەو پاکتاوکردنانەی ماو بەشێوەیەکی ڕێکخراو بۆ گێڕانەوەی حوکم بەکاریدەهێنا، هەمیشە ناوی جوانیان هەڵدەگرت: سەد گوڵ، شۆڕشی مەزنی کولتوریی پرۆلیتاریا، هەڵمەتی دژ بە لادەران و خلیسکانی ڕاست و خلیسکانی چەپ... بە تایبەتی ئاراستەی ڕووناکبیران و سەرکردە "خائینەکانی" حیزب دەکرا، ئەوان ئامانجی نموونەیی هەڵمەتەکانی ئیدانەکردن بوون".

ئەو وڵاتانەی ئاشنایەتیان لەگەڵ داگیرکاری بیانی و دیکتاتۆرییەت و ڕژێمە وابەستییە چالاکەکاندا هەیە، ڕووبەڕووی هەمان کردە دەبنەوە، دەزگاکانی ڕاگەیاندن سانسۆر دەکرێن، بەجۆرێک دەنگۆ لەگەڵ هەواڵدا یەکسان دەبێت کە ئێستا بە ڕابردوو ڕاڤە دەکات و ئەدای گەمەکارە سیاسییەکان لەو دەستە پەنهانەیە کە وڵاتە بیانییەکان دەیجوڵێنن. شوێنەوارە قووڵەکان لە ئەقڵییەتی کۆمەڵدا دەمێننەوە. لە وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی پێشوودا کە لێخوێندن کارێکی ناچاری بوو، ئاکامەکان بەزیندوێتی دەمێننەوە و ڕقوکینە دەگەشێنێتەوە کاتێک زۆر بەسانایی نابێتە مایەی گەڕانەوەی چەپی توندڕەوی ڕەگەزپەرست.

هانا ئارێنت (Hannah Arrendt)، کاتێک "سیستمی تۆتالیتاری" شیدەکاتەوە، پێیوایە "ڕاکردنی جەماوەر لەبەرامبەر واقیعدا، سەرکۆنەکردنی ئەو جیهانەیە کە ناچارە ژیانی تێدا بکات، بێ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لە مانەوەی بکات؛ چونکە گریمانە بووە بە یاسای باڵا و مرۆڤ بەپێی پلانێکی تاڕادەیەک یەکانگیر، بە بەردەوامی پێویستی بە گۆڕینی دۆخە شێواو و ناکاوەکە هەیە". "تیورەی پیلانگێڕی کە بەئەندازەی پرۆسەی جیهانگیری هاوڵاتی لە نێوەندی بڕیار دووردەخاتەوە و ئامرازگەلێکی دەخاتەبەردەم بۆ ئەوەی لەڕێی ئینتەرنێتەوە بگات بە جەماوەرێکی جیهانی، ڕۆژانی زۆر جوان بەرێدەخات. بەبێ دابڕان ڕێگە بۆ دروستکردنی دوژمن خۆش دەکات". دوا چوزەرەی "برعم" ئێستا، سایتە ئەمەریکییەکانی سەر بە لایەنگرانی پیلانگێڕی دەیکەن، کاتێک بە بۆنەی پرۆژەی دروستکردنی مزگەوتێک لەنزیک شوێنی دەستدرێژییەکانی یازدەی ئەیلول/ سەپتمبەر (Ground zero) لە نیویۆرک، سەرۆک ئۆباما بەوە تومەتبار دەکەن کە ژێربەژێر بووە موسڵمان. تا رادەیەک ئەو شێوازە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، چونکە بەپێی دوا ڕاپرسی لە ١٦٪ ئەمەریکییەکان، ئەوانەی لە ڕاپرسییەکەدا بەشدارییان کردووە، باوەڕیان بە موسڵمانبوونی هەبووە. بە دڵنیاییەوە مردنی بن لادن، مادەیەکی نوێ پێشکەش بە تیورەی پیلانگێڕی دەکات.

تیورەی پیلانگێڕی لە جەنگ بچووکترە، بەڵام پاکتاوێک بەرهەمدەهێنێت کە بەگرێی چەوسانەوە بەستراوەتەوە، دەشێت لەم دەقە چوارچێوەدارەدا، نموونەیەکی تازە لەبارەیەوە بخوێنینەوە.

حیزبی فرەنسا، حەکایەتە جەزائیرییەکە

لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا، خۆپیشاندانە میللییەکانی دژ بە برسێتی، جەزائیری بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هەژاند. بەهۆی تەقەکردنی سوپا، نزیکەی هەشت کەس کوژران. ئەمەش ڕاڤەی پێگەیەکی جەزائیرییە لەو دەمەدا: "لە ڕەگوڕیشەی مەینەتی جەزائیردا: شایەتحاڵەکان لەبارەی حیزبی فەرەنسا". لە نووسینی عەبدولحەمید ئیبراهیی، نێوەندی توێژینەوەی مەغریبی، www.algeria-watch.

" بەرپرسە باڵاکان بەشێوەیەکی ئاشکرا (حیزبی فرەنسا)"یان تومەتبار کرد. دەستی فرەنسا لە دوا ڕووداوەکاندا دەبینرێ. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە دەستوەردانەکە لە دوای بڕیارە یەکلاکەرەوەکەی سەرۆک کۆماری جەزائیرەوە هات، بەوەی سنوورێکی بۆ قۆناغی ئەو خوێندنگایانە دانا کە فرەنسا لە جەزائیر سەرپەرشتیانی دەکرد (...). فرەنسا وای دەبینی کە پێویستە حکومەتی جەزائیر و سەرۆک شازلی بن جەدید لەنێوبەرێت (...)، چونکە جەزائیر وڵاتێکە زۆرترین کەس تێیدا بە فرەنسی قسە دەکەن (...). لە کاتی ڕووداوەکاندا، خەڵکانێکی ناپاک، ئەوانەی سۆزیان بۆ سەردەمی کۆلۆنیالی هەیە، دزەیان کردە نێو خۆپیشاندەران، بۆ ئەوەی دروشمی "بژی فرەنسا!" بە دەنگی بەرز بڵێنەوە و ئاڵای جەزائیر بسوتێنن..".

ڕۆژنامەی شەعب لە ژمارەی ١٢ تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا دەڵێت: "ڕووداوەکانی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری وێرانکەر، دەرفەتێکی زێڕینی خستەبەردەست میدیای فرەنسا کە بەشێوازی خۆیان ڕووداوەکەیان گەورە کردەوە: ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فرەنسی (AFP) ڕووداوەکانی بەر لە ڕوودانیان بە کاژێرێک پەخش کرد (...). دەپرسین داخۆ ئەو ڕۆژنامەوانە فرەنسیيانەی کە هاتبوون، بەشداریان لە کردە تێکدەرەکان کردووە. بە دڵنیاییەوە، نەخێر... زۆر بەسادەیی دەڵێین ڕۆژنامەی فرەنسی "کە بێلایەن و بابەتییانەیە" بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگای هەواڵگری کار دەکات، بەدڵنیاییەوە هەموو دەزانین کێی لە پشتە. گومانی تێدا نییە کە ئیرادەیەکی بەهێز بۆ "لەنێوبردنی" دەسکەوتەکانی گەلی جەزائیر هەیە (...)، ئەوەش بەهۆی بەکرێگیراوە ناوخۆییەکان کە هەوڵ دەدەن گەلی جەزائیر برسی بکەن و دۆخێکی پڕ لەگرژیان لە وڵاتدا هێنایە ئاراوە". سەلیم قیلالە لە ٢٤ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، لە ڕۆژنامەی شەعب دەنووسێت: "حیزبی فرەنسا کێیە؟"، ئایا جەزائیرین، یا کۆمۆنیست و لیبراڵەکانن...؟، ڕۆڵەکانی جەزائیر بەرگری لە ئایین و زمان و کەسایەتی و ئینتمای شارستانی خۆیان دەکەن. ڕۆڵەکانی فرەنساش لە هەموو شوێنێکدا بەرگری لە زمانی فرەنسی و مۆدێلی سیاسی و ئابوری خۆرئاوا دەکەن

(...)؛ کارەکە بەپێی میتۆدە خۆرئاواییەکە پەیوەستە یا بەپراکتیزەکردنی جیاکاری نێوان شۆڕش و کۆنپارێزی، یا جیاکاری لە نێوان منداڵە ڕاستەقینەکان و منداڵانی ئەوانی دی. دەشێت دیدگای بیناکردنی وڵاتانی مەغریبی، ئامرازێک بۆ پێچکردنەوە لەو ئەڵقەرێزە یاساییە پێشکەش بکات کە بازاری جەزائیر دەپارێزێت: دەکرێ ئەو کۆمپانیایەی سەرمایەی فرەنسیی هەیە و بارەگاکەی لە مەغریبە، وەبەرهێنان لە جەزائیر دا بکات، بەڵام قازانجەکەی بۆ کۆمپانیا سەرەکییە فرەنسییەکە یا ئەمەریکییەکە دەگەڕێتەوە.. هتد. لێرەدا پێداویستی دیکە هەیە؛ جەزائیر ئەو توانا داراییەی نییە دەست بەو پرۆژە زەبەلاحانە بکات... بازاری جەزائیر، بازارێکی کراوەیە، بەڵام لەبەردەم ئەوەی کە باشترین مەرج پێشکەش دەکات. لەم حاڵەتەدا بەشێوەیەکی پارادۆکسییانە، دوو ڕەوت لە جەزائیردا بابەتیانە بەیەکدەگەن کە بە ڕواڵەت هەموو شتێک لە یەکتریان جیادەکاتەوە: "ناسیونالیستەکان" کە بە هەر نرخێک بووە لایەنگری لە هەڵوێستێکی هاوسەنگ دەکەن بەرامبەر هێزە دەرەکییەکان و لایەنگرانی "حیزبی فرەنسا". بەرژەوەندی فرەنسا وادەخوازێت بەرگری لەو هەموو شتانە بکات. ئایا لەم دەسپێکەوە دەتوانین بڵێین پشێوییەکان لە پاریسەوە بە هاودەستی ناوخۆ دەجولێنراون؟".

ئەو ڕووداوانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە چوار پەرچەکرداری ڕاستەوخۆ و دەمودەستی هاتنە ئاراوە: دواخستنی ڕێکارەکانی یەکێتی لەگەڵ لیبیا، خاوکردنەوەی نزیکبوونەوەی نێوان وڵاتانی مەغریبی عەرەبی، سڕکردنی ململانێی بیابانی خۆرئاوا و کۆبونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی فەلەستین لە جەزائیری پایتەختدا کە دانی بە بڕیاری ٢٤٢ی ئەنجوومەنی ئاسایشدا نا. سەرۆک شازلی بن جەدید ڕایگەیاند کە پێویستە لە ٢٠ی ئەیلول/ سەپتەمبەرەوە، "گفتوگۆی میللی" لەهەمبەر "پرۆژەی یەکێتی لە نێوان جەزائیر و جەماوەری عەرەبی لیبی"دا دەست پێبکات بۆ ئەوەی یەکێتییەکی تەواو لە نێوان هەر دوو وڵاتەکەدا بەدیبێت و بەجێگەیاندنی مەغریبی عەرەبی وەک ناوکی یەکێتییەکی عەرەبیی گشتگیرتر و بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەبی و بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی میللی، سۆسیالیستی کە هیچ جۆرە چەوسانەوەیەکی تێدا نەبێت و بەسەر هەموو وڵاتانی عەرەبیدا کراوە بێت کە بڕیارەکانی دەستوور پەسەند دەکەن.

کێ بەرژەوەندی لە دژایەتیکردنی (ئەم یەکێتییە)دا هەیە؟ لە گەلێک بۆنەدا، زۆرێک لە گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا گوزارشتیان لە نیگەرانی خۆیان بەرامبەر "نزیکبوونەوەی" جەزائیر – لیبیا کردووە. لە شوبات/ فەبرایەری ١٩٨٨دا کار گەیشتە ڕادەیەک کە واشنتن پۆست وتەکانی سەرۆک شازلی دەستکاری بکات، بەوەی

ئامانج لە لکاندنی لیبیا بە وڵاتانی مەغریبییەوە، خۆلادان بووە لەوەی بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤێت... دەشێت هەر بە ڕاستی بلۆکێکی دوو وڵاتی کە ئامانجی بیناکردنی مەغریبی عەرەبی بێت، لۆکۆمۆتیڤێک (قاطرة) دروست بکات، وەکئەوەی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵی و فەرەنسا لە ئەوروپا دروستیان کرد و زۆر بە ڕوونی کێرڤێکی دژە ئیمپریالیزم بە کۆمەڵەی ئایندەخوازی مەغریبی ببەخشێت. ئایا ئەوە مەترسییەک بۆ ئەو کەسانە دروست دەکات کە دەیانویست وڵاتانی مەغریبی عەرەبی لایەنگری خۆرئاوا بکەن؟ دەشێت یەکێتی جەزائیر – لیبیا کارتێکی براوە بێت لە بەرژەوەندی بەرەی پۆلیسیاریۆ کە سوودی لە پشتیوانی جەزائیر و زیاتریش سوودی لە پاڵپشتی لیبیا وەردەگرت. ئەگەر دان بە تیۆرەی هاندانی دەرەکیدا بنێین، ئەوا کێ ئەو توانایەی هەیە نەخشیەک بەم قەوارەیە و زنجیرەیەک فاکتی بەیەکداچوو بەدیبهێنێت کە بەڕواڵەت هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە، بەڵام تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەی ڕاستەقینە دروست دەکات؟ لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥دا نرخی پەترۆڵ بەهۆی ئەو "شەڕی نرخ"ەی کە شانشینی عەرەبی سعودی هەڵیگیرساند، جەزائیر زیانێکی ڕاستەوخۆی بەرکەوت.. ئیدی دۆخەکە خراپتر بوو تا گەیشتە ئەوەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨دا حاڵەتی مایەپوچیی ڕاگەیاند. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ئەو لێدانە، کەچی جەزائیر پارێزگاری لە هەڵویستە سیاسییە سەربەخۆکانی کرد، لەوەش زیاتر توانی لە نیسان/ ئەیپرڵی ١٩٨٧دا، یارمەتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین بدات، ریزەکانی ڕێک بخاتەوە... دەرئەنجامی ئەو هەنگاوەش ڕاپەرینی سەرزەمینە داگیرکراوەکان بوو... جەزائیر لە حوزەیران/ یۆنیۆی ١٩٨٨دا، سەرباری گوشارەکانی ئەمەریکا، توانی کۆبوونەوەی لوتکەی عەرەبی نائاسایی ببەستێت کە بۆ پرسی فەڵەستین تایبەتکرا. هەر لەو کاتانەشدا ڕووداوەکانی (ڕاپەرینی) ٨ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەر ڕوویاندا. دوای مانگێک، ئەنجوومەنی نیشتمانی فەڵەستین، لە پایتەختی جەزائیرەوە جاڕی دەوڵەتی فەڵەستینی دا... کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە، گەر دەستوەردانی دەرەکی لە ڕووداوەکانی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا هەبێت، ئەوا لە واقیعدا، ئەو دەستوەردانە لە بەرژەوەندی کێ کەوتەوە؟ بەپێی ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی، قەتارەی بارهەڵگرە ساردکەرەوەکان سنوورە مەغریبییەکەیان بەزاند بۆ ئەوەی خواردنەکان بگوێزنەوە. کەواتە کێ باجەکەی دا؟

تێبینی: ئەوانە هەمووی بۆ ئەوە بوو تا خۆپیشاندانەکانی نارەزایەتی دەربڕین دژ بە برسێتی لە ٨ و ٩ و ١٠ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٨٨دا لە شەقامەکانی جەزائیری پایتەخت ڕوون بکاتەوە.

بەشی یازدەهەم
دوژمنی ڕەها یا جەنگی گەردونی دژ بە خراپەکاری

"بەر لەوەی ئاسمانەکان شەقدەبەرن و زریان و گەردەلول هەڵبکات و مەسیح بەهێزێکی زۆر مەزنەوە دابەزێت، ئاگرێک دەکەوێتەوە و حەشامەتێکی بێشومار لە فریشتە دادەبەزن. کافر و بێدینەکان قەلاچۆ دەکرێن و خوێناوێکی زۆر دەڕژێت(...)، لە دوای گەڕانەوەی ئاشتی و نەمانی ئێشوئازارەکان، خودای دادمەند و سەرکەوتوو دادگایەکی تۆقێنەر بەرپا دەکات و هەموو ئەو گەلە بتپەرستانەی لە ژیاندا ماون، لە سایەی حوکمێکی دادوەرانەدا دوور دەخرێنەوە، مردووە دادمەندەکان ژیانێکی نەمرییان پێدەبەخشرێت و خودی خۆیشی لەگەڵیاندا حوکمڕانی ئەم سەرزەمینە دەکات و شاری پیرۆز دادەمەزرێنێت. شانشینی دادمەندەکان هەزار ساڵ بەردەوام دەبێت (...)، ئینجا شەو و ڕۆژ باران وەک بەرەکەتێک بەسەر خاکی پیرۆزدا دادەکات. زەویش هەموو جۆرە میوەیەک دوور لە دەستی مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت. هەنگوینێکی زۆر لە بەردەکانەوە دەچکێتەوە و کانییەکانی شیر و شەراب دەتەقنەوە".

"بۆ یەکجار ڕۆژێکی توڕەیی (Dies Irae) دەبێت کە هەرگیز لە وێنەیدا نییە: هەموو پیشەسازی ئەوروپا لەنێودەچێت، بیبازاری هەموو بازارەکان دەتەنێتەوە و چینە فەرمانڕەواکان تێکدەشکێن و بۆرجوازی بەتەواوەتی مایەپوچ دەبێت و جەنگ و گەندەڵی هەموو شوێنێک دەگرێتەوە".

ئەم دەقانە لە نووسینی ئیمامێک نییە کە پێداگری لەسەر ئامادە کردنی تیرۆریستیکی خۆکوژ بکات و بەڵێنی شیر و هەنگوینی پێبدات. دەقی یەکەم لاکتانس (Lactance) لە سەدەی چوارەمی زایینی نووسیویەتی تا بەو شێوازە وەڵامی چەوسانەوەی مەسیحییەکان بداتەوە کە دیوکلیسیانۆس (Diocletien) ئەنجامی دەدا. دووەم، نامەیەکی فریدریک ئنگلزە کە لە بەرواری ٢٦ی ئەیلول/ سەپتمبەری ١٨٥٦دا بۆ کارڵ مارکسی ناردووە. دەشێت شیکردنەوەی کەسێکی پسپۆر لە بواری بەهەشتی سۆسیالیزم، کەسێکی وەک کارلۆس ڕامیریز شانچیز (Carlos Ramirez Sanchez)یش سەربار بکرێ کە بووە بە ئیسلامییەکی توندڕەو، ئیدی زۆر باشتر لە بەراوردکارییەکەی نێوان جەنگی ئایینی و جەنگی ئایدیۆلۆجییە تۆتالیتارییە گەورەکان تێدەگەین:

"ئەمڕۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشەیەی باڵی بەسەر شارستانییەتدا کێشاوە، تەنیا یەک وەڵام هەیە: ئیسلامی شۆڕشگێڕانە! پیاوانی چەکدار بە ئیمانێکی پڕ لە بەهای بونیاتنەر بە حەقیقەت و دادپەروەری و برایەتی دەتوانن سەرکردایەتی شەڕەکە بکەن و مرۆڤایەتی لە ئیمپراتۆرییەتی درۆ ڕزگار بکەن، تەنیا ئەوان، نەک کەسانی دیکە"[١١١].

ئایینی و سیاسی

کاراکتەرەکانی گشت جەنگە ئایدیۆلۆجییەکان کۆبوونەوە: ڕێبەر و دەستەبژێری دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجی (ideocratie) – ئەوانە جۆرێکن لە جۆرەکانی حیزبی پێشڕەو – ئیمان و تێکۆشەر – جەنگاوەر – شەهید و شەرعییەتی دوا جەنگی گەردونی و ئیمپراتۆرییەتی شەڕەنگیز کە پێویستە لەناوببرێت.. دەمارگیرەکانی ڕۆژی زیندووبوونەوە لەگەڵ دەمارگیرەکانی بەهەشتی سەرزەمین لەیەکدەچن. پێویستە لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی گشتگیردا، وەک فۆرمێکی هەمیشە نوێبوونەوەی یۆتۆپیای دووبارە دەرکەوتنەوەی مەسیح کە جاڕی گەڕانەوەی بەهەشت بۆ سەر زەوی دەدات، ئیدی چ لەگەڵ مەسیحدا بێت یا بەبێ ئەو، تەماشای ململانێی "دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجی" بکرێت، واتە جەنگ لە دژی دوژمن، خراپەکارییەکی ڕەهایە. ئیدی لەو دەمەدا جەنگ دەبێتە ئۆپراسیۆنی دەرکردنی ڕۆحە خراپەکارەکان.

ئەو جەنگانە لە ئیمان و ملکەچی بۆ مەسیحی سەرکردە سەرهەڵدەدەن، هەروەها لە پەروەردەی تێکۆشانێکی کەم کە ئیمانی بە کۆمەڵە یاسایەک و دوژمنێکی هاوشوناشی شەیتان هەبێت. سکرتێری گشتی حیزبی کۆمۆنیستی چین لە تیبت، بەم دواییانە ڕایگەیاند، لیژنەی نێوەندی حیزب "بودای ڕاستەقینەی خەڵکی تیبتە"، بەوەش گەڕایەوە بۆ خاڵی سەرەتا. ڕەنگە بەراوردکردن هێدمەیەک بێت، بەڵام پێویستە؛ سەید قوتب، تیوریستی ئیخوان موسلمین، دەڵێت: "بەوتنەوەی، تەنها یەزدان خودای جیهانە، بەمانای شۆڕشی سەرتاسەریە دژ بە هەر دەسەڵاتێک کە بە مرۆڤ دەبەخشرێت". ئەو بە پێدانی دەسەڵات بەدەستی ڕاڤەکارانی ئایدیۆلۆجیای یەزدانی، شتێکی زیاتر لە کۆمۆنیستەکان ناڵێت، کاتێک ڕۆڵی چینی

---

[111]– Carlos, L'Islam revolutionnaire (Monaco: Ed. Du Rocher, 2003), p. 1.

کرێکار بە هەنگاونان بەرەو بەهەشتی سۆسیالیزم ڕاڤە دەکرد. مۆسکۆ یا پەکین کە بە زۆری وەک "مەککەی کۆمۆنیست" وەسفدەکران، جگە لە دوو جیهان کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پێناوی شەڕێکی دیکەدا، واز لە هەڵگرتنی مەشخەڵی ئەو شارە دەهێنن، شتێکی دیکە نین.

ئایدیۆلۆجی تۆتالیتاری عەلمانی لەگەڵ کۆتاییهاتنی کۆمۆنیزم، لەگۆڕنرا. ئەمڕۆ شەڕی ئایدیۆلۆجی فۆرمی ململانێی ئایینی وەرگرتووە. ئەو نوێبوونەوە ئایینییەی لە قەیرانی مۆدێرنەوە سەری دەرهێناوە و جۆرە فۆرمێک دەپۆشێت کە بە فیندەمێنتالیزمی هەڵکشاو دەناسرێتەوە، پشت بە ڕەگوڕیشەی خوداناسی ئەفسانەیی (اللاهوتية الأسطورية) دەبەستێت بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بە توندوتیژی بدات.

لە جیهانی عەرەبی – ئیسلامی دا، نەمانی دەسەڵات لە ڕژێمە دەسەڵاتخوازەکاندا بەهاکانی مۆدێرنەشی لەگەڵ خۆیدا برد (دیموکراسی، پێگەی ژن، گفتوگۆکردن دەربارەی هاوڕەگەزبازی و عەلمانییەت). دەسەڵاتی ئایینی فەرمی جێمتمانەیی لە دەستدا، کاتێک بەخوایشتی خۆی یا بەناچاری لۆقەی دەکرد بۆ ئەوەی پاڵپشتی لە ڕژێمەکان بکات و ئیسلامی جودابیر (الاسلام المنشق)یش لە دەرەوەی بونیادی فەرمی گەشەی دەکرد. ڕەنگە ئیسلامی سیاسی بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ شۆڕشی ئێرانیدا دەرکەوتبێت، بەڵام ناشێت دیاردەکە بەو لێڕوانینە هەندەکیانە دیاری بکرێت. لە وڵاتانی پۆست-کۆمۆنیزمدا، لە دەیەکانی عەلمانییەتی توندوتیژ و دیکتاتۆرییەتدا، پیاوانی ئایینی گوتاری جودابیریان هەڵگرت بوو تا ببێتە ئەدگارێک ناسنامە لە پۆڵەندا و ڕۆمانیا و یۆگسلاڤیا دیاری بکات. لە ئیسرائیلی ئەمڕۆشدا، دەبینین کە ڕادیکاڵە جوولەکەکان بەردەوامی بەکردەی ئۆردوگای زۆرەملێ دەدەن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بزووتنەوەی ئایینی بۆ ناسنامەی مەسیحی و نیو مەسیحییە ئەنجیلییەکان[١١٢]، بەشێوەیەکی بەرفراوانتر توێژی کۆنسێرڤاتیزمە ئاینییەکان لەگەڵ هەڵبژاردنی جۆرج بوشی کور، گەیشتن بە دەسەڵات و ڕەگوڕیشەی لە کۆنسێرڤاتیزمی ڕاستدا داکوتا. تەنانەت هیند لەگەڵ حیزبی گەلی هێندی (BJP) و ڕێکخراوی نیشتمانیی

112- Barbara Victor, La derniere croisade: Les fous de Dieu version americaine (Paris: Plon, 2004).

ناسیونالیزم (RSS) و چینیش لەگەڵ تایفەی فان لون گۆنگ (Fan Lun Gong)ی ڕۆحی، بەم هەڵچوونە ئایینییەوە پەیوەندیدارن.

ئایین لە زۆر شوێنی جیهاندا بووە بە پرەنسیپێکی جێگرەوەی سیاسەت. لە جیهانی عەرەبیدا، هەروەکو ویلایەتە یەکگرتووەکان، دووبارە لە دایکبووەکان (Born again) – گەر دووبارە بە مەسیحی یا موسڵمان لە دایک ببنەوە – و شوێنکەوتوانی نوێی تایيفەکان، لەبەرڕۆشنایی ڕێنوێنییەکانیان ڕاڤەیەکی نوێ بۆ جیهان دەکەنەوە. زۆرجار ستراتیجییە سیاسییەکان بۆ گرتنەدەستی حوکم لەیەکدەچن و ڕێنوێنییەکانیان "لە خوارەوە" (پراکتیکی ڕۆژانە، گفتوگۆی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵە هەمەڕەنگەکان و ئەو موژدانەی بە شیوەیەکی تاکەکەسی ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرێت کە تازە ڕێبڕاستیان گرتۆتەبەر)، و"لە سەرەوە" نۆرە دەکەن، کە لە ڕێگەی دزەپێکردنی خەڵکانی سەر بەخۆیان بۆ ناو حیزبە سیاسیە توندڕەوەکان یا ئایینییەکان، ئیمانداران لە نێو ڕووناکبیرە نائومێدەکان و پیاوانی پۆلیس، سەرباز، دادوەرەکاندا ساز و ئامادە دەکرێن. ئەو ڕەفتارانە وەکیەک لە حیزبی گەلی هیندی (BJP)دا دەبینین، هەروەها لە ئێرانی خومەینی و ئیسلامییە توندڕەوەکان و جیهادییەکان و نیوکۆنسێرڤاتیڤە ئەمەریکییەکان و گرووپ و شوێنکەوتوانی فێرگەی مەرکەزی هاراف (Merkaz HaRav) یا گۆش ئامۆنیم[١١٣] (Goush Emounim) لە ئیسرائیل.

مەسیح و کتێبەکەی

ئەوە ئیمانە. ئەوەی فیکری مارکسی لینینی و ماویزم یا ستالینیزم خوازیاری بوون، لەمڕۆشدا ئیسلامیزم دەیەوێت، بەشێوەیەکی بەرفراوانتریش ڕەوتە ئایینییە توندڕەوەکان کە بە تاکە یەقینێکەوە ڕایدەگەیەنن هەموو وەڵامەکان لەلای ئەوانە. کتێبی پیرۆز وەک ئاڵایەک ئاماژەی پێ دەدرێ، ئیدی چ کتێبێکی سووری بچوک بێت، یا قورئان و تەورات، کتێبێک لەسەر دەستی مامۆستایەکی (le gourou) بیرڕۆشن یا ڕاڤەکارێک نووسراوە کە بە ڕووناکییەکی خراپ ڕەنگرێژ کراو. پۆستەرێکی بن لادن، چەشنی مار جەرجیس کێشراوە کە لە بازارێکی

[١١٣] – گۆش ئامۆنیم (Goush Emounim) یا بلۆکی ئیمانداران: باڵێکی توندڕەوی ڕاستی ئیسرائیلییە و زۆر بە پەرۆشەوە پشتگیری لە بیناکردنی ئۆردوگاکان لە کەناری خۆرئاوا و غەزە و جۆلان دەکات.

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بیشاوەردا، ئەژیهایەک دەکوژێت، هەر لەو وێنەیەی ماو دەچێت کە خەڵکانێک لە مردن ڕزگار دەکات کتێبە سوورە بچووکەیان هەڵگرتووە. "هەموو چاوەکان دەچنە سەر کەمبۆدیای دیموکراسی، چونکە شۆڕشی خەمیر جوانترین و پاکترینە، لە مێژووی جیهانیشدا هاوتای نییە، چونکە چارەسەری بۆ پرسی دژبەرە هەتاهەتایەکەی نێوان شار و گوند دۆزییەوە، گەشەی بە لینین دا و لە ماو زێتۆنگ واوەتر ڕۆیشت"، ئەمە وتەی پۆل پۆتە (pol pot) کە بابەتێکی کلاسیکی دەربارەی ئەو پەیامبەرانە وەبیردەهێنایەوە کە مەسیح تێیپەڕاندوون[١١٤]. سەرکردە پیاوێکی زۆر بەهێزە، یا نیمچە خوداوەندێکە: تەرمی لینین و ستالین و ماو لەبە ئەوە مۆمیا کران تا بەلانیکەمەوە بکرێن بە نیمچە خوداوەندێک. ئایخمان (Eichmann) لە کاتی دادگاییکردنیدا وتی: "لە ڕایخی سێیەمدا، وتەکانی فۆهرەر هێزی یاسایان هەبوو". دەشێت لە قۆناغە مەزنەکاندا ئەم وتەیەی ڕۆژنامەی "لینینگرادی سوور" خوێندنەوەی بۆ بکرێ: "خۆشەویستیمان، دڵسۆزی، هێز، دڵ، پاڵەوانێتی و ژیانمان؛ هەموو شتێک، ئەی ستالینی مەزن، هەموو شتێک هی تۆیە، ئەی سەرکردەی نیشتمان! فەرمان بە ڕۆڵەکانت بدە، بۆ ئەوەی لە ئاسمان و لە ژێر زەوی و لەناو ئاو و لە بەرگە هەوای ئاسماندا ڕێگە ببڕن. بە درێژایی سەردەمەکان ناوت بە شکۆمەندی و بە بەهێزی و بەوپەڕی حیکمەت و بە جوانترینی نێو ناوەکان دەمێنێتەوە (...). ئەگەر هاوسەرە خۆشەویستەکەم منداڵێکی ببێت، ئەوا ستالین یەکەم وشە دەبێت کە فێری دەکەم!". لە ڕێی چاو سوور و ئیمانداره نازییەکانەوە، هیتلەری ئەسمەر و کورتەباڵا و خاوەن دوو چاوی ڕەش توانی خۆی وەک سەرکردەیەکی ڕەگەز سووروسپی باڵابەرز و چاو شین بناسێنێت. لەو ئایینانەی ڕێزبەندیی تێدا نییە، وەک سوونە یا پرۆتستانتە ئینجیلییە نوێیەکان، دەشێت سەرکردە، ئیمامی ناوچەیەک، یا بانگخوازێکی تەلەفزیۆنی پرۆتستانی بێت، یا حاخامێکی فێندەمێنتالیست کە شانازی دەکات بەوەی لەڕێی ڕاڤەکردنێکی پاک و بێگەردی دەقی پیرۆزەوە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خوداوەند دا هەیە. پلەبەندی سیاسی یا ئایینی کە لەدایکبووەکان خۆبەخۆ ڕەتیدەکەنەوە، هێندێک جار

114- Francis Deron, Le process des Khmers rouges: Trente ans d’enquete sur le genocide cambodgien, La suite des temps (Paris: Gallimard, 2009).

بەرهەڵستی بەخودایی کردنی سەرکردە دەکات: شوێنکەوتووە ئێرانییەکان دەیانویست خۆمەینی، لە ترۆپکی شکۆمەندیدا، بکەن بە ئیمامی دوازدەهەم، واتە مەسیحی شیعەی دوازدەیەمین. بەڵام هاوەڵەکانی بەتوندی دژی وەستانەوە.

ئایدیۆلۆجیا بیروباوەڕێکی داخراوە، پێویستە لەسەر تێکۆشەر - جەنگاوەر تەنیا لەسەر خوێندنەوەی دەقی پیرۆز ئامادە بکرێت و لە پەیوەندیکردن بە ئەوانی دی خۆی بە دوور بگرێت: قوتابخانەکانی پاکستان لە فێرگەی کادرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی چینی و کۆریای باکوور، یا ڕوسیا، یا لە فێرگە تەلمودییە فێندەمێنتالیستەکانی جوولەکە وانەی زیاتر نالێنەوە. زانین فۆکس دەخاتە سەر ئەزبەر کردن (دەرخکردن)، دەبێ دەقە پیرۆزەکان لە هەر دوو سەرەوە بخوێنێتەوە، واتە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، لە کۆتاییەوە تا سەرەتا، وەکئەوەی زانایانی ئایینی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەو کارەیان دەکرد، ئەوانەی ڕابلیە (Rabelais) لە سەدەی شازدەهەمدا قەشمەری پێیان دەکرد. ئەو تاکە کتێبە، بەڵام کتێبیکی ڕاستە. ئیدی بەوجۆرە قەیرانی قوتابخانە چارەسەر کرا، توانای سەلماندنی شتێک و پێچەوانەکەی لە ڕێی ئاماژە دان بە دەستوورە تایبەتەکە، کە یەقینێکی سەرەکیی پیاوێکی ئیماندارە.

سەردەمانێک لە حەی لاتینی دا، شتێکی جوان بوو ڕووناکبیرە ماوییەکان، ئاماژە بە وتەیەکی مارکس یا ئنگلز بدەن لە تێکستی: "یەک دابەش بە دوو دەکرێ"و "دووان لە یەکێکدا کۆدەبنەوە". لە ئیسلامیشدا ڕووپۆش جیاوازی دەخاتە نێوان ئەوانەی پێیانوایە هیچ سوودێکی نییە و ئەوانەی لەو باوەڕەدان دەبێ تەنیا قژ داپۆشرێت و ئەوانەی پێیانوایە دەبێ دەستەکان داپۆشرێن و ئەوانەی لەو باوەڕەدان کە پێویستە تەنیا چاو بە دەرەوە بێت و ئەوانەشی کە پێیانوایە دەبێ ژن لە خێو بچێت. هەموو لەسەر هەقن. لەکن مەسیحییەکاندا، کەسانێک پەیامەکەی مەسیح بەجۆرێک دەخوێننەوە کە نابێت ڕەبەن هاوسەرگیری بکات و ئەوانەشی لەو باوەڕەدان کە قەدەغەکردنێکی لەو شێوەیە بوونی نییە، بەڵام نابێت ژنەکانیان لە ژنی ئیسلام بچێت، ئینجا ئەو پرۆتستانتانەی گرنگی بەو وردەکارییانە نادەن. ئایدیۆلۆجییەکان دریغی ناکەن لەوەی داوای پشتگیری زانست بکەن. ئیدی بەوجۆرە لە دوای سۆسیالیزمی زانستی و زانستی ڕەگەزپەرستی نازی و زانستی بۆماوەیی سۆسیالیستی لەسەر شێوازی

لیسینکۆ (Lyssenko)، لە ئێستادا نیوئەفراندن (néocréationnisme)مان هەیە، لە جەزائیریش داهێنانێکی زۆر تازە بەناوی سەلەفیزمی زانستی[115] هەیە.

گومڕایی ڕاگەیاندن کە "تایبە" بانگەشەی قوربانی بوونەکەی دەکات، گەشەسەندنی مۆدێلێکی دژەکولتور و پەناخستنی شوێنکەوتووانە. ئیدی بەوجۆرە تێکۆشەر دەتوانێت بەوپەڕی قەناعەتەوە بەرگری لە ڕاستییە ساختەکان بکات؛ سەبارەت بە هەموو کۆمۆنیستەکانی جیهان، کاتێن (Katyn) کوشتوبڕێک بوو نازییەکان ئەنجامیان دابوو، سەبارەت بە ڕاستی توندڕەو کۆمۆنیستەکان گیرنیکا (Guernica)یان سوتاند. هەر چی ئیسلامییەکانیشە ئەو تیرۆریستە خۆکوژەی خۆیدەتەقێنێتەوە، بەجەستەیەکی ساغەوە دەچێتە بەهەشت و حۆرییە بەڵێنپێدراوەکان ڕازی دەکات. باوەڕێکی سەیرە کاتێک دەزانین ئەنجامدەری دەستدرێژییەکە لەڕێی جەستە دوو کەرتبووەکەی دەناسرێتەوە. هەستی هەبوونی حەقیقەتێکی پەنهان بۆ شتەکان، یەقینی وابەستەبوون بۆ گرووپێکی "بژاردە" دەبەخشێت و ڕەوایەتی بە فۆرمێکی نوێی ڕەگەزپەرستی دەدا. هەروەکو بەرپرسی کۆمەڵەیەک بۆی گێڕامەوە کە لە چوارچێوەی کارێکی هەرەوەزیی کۆمەڵەکەدا، هەوڵی دەدا پەیوەندییەک لە نێوان ئایینەکانی فرەنسا دروست بکات: "کاتێک بەرپرسێکی ئایینی ڕەتیدەکاتەوە لەسەر مێزەکەم دابنشێت؛ چونکە سرووتە ئایینییەکانی ڕێی پێنادات خواردن لەگەڵ کافرێکدا بخوات، ئەوەش ڕێزلێنانێکی ئایینییە! گەر منیش ڕەتی بکەمەوە لەگەڵیدا دابنیشم، ئەوا کارێکی ڕەگەزپەرستانەیە".

پەیڕەوان و شوێنکەوتووان بۆ ناکۆتا ئەو بیرۆکە ساوێلکانەیە دەڵێنەوە کە شەڕەنگیزی دیاری دەکات، واتە دوژمن. هەموو وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەی تێکۆشەر ڕێکدەخات بۆ ئەوەی لە لادان دوور بکەوێتەوە، بەجۆرێک ماڵپەرە ئیسلامییەکان بەوپەڕی ساوێلکەیی سەرسوڕهێنەرەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن

---

[115] – سەلەفیزمی زانستی جەزائیری نییە، بەڵکو بەگشتی سیفەتێکی بنەڕەتی سەلەفیزمی عەرەبییە.

که هەموو وەڵامەکان لە قورئاندا هەیە، بەتایبەتی ئەو ڕیسایانەی کە پێویستە پەیڕەوی لێ بکرێ کاتێک تێکەڵ بە کافران دەبیت[١١٦].

خوداناسی توندوتیژی

سەرجەم ئایینەکان، بەوپێیەی ئایدیۆلۆجی کۆمەڵایەتی ڕێکخەرن، ڕەفتارێکی ناتوندوتیژ لە یەکانگیری و ئۆقرەییدا دەسەپێنن، بەڵام دەشێت لە چوارچێوەی هێندێک هەلومەرجدا، بانگەشە بۆ توندتیژیش بکەن. لە هەلومەرجی دیاریکراوی تیۆلۆجی (لاهوتی)دا (جیهادکردن، هەڵمەتی خاچخوازی...) فەرمانی توندوتیژی دەردەکات وەکئەوەی سروشتی و حەتمی بێت: بۆ نموونە، پێویستە "ئیمانی ڕاستەقینە" لە دەستدرێژی ڕزگار بکرێت و بەرگریکردن لەو بەها ئەخلاقیانەی کە ئایین دەزانێ چۆن پارێزگاری لێبکات و دەوڵەتی عەلمانی هاوچەرخ ژێرپێی خستووە، ئیدی چی ئەمەریکی یا سۆسیالیستی عەرەبی بێت یا کرێکارییانەی ئیسرائیلی بێت. تەنانەت بودییەتیش کە بەگشتی خۆی و پرەنسیپی ناتوندوتیژی پێکەوە گرێ دەدا، دەتوانێت پاساو بۆ ڕەفتاری توندوتیژانە بهێنێتەوە[١١٧]. لیستی مەرجە پەسەندکراوە تیۆلۆجییەکان دووروردرێژە. بەڵام ئەو گوتارەی بانگەشەی "بەرگریکردن" لە "کۆمەڵەی ئیمانداران" دەکات بۆ ئەوەی پاساو بۆ لێدانی "ئەوانی دیکە" بهێنێتەوە لە ئۆردوگا جوولەکەنشینەکانی کەرتی غەزەدا بوونی هەیە و لەلای ئیان پەیزلی (Ian Paisley) سەرکردەی پرۆتستانی ئێرلەندیش دەبینرێ، هەروەها لەلای بن لادن، یا تیمۆتی ماکڤی (Timothy McVeigh) ئەمەریکی ئەنجامدەری دەستدرێژییەکانی ئۆکلاهۆما سیتی لە ١٩ی نیسان/ ئەپریڵ ١٩٩٥دا کە باوەڕی بە "باڵایی"[١١٨] ڕەگەزیی هەبوو. (ڕزگار کردنی شۆڕش) لە هێرشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی کلیلی ڕاڤەکردنی گشتگیرانەی یەکێتی سۆڤێت بوو تا بیانوو بۆ پرۆسەی سەرکووتکردنی ناوخۆ و دەستوەردانە

---

[١١٦] – ئیمامەکان لە ڕێی مێزیی بازنەیی کەناڵی ئەلجەزیرەوە گفتوگۆیەکی گەرم دەکەن لەسەر پرسی مۆنیکا لوینسکی، بۆ ئەوەی بزانن سێکس کردن بە دەم شایانی سەرکۆنەکردنە یا نا، بڕوانە:- Pierre Conesa, Le guide du paradis, l'Aube (Paris: La Tour-d'Aigues, 2004).

[117]- Mark Juergensmeyer et Michael Jerryson, buddhist Warfare (Oxford: Oxford Up, 2009).

[١١٨] – بڕوای بە دۆکترینی (عقیدە) باڵابوونی ڕەگەزیی هەیە.

چەکدارییەکانی (هەنگاریا، ساڵی ١٩٥٦، پراگ، ساڵی ١٩٦٨ و کابول لە ساڵی ١٩٧٩دا) بهێنێتەوە.

لە ماوەی دوو دەیەدا، توندوتیژی هەموو ئایینەکانی گرتەوە. ساڵی ١٩٨٠ هیچ ڕێکخراوێکی ئایینی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا نەبوو، لە ساڵی ١٩٩٨دا نیوەی سی ڕێکخراوە هەرە مەترسیدارەکان مۆرکی ئایینییان هەبوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤دا سێ یەکیان ئایینی بوون، لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە کۆی ٤٥ ڕێکخراو ٢٦یان ئایینی بوون. ئەم لیستە بە تەواوەتی گرووپە ئەمەریکییەکانی سەر بە نووسینگەی (FBI) هەڵاوێرد دەکات، ئەوانەی چەندین کەرەت کردەی توندوتیژییان دژ بە کلینکەکانی لەباربردن و دەستدرێژی ڕەگەزپەرستانە و دژەسامیی ئەنجام داوە، دەستدرێژی لە بابەت ئۆکلاهۆما سیتی لە ساڵی ١٩٩٥دا (١٦٨ کوژراوی لێکەوتەوە کە ١٩یان منداڵ بوون)، یا ئەو دەستدرێژییانەی لە ماوەی یارییەکانی ئۆلۆمپی لە ئەتلەنتا لە ساڵی ١٩٩٦دا ئەنجام دران.

سۆسیۆلۆجیستی ئەمەریکی مارک جورگینزمایەر[١١٩] (Mark Juegensmeyer) پێیوایە "چەمکی دوژمن بەری گرووپبەندی کۆمەڵایەتییە (...)". ئەگەر پێمانوابێت ڕۆڵی سیناریۆی جەنگی گەردونیی هەستی بەهێزیی و هیوا بەو کەسانە دەبەخشێت کە بڕوایان پێی هەیە، ئەوا شتێکی بەڵگەنەویستە وێنەی دوژمن بە مسۆگەری دەبێت بە زەرورەت". جێگیربوونی ئایدیۆلۆجی و مێژوویی بۆ پاساودانی توندوتیژی لەماوەیەکی دووروودرێژدا جێی خۆی گرتووە، وەک مێژووی تەورات و قورئان، یا زۆر بە سادەیی میتۆلۆجی (ئەفسانەیی)، هەروەکو ململانێی چینایەتی و شێوازەکانی بەرهەمهێنان لە مارکسییەتد[١٢٠]ا. کارەکە پەیوەستە بەو شیکردنەوەی کە دەڵێت جیهان دوا قۆناغی جەنگی هەزارەیی دەگوزەرێنێت، لە ئێستادا ڕابوونێک هەیە، بەوەی موژدەگەلێک نوقڵانەی

---

[119]- M. Juergensmeyer, Au nom de Dieu ils tuent: Chretiens, juifs ou musulmans, its revendiquent la violence, Frontieres (Paris: Autrement, 2003).

[120]- P. Conesa, “La violence au nom de Dieu,” revue international et strategique, no.57. (printemps 2005), pp. 73- 142.

گەڕانەوەی مەسیحی ڕزگارکەر دەدا. بن لادن لەو باوەڕەدایە سەرەتای چەوسانەوەی موسڵمانان بۆ ساڵی ١٩٢٤ دەگەڕێتەوە، کاتێک ئەتاتورک خەلافەتی هەڵوەشانەوە. ریچارد بوتلەر (Richard Butler) یەکێکە لە ئایدیۆلۆجیستەکانی "ناسنامەی مەسیحی"، باس لەوە دەکات کە "شەش هەزار ساڵە شەڕ لە نێوان ڕۆڵەکانی قابیل و ڕۆڵەکانی خودا دا هەڵگیرساوە". پەنابردن بۆ توندوتیژی پاساو بۆ ئەو ئیرادە بڕیاردەرە دەهێنێتەوە کە خۆی لە توندوتیژییەکی گەورەتر بەدوور دەگرێت. کڵێسەیەکی ئەمەریکی کە کڵێسەکی زایۆنە مەسیحییەکانە، بانگەواز بۆ ڕاگواستنی فەڵەستینییەکان دەکات تا ئامادەکاری بۆ گەڕانەوەی مەسیح و ڕێگرتن لە دەستدرێژی بکرێت.

مێژوو بە تایبەتی ڕێگە بۆ خوێندنەوەی دووەمی ئایینی ئاواڵە دەکات کە بەدوای ئاماژەگەلێکدا دەگەڕێت خوداوەند ڕەوانەی دەکات. سەرکەوتنی جەنگی شەش ڕۆژە، بووە هۆی ئەوەی لە ئیسرائیل "زایۆنی مەسیحییانە" سەرهەڵبدات کە هەڵگری دیدگای "ئیسرائیلی گەورەیە" و نیشتەجێکردنی تێکۆشەرانی "بلۆکی ئیمانداران" لە قودس و سەرزەمینە داگیرکراوەکان بە زەبری هێز دەسەپێنێت. بەپێچەوانەشەوە، موسڵمانە ڕادیکاڵەکان شکستی ١٩٦٧ بە ئاماژەی خوداوەند دەبینن، بەوەی ڕژێمە عەلمانییە عەرەبییەکان لە بەرپەرچدانەوەی ناسنامەی زایۆنی دەستەوەستانن، بۆیە تەنیا گەڕانەوە بۆ ئایین دەتوانێت سەرکەوتن بەدیبهێنێت. وادیارە لەلای مەسیحییە ئینجلییە ئەمەریکییەکانیش، شکست لە ڤێتنام و شۆڕشی ئێران و بە بارمتەگرتن لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران لە یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەری (هەر هەمان ڕۆژ لەو کاتەوە) ١٩٧٩ و هەڵکشانی جیۆسیاسی کۆمۆنیست لە ناوچە جیاوازەکاندا، فۆرمێکە لە فۆرمەکانی هێدمە کە بەهۆیەوە "وڵاتپارێزی تەوراتی - patriotism biblique" تێدا لە دایکبوو، جۆرج بوشی کور، مەسیحییەکی سەرلەنوێ لەدایک بوو (reborn christian)، موژدەبەخشێتی. پەیوەندی هێندێک میلیشیای ئەمەریکی بە ئەوانی دیکەوە، وەک سوپای بەرگری ئاری و شمشێر و بازووی خودا (CSA) و قەڵای سوپای سپی، پەیوەندییەکی حاشاهەڵنەگرە و مایەی گومان نییە.

لادانی ڕاسیزمانه

"ئەوانی دی" لەڕووی سیاسییەوە ناسراو نین، بەڵام لەڕێی وشەی جیهانگیرییەوە دەناسرێنەوە: "خاچخواز"، "نەگریس"، "جوولەکە"، "پاپیست" و "ئەمەریکا"... لادانی ڕەگەزانە، سادەیی گوتار و دیاریکردنی ئامانجەکان دەخاتەڕوو کە دەشێت لەگەڵ هەموو جۆرە تێکەڵاوبوونێکدا پێی بگەیت[١٢١]. شێخ عەبدولڕەحمان، سرووشبەخشی هێرشی یەکەم بۆ سەر نێوەندی بازرگانی جیهانی، لە لێداونێکدا دەربارەی گەشتوگوزار، دەڵێت: "بە تەواوەتی گریمانەی ئەوە دەکرێ کە خاکی موسڵمانان ببێتە جێگەی خراپەکاری هەموو ڕەگەز و ڕەنگەکان". وێنەی دوژمن دەبێتە ئاژەڵ: حاخام مەئیر کاهانا (Meir Kahane) عەرەب بە "سەگ"، یا "مێش" وەسف دەکات و پێویستە بکوژرێن و بۆ ئەو مەبەستەش بیری لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکردەوە. شێخ ئەحمەد یاسین، ڕێبەری بزووتنەوەی "حەماس"، ساڵی ١٩٨٧ لە وەعزەکانیدا جووڵەکەی بە "نەوەی مەیمون"[١٢٢] ناو دەبرد (بەوەش دەگەڕایەوە بۆ تیورەی داروین لەسەر مرۆڤ، هەر چەندە هەموو ڕەوتە بناژۆخوازەکان "ئوسولییەکان" لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو تیورەیان ڕەتدەکردەوە).

جیۆ سیاسی ململانێی خاک کە ئیمان تێیدا سەرکەوتوو بوو (دارولئیسلام، ئیسرائیلی گەورەی تەوراتی، یا یەکێتی سۆڤێتیی نیشتمانی کرێکاران)، لەو جیهانە جیادەکاتەوە کە پێویستە داگیر بکرێ. نیوئینجلیییەکان لە سەرزەمینی ئیسلام یا لە ئەفەریقیا و ئەو موسڵمانانەی پێویستە لەسەریان وا بکەن ئیمانی ڕاستەقینە لە دارولحەربدا سەربکەوێت کە تێیدا کافران و زایۆنە مەسیحییەکان و جوولەکە توندڕەوەکانی فێرگەی نێوەندی هاراقی تەلمۆدی ژیانی تێدا دەکەن، لەسەر ئەو شێوازە "بەرەکانی" جەنگ دیاری دەکەن. هاوکاری نێوان تێکۆشەران - ئیمانداران جوگرافییانە نابێت و بە زەوییەوە سنووردار نییە، لەبەر ئەوەی دوا

---

[١٢١] - ئۆم شینری کیۆ (Aoum Shinri Kyo) جووبێژ بوو. لە گوتاری ڕادیکاڵی مەسیحییەوە بیرۆکەی پیلانگێڕی جوولەکەی وەبیردەهێنایەوە و بەهۆیەوە ڕاڤەی ئەوەی دەکرد کە جوولەکەی ئەمەریکا هانی ولایەتە یەکگرتووەکانیان دا لە ساڵی ١٩٤١دا پەلاماری ژاپۆن بدات، تا واشنتن پەلکێشی جەنگ بکەن و براکانیان لە ئەوروپا لە جینۆساید ڕزگار بکەن.

[122]- Citation extraites de: Bruce Hoggmann, La mecanique terroriste (Paris: Calmann-Levy, 1999).

ئامانج جیهانییە. بە هەر حاڵ، لێرەدا زۆر بە زەحمەت لە هەر شوێنێکی دی، لە شەڕی دەستەبژێری دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیدا، سنوور لە نێوان جەنگاوەر و تێکۆشەر و لایەنگر دا دیاری دەکرێت. لە یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەری ٢٠٠١وە زۆرینەی هەوڵی هێرشی ئیسلامییەکان کە لە خۆرئاوادا ئامار کراون، لەلایەن گەنجانی نێو کۆمەڵگەوە بەرنامەڕێژی کرابوون، نەک ئەفغانی، یا عێراقییەکان. ئایا شێوازی تیپە نێودەوڵەتییەکان کە تێکۆشەرانی لە هەموو وڵاتانەوە کۆدەکردەوە و ساز و ئامادەی کردن بۆ ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسپانی ڕزگار بکەن کە فرانکییەکان لە ڕێی شەڕی ناوخۆییەوە هەڕەشەیان لێی دەکرد، جیاوازە لە شێوازی گەنجانی گەڕەکە موسڵمانەکان کە دەیانەوێت بەرەو ئەفغانستان یا عێراق بڕۆن؟

جەنگ بریتی نییە لە ململانێ، بەڵکو پرۆسەی دەرکردنی ڕۆحە شەڕەنگێزەکانە و ئامانجەکانیشی جیهانییە. یەکێک لە جینۆسایدە ڕەگەزییەکانی مێژوو، ئایینییە: "هەموویان بکوژن، خودا ئەوانە دەناسێت کە ئینتمایان بۆی هەبووە". ئەم ڕستە بەناوبانگە، جێگری پاپا، سەرۆکی دەیری سیتۆ (Citeaux) وتویەتی بۆ ئەوەی پاساو بۆ کوشتوبڕەکەی ساڵی ١٢٠٩ی کاسارییەکانی هەرێمی ئاڵبی (massacre des Albigeois) بهێنێتەوە، بەدڵنیاییەوە، ئەو کەسێکی زۆر مەسیحی بوو، بەڵام قەناعەتی بە بەرهەڵستکردنی شەیتان هەبوو. سەرکۆنەکردنی دوژمن کە گشتگیر و یەکئاراستەیە، تیشک دەخاتەسەر جیۆسیاسییەکی ساوێلکانە، سەبارەت بە جیهادییەکان، "سەرکوتکردنی موسڵمانانی جیهانە"، ئەویش لە ڕێی بەراوردکردنی نێوان ئیسرائیل و چیچان و فلیپینییەکان و ئەو یاسایەی لە فەرەنسا بەسەر باڵاپۆشیدا سەپێنراوە. ئامانجی بن لادن، بەتەنیا بونیادنانی دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو، بەڵکو گێڕانەوەی خەلافەت و یەکخستنی نەتەوەش بوو. چیدی مەرجەعییەتێکی سیاسی بۆ نەوەی ئەو خۆکوژانە نییە کە کردەی خۆکوژیی لە ئەندونیسیا، شانشینی عەرەبی سعودی و ئەفەریقیای خۆرهەڵات ئەنجام دەدەن. دوژمن شەیتانە، سەبارەت بە شۆڕشی ئێرانی "شەیتانی گەورە" (ویلایەتە یەکگرتووەکانە) و "شەیتانی بچوک" (ئیسرائیلە)، سەبارەت بە پرتقالە ئێرلەندییەکانیش پاپیستەکان بوو... بۆ ئیسلامییەکان، ئەمەریکا دوژمنێکی گەردوونی و هێزێکی ڕەهایە، دوژمنێک هەڵگری هەموو بەهایەکی شەڕەنگێزی و مۆدێرنە. لەبەر ئەوەی دەشێت

ئەمەریکا بەهۆی بەهێزیی میدیا و دامەزراوە هەواڵگرییەکانییەوە لە هەموو شوێنێکدا هەبێت، ئەوا بە تەواوەتی لەگەڵ وەسفی ئەو هێزە شەیتانییە دێتەوە کە لە دەقە ئایینییەکاندا هاتووە. بۆیە ئەستەمە بە ئامرازی دونیایی بەسەریدا زاڵ بیت، بەڵام کردەی توندوتیژی (هێرشی خۆکوژی) دەتوانێت بە سەلماندنی قوربانیدان بە ژیان کە ئیماندار قبووڵی دەکات لە سەرزەمینی ئەخلاقیدا بەسەریدا زاڵ بیت. بەپێچەوانەشەوە، ئیسلام بۆ پارێزگارە تازەکان، هێزێکی ئەکتۆپۆس و سیمبولی خراپەکارییەکی ڕەهایە. پات ڕۆبێراسۆن (Pat Robertson)، واعیزی تەلەفزیۆنی ئەمەریکی، پێیوایە "ئیسلام ئایین نییە". فرانکلین گراهام (Franklin Graham) کوڕی بیلی گراهام (Billy Graham) بەوە واز دەهێنێت کە بە "ئایینێکی شەیتانی" دابنێت.

بەڵام درۆکردن ڕەوایە، مادامەکی ئیرادەی خودایی ڕەوایەتی پێدەدا، وەک تەقوا لەلای شیعەکان، درۆکانی تیمەکەی جۆرج بوشی کوڕ سەبارەت بە جەنگ دژ بە عێراق و شەرعییەتی تەوراتی لەلای توندڕەوەکانی جوولەکە بۆ وەدەرنانی فەلەستینییەکان... گشت ئەو پرسیارانە دەسەڵاتی ئایینی فەرمی سەغڵەت دەکات کاتێک هەڵوێستە تەماوییەکەی لە سەرکۆنەکردنی کردەی توندوتیژی ڕاڤە دەکات و پۆزشە فەرمییە دەگمەنەکانی ڕادەگەیەنێت.

تێکۆشەرە سەرەکییەکان لەو پرۆلیتاریا لۆمپانەوە دەردەکەون کە ئایدیۆلۆجیا توانای خستنی دەسەڵاتە باوەکە و ڕەوایەتیی توندوتیژییان پێدەبەخشێت. هەروەها دەشێت تێکۆشارەکان لەو گەنجە خاوەن بڕوانامانە بن کە گوتاری ڕادیکاڵیزمی نوێبووەوە کێشیان دەکات. بۆ نموونە، پاسەوانی سووری چینی لە کاتی شۆرشی کولتوریدا هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی حیزب، هەروەکو تیمەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی چەکداری (GIA) جەزائیر دژ بە ئیمامە فەرمییەکان، یا خۆکوژە سوونەکانی عێراق دژ پەرستگاکانی شیعە ئەو کارەیان کرد. مردنی شەهید گەواهینامەیە لەسەر ئیمانەکەی، هەروەکو ڤیدیۆی ئیسلامە گەنجەکان کە ئاهەنگی سزای لەسێدارەدانە، بۆ ئەوەی پاساو بۆ مردنەکەیان بهێننەوە. هەروەها یەگال عەمیر (Yigal Amir)، بکوژی سەرەک وەزیرانی ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی ڕێکەوتننامەی ئۆسلۆی واژۆ کردبوو، شادمان بوو بەو حوکمەی لە دژی دەرکرا. دەبوو لی فەنگ (Lei Feng)، بلیمەتی سەر بە پاسەوانی سوور (ئەمڕۆ

له بیرچۆتەوه) كە نموونەی مندالانی چینی بوو، مردنێکی قارەمانانە بمرێت. تیمۆتی ماکڤی، ئەنجامدەری هێرشەكەی ئۆكلاهۆما سیتی، تێهەڵچوونەوەی بۆ سزای له سێدارەكەی نەکرد. ئیدی بەوجۆرە هەموو ئامادەیی قوربانیدان بە ژیانی خۆیان پێشان دەدەن.

ئەو كەسانە پێیانوایە پێویستە لەسەریان ئەو ڕەخنانە بەلاوەبنێن كە ئاراستەی پرسەكەیان دەكرێت. ئیدی ڕەفتار باشییە سەركۆنەی "دژایەتی کردنی کۆمۆنیستی سەرەتایی" بكرێت (هەر چەندە هەرگیز نازانین دژایەتی کردنی کۆمۆنیستی لاوەكی مانای چییە)، هەروەكو لەمڕۆشدا تۆمەتبارکردن بە دژایەتی کردنی ئیسلام، یا ئیسلامفۆبیا، یا ئەنتی سامیزم بووە بەشتێكی باو، كاتێک ئەم یا ئەو ڕەخنەیەی ئاراستە دەکرێ.

سەركەوتنێكی مسۆگەر، بەڵام دوورخایەن

بزوتنەوە توندڕەوە ئایینییەكان لەیەكدەچن، چونكە خۆیان وەک تۆڵەستێن پێشان دەدەن و ڕەنگدانەوەی ئاوێنەیی بزوتنەوەكانی دیكەن. حاخام كاهانا كە هێندێک لە براكانی لە ئیسرائیل نازناوی "ئایەتوڵلای جوولەكە"ی دەدەنە پاڵ، لە وەعزەكانیدا هانی لەنێوبردنی فەڵەستینییەكان دەدا، لە ٥ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٩٠دا، ئەل سەید نەسیر (El Sayed Nosair)، ڕەوەندێكی میسری بوو، لە نیویۆرک تیرۆری کرد. ئەو كۆمەڵە ئیسلامییەی بكوژەكە ئینتمای بۆی هەبوو، بە بۆنەی یەكەم ساڵیادی هێرشەكەی سەر نێوەندی بازرگانی جیهانی (١٩٩٣)، داوای ئازاد كردنیان دەکرد. باروخ گۆڵدشتاین (Baruch Goldstein) سوودی لە تیرۆر کردنی كاهانا بینی بۆ ئەوەی بیانو بۆ هێرشكردنە سەر ئەو ئیماندارانە بهێنێتەوە كە لەبەردەم گلكۆی باوانی تەورات[١٢٣] (١٩٩٤)دا نوێژیان دەکرد، لەو لاشەوە وەڵامی بزووتنەوەی "حەماس" بوو كە بۆ یەكەمجار، لە هەمان ساڵدا کردەی خۆکوژی ئەنجامدا. سەركەوتنی كۆتایی بەپێی پێوەری مرۆیی نییە، بەڵام مسۆگەرە و بە قوربانیدانی بەكۆمەڵ دێتەبەر كە

---

[١٢٣] – گلكۆی ئیبراهیمە لە کن موسڵمانەكان، هەروەها ئەشكەوتیشی پێ دەوترێت، گۆڕی ئیبراهیم خەلیل و مزگەوتەكەی تێدایە، جوولەكەكان پێی دەڵێن "ئەشكەوتی گۆڕە دووانەییەكان"، لەبەر ئەوەی ئیسكوپروسكی ئادەم و حەوا، ئیبراهیم و سارە، ئیسحاق و ڕەفقە و یعقوب و لیا–ی تێدایە.

قوربانیدانی تاکەکەسی دەکاتە کارێکی پێویست. بەڵام گفتوگۆ کردن هێڵێکی سیاسی نییە، چونکە سەبارەت بە جوولەکە بناژۆخوازەکان (فێندەمێنتالیستەکان)، چەشنی ڕادیکاڵییەتی حەماس، گوناهە. بناژۆخوازە جوولەکەکان هەموو جۆرە تەنازولێک بۆ فەڵەستیییەکان ڕەتدەکەنەوە (لیکود پلانەکەی شارون-یان ڕەتکردەوە، خۆپیشاندانی نیشتەجێکان وێنەی کاریکاتۆری ڕابین-یان هەڵگرتبوو کە جلی نازی پۆشیبوو) و داوای یاخیبوونیان لە سەربازەکان دەکرد. بڕوابوون بە ڕۆژی هەستانەوە، ڕەوایەتی بە گشت ئامرازە بەکارهاتووەکان دەدا، بە کردەی تیرۆرکردنی کوێرانەشەوە، چونکە تەواوی ئەوانی دی تاوانبارن. هێرشەکانی لە بابەت هێرشی دوازدەی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا بۆ سەر ئوتێلی گەشتیاری لە بالی کە ئۆسترالییەکانی لێ بوون (٢٠٢ کوژراو، ٢٥٠ بریندار)، سزایەکی بەکۆمەڵی کافرەکان بوو، ئەگەر چی خۆکوژ و گەشتیارەکانیش هیچ پەیوەندییەکیان بە چەوسانەوەی موسڵمانەکانی ئەم جیهانەوە نەبوو.

دوژمن ناپاک و لادەر و گومڕایە

دوژمن گومڕایە، لەبەر ئەوەی شەیتان یا بیانی "دەیجوڵێنێت". دوا ئامانجی تێکۆشان ڕێکخستنەوەی تەواوەتی و جیهانیی کۆمەڵایەتییە، چونکە مرۆڤی نوێ بەئامانج دەکرێ. بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەیت، پێویستە هەر تیمێک کەمپەکەی خۆی پاک بکاتەوە. بن لادن، بەزۆری باسی لە "دووڕووەکان" دەکرد (موسڵمانە خراپەکان... ئەگینا کەسێک لەسەر ئەم سەرزەمینە نەدەمایەوە)، هەروەها لینین دەیوت "حیزب بەهێز دەبێت، کاتێک پاکدەبێتەوە... خراپترین لە نێو ڕیزەکانی خۆمانە"، لینین ئاسایشی دەوڵەتی دادمەزراند (Guepeou). هەروەها ڕووناکبیرەکان بەئامانج دەکرێن، ئەوانەی ئەگەری ناڕەزایەتیان لێدەکرێ، لە کەمبۆدیای دیموکراسی "ئەو کەسانە بوون کە چاوێلکەیان لە چاو دەکرد"، لەلای ئیسلامییەکانیش هونەرمەندان بوون، نەجیب مەحفوز، ئەو میسرییەی خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئەدەب وەرگرت، لەلایەن ئیسلامییەکی نەخوێندەوارەوە هەوڵی کوشتنی درا.

دوژمن لە هەموو شوێنێکە، بەوپێیەی هەمووان گوناهبارن. کەواتە لەوانەیە پاکتاوکردن ببێتە خوکوژییەکی ڕەگەزیی. ئەم شێوازە لە دوا ڕۆژەکانی جەنگدا،

بووە وڕێنەی قوربانیدان لەلای هیتلەر، چونکە ئامادە بوو قوربانی بە هەموو گەلی ئەڵمانی بدات. کاتێک ڕێنماییەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی چەکدار (GIA) بە بایکۆتکردنی هەڵبژاردن پەیڕەو نەکرا، بڕیاریان دا لە ڕێی چەند کوشتوبڕێکەوە کە گوندەکان بە تەواوەتی لەنێودەبران، ئەو گەلە کافرە پاکتاو بکەن. لە کەمبۆدیا خەمیر ڕوژ لە ڕێی کۆمەڵکوژییەوە بەر لەوەی ڕێزەکانی پاک بکاتەوە، ئەم شێوازەیان بەلاوەنا. پۆل پۆت (برای ژمارە ١) لە ڕژێمی خەمیر ڕوژ دا، سۆن سین-ی (برای ژمارە ٢)ی بە واژۆ کردنی ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە پاریس تومەتبار کرد، دواتر بەرپرسیارێتی سیاسەتی سەرکووتکردنی دایە پاڵ. بەڵام دۆچ (Douch)ی تومەتباری بەردەم دادگای پنۆم پین و کەسی یەکەمی ناوەندی ئەشکەنجەدانی S٢١ کە تێیدا نزیکەی ١٤٠٠٠ کەس پاکتاوکران و شەیدای ئامارکردن بوو، لە کاتی دادگایی کردنیدا باسی لەوە دەکرد کە لە ٧٨٪ قوربانییەکانی نێوەندەکە لە کادرانی ڕژێم بوون، ئەوانەی بە تومەتی خیانەت کردن ڕاگیرابوون.

هەموو ئەو دەسەڵاتە ئایدیۆلۆجییانە میکانیزمی دوورخستنەوە و سەرکووتکردنی تایبەت بە خۆیان داهێنا، وەک فیتنە، لادان، دادگای پشکنین و لیواکانی فەرمانکردن بە چاکەکاری و قەدەغەکردنی خراپەکاری و خۆبەخشەکان یا پۆلیسی ئایینی لەکن وەهابییەکان. ئاسایشی دەوڵەتی سۆڤیێتی (Guepeou) و دەزگای هەواڵگری (KGB) و گەستاپۆ (Gestapo) چوارچێوەیەکی هاوبەش کۆدەکەنەوە، هەموو ئەوەندەی هەیە گلەیی لە خۆی بکات و پێویستە لەسەری ڕێگەیەکی باش بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەمیشە ڕێگەی ئیمانی ڕاستەقینە بگرێتەبەر (ڕەخنە لەخۆگرتن، دانپیانان و دەرکردنی ڕۆحە شەڕەنگێزەکان). بەڵام هەڵگەڕانەوە شەڕەنگێزییەکی ڕەهایە و سزای لە سێدارەدانی ئەو کەسانەش کردەیەکی ئیماندارییە. ئەبو حەمزە، بانگخواز و پەنابەرێکی سیاسیی لەندەنییە، ساڵی ١٩٩٥ فەتوایەکی دەرکرد کە ڕەوایەتی بە کوشتنی ئەندامانی خێزانی هەڵگەڕاوەکان دەدا. دروستکردنی گومڕا، پاشان پاکتاوکردنی، پرۆسەی پاکتاوکردنێکی وەزرییە ڕێگە بە کۆسیستمەکە دەدا لەو تەنگژانە دەرباز بێت کە لە کاتی بەرخوازی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات ڕووبەڕووی دەبێتەوە. تیتۆیی و ترۆتسکییەکان لە کن کۆمۆنیستەکان هاوشێوەی ئەو شیعانە بوون کە جیهادییە سوونەکان بە "نیمچە جوولەکەیان" دادەنێن. خالید قەلقال، یەکێکە لەو

کەسانەی لە هێرشەکانی ساڵی ١٩٩٥ پاریس تێوەگلاوە، بەر لە هێرشەکە بە ماوەیەکی کەم سۆسیۆلۆجیستی ئەڵمانی دیتمار لۆخ (Dietmar Loch) چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا کردووە، دەڵێت "شیعەگەریتی جوولەکە دایهێناوە بۆ ئەوەی دووبەرەکی لە نێو موسڵماناندا بچێنێت". لە عێراقی ئەمڕۆشدا، هێندێک هێرشی بە ئۆتۆمۆبێلی بۆمبڕێژکراو کە گرووپە سوونەکان پێیهەڵدەستن، زیارەتکارە شیعەکان ڕێک لە نزیک شوێنە پیرۆزەکانیان بە ئامانج دەگرێت. لە ٢ی ئازار/ مارسی ٢٠٠٤دا، نۆ هێرشی هاوزەمان لە شاری پیرۆزی کەربەلای شیعەنشین لە کاتی عاشورادا، ١٨٥ کوژرا و ٥٥٦ برینداری لێکەوتەوە. لە ئیسرائیل نزیکەی ٢٠٠٠٠٠ هەزار توندڕەو لەگەڵ هاوبیرەکانیان کێبەرکێ لەسەر تابووکان (المحرمات) دەکەن؛ لە تەموز/ یۆلیۆی ٢٠٠٩دا، خۆپیشاندان لە گەڕەکێکی جوولەکە ئەرتەدۆکسییە توندەڕەوەکان لە ئۆرشەلیم دەستی پێکرد، بەهۆی بەندکردنی دایکێکی جوولەکەی ئەرتەدۆکسی – وادیار بوو نەخۆشی دەروونی هەبووە – کە بەدەستیئەنقەست و بەشێوەیەکی مەترسیدار خواردنی بە منداڵە تەمەن سێ ساڵانەکەی نەدابوو. دایکەکە ڕەتیدەکردەوە بە هۆکاری ئایینی کە شایەتحاڵەکانی یەهوە وەبیردەهێنێتەوە، چاودێری ئەو منداڵە بکات، ناتوانین لەوە روونتر بین.

خەباتکردنی گێچەڵکارانە

دەمارگرتن و گێچەڵپێکردنەکان فۆرمی خۆپیشاندنی باوەڕی بەکۆمەڵ وەردەگرێت، وەک نوێژی بەکۆمەڵی سەر شەقام لە جەزائیر بەر لە دەسپێکردنی جەنگی ناوخۆ، هاوکات لەگەڵ خۆپیشانی شەرمەزارکردنی ڕژێم و ئەو دەمارگرتنەی ئاریێل شارۆن (Ariel Aharon) لە گۆڕپانی ئۆرشەلیمدا کردی، یا ڕێڕۆیشتنی ڕێکخستنی پرتەقاڵی لە لەندەندێری، یا خۆپیشاندانەکانی شیعە لە مەککە لەو دەمەی خومەینی داوای بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵی شوێنە پیرۆزەکانی دەکرد... ڕوونترین توندوتیژی دژ بە ئەوی دی، کردەی پاکتاوکارییە؛ هەروەکو هێندێک کردەوەی کوشتنی نیمچە خێڵەکی کە لە ئێرلەندای باکوور دەرهەق بەکەسانی بێ ناسنامە ئەنجام دەدرێ (لەخاچدان، کوشتنی خێزانە تێکەڵەکان بە منداڵانیشەوە)، یا کوشتنی بەکۆمەڵی گوندنیشینەکان، یا کوشتنی منداڵە بچووکەکان لەبەر ئەوەی دەچوون بۆ قوتابخانە، چونکە گوێیان بەفەتواکەی

گرووپی ئیسلامی چەکدار (GIA)ی جەزائیر نەدا کە ڕێی پێ نەدەدان بچنە قوتابخانە. خەباتگێڕانی ناسنامەی مەسیحی کوشتنی ئەو پزیشکانەی نەشتەرگەری لەباربردن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکەن، بە "کوشتنی بکوژی منداڵان" پاساو دەداتەوە.

ئامانجی توندوتیژی ئایینی سیمبولییە، نەک جەنگیی. پاشخانی ئەخلاقی گرەوی کردەی تیرۆریستانە پێکدەهێنێت، بۆ ئەوەی باڵابوونی ڕۆحی جەنگاوەرەکان و باڵایی دەروونییان لە ڕێی تۆقاندنی نەیارەکەوە بسەلمێنێت. کردەی تیرۆریستی لەڕێی بە سووک تەماشاکردنی تەواوەتی جۆری قوربانییەکان، بوونی ئەوی دی ڕەتدەکاتەوە، هەروەها ئامانج لێی سەلماندنی باڵایی تیکۆشەر - جەنگاوەرە بەوەی تیرۆریست دەکات بە شەهیدێکی پاڵەوان[١٢٤]، لە کۆتاییشدا، دووپاتکردنەوەی حەقیقەتی ئیمانە لە ڕێی بەڵێنپێدانی بە بەهەشت. گەشەکردنی بەردەوامی دیاردەی هێرشی خۆکوژی، نموونەیەکی حاشاهەڵنەگرە، لە ساڵی ١٩٨٢ەوە، مێژووی پەیدابوونی دیاردەکە تا نیسان/ ئەیپرلی ٢٠٠٠، ٢٧٥ حاڵەت ئامار کراوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە تا ٢٠٠٣، بە ئەگەرێکی زۆر ٢٦٧ حاڵەت هەبووە. جەنگی عێراق و ئەفغانستان و پاشهاتەکانی لە پاکستان و ئەوروپا ژمارەی جەنگەکانی زیاتر کرد. توندوتیژی بە تۆماری ئەو شەهیدە جەنگاوەرانەدا تێپەردەبێت کە قوربانیان بە ژیانی خۆیان داوە (ئیتۆمۆلۆجی وشەی "sacrifies") (قوربانیان) لە لاتینییەوە "sacer facere" (پیرۆزی کرد) وەرگیراوە). بواری جیاکاری لە نێوان مەدەنی و سەربازیدا نییە، چونکە مانای وایە هەر بەهایەکی مرۆیی دوژمن یا قوربانییەکان ڕەتبکەینەوە. هێرشی خۆکوژی هەر تایبەت نییە بە ئیسلامییەکانەوە، چونکە بەورەکانی تامیل کردیانە ستراتیجییەتی جەنگ دژ بە هێزەکانی سریلانکا!

شەهید بابەتی پەرستنە، ئەوەش دواجار حکومەتی تەل ئەبیبی ناچار کرد سرووتی پەرستن لەسەر گۆڕی باروخ گۆڵدشتاین قەدەغە بکات. تیرۆری ئەو دونیایی (ئیسکاتۆلۆجی - eschatology) جەماوەری، بە پێچەوانەی تیرۆری سیاسییەوە پێویستە ڕاشکاویی خەسڵەتی سەرەکیی بێت تا بەشێک لە ڕای

124- P.conesa, “Aux origins des attentata-suicides,” Le Monde diplomatique (juin 2004).

گشتی بەلای خۆیدا ڕاکێشێت. مۆرکی سیمبولی کردەی تیرۆریستی بەشێوەیەک لە شێوەکان تەقلیدی "سرووتی ئایینی"[١٢٥] دەکات. بینای ئۆکلاهۆما سیتی لە ١٩ی نیسان/ ئەپیرڵی ١٩٩٥دا، خزمەتگوزاری ئیداری فیدراڵی تێدا بوو، بە شێوەیەکی تایبەتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، هەروەها دایەنگە و نووسینگەشی تێدابوو.

ئایندەیەکی گەش

هەڵکشانی ڕەوتە ئایینییە توندڕەوەکان لە هێندێک وڵاتی فرە ئایینیدا، بووتە پێدراوێکی سەرەکی ژیانی نێودەوڵەتی: لوبنان، یۆگسلاڤیا، هیند، نەیجیریا، کامیرۆن، سودان، ساحل ئەلعاج، سریلانکا، ئیندونیسیا و فیلیپین، چەوسانەوەی بەهاییەکان لە ئێران، وڵاتانی قەوقاز... هەروەها گرووپی یەکتاپەرستەکانیش ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە: سوونە و شیعە لە پاکستان وشانشینی عەرەبی سعودی و عێراق، کاسۆلیک و پرۆتستانت لە ئێرلەندای باکوور. پێویستە ململانێ ئایینییە توندوتیژە ناوخۆیەکەش، سەرباری ئەم دیاردەیەی سەرجەم وڵاتانی عەرەبی – ئیسلامی بکرێ: سوریا، شانشینی عەرەبی سعودی، جەزائیر، تونس، مەغریب، میسر، تورکیا و ئەفغانستان... ململانێی ئایینی، بەو فۆرمانەی پێشتر باسیان لێوەکراوە، یەکێک لە مەترسییە جیدییەکانی جیهانی ئەمرۆ پێکدەهێنێت. دەشێت تیرۆری ئایینی زیاتر ئامادەیی تێدا بێت بۆ ئەوەی چەکی نائاسایی بەکاربهێنێت. گرووپی ئۆم یەکەم هێرشی بە غازی سارین لە میترۆی تۆکیۆ بەکارهێنا بۆ ئەوەی هاتنی "ڕۆژی زیندووبوونەوە" خێراتر بکات. قەیرانی ئێرلەندای باکوور، درێژترین قەیرانی نێو یەکێتی ئەوروپایە کە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە تا ئێستا کاسۆلیک و پرۆتستانت ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە، واتە ماوەی نزیکەی چل ساڵە. پەیماننامەی ئاشتی کەمێک هیوابەخش دەبێت. ئەمەش وامان لێدەکات تەنیا بیر لە جەنگە ئایینییەکانی ئەوانی نەکەینەوە.

وڵاتە دیموکراسییەکان ڕووبەڕووی ناکۆکییەکی گەورەی سیاسی دەبنەوە، بەوەی بەهۆکاری پەیوەست بە ئازادی ئایینی، مافی پەنابەرێتی سیاسی بەو بانگخوازە توندڕەوانە دەدەن کە گوتاری ڕقوکینە بڵاودەکەنەوە. هەر یەک لە

125– juegensmeyer, Au nom de Dieu ils tuent: chretiens, juifs ou musulmans ils revendiquent la violence, p. 123.

ئەبو قەتادە و ئەبو حەمزە کە دوو کەسایەتی ناوداری لەندنستان-ن، مافی پەنابەری سیاسییان لە بریتانیا بەدەستهێناوە. ئەردەن لەلای خۆیەوە داوای ڕادەستکردنی یەکەمی کردووە لەبەر ئەو کردە تیرۆریستانەی ئەنجامی داوە. دووەمیش لەلایەن یەمەنەوە داواکراوە لەبەر ئەوەی چل گەشتیاری کوشتووە. ئەگەر دەربکرانایە ڕووبەڕووی لە سێدارەدان دەبوونەوە، بۆیە ڕادەست نەکران. داشۆرینە توندوتیژەکانی هەموو ڕۆژانی یەکشەممەیان لە هاید پارک دا دژ بە دیموکراسییەت بوو، ئەو وتانەش وەک مافی ئازادی دەربڕین دادەنرا تا ئەو کاتەی هێرەشەکانی لەندەن لە ٧ی حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠٠٧ ڕوویدا کە گەنجێکی موسڵمان لە نەوەی دووەم ئەنجامی دا، ئەوەی وەبیر بریتانییەکان هێنایەوە کە ئازادی ئایینی پرەنسیپێک نییە دابەزی بێت، بۆیە دەرکران. دادگای بریتانیا ڕەفتارێکی چاکی نواند، سەبارەت بە پرسی ڕاشی ڕامدا (Rashi Ramda)، ئەو کەسەی دادگای فرەنسا گومانی ئەوەی لەسەر هەبوو ڕێکخەری شەپۆلی ئەو هێرشانە بووە کە ساڵی ١٩٩٥ فرەنسای هەژاند. سەرباری ئەوەی سێ داواکارییەکەی فرەنسا دە ساڵی خایاند، بۆ ئەوەی دادگای لەندەن حوکمی ڕادەستکردن بدات، چونکە پاساوی ڕەتکردنەوەی ئەمەی دوایی ئەوە بوو کە لە بنکەکانی پۆلیسی پاریس "ڕووبەڕووی ئەشکەنجەدان دەبێتەوە". دواجار لە کۆتایی ٢٠٠٥دا بڕیاری ڕادەستکردنی درا. پێویستە ئەوەش بوترێ لەو ماوەیەدا دوو هێرش کرایە سەر لەندەن کە ٥٦ کوژرا و ٧٠٠ بریندایان لێکەوتەوە.

سەرلەبەری جیهانی عەرەبی - ئیسلامی دەستوەردانی سەربازی خۆرئاوا کە حکومەتی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و بە تایبەتی لە عێراقدا ئەنجامی دا، بە دەستدرێژییەکی ئایینی گەورە دادەنێن، ئەمە لە کاتێکدا خودی حکومەتەکانی خۆرئاوا نەیانتوانی نیشتەجێکردنی جوولەکە لە ناوچە داگیرکراوەکان ڕابگرن. لە حاڵەتی یەکەمدا هێرش و پەلاماری سەربازی دەبینرێ، لەوی دی گوتار. هیچ موژدەهێنێکی ڕادیکاڵی ئایینی لەکن موسڵمانە گەنجەکان نابینین کە لە "بلۆکی ئیمان" لەلای ڕادیکاڵەکانی جوولەکە و ئینجیلییە نوێیەکانی ئەمەریکا باشتر بێت.

هەڵکشانی ئیسلامیزم، دیبلۆماسییەتی وڵاتە خۆرئاواییەکانی ناچار کرد بەرگری لە سەرۆکە هەتاهەتاییەکان، یا پادشا تەقلیدییەکان بکەن و تا ئاستی قبووڵ نەکردن پاڵپشتیان بکەن. نازانین بەهاری عەرەبی لە زستانی ٢٠١٠ و

خۆبەنێوداخستنی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی لە لیبیا، چی لێ سەوز دەبێت: ئایا دیموکراسی فرەیی، یا سەرکەوتنی ئیسلامییەکان؟ ئایا ڕێز لە دەرئەنجامی سنوقەکانی دەنگدان دەگیرێت؟

تابووی ئایینی ئامرازێکە بۆ ئاشکراکردنی دوژمنی ناوخۆ

لەبەر ئەوەی داهێنانی ڕەوتە فێندەمێنتالیستە ئایینییەکان لەبارەی سەرکوتنەکردنی شەڕەنگێزی هیچ سنوورێکی نییە، بۆیە زەحمەتە سیفەتێک بدەینە پاڵ هیچ یەکێکیان، ئەوەش هانمان دەدا هەڵبژاردەیان پێشکەش بکەین.

لەبەر ئەوەی تاڵیبان ڕاستگۆترین پاڵێوراوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی ڕەها بەدیبهێنێت، بۆیە پێویستە هێندێک لە تابووکانیان وەبیربهێنینەوە کە ڕێگەیان پێدەدا پراکتیزەی سەرکووتکردن بکەن.

بڕیاری ئیدارەی گشتی بۆ فەرمانکردن بە چاکەکاری و قەدەغەکردنی خراپەکاری (پۆلیسی ئایینی، کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٩٦، ئەحمەد ڕەشید لە کتێبی سێبەری تاڵیبان دا باسی کردووە)[١٢٦].

نابێت پیاو ڕیش بتاشێت (زیندانی دەکرێت تا ڕیشی دێتەوە)، هەروەها کۆتربازی و دروستکردنی کۆلارە قەدەغەیە.

پێویستە وێنە و پۆرترێتەکان لە ناو ئۆتۆمۆبێل و کۆگان و ئۆتێلەکاندا لابرێن (بۆ لەنێوبردنی پتەکان).

شێوازی قژ چاککردنی ئینگلیزی، یا ئەمەریکی و تەپڵی خۆرئاوایی (درامز)، بەشێوەیەکی گشتی میوزیک (کە لە نوێژ دوورت دەخاتەوە) قەدەغەیە.

لە کۆتاییدا، دەبێت هاندەر لە یاریگەکاندا لە ڕێی هوتافدانی "الله أکبر"ەوە هانی تیپەکان بدات.

دوژمنی یەکەم و دوژمنی دووەم: سەرنجڕاکێشترین ڕەوت لەلای ئینجیلییە تازەکانی ئەمەریکا، ڕەوتی مەسیحییە زایۆنەکانە، ئەوانەی پێیان دەوترێت گیانگەراکان (revivalistes) کە بە خراپترین شێوەی وێنا کردن پرۆژەی کۆلۆنیالی و ئیرادەی سەپاندنی یاسای ئایینیان بەسەر کۆمەڵگەدا پێکەوە کۆکردۆتەوە. پرۆژە سەرەکییەکەی بریتییە لە لکاندنی خاک و ڕاگواستنی (transfert) فەلەستینییەکان.

126- Ahmed Rashid, L'ombre des Talibans (Paris: Autrement, 2001).

سەبارەت بەم ڕەوتە بناژۆخوازە کە دەیەوێت ببێتە میراتگری کۆلۆنیالیستە ئەمەریکییە یەکەمینەکان، پەڕینەوەی ئەتڵەسی لە پەڕینەوەی دەریای سوور دەچێت، داگیرکردنی وڵات لەسەر حیسابی هیندییە سوورە ئەمەریکییەکان (Amerindiens)، سەرلەنوێ داگیرکارییەکانی یەشوع بن نون (Josue) بەرهەمدەهێنێتەوە. ئەو بناژۆخوازانە دژەسامین و لەو باوەڕەدان عەرەب بەرجەستەی شەڕەنگێزی، ئەرمەجدۆن (armageddon) دەکات، کەواتە پێویستە لە ئیسرائیل دەربکرێن. سەبارەت بەم ڕەوتە هەزارەییە (millenariste) کە بڕوای بە کۆتاییهاتنی زەمەنەکانە، دەبی جوولەکە بۆدواجار ئیمانی دروست هەڵبژێرن، ئەگینا لەنێودەچن. هەر لەبەر ئەوەیە دەبینین هێندێک لە مایەدانانی ئۆردوگا سەرەکییە ئایینییەکان لە کەناری خۆرئاوا، دژە جووڵەکەن.

جوولەکە توندڕەوەکان، لە ئۆردوگاکانی کەناری خۆرئاوادا لەسەر تابووکان کێبەرکێ لەگەڵ هاوکارەکانیان دەکەن. دوا داهێنانیان، خۆپێشاندان بوو دژ بە بڕیاری دادگای باڵا بەوەی لە فێرگەیەکی ئایینی لە ئۆردوگای عەمانۆئیلی جوولەکەنشین لە کەناری خۆرئاوای داگیرکراودا، جیاکاری لە نێوان منداڵانی ئەشکەناز و سەفاردیم نەدەکرد. دانیشتوانی ئەشکەناز (بنەچەیان لە ئەوروپای نێوەند و خۆرهەڵاتە) ڕەتیانکردەوە کوڕەکانیان لەگەڵ کچانی سەفاردیم (لە بنەچەی خۆرهەڵاتین) بچنە پۆلێکەوە، بۆیە کچەکانیان لە فێرگەکە دەرکرد.

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی دوازدەهەم
دوژمنی چەمکئامێز

جیهان تەنیا یەک نموونەی لەسەر دیبلۆماسییەتی تاکلایەنە هەیە کە ئەویش ماوەی سەرۆکایەتی جۆرج بوشی کوڕە لە ساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٨. تاکڕەوی ئەمەریکا کردەی نێودەوڵەتیی هێزێکە لەسەر ئاستی جیهاندا وێنەی نییە کە وەک جۆرێک لە جۆرەکانی "تایبەتمەندی پیرۆز"، یا "مەسیحیزمی دیموکراسی ڕادیکاڵی"[١٢٧] پاساو بۆ جیاکاری دەهێنێتەوە. تاکلایەنەیی دوژمنی چەمکئامێزانە[١٢٨] (وێناکراو)ی داهێنا کە ڕێک بە ئەندازەی خۆیەتی.

ناسیونالیزمی پیرۆز کردن

مۆرکی سیاسیی ئایینی فۆرمی پەیامێکی موژدەبەخشانە بۆ ناسیونالیزمی ئەمەریکی سەربار دەکات. لە ساڵی ١٩٩٧ەوە پڕۆژەی سەدەی نوێی ئەمەریکی کە بووە بە تەوراتی ئەو نیوکۆنسێرڤاتیڤانەی لەگەڵ جۆرج بوشی کوڕ بە دەسەڵات گەیشتن، پرەنسیپێکی سەرەکییان بۆ سەدەی بیست و یەک دانا، بەوەی سەرکردایەتی ئەمەریکا بۆ جیهان کارێکی سوودبەخش دەبێت. هەروەها ئەو تەقلیدەی ئەمەریکا هەڵاوێرد دەکات، ویلایەتە یەکگرتووەکانی لە دەرەوەی چوارچێوەی شیکارییەکان دانا و کردی بەو تاکە هێزەی کە دەتوانێت خێر و شەڕ و دادمەند و نادادمەند وەسف بکات. ڕیچارد هاس (Richard Haass)، بەڕێوەبەری توێژینەوە لە دامەزراوەی برۆکینگز (Brookings Institution)و ڕاوێژکاری تایبەتی سەرۆک جۆرج بوشی باوک، لە کتێبی شەریفە (پۆلیس) بە بێ خواستی خۆی (The Reluctant Sheriff) پێشنیازی کرد ئەمەریکا ببێتە شەریفی (پۆلیسی) جیهان و جەنگی کەنداویش ئارگیومێنتەکەی بوو، تا ببێتە ئەو مۆدێلەی پێویستە چاوی لێ بکرێت. بە بۆچوونی ئەو، واشنتن تەنیا بە کردار

---

[١٢٧] – بەپێی گوزارەی گینیستۆ (Gnesotto) لە: N. Gunesotto, “Europe et Etats-Unis – Vision du monde, visions de l’autre,” Institut d’etudes de securite (Mars 2004).

[١٢٨] – جەوهەری ئەو شیکردنەوانەی لێرەدا باسکراون، لەم سەرچاوەوە بەدەست هاتوون: p. Conesa . Les Mecaniques du chaos: Bushisme, terrorisme et proliferation, Monde enc ours (La Tour-d’aigues; ed. De l’Aube, 2007).

دەست پێدەکات، کاتێک پێویست دەکات هێرشی ئاسمانی بکاتە سەر هێزە یاخییەکان، یا "وڵاتە بێزراوەکان"، بە وتەی ئەو، بە مانایەکی دیکە، بوونی ناوچەگەلێک، یا ئەو گرووپانەی سیستمە سەپێنراوەکە پەسەند ناکەن، ئیدی شەریف لەشکرێک، یا کەتیبەیەک لە "وڵاتە خۆبەخشەکان" کۆدەکاتەوە، هەروەکو لە فیلمە کاوبۆیەکاندا دەیبینین، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ سیستمەکە جێگیر بکاتەوە. لە چوارچێوەی ئەم وێناکردنەدا کە سازانێکی بەرفراوانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لەسەر هەیە - دامەزراوەی برۆکینگز "ئاراستەیەکی میانەیی" هەیە - سیاسەتی دەرەوە بۆ کۆکردنەوەی میلیشیای نێودەوڵەتی چەکدار کورت دەبێتەوە.

ڕۆناڵد ڕیگان (Ronald Reagan)، پێشینە گەورەکە، لە ١٦ی ئازار/ مارسی ١٩٨٣دا، لەبەردەم کۆمەڵەی قەشە ئینجیلییەکاندا، یەکێتی سۆڤێتی بە "ئیمپراتۆرییەتی خراپەکار" وەسف کرد، زۆر بە سادەیی ڕایگەیاند "شێوازی ژیانی ئەمەریکی سازشی لەسەر ناکرێ"[١٢٩]. هەروەها وتەبێژی جۆرج بوشی کور، لەسەر ڕەتکردنەوەی پڕۆتۆکۆڵی کیۆتۆ (Kyoto) ڕایگەیاند: "زۆر بەکارهێنانی وزە، بەشێکە لە شێوازی ژیانمان، شێوازی ژیانی ئەمەریکییەکانیش پیرۆزە!"، ئیدی بەوجۆرە بیروباوەڕی سیاسی پەنا بۆ وشە نیمچە ئایینییەکان دەبات. هێندێک لەنیوئینجلییەکان، هێرشەکانی یازدەی ئەیلول/ سەمپتەمبەر، وەک ئاماژەیەکی ئاسمانی شیدەکەنەوە کە بانگەواز بۆ فیدیەی ڕزگاری دەکات، فرانکلین گراهام (Franklin Graham)، ئینجلییە ناودارەکە دەڵێت: "لێرەدا کارەکە پەیوەستە بە ئاگادار کردنەوە، چونکە مەتریاڵ بووە بە خوداوەندی ئەمەریکییەکان. خودا ڕێگەی ڕوودانی هەموو شتێکی داوە، هەروەکو چۆن ڕێگەی بە بابلییەکانیش دا... هەروەها ڕێگەی بە ڕوودانی هۆلۆکۆست دا، بۆ ئەوەی ئیسرائیل لە خۆڵەمێشەکەیەوە بۆ ژیان بگەڕێتەوە". ئیدی بەوجۆرە، تۆماس فریدمان (Thomas Friedman)، کە ئەو هەستە تایبەتەی لە نائاگاییدا هەڵگرتووە، لە ستوونی ئینتەرناشناڵ هیراڵد تریبون (International Herald Tribune)دا، دەڵێت: "ئەمەریکییەکان لە دوای یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەرەوە دەپرسن:

---

[١٢٩] – ڕێک وەک ئەو ئیسلامیە ڕادیکاڵانەی خودی بیرۆکەی چارەسەر کردن دەربارەی شێوازی ژیانکردنی "ئیسلامی"، یا خۆگونجاندنی ئایین لەگەڵ مۆدێرنە بەدوور دەگرن.

بۆچی ڕقیان لێمان دەبێتەوە؟، لێرەدا مەبەستەکە جیهانی ئیسلامییە. پرسیارەکە لە دوای جەنگی عێراق بووە: "بۆچی هەموو جیهان ڕقی لێمانە؟"[١٣٠]، بەوەش گفتوگۆ لەسەر زەمینەسازی سۆزداری دەکەن، نەک لەسەر زەمینەسازی سیاسەت. بە زاراوەی ئەخلاقی وەڵامەکەی درایەوە: "لەبەر ئەوەی ئێمە خێرین و ئەوانیش شەڕ". کەواتە دیبلۆماسییەتی ئەمەریکی فۆکس دەخاتە سەر کۆدەنگییەک کە تێیدا پرەنسیپی یەکەم لەسەر دەستنەبردن بۆ بەها خۆرئاواییەکان و گشتگیرییەکەی بونیاد دەنرێت، لەگەڵ پەراوێزخستنی هەموو ڕێژییەکی کولتوری و باوەڕهێنان بەو ئەرکەی دەبێ بەجێبهێنرێت، گەر لەڕێی بەکارهێنانی هێزیشەوە بێت[١٣١]. هیتلەر کۆنترۆڵی ڕایخی بە هەزار ساڵ دەبینی، ئەمە لە کاتێکدا وولفۆڤیتز – زیاتر خاکی بوو – بە دوو نەوە دیاری کرد.

هێدمەی زەلیل کردن و هەستکردن بە لەدەستدانی دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکان، فاکتەرەکانی مۆبێلیزەی بزوتنەوە سیاسییە ئایینیە نیوکۆنسێرڤاتیڤەکان پێکدەهێنێت. شکستهێنان لە ڤێتنام، شۆڕشی ئیسلامی لە تاران، داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤێتەوە، ڕیسوایی بارمتەکان لە ئێران (١٩٧٩)، بوونی سەربازانی کوبا لە ئەنگۆلا و مۆزەبیق، هەموو ئەوانە بەڵگەیە لەسەر پاشەکشێی ئەمەریکا کە پێویستی بە کاردانەوە هەیە. بزوتنەوەکە لەلایەن ئەو ڕووناکبیرانەوە دەستی پێکرد کە پرۆژەی سەدەی نوێی ئەمەریکایان (PNAC) دارشت بوو.

فیکری ئیمپراتۆری ئیمپریالی

پرفرۆشترین کتێبی ئەمەریکی لە ساڵانی نەوەدەکاندا بریتی بوون لە سامۆئیل هینتنگتۆن و فرانسیس فۆکۆیاما (Francis Fukuyama)، جۆزیف . س . نای . جۆنیۆر (Joseph. S. Nye Junior)، پۆڵ کینیدی (Paul Kennedy)، زبیگنیو بریجنیسکی (Zbigniew Berzezinski)، تۆماس بارنێت (Thomas Barnett) و ڕۆبێرت کاگان (Robert Kagan)، هەموو بەرهەمەکانیشیان ڕوانگە و دیدێکی ململانێیانە لەمەڕ جیهان دەخەنەڕوو. هینتنگتۆن، لە پێکدادانی شارستانییەکاندا، ململانێیەکی حەتمی لە نێوان خۆرئاوا و جیهانی ئیسلامیدا دەبینی. لە شوبات/ فەبرایەری ١٩٩٤دا، ڕۆبێرت د. کاپلان (Robert D. Kaplan) لە (Atlantic

---

[130]– "Why the Rest ot the World hates America?" International Herald Tribune (2 juin 2003).

[131]– Voir l'analyse de: B. Tertrais, La guerre sans fin: L'Amerique dans l'engrenage, La Republique des idees (Paris: Le Seuil, 2004).

(Monthly) توێژینەوەیەکی مشتومڕئامێزی بەناوی "پشێوی داهاتوو" بڵاوکردەوە. گەشەی دانیشتوان و شارنشینی و کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان، حکومەتەکانی باشوور لاواز دەکات و کەشوهەوای ئاژاوە و پشێوی فەراهەم دەکات کە جۆرێکە لە جەنگی بەردەوام و لە هێندێک ناوچەشدا دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر جیهان. بە بۆچوونی ئەو، "ئەفەریقیای خۆرئاوا، بووە بە هێمای قەیرانێکی دیمۆگرافی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی جیهانی، واشدەردەکەوێت پشێوی تاوانکاریانە مەترسییەکی ستراتیجی ڕاستەقینە بێت". پۆڵ براکەن (Paul Bracken)، ساڵی ١٩٩٩، ئاگر لە خۆرهەڵات (Fire in the East)ەی بڵاوکردەوە و تێیدا نەخشەیەکی کێشاوە، بە بۆچوونی خۆی ئەو "قەیرانی شوێن" (crise despace)ە ڕاڤە دەکات کە ململانێکانی ئایندەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو قەیرانەی خۆی لە بڵاوبوونەوەی مەترسی زەرد دا دەنوێنێت. تۆماس بارنێت، پێیوایە، ناوچە ترسناکەکان، ئەو ناوچانەن کە لە دەرەوەی پرۆسەی جیهانگیرین و پێویستە تۆڕی بنکەکانی ئەمەریکا ئەو ناوچانە گەمارۆ بدات.

بەڵام تەختەی شەترەنجە گەورەکەی زبیگنیۆ بریجینسکی[١٣٢] (Le Grand Échiquier) کتێبە دڵخوازەکەی سەرکردە ئەمەریکییەکانە بۆ ئەوەی لە تاکلایەنەی دوای جەنگی سارد بڕوانن. لەو کتێبەدا هاتووە، دوژمن گرنگ نییە، بەڵکو پارێزگاری لە بەرزەفت (کۆنترۆڵکردن) گرنگە: "لەبەر ئەوەی هێزە بێهاوتاکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پاشەکشێی کردووە، کەواتە لەپێشبوون بریتییە لە ئیدارەدانی دەرکەوتنی هێزێکی نوێی جیهانیی کە (دەتوانێت) بەرزەفتی ئەمەریکا ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە" و "ئەورووپا زیاتر پەلی کێشاوە، دەتوانێت گرنگی کاریگەری ئەمەریکا گەشەداری بکات (...). ئەورووپای خۆرئاوا تا ڕادەیەکی زۆر وەک پارێزگەیەکی (محمیە) ئەمەریکی دەمێنێتەوە، وڵاتەکانی بە پاشکۆ و باجدەری ئیمپراتۆرە کۆنەکان وەبیردەهێنێتەوە". بۆیە "ناوچە خۆڵەمێشییەکان" و "دەوڵەتە شکستخواردووەکان" کە لە یاسا قوتاریان نابێت،

132- Zbiniew Brzezinski, Le Grand Echiquier: L’Amerique et le reste du monde, Pluriel, Actuel (Paris: Hachette Litterature, 2004).

مایەی نیگەرانی نین، مەگەر ئەو قەیرانانەی دەیانهەژێنێت، ئاکامی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی ئەمەریکا هەبێت.

بەوپێیەی پشت بە پرەنسیپی دەسەڵاتی فەرماندەیی (Imperium) دەبەسترا، بۆیە گفتوگۆکان زیاتر باس لە شێواز دەکەن تا ئامانج. جۆزێف نای[١٣٣]، زەرورەتی توانای کارتێکردن دووپاتدەکاتەوە، واتە هێزی نەرم، بۆ ئەوەی لە ڕێی ئامرازەکانی نازۆرەملێیانەوە، توانای کارتێکردنی ناڕاستەوخۆی ڕەفتاری یاریکەرێک وەسف بکات. دەتوانرێ لە شێوازەکە تێبگەین، ئەگەر مەودای کۆنترۆڵی نیمچە تەواوی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەسەر ئامرازەکانی هێزی نەرمدا ببینین (بەرهەمهێنانی سینەما و تەلەفزیۆن، نێوەندەکانی بیرکردنەوە.. هتد)!

"جەنگی سەرتاپاگیر و چەمکئامێز" (دژەتیرۆر و بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی) تاکە پارادایمی جیهانیی پێویستە بۆ ئەوەی دووبارە دیاریکردنی دوژمن پێکبهێنێتەوە. دەشێت زلهێزێک خۆی لەو ڕێسا نێودەوڵەتیانە بە دوور بگرێت کە بەسەر ئەوانی دیکەدا جێبەجێ کراوە، بەمەرجێک سیستمی ئاسایشی میراتگری جەنگی سارد، لەڕێی ڕەتکردنەوەی هەموو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، یا زۆربەیان، هەڵبوەشێتەوە. "دەبێ ئاسایشی وڵاتێک ملکەچی هیچ کۆتوبەندێکی دەرەکی نەبێت"، هەروەکو کۆندۆلیزا ڕایس، ڕاوێژکاری سەرۆک بوش بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، زۆربەی کات لە گوتارە فەرمییەکانیدا دووبارەی دەکردەوە. بەتەنیا هێزی باڵادەست کارنامە دیاری دەکات و قەیرانە گرنگەکان هەڵدەبژێرێت و بەپێی دیبلۆماسییەتی جووت ستانداردیش دوژمن دیاری دەکات. تیمەکەی بوش ڕێگەی بە خۆی دا، لە ڕێی پرۆژەی خۆرهەڵاتی گەورەوە، سەرلەنوێ نەخشەی جیهان بکێشێتەوە و ئەرکی گۆڕینی سروشتی ڕژێمە سیاسییەکانی لە ڕێی چەمکی گۆڕینی ڕژێم (regime change)ەوە گرتە ئەستۆ.

دەشێت زلهێزێک بە شێوەیەکی هەڕەمەکی ئەو قەیرانانە دیاری بکات کە زیان بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنێت، ئەوەی بە "ئاسایشی نێودەوڵەتی" دادەنێت. هەر لەسەر ئەو شێوازە، دەکرێ پاکستان وڵاتێکی "باش" بێت بۆ بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، دەوڵەتێکی تیرۆریستی "باش"یش بێت، چونکە وڵاتێکی

---

133 – Joseph S. Nye, Soft Power: the Means to Success in World Politics (Etats-Unis: Public Affairs, 2005).

هاوپەیمانە. ویلایەتە یەکگرتووەکان تاکە خاوەنی ئامرازە سەربازییە گرنگەکانە کە ڕێگەی پێدەدا بە تەنیا کار بکات. ئەو "جیهانەی سوودێکی نییە"[١٣٤]، تەنها شایستەی ئاوڕدانەوەیەکی بژارەییە (انتقائی): بۆ نموونە، مردنی ١٧ سەربازی ئەمەریکی پاساوێک نەبوو بۆ ئەوەی دەستوەردان لە سۆماڵ بکات، پاشان دوای چەند ساڵێک هیچ سەربازێکی ئەمەریکی لەوێ نەبوو تا لە ڕواندا ڕێگە لە جینۆساید بگرێت.

کاری زلهێزێکی نێودەوڵەتی مۆرکی خۆپارێزی وەردەگرێت بۆ ئەوەی چارەسەرێکی جیهانی[١٣٥] بۆ چەکی تیرۆر و گرووپە تیرۆریستییەکان و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان بدۆزێتەوە. بەڵام ئەوە چارەسەری ماکەکانی نەخۆشییەکەیە؛ شەڕ لە دژی تیرۆر، یا بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، کارێکی گەمژانەیە، وەکئەوەی لە کاتی دووەم جەنگی جیهانیدا بڕیارمان دابێت تەنها پەلاماری ژێرئاوەکان بدەین". لیستە دوورودرێژەکەی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکی کە ٨٥ گرووپی تیرۆریستی لە خۆگرتبوو، کردەی چارەسەرێکی بنبڕانە ڕووندەکاتەوە کە واشنتن دەیەوێت ئەنجامی بدات.

پەنابردنە بەر هێز

لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ماڵوێرانی شەڕی لەسەر خاکەکەی نەبینیووە، بۆیە بیرکردنەوەیەکی بۆ بەکارهێنانی سوپا هەیە کە جیاوازە لەو بیرکردنەوەیەی ئەورووپا لەو بارەیەوە هەیەتی. ڕاپۆرتی (Rebuilding Americas Defenses) "بیناکردنەوەی بەرگرییەکانی ئەمەریکا" کە ئەندامانی پڕۆژەی سەدەی نوێی ئەمەریکا (PNAC) بەر لە یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەر، دایانڕشتبوو، پرەنسیپەکانی شەرعییەتی جەنگی زووهاتنەدەست (guerre

134- P. Conesa, “Une geographie du monde inutile,” Le Monde diplomatique (mars 2001).

١٣٥ - لە زەمەنی پڕ لە دڵەڕاوکێی دوای یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەردا، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی جیهان، بە دوای خانە تیرۆریستەکاندا دەگەڕا، شرۆڤەکارێک لە هەواڵگری نێوەندی ئەمەریکی (CIA) بەنهێنی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند کە ساحل ئەلعاج ڕووبەڕووی پەتای تیرۆر بۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەبیدجان (Abidjan)و ئازەربیجان (Azerbidjan)ی تێکەڵ دەکرد، ئەمەش حەکایەتێکی ڕاستەقینەیە.

preemptive) و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و مینی بۆمبی ئەتۆمی داناوە. بە ڕای ئەوان، دەشێت هێزی باڵادەست "بە شێوەیەکی شەرعی جەنگی پێشدەستی هەڵگیرسێنێت، ئەمە ئەگەر بیناکەری تایبەت بە پرۆسەی دروستکردنی دوژمن بڕیاری ئەوەی دابێت کە مەترسییەکە لە ئانوساتدایە". هیچ وڵاتێکی دیکە نەیدەتوانی جاڕی بیرۆکەیەکی لەوشێوەیە بدات، بێئەوەی ڕووبەڕووی زریانێک لە ناڕەزایەتی نێودەوڵەتی نەبێتەوە. ئەو بیرکردنەوەیە پاساوی بۆ داگیرکاری عێراق دەهێنایەوە کە نیوەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پشتگیریان لێکرد.

مەترسییە نزیکەکە پشت بە هەڵسەنگاندنی زلهێزەکە دەبەستێت. ئەوەش بابەتی گوتارەکەی کۆڵن پاوەڵ بوو لە شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٣دا کە لەسەر سەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی بە چەند کەمۆڵەیەکی بچووک و وێنەکانی دەکرد بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت سەدام حسێن چەکی کۆکوژی هەیە. ئایا ئەو کەمۆڵانە ماددەی باسیلی (Bacilli) ئەنتراکسی تێدابوو کە لە دوای یازدەی سەپتەمبەرەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بڵاوبووەوە، دواتر زانیمان لە هەواڵدەرێکی سەربازی پەنتاگۆنەوە (وەزارەتی جەنگی ئەمەریکا) سەرچاوەی گرتووە، یا ئەوە ئارد بوو؟

پروپاگەندە برەو بە بەهای جەنگ و ڕەندییەکانی پیاوەتی ئەو ململانێیانە دەدا کە لە سینەمای هۆلیوود و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکاندا بەدیدەکەین و تێیدا سەرباز و سیخور و پۆلیسی ئەمەریکی سەرکەوتن بەدەستدەهێنن، ئەمە لە کاتێکدا بکوژانی کینیدی و لۆتەر کینگ (Luther King) هێشتا بە ئازادی دەسوڕێنەوە و ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا (CIA) سنووری تواناکانی خۆی دەرخستووە و سەربازەکانیش لە عێراق و ئەفغانستاندا تێوەگلاون. ئەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لەو جیهانە دەچێت کە خەونی پێوە دەبینین! تەنها لە ناوخۆی ئەمەریکادا وێنای ئەفسانەی مەزنایەتی مارینزە دێرینەکان و هێرشی دەستوەردانە ئیمپراتۆرییەکان دەکەین. ئایا دەتوانین زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی لەسەر شاشەکانمان بهێنینە بەرچاو کە تایبەتە بە هێزە تایبەتەکانی سۆڤێت (سپیتسناز –Spetsnaz)، واتە تیمە تایبەتەکانی سۆڤێت لە ئەفغانستان یا پەرەشوتوانانی جەنگی جەزائیر؟

پەرچەکرداری ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەوەی قوربانی توانا ڕەهاکەیەتی، بەرامبەر بە ڕووداوەکانی یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەر، زۆر ترسناک بوو، بۆیە لە ماوەی دوو ساڵدا سێ جەنگی هەڵگیرساند، دووانیان دژ بە دوو دەوڵەتبوون

(ئەفغانستان، ساڵی ٢٠٠١ و عێراق، ساڵی ٢٠٠٣)و سێیەمیش دژ بە تیرۆر بوو. ئەوەش یەکێک بوو لەو ئامانجانەی کە ئوسامە بن لادن لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ جەزیرە، لە ٢١ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠١ دا[١٣٦] هەوڵی بۆ دەدا. جۆن پاراچینی (John Parachini) لە پەیمانگەی ماساچۆستس بۆ تەکنەلۆجیا (MIT) ڕاستی وتووە کاتێک دەڵێت: "تاڕادەیەک زۆر ئاسانە بۆردومان بە ڕۆکێتی دوور مەودا بکرێ". یۆرگن هابرماس (Jurgen Habermas)، لە دوای دەستدرێژییەکانی یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەردا بەماوەیەکی کورت لە ٢٠٠١، وشیاری دا لەوەی: "ناتوانرێ سنوورێک بۆ مەترسی دابنرێت. ئەو کارەش دەوڵەتە هەڕەشەلێکراوەکە دەخاتە دۆخێکی قورسەوە، چونکە تەنها هێزێکی ڕێکخراوی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا هەیە بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەو مەترسییە بێسنوورانە بداتەوە، بۆیە ناچار دەکرێت کاردانەوەیەکی توندی هەبێت (...). لەبەر ئەوەی دەشێت دەوڵەت ڕووبەڕووی گاڵتەجاری بێتەوە، گەر مۆرکێکی نەگونجاوی ئامرازەکانی نیشان بدات، ئیدی چ لە ناوخۆ بێت، بەوەی ڕێوشوێنی ئەمنی بەکاربهێنێت - تەنانەت گەر دەوڵەتی یاساش بخاتە مەترسییەوە - یا لە دەرەوە، گەر هێزێکی دەستوەشێنی زۆر گەورە مۆڵ بدات کە وادەربکەوێت لە ساتەوەختێکی نەگونجاو و ناجیدی دا بێت".

دوژمن، نەیار، پێشبڕکێکار

دوژمنەکە نەبینراوە، ئەو تیرۆریستەی کە ڕەتیدەکەینەوە بە دوژمن وەسفی بکەین. لە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینەدا بە هەموو شێوازێک شەڕی دەکرێت: ئەبوغرێب و گوانتانامۆ، ڕفاندنی گومانلێکراوان لەلایەن ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا، زیندانە نهێنییەکانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا لە هێندێک وڵاتی هاوپەیمان و ڕەوایەتیبەخشین بە ئەشکەنجەدان. لە ماوەیەکی کورتدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان گەیشتە کاروانی وڵاتانی جیهان و ئەو وڵاتە دیموکراسیانەی دژایەتی تیرۆرییان دەکرد. پێشێلکارییە جیاوازەکانی مافی مرۆڤ کە ئیدارەی بوش زۆر دزێوانە لێی بەرپرسیارە، ئەو گرەنتییە یاساییانەی لەنێوبرد کە بیانییەکان دەیانتوانی سوودی لێوەربگرن. لە بەرامبەریشدا،

---

[١٣٦] – CNN وەرگێڕانەکەی کردووە و لە ئێستاشدا لە پێگەی Youtube دا بەردەستە.

هاوڵاتییە ئەمەریکییە ویڵ و سەرگەردانەکانی وەک جۆن واڵکەر لیند (John Walker Lindt)ی گەنج، ئەو تاڵیبانە ئەمەریکییەی ساڵی ٢٠٠٢ لە ئەفغانستان دەستگیر کرا، سوودی لەو مافە وەرگرت بۆ ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دادگایی بکرێت. تاکە خەمی یاسایی ئیدارەی کۆمارییەکان، پاساوهێنانەوەی یاسایی ئەو مامەڵە جیاوازە بوو کە لە نێوان هاوڵاتیانی ئەمەریکی و بیانییەکاندا دەکرا.

واوەتر لە دوژمن، ستراتیجییەتی گشتی وادەخوازێت ڕێگە لە دەرکەوتنی هەموو پێشبڕکێکارێک بگرێت، ئیدی هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەو گوتاری تومەتبارکردنە سەرچاوە دەگرێ کە نیۆکۆنسێرڤاتیڤەکان ئاراستەی چین و ڕوسیای دەکەن. هێندێک جار چۆنێتی جیاکاری کردن لە نێوان دوژمن، نەیار و پێشبڕکێکاردا زۆر زەحمەت دەبێت. هاوپەیمانە سەربازییە تەقلیدییەکانی وەک فرەنسا یا بریتانیا، ڕکابەری بازرگانین و پاساو دەهێنرێتەوە بۆ ئەوەی ئامرازی هەواڵگری تۆڕی ئێشلۆن لە بەرامبەریان بەکاربهێنرێ، مادامەکی کارەکە پەیوەندی بە "جەنگی" ئابورییەوە هەیە. هاوپەیمانان ئەوانەی بیروبۆچوونێکی جیاوازیان هەیە، زۆر بە ناشیرینی دوور دەخەنەوە، تەنانەت پەنا بۆ هەڵمەتی سوکایەتی پێکردنیش دەبەن. کتێبەکەی دایڤید فروم (David Frum) و ریچارد پێرڵ (Richard Perl)، کۆتاییەک بۆ شەڕەنگێزی (An End to Evil)، شرۆڤەی ئەوە دەکات، بۆچی دەبێ وەک دوژمن سەیری فرەنسا و سعودیە بکرێت. ڕقلێبوونەوی فرەنسییەکان (French Bashing) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (٢٠٠٣)، کاتێک تەشەنەی سەند کە پاریس بە هاوکاری بەرلین، مۆسکۆ و پەکین، لە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەتیان کردەوە ڕەزامەندی لەسەر داگیرکردنی عێراق دەربڕن. کۆندی ڕایس ڕایگەیاند: " بەرامبەر بەو هەڵویستە لاسارەیان، سزای فرەنسا دەدەین، ئەڵمانیا پشتگوێ دەخەین، لە ڕوسیاش دەبورین". دۆناڵد ڕامسفیلد (Donald Rumsfeld) پاریس و بەرلینی بە "ئەوروپای کۆن" و زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەلاتی بە "ئەوروپای مۆدێرن" وەسف کرد کە پشتگیریان لە هەڵوێستی ئەمەریکا دەکرد. بەڵام جۆن ماکین (John MacCain)، پاڵێوراوی داهاتوو بۆ سەرۆکایەتی لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ١٤ی شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٣دا، وشەی سێکسی (Sexism) (دەمارگیری لەسەر بنەمای سێکس) هەڵبژارد: "فرەنسا لە ئەکتەرێکی کۆنی تەمەن چل ساڵەیی

دەچێت کە هەمیشە هەوڵ دەدا بەهۆی ڕوخسارییەوە بانگهێشتی شێوان بکرێت، بەڵام ڕوخساری ئەو بانگهێشتکردنەی نەدەهێنا!". ئەمە جگە لەو هەڵوێستانەی کە گەورە بەرپرسانی ئەمەریکی گرتیانەبەر. ئیدی بەوجۆرە دەشێت شەپۆلێک لە هێستیریای بەکۆمەڵ تەنانەت دیموکراسییە گەورەکانیش بگریتەوە. نموونەیەکی مێژوویی بۆ هیچ زلهێزێک نییە لە مۆدێلی ئێستای ئەمەریکا بچێت، جگە لە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی کە لە ڕێی مۆدێلێکی کولتوری ئاوێتەکاری جیاوازییەکان و لە ڕێی سوپاکەیەوە حوکمڕانی دەکرد و بە سنوورە دوورەکانی دەرەوەی ئیمپراتۆرەکەی، سنوورەکەی دژ بە بەربەرییەکان دەپاراست.

پێویستە لەسەر ئەوروپییەکان خۆیان بیر لە ئاسایشی خۆیان و ئاسایشی دیموکراسییەکەیان بکەنەوە: پەیوەندیی لەگەڵ ڕوسیا و چین، بیناکردنی ئاسایشێکی فرەجەمسەر و وردبوونەوە لە ئەندێشەکردنی ستراتیجی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی... بەوپێیەی بە تەواوەتی ملکەچی چاودێری ئەمەریکان و لە حاڵی حازردا تەنها بەدوای ئامرازگەلێکدا دەگەڕێن کە پەیوەندییان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پتەو دەکات. سەرەک وەزیرانی فەرەنسا، ئیداورد بالادۆر (Edouard Balladur) لە کتێبی لە پێناوی یەکێتی خۆرئاوا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان (Pour une occidentale entre l Europe et les Etats-unis)دا، "بلۆکی دیموکراسییەکان" بەبێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەکی ناوی ژاپۆن، ئوستوڕالیا، کۆریا و هیند، بهێنێت، بە تایبەتی لێرەدا گوێڕایەڵییەکی کوێرانە بۆ واشنتن دەسەلمێنێت کە تا ئێستاش زۆرێک لە دەستەبژێرە ئاستبەرزەکان پراکتیزەی دەکەن. داینەمیکی سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا، لەڕێی بزوتنەوەی حیزبی چای (tea party Movement)یەوە، وامانلێدەکات بیر بکەینەوە کە تاک جەمسەری بە تەواوەتی لەگەڵ جۆرج بوشی کوڕ دا کپ نەبۆتەوە، کەواتە ئەوروپییەکان چی دەکەن؟

دایڤید فروم (David Frum):

ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ

دایڤید فروم لە ساڵی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٢ فەرمانبەر بوو لە ئیدارەی ئەمەریکا، یەکێکە لەوانەی گوتارەکانی جۆرج بوشی کوڕی دەربارەی "بلۆکی شەڕەنگیزی" دەنووسی، نووسەری وتاری دابڕانێکی مسۆگەری دوولایەنە (La Rupture mutuellement assure)یە کە لە ١٠ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦، لە نیویۆرک تایمز دا بڵاوبووەوە، لێرەدا بڕگەیەکی لێ بڵاودەکەینەوە. ئامانجەکەش ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ نەدرێ...

"ئەزموونی ئەتۆمی کۆریا (...) شکستی تراجیدی دوازە ساڵەی دیبلۆماسییەتی ئەمەریکای دەرخست. کارێکی زەرورییە پشت بە شێوازێکی نوێ ببەسترێت و دەبێ ئەمەریکاش سێ ئامانج بۆ خۆی دابنێت.

یەکەم، بەرزکردنەوەی ڕاستەوخۆی ئاستی ئاسایشی هاوپەیمانە هەڕەشەلێکراوەکان (...). دووەم، هەژمارکردنێکی دروستی ئەو بەهایەی کە پێویستە کۆریای باکوور بەخاتری بەرنامە ئەتۆمییەکەی بیدات، دەشبێ بەهاکە ئەوەندە قورس بێت کە ڕێ لە ئێران و ڕژێمە چەوتەکانی دی بگرێت کارێکی لەوشێوەیە ئەنجام بدەن (...). بەڵام ئامانجی سێیەم، سزادانی چینە، چونکە بەبێ هاوکارییەکانی، بیونگ یانگ بەهۆی کەمی خۆراک و وزەوە، نەیدەتوانی بەرنامەکەی جێبەجێ بکات. وادیارە بەیجین سوود لەو ناسەقامگیرییە دەبینێت کە هۆکارەکەی کۆریای باکوورە. ئەگەر لە توانای چین دا بێت بەخۆرایی ڕەفتارێکی لەوجۆرە بکات، ئەوا چ شتێک ڕێگە لە مۆسکۆ دەگرێت لە ئایندەدا یارمەتی ئێران و پاکستان و یارمەتی ئەتۆمی عەرەبی سعودی یا میسر نەدات؟ (...)، ویلایەتە یەکگرتووەکان چوار وەڵامی خێرایان هەیە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکەی بگات.

١ - بەر لە هەموو شتێک، بەردەوامبوون لە بەرنامەی بەرگری دژەمووشەکی کە پێویست ناکات بە تەواوەتی چالاک بێت، بۆ ئەوەی ژیان بەهۆی وڵاتێکی شەڕەنگێز و لاوازی وەک کۆریای باکوورەوە ئاڵۆزتر بێت. دەشێت بە جێگیرکردنی سیستمی دژەمووشەکی چالاک و کاریگەر بەو ئامانجە بگەیت، ئەوەش سزادانی ڕاستەوخۆی چینە، بەجۆرێک کاریگەری مووشەکەکانی بەرەو داخوران بچێت کە بۆ فشار خستنەسەر تایوان بەکارهێنراون.

٢ – دانانی سنوورێک بۆ هاوکارییە مرۆییەکان و قەناعەت بە کۆریای باشووریش بهێنرێت هەمان ڕێوشوێن بگرێتەبەر (...)، ئەوەش بەهای ڕاستەقینە دەخاتە ئەو ترازووەوە کە پێویستە کۆریای باکوور و چین باجەکەی بدەن، چونکە سەرکردەکانی ئەوەی دوایی وا لێکیدەدەنەوە کە کارەساتی ئابوری و مرۆیی دراوسێکەیان دەبێتە مایەی ئەوەی لێشاوێک لە پەنابەران ڕەو بۆ وڵاتەکەیان بکەن. بەڵام ئەمە بە تەنها فێڵێکە! گەر مەترسییەکە تا ئەو ڕادەیە بەیجین دەتۆقێنێت، بۆچی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆریای باشوور لە ڕووبەڕوونەوەیدا یارمەتی دەدەن؟ لێگەڕێن با چین لە بەرامبەر پاڵپشتی کردنی بەرکارەکەیدا باجە ڕاستەقینەکەی بدات.

٣ –بانگهێشتکردنی ژاپۆن و کۆریای باشوور و ئوستوڕاڵیا و نیوزیلەند و سەنغافور بۆ ئەوەی بێنە ڕیزی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسییەوە (ناتۆ)، بگرە تەنانەت تایوانیش بۆ ئەوەی چاودێر ڕەوانە بکات (...).

٤ –ئایا چینی و کۆرییە باکوورییەکان وا بیردەکەنەوە کە دوا تاقیکردنەوەی ئەتۆمی هاوسەنگی ستراتیجی لە زەریای هێمن (پاسیفیک)دا لە بەرژەوەندی ئەواندا گۆڕیووە (...). هاندانی ژاپۆن لەسەر وازهێنانی لە ڕێکەوتننامەی بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ و دروستکردنی بەربەرستی ئەتۆمی تایبەت بەخۆی، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە دووەم جەنگی جیهانی هەر بە ڕاستی تەواو بووە (...). ژاپۆنی ئەتۆمی زیاتر چین و کۆریای باشوور لێی دەترسن، تەنانەت ئێرانیش دەتوانێت وانەی لێهەڵگۆزێت (...). بەدڵنیاییەوە دەشێت سیاسەتی هاوتەریب پێشکەش کردنی هاوکاری بێت بە ئیسرائیل، بۆ ئەوەی بەرنامە ئەتۆمی و توانا بەئامانجگرتنەکانی باشتر بکات.

وڵاتانی وەک کۆریای باکوور و ئێران هەوڵ دەدەن چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنن، چونکە لەو باوەڕەدان ئاسایشیان زامن دەکات. تاکە ڕێگەی کۆنترۆڵ کردن، ئەوەیە قەناعەتیان پێ بهێنرێت کە ئەوە ڕاست نییە (...). کاتێک گفتوگۆکان شکست دەهێنن، هەروەکو حاڵەتی کۆریای باکوور، یا حاڵەتی ئێستای ئێران، ئەوا پێویستە ڕژێمە سەرکێشەکان، بەها دروستەکەی بەرخوازییە مەترسیدارە ئەتۆمییەکەیان لەبەرچاو بگرن".

بەشی سیازدەهەم
دوژمنی میدیایی

ئەو وتارەی گۆڤاری لو پوان (Le Point) لە ٢٤ی ئازار/ مارسی٢٠١١دا بڵاویکردەوە، دیبلۆماسییەتی فرەنسای بۆ لیبیا گەڕاندنەوە:

"هێندێک جار دیلۆماسییەت زۆر ئاسانە، وەک ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی لە سالۆنی ڕۆکۆکۆی ئوتێل ڕافائیل-ەوە دەیکەین:

بێرنارد هێنری لیڤی (Bernard-Henri Levy): پەیوەندیت پێکەوە دەکەم، چونکە سبەینێ دەچم بۆ لیبیا. گەر لەوێ چاوپێکەوتنێکی گرنگ ئەنجام بدەم، دەشێت بەسوود بێت، یا دۆخەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، ئایا دەتوانم لەوێ پەیوەندیت پێوە بکەم؟

نیکۆلای سارکۆزی (Nicolas Sarkozy): بەدڵنیاییەوە، لێی دوودڵ مەبە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٧ی شوبات/ فەبرایەر، فەیلەسوفەکە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی تەواو کرد و جانتاکانی کۆدەکاتەوە (...). کۆبونەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتیی لەماڵێک بوو لەسەر شێوازی سەردەمی کۆلۆنیالیزم، شوێنگەی پرۆتۆکۆڵ لەو کاتەی قەزافی کۆنترۆڵی شاری بەدەستەوە بوو. بێرنارد هێنری لیڤی لەبەردەم ئەندامانی لیژنەی هەشت دا قسەی دەکرد: "من پەیوەندیم بە نیکۆلا سارکۆزی- یەوە هەیە، من سەر بە لایەنە سەرەکییەکەی سیاسیی نیم، بەڵام هەوڵ دەدەم چاوپێکەوتنێکتان لەگەڵیدا بۆ ساز بکەم". ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتی بەکۆی دەنگ ڕەزامەندیان لەسەر پێشنیازەکە دەربڕی (...). دواجار، لە دوای دوو کاژێر بێرنارد هێنری لیڤی توانی پەیوەندی بە سارکۆزی- یەوە بکات. باسی لیبیا و ئاژاوە و پشێوی، هیوا و ئومێدی بۆ دەکات، باسی کۆبونەوەی لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی کاتیشی بۆ دەکات! سەرۆک وەڵامی دەداتەوە: "پەیوەندی بە جان داڤید لوڤێت (Jean-David Levitte)ەوە بکە. بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە پێشوازی لە برادەرەکانت دەکەم".

"ئەوانە مەسعودییە لیبییەکانن[١٣٧]، باوەڕم پێبکە، گەر پێشوازییان لێ بکەیت، کارێکی سیاسی مەزن دەبێت"[١٣٨].

ئەم بڕگەیە ئەو ڕۆڵە تازەیە ڕووندەکاتەوە کە میدیاکارە ڕووناکبیرەکان[١٣٩] لە قەیرانە هەنووکەییەکاندا دەیگێڕن. لە ڕاستیدا، هیچ مەترسییەک لە هەڵایسانی جەنگێکی جیهانیدا نەبوو، یا قەیرانێکی ستراتیجی ئەوتۆ کە هەڕەشە لە بوونی دیموکراسییەکی گەورە بکات. ئەمڕۆ شتێک نییە وامانلێبکات بیر لەوە بکەینەوە کە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی یا تیرۆرهەڕەشەیەک بێت گرنگتر لەو هەڕەشەیەی کۆمەڵگەی سەربازی- پیشەسازی سۆڤیێتی دروستی دەکرد. ئەم هەسارەیە لە ئێستادا شوێنێکی ئارام نییە، بەڵام مەترسییەکی کەمیشی هەیە. لەم ڕۆژگارەدا چۆن نێوان ئەو حاڵەتانەی کە نووسەری جیهانە یاخیبووەکان[١٤٠] (Mondes Rebelles) ئاماری کردووە و ململانێ بەردەوامەکان (Ongoing conflicts)ی سەنتەری توێژینەوە ستراتیجی و نێودەوڵەتییەکان (-CSIS Center dor Strategic and International Studies)ی ئەمەریکا هەڵدەبژێردرێن؟ کێ قورسایی پشێویە گشتییەکانە؟ کێ قوربانی و جەلادەکان دیاری دەکات؟ بۆچی وڵاتە خۆرئاواییەکان لەڕووی سەربازییەوە لە تەیمور، یا هایتی، یا لیبیا تێوەگلاون؟ بۆچی ئەم مۆبیلیزەیە بۆ تیبت دەکرێ کە چینی کۆمۆنیزم داگیری کردووە، ئەمە لە کاتێکدا دالای لاما (خوا زیندووەکەی سەر

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

---

[١٣٧] – ئاماژەیەکە بۆ ئیسلامییە لیبییەکان لەسەر شێوازی ئەحمەد شا مەسعود، ئەو سەرکردە ئیسلامییە خێڵەکییە ئەفغانییەی کە قاعیدە بەر لە یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەری ٢٠٠١ تیرۆری کرد.

[138]– Le Point (12 decembre 2009).

[١٣٩] – médiatiques زاراوەیەکی فرەنسییە ئاماژە بە کۆمەڵە ڕووناکبیرێکی دەرکەوتووی میدیا دەکات کە گرنگی بە خۆدەرخستن دەدەن، بۆ نموونە، جاک ئەتالی، لۆک ڤێری، ئالان فەنکیلکراوت و بێرنارد هێنری لیڤی.

[140]– A. de La Grange et J.M. Balencie, Mondes rebelles: Acteurs, Conflits et violences politiques (Paris: Michalon, 1996), et A de La Grange et J. M. Ba;enie, Les nouveaux mondes rebelles: Conflits, terrorisme et contestation (Paris: Michalon, 2005).

زەوی) نوێنەرایەتی یەکێک لە ڕژێمە تیوکراتە هەرە کۆنەکان دەکات؟ بۆچی پاریس هاوڵاتی شەرەفی پێ بەخشیوە کە پایتەختی عەلمانییەتە؟

بەنێو سەردەمی دوژمنی میدیادا کەوتووین، ئەوەش توێژێکی تایبەتە بەم سەردەمەی ئێستا.

"بەنێودەوڵەتی کردنی" قەیران بەبێ مەرجبەندی ستراتیجی، قاڵبوونێکە پێویستە لەسەرمان هەوڵ بدەین لێی تێبگەین. لێرەدا مەبەست لە وشەی بەنێودەوڵەتی کردن، مەترسیی تەشەنەسەندنی ململانێکە نییە، بگرە ئەو گرنگیدانەیە کە کۆمەڵگەی خۆرئاوا پێی دەدا. باشترین نموونەش خۆی لەو مۆبیلێزە نێودەوڵەتییە دەنوێنێت کە بەرامبەر بە قەیرانی سۆماڵ لە ساڵی ١٩٩٢دا گیرایەبەر؛ چونکە سەرانی جەنگ هاوکارییە مرۆییەکانیان بە تاڵان دەبرد و سەربازە کڵاو شینە پاکستانییەکانیش بێتوانا و دەستەوەستان بوون یا هەر بەڕاستی نەیاندەویست بەرەنگاریان ببنەوە، ئەوەش ئاڵەنگارییەک بوو ئاراستەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرا. وروژاندنی میدیا پرۆسەی فرەڕەگەزەکانی لە ژێر ناوی گێڕانەوەی هیوا (Restore Hope) جوڵاند کە لە کۆتایی ١٩٩٢دا بەسەرکردایەتی ئەمەریکا ئامادە کرا، ئەوەش لە پێناوی ڕێزگرتنی ئاگربەست لە مەقەدیشۆی پایتەخت و پاراستنی کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئامێر و کەرەستەکانی بوو. هەروەها یاوەری کردنی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ نێوەندەکانی دابەشەکردن. دەستەیەک لە سەربازانی (GIs) ئەمەریکی ڕوخساریان ڕەش کردبوو، بەشەو لەبەررۆشنایی کامێرای تەلەفزیۆنەکان کە ڕاستەوخۆ پەخش دەکرا، بەرەو کەنارە ئاوییەکانی سۆماڵ دەڕۆیشتن. لەو کاتەی پێشکەشکاری هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی کەناڵی یەکی فەرەنسا لە مەقەدیشۆ، هەواڵەکانی دەخوێندەوە، بێرنار کۆشنەر (Bernard Kouchner)، وەزیری دەوڵەتی فەرەنسا بۆ کاروباری مرۆیی لەو دەمەدا، کیسەیەک برنجی بە کۆڵەوە بوو. لە بەرامبەریشدا، سەرانی جەنگی سۆماڵی، بڕیارێکی دیکەیان دا، بەوەی لە بۆسەیەکدا هەژدە سەربازی ئەمەریکیان کوشت و تەرمەکانیان وەک سەرکەوتنێک پێشان دەدرا و بە دوای ئۆتۆمۆبیلدا ڕادەکێشران، ئەو دیمەنە کۆتاییهاتنی هێزی نێودەوڵەتی بوو. لەمڕۆشدا سۆماڵ کەم تا زۆر لە دۆخێکی لەوجۆرەدا دەبینینەوە و تا ئێستاش سۆماڵییەکان ئازار دەچێژن. لەگەڵ ئەوەشدا،

مۆبیلیزەکردنی ڕای گشتی ناوروژێنن، بەتەنیا ڕەهەندی مرۆیی بەس نییە، دوای ئەوەی سەرکەوتن بۆ چەتەکان بوو. ئایا قەیرانی باش و خراپ هەیە؟ بەڵێ، هێندێک لە ڕاسازان (صناع الرأی) بەخێرایی پۆلێنیان دەکەن.

چی بکرێت؟

یەکەمجارە لە مێژوودا خەڵک لە ڕێی کەنالی سی ئین ئینەوە (CNN) ڕاستەوخۆ ئاگاداری جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ دەبن. لە بۆشایی ئایدیۆلۆجی و ستراتیجی دوای جەنگی سارد دا، ئیدی لەو دەمەوە میدیا کاریگەری لەسەر ئەفراندنی ڕووداوەکاندا دەستی پێکردووە. جارێکیان ڕۆمیۆ دالیر (Romeo Dallaire) جەنەڕاڵی کەنەدی و فەرماندەی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو گەواهیدەرەی لە بەردەم کوشتوبڕی توتسییەکانی ڕواندا دەستەوەستان بوو، وتوویەتی: "پەیامنێرێکی ڕۆژنامە هاوتای کەرتێکی سەربازییە لەسەر زەوی". هەر بەڕاستی وێنە و وروژاندن بەسەر شیکردنەوەدا زاڵ دەبێت و فاکتەرە ناوخۆییەکان بۆ جوڵاندنی ڕای گشتی دیاریکەری بەهێزیی سیاسەتی دەرەوەن و بەسەر مەرجبەندی (الرهان) ستراتیجی ڕاستەقینەی هەموو قەیرانێکدا زاڵ دەبێت. بەڵام پانتایی فیکری هەواڵنامەی تەلەفزیۆنی کە ترازووی وروژاندنی ڕاستەقینەیە، بە دیاریکراوی دەمێنێتەوە. لەڕووی تەکنیکییەوە لە تواناد نییە، لە هەمان هەواڵدا باس لە دوو قەیرانی ترسناک بکرێت. بۆیە "دوژمنی میدیایی"، ئەوانەن کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵدەبژێرن تا لە هەواڵی ئێوارەدا بڵاوییکەنەوە، پاشان لە گۆڤارە هەفتانە و ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکاندا. پێشتریش نوام چۆمسکی (Noam Chomsky) لە کتێبێکی زۆر بە پێزدا[١٤١] تویژینەوەی ئەو دیاردەیەی لەبارەی جەنگی ڤێتنامەوە کردووە. بەپێچەوانەشەوە، کەنالی ئەلجەزیرە کە زۆرێک لە ڕای گشتی عەرەبی تەماشای دەکەن، گەلێک چاوپێکەوتنی لەگەڵ تییری میسان (Thierry Meyssan)دا کردووە، ئەو کەسەی بڕوای بەو تیورییە هەیە کە دەستدرێژییەکانی یازدەی سەمپتەمبەر پلانی جوولەکە و ئەمەریکییەکان بووە.

---

[141]- Noam Chomsky et Edward S. Hermann, La fabrication du consentement: De la propaganda mediatique en democratie , Contre-Feux (Marseille: Argone Editeur, 2008).

پێویستە لێرە بەدواوە هەر قەیرانێک ملکەچی پێوەرەکانی ڕاگەیاندن بێت، بۆ ئەوەی بە نێودەوڵەتی بکرێت. کەواتە ئەو پێوەرانە چین؟

ئەوە وێنە، خوێن و قوربانییەکانە. لە میانمار (Myanmar ex Birmanie) (بۆرمای پێشوو)، گوێبیستی سەرکووتکردن دەبین، بەڵام وێنەی زۆرمان نییە، بۆیە زۆر زەحمەتە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەرۆشی بابەتەکە بین. دەکرێ لە باشووری سودان قوربانییەکان ببینرێن، بەڵام قەیرانەکە ئەوەندە ئاڵۆزە کە دەستدرێژکاران لە قوربانییەکان دەچن. لە واقیعدا هیچ قەیرانێک لە پێواری بەردەوامی وێنەدا نامێنێتەوە. لە ئێستادا لە سوریا بەهۆی مۆبایلەوە وێنە دەگیرێت و ڕەوانە دەکرێت، بەڵام لەبەر خراپی جۆریکییەی، بەزەحمەت سوودی لێ دەبینرێت. ئەگەر وێنەکان سەرکەوتوو نەبن، دەشێت جێگرەوەکەی بەکاربهێنرێت، گەر فاکتەکانی سەرکووتکردن بسەلمێنرێت؛ ئیدی بەوجۆرە ڕۆژنامە زەردەکانی ئەڵمانیا وێنەی خۆپێشاندانەکانی ڕەبەنە بوزییەکانیان بەکارهێنا کە پۆلیسی نیپاڵی سەرکوتی کردبوون تا وەک بەڵگە لەسەر سەرکووتکردنەکەی چین لە لهاسا پێشکەش بکرێ. ئیدی بەوجۆرە سەرلەبەری مەسەلەکە، لە چێوەنانی وێنەکانە! هەروەها تەلەفزیۆنی فرەنسی کەوتە هەڵەوە، کاتێک ئەو وێنانانەی بەکارهێنا کە لە هیندۆراس[١٤٢] گیرابوون تا ئەو خۆپێشاندانانەی دژ بە هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژادی بخاتەڕوو کە پۆلیسی ئێرانی سەرکووتی کردبوون. بەڵام هیچ کەسێک گفتوگۆ لەسەر سەرکووتکردنەکەی تاران یا لهاسا ناکات! کەواتە...

ئەو قوربانییانەی وێنەیان گیراوە بە گرنگی دەمێنێتەوە، تەنانەت گەر شیکردنەوەش لەبیر بکەین، چونکە لە ناوچە خێڵەکییەکانی باکووری پاکستان کە بەڕووی ڕۆژنامەوانەکاندا داخراوە، وێنەی قوربانییەکانی ئۆپراسیۆنی بۆردومانەکانی ئەمەریکا ناگیرێت، بەڵام لە بەرامبەردا، کەناڵە تەلەفزیۆنەکان پڕن لە وێنەی قوربانی دەستدرێژییەکانی پیشاوەر یا کراچی. کەواتە وادیارە توندوتیژی تیرۆریستانەی ئاشکرا زیاتر شایستەی سەرکۆنەکردنە تا توندوتیژی سەربازیی ئۆپراسیۆنەکانی بۆردومانکردن کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە ئەنجام دەدرێ. بەپێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی یاسای ئەمەریکا ڕێگە نادات وێنەی

[142]– Daniel Schneiderman, Liberation (4 janvier 2010).

قوربانییەکانی ئەمەریکا پیشان بدریت کە ڕەنگە بناسرینەوە، بۆیە وینەی جەستە لەتلەتبووەکان یا سووتاوەکانی هێرشەکانی یازدەی ئەیلول/ سەپتەمبەر نەگیران. لەبەرامبەریشدا، میدیای ئەمریکا دەتوانیت وینەی قوربانییە نائەمەریکییەکان پیشان بدات. سەبارەت بە شەقامی عەرەبیش، هیچ قوربانییەکی ئەمەریکی نەبوو. ئەوەش هەبوونی پیلانگێڕییەکی ئاستبەرز دەسەلمینیت.

هەڵچوونیکمان نیشان بدەن، گەر بکریت با لەگەڵ ژمارەدا بیت! لە سۆماڵ "٨٠٪" هاوکارییەکان بەتاڵانبران. ئەو ژمارە نادیارە بەس بوو تا هێدمە بمانگریت. سوپای عیراق "پلەی چوارەمی" لەسەر ئاستی جیهاندا هەبوو (تا ئیستاش نازانین چ سوپایەک پلەی سییەمی هەیە). نایابترین نموونەش لەسەر هەڵچوون و خرۆشان هۆکارەکەی گەمەیەکی میدیایە (manipulation médiatique)، کە لە کاتی داگیرکردنی کویت لە ساڵی ١٩٩٠دا لەشکریک لە سوپاکەی سەدام حسین، ئینکۆباتوری (حاضنة) نەخۆشخانەکانی لەدایک بوونی کویت، بەتاڵان دەبەن. ئەو ڕووداوەش منداڵیک بەدەم گریانەوە لە کاتی دانیشتنی ئەنجوومەنی پیراندا ڕاستەوخۆ دەیگێڕایەوە. ئەو ڕووداوە بەزۆری پشکی هەبوو لەوەی بینەری ئەمەریکی قەناعەت بە خوێڕیتی سەدام حسین بهینیت، پاشان لەسەر هەقبوونی پرسەکەیان. دواتر بۆمان ڕوون دەبیتەوە کە ئەو حەکایەتە حکومەتی کویتی لە تاراوگە بە هاوکاری کۆمپانیای پەیوەندییەکانی ئەمەریکا، ئامادەی کردبوو، بەتەواوەتی حەکایەتیکی ناڕاست بووە، کچە بچکۆلانەکەش، کچی باڵیۆزی کویتی بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. کەواتە، ئەو هەرزەکارە هەرگیز ئەو دیمەنەی نەدیبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر بە هەڵچوونەوە دەیگێڕایەوە. هاوتەریب، کوشتنی لەسەرەخۆ بەهۆی ئەو گەمارۆدانەی زیاد لە دە ساڵی خایاند و سەدان هەزار قوربانی عیراقی لیکەوتەوە، بەتایبەتی لەنیو منداڵاندا، بەهۆی نەبوونی وینەوە، شتیکی ئەوتۆی لە ڕای گشتی مۆبیلیزە نەکرد.

پیویستە سەرکردەی شۆڕشگێڕ ئەستیرەیەکی میدیا بیت: عەلی عیزەت بیگۆڤیچ، بە خۆی و کاسکیتەکەیەوە، مەسعود بە سیما جوانەکەیەوە وەک سەرکردەیەکی جەنگ و کڵاوە تاجیکییەکەی لە چیاکانی بانشیر، ئۆنگ سۆن سوو کی (Aung Son Suu Kyi) بە ڕوخسارە جوانە ژنانە جەختکەرەوەکەیدا، هەموویان لە ئیبراهیم ڕۆگۆڤا (Ibrahim Rogova) میدیاکارترن، سەرکردە خاکییەکەی

کۆسۆڤۆ بە بلوزە کۆنەکەیەوە کە دایکی بۆی چنی بوو، لەگەڵ شاڵە شۆڕەکەی وەک شاڵی خوێندکارێکی تەمەڵ لە ملی ئاڵاندبوو. ڕوبەیعە قادر، یەکێکە لە تێکۆشەرەکانی ئویغۆر (Ouighour) لە ساڵی ٢٠١٠دا دەڵێت: "ئێمە پێویستیمان بە دالای لاما"یەک هەیە. بەپێچەوانەشەوە، ئەو سەرکردەیەی خۆی دەرناخات، ڕێگری لە گشتاندنی ڕاگەیاندنی قەیرانەکە دەکات، ئیدی شەرعییەت هەر چۆنێک بێت. پراباراخان (Prabarakhan)، سەرکردەی بەورەکانی تامیل، هەرگیز ڕێگەی نەدەدا وێنەی بگیرێت و بەشداری لە هیچ چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا نەکرد. بە کورتی، ڕەنگە کاروبارەکان بۆ سەرکردەیەکی دەمامکدار بۆ ماوەیەک بەرێوەبچێت، یاریدەدەری سەرکردە مارکۆس (Marcos) بە خۆی و تەپلەکەی سەری و دارجگەرەکەیەوە، بەشداری لە بڵاوکردنەوەی پرسی هیندییەکانی چیاپاس دا کرد.

پێویستە نامۆگەرا (exotisme) ڕێگە بە هێندێک ڕۆمانسییەت بدات، وەک موجاهیدینە ئەفغانییە سەربەرزەکان "تێکۆشەرانی پێناوی ئازادی"، جەنگاوەرە دڕندەکانی چیچان دژ بە بەربەرییەتی ڕوس و ڕەبەنە تیبتییەکان بەپۆشاکە ئاوریشمییە زەردەکانیانەوە، کاتێک پۆلیسی چینی تاویانیدەنا... لە بەرامبەریشدا، پێویستە لەسەر ئویغۆر چالاکییەکی دی بۆ خۆیان بدۆزنەوە، چیدی خۆپێشاندانی شەقام بەس نییە. سیفەتی دڕندە باشەکە کە مۆدێرنە سەروکاری لەگەڵدا هەیە، جێی متمانەیی هەمیشەییە؛ تیبیتی دالای لاما (مانای وشەکە "زریانێک لە ژیری" هەڵگری چواردەمین ناوی، خودای زیندووی سەر زەویە) لەڕووی ڕاگەیاندنەوە لە پارلەمانی تاراوگەی تیبیت سەرکەوتووتر دەبێت، هەر چەندە ئەمەی دوایی لە پێودانگە سیاسییەکانی ئێمەوە نزیکترە. پێویستە بەرنامەکە ئاماژە بە بابەتی شایستەی سیاسی بکات. ئیدی بەوجۆرە گوتارەکانی دالای لاما لەبەردەم ئەنجوومەنی ئەوروپادا پێداگری لەسەر ڕێزلێنانی ژینگە و ناتوندوتیژی، یا تەنانەت ئاشتیش دەکات، نەک دامەزراندنی سیستمێکی تیوکراسی کە دەشێت لە کاتی کشانەوەی چین دا، سەرلەنوێ پێکبهێنرێتەوە. بەوجۆرە دالای لاما توانی ببێتە هاوڵاتی شەرەفی شاری پاریس، پایتەختی ئەو وڵاتە عەلمانییەی کە تەبەنی یاسای جۆراوجۆری دەکرد بۆ ئەوەی بالاپۆشی و هەڵگرتنی سیمبولی ئایینی لە فەزای گشتیدا قەدەغە بکات!

هەروەها گشتاندنی میدیا، لەسەر کۆتوبەندی خشتەی زەمەنی، پێویستی بە سەرنجی ورد هەیە، بۆ نموونە، ڕانەگەیاندنی جینۆساید، یا هەوڵ نەدرێ لە کاتی بۆنەیەکی وەرزشی جیهانیی وەک یارییەکانی ئۆلۆمپی، یا جامی جیهانیی تۆپی پێ دا، پرسێک بوروژێنرێت؛ چونکە میدیا ناتوانێت لە یەک کاتدا چارەسەر بۆ دوو قەیرانی ترسناک بدۆزێتەوە، بەڵکو دەبێ بەپێی کات خشتەی بۆ دابنرێت.

سیناریۆیەکی ساکار، یا تەنانەت سادەکراوەش، ڕۆڵی هەر یەکێک دیاری دەکات، باش، شەڕەنگێز، و دەشێت لە ڕێی گێڕانەوەی حەکایەتەوە، پەی بەوە بەرین کە "حەکایەتگێڕانەوە" لە بواری پەیوەندیکردندا[١٤٣] پێویستە. قەیرانە زۆر ئاڵۆزەکانی لە بابەت قەیرانی کۆنگۆ، کە لە دووەم جەنگی جیهانییەوە، خوێناویترین ململانێیە، زۆر زەحمەتە، ببێتە مایەی گرنگیپێدان، چونکە میلیشیا و سەرکردەی گەندەڵ و سەرانی جەنگ و توندوتیژی کوێرانە و لاقەکردنی بەکۆمەڵ و سەربازی منداڵ بوونیان هەیە... پێویستە توانای ئەوەمان هەبێت کەیسی جووتجەمسەری پێشان بدەین کە قوربانی پاک و شەڕەنگێزی پۆخڵی تێدا بێت. ئەندرێ گلوکسمان کورتەیەکی نایابی نووسیوە: "بەدرێژایی دە ساڵ، سوپای سوور ئەفغانستانی کاول کرد، چەتەکان لە کەلاوەکان جێگیر بوون، پاشان تاڵیبان و بن لادن –ی بەدوادا هاتن. لە کۆتاییشدا جووت تاوەرەکە (Twins Towers)!"[١٤٤]. بەڵام ئەمە بەڵگەنەویستە! بۆچی پێشتر بیرمان لەوە نەکردۆتەوە؟

چینی و ئێرانی و ڕوسەکان، بەتەواوەتی بەد و خراپەکارن... بەڵام زۆر زەحمەتە سەبارەت بە قەیرانی چیاپاس سەرکۆنەی حکومەتی مەکسیک بکرێ، یا حکومەتەکەی سەرۆک موبارەکی لایەنگری خۆرئاوا کە دەیەوێت ڕاستەوخۆ کوڕەکەی بکاتە جێنشینی خۆی.

بێتاوانی! ڕەفتاری قوربانییە خراپەکان، میدیا و پاڵپشتیکارانی دەخاتە دۆخێکی قورسەوە. چارەنووسی موسڵمانە چەوساوەکان کار لە ڕای خۆرئاوا ناکات، لەبەر ئەوەی دەشێت پرسەکەیان بە تومەتی کردەی "تیرۆر" لە کەمی بدات. ئەو بومەلەرزەیەی ساڵی ١٩٨٨ ئەرمینیا هەژاند، شەپۆلێک هاوکاری لێکەوتەوە،

---

[143]– Christian Salmon, Storytelling, la machine a fabriquer des histoires a formater des esprits, La Decouverte poche (Paris: La Decouverte).
[144]– La Monde (4 octobre 2003).

کەچی بومەلەرزەکەی چەند مانگێکی پێشتری ئێران ئەو شەپۆلە هاوکارییەی نەوروژاند. وێنەی "جەنگاوەرە چیچانییە سەربەرزەکان" لە ئەنجامی بە بارمتەگرتن لە خوێندنگەیەکی سەرەتایی لە بیسلان (Beslan)، بەتەواوەتی لەکەدار بوو، کاتێک کوژرانی ٣٦٥ کەسی لێکەوتەوە کە ١٨٩ منداڵ لەنێو کوژراوەکاندا هەبوون، لەگەڵ نزیکەی ٧٠٠ بریندار. ڕەنگە بە بارمتەگرتنی خۆرئاوایی شمشێرێکی دوو دەم بێت. لەم ڕۆژگارەدا ڕفاندن بووە بە پیشە (ساڵی ٢٠٠٨، چواردە هەزار کردەی ڕفاندن لە جیهاندا ئەنجام دراوە)، بۆیە لە ئێستادا زۆر زەحمەتە میدیا بتوانێت جیاکاری بکات لە نێوان ڕفاندنی چەپەڵ، هەروەکو لە کۆلۆمبیا پراکتیزە دەکرێت، بە بارمتەگرتن بە مەبەستی سیاسی لە پێناوی ئەوەی زیندانییەکانی پێی ئاڵوگۆڕ بکرێن (١٠٠٠ زیندانی فەلەستینی بەرامبەر بە شالیتی سەرباز)، لە نێوان ئەو ڕفاندنەی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکی (CIA) ئەنجامی دەدا.

جەنگاوەرەکان لە ململانێ هاوچەرخەکاندا لە گرنگی گەیاندن تێدەگەن. لە جەنگی ناوخۆی یۆگسلاڤیادا، هەر یەکێک لە سێ کامپەکە ستراتیجییەکی تایبەتیان گرتەبەر، سربییەکان لەسەر شێوازی یۆگسلاڤیا، پراکتیزەی ڕۆژنامەی سانسۆرکراویان کرد کە شتی دیکتەکراو (dictate) دەڵێت، بۆیە شەڕی گەیاندنیان دۆڕاند. کرواتییەکان کە لەڕووی سەربازییەوە پێگەیەکی نزمتریان هەبوو، زۆر بەخێرایی ڕۆژنامەی ئازادیان تەبەنی کرد، ئەوەیش لە ڕێی سەردانیکردنەوە کە ئامانج لێی بەدیارخستنی زوڵم و چەوسانەوەیەکی زۆر و ئەو پاکتاوکردنە ڕەگەزییە توندوتیژە بوو کە سربییەکان پراکتیزەیان دەکرد. ناوچەی کرایینا کە سربییە جوداخوازەکان داگیریان کردبوو، بووە شوێنی سەردانیکردنی زۆرێک لە ڕێکخراوەکان کە ئاراستەی سیاسیی و ڕۆژنامەوانە خۆرئاواییەکان دەکران. بەڵام کاتێک سوپای کرواتیا بەزەبری هێز ناوچەکەیان گێڕایەوە، ڕێگەی چوونیان داخست و دەستیان کرد بە پاکتاوکردنی ڕەگەزیی دانیشتوانە سربییەکان. بەڵام بۆسنییەکان هەر زوو لە خەسڵەتە ستراتیجییەکە تێگەیشتن تا ڕۆڵی ئەو قوربانییە بگێڕن کە بەئەنقەست دیمەنێکی زێدەڕەوانە لەسەر ترسناکی دۆخە مرۆیی یا سەربازییەکەی سەراییڤۆ پیشان دەدات. بەپێی پەیامنێری مەیدانی لە ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فرەنسا، لە دوای هەر بۆردومانێکدا ژمارەی قوربانییەکان زیاتر دەبوون، بەجۆرێک هەرگیز ژمارەی گۆڕە تازە

هەڵکەنراوەکان لە گۆڕستانی شارە گەمارۆدراوەکەدا لەگەڵ ژمارەی قوربانییەکان نەدەهاتەوە. لە شەڕی ناوخۆی جەزائیردا، بەدڵنیاییەوە ژمارەی قوربانییەکان بەهەزاران بوون، ئەوەش دیاردەیەکە کە زۆر بە زەحمەت لە ململانێیەکی "ئاستنزمدا" درکی پێدەکرێت.

کاتێک مەرجی ڕاگەیاندن بەردەست دەبێت، پرسیاری دووەم قووت دەبێتەوە: کێ هەڵگری پرسەکەیە؟ کێ بە فەزای میدیا دەگات بۆ ئەوەی ڕۆڵی وتەبێژی بەرگریکار وازی بکات؟ ئیدی بەوجۆرە لە بواری ڕاگەیاندندا میانگیری نوێ دەردەکەوتن کە بەشداری لە ڕێکخستنی لەپێشبوونی قەیران و دیاریکردنی دوژمندا دەکەن؛ ئیدی لێرەوە "دیاریکەرانی دوژمنی" نوێ پەیدا دەبن: ڕووناکبیرانی میدیا، ڕەوەندەکان، لە هێندێک حاڵەتیشدا ڕێکخراوە مرۆییەکان. بەڵام دوژمنی میدیایی، بەپێچەوانەی توێژەکانی پێشوو، هەمیشە پاساو بۆ کردەیی چەکداری ناهێنێتەوە، بەڵکو تەنیا دەتوانێت سەرکۆنەی سازان بکات.

تومەتبار دەکەم... (هەروەها منیش)

سەردێری مانفێستە بەناوبانگەی ساڵی ١٨٩٨ی ئەمیل زۆلا (Zola)، دژ بە تاوانبارکردنی کاپتن دریافوس (Dreyfus)، بووە ڕاهێنانێکی سەپێنراو بەسەر ئەو ڕووناکبیرانەی لە نەمانی دڕندە کۆمۆنیزمەکەوە[١٤٥]، بەدوای پرسە نێودەوڵەتییەکاندا کەوتوون.

ڕووناکبیرە میدیاکارە فرەنسییەکان توێژێکی هاوچەرخی ئەو پیاوانەن کە ئاگایان لە هەموو شتێک هەیە و ناو و ناوبانگیان لە بەرگریکردن لە بەهاکان بەدەستهێناوە (پێیان دەڵێین هەڵگرانی چەمکەکان "porte-concepts")، و لەڕێی بەکەسێتیکردنی قەیرانێک کە زۆر لە شارەزاییان لەسەر بابەتەکە زیاترە،

---

[١٤٥] - پریدڕاگ ماتڤیجیڤیچ (Predrag Matvejevitch)، نووسەرێکی بەناوبانگی کرواتییە، زۆرێک لە کەسە ناودارەکان لە سکاڵانامەیەکی واژووکراودا (بێرنارد هێنری لیڤی لەنێو ئەو کەسانەدا بوو) لە ڕۆژنامەی لۆمۆند لە ٢٤ی تەمووز/ یۆلیۆی ٢٠١٠دا بەرگرییان لێی دەکرد کە بە تومەتی ناوزڕاندن هەڕەشەی زیندانی کردنی لێدەکرا. لە یەکی ئاب/ ئۆگستی ٢٠١٠دا، ئیڤۆ جۆسیپۆڤیچ (Yvo Josipovic) سەرەک کۆماری کرواتیا، لە هەمان ڕۆژنامەدا، نکوڵی لە ڕاستی زیندانی کردنی ماتڤیجیڤیچ کرد. بەرامبەر بەمە ڕاتان چییە؟

خۆیان وەک "تابۆ شکێنەکان" و "هەڵوەشێنەری فیکرە پێشوەختەکان"[١٤٦] پێشان دەدەن. ساڵانی حەفتاکان دابڕانی نێوان نەوەکانی دیاری کرد، چونکە لە دۆخی واژووکردنی سکاڵانامەوە هەنگاومان بەرەو دۆخی پیاوانی میدیا نا[١٤٧]. ئەوانە خەڵکانی "ئەقڵکراوەن" – توێژێکی فرەنسی نایابن – دید و بۆچوونیان لەسەر هەموو شتێک هەیە. گەمەکانیان وایانلێدەکات هێندێک مەسەلە بگەیەنن بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن. زۆر زەحمەت بوو پۆڵ گارد (Paul Garde) خوێندکاری زانکۆ و شارەزایەکی تەواو لە یۆگسلاڤیای هاوچەرخ، وتارەکانی لەسەر قەیرانی ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ بڵاوبکاتەوە، تا بێرنارد هێنری لیڤی و ڕووناکبیرەکانی دی ئامادەسازییان بۆ نەکرد.

تایبەتمەندی ئەم نەوەیە چییە؟ ئەوان حەز بە خۆبەنێوداخستن (التدخل) دا دەکەن، بەپێچەوانەی پێشینانیان کە لایەنگری ئاشتی بوون. خودی ئەو نەوەیە لە ٥ی ئایار/ مایۆی ١٩٩٤دا لیستێکی بۆ هەڵبژاردنی ئەوروپا دروست کرد "ئەوروپا لە سەراییڤۆوە دەست پێدەکات!"، کە پێکهاتبوون لە بێرنارد هێنری لیڤی و پاسکاڵ بروکنەر (Pascal Bruckner) و ئەندرێ گلوکسمان (Andre Glucksmann)، بە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی ڕای گشتی، ئەوەش لیستی دەستێوەردان بوو، هەروەکو لیستی ئەو ڕووناکبیرە ئەمەریکییانەی دواتر پاڵپشتی جەنگی دژ بە عێراقیان دەکرد. مانیفیستی شەست (ڕووناکبیری ئەمەریکی) بەناونیشانی "بۆچی دەجەنگین؟"، کە لە شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٢دا دەرچوو، پاڵپشتی ئەو جەنگەی دەکرد کە کۆشکی سپی بڕیاری لەسەر دا بوو، قەڵاچۆکردنی تیرۆریش خزێنرایە نێو نەگۆڕە تەقلیدییەکانی جەنگی دادوەرانەوە. مانفێستەکە بە مافی ئەمەریکای دەزانی وەڵامی دەستدرێژییەکانی یازدەی ئەیلول/ سەمپتەمبەری ٢٠٠١ بداتەوە، ئەوەش مافێک بوو هەر بەڕاستی هیچ کەسێک گومانی لێی نییە، بەڵام بەیاننامەکە وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەدەدایەوە کە لە کاردانەوەی ئەمەریکا دەکەوتنەوە: کێ دوژمنە؟ ئەو ئاستە ڕێگە پێدراوەی

---

[146]– Mona Chollet {et al.} Les editocrates ou comment parler de (Presque) tout en racontant (vraiment) n'importe quoi, Cahiers libres (Paris: La Decouverte, 20009).

[147]– Jean Francois Sirinelli, Deux intellectuels dans le siècle: Sartre et Aron, Pluriel (Paris: Hachette Litteratures, 1999).

ئۆپراسیۆنە جەنگییەکە چەندە کە پێویستە ئەمەریکا لە دوای ئەفغانستان ئەنجامی بدات؟

ڕووناکبیرەکانی میدیا، ئەوانەی بە دەوری مەینەتییەکانی جیهاندا دەسوڕێنەوە، پێیانوایە بەپێی زاراوەکەی باسکڵ بروکنەر، کردەی خۆڕاگری (resistentialisme) ئەنجام دەدەن. ئەوانە ئامادە نین سەرکۆنەی خەڵکانی نیاز خراپ بکەن. ئیدی بەوجۆرە، گی سۆرمان (Guy Sorman)، بەم دواییانە وتارێکی بە ناوی "ڕژێمی چین تومەتبار دەکەم!"بڵاوکردەوە کە زۆر بە توندی ڕەخنە دەگرێت[148] لە "یارانی چین، ئەوانەی هەوڵ دەدەن ڤیزاکەی بەدەستبهێنن (...)، پیاوانی کار، ئەوانەی ڕا دەکەن بۆ ئەوەی گرێبەست بکەن و ئەو سیاسەتوانانەی بێ ئەوەی شەرم بکەن، بەدوای ئافەریندا دەگەڕێن".

ئەوانە دەیانەوێت ببنە پیاوی کردەی مەیدانی و بەوپەڕی دڵنیاییەوە هەڵوەدای شوێنەکانی جەنگن. بێرنارد کۆشنێر ساڵی ١٩٩٦ سەرنجی ئەوەی داوە کە "هەموو کەسێک شەڕێکی ئیسپانی تایبەت بەخۆی هەیە"[149]. بێرنارد هێنری لیڤی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دەتوانرێت بە هاوکاری چەند فرۆکەیەکی جەنگی سەراییڤۆ ئازاد بکرێت"[150]. لە لێکۆڵینەوەیەکی ناونیشان پەرێزدا "ئەو شتانەی لە جەزائیردا بینراون" لە ڕۆژنامەی لۆمۆند لە ٨-٩ کانونی دووەم/ یەنایەری ١٩٩٨دا، باس لەوە دەکات کە ژیان لە جەزائیری پایتەخت لە ڕۆژە سەختەکاندا زۆر ئاساییە بووە. پێویستی نەدەکرد بچێت بۆ ئەوێ تا ئەوە بڵێت. دەتوانین زۆرێک لەو نموونانە ببینین وەک ئەو دەقانەی کە لەم دواییەدا بە بۆنەی سەردانیکردنی بۆ مەیدانی تەحریر لە کاتی شۆڕشی میسردا نووسیویەتی، یا لە ڕۆژنامەی (le Journal du Dimanche) لە ٧ی ئازار/ مارسی ٢٠١١، لە دوای گەڕانەوەی لە لیبیا. دواتر لە چیرۆکێکدا لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بۆردومانی غەزە دەبینین بە تاتڵی "ئەو جەنگەی لە ئیسرائیلەوە دەبینرێ" و تێیدا هەمان شێوازی سەلماندن بەکاردەهێنێت بەوەی بچێتە شوێنەکە بۆ ئەوەی باس لە

148- Le Monde (6 et juin 2010).

149- Liberation (15 septembre 1996).

150- Leblond, “Bosnie, le J’accuse d’un general humilie,” L’Express (3 fevrier 1994).

مەینەتی سەربازی سەر تۆپی تانکەکە بکات کە ناچارە خانووی مەدەنییەک بۆردومان بکات. هێندێکی دیکەیان، ئەوانەی کەمتر دەگەڕێن، لە دوورەوە و بەهۆی فیڵی فیکرییەوە ئارگیومێنت دەکەن، هەروەها ئەسکەندەر ئادڵەر (Alexanre Adler) لەڕێی کۆکردنەوەی خەیاڵییانەی مەتەڵە ئاڵۆزەکاندا زۆر لێزانانە و داهێنەرانە لەسەر هەر قەیرانێک[١٥١] دەنوسێت. ئیدی بەوجۆرە، بەبۆنەی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەناونیشانی (C dans lair)، کە ڕۆژی سێشەممەی ٣ی ئایار/ مایۆ، پەخش کرا، ئادڵەر تاکە کەس بوو کە پەیوەندییە ئاڵۆزەکەی نێوان ئاژانسی ئەمەریکی و دەزگای هەواڵگری پاکستانی شرۆڤە کرد و دڵنیاش بوو لەوەی کە هیچ یەکێک لەو دوو لایەنە هەرگیز بە درۆی ناخەنەوە، چونکە ئەو دوانە ڕانەهاتوون لێدوانی ئاشکرا بدەن.

زۆرجار ئەو ئارگیومێنتانە دووبارە دەبنەوە کە بۆ مۆبیلیزەکردنی ڕای گشتی ئاراستە دەکرێن، بۆ نموونە، "ئەقڵییەتی میونیخ" لەلای بەرپرسە سیاسییە خۆرئاواییەکان"و "بەربەرییەت لەبەردەم دەرگاکانمانە"و "ئەو شەهادەتەی" ڕووناکبیر تێیدا ژیاوە... هێندێکیان گرنگیی هەمەلایەنەی جوگرافییان هەیە، هەروەکو بێرنارد هێنری لیڤی لە ئەفغانستان، بۆسنە، لیبیا، میسر، پاکستان، ئیسرائیل و جەزائیر، هەمووی لە "ڕۆژژمێری جەنگەوە" سەرچاوەیان گرتووە... هێندێکی دیکە پسپۆرن (وەک پسپۆری گلوکسمان بە ڕوسیا و پاشکۆکانی). شارەزایی یا کواڵیتی شیکردنەوە بایەخی کەمتریان لە پڕفرۆشیدا هەیە. بێرنارد هێنری لیڤی شاعیرانە لەسەر ئەمەریکا دەنوسێت: ئەمەریکا سەرزەمینی ناکۆکییەکانە: "دڵفرێن و دێوانەیە"، "چڵێس و خاکییە"، "شەیدای مەتریاڵ و دیندارییە"، "پیورتانیک "متزمت"و سووکە" و "لە ئایندە دەڕوانێت و وەسوەسەی بۆ ڕابردوو هەیە"[١٥٢].

خواستنامە، شێوازێکی تەقلیدی بەسەرچووە. (بەڵام وەک شێوازێک لە شێوازەکانی پاڵپشتیکردنێکی پەرێزانە دەمێنێتەوە بۆ ئەو پرسانەی بە باشی

---

[١٥١] – بە مەبەستی زانیاری باشتر لەسەر ئەو بیریارانە، بڕوانە: .Chollet, {et al}

[١٥٢] – ئەو وتانە لە بەرنامەیەکی ڕادیۆیی هەفتانەی گاریسۆن کایلەرەوە وەرگیراون: Prairie Home Companion (Minnesota) et son article dans le New York Times du 29 janvier 2006.

شارەزاییمان لەسەری نییە، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق، گرووپێکی سیاسیی - ئاینیی ئێرانییە، بەرپرسیارە لەوەی بە دەیان هێرش و پەلاماری لە ئێران ئەنجام داوە، لەڕێی واژوو کردنی خواستنامەیەک لە بەرژەوەندییان، لەلایەن خاتوو میتران (Madame Mitterrand)، مۆنسینیۆر گایۆ (Monseigneur Gaillot) و جۆزێ بۆڤێ (Jose Bove) پشتگیری دەکرا). لە ئێستادا کۆمەڵە هەواڵێک جێگەیان گرتۆتەوە کە گەورە میدیاکان، یا بەرنامەکانی تەلەفزیۆن دەیگوێزنەوە. ئیدی بەوجۆرە بێرنارد هێنری لیڤی دوو جار لەو گۆشە هەواڵەی لە گۆڤاری لو پوان دەینووسی، چارەسەری بۆ قەیرانی ئەفغانستان دۆزیوەتەوە، یەکەمجار لە ٢٤ی ئەیلول/ سەمپتەمبەری ٢٠٠٩، دووەم جاریش لە ٥ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەردا، کە تێیدا باس لەوە دەکات چۆن و بۆچی دەکرێت شکست بە بزووتنەوەی تاڵیبان بهێنرێت. ئەو تاکەکەس نییە بتوانێت چارەسەر بۆ قەیرانی ئەفغانستان بدۆزێتەوە؛ گی سۆرمان لە ٢١ی ئاب/ ئۆگستی ٢٠٠٩، لە ڕۆژنامەی لو فیگارۆ (Le Figaro)دا پێشنیازی پلانی مارشاڵ بۆ ئەفغانستان دەکات: "وەبەرهێنانی چڕ (...) لە بەرهەمهێنانی وزە، پیشەسازی کشتوکاڵ، میکانیک و چنین". فرەنسا "سۆپەر ڕووناکبیری" هەیە، هەروەکو چۆن ئەمەریکا "سۆپەر پاڵەوانی هەیە". دەتوانین وێنای بێرنارد هێنری لیڤی و سیلڤێستر ستالۆن بۆ چارەسەرکردنی (تسویە) مەسەلەی ئەفغانستان بکەین.

لێرەدا هێندێک بەرهەمی وەرگیراو هەیە، چونکە بێرنارد هێنری لیڤی توێژێکی نوێ لە لێکۆڵینەوە دادەهێنێت، "حەکایەتی لێکۆڵینەوە" کە بۆ تیرۆر کردنی دانیاڵ پێرڵ (Daniel Pearl) تەرخان کراوە، بەبێ هیچ بەڵگە یا بەدواداچوونێک بواری ساغکردنەوەی بۆ دەرەخسێنێت. ئەوەش بە توندی لەلایەن خاتوو پێرڵ ڕەتکرایەوە، هەروەها لەلایەن ئەحمەد ڕەشید-ی ڕۆژنامەوانی پاکستانیش کە بەدڵنیاییەوە شارەزایی باشتری لەسەر تاڵیبان هەیە. گومانی تێدا نییە کە زۆر زەحمەتە بێرنارد هێنری لیڤی لە شەقامەکانی بیشاوەر، لێکۆڵینەوە بکات، بەڵام بەخاتری دەستڕاگەیشتنی بە میدیا، سەرکەوتنەکەی گرەنتیکراوە. تییری ئەردیسۆن (Thierry Ardisson)، بە زۆری لەڕێی بەرنامە کاریگەرەکەیەوە، پروپاگەندەیەکی باش مسۆگەر دەکات، هەروەها بەرنامەکەی کە هەواڵ و ڕابواردن ئاوێتە دەکات، بەشێک لە سەرکەوتنی تییری میسانی گرەنتی کردووە، بەر لەوەی ئەردیسۆن لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو

(CSA)دا ئاگادار بكرێتەوە. ڕووناكبیرانی میدیا دەیانەوێت ببن بە ڕاوێژكاری میر، هێندێک کەڕەتیش لەگەڵ توانای دڵنیابوون لەسەر کارتێکردن، سەرەک کۆمار و وەزیری دەرەوە لە شوبات/ فەبرایەری ۲۰۰۲دا، داوای ڕاپۆرتێکیان لە بێرنارد هێنری لیڤی کرد کە تێیدا باس لەوە بکات چۆن دەشێت شەڕەکە ببرێتەوە. لە ڕاستیدا پەشیمان دەبینەوە لەوەی پۆستی فەرماندەیی گشتی پێنەدرا (بەداخەوە لە پاریس دووری دەخستەوە).

مەرجبەندی قەیران بۆ ڕای گشتی خۆرئاوا ستراتیجی نییە، بەڵكو سیاسییەكی میدیاییە. تۆنی جودت (Tony Gudt)، مێژوونووسی ئەمەریکیی و پسپۆر لە بواری بزووتنەوەی فیکر لە فرەنسا، تێبینی کردووە: "کتێب لەسەر بۆسنە کە زۆرینەی نووسەرەکان شتێکی نوێیان بۆ وتن پێ نییە، بەڵکو دەیانەوێت خۆیان ئەو شتە بڵێن، توخمێکی شانۆگەری پێکدەهێنێت"[153]. دەشێت ئەو شیکردنەوەی بۆ جەنگی بۆسنە خراوەتەڕوو بۆ زۆرێک لە قەیرانەکانی هەنووکە گشتاندنی بۆ بکرێت.

لەو کۆمەڵکوژییە نزیک نەبیتەوە کە پەیوەندی بە منەوە هەیە!

گەلانی ڕەوەند (دیاسپۆرا) دیاردەیەکە بەردەوام زیاد دەکات، ئیدی چ لەڕووی هەمەڕەنگییەوە بێت یا ڕێکخستن. زاراوەی ئیڤ لاکۆست (Yves Lacoste) بۆ ئەو گرووپە تەرخان دەکرێت کە بەهۆی توندوتیژییەوە بە زۆری کۆچ دەکەن، نەک حەزێکی تاکەکەسی بێت بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتر بژێت. یادەوەری بەسوێ پشکی لە پاراستنی ناسنامەی کەسانی دوورە وڵات و ئیرادەی دادوەری هەیە، تەنانەت گەر درەنگیش بکەوێت. پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بەتەنیا ئەم پێناسەیە لەسەر گەلانی ڕەوەند دەهێڵینەوە؟ چونکە ئەو شێوازەی کە ژمارەیەک لە ڕەوەندییەکان پشتی پێدەبەستن، بە بۆچوونی ئێمە، بەشداری دەکات لە دەستنیشانکردنێکی نوێی دوژمنان و گرەوی ئەمجارەش لەسەر جەنگ نییە، بەڵکو لەسەر دەرکەوتنی سیاسییە.

---

[153]- Tony Judt, Un passe imparfail: Les intellectuels en France 1944-1956, pour une histoire du XXeme siècle (Paris: Fayard, 1992), et Liberation, 14 et 15 septembre 1996.

گەلانی ڕەوەند جووت ناسنامەیی دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی، لەلایەکەوە، دان بە دۆخێکیاندا بنرێت، لەلایەکی دی، بۆ ئەوەی کار لە دیبلۆماسیەتی وڵاتە خانەخوێکەدا بکەن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، جوولەکە[١٥٤]، کوبی، ئەرمەن و ئێرلەندییەکان، بەشێوەیەکی گشتی ئەمەریکییەکان، هێڵی بەیەکگەیشتنی نێوان وشەکانن، بۆ نموونە: ئیتاڵییە-ئەمەریکییەکان، ئەفەریقییە-ئەمەریکییەکان و ئیسپانییە- ئەمەریکییەکان.. لە بریتانیا: پاکستانییەکان، خەڵکی دوورگەکانی ئەنتیل، لە ئەڵمانیا: کرواتییەکان، سودیتەکانی (Sudetes) نەوەی ئەڵمانی، ئەوانەی ساڵی ١٩٤٥ لە ئەڵمانیا دەرکران، لە فەرەنسا: جوولەکە، ئەرمەن، خەڵکی دوورگەکانی ئەنتیل و جەزائیرییەکان، لە ئوستراڵیا: دانیشتوانە ڕەسەنەکان (Aborigenes) و کرواتییەکان، لە کەنەدا: نەوەی هیندییەکان و ئەو کرواتییانەی هەوڵ دەدەن ئەو دانپیاهێنانە بەدەستبهێت کە ئەو برسێتییە گەورەیەی دەسەڵاتی ستالینی لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢ بۆ ١٩٣٣ ئەنجامی دا، واتە هۆلدۆمۆر (لەناوبردنی لەڕێی برسی کردن)، بە جینۆساید دابنرێت.

گەلانی ڕەوەند (دیاسپۆرا) کاریگەرییان هەیە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە دیموکراسییانەی پێگەیەکی نێودەوڵەتیان هەیە.

دەسەڵاتی دادوەریی مۆڕاڵی، گرنگی و بەرپرسیاریێتی نوێ بە شەهید دەدەن. هەروەکو تزڤیتان تودۆرۆڤ[١٥٥] (Tzvetan Todorov) ئاماژەی پێدەدا، لێڕوانینی جەنگ لە هۆلۆکست و جەنگەکانی نەمانی کۆلۆنیالیزمەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. بە بۆچوونی ئەو وەرگۆڕانێک لە کۆیادەوەریدا ڕوویداوە. لەمڕۆدا قوربانییە دێرینەکان، نەک پاڵەوانە دێرینەکان، ئەوپەڕی چاودێری دەکرێن و گرنگیان پێدەدرێ. بەپێی تۆدۆرۆڤ، لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە، بەوپەڕی ڕێزەوە باس لە دوورخراوە سیاسییەکان و بەرهەڵستکارەکانی پێشوو دەکرێت، چونکە ئەوان ڕۆڵیکیان گێڕاوە، بۆیە شایستەی ئەوەن لەلایەن نیشتمانەوە سوپاس و قەدرزانی بکرێن. بەزۆری

154- Andre Kaspi, Les juifs americains, Points Histoire (Paris: Le Seuil, 2009).

155- Tzvelan Todorov, La peur des barbares (Paris: Robert Laffont, 2008), p> 94.

بوونی دوورخراوەکان "بەهۆی وابەستەیی ڕەگەزییان"، واتە جوولەکە، نادیدەدەگیران. لەبەر ئەوەی هیچ شتێکیان نەکردووە، بۆیە هۆکارێک نییە قسەیان لەبارەوە بکرێ. دوای سی ساڵ، دۆخەکە ئاوەژوو بووەوە، "سەرنجەکان بەرەو قوربانییەکانی دژەسامیزم ئاراستەیان گرت، بەخاتری ئەوەی بابەتی تاوانێکی گەورەبوون، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. ئەو قوربانیانە هیچ شتێکیان نەکردبوو، بۆیە ئازار و مەینەتییەکانیان زۆر گەورە بوو. ئەم بایەخپێدانە لە ترۆپکی هەرەمی سیمبولییانەی حەکایەتی قوربانیدا دادەنرێت، لەجیاتی ئەوەی گرنگی بە حەکایەتی قارەمانێتی بدرێت، بەوەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گەواهی لەسەر پشتگیریکردنی بیرۆکەی دادوەری دەدات؛ کێ پێیوابێت دەتوانێت شوێنی قوربانییەکە بگرێتەوە، گەر هیوایەکی نەبێت دان بە ناسۆرییەکانیدا دەنرێت و قەرەبوو دەکرێتەوە".

پێویستە تێبینییەکی دی هاودەمی ئەم تێبینییە بکات کە زیاتر میدیاییە و پەیوەندیی بەو سامانە سیاسییەوە هەیە کە سەرکۆنەکردنی کوشتنی بەکۆمەڵ دەیهێنێتە ئاراوە و لەمڕۆدا زۆرێک لە گەلانی ڕەوەند داوای دەکەن، وەک ئەرمەن، ڕەشپێستەکانی دوورگەکانی ئەنتیل و ئۆکرانییەکان و ئەلمانی سودیت... دەکرێ نەوەد شوێن بۆ یادکردنەوەی هۆلۆکۆست[156] لە جیهاندا هەژمار بکرێت کە بیستوپێنجیان لە ویلایەتە یەکگرووەکانە و چوار لە کەنەدا و یەکێک لە ئاسیا (ژاپۆن) و سێ دانەشیان لە ئەمەریکای لاتین. سەرباری ئەوەی تەنیا ئەوروپییەکان جوولەکەیان کوشتوبڕ کردووە، بەڵام جینۆساید بەهایەکی جیهانی پێنەدراوە، ئەمەش ئەو شتەیە کە خۆرئاواییەکان درکی پێناکەن. لە واشنتنی پایەختدا مۆزەخانەیەکی تایبەت بە کولتوری هیندییە سوورەکان هەیە، بەڵام تا ئێستاش مۆزەخانەیەک بۆ کۆیلایەتی نییە، لە نیویۆرک مۆزەخانەیەک بۆ هۆلۆکۆست هەیە، ئەوەش جینۆسایدێکە دەدرێتە پاڵ ئەوروپییەکان، بەڵام یادەتەلارێک (نصب تذکاری) بۆ کوشتنی بەکۆمەڵی هێندییە سوورەکان نییە کە بەتایبەتی جینۆسایدێکی ئەمەریکییە. کوشتنی بەکۆمەڵ ڕێگە بەئەوانی دیکە دەدا وانەی لەسەر بڵێنەوە، بەڵام سەبارەت بە کوشتنە بەکۆمەڵەکانی ئێمە، ئەوا

156– Peter Novick, L'holocauste dans la vie americaine, Bibliotheque des histoires (Paris: Hallimard, 2001).

کارەکە زیاتر ئاڵۆز دەبێت! لەبەر ئەوەی خۆشبەختانە ئەو دیاردەیە زۆر دووبارە نابێتەوە، بۆیە ناوی زۆری لێ دەرهێنراوە، بۆ نموونە، "کوشتنی جوولەکە" (judeocide) بۆ وەسفکردنی هەر کوشتوبڕێکی دژ بە جوولەکە، "کوشتنی ژینگە" (écocide)، سەبارەت بە وێرانکردنی سیستمی ژینگە، "ژنکوژی" (feminicide) بە مەبەستی ئیدانەکردنی سەرکوتکردنی ژن، "کوشتنی کتێب" (libricide) تایبەت بە لەناوبردنی کتێبخانەکان، "کولتورکوژی" (culturicide) و "کوشتنی ئەتنیک" (ethnocide).. ئەم لیستە کەموکورتی تیایە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر، بڕوانە کتێبەکەی جاک سیملان (Jacques Semelin) پاکتاوکردن و وێرانکردن[١٥٧] (Purifier et détruire).

دۆخی قوربانی توخمێکی گرنگ بۆ یەکانگیری گەلانی ڕەوەند پێکدەهێنێت و بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێت: وەسفی یاسایی بۆ کوشتوبڕە ئەسڵییەکە بەو پێیەی تاوانێکە دژ بەمرۆڤایەتی، یا کوشتنی بەکۆمەڵ، دانانی لە بەرنامەی پەروەردەی مێژوودا و تۆمارکردنی بەرگرینامە، ئەگەر لە تواناداد بێت.

یاسایەک هەیە ڕێگە دەدا سزا بەسەر گفتوگۆ و توێژینەوەی مێژووییدا بسەپێنرێت. ئەو یاسایە کاریگەری گەڕانەوەی (ڕەجعی) بۆ پێشتریش هەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی لە یاسای سزادان لە توانا نییە، لە پرسی تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتیدا کە بەتێپەربوونی کات مافەکە بەسەرناچێت، ڕێگە دەدا داخوازی سزایی دژ بەتاوانێک تۆمار بکرێ کە بەنزیکەیی شەش سەدە بەسەر ئەنجامدانیدا تێپەری بێت، ئەگەر بە مێشکی مێژوونووسێکدا هات، هێندێک پێدراوی پەیوەست بە کۆیلایەتی، بە نموونە، ڕەتبکاتەوە. ئەمە جگە لە شەش یاساکە (لە نێویاندا یاسای گایسۆ (Gayssot) لە ١٣ی تەموز/ مایۆی ١٩٩٠دا دەرچووە، یاسای توبیرا (Taubira) تایبەتە بە کۆیلایەتی و لە ١١ی ئایار/ مایۆی ٢٠٠١دا دەرچووە، یاسای ٢٩ی کانونی دووەم، دیسەمبەری ٢٠٠١ تایبەت بە کوشتنی بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکان و یاسای ٢٣ی شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٥ تایبەتە بە

[157]- Jacques Semelin, Purifier et detruire: Usages politiques des massacres et genocides, la couleur des idees (Paris: Le Seuil, 2005), pp. 379-380.

بوونی فرەنسا لە دەرەوەی سنوورەکانی)، بەپێی پیار نۆرا[158] (Pierre Nora)، نزیکەی بیست پرۆژەی یاسا بۆ یادەوەری ڕووداوەکانی مێژوو لە نووسینگەکانی چاودێرانی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەراندا هەیە. هەروەکو ڕێنیە ڕیمۆن (Rene Remond) تێبینی کردووە: "لیستی یاساکانی یادەوەری ڕووداوەکانی مێژوو، زۆر بە باشی ئەو خاتردارییانە ڕوون دەکاتەوە کە بنچینەی تەبەنیکردنیان بوو، لەنێویاندا بەشێوەیەکی بنچینەیی خاترداری هەڵبژاردن کە سووک و بێبایەخ نییە، بەڵکو زیاتر سۆز و هەڵچوون دەخەنەڕوو تا ئەوەی ئەقڵانیی بێت". ئیدی میکانیزمەکە بە جۆشوخرۆشەوە دەست پێدەکات، گەر لە توانادا بێت بگات بە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی دەرئەنجامی میدیاکە زیاتر گرەنتی بکرێت. بەندی ١٥٠ لە دوا دۆکومێنتەکەی کۆنگرەی دوربان دوا دەرخستەی ژمێرەیی لە "زانستی قوربانی"دا پێکدەهێنێت. لێ گەڕێ با حوکم بدەین: "کۆنگرەی وڵاتان بانگەواز بۆ دژایەتی کردنی هەموو فۆرمێک لە فۆرمەکانی ڕەگەزپەرستی دەکات، دانپێنان بە زەرورەتی بەرەنگاربوونەوەی دژەسامیزم، ڕووبەڕووبوونەوەی دژایەتی کردنی عەرەب و ڕقلێبوونەوەی ئیسلام لە سەرتاسەری جیهان"دا. لەبەر ئەوەی میکانیزمەکە دەستی پێکردووە، ئەوا "قڕکردن" لە هەموو شوێنێکدا دەبینین، ئیدی بەوجۆرە بەڵگەنامەی دامەزراندنی (BJP)، حیزبی ناسیونالیستی و ڕەگەزپەرستی هیندۆسی، باس لەو قڕکردنە دەکات کە موسڵمانەکان دەرهەق بە هیندییەکان ئەنجامیان داوە[159].

تەرخانکردنی شوێنێک لە بەرنامەی خوێندندا، واتە دووبارە نووسینەوەی مێژوو لە ڕوانگەی قوربانییەکانەوە "پەیکەرەکان"، هەنگاوێکی گرنگە. هاوتەریبییەکی سەیر و نامۆ دوو یاسا لە یاساکانمان لێکنزیک دەکاتەوە. لە مادەی دووی یاسای توبیرا دا هاتووە: "بەرنامەی پەروەردە و خوێندن و بەرنامەی توێژینەوە لە زانستە مرۆییەکان پێگەیەکی لۆجیکیی شایستە بە کۆیلایەتی دەبەخشێت. هاندان و کۆمەک پێشکەش بەو دەستیارییانە دەکات کە ئەرشیفی نووسراو لە ئەوروپا لەگەڵ سەرچاوەی زارەکی و زانیارییەکانی

---

158 – Pierre Nora et Francoise Chandermagor, Liberte pour l'histoire (Paris: CNRS Edition, 2008).

159– Bharatiya Janata Party, The Party With a Difference, www.bjp.org.

شوێنەوارناسی لە ئەفەریقیا پێکەوە گرێدەدا، هەروەها لە هەر دوو ئەمەریکا و دوورگەکانی کاریبی و هەموو سەرزەمینەکانی دیکەشدا کە ئاشنایەتیان لەگەڵ کۆیلایەتیدا هەبووە". بڕگەی دووەم لە مادەی چوار لە یاسای بوونی فرەنسا لە دەرەوەی سنورەکانیدا هاتووە: "بەرنامەی خوێندن، بەتایبەتی دان دەنێت بە ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی فرەنسا لە دەرەوەی سنوورەکانیدا، بەدیاریکراویش لە ئەفەریقیای باکووردا، پێگەیەکی شایستە بە مێژوو و قوربانیی شەرەڤانانی سوپای فرەنسا دەبەخشێت کە لەو سەرزەمینانەوە هاتوون". ئیدی بەوجۆرە بەپێی ئەو داخوازییەی بە یاساوە پەیوەستە، نەک بە توێژینەوەی مێژوویی، جۆرێک لە مێژوو دادەهێنرێت.

دواجار بارگرانی دامەزراوەیی لە گفتوگۆیەکی گشتیدا ڕاڕەوێکی دانپیانراو بۆ ڕەوەند بەڕووی فەزا سیاسییە گرنگەکە ئاواڵە دەکات کە لە زمانی لوبی نزیک دەبێتەوە. ئەو کۆمپانیا هەرەوەزییە ئەمەریکییە-ئیسرائیلییە کامەیە (AICE) کە لە سایتەکەی خۆیدا ڕایدەگەیەنێت لە کۆی هەر ١٠٠ سیناتۆر کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ١٤یان هەیە و لەسەر ٣١ نوێنەریش لە کۆی ٤٣٥ نوێنەردا (دانیشتوانی جوولەکە ٢٪ لە کۆی دانیشتوانی ئەمەریکا پێکدەهێنن).

ڕەنگە سەرکردەکانی دیاسپۆرا هەوڵ بدەن ڕێ لە هێندێک گفتوگۆ بگرن. لە کاتی دادگایی کردنی کراڤچینکۆ (Kravtchenko)دا، کۆمۆنیستە فرەنسییەکان مارگرێت بوبەر نویمان (Margaret Buber-Neumann)، ڕزگار بوو لە گولاگ و لە ڕاڤنسبروک (Ravensbruck)، هاوسەری سەرکردەی زیندانیکراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی، کاتێک گەواهی لەبارەی گولاگەوە دەدا، بە هاوسەری "هەڵگەڕاوەیەک" وەسف دەکرد. ئەو حوکمەی دادگای تێهەڵچوونەوە لە ٢٧ی ئایار/ مایۆی ٢٠٠٥دا لە ڤەرسای سەپاندنی بەسەر بە ئیدگار مۆران (Edgar Morin)، سۆسیۆلۆجیستی بەناوبانگ، و سامی نایير (Sami Nair) پەرلەمانتاری پێشووی ئەوروپا و دانیال سالْناڤ (Danielle Dallenave)ی ژنە ئەکادیمی و نووسەر دا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕەخنەکردنی ئیسرائیل بە ناوزڕاندنێکی ڕەگەزپەرستانە دادەنرێت.

دواجار ئەو داوایانەی لەبەردەم دادگایە، ئیدی چ تاکەکەسی بێت یا بەکۆمەڵ، ڕێگە بە هێنانەناوەوەی میدیا دەدات. کۆمەڵەی collectifdon (تیمێکە لە

توێژەرانی فرەنسی لە دانیشتوانی دوورگەکان)[160]، داوایان لە ئۆلیڤی پیتەر گرینۆیو (Olivier petre-Grenouilleau)، نووسەری کتێبی بازرگانی کۆیلە[161] (Traites negrieres) کرد، لەبەردەم دادگا ئامادە بێت، ئەوەش بە بیانوویەکی سەرنجڕاکێش کە ناوەرۆکەکەی بریتییە لە: " پیتەر گرینۆیو، بە وتنی بازرگانی کۆیلە ماوەی سیازدە سەدە درێژەی کێشاوە و پێنج کیشوەری گرتۆتەوە، بە ئیرادەوە خۆی لە مۆرکە تایبەتەکەی بازرگانی کۆیلە لەودیو دەریا بەدوورگرتووە، بەوەی پەنای بۆ ڕووماڵی کات و جوگرافییەکی گەورەتر لە ڕووماڵی یاسایی بردووە". گرووپە ڕەشپێستەکانی فرەنسا کارەکەی ئەم مێژوونووسە سەرکۆنە دەکەن؛ چونکە سێ فۆرمەکەی کۆیلایەتی کە ئەفەریقیا بەدەستییەوە ناڵاندویەتی (بازرگانی سێکوچکە، بازرگانی کۆیلە لە ئەفەریقیای خۆرهەڵاتەوە بەرەو جیهانی عەرەبی و بازرگانی کۆیلە لە نێوان وڵاتە ئەفەریقییەکان)، هەمان کاریگەری دیموگرافی هەبووە کە بازرگانی کۆیلایەتیی خۆرئاواییەکانی بێبەها و سوک کردووە. دەبێ دان بەوەدا بنرێت کە کۆیلایەتی ئەوروپیی، بەپێچەوانەی دوو فۆرمەکەی دیکەوە، پشتیوانەیەکی سیاسی لە دیموکراسییەکاندا دەخوڵقێنێت. بۆیە دادخوازییەکە بەرپرسیارییەتێکی جیهانی و هەتاهەتایی دەخوڵقێنێت کە قابیلی ئەوەیە هەمیشە ئارگیومێنت پەیدا بکات. هەر لەو ڕێگەیەشەوە کاری پێکەوەیی (class action) ئەمەریکی هێرشی دەکردە سەر کۆمپانیای شەمەندەفەری نیشتمانیی فرەنسی (SNCF) کە هاوکاریی داگیرکەرە ئەڵمانییەکانیان کردووە بۆ ئەوەی جوولەکە فرەنسییەکان ڕابگوێزێت. دەشێت بەشێوەی تاکەکەسیش بەختی خۆمان تاقیبکەینەوە، هەروەکو ئالان لیپتیز (Alain Lipietz) پەرلەمانتاری حیزبی سەوز، بەناوی بنەماڵەکەیەوە کە ڕاگوێزرابوون، هەمان کاری بەرامبەر کۆمپانیای شەمەندەفەری نیشتمایی فرەنسی کرد.

[160]- تیمێکی ئەم کۆمەڵەیە لە دانیشتوانی دوورگەکانی ئەنتیل و گویانا و ریۆن و ماهوری، لە پێناوی یەکسانی لە مافەکان و دژە جیاکاری تێدەکۆشن کە ڕووبەڕووی نەوەی فرەنسیی کۆلۆنییەکانی دەرەوەی فرەنسا دەبێتەوە.

[161] – Oliver petre- Grenouillau, Les traits negrieres: Essai D'histoire globale, Bibliotheque des histoires (Paris: Gallimard, 2004).

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

ئەو پرسیارەی لێرەدا قووت دەبێتەوە: پەیوەندییەکە بە دروستکردنی دوژمن دەکەوێتە کوێوە، مادامەکی وڵاتە خانەخوێیەکە تەنیا پەیوەندییەکی دووراودووری لەگەڵ کوشتوبڕە دامەزرێنەرەکەدا هەیە؟ کەواتە، سێ ئاستی شیاوی کارکردنمان هەیە: ڕێگە بە ئاشتی نەدرێ، هاوکاری شۆڕش بکرێ و ڕێ لە ئاشتەوایی بگیرێت.

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دۆخی قوربانی لە دۆخی جەنگاوەر گرنگتر بووە. گەر هۆلۆکۆستی جوولەکە مۆرکێکی تایبەتی بە ویستێکی ڕاشکاوانەی لەناوبردنی تەواوەتی میللەتێکەوە هەبێت، ئەوا کوشتوبڕی دیکە یا ڕەفتاری لەنێوبردن هەیە کە شایستەی ئەوەن سەرنجیان بدرێت. بەڵام زەحمەتە گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکرێت و واز لە مێژوونووسان بهێنرێت شیکردنەوە بکەن. کۆمەڵەی ئەرمینیا لە فەرەنسا، دژ بە پێکهێنانی لیژنەی مێژوونووسان ناڕەزایەتییان دەربڕی، هەر چەندە بڕیارەکە لە هەر دوو حکومەتی تورکی و ئەرمینییەوە دەرچوو بوو[١٦٢]. هەروەها ئەڵمانە سودیتەکان هەوڵیان دا گوشار بخەنە سەر حکومەتی کۆماری فیدراڵی تا بە مەرجی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەوانەی ساڵی ١٩٤٥ دەرکرابوون، ڕێگە بە پالاوتنی پراگ بدات بچێتە ڕیزی یەکێتی ئەوروپاوە. درک بە ڕۆڵی بنەرەتی کۆمەڵەی جوولەکەی ئەمەریکاش دەکەین کە ژمارەیەک کارتی براوەیان بەدەستەوە گرتووە، بەوەی لە بەهێزترین وڵاتی جیهاندا جێگیر بوون، لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمەڵەکان کە دەتوانێت قورسایی خۆی بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنە ناوچەییەکاندا هەبێت، ئەمە جگە لە پەیوەندیی بەچارەنووسی ئیسرائیلەوە، بەهەمان ئەندازەی بیرکردنەوەیەتی کە لە ماوەی هۆلۆکۆستدا شکستی هێناوە. بەڵام توندڕەوی حکومەتی ئیسرائیل، لەم ساڵانەی دواییدا، وادەردەکەوێت لێکترازانێکی قووڵی لەگەڵ برا هاوئایینەکانیان لە ئەمەریکا دروست کردبێت.

خۆدزینەوە لە پرسی دووری لە نیشتمان، بزوێنەری کارکردنە، چونکە سەرلەنوێ بوژانەوەی وڵات (دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، سەربەخۆیی ئەرمینیا) گەلانی دیاسپۆرا بە بەرپرسیارێتی خۆی دادەنێت کە بەهۆی جووت وابەستەییانەوە لێکترازاون. کەواتە ئەرکەکەی لە کوێیە؟ کۆمەڵەی جوولەکەی

162– www.Watch, Le Monde (2 octobre 2009).

ئەمەریکی، لەکاتی لە دایکبوونی ئیسرائیلەوە، بەتایبەتی لە جەنگی شەش ڕۆژەوە کە بەهۆی هۆلۆکۆستەوە هەست بە پەشیمانی دەکات، دووبارە خۆی مۆبیلیزە دەکاتەوە. لە فرەنسا، کۆمەڵەی جوولەکەی بە ئەسڵ خۆرهەڵاتی، سەفاردیم، کە لە مەغریبی عەرەبییەوە هاتوون و جینۆسایدیان نەبینیوە، تەنیا لە دوای سەربەخۆی جەزائیرەوە، ئیسرائیلیان ناسیووە، زیدەڕەوییان لە بەجێهێنانی ئەرکە پاڵپشتیکارەکەیان دەکرد. شاڵیتی سەربازی بە ڕەگەز فرەنسی، خزمەتی سەربازی لە سوپای ئیسرائیل "تساهال"دا هەڵبژارد. بەڵام "حەماس" ڕفاندنی و داوای دەکرد بە سەدان زیندانی فەڵەستینی بیگۆڕێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا هیچ کەسێک پشتگیری سەلاح حەموری غیدۆ (Salah Hamouri-Guidoux) ناکات کە هاوڵاتییەکی گەنجی فرەنسییە و لە ١٣ی ئازار/ مارسی ٢٠٠٥دا بە بیانوی هەوڵی هێرشێکی گریمانەیی دەستگیر کراوە و بیستوپێنجاریش دادگاییکردنەکەی دواخراوە. بەڵام سەرباری ئەوەش، دەکرێ نێوان ئەم دوو مەسەلەیە هاوتەریب بکرێت. کۆمەڵەی ئەرمینی، لەبەردەم دیمەنی لە دایکبوونی ئەرمینیای سەربەخۆ، لە ساڵی ١٩٩١دا، لە کاتی ململانێی لەگەڵ ئازەربێجان، بەتایبەتی لە کاتی بوومەلەرزەکەدا، هاوسۆزی خۆی دەربڕی، لە دووریشەوە داوای دەرکردنی یاسایەکی دەکرد، ئیدانەی جینۆساید بکات، ئەوەش بەبێ هیچ مەرجبەندێکی سیاسی سەبارەت بە فرەنسا کە ببێتە مایەی لادانی یاسایی، ئایا مێژوونووسێکی فرەنسی دەتوانێت بەوپەڕی دڵنیاییەوە کار لەسەر بابەتی کوشتوبڕەکانی ساڵی ١٩١٥ بکات؟ دواجار، گەڕانەوەی ناچاری ڕەوەندییەکان لە هێندێک وڵاتی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو، لە هێندێک حاڵەتدا، قەیرانی نێودەوڵەتی لێکەوتەوە. بۆ نموونە، سەرۆک شاکاشڤیلی (Shaakashvili) لە هێرش کردنە سەر ئەبخازیا (Abkhazie) دەستپێشخەری کرد و ڕیسکی لە وەڵامدانەوەی ڕوسی کرد، چونکە پێیوابوو واشنتن ڕێگەی پێنادات.

پێشبڕکێ لە وەرگرتنی دۆخی قوربانیدا ئامادەیی هەیە: پێشینەی کۆمەڵەکانی جوولەکە و دزێوی هۆلۆکۆست، لەسەر ئاستی قوربانییەکاندا، پێشبڕکێی هێنایە ئاراوە. هۆلۆکۆست لە بەرامبەر کارەسات، هۆلۆکست لە بەرامبەر کۆیلایەتی، بازرگانی سێکوچکە لە بەرامبەر کۆیلایەتی نێوان وڵاتە ئەفەریقیی یا ئیسلامییەکان و کارەساتی تورکی لە بەرامبەر جینۆسایدی ئەرمەنی و کارەساتە گەورەکەی یۆناندا. دیودۆنی (Dieudonne) لە ڕێی سەرکۆنەکردنی ئەو

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

"جەنگەی" جوولەکە و دەسەڵاتی زایۆنی دژ بە جیهانی ڕەگەزی پێستڕەش ڕایانگەیاند، تایبەتمەندییەکی ناچیزی بۆ خۆی دروست کرد. هەمان وتەی لە جەزائیری پایتەخت، لە ١٦ی شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٥، لە دەرسوتارێکدا دووبارە کردەوە کە هەمیشە لەسەر بەرپرسیارێتی جوولەکە لە پرسی کۆیلایەتی دەیوتەوە، بێئەوەی هیچ زانیارییەکی مێژوویی جدی هەبێت. یاسای ڕەش (le code noir)، فەرمانێکی پاشایەتییە و ساڵی ١٦٨٥ دەرچووە، بۆ ئەوەی ژیانی کۆیلەی ڕەشپێست لە دوورەگانی فرەنسا ڕێکبخات، لە مادەی یەکەمیدا، بازرگانی کۆیلە لە جوولەکە قەدەغە دەکات، تەنانەت دەرکردنی جوولەکەش لەو دوورگانەی کە تێیدا نیشتەجێ بوون[163]. ئەوەش حەقیقەتێکی مێژووییە بێئەوەی گرنگییەکی لەلای دیودۆنی هەبێت.

بەڵام پرەنسیپی بەرگریکردنی بەکۆمەڵ، پرەنسیپێکی دیکەی گرنگە، چونکە یەکێکە لە مەرجەکانی حەشامەت و کاریگەری لەسەر گفتوگۆی دیموکراسیدا هەیە. دۆخی قوربانی، یا تەنانەت قۆرخکردنیشی بناغەیەکە بۆ ئەوەی قسەکان ئاراستەی "بەرپرسێکی" زیندوو، یا یەکێک لە نەوەکانی بکرێت. سەرنجی ئەوەش دەدرێ تا گرنگی کوشتوبڕ یا جینۆساید گەورەتر بێت، بواری بەرپرسیارییەت فراوانتر دەبێت. ئیدی لەو ساتەوەختەوە، گفتوگۆیەکی بەراوردکاری سەریهەڵدا کە تێیدا قورسایی سیاسی و میدیایی دیاسپۆرا دیاری دەکات، بۆ نموونە، ئایا هۆڵۆکست خەسڵەتێکی "بێهاوتای" هەیە؟ ئایا کۆیلایەتی سێکوچکە کە ئەوروپا ڕێکیدەخات مەترسی لە کۆیلایەتی نێوان وڵاتانی ئەفەریقیا، یا کۆیلایەتی ئیسلامی کە لە بیابانی ئەفەریقیای باشوور، یا ئەفەریقیای خۆرهەڵات پراکتیزەی کردووە، زیاترە یا کەمترە؟ لە واقیعدا وادیارە داواکاری هێندێک کۆمەڵەی ڕەشپێستەکان لەوجۆرە پێشبڕکێیە دەچێت کە تیشک دەخاتە لەسەر نەریت. موسڵمانە فرەنسییەکان لە جیاتی ئەوەی لەو توندڕەوانە دوور بکەنەوە کە بەهۆکاری ئایینی داوای هەڵاوێرد لە یاسای کۆماری دەکەن، کەچی بە بەردەوامی بەدحاڵیبوونەکە دەقۆزنەوە، بگرە ئەندێشەی "ئیسلامفۆبیا"

163- Cite par: Pascal Bruckner, La tyrannie de la penitence: Essai sur le masochisme en Occident, Essai litteraire (Paris: Grasset, 2006), p. 181.

(l’islamophobie)یان داهێنا کە ئامادەیی لە گفتوگۆ گشتییەکاندا هاوتای ئامادەیی تومەتی دژەسامیزمە.

ئامانج لە وەبیرهێنانەوەی کوشتبڕەکانی ڕابردوو، ئەفراندنی قەرزێکە ڕەهەندێکی جیهانی و هەتاهەتایی هەبێت. گەلانی ئاسیا -چینی و هیندی- بۆیان زەحمەتە دەربارەی بازرگانیکردن بە کۆیلە و بازرگانی سێکوچکە، یا هۆلۆکۆست هەست بە بەرپرسیاریێتی بکەن، هەروەها بۆ خۆرئاواییەکانیش زەحمەتە لەهەمبەر ئەو کوشتبڕەی گرووپە چینییەکە ڕووبەڕووی بووەوە لە ئیندونیسیا، هەست بە بەرپرسیاریێتی بکەن. ئەو یاسایانەی تایبەتە بەو ڕووداوە مێژووییانەی کە هێدی هێدی بە هۆی گەلانی ڕەوەندەوە سەپێنران، پرسی زۆر زەحمەتن، بە تایبەتی کاتێک وڵاتێکی کۆلۆنیکراو داوا لە وڵاتێکی کۆلۆنیالیست دەکات دان بە کوشتنی بەکۆمەڵ یا چەندین جینۆسایدی مرۆیی یا کولتورییدا بنێت، هەروەکو جەزائیر بە بەردەوامی بەرامبەر بە فرەنسا ئەو کارە دەکات.

قوربانین، نەک دوژمن

"سەبارەت بەو کەسانەی لە ڕێکخراوە مرۆییەکاندا کار دەکەن، پێشبینیکردنی مەترسی قەیرانێک تەنیا لەڕێی توندییەکەوە دەکەن، نەک ڕەهەندەکەی. لەڕووی پرەنسیپەوە بەرپرسیاریێتی مرۆیی، بەشێوەیەکی جیهانی پراکتیزە دەکرێ. پرەنسیپەکانی وادەخوازێت هەر مەینەتییەک لە هەر کوێیەک ڕوویدا بێت، وەڵامدانەوەی هەبێت، ناشزانین لەبەر چی هۆیەک پێویستە ئەم وەڵامدانەوەیە بە کاری زلهێزەکانی جیهانەوە ببەسترێتەوە یا نەبەسترێتەوە. هەر پۆلێنکردنێکی جوگرافی جۆرێک لە جیاکاری ناپەسەند پێکدەهێنێت، بەپێچەوانەی بەرپرسیاریێتی سیاسی کە دەکەوێتە بوارێکی تایبەتەوە". ڕۆنی براومان (Rony Brauman) لە ساڵی ١٩٩٩دا ئەمەی نوسیووە[١٦٤].

برۆنۆ جۆشۆم (Bruno Jochum)، لێپرسراوی بەرنامەی سۆماڵ لە ڕێکخراوی "پزیشکانی بێسنوور"، لقی سویسرا، ساڵی ٢٠٠٩، سەرنجی ئەمەی

164- Rony Brauman, “Les dilemmes de l’action humanitaire dans les camps des refugies et les transferts de populations,” dans: J. Moore, Des Choix difficiles: Essai sur les dilemmes moraux de l’action hummanitaire, NRF Essais (Paris: Gallimard, 1999), pp. 250-251.

خوارەوەی داوە: "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەر لە دە ساڵ و لەو دەمەی شکستی هێنا لە سۆماڵ نزیک بێتەوە، لە هاوکاریکردنی گەلاندا دەستبەرداری هەموو بەرخوازییەکانی بوو، تەماشای شوێنێکی دیکەی دەکرد". سۆماڵ ئەو شوێنەی ئەندێشەی "سیستمی نوێی جیهانی" ڕۆژگارێک کە ناوێکی هەبوو، دەستی پێکرد و کۆتایی هات. هیچ کەسێک قسە ناکات لەسەر گەلی سۆماڵ و ئەو دۆخەی ژیانی تێدا دەگوزەرێنێت، نەک لەبەر ئەوەی دۆخەکە باشتر بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەمڕۆدا هیچ کەسێک نییە قسە لە مەینەتییەکانی ئەو گەلە بکات، جگە لە چەند خۆبەخشێک کە بە بەردەوامی هاوکاری نەخۆشە دەستکورتەکان دەکەن. لە هیچ شوێنێکی دیکەدا کەلێنێکی گەورەتر نییە لە نێوان واقیعی پێداویستییەکان و ئەو هاوکارییە مرۆییەی بەفیعلی پێشکەش دەکرێن".

بەراوردکردنی ئەم دوو وتەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تا ڕادەیەک هەوڵەکانی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا هاتووە و چۆن وروژاندنی میدیایی لە ماوەی چل ساڵدا، بە تایبەتی لە دوای ١٩٩١ەوە لە کەمی داوە. پێمانوایە کارمەندانی بواری مرۆیی لەمڕۆدا نزیکترین بکەرن لە واقیعی قەیرانەکان و مەینەتی خەڵکی و کولتورەکانیان. لەبەر ئەوەی تەنیا گرنگی بە قوربانییەکان دەدەن، بۆیە لە ڕوانگەی ئارگیومێنتە ستراتیجییەکان یا پەیوەندییەکانی هێز لە ململانێکان ناڕوانن. ئەوان یەکەم کەسن دەگەنە شوێنی قەیرانەکە، بۆیە هەر ئەوان "دەبینن" و پێیان دەوترێت ئەنگلۆسەکسۆنییەکان (bystanders)، چونکە شایەتحاڵن، نەک بکەر. بۆ ئەوەی پشتگیری بکرێیت، بەلانیکەمەوە لەلایەن بەخشەرە کەسییەکانەوە، پێویستە لەسەر ڕێکخراوە نا حکومییەکان لەڕێی قوربانییەکانەوە، هەڵچوون و وروژاندن بخوڵقێنن، هەر چەندە دەشێت قابلییەتی بە هەڵمبوونی دیدگاکەش گەورە بێت، هەروەکو نموونەکەی سۆماڵ ڕوونیدەکاتەوە. قەیرانی بیافرا جەماوەری خۆرئاوای وروژاند، چونکە قەیرانێکی دامەزرێنەر بوو کە گەمژەیی و نەگریسیی دیبلۆماسییەتی زلهێزەکانی سەلماند. پزیشکەکانی فەرەنسا (French doctors) هاوکاری و دەستیارییان گەیاندە قوربانییەکانی ئیگبۆ (igbos) بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی نەگریسی دیبلۆماسییەتی پاریس ببنەوە کە بێلایەنی فەرمی بەرامبەر لایەنەکان پیشان دەدا. لە ئاکامی ململانێکەوە ملیۆنێک بۆ دوو ملیۆن بە هۆی گەمارۆدانەوە بوون بە قوربانی. "بێ-سنوورەکان" (san frontierisme) پشتیوانەیەکی ئەخلاقی ئەوتۆیان هەیە کە دەوڵەتەکان ئەو

پشتیوانییەیان نییە. بە مەبەستی گەیشتن بە شوێنی ململانێکە، ڕێکخراوە ناحکومییەکان سوود لە بێلایەنییان وەردەگرن و هەموو قوربانییەکان بەبێ جیاوازی چارەسەر دەکەن. کاریگەری بەرگریکردن لە خەڵکە برسییەکەی بیافرا لەسەر ڕای خۆرئاوا گەورە بوو؛ کارمەندانی بواری مرۆیی وشەی "دڕەندە"یان بۆ دەسەڵاتدارانی نەیجیریا بەکارنەهێنا کە بەرپرسیاری گەمارۆ کوشندەکە بوون. ئیدی بەوجۆرە کاری مرۆڤدۆستان بە پەنهانی شەڕەنگیز دیاری دەکات. لەبەر ئەوەی گەواهییەکانیان هێندێک "ژاوەژاو" دروست دەکات، ئیدی دەتوانێت -بەحەق یا ناهەق- کاریگەری لەسەر دیدێک هەبێت و دیموکراسییەکان هان بدات پەرچەکردار بنوێنن. وتە بەهێزەکانی هەر یەک لە بێرنارد کۆشنێر و فیلیپ دۆست بلازی (Philippe Douste-Blazy) کە هەر دووکیان لەو دەمەدا پزیشکی مرۆڤدوست بوون، ڕای گشتی لەسەر برسێتی بیافرا وروژاند و یارمەتی بەلەمی کۆچبەرە ڤێتنامییەکان (Boat people)یشان دا. هەمان شت لە سەرەتای کوشتنی بەکۆمەڵ لە ڕوانداش ڕوویدا، بەوەی وەزارەتی دەرەوە چاوپۆشی دەکرد، چونکە نیگەران بوو لەوەی توڕەیی سەرۆکایەتی کۆمار بوروژێنێت[١٦٥].

ئەندێشەی "بێ-سنوور" (san frontierisme)، لەگەڵ زیاد لە شەست ڕێکخراوی ناحکومی کە تا ئەمڕۆش هەمان ناونیشانیان هەڵگرتووە، سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەیان بەدیهێناوە، ئەویش لەو دەسپێکەی کە ئامانجی مرۆییان بەلاوە گرنگە، بەڵام دوژمن بە مەبەستی هاندانی جەنگ، ڕێگە نادات هاوکارییە مرۆییەکە بە ئامانجی خۆی بگات، یا بەلاڕێیدا دەبات. دەبێ دوژمن، بۆ ئەوەی بێزاری نەوروژێنێت، پەیوەندییەکی دوژمنکارانەی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕای گشتی خۆرئاوادا نەبێت. هێدی هێدی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بوون بە لایەنێکی قەیرانەکە، پاشان مەرجبەندی جەنگاوەرەکان، هەروەکو جان کریستۆف ڕوفین[١٦٦] (Jean-Christophe Rufin) لە نووسینەکانیدا ڕوونی کردۆتەوە. پێشتر لە ئەسیوبیا ئەو هاوکارییەی بە پاڵپشتییەکی زۆری ئاهەنگە

---

[١٦٥] - باڵیۆزی فرەنسا لە کیغالی (Kigali) کوشتوبڕەکەی بە دەنگۆوەسف دەکرد.

[166]- Jean Christophe Rufin et Francois Jean, Economie des guerres civiles, Pluriel (Paris: Hachette, 1996.

گەورەکانی میوزیک کۆکرابوونەوە، لەلایەن ڕژێمە کۆمۆنیستەکەی کۆلۆنێل مەنگیستو (Mengistu) بەلاڕێدا بران، بۆ ئەوەی بەشێک لە دانیشتوان بە تەواوەتی دەربەدەر بکات. پاشان لە کاتی داگیرکردنی کەمبۆدیا لەلایەن ڤێتنامەوە، خمێر ڕوژ (Khmer Rouge)، هاوکارییەکانی دەقۆزتەوە تا ئەو کەمپانە کۆنترۆڵ بکات کە لە تایلەند دروست کرابوون. سەرباری سەرکۆنەکردنی بکەرێک بەوەی ڕێ نەدات هاوکاری بە قوربانییەکان بگات، ئەوا لە هێندێک حاڵەتدا زۆر زەحمەتە دوژمن ئیدانە نەکرێت؛ لە ڕواندا، جینۆساید لە پێش چاویاندا ئەنجام دەدرا[١٦٧].

لە گۆلمەزێکی دیکەدا، گومانبردن کاتێک دەستپێدەکات کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان هاوکاری پێشکەش بە دانیشتوانێک بکەن لەگەڵ ئەو مۆتیڤە باشانە یا شەڕەنگێزانە یەکنەگرێتەوە کە لە لایەن ڕای گشتییەوە بە قوربانی دادەنرێن، وەک ئەوانەی ڕێوشوێنی مافیایانە دەگرنەبەر (چیچان، جەنگەکانی کۆنگۆ، کۆسۆڤۆ)، یا بە کردەی تیرۆریستانەوە تێوەگلاون. ئەمە کێشەی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییە ئیسلامییانەشە کە دەیانەوێت یارمەتی دانیشتوانە موسڵمانەکان بدەن. ڕاپرسییەکەی ڕۆژنامەی لاکروا (La Croix) لە ٣٠ی ئایار/ مایۆی ٢٠١٠دا، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە گەورەترین دە ڕێکخراوی ناحکومیی فرەنسی لە ریزەبەندیکردنی ئەو قەیرانانەی مایەی نیگەرانین تەنیا یەکجار باسی فەڵەستینیان کردووە، ئەمە لە کاتێکدا کۆنگۆ بۆ چەندین کەڕەت پێشەنگی گرتووە. هەر جارەی ڕێکخراوێکی ناحکومی -بەتایبەتی ئەگەر ئیسلامی بێت- ڕایبگەیەنێت گرنگی بە فەڵەستینییەکان دەدا، بە یارمەتیدانی تیرۆر تۆمەتبار دەکرێت، بۆ نموونە، ئەو دوو ڕێکخراوە تورکییە ناحکومییەی (CBSP) و (IHH) بەشداریان لە هەڵمەتی "کەشتی ئازادی"دا کرد، تا گەمارۆی سەر غەزە بشکێنن، بەڵام هێزی دەریایی ئیسرائیل ڕێگەی لێ گرتن.

چەمکی "دەستتێوەردانی مرۆیی" کاتێک دەرکەوت کە جەنگاوەرەکان ڕێگەیان نەدا مرۆڤدۆستەکان بچنە هێندێک ناوچەی ململانێئامێزەوە. ئەم چەمکە هەر یەک لە ماریۆ بیتاتی (Mario Bettati) و بێرنارد کۆشنەر بە بۆنەی قەیرانی سۆماڵەوە

[167]- Brauman, Devant le mal: Rwanda, un genocide en direct (Paris: Arlea, 1994).

پێشنیازیان کرد، ئەوەش دەرگای لەبەردەم بە سەربازیکردنی هاوکارییەکان ئاواڵەکرد کە وڵاتە دیموکراسییەکان تێیدا نغرۆ بوون. شکۆی کردەی مرۆیی وڵاتانی والێکرد کاروبارەکان تێکەڵ بکەن، بگرە کردەی مرۆڤدۆستانەیان وەک ئامرازێکی هێز و توانا بەکارهێنا. کینیدی ئەو کارەکەی لەگەڵ تیمەکانی ئاشتی (peace corp)دا کرد. بۆ نموونە، ئەندرۆ س. ناتسیۆس (Andrew S. Natsios)، بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID)، ساڵی ٢٠٠٣، بەرگری لە هاوکاریکردنی جیهانی سێیەم[١٦٨] دەکرد، کاتێک وتی ئەو کارە بۆ دیبلۆماسییەتی ئەمەریکا سوودی هەیە. تۆنی بلێر، سەرەک وەزیرانی بریتانیا، زۆر بە ناشیرینی وشەی: "بۆمب و نانی" دەوتەوە، بەوەش تێکەڵەیەکی لە کردەی سەربازی و مرۆیی لە ئەفغانستان کورت دەکردەوە. هێندێک ڕێکخراوی ناحکومی بوون بە ڕووپۆشی کاری دیبلۆماسی نێودەوڵەتی (ڕێکخراوە ناحکومییە ئەمریکییە ڕەنگاڵەکان لە چواردەوری یەکێتی سۆڤێتی پێشوودا). بەستنەوەی هاوکاری مرۆیی بە هێزی سەربازی زیانێکی گەورە بە بێلایەنی دەگەیەنێت و بەئامانجگرتن (ڕفاندن، دەستدرێژی، هەڵگوتانەسەر کەمپەکان) لەلایەن یەکێک لە شەڕکەرەکان دەهێنێتە ئاراوە. ژمارەی کارمەندە مرۆڤدۆستەکان، ئەوانەی لەکاتی کارکردندا ژیانیان لە دەستداوە سێ بەرابەر زیادی کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٩دا لە ٣٠ کەسەوە بۆ ١٠٢ بەرز بووەوە، ژمارەی ڕفێنراوەکانیش لە ٢٠ کەسەوە بۆ ٩٢ کەس بەرز بووەوە. لە تەموز/ یۆلیۆی ٢٠١٠دا کەشتییە بچووکە سیاسییە-مرۆییەکە کە هەوڵی دەدا یارمەتی مرۆیی بگەیەنێت بە غەزە، لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە هێرشی کرایەسەر و نۆ قوربانی لێکەوتەوە. دوای مانگێک، دە کارمەندی ڕێکخراوێکی ناحکومی ئەمەریکی زۆر خوێنساردانە لە ئەفغانستان کوژران. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا، گومان لە پاڵنەرە ڕاستەقینەکەیان هەبوو، ئەوەش ڕاڤەکردنێک بوو کە جەلادەکان بۆ پاساهێنانەوەی کردەی توندوتیژی دەیانهێنایەوە. دەوترا کەشتییە بچووکە تورکییەکە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومییە ئیسلامییەکانەوە ڕاسپێردرابوون، بەڵام جارێکی دی، ئایا دەشێت هاوکاری گەلێکی کڵۆکی موسڵمان بکرێ، بێئەوەی گومان لە هاوکاری تیرۆریستەکان

168- Voir htpp://pdf.usaid.gov/pdf_docs.

نەکری؟ لە بەرامبەریشدا، ئایا ڕێکخراوێکی ناحکومی مەسیحی، هەر چۆنێک بێت، لە وڵاتێکی موسڵماندا هەیە؟ ئەگەر بۆ بانگەوازیش بێت، ئایا ئەوە تاوانە؟

ئیدی بەوجۆرە، ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە تێپەربوونی کات، بوون بە ڕادروستکار و دەتوانن لە هێندێک قەیراندا کە مەرجبەندی ستراتیجییان تێدا نییە، لە ڕێی بەرگریکردن لە قوربانییەکان، بەشداری لە دیاریکردنی دوژمندا بکەن. جوگرافیاکەی بۆ دوژمن، جوگرافی کردەی ئەو توندوتیژییانەیە کە ڕای گشتی وەک خۆی وەریاندەگرێت و هەڵگری هێندێک خەسڵەتی مرۆیی و میدیاییە، وەک وێنە، قوربانییە بینراو و بەرجەستەکان، دوژمنی ستەمکار و چەپەڵ و ململانێیەک قابیلی تێگەیشتن بێت.

دووەم سوپای جیهان دوژمنی نییە

لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئۆپراسیۆنی سەربازی بەبێ دوژمن داهێناوە. کاروبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان گەلێک زۆرن کە کڵاو شینەکان بەمەبەستی پاراستن و گێڕانەوەی ئاشتی، بگرە سەپاندنیشی لە جیهاندا بەڕێوەی دەبەن. کاروبارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی جەنگی سارد دا ئیفلیج بوون، بەڵام لەو دەمەوە ئامادەیە بڵێت: "چی چالاکییەکە!". لە ماوەی دە ساڵدا، ژمارەی سەرباز و پۆلیسی نەتەوە یەکگرتووەکان (سەرباز و مەدەنی و هێزی پۆلیس) کە بە نزیکەیی بەشداریان لە پەنجا ئۆپراسیۆن کردووە، لە ٢٠٠٠٠ بۆ ١١٦٠٠٠ کەس بەرز بۆتەوە. ئیدی لەو دەمەوە، سوپای نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوای سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، دووەم پلەی لەنێو سوپا بڵاوەپێکراوەکانی جیهاندا گرتووە. لە ماوەی دەیەیەکدا، بودجەی گشتی ئەو پازدە ئۆپراسیۆنەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئێستادا ئەنجامی دەدا، لە ٨٤٠ ملیۆن دۆلارەوە بۆ نزیکەی هەشت ملیار دۆلار بەرز بۆتەوە. کارێکی سانا نییە ئەم ستراتیجییە سەربازییە بۆ هەمیشە بەبێ دوژمن بمێنێتەوە؛ سەربازە کڵاو شینەکانی بە بەردەوامی ڕووبەڕووی کوشتن دەبنەوە، لە سەراییڤۆ (٨٤ سەربازی فەرەنسی)، مەقەدیشۆ (١٧ سەربازی ئەمەریکی)؛ هەروەها لە کیگالیش لە ساتەوەختی جینۆساید لە ڕواندا، دە پەرەشووتوانی بەلجیکی بەوپەڕی خوێنساردییەوە کوژران.

دوژمنی میدیایی لە ڕێی بەشەیتانیکردن زیاتر ئامادەیی هەیە، نەک لەڕێی هەڕەشە ستراتیجییەکەیەوە. ڕای گشتی لەبارەی قەیرانێکەوە لەسەر بنەمای پرەنسیپە ئەخلاقییەکان مۆبیلێزە دەکرێت کە ڕووناکبیر یا نوێنەرانی ڕەوەندییەکان جاڕی بۆ دەدەن. بەڵام هێندێک جار شۆڕشی میللەتێکی داگیرکراو کە بەرەنگاری داگیرکەر دەبێتەوە، ڕووناکبیران و ڕەوەندەکان لەیەک جیادەکاتەوە. دەشێت ئاماژە بە کردەی تیرۆریستی و کوشتوبڕی خەڵکانی مەدەنی بدرێت کە هەر یەک لەو دوو کەمپە ئەنجامی دەدەن. لە دۆخی فەڵەستیندا، بە بەردەوامی تیرۆر سەرکۆنە دەکرێت. بەڵام سەبارەت بە چیچان کە لە ژێردەستی سۆڤێتە، زۆر ئاسانە خودی شرۆڤەکاران ئیدانەی دڕندەیی داگیرکەر بکەن، لەجیاتی ئەوەی ئیدانەی کردەی تیرۆر بکەن. حەقیقەت کارێکی ڕێژەییە...

بێرنارد هێنری لیڤی: "فەڵەستینیەکان لە حەماس ڕزگار بکەن"

هەڵبژاردەیەک لەو هەواڵەی لە ٨ی کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠١٠دا لە گۆڤاری لوپوان (Le Point) بڵاوبۆتەوە.

"لەبەر ئەوەی شارەزاییم لە بواری سەربازیدا نییە، بۆیە حوکم نادەم لەسەر ئەوەی داخۆ دەتوانرا ئیسرائیل بەشێوەیەکی وردتر بۆردومانی غەزەی بکردایە و ئەوەندەش توند نەبوایە (...). بەدڵنیاییەوە وێنەی منداڵە کوژراوەکانی فەڵەستین زۆر کاریان تێکردووم. کەواتە، پاڵپشت بەو زریانە شێتانەیەی کە وادیارە هێندێک میدیای گرتۆتەوە، ئەمجارەش وەکو هەموو جارەکان بابەتەکە بەئیسرائیلەوە پەیوەستە، لەبەر ئەوە پێویستە باس لە هێندێک فاکت بکەم.

١- لە جیهاندا جگە لە ئیسرائیل، هیچ حکومەت و وڵاتێک نییە کە ڕووبەڕووی سوکایەتی پێکردن و جنێودان و بەشەیتانیکردن بووبێتەوە، بتوانێت بەرگەی هەزاران موشەک بگرێت کە ساڵانێکی دوورودرێژە بەسەر شارەکانیدا دەبارێت. ئەوەی لەم پرسەدا زۆر سەرنجڕاکێشە و هەر بەڕاستی بابەتێکی سەرسوورهێنەرە، "دڕندەیی" ئیسرائیل نییە، بەڵکو -بەمانای وشە- دان بەخۆداگرتنێتی لەو ماوە دوورودرێژەدا.

٢- کەمی ژمارەی کوژراوەکانی دەستی کەتیبەکانی قەسامی سەر بە حەماس (...) و ڕۆکێتەکانی گراد، ئەوە ناسەلمێنێت کە ئەو ڕۆکێتانە دەستکردی ناوخۆیە و

مەترسی نییە.. بەڵکو ئەوە دەسەلمێنێت کە ئیسرائیلییەکان خۆیان دەپارێزن و لە ژێرزەمینی خانووەکان و پەناگەکاندا دەژین: ژیانێکی مۆتەکەئاسا، ژیانێک دەرگیری زەنگی ئاگادارکردنەوە و دەنگی تەقینەوەکانە؛ من چووم بۆ سیدرۆت (Sderot) و دەزانم باس لە چی دەکەم.

٣- زۆری ژمارەی قوربانییەکان بە هۆی ڕۆکێتەکانی ئیسرائیلەوە، بەو مانایە نییە، هەروەکو خۆپیشاندەران پڕ بەدەم هاوار دەکەن (...) ئیسرائیل بەدەستی ئەنقەست "کوشتارگە" دەخولقێنێت، بەڵکو سەرانی غەزە ڕەفتارێکی دژبەیەکیان هەڵبژارد و گەلەکەیان وەک قەڵغانی مرۆیی، ئەوەش تەکتیکێکی کۆنە، ڕووبەڕووی مەترسی دەکەنەوە، بەوەی نێوەندی سەرکردایەتی و کۆگاکانی چەک و ژوورە قایمەکانیان لە ژێرزەمینی بیناکان و نەخۆشخانە و قوتابخانە و مزگەوتەکاندا داناوە، ئەوەش کاریگەرە، بەڵام قێزەونە.

٤- هەر چۆنێک بێت، لە نێوان ڕەفتاری ئەم لایەن و ئەو لایەنەدا، جیاوازییەکی سەرەکیی هەیە (...)؛ فەڵەستینییەکان تەقە لە شارەکان دەکەن، واتە لە مەدەنییەکان (ئەمەش لە یاسای نێودەوڵەتیدا پێی دەوترێت "تاوانی جەنگ")، بەڵام ئیسرائیلییەکان ئامانجە سەربازییەکان بە ئامانجدەگرن و بەبێ خواستی خۆیان، زەرەر و زیانێکی زۆری مەدەنی لێدەکەویتەوە (ئەوەش لە زمانی جەنگدا پێی دەوترێت "زیانی لاوەکی" و ئاماژە بە ناچوونیەکی ستراتیجی و ئەخلاقی ڕاستەقینە دەکات).

٥- یەکەکانی سوپای ئیسرائیل بە بەردەوامی پەیوەندییان (ڕۆژنامەی ئەنگلۆسەکسۆنی باس ١٠٠٠٠٠ پەیوەندی دەکات) بەو خەڵکانەی غەزەوە دەکرد کە لە نزیک هەر ئامانجێکی سەربازی نیشتەجێ بوون، داوایان لێ دەکردن، شوێنەکانیان جێبهێڵن (...).

٦- بەڵام سەبارەت بەو گەمارۆ تەواوە ناودارەی بەسەر گەلێکدا سەپێنراوە و برسی کراوە و هیچ شتێکی نییە و ڕووبەڕووی قەیرانێکی مرۆیی بێوێنە بۆتەوە (بەوشێوەیە)، ئەمەش (...) لەڕووی پراکتیکییەوە دروست نییە، چونکە کاروانە مرۆییەکان تا سەرەتای هێرشە وشکانییەکە بەردەوام بوو، بەپێی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، لە خاڵی پەرینەوەی کەرەم شالۆم دا، تەنیا ڕۆژی ٢ی کانونی دووەم/ یەنایەر، ٩٠ بارهەڵگری پڕ لە خۆراک و دەرمان پەریونەتەوە، هەر بۆ وەبیرهێنانەوەش دەڵێم (...)، نەخۆشخانەکانی ئیسرائیل، هێشتا (...) ڕۆژانە بریندارە فەڵەستینییەکان وەردەگرن و چارەسەریان پێدەدەن.

هیواخوازین ئەم شەڕە بەخێرایی کۆتایی بێت. هیواخوازین شرۆڤەکاران زووبەزوو هۆشیان بێتەوە. ئینجا بۆیان ئاشکرا دەبێت کە ئیسرائیل بەدرێژایی ئەو ساڵانە هەڵەی زۆری کردووە (دەرفەتە لەکیسچووەکان، ڕەتکردنەوەی داواکارییە نیشتمانییەکانی فەڵەستین بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بڕیاری یەکلایەنە)، بەڵام خراپترین دووژمنی فەڵەستینییەکان، ئەو سەرکردە توندڕەوانەن کە هەرگیز ئاشتیان نەویستووە (...)".

بۆ وەبیرهێنانەوە: ئۆپراسیۆنی کاست لید (الرصاص المصبوب)، کوژرانی ١٤ ئیسرائیلی و ١٤٠٠ فەڵەستینی لێکەوتەوە.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوە کلێشەکارییەدا، پێویستە ئەو پرسیارە بکرێ: ئایندەی مەزەندەکراوی هەر دوژمنێکی ناسنامە دیاریکراو چی دەبێت؟

وادیارە جەنگەکانی سنوور کە بەسەر دوژمنە نزیکەکاندا جێبەجێ دەبێت، هەمیشە لە یەکێک لە ناوچە دووردەستەکانی جیهاندا وەک شیمانەیەک دەمێنێتەوە. بەڵام پەنابردن بۆ دادگای نێودەوڵەتی تەنانەت بۆ قۆشمەچییەکی دیبلۆماسی وەک سەرهەنگ قەزافیش، بووە بە کارێکی یاسایی.

جەنگ بەنوێنەرایەتی کردن کە نەیارەکان لەسەر ئەم ئەستێرەیە جیادەکاتەوە، ئەوانی دی والیدەکات بەشداری لە ململانێیەکەدا بکەن کە خۆیان ناتوانن یا نایانەوێت ڕاستەوخۆ ئەنجامی بدەن، ئەوەش دەرئەنجامی جیۆسیاسییەکە لەگەڵ سەلیقەی ئەم سەردەمەدا ناگونجێت. بەڵام دەشێت بگەڕێتەوە، کاتێک بەیجین و واشنتن بە قۆناغێکی ڕکەبەرایەتی تەواو دەگەن. ئیدی دەشێت ئەوروپییەکان بیر لە بەرژەوەندی ستراتیجی ڕاستەقینەی خۆیان بکەنەوە.

جەنگە ناوخۆیەکان کە کوشتوبڕ دەکەنە چەکێکی جەنگ، بەئەگەرێکی زۆر سیناریۆی ساڵانی ئایندەیە. کیشوەری ئەفەریقیا، وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی و وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤێتی پێشوو و ناوچەکانی سنووری جیۆسیاسی، بەجۆرێک کە هەر گرووپێک ئاسایشی تایبەت بەخۆی لە ڕێی میلیشییا تایبەتەوە دابین دەکات، خەزنەیەکە پڕە لەمجۆرە ململانێیە.

جەنگی سەرکوتکردن کە لە پشت دیمەنەکەوە بەرامبەر گەلانی داگیرکراو بەردەوام دەبێت، لە حاڵێکدا نەبێتە مایەی کوشتنی بەکۆمەڵ، دەتوانێت ڕای گشتی

وڵاتە دیموکراسییە گەورەکان بوروژێنرێت. ئۆپراسیۆنی کاست لید سنووری دەستپێشخەرییە ئاساییەکانی هاودەنگی ڕوون دەکاتەوە، کاتێک دڕندەیی هێندێک سنوور تێدەپەڕێنێت.

"جەنگی هەمەلایەنەی دژ بەتیرۆر و دژ بە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژ" بە پێودانگی ئەمەریکای زلهێز، داهێنانێکی ستراتیجی بوو. سەرکەوتنی ئاهەنگی حیزبی چای (Tea parties) و نەبوونی کولتورێکی جیهانی لەلای سارە پالین (Sarah Palin)، هانمان دەدا بیر لەوە بکەینەوە کە گەڕانەوەی بڕیاری تاکلایەنە، ڕەنگە بەتەواوەتی لە واشنتن بەلاوەنرابێت. نائومێدی سەربازانی خۆرئاوا لە بەغداد و کابول، وادەکات جەنگی تاکلایەنە کەمتر پێشبینی بکرێ. لەڕێی هاندان لەسەر هاوکاری و هاودەنگی (لەگەڵ هاوپەیمانان) جۆرێک لە جەنگ هاتە ئاراوە و جەنگی عێراقیش نیوەی ئەورووپای خستە نێو هاوپەیمانییەکی ٤٣ دەوڵەتییەوە، کە هێندێک کات دانیشتوانەکەیان نازانن بەغداد دەکەوێتە کوێوە. بەڵام ئەو حەشامەتەی بە پەرۆشی جەنگ لەکن جۆرج بوشی کوڕ فریو درابوو، هەر لەو کاتەوە کاردانەوەیەکی ژیوەری (حیوی) هەبوو.

جەنگی ئایدیۆلۆجی لەمڕۆدا بیچمی جەنگی ئایینی وەردەگرێت، مادامەکی ڕژێمە تۆتالیتارە عەلمانییەکان بەردەوامییان هەیە. ئەو حەکایەتە نوێیەی جاڕی سەرکەوتنێکی تەواوەتی لە جەنگێکی بێکۆتاییدا دەدات، ئایندەیەکی گەشی دەبێت. ئەو ڕادیکاڵییانە دەیجوڵێنن کە هەموو ئایینەکانی گرتۆتەوە بۆ ئەوەی تۆڕێک لە هاوکاری بخوڵقێنێت کە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ دابەشبەندی وڵاتانی ئەم هەسارەی ئێمەدا نەبێت. چارەسەری سەربازییانەی بزوتنەوە توندڕەوەکان لەو جەنگانەی تۆڕەکانی هاوکاری سنوور تێدەپەڕێنێت لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی وڵاتێکدا، هەڵەیەکی ستراتیجیی سەرەکی ئەو وڵاتانە پێکدەهێنێت.

تیۆرەی پیلانگێڕی بۆتە دامەزراوەیەکی بازرگانی کە ئینتەرنێت بڵندگۆیەکی بەرهەند جیهانی پێدەبەخشێت. ئەوەش پەتایەکی گەورەی ئیندیمیکە (مستوطن) کە لە پەتای جیهانی ئاژەڵان دەچێت، لە سوچێکی ئەم ئەستێرەیە دەزێت و بەخێرایی ئینتەرنێت لە دەوری ڤایرۆسێکی گۆڕاودا بڵاو دەبێتەوە.

هەواڵ و ئیشتیهای ئەو یاریکەرە سەرەکییانەی پێشتر باسمان لێوەکردوون، بە بەردەوامی بە دوژمنی میدیایی جۆش دەدا.

ئەم دوا دوو نموونەیەی دوژمنسازی سیناریۆگەلێک پێشکەش دەکات کە کەمتر مایەی نیگەرانین، چونکە قەیرانی جدی دەهێننە ئاراوە، بەڵام لەڕووی جوگرافیاوە سنووردارن.

لەبەر ئەوەی دوژمن خزمەتگوزارییەکی زۆر پێشکەش بە ژیانی نێودەوڵەتی دەکات، بۆیە بە ئەگەرێکی زۆر میکانیزمە جۆراجۆرەکان کە لە سەرەوە شیکاریمان بۆ کردوون، لە بەرهەمهێنانی دوژمندا بەردەوام دەبێت. ئایا ئەمەش شتێکی حەتمییە؟ ئایا دەتوانین دوژمن لەبەریەکهەڵوەشێنینەوە؟

MHF
MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەرگی سێیەم
لێکهەڵوەشانەوەی دوژمن

دوای یەکەم جەنگی جیهانی - بۆ ماوەیەک پێی دەوترا "جەنگی گەورە"، بەر لەوەی پەی بەوە بەرین کە لەسەر ئاستی شەڕەکاندا دەمانتوانی زۆر لەوە باشتر بکەین- سەرکەوتووەکان دەیانویست "ئەڵمانیا باجەکەی بدات"، بێئەوەی گرنگی بە بەرپرسیارێتی تایبەتی خۆیان بدەن لە هەڵایسانی ئاگری ململانێکەدا، ئەوەش ڕووکردێکی کلاسیکیی لایەنی سەرکەوتووە. لە هەمان کاتیشدا، سەرکۆنەی جەنگ دەکرا بە دروشمی "هەرگیز ئەوە دووبارە نابێتەوە!". هەوڵ درا هانا بۆ ڕێکەوتنی برایند-کیلۆگ (Brian-Kellog) ببرێت بۆ ئەوەی بەتەواوەتی قەدەغە بکرێ، ئەمە لە کاتێکدا سەرچاوەی ململانێیەکی تازە هێشتا لە ئارادا بوو.

لە دوای دووەم جەنگی جیهانی لە نیوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٥دا، هاوپەیمانان هەوڵیان دا وڵاتە پەیوەندیدارەکان باجەکەی نەدەن، بەڵکو بەرپرسە نازییەکان و فەرماندە سەربازییەکانی ژاپۆن لەڕێی دادگاکانی نۆرمبێرگ و تۆکیۆوە باجەکەی بدەن. بۆ یەکەمجار نێوان دوژمن و وڵاتەکەی جیاکرایەوە.

پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگە بە جەنگی دەستدرێژیکارانە نادات و دان بە ڕەوایەتی مافی بەرگری لەخۆکردندا دەنێت، بەوەش پێمانوابوو میکانیزمێکی بەکۆمەڵمان داهێناوە کە دەتوانێت جڵەوی جەنگ بکات و سەرکۆنەی هێرشکەریش بکات. بەڵام بە بەخشینی مافی ڤیتۆ لە ئەنجوومەنی ئاسایش بە سەرکەوتووەکانی جەنگی جیهانی دووەم، ئەو میکانیزمە پەکخرا. هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، زیاد لە پەنجاو پێنج جەنگ و دەستوەردانی چەکدارانەیان ئەنجام داوە، بێ ئەوەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەو دەسەڵاتەیان پێدرابێت (باس لە کودەتاکان نەکراوە). کەواتە کارەکە پەیوەستە بە قەدەغەکردنی جەنگ لەڕێی ڤیتۆوە، بەڵام لە ئەوانی دیکە قەدەغە دەکرێت.

پاشان بەهاتنەئارای جەنگی سارد هەر دوو بلۆکەکە سڕ کرا و تەمی ئایدیۆلۆجییەکی درێژخایەنیش هەسارەکەی داپۆشی. هیچ پرسیارێک لەبارەی میکانیزمەکانی دوژمنسازییەوە لە ئارادا نەبوو، چونکە هەر دوو یاریکەرە گەورەکە بواری بیرکردنەوەی ستراتیجییان داگیر کردبوو. تەنیا جەنگی

نەهێشتنی کۆلۆنیالیزم ڕێکخستنە باشەکەی نێوەندەکانی توێژینەوە و بیرکردنەوەی لێخن کرد: کۆمۆنیستەکان خەباتی ڤێتنامییەکانیان بەرێوەدەبرد، نەک خەباتی جەزائیرییەکان. تیتۆ ململانێی لەگەڵ مۆسکۆ دەکرد، پاریس ململانێی لەگەڵ واشنتن دەکرد، چ پشێوی و بێسەروبەرییەکە! هیچ هەوڵێکی جدی نەدەدرا بۆ ئەوەی دەستدرێژیکاران دەستنیشان و سزا بدرێن و دوژمن لەبەریەکهەڵوەشێتەوە. ئەو پاراستنە درۆزنانەی پێشبڕکێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا فەراهەمی کردبوو، هەموو میکانیزمێکی بۆ دادوەری نێودەوڵەتی کپ کرد. جەنگی کەنداو کە دژ بە سەدام حسێن هەڵگیرسا، جڵەوی بۆ میکانیزمەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی شل کرد، کوشتوبڕی شەڕی ناوخۆ لە یۆگسلاڤیا پرسی دادوەری نێودەوڵەتی و سزادانی تاوانبارانی کوشتنی بەکۆمەڵی هێنایەوە سەر باسوخواس.

هەوڵەکانی لێکهەڵوەشانەوەی دوژمن، بە بێسەروبەرەیی پەرەیسەند، هەر چەندە بە پرۆسە هاوچەرخە هەرە مۆدێرنەکانیش هەژمار دەکرێت، ئیدی چ لەسەر ئاستی نیشتمانی بێت، یا هەرێمایەتی یا نێودەوڵەتی. کەواتە با هەوڵ بدەین، دوا دەرئەنجام دابنێین.

بەر لە هەموو شتێک، ئایا دەکرێ بەبێ دوژمن ژیان بکەین؟ ئەگەر وەڵامەکەی بە بەڵێ بێت، ئەوا چۆن دەتوانین دوژمن لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتیدا لەبەریەکهەڵوەشێنینەوە؟ ئەو مۆدێلی ململانێ دیاریکراوانە چین کە بشێت سەرچاوەکانی لێکبترازێنین؟

بەشی چواردەهەم

ژیان بەبێ دوژمنی دەوڵەت: سەختە، وەلێ شیاوە

داننان بە بەرپرسیارێتی و پەشیمانی دا

ویلی برانت (Willy Brandt)، ڕاوێژکاری ئەڵمانیای فیدراڵی، لە ٧ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٧٠دا، لەبەردەم وێرانییەکانی گیتۆ وارسۆ بەچۆکدا هات. لە واقیعدا لە ساڵی ١٩٤٥ەوە پەشیمانی لە ناشیرینییەکانی ململانێ، تەنیا لە ئەڵمانیا ڕاستەقینە بووە، هیچ نەتەوەیەکی دیکە پراکتیزەی نەکردووە. بەڵام داوای لێبوردن کە شێوەیەکە لە شێوە سووکەکانی پەشیمانی (تۆبەکردن)، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.

پەیماننامەی ئەلیزیە لە ٢٢ی کانونی دووەم/ یەنایەری ١٩٦٣دا، سەلماندی کە ئاشتەوایی لە نێوان دوژمنانی میراتی، لە دوای سێ جەنگی کاولکارانەدا مومکین دەبێت. دەشێت کەم تا زۆر پرۆسەیەکی ئاشتەوایی هاوشێوە دەست پێبکات، لە حاڵێکدا ڕوسیای پۆتین دان بە بەرپرسیارێتی کوشتوبڕی کاتین دا بنێت کە بەهۆیەوە ١٤٠٠٠ ئەفسەر و کادری پۆڵەندی گیانیان لەدەستدا، ئەوەش دەرگا لەبەردەم پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ پۆڵەندا ئاواڵە دەکات. گەر لە تواناندا بێت قسە لەسەر گەلێکی شەهید بکرێ، ئەوا ئەم گەلەیە، چونکە مێژووی هاوچەرخی وڵاتێک بەستراوەتەوە بەو داگیرکاری و خیانەتە جۆراوجۆرانەی مۆسکۆ، ساڵی ١٩٣٩، لەڕێی ڕێکەوتننامەی ئەڵمانی-سۆڤیتی، ئەنجامی داوە، لەگەڵ داگیرکردنی وڵاتەکە و دابەشکردنی لە ساڵی ١٩٤٠دا، کوشتوبڕی کاتین، یاخیبوونەکەی ساڵی ١٩٤٤ وارسۆ لە کەنارەکەی دیکەی ڕووباری ڤیستوڵ (Vistule) دژ بە سوپای سوور، کودەتا کۆمۆنیستییەکەی ساڵی ١٩٤٥، درۆ بەردەوامەکانی حیزبە کۆمۆنیستە بەیەکاچووەکان و کودەتاکەی ماریشاڵ جارۆزلسکی (Jaruselski) کە لایەن مۆسکۆوە پاڵپشتی دەکرا. هێشتا بەشێک لە پۆڵەندییەکان گومانیان لە هەوڵەکانی مۆسکۆ هەیە کە لەڕێی پیشاندانی فیلمی کاتین لە دەرهێنانی ئەندریە فایدا (Andrzej Wajda) لە کەناڵی تەلەفزیۆنی فەرمی ڕوسیا، ئەرشیفەکان بکرێنەوە و ڕاستییەکانی ڕوسیا بخرێنەڕوو. بەڵام هەروەکو مارسن ڤیوجیشۆفیسکی (Marcin Wojciechowski)، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیری پۆڵەندی، خاوەنی خەڵاتی ئاشتەوایی پۆلەندی-

ئۆكرانی، دەڵێت؛ "مێژووی هەر دەیەیەک، بگرە تەنانەت هەر سەدەیەکیش دەرفەتێکی لەوجۆرە دەرەخسێنێت. ئەم ڕاستیە شایانی ئەوەیە تا ئاستی جارسبوون لە پۆلەندا و ڕوسیا دووبارە بێتەوە"[١٦٩]. ئاشتەوایی لەگەڵ ئەڵمانیا لە دوای کەوتنی ڕژێمی کۆمۆنیزم ئەنجام درا، کە بەدرێژایی مێژوو یەکێک بووە لە داگیرکارانی پۆڵەندا، باجەکەشی ئەوە بوو کە ئەڵمانیای فیدراڵی دان بە هێڵی ئۆدەر-نیسی (Oder-Neisse)دا بنێت. کەواتە چاوەڕوانی چی دەکەن؟..

گوتاری تاکلایەنە بۆ لێکهەڵوەشانەوەی دوژمن

ئەوە چارەسەرێکە دەشێت لە هەموو کاتێکدا پراکتیزە بکرێ، بەڵام ئایا دوژمنە پێشوەختە دیاریکراوەکان قاییل دەکات؟ هەڵویستەکانی سەرۆک ئۆباما بەراورد بە هەڵوێستەکانی سەرۆکەکەی پێش خۆی بە تەواوەتی لە ڕێی هێندێک لێدوان و بەڵگەنامەی ستراتیجییەوە جیاواز بوو. ئۆباما لە ٤ی حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠٠٩دا لە قاهیرە وتی "دەیەوێت ئیسلام بکات بە هاوبەشێک دژ بە توندڕەوی" کە زیاتر موسڵمانەکان دەکوژێ تا خۆرئاواییەکان. لە بەڵگەنامەیەکی ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەییدا کە لە ٢٧ی ئایار/ مایۆی ٢٠١٠دا بڵاوبووەوە، ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە پێویستە بەڕێوەبردنی جیهان بەهاوبەشی و بەفرەجەمسەری بێت. بەر لەوەش بە ماوەیەکی کەم لە نیسان/ ئەیپرڵی ٢٠١٠دا، لە گۆڤاری (Nuclear Posture Review)دا داوای جیهانێکی بێ چەکی ئەتۆمی دەکرد. کەواتە ئەوەش تا ڕادەیەک "ڕاپۆرتی کۆنگرەی بیستەم"ە، لەسەر شێوازی ئەمەریکی کە تێیدا خرۆچۆف سەرکۆنەی کردەوە خراپەکانی سەرۆکەکەی پێش خۆی (ستالین) دەکات. بە هەر حاڵ، ئەم دیبلۆماسییەتە نوێیە هاوواتای ئیرادەی لێکنزیبوونەوە و لێکتێگەیشتنی نالۆجیکیانەی سەرۆک ئۆباما نییە، بەڵکو ڕاستترە بڵێین پەیوەندییەکە لەگەڵ جیهانێکدا جەنگ وەک دوا چارەسەر هەڵاوێرد ناکات، بەڵام وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی دۆزەکە ڕەتیدەکاتەوە. بیرۆکەی ئەو پۆلیسە تەقلیدییەی حەز بە کارەکەی ناکات (reluctant sherif) و لەلای ڕیچارد هاس خۆشەویستە، لە ڕاستیدا هەر ڕاستگۆ نییە و لە کارەکەیدا تەقلیدیی و نیگەرانە و زیاتر لەگەڵ وێنەی ئەو پۆلیسە دەگونجێت کە پەیوەندی بە جۆرج بوشی

169- Georges Mink, “Le crash de Smolensk a reveille les demons russo-polonais,” Liberation (28 Juillet 2010).

کورەوە هەیە. بەڵام ئایا هەر بەڕاستی جەنگی ئەفغانستان و جەنگی عێراق، دوا بیرکردنەوەی خۆرئاوا دیاری دەکات کە ڕێگە بەخۆی دەدا ئاشتی لەسەر ئەستێرەکە بە ئامرازی سەربازی پایەدار بکات، هەروەها لەڕێی ئەرکگەلێکەوە بێ ئەوەی مەرجبەندییەکی ستراتیجی ڕاستەقینەی لەسەر ئاسایش هەبێت؟ لە واقیعدا ئەمڕۆ سەبارەت بە "ڕەتکردنەوەی دەستپێڕاگەیشتن"، نیگەرانییەک لە نێوەندەکانی بیرکردنەوەی خۆرئاوا و ئەوروپادا هەیە، واتە ئەستەمبوونی دەستوەردانی سوپای خۆرئاوا لە هێندێک پنتی گۆی زەویدا[١٧٠]. ئایا ئەوەش پەیامێکی ئەوروپایە کە توانای هەیە هێزی چەکدار ڕەوانەی هەموو شوێنێک بکات؟ دەتوانرێت ئەوە بوترێت کە لە ئێستادا بیرۆکەیەکی ستراتیجی ئەوروپی بە مانای تەواوەتی وشە بوونی نییە[١٧١].

گۆڕینی گوتار شێوازێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئەوەی گرنگی بە هەڵوەشانەوەی دەستدرێژییەک بدرێت. بەڵام ئەو پەیوەندییانەی کە هێوڕ بوونەتەوە، بەتێپەربوونی کات لەڕێی پەیوەندییە سیاسییەکانەوە زیاتر لە لێدوان دەچنرێن، بۆیە پێویستە مرۆڤ پاڵپشتییەکی بەهێزی میللەتەکەی هەبێت. جووڵەی حیزبی چای کە بریتییە لە دەرکەوتنی پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، سنووری ئەو دیبلۆماسییە نوێیەی ئەمەریکا دەردەخات.

ئاشتەوایی زەحمەتترە، وەلێ کاریگەرترە

کاتی داوای لێبوردن هاتووە، سەردانی پاپا بۆ کرواتیا لە ساڵی ٢٠٠٣دا و پاشان دوای چەند هەفتەیەک ژمارەیەک سەردانی مێژوویی بەدواداهات بۆ بانیالۆکا لە قەوارەی سربیا لە بۆسنە و هەرزەگۆڤینا، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا داوای لێبوردن بۆ ئەو تاوانانە بکات کە کاسۆلیک لە کاتی جەنگی یۆگسلاڤیادا ئەنجامی داوە. ئەو گۆڕانە لە هەڵویستدا بەڵگەیە لەسەر ئاساییکردنەوەیەکی بنەڕەتی بۆ پێگەی کڵێسە کە بەزۆری ڕانەهاتووە دان بە هەڵەکانیدا بنێت. بەڵام هەوڵەکە

[170]– Crontin Brustlein, “vers la fin de la projection de forces?,” Parades operationnelles et perspectives politiques, Focus strategique europeenne,” Le Monde diplomatique (novembre 2009).

[171]– P. Conesa, “Quelle reflexion europeenne,” Le Monde diplomatique (novembre 2009).

بێوێنە بوو، چونکە ئایینە باڵادەستەکانی دیکە پێداگری لەسەر گوتاری شەهادەت و شەهیدەکان دەکەن. بەڵام گۆڕان بەرەو باشتر ڕێ لە بەدحاڵیبوون و ناڕوونی ناگرێت. خودی پاپا یۆحەنا پۆڵسی دووەم (Jean-pull 11) لەکاتی دووەم سەردانی بۆ کرواتیا، لە پایزی ١٩٩٨دا، کاردیناڵ ئەلویزیۆس ستیپیناک (Alojzije Stepinac)ی پیرۆز کرد کە دوای دووەم جەنگی جیهانی بە ماوەیەکی کەم لە شوێنی بەزۆرنیشتەجێبوونەکەیدا کۆچی دوایی کرد. ئایا "بەهۆی کۆمۆنیزمەوە شەهیدە"، یا "هاریکار"ی ڕژێمی ئیوستاشی لایەنگری نازیزم بووە؟

بریتانیا، دوای سی و هەشت ساڵ، یەکەم هەنگاوی نا، ئەوەیش لە ڕێی ڕاپۆرتێکی لیکۆڵینەوە دەربارەی یەک شەممەی خوێناوی[١٧٢] کە تێیدا ١٤ خۆپێشاندەری کاسۆلیکی زۆر خوێنساردانە لە ٣٠ی کانونی یەکەم/ یەنایەری ١٩٧٢دا لە لەندەندێری بە دەستی سوپای بریتانیا کوژران. داڤید کامیرۆن (David Cameron) لە حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠١٠دا لەبەردەم ئەنجوومەنی گشتی دا داوای لێبوردنی کرد. بەڵام تورکەکان بە کاروانەکە ڕانەگەیشتن، چونکە سەرەتا بڕیاریان دا لیژنەیەکی تێکەڵاو لە مێژوونووسان لەگەڵ ئەرمینیا پێکبهێنن کە گرنگی بە بابەتی جینۆسایدی ساڵی ١٩١٥ بدات.

لە بەرامبەریشدا، هەرگیز ژاپۆن ڕازی نەبووە، پراکتیزەی خودئەندێشەیی بکات و بەرامبەر بە دراوسێ ئاسیاییەکانی دان بە بەرپرسیارێتیدا بنێت، هەروەها فرەنساش هەنگاوێکی لەوجۆرەی بەرامبەر بە جەزائیر[١٧٣] نەنا کە داوای ئەو هەڵوێستەی لێدەکات. باڵیۆزی فرەنسا لە جەزائیر لە یادی شەست ساڵەی کۆمەڵکوژی ستێف دا، قسەی لەسەر تراجیدیایەک دەکرد کە مایەی لێبوردن نییە. ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمان هەڵوێستی ژاپۆن و فرەنسای دەرهەق بە ڤێتنام گرتەبەر... لە پێواری (غیاب) دەسپێشخەری گشتی بەو ئاراستەیە، میکانیزمەکانی درێژەدان بە دوژمنایەتی بەردەوام دەبێت، هەروەکو ئەو

172- Bloody Sunday Report www.guardian. Co.uk.

173- L. Bucaille, “Exiger des excuses de France,” Raison publique (mai 2009).

مشتومڕە ڕوونیدەکاتەوە کە دەربارەی فیلمی لە دەرەوەی یاسا (Hors la loi) لە فرەنسا، یا رامبۆ ٢ (Rambo 2) لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئارادایە.

چی بکرێت بۆ ئەوەی لە جەنگی یادەوەرییەکان ڕزگارمان بێت؟ تێپەڕاندنی کارێکی سانا نییە، بەتایبەتی کاتێک سەربووردەکان دژبەیەک دەبن. گۆڕینی شوێنی یادەتەلاری "نصب التذكاري" سەربازی سۆڤێتی، ساڵی ٢٠٠٨، لە ئەستۆنیا، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تا چەند کارەکە زەحمەت و دژوارە. ماریک تام[١٧٤] (Marek Tamm)، مێژوونووس و ڕۆژنامەوانی ئەستونی دەڵێت: "سەبارەت بە ئەستوونییە ڕەسەنەکان، نازیزم چوار ساڵ بوو، بەڵام کۆمۆنیزم پەنجا ساڵ بوو". بەپێچەوانەشەوە، سەبارەت بەو ڕوسییانەی لە دوای کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆرییەت لە شوێنی خۆیان مانەوە، ئەوانەی هێشتا ڕێژەی ٢٠ – ٣٠٪ دانیشتوانە خۆجێییەکە پێکدەهێنن، ئەو یادەتەلارە سیمبولی ئەو مەینەتییانەیە کە وەسف ناکرێن و بۆ تێکشکاندنی نازییەت چەشتوویانە. بەڵام سەبارەت بە ئەستۆنییەکان، گەڕانەوەی سوپای سوور لە ساڵی ١٩٤٤دا، بە داگیرکارییەکی نوێ دادەنێن، کەچی بۆ ڕووسەکان مانای ڕزگارکردن دەگەیەنێت. چۆن نێوان ئەو دوو یادەوەرییە دەگونجێنرێت؟

ئیدی لێرەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دووبارە ئەو بەڵگە تەقلیدییانە زیندوو دەکەنەوە کە پەیوەستن بە دروستکردنی دوژمنەوە: چاپەمەنییە ڕوسیزمانەکان باس لەوە دەکەن کە ئەستۆنییەکان پێشوازییان لە ئەڵمانە داگیرکەرەکان کردووە و بەتیمەکانی ڕێکخراوی فافن (SS(Waffe-SS هاوکارییان کردوون. بەکورتی: "فاشیزم دەگەڕێتەوە". هەروەها ئەو چاپەمەنییانە باس لەوە دەکەن کە ئەستۆنیا هیچ تایبەتمەندییەکی نییە، چونکە هەمان ئەو زەبروزەنگەی ستالین بەر ئەستۆنیا کەوتووە، بەر هەموو کەمایەتییەکانی دیکەی ئیمپراتۆرەکە کەوتووە و ڕوسەکانیش زۆر زیاتریان بەرکەوتووە. هەمان پاساو بۆ ئۆکرانییەکانیش دەهێنرێتەوە، ئەوانەی دەیانەوێت وەک جینۆساید دان بە هۆلۆدۆمۆر دا بنرێت. بەڵام ڕۆژنامەی ڕوسی ئەوەیان وەبیردەهێننەوە کە ئەوانیش هەمان مەینەتییان چێشتووە. دواجار، ئایا یادەتەلار بۆ ئاهەنگی سەرکەوتن دانراوە یا یادکردنەوەی

---

174 – Le Monde (18 et 19 octobre 2009).

مردووەکان؟ لە ڕاستیدا کارێکی زۆر ئاڵۆزە کتێبی خوێندنی مێژوو لە پرۆگرامی خوێندکارانی ئەستۆنیا دەربهێنرێت.

دەربازبوون لە ناکۆکییەکانی سنوور

لە ماوەی دوو دەیەی دواییدا، پەنجاوپێنج کێشەی ململانێی سنوور بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر کراون، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە بەکارهێنانی جەنگ وەک ئامرازێک بۆ سنوورکێشان لە پاشەکشێدایە. سنووری ئیدارەی پێشو بەنزیکەیی لە دوولەسەرسێی ئەو کەیسانەی پەیوەستن بە ململانێکانەوە و سێلەسەرچواری حاڵەتەکانیش دابەشبوونی ئاشتییانەیان پەسەند کردووە، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی جەنگ بەبێ سوود هەڵگیرساوە.

جیهان لە دوای داڕوخانی یەکێتی سۆڤێتەوە، گەورەترین بزوتنەوەی دەوڵەتسازی نوێ و سنوورکێشانی نوێی لە پەیماننامەی ڤەرسای بەخۆیەوە بینیوە (چیکوسلۆڤاکیا و حەڤدە دەوڵەت لە لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێتەوە دروست بوون). هەموو شتێک بە ڕێگەییەکی ئاشتییانە و زۆربەی جاریش لە ڕێی گفتوگۆوە بەڕێوەچوو، جگە لە هێندێک حاڵەتی ململانێئامێز (یۆگسلاڤیا و قۆقاز). لە ئەمڕۆدا، ململانێکانی سنوور لەسەر ئاستی جیهاندا وەک سیناریۆیەکی ناجەنگی دەردەکەون. لە نێوان ٢٢ی ئایار/ مایۆی ١٩٤٧ تا ١٠ی ئاب/ ئۆگستی ٢٠١٠دا، سەد و چل و نۆ کێشە لە خشتەی دۆسییەکانی دادگای دادوەری نێودەوڵەتی لە لاهای تۆمار کراون و لە نێو ئەو شازدە دۆسییەی لە ساڵی ٢٠١٠دا هەڵپەسێردران، تەنیا شەش کەیسیان پەیوەندییان بە مەسەلەی سنوورەوە هەبوو.

یەکێتی ئەورووپا: قەوارەیەکی بێ دوژمن

دووانەی فەرەنسی–ئەڵمانی لە دوای ئاشتەوایی، وەک بزوێنەری بیناکردنی یەکێتی ئەورووپا کاریان دەکرد و لە جۆرێک لە "تەنە فڕیوەکانی سیاسەتێکی نادیاریکراو" دەچوو کە لەسەر سازان و گواستنەوەی مافەکانی موڵکداری، یا میراتی بونیاتنرابێت، بە تایبەتیش قەوارەیەکی بێ دوژمن بوو. کردنەوەی سنوور لە چوارچێوەی شینگن (Schengen)دا پێدراوەکانی گۆڕی؛ لە ئێستادا سنووری سەرەکی فەرەنسا فرۆکەخانەی ڕۆیسی چارلز دیگۆلە، بۆیە لەم

حاڵەتەدا زۆر زەحمەتە بیر لە ململانێی سنوور بکرێتەوە. خێرا پەیوەندیکردنی وڵاتانی کۆمۆنیستی پێشوو بە فەزای ئاشتی و گەشەی ئابوریی یەکێتی ئەورووپا، مانای خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانە دەخوازن هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا، ئەندامێتی لە هاوپەیمانی ناتۆدا زامن بکەن. هەروەها لە زۆر بۆنەدا، بەهای یەکێتی ئەوروپا لە ئاشتیسازیدا سەلمێنراوە. چەندین نموونەش لەسەر ئەوە هەیە، وەک دانپیانانی ئەڵمانیا بە هێڵی ئۆدیر-نیسی، پەیماننامەی تیمیشوارا (Timisoara)ی تایبەت بە مافی کەمایەتییەکانی هەنگاریا لە ڕۆمانیا و دانان بە سەرجەم ئەو سنوورە نێودەوڵەتییانەی لە ساڵی ١٩٤٥دا کێشراون.

ئەمڕۆ ئەورووپا، بەوپێیەی قەوارەیەکی بێ دوژمنە، هەوڵ دەدا دیدگای خۆی بۆ بەرگری دیاری و پێناسە بکات. ئەوەش یەکێکە لە قورسترین پراکتیزەکان. بەڵام یەکێتی ئەورووپا بەدەست زۆرێک لە کۆسپی درێژخایەنەوە دەناڵێنێت، لەوانە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، لە بازاری هاوبەشدا ئەندامن کە تێکەڵەیەکی نایەکانگیر و نایەکسانە لە سیاسەتی بەرگری و ئاسایشدا. هەروەها هێندێک وڵات سیاسەتەکەی بەرامبەر بە واشنتن لە چوارچێوەی پەیمانی ئەتڵانتیکدا دیاری دەکات و هێندێک ئەندامی یەکێتی ئەورووپاش بە بێلایەنی دەمێننەوە: دواجار، ئەوانی دی پێیانوایە دەبێ ئەرکی پەیمانی ئەتڵانتیک لەڕووی سەربازی و جوگرافییەوە سنووردار بێت. کەواتە شڵەژانێک هەیە لە نێوان ئەورووپای بەرگری و بەرگریکردن لە ئەورووپا کە هێندێک وڵات بەبێ هاوبەندییەکی بونیادی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەئەستەمی دەزانن، بەوەش دوژمنگەلێکیان بە میراتی بۆ دەمێنێتەوە کە واشنتن دەستنیشانی کردوون. تەقینەوەی ئەورووپا بەرامبەر بە جەنگی عێراق کە زۆریک لە وڵاتانی ئەورووپا بەناوی هاوکاریکردنی ترانز ئەتڵانتیکەوە بەشداری تێدا کردووە، ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکی سەرەکییە کە ئەورووپای بەرگری بەریدەکەوێت. هەروەها دەستوەردانی سەربازی بۆ پاڵپشتی کردن لە یاخیبووەکانی لیبیا، دابەشبوونێکی دیکەی لە ئەورووپای بەرگریدا خستەڕوو.

یەکێتی ئەورووپا شتێکی سیاسی نادیاریکراوە (OPNI) (لەسەر کێشی تەنە فڕیوە نادیاریکراوەکان "OVNI")، ئایا دەشێت بەرگرییەکی هاوبەش بەبێ دوژمن بونیاد بنرێت؟ ئەوەش زۆر قورسە و ئەم حاڵەتە بەبێ هاوتایی دەمێنێتەوە.

یەکێتی ئاشتی لە جیهانی عەرەبی، لە ئەفەریقیای ڕەشپێست، ئەمەریکای لاتین و لە ئاسیادا، هەوڵێکی زۆریان بۆ درا، بەڵام وەک یەکێتی ئەوروپا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

میکانیزمی دیکە بۆ هەڵوەشانەوەی دوژمن هەیە، لە هەمووشی داهێنەرانەتر پرۆسەی نیشتمانی بۆ قوتاربوون لە شەڕی ناوخۆ بوو، ئەوەش تا ڕادەیەک بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە کە توانی بەسەپاندنی ڕێساگەلێکی دادپەروەرانە، لە میکانیزمەکانی تۆڵەسەندنەوە کەم بکاتەوە.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی پازدەهەم

قوتاربوون لە شەڕی ناوخۆ: لەبیرکردن، لێبووردن، دادوەری

"هیچ کەسێک بۆی نییە لەسەر ڕابردووی خۆی لێپرسینەوە لە خەڵکانی دی بکات، ئیدی چ دەرهەق بە سی یا دە، یا یازدە ستەمکارەکە بێت، یا دەرهەق بە حوکمڕانە کۆنەکانی پیرایۆس. تەنانەت دەرهەق بەو کەسانەش کە حیسابی خزمەتەکەیان داوە". بڕگەکانی ئەم لێبووردنە گشتییە ڕێگە نادات هیچ کەسێک ڕابردوو بەسزای لە سێدارەدان وەبیربهێنێتەوە، لە فرمانی تراسیپۆلس کە ساڵی ٤٠٣ پێش زایینی ڕاگەیەنرا، کۆتایی بە جەنگی پیلۆپۆنیز هێنا و سنوورێکی بۆ سی زۆردارەکە دانا (ئەرستۆ، دەستوری ئەسینییەکان XXXIX,٦). بۆیە بابەتی لێبووردەیی و لەبیرکردن بەتەواوەتی شتێکی نوێ نییە.

وازهێنانی یەکلایەنە لە توندوتیژی و لەبیرکردن

ئەوەش لەکاتی شەڕی ناوخۆدا ئاسانترین ڕێگەیە بۆ هەڵوەشاندنەوە، بەڵام دەرئەنجامی ناچیزی لێکەوتۆتەوە. بەگوێری جێری ئادامس (Jerry Adams)، سوپای ڕزگاریبەخشی ئێرلەندا (IRA) و بزوتنەوەی (M19) لە کۆلۆمبیا بەکاریانهێناوە، بەڵام توپامارۆس کە بزوتنەوەیەکی شەڕی پارتیزانییە لە ئۆرۆگوای بەکارینەهێنا. بزوتنەوەی ئیتا (ETA) بۆ ڕزگاری باسک ئەوەندەی دەتوانێت بکوژێت، پراکتیزەی دەکات. هێندێک وڵات بەبێ هیچ یاسایەک لەبیرکردنیان پەسەند کردووە، بۆ نموونە، مەغریب، بۆ لەگۆڕنانی ساڵە ڕەشەکانی پادشا حەسەنی دووەم، یا ڕوسیا بۆ کفنکردنی سەردەمی کۆمۆنیزم، بەڵام ئەوەش وەک هەڵاوێردێک دەمێنێتەوە. لە وڵاتانی کۆمۆنیزمی پێشوودا، هیچ دادگایی کردنێک و پەشیمانی و تۆبەکردنێک بەڕێوەنەچوو، چونکە هەڵدانەوەی ئەرشیف، بێ دادگایی کردن بچووکترین کارە کە بکرێت، بۆیە سارێژ بوونی برینەکان ماوەیەکی دوورودرێژی دەوێت[١٧٥].

[175]– Voir le film de F. H. von donnersmarck, la vie des autres, Ocean Film, Allemagne, 2006, 137 minutes

دوای شەڕی ناوخۆ، یاسا لێبووردن، واتە کفنکردن بەبێ دادوەری

سی وڵات لە دوای جەنگی ناوخۆ یاسای لێبووردنیان (ئیسپانیا، یۆنان) دەرکردووە، یا لە دوای ئەو دیکتاتۆرە سەرکووتگەرانەی کە ماوەیەکی زۆر و بەقەد ماوەی شەڕی ناوخۆ حوکمڕانیان کردووە (ئەرجەنتین، چیلی، پیرۆ، برازیل و وڵاتانی ئەفەریقیای ڕەشپێست). ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنەبەر بە ئەنقەست لە کات و لە بابەتەکەدا سنووردارن؛ چونکە ئامانج لێی تەنیا لێبووردنە لە تاوانە "سیاسییەکان" لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە پەیوەندی بە تەمەنی دیکتاتۆرییەت یا جەنگەوە هەیە.

یاسای لێبووردنی گشتی هەوڵی گەڕان بە دوای ڕاستیدا ئیفلیج دەکات و دژبەیەکی لێدەکەوێتەوە، چونکە کردەی توندوتیژی بیرناچێتەوە و هیچ ڕێکارێکی دادپەروانە ناگیرێتەبەر، ئەوەش پرۆسەی گواستنەوەی دیموکراسی خاو دەکاتەوە و مەترسی ڕقوکینەش بەردەوامی دەبێت. ئسپانیا دوای سی و حەوت ساڵ لە فرانکیزم، ئیسپانیا، هاوکات لەگەڵ سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانەدا (conviviencia pacifica)، بەخشین و لەبیرکردن و لێبوردەیی هەڵبژارد، نەک "ڕێکەوتنی بێدەنگی". زۆربەی هەرە زۆری گەمەکارانی شەڕی ناوخۆ کۆچیان کردبوو، بەڵام ئامانجەکە زیاتر زانین بوو تا ئیدانەکردن. کردنەوەی ئەرشیف ڕێگەی ئاواڵە کرد مێژوونووسەکان کار بکەن، بەڵام وادیارە کارەکە بۆ دادوەرەکان قورستر دەبێت. ئاشکرابوونی ڕفاندنی منداڵی قوربانییانی فرانک، ئێشوئازارەکە بۆ نەوەی دووەمیش شۆڕدەکاتەوە.

سەرۆکی جەزائیر، بوتەفلیقە، لە ١٦ی ئەیلول/ سەپتەمبەری ١٩٩٩دا، دەیویست لەڕێی پرۆسەی ڕاپرسییەوە "یاسای تەبایی مەدەنی" دەربکرێ. بە ئەگەرێکی زۆر نزیکەی ٦٠٠٠ جەنگاوەر لە سوپای ڕزگاریخوازی ئیسلامی (AIS) -بەپێی ژمارە فەرمییەکە- ڕوویانکردە سنووقەکانی دەنگدان و لە کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٢دا، بڕیاری لێبووردن لە بەرژەوەندییان دەرچوو. لە ٢٩ی ئەیلول/ سەپتەمبەری ٢٠٠٥دا، "جاڕنامەی ئاشتی و ئاشتەوایی نیشتمانی" لەڕێی ڕیفراندۆمەوە دەرکرا و لێپێچینەوەی یاساییش دەرهەق بەو ئیسلامییە چەکدارانە هەڵوەشایەوە کە لە کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٠ەوە خۆیان ڕادەست کردبوو. هەروەها یاساکە سەربازەکانیشی دەگرتەوە. کەواتە پێکەوە ژیانی جەنگاوەرە

بێچەکەکان و قوربانییەکان بەبێ بوونی یادەوەری/ دادپەروەری، بە شێوەیەکی خراپ ژیانی سیاسەتی گشتی کۆت دەکات. تیرۆر کردنی هێندێک لەو جەنگاوەرانەی چەکیان ڕادەست کردبوو، لە دۆخێکی ئاڵۆز و نادیاردا، هەروەکو لە جەزائیر یا کۆلۆمبیا و ئۆرگوای ڕوویدا، بووە مایەی گەڕانەوە بۆ دارستانەکان و سەرلەنوێ جەنگ دەستی پێکردەوە. سەرباری ئەوەش، جەنگاوەرە دێرینەکان، کاتێک کارێکی نامرۆییانە ئەنجام دەدەن، هەوڵ دەدەن وێنەیەکی قێزەونی قوربانییەکانیان بڵاوبکەنەوە، یا هەر بەوشێوەیە لەلای خۆیان بیپارێزن بۆ ئەوەی پاساوێکیان هەبێت. لەبەر ئەوەی گفتوگۆکە ئاشکرا و ئۆرگانیزەکراو نییە، ئەوا ئاسەوار و تۆڵە کەسێتێکانیش دەمێننەوە. ئامانجی ئەو هەموو ڕێکارە یاسایی و سیاسییانە کە لە یەک کاتدا تیرۆریست و تۆبەکار و خێزانی تیرۆریستان و خێزانی قوربانییەکان دەگرێتەوە، ئەوەیە سنوورێک بۆ ئەو "شەڕە قێزەوەنە" دابنرێت. بەڵام هێشتا تیرۆر لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە لەڕێی گرووپە چەکدارەکانی ئەلقاعیدە لە مەغریبی ئیسلامی، دەستی خۆی دەوەشێنێت. دەبێ لەو بەردەوامبوونە تێبگەین. لێکۆڵینەوەیەک لە کەناڵی دووی فەرەنسا، باس لە زەحمەتییەکانی قوتاربوون لە توندوتیژی دەکات، بەوەی نموونەیەک لەسەر دۆخی ئیسلامییەکی یاخی دەهێنێتەوە کە بڕیاری داوە تۆڵەی برا پۆلیسەکەی بکاتەوە کە لە گەڕانەوەی بۆماڵەوە سەری لە جەستەی جیاکرابووەوە: تۆڵە لە کێ؟ لەو ئیسلامییانەی شانبەشانیان دەجەنگێت، یا لە هێزەکانی پۆلیس؟

لێبوردەیی لەڕێی وشەوە، نوێترین دیاردەیە

ستراتیجییەتی گواستنەوە بەشێوەیەکی تەقلیدی لەسەر "پەیمانی لەبیرکردن"[١٧٦] و لێبوردەیی بونیاتنراوە، هەروەکو دۆخی فەرەنسا لە دوای دووەم جەنگی جیهانی. لیژنەکانی "حەقیقەت و دادوەری"، یا "حەقیقەت و ئاشتەوایی" (CVR) کە لەسەر پرەنسیپی دادوەری ئینتقالی بونیاتنراوە، لە ڕێی بەستنەوەی حەقیقەت و ئاشتەوایی نیشتمانی و گواستنەوەی دیموکراسی و ئاشتی، ڕوویکردێکی نوێ دیاری دەکەن. هەروەکو دیسمۆند توتو (Desmond Tutu)، سەرۆکی لیژنەی ئەفەریقیای باشوور، بە وەبیرهێنانەوەی فەلسەفەیەکی ئەفەریقی، دەڵێت: "ئەوەش

[176]- Pierre Hazan, " Les dilemmes de la justice tranitionnelle," Mouvement, no. 5 (Janvier 2008), pp. 41-47.

شێوازێکه له هونەری وتن: مرۆڤایەتیم به شێوەیەک به مرۆڤایەتیتانەوە بەستراوەتەوە که ناتوانرێ له یەکتری جیا بکرێنەوە". ئەو بیرکردنەوەیە به تەواوەتی له بیرکردنەوەی ئیلی بارناڤی جیاوازە که پێشتر باسمان لێوە کردووە. سی دەوڵەت تەبەنی ئەو ڕێکارەیان کرد.

لیژنەکانی حەقیقەت و ئاشتەوایی (CVR) چوار خەسڵەتیان هەیە. یەکەم، تایبەته بەماوەیەکی دیاریکراو له ڕابردوو که بەشێوەیەکی گشتی زۆر زیاتره لەو ماوەیەی دادگا نێودەوڵەتییەکان به گونجاوی دەزانن: سی و چوار ساڵی ئاپارتاید (سیستمی ڕەگەزپەرستی) له باشووری ئەفەریقیا، سی و پێنج ساڵی دیکتاتۆرییەت له گواتیمالا، حەڤدە ساڵ له چیلی، حەوت ساڵ له شەڕی ناوخۆی ئەرجەنتین، شازدە ساڵ له نەیجیریا و دە ساڵ له سیرالیۆن... دووەم، ئەو لیژنانه فۆکس ناخەنه سەر ڕووداێکی دیاریکراو، بەڵکو هەوڵ دەدەن وێنەیەکی گشتیی دەستدرێژییەکان و تاوانەکان بخەنەڕوو. سێیەم، لیژنەکان کاتین و به زۆری ماوەی بەردەوامبوونیان لەگەڵ بەکۆتاهاتنی ڕاپۆرتەکانیان تەواو دەبێت. چوارەم، پێویسته لیژنەکه بەپێی پێکهاتەکەی بەهیچ جۆرێک پەیوەندیی به دەسەڵاتەوە نەبێت. له نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدێن: پیاوانی ئایینی، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، یاساناسەکان، ئەکادیمی و ئەو کەسایەتییانەی لەلای ڕای گشتی به پاکێتی ناسراون، دەبێ دەسەڵاتێکی ئەخلاقی و ئاسایشێکی ئەوتۆیان هەبێت که ڕێگەی دەستڕاگەیشتنی زیاتریان به زانیاری پێبدات، یا پارێزراوبن دەم له بابەتی هەستیار بدەن و پاشان دەبێ کاریگەرییەکی زیاتریان لەسەر ئەو ڕاپۆرتانه هەبێت که ئامادەی دەکەن[١٧٧]. بەهۆیشییەوە دیموکراسییه تازەپێگەیشتووەکان فێردەبن، چۆن ڕووبەڕووی ساڵه تاریکەکانی مێژووی خۆیان ببنەوە.

"لیژنەی نیشتمانی بۆ بەدواداچونی حاڵەتی بێسەروشوێنەکان"، یەکەم لیژنه بوو که ساڵی ١٩٨٢ له بۆلیڤیا دروست بوو تا بنەمای یادەوەرییەکی هاوبەش دابنێت که بەدواداچوونی بۆ ١٥٥ کەس دەکرد له نێوان ساڵانی ١٩٦٧ و ١٩٨٢دا بزر

177- Priscilla B. Hayner, “Fifteen Truth Commission-1974 to 1994: A Comparative Study,” Human Rights Quarterly, The Johns Hopkins University Press, vol. 16, no 4 (novembre 1994), pp. 597-655.

ببوون، بەڵام توانای کەم بوو، نەیدەتوانی لێکۆڵینەوە لەسەر هێندێک لە کەسایەتییە سەرکووتکەرەکانی دەوڵەت بکات، وەک ئەشکەنجەدان، یا زیندانی کردنی ناشەرعی و ڕاگرتن بۆ ماوەیەکی زۆر. لێبووردنی گشتییساڵی ١٩٨٢ دەرکرا و دیکتاتۆرەکەی پێشوو، گارسیا میزا (Garcia Meza) و وەزیری دەرەوەی لویس ئەرکی گۆمیز (Luis Arce Gomez)، ساڵی ١٩٩٢ بە سی ساڵ زیندانی کردن حوکم دران.

لە ئەرجەنتین "لیژنەی نیشتمانی دەربارەی ونبوونی کەسەکان" کە ساڵی ١٩٨٣ دروست بوو، دەسەڵاتێکی کەمی پێدرابوو، بەڵام ئیرادەیەکی سیاسیی ڕاستەقینە پشتگیری دەکرد و پەردەی لەسەر بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە ٩٠٠٠ کەس هەڵدایەوە. ساڵی ١٩٨٥، حوکمی زیندانی کردنی هەتاهەتایی بەسەر فەرماندە سەرەکییەکانی دیکتاتۆرییەتی سەربازی دا درا، جەنەراڵ ڤیدیلا (Videla) و دەریاوان ماسیرا (Massera)ش لەنێو ئەو کەسانەدا بوون. ساڵی ١٩٨٥، یاسای بەناو "خاڵی کۆتایی" دەرچوو، ساڵێک دواتر یاسای بەناو "ئەرکی گوێرایەڵی" هەوڵی دەدا سنوورێک بۆ تومەتبارکردنی ئەفسەرانی سەردەمی دیکتاتۆرییەت دابنێت. لە ئایار/ مایۆی ٢٠٠٣دا، سەرۆک نستۆر کێرشنەر (Nestor Kirchner) لە دوای هەڵبژاردنی ڕاگەیاند کە سنوورێک بۆ خۆدزینەوە لە سزادان دادەنێت. دادگای باڵا لە حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠٠٥دا، یاساکانی بە نادەستووری دانا. دوای سێ مانگ، ٤٥ سەربازی پێشوو دەستگیر کران، ئیسپانیاش داوای ڕادەستکردنیانی دەکرد، ئەو فەرمانەش هەڵوەشایەوە کە ڕادەستکردنی تاوانبارە دیکتاتۆرەکانی قەدەغە دەکرد.

دیکتاتۆرییەتی سەربازی بەرازیل لە نێوان ساڵانی ١٩٦٤ و ١٩٨٥دا، پێش دیکتاتۆرییەتی ئەفسەرانی ئەرجەنتین و چیلی کەوت. قوربانییەکانی لە قوربانی هەر دوو وڵاتەکە کەمتر بوو، تەنیا ٥٠٠ کوژراو و بێسەروشوێن و ٥٠٠٠٠ زیندانی سیاسی بوو. "یاسای لێبوردن لە تاوانە سیاسییەکان و لێکەوتەکانی" لە ئاب/ ئۆگستی ١٩٧٩دا، ڕێگەی دا دوورخراوە سیاسییەکان بگەڕێنەوە بۆ بەرازیل، بەڵام لە هەمان کاتدا جەلادەکانیشی دەپاراست. ئەمجۆرە خودلێبوردنە کە سەربازەکان بەخۆیان دەبەخشی، قۆناغێکی پێویست بوو بۆ گێڕانەوەی سیستمی مەدەنی و گەڕانەوەی ئۆپۆزیسیۆنە دوورخراوەکان. بەڵام خێزانی

قوربانییەکان داوایان کرد چاو بە یاساکەدا بخشێنرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن جەلادەکانی پێشوو دادگایی بکەن و سەرۆک لولا دا سیلڤا-ش لە ساڵی ٢٠١٠دا ئەو مافەی پێ بەخشین. لە ئێستادا سەرنج دەدەین کە بەرازیل تاکە وڵاتی ئەمریکای لاتینە، داوای لێپێچینەوە لە سەربازەکانی سەردەمی دیکتاتۆرییەت ناکات.

دیکتاتۆرییەتی چیلی (١٩٧٣ بۆ ١٩٨٩) بە یاسایەکی لێبوردن کۆتایی هات کە خودی جەنەراڵ بینۆچە (Pinochet) دەریکردبوو. ڕاپۆرتی ڕیتیگ (Rettig)ی لیژنەی "حەقیقەت و ئاشتەوایی" کە لە کاتی گەڕانەوەی دیموکراسی لە ٢٥ی نیسان/ ئەیپرڵی ١٩٩٠دا پێکهێنرا، چەوساوەکانی پێشوو و لایەنگرانی دیکتاتۆرییەتی پێکەوە دادەنا. لیژنەکە ٢٢٧٩ کوژرا و بێسەروشوێنی ئامار کرد. بەڵگەنامەکە زۆر بەوردی خۆی لە وشەی "دیکتاتۆر" پاراستووە و هیچ کەسێکیش بەناو تومەتبار نەکراوە. بەڵام لە ئەنجامی تیرۆرکردنی وەزیری پێشوو، ئۆرلاندۆ لوتولییە (Orlando Letelier) لە واشنتن، هێندێک لە سەرکردەکان ئیدانە کران کە سەرۆکی هەواڵگری یەکێکیان بوو. دواتر، ساڵی ٢٠٠٤، لەکاتی سەرۆکایەتی سەرۆک لاگۆس (Lagos)دا، ڕاپۆرتی ئەو لیژنەیەی سێرجیۆ ڤالێش (Sergio Valech) سەرۆکایەتی دەکرد و پێی دەوترا "ڕاپۆرتی نیشتمانی دەربارەی گرتن و ئەشکەنجەدان" (وشەکان کالۆکرجترن)، ٢٩٠٠٠ قوربانی ئامار کردووە کە ٣٠٠٠یان کوژراو و بێسەرشوێن بوون. دادگا لە یەکی ئەیلول/ سەپتمبەری ٢٠٠٥دا زیاد لە سەد سەرباز و پۆلیسی بەهۆی کردەی ئەشکەنجەدانەوە دەستگیر کرد. جەنەراڵ پینۆچە بەهۆی کوشتنی هاوڵاتیانی ئیسپانی لە ماوەی دیکتاتۆرییەتدا، خەریک بوو لە ئیسپانیا دادگایی بکرێت، هەر چەندە وەک سیناتۆر پاریزبەندیی تەمەنی هەبوو. بەر لە مردنی لە چیلی دادگایی نەکرا، بەڵام بەهۆی دزی و خۆدزینەوە لە باج (پارەی دزراوی قوربانییەکان و دانانی لە هەژماری بانکی لە دەرەوەی وڵات) ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەبووەوە. لەمڕۆدا، بەرپرسیارێتی هێندێک لە سەربازە دیکتاتۆرەکان لە کردەی ڕفاندندا دەردەکەوێت، لەوانەش ڕفاندنی منداڵی خێزانەکانی ئۆپۆزیسیۆن و کوشتنیان. حاڵەتی چیلی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دادپەروەری، چ لەسەر ئاستی نیشتمانی، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەوڵی دەدا سوود لە سنووری یاساکانی لێبوردن وەربگرێت.

لە ئوروگوای، دیکتاتۆرییەت کە لە ساڵی ١٩٧٣ تا ١٩٨٥ حوکمڕانی دەکرد، بە یاسای "پوچی داخوازی بە سزادانی دەوڵەت" لە ساڵی ١٩٨٦دا کۆتایی هات. لیژنەی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی حاڵەتەکانی بێسەروشوێنکردن، ئەو ئەرکەی نەبوو بەدواداچوون بۆ دەستگیرکردنە نایاساییەکان بکات، وەک دووبارە بوونەوەی حاڵەتەکانی ڕفاندن، بۆیە دەرئەنجامەکانیشی سنووردار بوون. لە نیسان/ ئەیپرلی ١٩٨٩دا، ئوروگوایییەکان لە ترسی گەڕانەوەی سەرباز، ئەم یاسایەیان لە ڕێی ریفراندۆمەوە هەموار کردەوە. دەبوو تا ساڵی ٢٠٠٦ چاوەڕوانی بکرێ بۆ ئەوەی یەکەم دادگاییکردن ببینرێت، واتە دوای تێپەربوونی بیست و پێنج ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی دیکتاتۆرییەتدا. لە ئاب/ ئۆگستی ٢٠٠٦دا، داواکاری گشتی داوای کرد دیکتاتۆری پێشوو، جەنەراڵ بۆردابێری (Bordaberry) چل و پێنج ساڵ زیندانی بکرێت. لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەردا، دادگای باڵا جاری نادەستوریبوونی یاسای لێبوردنی دا و گریگۆریۆ ئەلڤاریز (Gregorio Alvarez) کە لە ١٩٨١ تا ١٩٨٥ سەرۆکایەتی دەکرد بە تۆمەتی کوشتنی ٣٧ کەس تاوانبار کرا و بیست و پێنج ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. ساڵی ٢٠٠٩، داوایەک کە ژمارەیەکی پێویست واژۆی لەسەر بوو، داوای ڕاپرسییەکی نوێی دەکرد، بەڵام هەڵوەشانەوەی یاساکە لە ڕێی ڕاپرسییەکەوە ڕەتکرایەوە.

لە پیرۆ کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەلایەن ڕێکخستنی "ڕێگای ڕووناکی" (Sentier lumineux) یەوە دووچاری شەڕێکی پارتیزانی توندوتیژ ببووەوە، هەروەها بە هەمان ئەندازەی ئەو توندوتیژییەش ڕووبەڕووی سەرکووتکردن دەبووەوە (٢٦٠٠٠ کوژراو)، ساڵی ١٩٩٥، لە سایەی حوکمی ڕژێمی ئەلبێرتۆ فوجیمۆری (Alberto Fujimori)دا یاسایەکی مشتومڕئامێز پەسەند کرا و بەپێی یاساکە پیاوانی هێزە ئەمنییەکان لێبوردن دەیگرتنەوە کە بە ناوی بەرەنگاربوونەوەی شەڕی گەریلا بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی تۆمەتبار بوون یا سزادرابوون. ساڵی ٢٠٠٣، ڕاپۆرتی لیژنەکە دەربارەی ئەو کردە توندوتیژانەی کە لە نێوان دەسپێکی چەکدارانی "ڕێگەی ڕووناکی" و کەوتنی ڕژێمەی ئەلبیرتۆ فوجیمۆری دا ئەنجامدرابوون، فۆکسی لەسەر گوێبیستی زیاد لە ١٧٠٠٠ کەس بوو. ساڵی ٢٠٠٦، حوکمی هەتاهەتایی دەرهەق بە ئەبیمائیل گوزمان (Abimael Guzman)، سەرکردەی "ڕێگای ڕووناکی" دەرچوو، لە نیسان/ ئەیپرلی ٢٠٠٩دا، سەرۆکی پێشوو، فوجیمۆری، بەتۆمەتی تاوان دژ بە

مرۆڤایەتی حوکمی بیست و پێنج ساڵی بەسەرا بڕایەوە، ئەوەش قورسترین سزا بوو کە لەو مەسەلەیەدا جێبەجێ کرابێت. حوکمدانەکە هەبوونی پلانێکی تاوانکارانە پشتڕاسدەکاتەوە و دەزگایەکی بەدیسپلین لە دەسەڵاتێکدا جێبەجێی کردووە کە سەرۆکی پێشوو بەرێوەی بردووە. ئەمجۆرە بڕیارە کە سەرۆکی پێشووی وەک هاوبەشێکی سەرەکی لە تاوانەکاندا دیاری کردووە، بەشدارییەکی گەورە دەکات لەوەی سیاسییەکان لە سزادان قوتاریان نەبێت.

بەڵام لە شوێنەکانی دیکەدا، قوتاربوون لە سزا ڕێسایە. لە گواتیمالا، دۆخەکە بەوجۆرە بوو، چونکە شەڕی ناوخۆ لە نێوان ساڵانی ١٩٦٠ بۆ ١٩٩٦دا، ١٥٠٠٠٠ کوژراو و ٤٥٠٠٠ بێسەروشوێنی لێکەوتەوە. حوکمی دیکتاتۆری جەنەراڵ پاراگوانی سترۆسنەر (Stroessner) لە ١٩٥٤ تا ١٩٨٩ بەردەوام بوو، پاشان لە ساڵی ١٩٩٢دا لەسەر تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، حوکمی غیابی (بڕیاری پاشملە) درا، ساڵی ٢٠٠٦ لە تاراوگە لە برازیل کۆچی دوایی کرد. لە سەلڤادۆر، لە شەڕی ناوخۆی ساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٩٢دا، بەئەگەرێکی زۆر زیاد لە ٧٠٠٠٠ کوژراوی لێکەوتەوە. ئەلفریدۆ کریستیانۆ (Altredo Cristiano) (سەر بە ڕێکخستنی ئەرینا (Arena)، ڕێکخراوێکی ڕاستڕەوە و ڕاستەوخۆ لە هێندێک کوشتنی بەکۆمەڵدا تێوەگلاوە)، ساڵی ١٩٩٣، یاسای لێبوردنی پەسەند کرد. سەرکەوتنی چەپەکان لە بەهاری ٢٠٠٩دا، گفتوگۆکانی لەبارەی ئەگەری هەڵوەشانەوەی یاسای لێبوردن زیندوو کردەوە.

چۆن حوکم بدەین؟

حکومەتە ئینتقالییە دیموکراسییەکان بەناوی ئاشتەوایی نیشتمانییەوە، یاسای لێبوردنیان پەسەند کرد، بەڵام کۆمەڵگە مەدەنییەکان لە نێوان چەندین هەڵویستدا تیاماون: خواستی هەڵدانەوەی لاپەرەیەکی دیکە و سڕینەوەی شوێنەوارە مادییەکان، یا یادەوەری سەرکووتکردن و پایەدارکردنی ئاشتەوایی پێویست، ئیدی چ ڕاستگۆیانە بێت یا ترس بیسەپێنێت. بەڵام هەوڵ و تێکۆشانی کەسوکاری بێسەروشوێنەکان، بۆ نموونە، کۆمەڵەی دایکانی بێسەروشوێنەکانی سەردەمی دیکتاتۆرییەتی ئەرجەنتینی و شێتەکانی " گۆڕەپانی ئایار/ مایۆ" کە تینوێتی "نەوەی بێتاوان" بە مەعریفە هاودەمی دەکرد، ئەو نەوە نوێیەی دەیەوێت تێبگات و بیری بێتەوە، گوشار لەسەر دادپەروەری پراکتیزە دەکات. زنجیرەیەک لە

ڕێکارە یاسایی و یادەوەرییەکان لەسەر ئەو ڕووبەرانەی یاسا ڕووماڵیان ناکات (ڕاوەدوونانی جەنەراڵەکانی چیلی و ئەرجەنتینی لەسەر ڕفاندنی منداڵ و گزیکاری لە هەژماری بانکی قوربانییەکان و گەڕان بەدوای ئەو پارانەی جەنەراڵ سترۆسنەر بەدزی و گزی دەستیکەوتووە)، بووە مایەی ئەوەی یاساکانی لیبوردن و لێکۆڵینەوەی دادگا دەربارەی بەرپرسیارییەت چاویان پێدا بخشێنرێتەوە و هێندێک جاریش هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لێکەوتەوە. دواجار، یاساناسەکان تێدەکۆشن بۆ ئەوەی دان بەوەدا بنرێت کە یاسا نیشتمانییەکان ناتوانن لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی خۆشبن، چونکە ئەو تاوانانە، هەروەکو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بە تێپەربوونی کات بەسەرناچن.

بەڵام چۆن دەتوانرێ لەکاتی ڕێکەوتننامەکانی ئاشتی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ڕێزلێنانی یاسای نێودەوڵەتی، سازان لە نێوان چارەسەرە پێویستەکاندا بکرێ؟ لە ڕاستیدا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگری بەنێوەندگیرییەکانی کردووە گرەنتی لێبوردنی گشتی بکەن، ئەگەر ئەنجامدەرانی پەیوەندییان بە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتییەوە هەبێت[١٧٨]. لە سیرالیۆن، لێبوردنی گشتی لە دوای دەنگدان لە کاتی ڕێکەوتننامەی لومی (Lome) پەسەند کرا و مەرجێکی پێویستیش بوو بۆ ئەوەی لە ململانێ ڕزگاریان بێت. بەڵام ئەوەش ڕێگری لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی نەکرد چارلز تایلەر و میلۆسۆڤیچ دەستگیر بکات کە لەو باوەڕەدا بوون بە واژۆ کردنی پەیمانی ئاشتی لێبوردن دەیانگرێتەوە.

بەجیهانگیریکردنی ڕێکارە دادوەرییەکان، دژبەیەکی سەرسورهێنەر هاتەئاراوە، بۆیە دادوەری ئیسپانی، گارزۆن (Garzon)، بەهۆی یاسای لێبوردنەوە کە ساڵی ١٩٧٧ پەسەند کرا بوو، نەیتوانی تاوانی بەرپرسە فرانکییە ئیسپانییەکان دیاری بکات (ئەوانەی سەر بە جەنەراڵ فرانکۆ بوون)، بەڵام یاسای ئیسپانی بەهۆی بێسەروشوێن بوونی هێندێک هاوڵاتی ئیسپانی لەکاتی دیکتاتۆرییەتی سەربازی لە چیلی، ڕێگەی پێدەدا وەدووی پێنوچە بکەوێت، هەر چەندە بە پێی یاسای لێبوردنی چیلی، جەنەراڵ بەرلێبوردن کەوتبوو، بەخاتری پۆستەکەشی پارێزبەندی هەبوو. لەندەن بەهۆکاری سیاسی، بڕیاری دەستگیرکردنە نێودەوڵەتییەکەی جێبەجێ نەکرد کە لەو کاتەی لە بریتانیا بوو، لەدژی دەرچوو

178 – Hazan, Ibid., pp. 41–47.

بوو. لێبوردن بەبێ دادپەروەری بەربەست لەبەردەم نەهێشتنی دوژمنایەتی شەڕی ناوخۆ دروست دەکات. هەروەکو پێشتر سەرنجمان داوە، یادەوەری برینەکانی شەڕی ناوخۆ و تۆڵەسەندنەوەکانی لە فەزای خێزانە داخراوەکاندا بەردەوام دەبێت.

لێرە بەدواوە لە قۆناغی قوتاربوون لە شەڕی ناوخۆ، دوو جۆر دادپەروەری هەیە کە دەتوانن بەهاوتەریبی پێکەوە کار بکەن، ئەوانەش دادپەروەری چاکسازی (justice restaurative) و دادپەروەری قەرەبووکردنەوە (justice reparatrice).

دادپەروەری چاکسازی، دادپەروەری سزادانە، فۆکس دەخاتە سەر تاوانباران و ڕووبەڕوونەوەی نێوان بەرگری و تومەتبارکردن. دادپەروەری و یەکسانی لە ڕێکارەکانی دادگادا، بەکارە سەرەکییەکان دادەنرێت. ئەو دادوەرییە، پاڵپشت بە قوربانی و پەیوەندیی نێوانیان و نێوان ئەوانەی تاوانیان دەرهەق بەوان و بە کۆمەڵ بەگشتی کردووە، پرسی "دوژمنی" تاوانبار چارەسەر دەکات. ئامانجەکشی لەپاڵ ئاشتەواییدا، پایەدارکردنی دادوەرییە. گرژییەکی زۆر لە نێوان دادپەروەری و ئاشتەواییدا هەیە، هەروەکو ڕواندا، کاتێک خەڵکانێکی زۆر لە توێژە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی هۆتو، لە کوشتوبڕەکاندا تێوەگلان. لەم حاڵەتەدا دادپەروەری چاکسازی ڕێ بە سزادانی هێندێک تاوانبار (نەک هەموویان) دەدا، بەڵام نەک ئاشتەوایی نێو گرووپێک یا نەتەوەیەک. لەمڕۆشدا لە بەردەوامبوونی شەڕی ئەتنیکی لە کۆنگۆ، هەست بە ئاکامەکانی دەکەین.

بەڵام دادپەروەری ئینتقالی یا قەرەبووگەرا، سزا نییە، بەڵکو ئەرکەکەی لەسەر ئیدارەدانی گواستنەوە لە جەنگەوە بۆ ئاشتی، یا لە ڕژێمێکی زۆردارەوە بۆ دیموکراسی کورت دەبێتەوە. بگرە پێویستە لەسەری، میراتی یادەوەریی خراپەکارییەکانی کۆمەڵ چارەسەر بکات. جەخت لەسەر ئەو قەناعەتە دەکاتەوە کە زەرورەتی پایەدارکردنی دادوەری شتێکی ڕەها نییە و دەبێ پێداویستی ئاشتی و دیموکراسی و گەشەسەندنی ئابوری و جێگیربوونی دەوڵەتی یاسا هاوسەنگیی ڕابگرێت. هەروەها ئامانجەکەی تیشک دەخاتەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی بەکۆمەڵی میراتی پێشێلکردن کە بەتەواوەتی دادپەروەری سزایی و دادپەروەری چاکسازی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دادپەروەری

ئابوری دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەی سیاسەتێکی بەرپرسیارانەیە، بۆیە دەبێ هەوڵ بدات ئەو ڕێکارانە بگرێتەبەر کە لە یەک کاتدا گرنگی دەدەن بەوەی بەرپرسیارییەتی ئەو تاوانانە ئاشکرا بکات کە لە ڕابردوودا ئەنجام دراون و ڕێگە لە تاوانی نوێ بگرێت، لەگەڵ ئەوەی سیفەتی بەکۆمەڵی هێندێکیانیش لەبەرچاو بگرێت. گریمانەی ئەوەش دەکات کە قوربانی و جەلاد هەمان مرۆڤایەتییان هەیە: "تەنانەت خراپترین دوو ڕەگەزەکەش دەشێت گەشە بکەن!"، هەروەکو دیسمۆند توتو، سەرۆکی ئەو لیژنەیە دەڵێت کە باشوری ئەفەریقیا دروستی کرد.

لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی (CVR) لە ئەفەریقیای باشوور کە ساڵی ٢٠٠١ دامەزرا، لە دوای کۆنگرەی گردبوونەوەی پسپۆرەکانی ئەفەریقیای باشوور و شارەزایانی نێودەوڵەتی، باشترین نموونەی دادپەروەری ئینتقالییە. لە دوای دانوستانی نێوان کۆنگرەی نیشتمانی ئەفەریقی (ANC)و دەستەبژێری سپیپێستە دێرینەکان، یاسای "گشتاندنی یەکێتی نیشتمانی و ئاشتەوایی"، لیژنەی حەقیەقەت و ئاشتەوایی (CVR) دامەزراند کە لە سێ دەستە پێکدێت، یەکەم، گرنگی بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەدا کە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و پێشکەش کردنی ڕاپۆرت ڕاسپێردرابوو؛ دووەم، تایبەتە بە قەرەبووکردنەوە و ئامادەکردنەوەی قوربانییەکان و ڕاسپێردرابوو لەبارەی قەرەبووکردنەوە ڕاسپاردە پێشکەش بکات، دوا دەستەش دەیتوانی بەرامبەر دانپیانانی تەواوەتی تاوانکاران لەسەر کردەوە تاوانکارییەکان، لێبوردن دەستەبەر بکات، گەر بیسەلمێنن کردەوەکانیان لەگەڵ لۆجیکی سیاسیدا دەگونجێت. لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی (CVR) گوێی لە جەلاد و قوربانییەکانی هەر دوو بەرەکە دەگرت، لەگەڵ ئەوەی بواری بە قوربانییەکان دەدا بە ئاشکرا گوزارشت لە ئێشوئازارەکانیان بکەن و پێزانینی بەکۆمەڵ بەدەستبهێنن و بزان چی بەسەر کەسوکاریاندا هاتووە. هێندێک لە دانیشتنەکانی گوێگرتن ئازاربەخش بوون، بە تایبەتی ئەوانەی جەلاد و کەسوکاری قوربانییەکانی پێکەوە کۆدەکردەوە. ئەو لێبوردنەی لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی دەستەبەری دەکرد، مەرجدار بوو بەو هاوکارییە ڕاستەقینەیەی تاوانباران لە دەرخستنی ڕاستییەکاندا پێشکەشیان دەکرد، ئەوەش ئامرازێک بوو تا لێکتێگەیشتنی سیاسی لە نێوان قوربانیی و جەلادەکاندا لەسەر بنەمای چارەسەرێکی نێوەنجی بێتە ئاراوە. لەگەڵ ١٩٠٠٠ گەواهینامەی قوربانییەکان و ٧١٠٠ داواکاری لێبوردن، تەنیا ٩١٣ حاڵەت پێودانگە

پێویستەکانیان بە تەواوەتی تێدا بوو. لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی لە ئەفەریقیای باشووردا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و نموونەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو. تەنیا ئەو لیژنەیە تا ئەمڕۆش دەسەڵاتی لێبوردنی هەیە.

ساڵی ١٩٩٩، لە ڕواندا، گاشاشا (gachachas) دروست کرا، ئەوەش جۆرێکە لە دادگای تەقلیدی کە بەپێی شێوازی گرووپ ململانێکان چارەسەر دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە جێگرەوەی دەسەڵاتە دادوەرییەکانی دیکە. ئامانجەکەش دوولانەیە بوو: خێراکردنی داوا یاساییەکان و چۆڵکردنی زیندانەکان، لەلایەک، و بەشداری پێکردنی گرووپەکانی هۆتۆ و توتسی وەک شایەتحال بۆ سەلماندنی حەقیقەت و هەڵبژاردنی دادوەرەکان. گەورەیی جینۆسایدەکە -٨٠٠٠٠٠ کەس- لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی تاکەکەسی قورس و پڕزەحمەت دەکرد، بەڵام ئیدانەکەردنەکەش، پاڵپشت بە فاکتە پشتڕاستنەکراوەکان، بەس نەبوون بۆ ئەوەی وەڵامێکی قابیلکەرانەی ئەو زەحمەتییە بداتەوە. گاشاشا کە بەهۆی ڕێزلێنەگرتنی مافی تاوانبار ڕەخنە دەکرا، بە پێواری پرۆگرامێک بۆ دەرخستنی حەقیقەت، لە لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی (CVR) جیادەبێتەوە، ئەوەش قۆناغێکی گرنگە لە پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتمانیدا. وادیارە دامەزراندنی ئەندامانی گاشاشا لەڕێ هەڵبژاردنەوە، وەک پێویست ڕێزی لە تێکەڵکردنی زەروری ئەتنیکی نەگرتووە. دەشێت پێکهێنانی لیژنەیەکی فەرمی کە دیاریکردنی مێژوویەکی تەوافوقی بۆ ڕەوتی ململانێیەکە پێسپێردرابێت، بەدڵنیاییەوە هەنگاوێکە بە ئاراستەی ئاشتەوایی. ئیدی ئەستەم دەبێت تاوانباران بە لێبوردنێکی گشتی، یا بە ئیدانەکردنێکی سیستمی دادپەوەری سزایی، تێکەڵ بە کۆمەڵ بکرێنەوە.

ڕێسا و پرەنسیپەکانی دادپەروەری ئینتقالی، فرەنەتەوەیی و گونجاون، یا بەلانیکەمەوە لە گشت کۆمەڵگە ئینتقالییەکاندا قابیلی گونجاندنیان هەیە. لیژنەکانی حەقیقەت و ئاشتەوایی پێکهاتەیەکی دووبارەی سیاسەتی دەربازبوون لە ململانێکان و گواستنەوەی دیموکراسی ڕوون کردەوە، هەروەها بەپێی وتەکانی پیار هازان (Pierre Hazan) "یۆتۆپیای ئاشتەوایی" ئەو ئەنجامە دڵنیاکەرەوانەی لێکەوتەوە.

هێندێک لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی، تەنیا ساوێر (وەهم) بوون. لە ئۆگەندا، عیدی ئەمین دادا (Idi Amin Dada) بەرامبەر گوشاری نێودەوڵەتی ملی دا و لیژنەی لێکۆڵینەوەی لە بێسەروشوێنەکان دروست کرد کە میلتۆن ئۆبۆتی (Milton Obote) پێشخۆی (ساڵی ١٩٧٤) سەبەبکارەکەی بوو. ئەوەش کۆنترین بونیادە کە ڕێک لەو حاڵەتەدا ویستویەتی "ئینتقالی" بێت، کەچی ڕاپۆرتی کۆتایی هەرگیز بڵاونەکرایەوە. بەڵام دەتوانین وێنای سنووری "گواستنەوەکە" بکەین، هەروەکو چۆن ئەمین دادا وێنای کردووە کە تازە بە دەسەڵات گەیشت بوو. لە دوای دوازە ساڵ، یۆویری موسیڤینی (Yoweri Museveni) هەمان پراکتیک دووبارە دەکاتەوە، بێ ئەوەی سەرنجێکی ئەوتۆ ڕابکێشێت.

"لیژنەی نیشتمانی بۆ حەقیقەت و دادپەروەری" هایتی کە لە ئەیلول/ سەمپتەمبەری ١٩٩١ و تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ١٩٩٤دا، لێکۆڵینەوەی لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ دەکرد، لە کۆی ٢٠٠٠٠ شایەتی، تەنها ٥٤٥٠ شایەتی لە لای خۆی پاراست. جان بێرتراند ئەرستید (Jean Bertrand Aristide) بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەو دەرئەنجامانەی ڕانەگەیاند کە پێی گەیشتبوو، هەروەها دەستی بە ڕاوەدوونانی تاوانبارانیش نەکرد.

لە سەلڤادۆر، دوای پێنج ڕۆژ لە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی لیژنەکە، حکومەت یاسای لێبوردنی بۆ تەواوی "تاوانە سیاسییەکان" دەرکرد. لە گواتیمالا، ستەمکارەکە ڕایگەیاند وا دەکەن ئاشتی باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێت "تەنانەت گەر پێویست بکات بۆ گۆڕستانیشی بگۆڕن". "لیژنەی ڕوونکردنەوەی مێژوویی"، لەنێو ئەو دوو سەد هەزار قوربانییەی کە زۆرینەیان لە دانیشتوانە خۆجییەکان بوون، تەنیا ٦٢٦ کۆمەڵکوژی سوپای ئامار کرد. لە دوای دوو ساڵ لە لێکۆڵینەوەکان هیچ بەرپرسێک دادگایی نەکرا، لە دوای دوو ڕۆژیش لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە، قەشەیەک کوژرا کە هاوتەریب لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی ئەنجام دابوو.

دانیشتنی لیژنەکان کە لەڕووی سۆزدارییەوە بەرگەگرتنیان زەحمەتە، دانیشتنی چارەسەری دەرونی تاکەکەسی یا گرووپ نییە. ئامانج لە ڕووبەڕووبوونەوەی قوربانی و جەلادەکان، دژایەتی "نکۆڵیکردنە" لە توندوتیژی و دژە لەبیرکردن و دانانی کۆمەڵگەیە لە بەرامبەر مێژووی خۆی. دروستکردنی لیژنەکانی حەقیقەت

و ئاشتەوایی ئامرازێکی چالاکیی تەواوکەری فۆرمەکانی دیکەی دادپەروەرییە، بەڵام چارەسەرێکی پەرجوویانە نییە کە بتوانێت ڕێگری لە بەردەوامبوون و سەرهەڵدانەوەی هەستی شەڕەنگێزانە بکات. ئامانجی چارەسەرکردنی هۆکارە ئابوری و سیاسییە قووڵەکانی ململانێ نییە، بەڵکو لە نێو کۆمەڵگە داغان و تێکشکاوەکاندا، کار لەسەر وشککردنی سەرچاوەکانی دوژمنایەتی دەکات.

چارەسەری لیژنەکانی حەقیقەت و ئاشتەوایی دوو پرسیار دەوروژێنن: چ شتێک دەربارەی سەرانی وڵات و میلیشیاکان؟ ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چییە؟

بەرپرسیاریێتی سەرانی وڵاتان لە لیژنەکانی حەقیقەت و ئاشتەوایی بە تەواوەتی دەمێنێتەوە. هێندێک لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی بەشێوەیەکی هاوتەریب کاریان لەسەر دادگاییکردنی دیکتاتۆرەکان دەکرد، بەڵام هێندێکی دیکەیان ئەو کارەیان نەکرد. لە ئەفەریقیای باشوور، هێندێک لە وەزیرەکانی پێشوو لەسەر ئەو کردەوانەی بەناوی بەرگریکردن لە ڕژێمی ئاپارتاید ئەنجام درابوون، پەشیمانی خۆیان دەربڕی. ئەوانی دیکە، بۆ نموونە، سەرۆکی پێشوو، دو کلێرک (De Klerk) ئامادەییان تێدا نەبوو خۆیان بگۆڕن، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە حکومەتە یەکلەدواییەکەکان هانی ئەشکەنجەدان، یا پەردەپۆشکردنیان نەداوە. هیچ سزایەکیش لە دژی ئەو سەرۆکە نەگیرایەبەر.

دادگاییکردنی میلیشیاکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەک مەسەلەیەکی سیاسی ناوخۆ دەمێنێتەوە

بەزۆری میلیشیاکان، لە ساتەوەختی لاوازی ستراتیجییەتی دەوڵەتدا، بۆ دژە شەڕی پارتیزانی دروست بوون، هێندێک کەڕەتیش بە پاڵپشتی گەورە موڵکدارەکان، بەتایبەتی لە ئەمەریکای لاتیندا. "Sobel"، وشەیەکە ڕۆلان مارشاڵ (Roland Marchal) بۆ پێناسەکردنی ئەو چەکدارانە بەکاریهێناوە کە دەکرێ وەک توێژێک لە نێوان سەرباز (soldats)و یاخییەکان (rebelles)دا پۆلبەندی بکرێن، فۆرمی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە. وادەردەکەوێت چەککردنیان لە جەزائیر گرفتێکی لێنەکەوتبێتەوە. بەڵام لە شەڕە ناوخۆیەکانی ئەمەریکای لاتیندا کە دەستدرێژییەکان زۆر بوون، زەحمەتە بەبێ دادگاییکردن تێکەڵ بە کۆمەڵگە بکرێنەوە. قوربانییەکانی توندوتیژی نە دانپیانان، نە قەرەبوویەکی ڕاستەقینەیان لێ بەدەستناهێنن. زۆرجار ئەو میلیشیایانەی بەشداریان لە ئابوری ناشەرعی

کردووە (قاچاخچێتی مادەهۆشبەر و سەرانە وەرگرتن)، چەکەکانیان دانانێن و پێگە سەربازییەکان بە قۆرغکارانی مادەهۆشبەرەکان دەفرۆشن، کاتێک خۆیان ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵیان بەسەردا نەشکێت. بۆیە جگە لە مەسەلەی قاچاخچێتی مادەهۆشبەرەکان، زەحمەتە بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا دادگایی بکرێن.

کۆلۆمبیا نزیکەی ٣٢٠٠٠ نیمچە سەربازی ئامار کردووە کە دانیان بە ١٦٥٠٠٠ تاوانی کوشتن و ٣٢٠٠٠ حاڵەتی بێسەروشوێنکردندا ناوە. کۆلۆمبیا چارەسەری کارەکەی بۆ نەکرا. تەنیا هەزار نیمچە سەربازی زیندانی کرد. بە ئەگەرێکی زۆر ٤٠٠٠ تەسریحکراو چەکیان هەڵگرتەوە. حکومەت بەر لەوەی ڕەزامەندی لەسەر دەقی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پەرلەمان (CPI) دەربڕێت، حەوت ساڵ مۆڵەتی پێدرا بۆ ئەوەی مەسەلەی میلیشیا چارەسەر بکات. هەروەها ساحل عاج کە لە نێوان باشوور و باکووردا دابەشبووە، دووچاری سوکایەتی و خراپەکاری ئەو میلیشیانە بووەوە کە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە دروست بوون؛ دە سەرکردەی ناوچەکان کۆنترۆڵی ٦٠٪ وڵات و ٣٠٪ی دانیشتوان دەکەن.

لەو دەمەوە شەڕی ناوخۆ بەتەواوەتی کۆتایی نەهاتووە؛ چونکە توندوتیژی کۆمەڵایەتی یا تاوانکاری بە بیچمێکی دیکە بەردەوامی هەیە.

دادپەروەری نیشتمانی و نێودەوڵەتی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت چۆن ڕەفتار بکات؟

لە دوای ڕێکەوتننامەی ئاشتی لومی (١٩٩٩)، "لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی"ش کە ساڵی ٢٠٠٠ لە سیرالیۆن دروست کرا، دەسەڵاتی ئەوەی پێدرا ڕاپۆرتێکی مێژوویی بێلایەن لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ماوەی شەڕی ناوخۆ لە ١٩٩١ەوە تا ١٩٩٩ ئامادە بکات. ڕێکەوتننامەکە ڕێی پێدەدا پشکنین لە هۆکار و سروشتی پێشێلکارییە زۆرەکان و مەوداکەی بکات، ئەوەش دەستنیشان بکات کە تا چ ڕادەیەک ئەو پێشێلکارییانە دەرئەنجامی بەرنامەیەکی دیاریکراو بووە یا دەرئەنجامی سیاسەتێک بووە کە حکومەت پەیڕەوی لێکردووە، یا ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، یا کاری گرووپ یا تاکەکان بووە[179]. دەبوو تا ساڵی ٢٠٠٢

[179]- www.trial-ch.org/fr.

چاوەڕوانی بکرێت تا دواجار بە پراکتیکی جێبەجێ کردنەکەی ببینرێت، هەر چەندە، بەبڕیارێکیش دامەزرا کە لە شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٠دا دەنگی لەسەر درا (بڕیاری لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی). دوا دارشتنەوەی ڕاپۆرتەکەش لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤دا درایە نەتەوە یەکگرتووەکان. ڕاپۆرتەکە زیاتر فۆکسی لەسەر هاوکاریکردنی قوربانییەکان بوو تا لەبەریەکهەڵوەشانەوەی هۆکارەکانی ململانێکە. ڕاپۆرتەکە داوای لە حکومەت دەکرد قەرەبووی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و قوربانییەکانی توندوتیژی سێکسی و بێوەژن و منداڵانی کۆچبەران بکاتەوە. لیژنەکە درێژخایەنی ڕێکارەکانی ئاشتەوایی دووپاتدەکردەوە.

ڕێکەوتنی ئاشتی لومی لە سیرالیۆن کە هەر یەک لە سەرۆک کەباح (Kabbah) و فۆدای سەنکوح (Foday Dankoh) واژۆیان لەسەر کردبوو، پارێزبەندی گشتی لە ڕاوەدوونانی یاسایی فەراهەم دەکرد. دەبوو هەر دوو نێردەی نەتەوە یەکگرووەکان لە سیرالیۆن، MONUSIL، پاشان MINUSIL سەرپەرشتی جێبەجێکردنەکەی بکەن، بەتایبەتی چەک داماڵین. لە ٥ی ئایار/ مایۆی ٢٠٠٠دا، بەرەی شۆڕشگێری یەکگرتوو (RUF)، ٥٠٠ کەسی لە کڵاو شینەکانی بە بارمتەگرت و دوای بیست ڕۆژ ئازادی کردن. لە دوای ئەو هێرش و پەلامارەشەوە، حکومەتی سیرالیۆن مۆڵەتی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی (TSSL) لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرت. لە کانونی دووەم، دیسەمبەری ٢٠٠٢دا دامەزرا و دەبوو دادگایی ئەو کەسانە بکات کە بەرپرس بوون لە تاوانەکانی دوای ٣٠ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری ١٩٩٦ (بەرواری ڕێکەوتننامەی ئەبیدجان). لە بڕیاری دامەزراندنی دادگا تایبەتەکەدا هاتووە: "زۆر گرنگە ڕێز لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بگیرێت (...) و هەر کەسێک تاوان بکات، یا ڕێگە بدات پێشێلکاری جدی دەرهەق بە یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی ئەنجام بدرێت، وەک تاکەکەس بەرپرسیارە لەو پێشێلکاریانە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش درێغی ناکات لەوەی هەموو هەنگاوێک بنێت تا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزلێنانی شەرعییەت، دادگایی بکرێت". کەواتە، دادگای تایبەت بە سیرالیۆن، دەستەیەکی دادوەری تاوانکاری نێودەوڵەتی (tribunal penal international) نییە، وەک هەر دوو دادگای ڕواندا و یۆگسلاڤیای پێشوو، هەروەها دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتیش (cour penale

international) نییە، بەڵکو دەسەڵاتی دادوەری نێودەوڵەتییە، جۆرە سازانێکە لە نێوان دادپەروەری نێودەوڵەتی تەقلیدی و دادپەروەری ناوخۆ. دادگا بەپێی رێکەوتنێکی دوولایەنە، لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتە پەیوەندیدارەکە دادەمەزرێت. هەروەها بەپێی یاسای نیشتمانی و سازان لە نێوان وڵاتەکە و نەتەوە یەکگرتووەکاندا دروست دەبێت. دادگاکە سیستمی دادپەروەریی خۆجێی تەواو دەکات، بەڵام بە سەربەخۆیی دەمێنێتەوە. دادگای تایبەت بە سیرالیۆن ناچار بوو لە دوای هەڕەشە کردن بە دەستپێکردنەوەی شەڕی ناوخۆ، بارەگاکەی بۆ لاهای بگوێزێتەوە. لە یەک کاتدا لەو سوکایەتی و خراپەکارییانە دەڕوانێت کە لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا لە سیرالیۆن ئەنجام درابوون و یاسای نێودەوڵەتیش بڕیاری لەسەر داوە، هەروەها لەو تاوانانەی تایبەتن بە یاسای سیرالیۆن. لە ڕێی ئەم تێکەڵکردنەوە دادگای تایبەت بە سیرالیۆن هەوڵ دەدا لە بەربەستەکانی دادوەری نیودەوڵەتی بە دوور بێت (خاو و خلیچکی، چالاکی کەم، پاراستنی نهێنی و دوورکەوتنەوە لە وڵاتە سەرەکییەکە)، لەگەڵ بەردەستکردنی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی هێمنتر. لە یازدە کەسدا نۆ کەسیان زیندانی کران کە بە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و پێشێلکردنی دیکەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی تاوانبار کران، دوو کەسیشیان بە سزای پەنجا ساڵ زیندانی کران. فۆدای سەنکوح، سەرکردەی بەرەی شۆڕشگێری یەکگرتوو، بەهۆکاری تەندروستی لە دادگاییکردن قوتاری بوو. بەڵام چارلز تایلەر، حاکمی پێشووی لیبریا، بە تومەتی کوشتن و لاقەکردن و شێواندنی مەدەنییەکان و کۆیلایەتی ڕەگەزی دژ بە ژنان و کچانی منداڵ و بەسەربازکردنی منداڵان و تاڵانیکردن، لەلایەن دادگای تایبەت بە سیرالیۆن داواکراوە. دادگا لە ٧ی ئازار/ مارسی ٢٠٠٣ تومەتەکەی ئاراستە کرد، ئەوەش یەکەم سەرۆکی دەوڵەتێکی ئەفەریقییە کە دادگایی دەکرێت.

هێندێک جار، کاری هاوتەریب بە لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی و دادگای تایبەت، کێشە دەوروژێنێت. دادگای تایبەت ڕێگەی بە هێندێک زیندانی نەدەدا شایەتی لەبەردەم لیژنەی حەقیقەت و ئاشتەوایی بدەن. حەقیقەت، دانپیانان، دادپەروەری.. هەمان سیستمی دادگای تایبەتیش لە کەمبۆدیا هەیە بۆ ئەوەی خمێر ڕوژ-ی پێ دادگایی بکەن. کەواتە ئەو دادگایانەی لە وڵاتە سەرەکییەکەدا

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

بەڕێوەدەچن، بەڵام بەشێک لە دادوەر و داواکارانی گشتی نێودەوڵەتین و دەتوانن بەپێی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی بڕیار بدەن.

بۆیە، ئەفەریقیا لە پرۆسەی ئاشتەوایی نوێ و چوونەژێرباری میکانیزمە دەوڵەتییەکان بۆ دادپەروەری و ڕاوەدوونانی سەرانی وڵاتان، پێشەنگی گرتووە. لە بەرامبەریشدا، کێشوەرەکانی دیکە و هێندێک لە دیموکراسییەکان، لە هەرە بەهێزەکانیانەوە، زۆر لە کاروانەکەوە دوورن.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی شازدەیەم

دادپەروەری نێودەوڵەتی: دادپەروەری بەهێزەکان

بیرۆکەی دامەزراندنی دادگا بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە دوای جەنگی ١٨٧٠ەوە سەریهەڵدا، بەڵام وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە. لە پەیمانی ڤەرسای ساڵی ١٩١٩دا هاتووە، لەڕێی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتییەوە، سیزاری ئەڵمانی، بە تومەتی "تاوانی گەورە دژ بە ئیتیکی نێودەوڵەتی و دەسەڵاتی پەیمانی پیرۆز" دادگایی بکرێت. ویلیامی دووەم (Guillaume II)، دوور خرابووەوە بۆ هۆڵەندا کە ڕەتیکردەوە ڕادەستی بکات، بۆیە بیرۆکەکە هیچ بەدواداچوونێکی نەبوو. نەتەوەکان لە ساتی دامەزراندنی کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، بە یاسا جەنگیان حەرام کرد، ئەمە لەگەڵ ئەو شکستانەی کە دەیزانین؛ ئەو سزایانەی لە جەنگی دەستدرێژیکارانەدا بەسەر ژاپۆن و ئیتاڵیادا سەپێنرابوو، هەوڵێک بوو بۆ جێبەجێ کردن، بەڵام کاتی پێویست نەبوو بۆ ئەوەی تێبینی دەرئەنجامەکانی بکرێت. دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دوای دووەم جەنگی جیهانیدا، پەیامێک بوو تا ئەستێرەکە بە پارێزراوی بمێنێتەوە، بەڵام ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش، لەڕێی مافی ڤیتۆوە، ئەو دەسەڵاتەیان بەخۆیان بەخشی کە ڕێگە نەدەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکە کار بکەن، جگە لە دادپەروەرییەکەی خۆیان، هیچ هۆکارێکی دیکەیان بۆ پایەدارکردنی دادپەروەری نێودەوڵەتی نەبوو.

ئەو تاوانانەی نازی و ژاپۆنییەکان لە ماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا ئەنجامیان دا، یەکەم تاوان بوو کە وەک تاوانی نێودەوڵەتی دادگایی کران. لێرەدا بەخاتری ناو و ناوبانگی باس لە دادگاکانی نۆرمبێرگ ناکەین. بەڵام دادگاییەکانی تۆکیۆ ناوبانگێکی کەمتریان هەیە[١٨٠]. ژاپۆن بەهۆی دوو کردەی فێڵبازانەوە لە هەموو پابەندبوونێک بۆ داوای لێبوردن قوتاری بوو: بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژ بەشارەکانی ناکازاکی و هیرۆشیما کە ڕۆڵی لە بەرپرسیارێتی لە هەڵگیرسانی جەنگەوە بۆ قوربانی گۆڕی. لەلایەکی دی، فۆرمۆڵە و ڕێکارەکانی دادگاییکردنی

180– Etienne Jaudel, Le Proces de Tokyo, un Nuremberg oublie (Paris: Odile Jacob, 2010).

تۆکیو یارمەتی دا لە خۆی ببورێت. ئەو دادگاییکردنە دەرفەتێکی لەکیسچووی دادپەروەرییەکی لێڵ و دووفاقی بوو.

ماک ئارسەر (MacArthur) بڕیاری دا، هیرۆ هیتۆی (Hiro Hito) ئیمپراتۆر ڕزگار بکات، ئەگەر چی تا ڕادەیەکی زۆر و لەبەر هۆکاری جیۆ سیاسی، بەرپرسیار بوو لە سیاسەتی جەنگئامێزانەی تۆکیۆ. بڕیاری تومەتبارکردنەکە تیشکی خستبووە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە پێیوابوو دەستەیەکی سەربازی تاوانکار پیلانیانگێڕاوە و کۆنترۆڵی سیاسەتی ژاپۆنیان کردووە و ئیمپراتۆریش لەو مەسەلەیە بەدوور بووە. تیورەی پیلانگێڕی ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکدا چەسپاند کە دانیشتوانی ژاپۆنیش یارییان پێکراوە و ناکرێ وەک دانیشتوانی ئەڵمانیا بە بەرپرسیاری جەنگ دابنرێن.

هەروەها بڕیاری تومەتبارکردنەکە پشتی بە بیرۆکەی تاوان دژ بە ئاشتی بەستبوو؛ بەوەی شەڕی هێرشبەرانە تاکلایەنە هەڵگیرساوە. تومەتی تاوانەکانی شەڕ بەشێوەیەکی بەرفراوان چەسپێنران. ڕێژەی مردنی سەربازە دەستگیراوەکان لە ئۆروگاکانی ژاپۆندا حەوت جار لە زیندانیانی جەنگ لە هاوتا نازییەکەی زیاتر بوو (٢٧٪ بەرابەر بە ٤٪). لە ڕێڕۆیشتنی باتان (Bataan)دا کە ٨٥٠٠٠ هەزار سەربازی ئەمەریکی و فیلیپینی ناچارکران ١٢٠ کلیۆمەتر بەبێ نان و ئاو بەپێ بڕۆن، هەشت هەزار کەسیان ڕاستەوخۆ مردن و ٢٧٠٠٠ هەزار کەسی دیکەش لە ماوەی چەند مانگێکی دواتردا مردن. ڕێژەی مردن لە نێو زیندانییە چینییەکاندا زۆر زیاتر بوو، ئەوەش بەپێی ڕێنماییەکانی ٥ی ئاب/ ئۆگستی ١٩٣٧ ئیمپراتۆر بوو. لە دوای خۆبەدەستەوەدانی ژاپۆن، ٣٧٠٠٠ زیندانی بریتانی و ٢٨٥٠٠ زیندانی هۆڵەندا و ١٤٥٠٠ زیندانی ئەمەریکی ئازاد کران و تەنیا ٥٦ چینی لە زیندان مانەوە. کوشتوبڕی خەڵکی مەدەنیش سامناک بوو؛ ٢٠٠٠٠٠ کوژراو لە کاتی تاڵان و بڕۆی شاری نانکین، لە پاڵ ٢٠٠٠٠ ژنی لاقەکراو یا کوژراو، ١٣٠٠٠٠ تاوانی کوشتن لە فیلیپین، ٦٠٠٠٠ هەزار کەسیان لە کاتی تاڵانکردنی شاری مانیلا دا کوژران... نموونە لەسەر پێشێلکارییەکانی ڕێکەوتننامەی جنیف گەلێک زۆر بوو (سەربڕینی فرۆکەوانە بۆمبهاوێژەکانی ئەمەریکا، سەپاندنی کاری قورس بەسەر زیندانیانی جەنگ و ڕفاندنی ژنانی کوریا و ڕەوانەکردنیان بۆ قەحپەخانەی سەربازەکان...). بەڵام ئەو ڕاستیانە

خۆبەخشانە بێت یا ناچارییانە، لەسەر ئاستێکی بەرفراوان لە ژاپۆن و وڵاتانی دیکەی خۆرئاوادا، بەپێچەوانەی ئەڵمانیا بە شاراوەیی مانەوە. لە ٢١ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ١٩٤٨دا حەوت کەس حوکمی مردنیان بەسەردا سەپێنرا کە شەشیان جەنەراڵ و ئەوی دیکەیان وەزیرێکی دەرەوەی پێشوو بوو. خۆڵەمێشەکانیشیان خرانە ڕووبارەوە، ئەوەش دوا خاڵی دادگاییکردنی هۆلۆکۆست بوو. تێکرا نزیکەی ٥٧٠٠ ژاپۆنی ڕووبەڕووی دادگاییکردن بوونەوە و تەنها ٩٢٠ کەسیان لە سێدارە دران. لەنێو تومەتبارەکانی دادگاییەکانی تۆکیۆدا، سەرباری لە سێدارەدانی حەوت کەسەکە، حەوت کەس حوکمی هەتاهەتاییان بەسەردا سەپێنرا و یەکێک بە بیست ساڵ و یەکێکی دیکەش بە حەوت ساڵ زیندانی حوکمدران. زۆربەی ئەو کەسانەی ئازادکران، دوای چەند ساڵێک، دەستیان بە ژیانی سیاسیی کردەوە. دامەزراوەی فرەنسی-ژاپۆنی ساساکاوا کە یەکێک لە تاوانکارەکانی جەنگی پێشوو خاوەندارێتی دەکات و دەستی لە کومەڵکوژییەکەی نانکین دا هەیە و بڵاوکەرەوەی کتێبی لادەرانەیە[١٨١]، دامەزراوەی تۆکیو مایەدانی دەکات کە لە ئێستادا یەکێکە لە ناوەندە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی ژاپۆن.

لە دادگاییکردنەکەی تۆکیۆدا، ژمارەی ئەو دادوەرانەی نوێنەرایەتی وڵاتانی هاوپەیمانیان دەکرد بە دادوەرێکی فیلیپینی و هیندییەک تەواو بوون کە وڵاتەکانیان قوربانی دەستی تاوانەکانی سوپای ژاپۆن بوو. بە پەرۆشەوە گفتوگۆیان لەسەر هێندێک بابەتی تومەتبار کردن دەکرد و دەسەڵاتی ژاپۆنیان بە قاچاخچێتی ئەفیۆن تومەتبار نەکرد. خودی فەرەنسا و بریتانیا جەنگی ئەفیۆنیان لە دژی چین هەڵگیرساند بۆ ئەوەی بازار بەڕووی بەرهەمی کۆلۆنییەکانیان (هیند و ڤێتنام) بکاتەوە. بەڵام ئەو کارەیان ڕێی لە تومەتبار کردنی ژاپۆن نەگرت.

دادوەرە هیندییەکە، ڕادابینۆد پاڵ (Radhabinod Pal) گوزارشتی لە دیدوبۆچوونی ئۆپۆزیسیۆن دەکرد و لەلای هاوپەیمانان خۆی کردە نوێنەری ئاسیای کۆلۆنیزەکراو. سەرنجی بۆ جەنگێکی دەستدرێژیکارانە ڕاکێشا، بەوەی

181- Shudo Higashinakano, The Nanking Massacre Fact Verus Fiction, cite par le Monde (23 juin 2010).

ئەو گەمارۆیەی زلهێزەکان دژ بە ژاپۆنی پەلاماردەری چین بڕیاریان لەسەر داوە، هاوتای بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی وڵاتە خۆرئاواییەکانە لە جەنگدا. لەلایەکی دی بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە زۆر زەحمەتە تاوانی دەستدرێژی ژاپۆن بۆ سەر ڤێتنامی فرەنسی پشتڕاست بکرێتەوە، چونکە هاوکاری لە نێوان حکومەتی فیشی و وڵاتانی میحوەردا هەبوو. دادوەرەکە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ هیند، لە یاداشتێکدا سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە خودی هاوپەیمانان هێزی داگیرکار و کۆلۆنیالیزم بوون لە ئاسیا. هەروەها ڕایگەیاند دژایەتی جێبەجێ کردنی سزای لە سێدارەدان دەکات. ئیدی یاداشتنامەکەی بەجۆرێک بووە گرێبەستی دامەزرێنەری ڕەوتێکی لادەرانەی ژاپۆنی. دادوەرەکە گەواهینامەی گۆڕێکی لە پەرستگای یازوکونی (Yazukuni) بەدەستهێنا. کەواتە ژاپۆن، بەپێچەوانەی ئەڵمانیا، کاری لەسەر حەقیقەت و تۆبەکردن نەکردووە و جگە دادگاییکردنی تۆکیۆ، هیچ دادگاییەکی دیکەی نەکردووە.

ئەم کوێرایی داهاتنەی بەڕێوەبردنە ڕێگر بوو لەوەی ئاشتەوایی هەرێمایەتی لە ئاسیا بەڕێوەبچێت کە پەیمانی ئەلیزیە ڕێی پێ دابوو. هیچ شتێک لەسەر هیرۆ هیتۆ نییە، هیچ شتێک لەسەر یەکەی ٧٣١ نییە کە ئەزموونیان لەسەر زیندانییە زیندووەکان دەکرد بۆ ئەوەی چەکی کیمیایی پەرە پێبدەن، هیچ شتێکیش لەسەر قەرەبووکردنەوەی ژنە کورییەکان نییە کە بۆ سەرگەرمی بەکاردەهێنران. بۆیە لەسەر کوشتارگەی بەرژەوەندی جیۆ سیاسی، قوربانی بە حەقیقەت درا و تا ئەمرۆش چەوتگەرای ژاپۆنی بەردەوامە، ئەوەش بە تەنیا گرووپە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان ناگرێتەوە، هەروەکو لە ئەوروپا بوونی هەیە. لەنێو ئەو تاوانبارانەی دوای جەنگ، هیچ سەرکردەیەکی زایباتسۆ (zaibatsu) نابینرێت، واتە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی هەنگاویان بەرەو فراوانبوون دەنا. جاڕی دێوانەیی تیوریستی فراوانخوازی، شومی ئۆکاوا (Shumei Okawa) درا، بۆیە دوای چەند ساڵێک لە دادگاییکردن ڕزگاری بوو، لە نەخۆشخانەی دەروونی ئازاد کرا. هەروەها یاسوجی ئۆکامورا بەڕێوەبەری سۆزانیخانەکەی ژنە کۆریە ڕفێنراوەکان، داهێنەری سیاسەتی "سێ گشتەکە: کوشتنی هەموو، سوتاندنی هەموو شتێک و تاڵانکردنی هەموو شتێک!" و ماسانۆبو تسوجی (Masanobu Tsuji)، بەرپرسی کۆمەڵکوژییەکەی سەنگافورە و ڕێڕۆیشتنی مەرگ لە باتان، لە هەموو تاوان و ڕاوەدوونانێک ڕزگاریان بوو.

لەو حاڵەتانەی لەسەرەوە باسیان لێوەکراوە، سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئێمە لە بەردەم دادپەروەری سەرکەوتوودایین، نەک دادپەروەری جیهانی. بلۆکی سەرکەوتوو توخمەکانی تومەتبارکردن هەڵدەبژێرێت و وەدووی تاوانباران دەکەوێت -هێندێک جاریش لێیان دەبوورێت- و بەڵگەکان تەواو دەکات. زۆر قورسە ئەم نموونەیە بگوێزرێتەوە، بەتایبەتی گەر لایەنە دۆڕاوەکە دیموکراسییەکی گەورە بەرپرسیار بێت لە هەڵگیرسانی جەنگەکەدا (ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڤێتنام، یا لە عێراق، بریتانیا لە عێراق، فەرەنسا لە جەزائیر).

دادگا نێودەوڵەتییە کاتییەکان: گەڕی "خۆئامادەکاری" بۆ دادپەوەری نێودەوڵەتی؟

دەکرێ ئەرکی دادپەروەری سزادان بەتەواوی دابنرێت، کاتێک چەکەکان بێدەنگ دەبن، حاڵەتەکە سەبارەت بە قەیرانی یۆگسلاڤیا بەهۆی ڕێکەوتنی دایتۆنەوە بەوجۆرە بوو، چونکە لێبوردن ڕێسایەکی سروشتیی کۆتاییهێنان بە ململانێیەکە نەبوو. سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئیدانەی کرد، بانگەشەی ئەوەی دەکرد گرەنتی لێبوردنی لە دانوستکاری ئەمەریکی، ڕێچارد هۆلبرۆک (Richard Holbrooke) وەرگرتووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە زیندانی لاهای کۆچی کرد. نەتەوە یەکگرتووەکان لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا چەندین لیژنەی دادوەریی تاوانکاریی نێودەوڵەتی جۆراوجۆری دروست کرد کە دەسەڵاتی دیاریکراویان هەبوو، بەوەش دادگایەکی نوێی دانا کە مەرجی ململانێکانی ئایندە دەگۆڕێت. دەرئەنجامی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی لە یۆگۆسلاڤیای پێشوو کە ساڵی ١٩٩٣ دامەزرا، زۆر خاکییانە بوو: ٤٨ تومەتباری دەستگیر کراو، ٣١ فەرمانی گرتن، ٢٣ کەسیش لە ساڵی ٢٠٠٩دا دادگاییکران. ئەوەش چاکەیەکی هەیە کە یەکەم دادگای نێودەوڵەتی بووە هەوڵی سزادانی تاوانە ڕەگەزییەکانی داوە، وەک بەزۆر لاقەکردن، چەوسانەوەی ڕەگەزی، لەشفرۆشی بەزۆر، بەزۆر سکپڕکردن و لەباربردنی بەزۆر و توندوتیژی ڕەگەزی و ئەو چەوسانەوەیەی جەخت لەسەر ڕەگەز دەکاتەوە. یاسای فەرمی لاقەکردن دانەنرا، تا ئەو کاتەی ڕێکەوتنی جنێڤ (١٩٤٩) پەیوەست بە پاراستنی مەدەنییەکان لە ماوەی جەنگدا پەسەند کرا. دادگای تۆکیۆ ئەو تومەتەی بە هەند وەرنەگرت کە پەیوەست بوو بە قەحپەخانەکانی سوپای

ژاپۆنی لەگەڵ ژنە کۆرییە ڕفێنراوەکان. تا ئەمڕۆش، کۆمەڵگەی مەدەنی ژاپۆنی چاوپۆشی دەکات و ڕەتیدەکاتەوە قەرەبووی "ژنە سەرگەرمکەرە" کۆرییەکان بکاتەوە.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا (TRIR) کە ساڵی ١٩٩٤ لە ئاروشا دامەزرا، تا ڕادەیەک سەرەتایەکی نائومێدانەی هەبوو: تەنیا ٥٠ تۆمەتبار و ٩ سزادان. هاوتەریب لەگەڵ لیژنەکانی گاشاشا کاری دەکرد و بەربەستەکانی بەردەمیشی دوولایەنە بوون؛ یەکەم، چونکە ئەو سیستەمەی پۆڵ کاگامی (Paul Kagame) دایمەزراند بوو، هەر زۆر بەخێرایی دەستبەرداری هەموو بەرخوازییەکی دیموکراسیی بوو. لە ئەنجامی ئەو بەدواداچوونە دادوەرییەی لە فرەنسا بەرێوەچوو، دەربارەی ئەو دەستدرێژییەی فڕۆکەکەی سەرۆک هابیاریمانای خستەخوارەوە و بەهۆیەوە فڕۆکەوانە فرەنسییەکان بوونە قوربانی، بڕیاری گرتنی نێودەوڵەتی دەرهەق بە پۆڵ کاگامی دەرچوو. فرەنسای دڵسۆز بە نەریتەکانی وەک وڵاتێک کە وانە دەڵێتەوە، وازی لە ڕێکاری لێکۆڵینەوەکان هێنا دەربارەی ئەگەری تێوەگلانی بەرپرسە سیاسیی یا سەربازییەکانی لە پاڵپشتی کردنی ڕژێمی جینۆساید دا، بەڵام بەردەوام بوو لە ڕاوەدوونانی سەرۆکی دەوڵەتی ڕواندا.

دادگایەکی تایبەت بە سیرالیۆن (TSSL) لە کانونی یەکەم/ یەنایەری ٢٠٠٢دا دەرچوو، بۆ ئەوەی تاوانەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ دادگایی بکات. هەروەها لە دوای تیرۆر کردنی ڕەفیق حەریری لە ١٤ی شوبات/ فەبرایەری ٢٠٠٥دا دادگایەکی تایبەتیش بۆ لوبنان دامەزرا. بەڵام سوریا سوپاکەی لە لوبنان کشانەوە، بۆیە زۆر قورس بوو بەرپرسەکان دادگایی بکرێن، ئەمە سەرباری ئەو هەڕەشانەی کە حیزبوڵڵا لەبارەی تۆمەتبارکردنی چەند ئەندامێکی ئاماژەی پێدەدا، ئەگەری سەرلەنوێ هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆی لێدەکرا.

دامەزراندنی ئەم دادگا هەمیشەییانە، ڕێگەی لەبەردەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ئاواڵە کرد. بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، دادگایەک بتوانێت ڕێساکانی دەربازبوون لە ململانێ بگۆڕێت و پاشان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش بگۆڕێت.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی: پێشڤەچوونێکی مسۆگەر... بەڵام کێ دادگایی کێ دەکات؟

بیرۆکەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (CPI) ساڵی ١٩٤٨ دروست بوو، لەگەڵ ئەو شکستانەشی کە هەموو دەیزانین. لە بەرامبەردا، ساڵانی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیێت، ڕەنگدانەوەی ئیرادەی هێندێک جەنگاوەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشاندا بۆ ئەوەی بیر لە میکانیزمەکانی ئاشتەوایی و دادگاییەکردنێک بکاتەوە توانای توێکاری ئەو سەرچاوانەی هەبێت کە دەبنە مایەی ململانێیەکە. لە دوای یۆگسلاڤیا و ڕواندا، ساڵی ١٩٩٣، لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی پرۆژەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەمیشەیی خستە بەردەستی ئەنجوومەنی گشتی. لە ١٧ی تەموز/ یۆلیۆی ١٩٩٨دا، ١٢٠ دەوڵەت لە ڕۆما تەبەنیان کرد، ئەوەش دەسەڵاتەکانی ئەو دادگایە دیاریدەکات کە بە سەربەخۆیی لە ئەنجوومەنی ئاسایش و پابەندبوونەکانی دەمێنێتەوە. لایەنی کەمی دەنگە پێویستەکانی بەدەستهێنا، واتە ٦٠ وڵات بۆ ئەوەی لە نیسان/ ئەیپرڵی ٢٠٠٢دا بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لە ساڵی ٢٠٠٩وە، ١١٠ دەوڵەت ئەندامێتیان لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا هەیە. دەسەڵاتەکانی لە کاتی ئاشتیدا، ململانێ ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. بۆ هەر قەیرانێکی تایبەت بە کات و شوێنەوە نابەسترێتەوە. دەتوانێت تاکەکان دادگایی بکات و دەسەڵاتەکانی کاریگەری ڕەجعییان نییە؛ دەبێ دوای ئەوەی یاساکەی دەچێتە بواری جێبەجکردنەوە، تاوانەکان ڕوویدا بێت (یەکی تەموزی ٢٠٠٢). بەپێچەوانەی دەستەی دادوەری تاوانی نێودەوڵەتی (TPI)، پرەنسیپی تەواوکاری جێبەجێ دەکات و ڕێوشوێنی دەستگیرکردن ناگرێتەبەر، مەگەر وڵاتە پەیوەندیدارەکە توانا و ئیرادەی ئەنجامدانی کارەکەی نەبێت.

هەروەها پێویستە یەکێک لەم سێ مەرجەی خوارەوەی تێدا بێت: دەبێ تاوانبارەکە هاوڵاتی یەکێک لەو وڵاتانە بێت کە ڕەزامەندیان لەسەر سیستمی سەرەکی ڕێکەوتنی ڕۆما دەربڕیووە، یا دەسەڵاتی دادوەری تاوانی نێودەوڵەتی قبووڵ بێت؛ پێویستە تاوانەکە لەسەر خاکی دەوڵەتێکدا ڕوویدابێت کە دەسەڵاتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی پێ قبووڵ بێت. دوا مەرج تەنها ئەو وڵاتانەی واژۆیان لەسەر سیستمی سەرەکی ڕۆما کردووە، یا داواکاری گشتی، یا ئەنجوومەنی

ئاسایشیی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەتوانن داوا بەرز بکەنەوە. دادگا دەتوانێت سزای زیندانی، نەک لەسێدارەدان دەربکات، بەپێچەوانەی دادگا نێودەوڵەتییەکانی دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە.

تاوانی دوژمنکارانە، مشتومڕ دەوروژێنێت. لە پێواری سازان دا، پێناسەکەی بۆ کاتێکی دی دواخرا، ئەوەش وای کرد دەسەڵاتی ئەوەی نەبێت باس لە بابەتی هێرشی سەر عێراق بکات. هەروەها تاوانی تیرۆریش لە بواری چالاکییەکەیدا لابرا.

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی پێشکەوتنێکی بەرچاو بوو. لاوازیی لەو ڕەخنانەوە سەرچاوە ناگرێت کە بە شێوەیەکی سیستماتیکانە ئاراستەی دەکرێن، بەڵکو هێندێک لە دیموکراسییە گەورەکان لە کایەی چالاکییەکانیدا نییە. دەشێت لەو ڕەخنە ئاساییانە بگەین کە ئاراستەی دەکرێت: دادگاییکردنەکان زۆر لە قوربانییەکانەوە دوورن، هێندێک جار بە سەدان کیلۆمەتر لە شوێنی تاوانەکانەوە دوورە (ئارۆشا لە تەنزانیا سەبارەت بە ڕواندا، لاهای لە هۆڵەندا سەبارەت بە یۆگسلاڤیا)، یا قورسی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ دەستگیرکردنی گومانلێکراوان، یا پاراستنی شایەتەکان، ئەوەش هاوکارییەکە لەبەر هۆکاری سیاسی بەلاوازی دەمێنێتەوە... دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، داوای زیاد لە دوو کەس لە کۆماری سربیا دەکات کە حکومەتی خۆجێی هەوڵی دەستگیرکردنیان نادات و دادگای ناوخۆش لە دوای تەواوبوونی وادەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٩دا، دەستگیریان ناکات.

لە نێو پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاساییشدا، تەنیا فرەنسا و بریتانیا ڕێکەوتنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیان پەسەند و واژۆ کردووە. ڕوسیاش کە بەهۆی ڕەفتارەکانی لە بارەی مافەکانی مرۆڤ لە چیچان، ڕەخنەباران دەکرێت، ڕێکەوتنی لێکتێگەیشتنی واژۆ کرد، بێئەوەی دواتر پەسەندی بکات. بەڵام چین، واژۆی لەسەر نەکرد. وڵاتانی ئەوروپا لە نیوە کەمتریان بەشدارییان لە پەیمانی ڕۆمادا کردووە و ئاسیاش کەمترین نوێنەرایەتی هەیە. لە پاڵ چین، هەر دوو هێزە ئەتۆمییەکەش، هیند و پاکستان، پشتگیری لە ڕێکەوتنەکە ناکەن و ژاپۆن ئیمزای نەکردووە. ئەردەن، تاکە وڵاتی عەرەبییە کە ڕێکەوتنەکەی پەسەند کردووە. ئیسرائیل ریکەوتنەکەی ئیمزا

کردووه، بەڵام بەهۆی بڕگەیەکەوە پەسەندی نەکردووە کە ڕاگواستنی دانیشتوانە مەدەنییەکان لە ناوچە داگیرکراوەکاندا بە تاوانی جەنگ دادەنێت. وڵاتانی ئەمەریکای باشوور و ئەفەریقیا دۆخیان باشترە. لیبیاش ڕەتیکردەوە بەهۆی دەستدرێژییەکەی لۆکەربییەوە (٢٧٠ کوژراو لە ساڵی ١٩٨٨) و فرۆکەی DC10 سەر بە کۆمپانیای فرۆکەوانی UTA (١٧٠ قوربانی لە ساڵی ١٩٨٩) دادگا بیانییەکان هاوڵاتی لیبیا دادگایی بکەن.

سەرجەم ئەو ڕەخنانە ڕاست و دروستن، بەڵام ناتوانرێ لەگەڵ پاشهاتەکانی هەڵوێستی ئەنجوومەنی پیران دا بەراورد بکرێت کە ڕەتیکردەوە دان بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا بنێت، هەر چەندە کلینتۆن دەیویست دانیپیادا بنرێت. ئەمەی دوایی لە ٣١ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ٢٠٠٠دا، ڕۆژێک بەر لە کۆتایی هاتنی ماوەکەی، ئیمزای لەسەر سیستمە سەرەکییەکەی ڕۆما کرد. کاتێک حکومەتەکەی بوش دەسەڵاتی گرتە دەست، واژۆکەی هەڵوەشانەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵمەتێکی دەست پێکرد و تێیدا ئەوەی دووپاتدەکردەوە کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی تایبەتمافی هەیە، لەبەر "هۆکاری سیاسی" تومەت ئاراستەی هاوڵاتییە ئەمەریکییەکان بکات. لەگەڵ بڕیاری پاراستنی هاوڵاتییە ئەمەریکییەکان (Act American Servicemens Protection)، ویلایەتە یەکگرتووەکان زێدەڕەوی لە هەڵوێستەکانی دژ بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کرد، کاتێک هێندێک لە وڵاتانی هاوپەیمانی ناچار کرد ڕێکەوتنی پارێزبەندی دوولایەنە واژۆ بکەن، ئەوەش جۆرە ڕێکەوتنێکە بە ڕادەستنەکردنی هاوڵاتیانی ئەمەریکی بە وڵاتانی دیکە، تەنانەت گەر دادگاش داوای بکات. ئەم یاسایە کە لە ئاب، ئۆگستی ٢٠٠٢دا پەسەند کرا، بڕگەی تێدایە ڕێگە بە سەرۆک دەدا "هەموو ئامرازێکی پێویست و گونجاو" بەکاربهێنێت بۆ ڕزگارکردنی ئەو هاوڵاتییە ئەمەریکییانەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەستگیری کردوون (ئیدی لێرەوە ناوی یاسای لەشکرکێشی لاهای "Hague Invasion") لێ نرا. لە ١٥ی تەموز/ ئۆلیۆی ٢٠٠٤دا، ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکی پرۆژەی یاسای تەرخانکردنی کارەکانی دەرەوەی هەموار کردەوە کە بە ناوی هەموارکردنەوەی نەیزەرکوت (Nethercutt) دەناسرێت. حکومەتی ئەمەریکی بەپێی یاساکە دەتوانێت هاوکاری سنوقی پاڵپشتی کردن بۆ یارمەتیدانی گەشەپێدان لە هەموو ئەو وڵاتانە ڕابگرێت کە بەبێ واژۆکردنی ڕێکەوتنی پارێزبەندی دوولایەنە لەگەڵ ویلایەتە

یەکگرتووەکان، ڕەزامەندیان لەسەر پەیمانەکە دەربڕیوە. چل و چوار وڵات ڕێکەوتنی پارێزبەندییان واژۆ کردووە (ئیسرائیل، بۆسنە، ئەڵبانیا، کۆلۆمبیا و تۆگۆ... هتد)، ئەو وڵاتانەشی بەرهەڵستی گوشارەکانی واشتنیان کرد، ڕووبەڕووی هەڕەشەی کەمکردنەوە یا هەڵوەشانەوەی یارمەتییە سەربازییەکان بوونەوە. بڕگەی یارمەتینەدان لەسەر وڵاتانی ئەندامی هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (OTAN) (لە نێویاندا، ئوستوڕاڵیا، میسر، ئیسرائیل، ژاپۆن، ئەردەن، ئەرجەنتین، کۆماری کۆریا و نوێزیلەند) و تایوان جێبەجێ ناکرێت. سزاکان نۆ وڵاتی پاڵێوراوی ئەوروپی بۆ ناتۆ و دە وڵاتی ئەفەریقی و دوو وڵاتی ئۆقیانوسی هێمن و چواردە وڵاتی ئەمەریکای لاتین، بەئامانج گرتووە[١٨٢].

پارێزبەندی یاسادانان فراوانتر کرا تا ئەندامانی کۆمپانیا سەربازییە تایبەتە ئەمەریکییەکانیش بگرێتەوە (SMP)، ئەوانەی لە عێراق و ئەفغانستان کاریان دەکرد. لە ئێستادا ١٨٠٠٠٠ ژن و پیاوی دامەزراندووە، واتە زیاد لەو سوپا ئاساییەی ١٦٠٠٠٠ سەربازی هەیە و لە عێراقیش گرێبەستی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا هەیە. بەپێی ڕاپۆرتی بەشی توێژینەوەکان لە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکی[١٨٣] لە تەموز/ یۆلیۆی ٢٠١٠دا، ژمارەی ئەو مەدەنییانەی لە ئەفغانستان لەسەر حیسابی وەزارەتی بەرگری کاریان دەکرد، بە ١٠٤١٠٠ کەس دەخەملێنرێت. کەچی ژمارەی هێزە چەکدارەکان لە هەمان ماوەدا ٦٣٩٥٠ سەرباز بووە. هێندێک کۆمپانیا بەرژەوەندییە تایبەتی، یا گشتییەکانی ئەمەریکا دەپارێزن. لە هێندێک حاڵەتدا، ئەو کۆمپانیایانە لە ڕێی هێرشی ئاسمانی کە هەواڵگری ئەمەریکی، یا هێزە تایبەتەکان ڕێکیدەخەن، هاوکاری سوپا دەکەن.

لەم ناوکۆیەدا، ئەو تەقە کردنەی هۆکارەکەی فەرمانبەرانی بلاک وەتر (Blackwater) بوو لە ئەیلول/ یۆلیۆی ٢٠٠٧دا، ١٧ کوژراو و بەلانیکەمەوە ٢٠ بریندار لێکەوتەوە. ئەمەش گەورەترین هەڵەیە لە نێو ئەو لیستە دوورودرێژەی

---

[١٨٢] - بولگاریا، کرواتیا، ئیستۆنیا، لیتوانیا، لاتڤیا، ماڵتا، سربیا- مۆنتینیگرۆ، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا و دە وڵاتی ئەفەریقی- بنین، کۆماری ئەفەریقیای ناوەڕاست، لیسوتۆ، مالاوی، مالی، نامیبیا، نەیجیریا، ئەفەریقیای باشوور، تەنزانیا، زامبیا-ئەنتیگوا، بەربادۆس، بیلیز، بەرازیل، کۆلۆمبیا، کۆستاریکا، دۆمۆنیک، ئیکوادۆر، پاراگوای، پیرۆ، سانت فینسنت و گرینادین، ترینیداد و تۆباگۆ، ئۆرۆگوای، فەنزەویلا، فیدجی و ساموا.

[183]- CRS DoD contractors in Irak and Afghanistan, http://www.Fas.org

دەدرێتە پاڵ کۆمپانیا سەربازییە تایبەتەکە (SMP). دادوەری فیدراڵی، ڕیکاردۆ ئۆربینا (Ricardo Urbina) لە کانونی یەکەم/ دیسەمبەری ٢٠٠٩دا، وازی لە ڕاوەدوونانی میلیشیاکانی بلاک وتەر هێنا، چونکە پێیوابوو، ئیدارەی ئەمەریکی ڕێزی لە مافە دەستوورییەکانی فەرمانبەرە دەستگیراوەکان نەگرتووە: "خەڵکانێک بە بەکارهێنانی وتەی تومەتبارەکان، مافی بەرگری کردنیان پێشێلکردووە، هەر چەندە بەڵێنی ئەوەیان پێدرابوو کە وتەکانیان بۆ ئەوە ناپارێزرێت تا لە دژیان بەکاربهێنرێت!"، وتەبێژی بلاک وتەر، خاتوو ئان تیریڵ (Anne Tyrrell) ڕاگەیاند کە "کارمەندەکان بەپێی یاسا وەڵامی هێرشەکەیان داوەتەوە" و "ئەو مەدەنییانەی تەقەیان لێکراوە، بەپێی گێڕانەوەکە، لە ڕاستیدا دوژمنە چەکدارەکان بوون، بۆیە کارمەندەکانیان بەرگرییان لە ڕۆحی خۆیان کردووە". یاداشتنامەی ١٧ی دەسەڵاتی کاتیی کە کۆنسۆڵی هەرێمایەتی، پۆڵ برێمەر، دەریکردووە، گرەنتی پارێزبەندی کارمەندەکانی دەکات لە بەردەم دادگای عێراقیدا. ئیدی بەوجۆرە؛ کۆمپانیاکە چالاکییەکانی دەست پێکردەوە، ئەگەر چی چەندین ڕەگەزی هاوشێوە دەیسەلمێنێت کە تەقەکردنەکە هیچ پاساوێکی سەربازی نەبووە.

ڕاپۆرتەکەی ئەنجوومەنی پیران[١٨٤] کە لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا دەرچووە، ١٩٥ حاڵەتی تەقەکردنی لە نێوان ٢٠٠٥ تا ئەیلول، سەپتمبەری ٢٠٠٧دا ئامار کردووە و کۆمپانیاکەش تێوەگلاوە. لە ١٦٣ حاڵەتدا کارمەندانی بلاک وتەر دەستیان بە تەقەکردن کردووە. هەروەها ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە پاسەوانێکی تایبەتی جێگری سەرکۆماری عێراق بەدەست کارمەندێکی سەرخۆش کوژراوە. لە دوای سی و شەش کاژێر لە ڕووداوەکە، ئیدارەی ئەمەریکا بەبێ هیچ نیگەرانییەک ڕێگەی بە کوژەکە داوە خاکی عێراق جێبهێڵێت. پێدەچێت خێزانی قوربانییەکە نزیکەی ١٥ تا ٢٠ هەزار دۆلاریان پێدرابێت. ڕاپۆرتنووسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هیچ بەڵگەیەکیان نییە لەسەر ئەوەی وەزارەتی دەرەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بلاک وتەری دابێت، یا پرسیاری لەبارەی ژمارەی ئەو تەقەکردنەوە کردبێت کە کۆمپانیاکە تێوەیگلاوە. کۆمپانیاکە

---

١٨٤ – دانیشتنی دادگایی کردنی ئیریک پرانس (Erik Prince) لەبەردەم لیژنەی چاودێری کردنی چاکسازی حکومەتدا: http://web.archive.org

تا کۆتایی ٢٠٠٨ لەسەر کارەکانی بەردەوام بوو. لە ئازار/ مارسی ٢٠٠٩دا، گرێبەستەکەی لە بەرژەوەندی کۆمپانیای کلۆنکراوی (Triple Canopy) لە دەستدا. لە تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩دا، بڕگەیەک سەرباری یاسای مایەدانی بودجەی بەرگری کرا کە تێیدا بەڵێندەرە لاوەکییەکانی کەرتی تایبەت پابەندی یاسای دادگای سەربازی دەبن و لە دادگای سەربازیدا دادگایی دەکرێن. هەر چەندە ئەوە پێشکەوتنێکی گرنگە، بەڵام پسپۆران لێکدانەوەی هەمەڕەنگی بۆ دەکەن و تا ئەمڕۆش جێبەجێ نەکراوە. "بەتەواوەتی ئاسایشسازی تایبەت لە عێراقدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەرگیز بۆ دواوە ناگەڕێنەوە"، هەروەکو لیۆن ی. شارۆن (Leon I. Sharon)، کۆنە ئەفسەر لە هێزی تایبەتی ئەمەریکا دووپاتی دەکاتەوە و لە بنکەیەکی نزیک بەغداد، فەرماندەیی پێنج سەد پاسەوانی کورد دەکات. ئەوەش هەر بەڕاستی نیگەرانهێنە (پێموایە نووسەر یان شارەزاییەکی تەواوی لەسەر کورد و پرسەکەی نییە، یان دەیەوێت هێندێک مەسەلەی دی بوروژێنێت، ئەگینا بۆ دەبێت مەشق و ڕاهێنانی ٥٠٠ کورد، بەفەرماندەیی ئەفسەرێکی ئەمەریکی، مایەی نیگەرانی بێت. و. کوردی).

لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، تەنیا چوار لێکۆڵینەوەی لە بارەی ئەو تاوانانە کردووە کە لە کۆماری کۆنگۆی دیموکراسی، ئۆگەندا، سودان و ئەفەریقیای نێوەند ڕوویانداوە. ماوەیەکی زۆریش نییە، سیرالیۆن سەرباری لیستەکە کراوە. لەسەر داوای وڵاتە پەیوەندیدارەکان، سێ لێکۆڵینەوە ئەنجام دراون و ئەنجوومەنی ئاسایش لێکۆڵینەوەی چوارەمی (سودان) ڕەوانەی دەسەڵاتی دادوەری کردووە، دادگا لە ٤ی ئازار/ مارسی ٢٠٠٩دا یەکەم فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ سەرۆکی وڵاتێک دەرکرد، ئەویش عومەر بەشیری سەرۆکی سودان بوو، لەسەر تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دارفور. بەهەق وڵاتە ئەفەریقییەکان پێیانوایە، "وادیارە دادپەروەری نێودەوڵەتی ڕێسای دژەپارێزبەندی تەنیا لە ئەفەریقیا پیادە دەکات، وەک ئەوەی هیچ شتێک لە شوێنەکانی دیکە ڕوونەدابێت، لە عێراق، غەزە، کۆڵۆمبیا و قۆقاز". دەشێت ئەو وڵاتانە بڕیاری کشانەوە لە دادگا بدەن. داواکاری گشتی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لویس مۆرینۆ ئۆکامپۆ (Louis Moreno Ocampo) لە حوزەیران/ یۆنیۆی ٢٠٠٩دا، لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گۆڤاری مانگانەی (le Courrier de lAtlas)، بۆ یەکەمجار ڕایگەیاند، لێکۆڵینەوە لە کوشتوبڕی

مەدەنییەکان دەکەن کە لە کانونی دووەم/ یەنایەری ٢٠٠٩دا لە غەزە ڕوویداوە، "بەڵام چۆن دەکرێت فەڵەستین لە دەسەڵاتی دادوەری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەڵاوێرد بکرێ (زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی دەوڵەت نییە)، ئەمە لە کاتێکدا جگە لەو دەسەڵاتە کەسێکی دیکە ناتوانێت لە بەرژەوەندی خۆی دەستوەردان بکات؟". کەواتە دەترسێت لەوەی دەسەڵاتی دادوەری نیشتمانی، هەمیشە داواکارییەکانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی جێبەجێ نەکات، کاتێک خودی دەسەڵاتە گشتییەکان، بەبێ هیچ کۆتوبەندێک، بڕیار لەسەر دەستەبەرداربوونی نەدەن.

دەشێت دادپەروەری نێودەوڵەتی، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، دادپەروەرییەک بێت تایبەت بە لاواز و میرانی شەڕ یا سەرانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەتایبەتی ئەفەریقییەکان.

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

بەشی حەڤدەیەم
سەرچاوەکانی جەنگ هەمیشە گرژیئامێزن
جگە لە توندوتیژی هیچ ڕێگە چارەیەك بۆ بەدەستهێنانی ڕزگاربوونی چەوساوەکان نییە

مافی جیابوونەوە شتێکی نامۆیە کە تەنیا وڵاتانی سکاندیناڤی بەبێ هیچ قەیرانێکی مەترسیدار دەیبەخشن، هەروەکو دانیمارک بە شێنەیی بەرامبەر بە گرینلاند ئەو کارە دەکات. سەربەخۆییە دژوارەکەی هەر یەک لە تەیمور، کۆسۆڤۆ و ئەریتیریا، نوێترین بەڵگەی سەربازییە. پرسی فەڵەستین، کورد و تیبیت... هتد، زۆریک لە ئێشوئازار دەخولقێنێت. دۆخی شەڕەڤانی نائاسایی (لایەنگر یا تیرۆریست)، واتە ئەو مەدەنییەی بەبێ جلی سەربازی چەک هەڵدەگرێت، مەسەلەیەکی نێودەوڵەتیی گرنگە؛ چونکە ڕێکەوتننامەی جنێڤ و یاسای جەنگ دانیپیانانێت، گەر ئینتمای بۆ دەوڵەتێک یا سوپایەکی ئاسایی نەبێت. لەبەر ئەوەی دۆخی دوژمنی نییە، کەواتە یاخی، ڕێگر و تاوانبارە و بەبێ دادگاییکردن، یا ئامادەبوونی لەبەردەم دادگای تاوانەکاندا، ڕووبەڕووی کوشتن دەبێتەوە، ئەمە ئەگەر سەرکەوتن بەدەستنەهێنێت. چونکە لەو حاڵەتەدا هەموو تاوانێک پاکدەبێتەوە و دەبێتە سەرۆکی دەوڵەت، یا حکومەتێک. بەزۆری هۆکاری بەردەوامبوونی توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ پێواری دۆخی "یاخییەکە"، ئەوەش زاراوەیەکە لەمڕۆدا بە باشی لەگەڵ خۆڕاگری گەریلا ناوخۆیەکاندا دەگونجێت.

تاکلایەنیی و کێبەرکێی جیهانی

ئەم بیرکردنەوە عەقائیدییانە لە نێو ئەو تاکانەدا دەبینرێت کە بیرۆکەی "هێز و دەسەڵات" بەسەریاندا زاڵە. ڕەگوڕیشەی ئەم مۆدێلە خۆرئاواییە، بەڵام جێگەی داخە لە هەموو سوچ و قوژبنێکدا بڵاوبۆتەوە. بە هەر حاڵ، ستراتیجیستە خۆرئاواییەکان درێغی ناکەن لە سەرزەنشتکردنی ئەو هێزە دەرکەتووانەی ئەم مۆدێلە بەکاردەهێنن، هەروەکو چۆن مەخلوقەکەی دکتۆر فرانکنشتاین خیانەتی لێکرد. بیروباوەرە نوێیەکان لەبارەی کەمی سەرچاوەکان، جەنگی ئاو و ململانێی کەشوهەوا، حەکایەتێکی تازەی مێژووییەکی ڕاگەیەنراوی ململانێیەکانە. هێز پەیوەندی بە ئاستی گوزەران و مافەکانی مرۆڤەوە نییە، ئەگینا وڵاتانی

سکاندیناڤی، ژاپۆن، سویسرا و ئەڵمانیا لەنێو دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهاندا نەدەبوون. بەڵام هەڵگیرسانی جەنگ ئاسانترە!

جەنگی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجییەکان

جەنگی دەسەڵاتی دەستەبژێری ئایدیۆلۆجییەکانی ئەمڕۆ و سبەینێ، هۆکاری سەرەکیی توندتیژییە. لێرەدا حەکایەتە وەرگیراوەکەی "جەنگی شارستانییەکان" نانووسینەوە، کە گوزارشت لە ویژدانی هەمیشە ئارامی کۆمەڵگەکانی خۆرئاوا دەکات کە پێیانوایە کولتورەکانی دیکە داواکاری توندوتیژیان هەیە. پێویستە توێژینەوە ڕەخنەییەکان دەربارەی هەموو ڕادیکاڵییە ئایینییەکان، پرەنسیپی ئازادی ئایینی تێپەڕێنێت. ئەم پرۆسە ڕەخنەگرانەیە لە فرەنسا و ئەوروپا دەستی پێکرد و لە شوێنەکانی دیکە بەکەمی دەیبینین یا هەر نایبینین (ویلایەتە یەکگرتووەکان و جیهانی عەرەبی- ئیسلامی و ئیسرائیل).

MHF
MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

دوومایی

لەبەر هەموو ئەو هۆکارانەی لەم کتێبەدا باسیان لێوە کراوە، دروستکردنی دوژمن (دوژمنسازی) لە چەند دەیەی داهاتوودا، دەبێتە کەرتێکی گەورەی بەرهەمهێنان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەکو سانت ئیکزۆپێری (Saint-Exupery) سەرنجی داوە، جەنگ کارێکی حەتمی نییە، بەڵکو سەرچاوەی (بزوێنەری) ڕەفتاری مرۆڤە کە تەنیا بە هەوڵدانێکی بێ پایانی ژیرانە لێی ڕزگار دەبین. جەنگ سەرچڵی نییە، بەڵکو نەخۆشییەکە لە "گرانەتا" دەچێت. ئەم دەستنیشانکردنە پزیشکییە خەسڵەتی شیکارییەکی حەتمی پێشکەش دەکات. دەشێت چارەسەری هۆکارەکانی ململانێکە بکرێ، بەڵام ڕەنگە نەخۆشییەکە سەرلەنوێ بەپێی بزوێنەرە پێشبینینەکراوەکان دەربکەوێتەوە.

گەر وا دیار بێت ئەم دەقە زیاتر ڕەخنە ئاراستەی دیموکراسییەکان دەکات، تا ئەوەی ئاراستەی دیکتاتۆرییەکانی بکات، ئەوا دەبێ ئەوە وەبیربهێنرێتەوە کە بابەتی ئەم هەوڵە فیکرییە لێکهەڵوەشانەوەی ئەو میکانیزمانەیە کە ئاسوودەیی ویژدان بەر لەهەڵایسانی جەنگ و ڕۆیشتن بەرەو مەیدانی جەنگ دەستەبەر دەکات. لەلایەکی دی، ئەو نەریتەی لەلای خۆرئاراییەکان بەکۆتانایەت -ئەو خۆرئاواییانەی دوو جەنگی جیهانییان هەڵگیرسان و جینۆسایدی بێوێنەیان ئەنجام دا و جیهانیان بەکۆلۆنی کرد و جەنگی ئەتۆمی و کیمیاییان کرد- وانە بەجیهان دەڵێنەوە، بۆیە پێویستە هێندێک ڕاستییان وەبیربهێنینەوە. دواجار، نووسەر هیوایەکی گەورەی بە توانای خۆچاککردنی کۆمەڵگە دیموکراسییەکان هەیە، ئیسرائیل بە نموونە، تا ئەوەی پشت بە حکومەتە دیکتاتۆرەکان ببەستێت.

ڕەنگە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردن هۆیەک بێت بۆ توندوتیژی، ئەوەش لە ڕێی پێدانی ماف و دەسەڵات بەهاوڵاتیانی ئیمپراتۆرەکانی پێشوو، ئەوانەی مافی دەربڕینیان لێ سەندرابووەوە، هەروەها ئەو گرژییانەشی زیندووکردەوە کە دیکتاتۆرییەت بە زەبری هێز کپی کردبوون، بەتایبەتی لە کۆمارەکانی سۆڤێتی پێشوودا.

هێندێک وڵات لە شەڕێکی ناوخۆی دەمامک کراو، یا دۆخی ئاشتییەکی توندوتیژئامێزدا دەژین، لەبەر ئەوەی هەموو کەسێک چەکی گرووپەکەی دەپارێزێت، نەک دەوڵەت. کاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە وادەخوازێت لەڕێی

MAM HUMANITARIAN FOUNDATION

قۆرغکردنی هێز، دەوڵەت پێکبهێنێتەوە، دەبێتە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، هەروەکو حاڵەتی سۆماڵ، ئەفغانستان، پاکستان و هێندێک وڵاتی ئەفەریقی. پێویستە لەسەر ئامرازە فیکرییەکانی دروستکارانی ئاشتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، زیاتر گرنگی بە پشکنینی قەیرانەکان بدەن، تا وەکئەوەی باوە گرنگی بەسنوقی ئامرازی چارەسەرە حازربەدەستەکان دەدەن.

ئاشتی دەرەنجامێکی زامنکراوی چەک داماڵین نییە، خێراترین جینۆساید لە مێژوودا، واتە جینۆساید لە ڕواندا، بە قەمە ڕوویدا (٨٠٠٠٠٠ کوژراو لە ماوەی چوار هەفتەدا). قەیرانەکانی ئەفەریقیا لە هەنبانەی جەنگی ساردەوە بەردەوامیان هەیە و مایەی پەژارەییە گەورەترین دیموکراسی لە جیهاندا بەدەستی ئەنقەست ڕێکەوتنی دەربارەی چەکی بچووک سڕ کردووە کە کارێکی هەنووکەییە. ئەو کۆمەڵکوژییەی ڕۆژانە بەرۆکی مەکسیک دەگرێت، لەو دە هەزار کۆگا بازرگانییە گەورەیەی فرۆشتنی چەکی ئەمەریکییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەو دیوی سنوورەوە دەسەنرێت.

دواجار، توانا سەرسورهێنەکەی قوربانییەکانی پێشوو بۆ بوون بە جەلاد، ڕێگەی گەشبینی بە ئایندەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لێڵ دەکات؛ جەنگی ناوخۆ لە سیرالیۆن و لە لیبیا بۆیە هەڵگیرسا، چونکە نەوەی ئەو کۆیلانەی لەلایەن ئەمەریکیی، یا بریتانییەکانەوە گەڕێنرانەوە بۆ وڵاتەکانیان، ڕەتیان کردەوە بەشێک لە دەسەڵات بدەن بە "هاوڵاتیانی وڵاتەکە". ئەو کۆمەڵکوژییانەی لە نێوان ساڵانی ١٩٩٦ بۆ ٢٠٠٣ لە کۆنگۆ ڕوویاندا، دەرئەنجامی هێرش و پەلاماری سەربازییانەی توتسییەکان بوو لە ڕواندای خێرلەخۆنەدیو. نموونەیەکی دیکە، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئیسرائیل، ڕێزلێنانی مافی فەڵەستینییەکانی بۆ قووت ناچێت. کەواتە هێڵی بەرگری لەسەر ڕەتکردنەوەی بەراورد کردن کورت دەبێتەوە؛ دەسەڵاتی توتسی وشەی "جینۆساید" ڕەتدەکاتەوە کاتێک قسە لەبارەی کۆنگۆوە دەکرێت. هەر کۆمەڵگەیەک لەڕێی دەستدرێژییەکانییەوە فێر دەبێت، نەک لەڕێی ئەو دەستدرێژییانەی دەرهەقی کراون کە لە ڕاستیدا وای لێدەکات بانگەواز بۆ تۆڵەسەندنەوە بکات!

وادیارە ئەنجامی گشتی سەبارەت بەو دیموکراسییانە زۆر لاوازە کە هێشتا بە فیکری "هێز" زاخاو دەدەرێن. باس لە کردەی جەنگ ناکەین (بەکارهێنانی چەکی

کیمیایی، گرتن و ڕاگواستن) کە لە دەرەوەی دەسەڵاتەکانی دادوەری نێودەوڵەتییە، مادامەکی زلیهێزێک ئەو کارەکە دەکات. قوربانییە ڤێتنامییەکانی بریکاری پرتەقاڵی (Agent Orange) (دیوکسین)، لەمڕۆدا خاوەنی منداڵگەلێکن کە بەهۆی شیواوی زگماکییەوە کەمئەندام بوون، قوربانییەکان، ئاوسانی ئەندامەکان و ئێسکەنەرمە، یا شێرپەنجەی سنگ و نەخۆشی پێست و نەخۆشی مێشک و کۆئەندامی دەماریان هەیە، لەلایەن دادگای ئەمەریکاوە قەرەبوو نەکراونەتەوە، ئەمە لە کاتێکدا سەربازانی ئەمەریکا، ئەوانەی بەرکەوتەی هەمان گاز بوون، قەرەبوو کراونەوە. ئەمرۆ بواری ئەوە نییە سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، جۆرج بوشی کوڕ، یا سەرەک وەزیرانی بریتانیا، تۆنی بلێر، بەهۆی هێرشکردنە سەر عێراق (ساڵی ٢٠٠٣)، بە تومەتی تاوانی دژ بە ئاشتی، ڕووبەڕووی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکرێنەوە. بەلانیکەمەوە دیموکراسی بریتانی، لە چوارچێوەی لیژنەی شیلکۆدا، دانیشتنی پەرلەمانی ئەنجام دا، بۆ ئەوەی سەرەک وەزیران هەڵویستی خۆی ڕوون بکاتەوە. ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا پێداگری دەکرد لەسەر ئەوەی سەرۆک کلینتۆن بە ئاشکرا پەشیمانی ڕابگەیەنێت؛ چونکە لەبارەی بەدەم سێکس کردن لەگەڵ مەشقدیدە گەنجەکە درۆی کردووە، بەڵام داوای هیچ شتێکی لە بوش نەدەکرد کە لەسەر درۆ وڵاتێکی پەلکێشی جەنگ کرد. تا ئێستاش ئەمەی دوایی لەسەرتاسەری جیهاندا، دەرسگوتار لەبارەی ئاشتییەوە دەڵێتەوە. سزا سادەکەشی پێلاو تێگرتنێک بوو لەلایەن پێڵاوهاوژێکی عێراقییەوە کە ڕاهێنانی پێویستی نەکردبوو.

بیناکردنی دوژمن، پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. بۆیە بەرپرسیارێتی دەستەبژێری سیاسی و کولتوری دەلالەتێکی زۆر لە سروشتی ڕژێمەکان دەکات. هێندێک لە دیکتاتۆرەکان نیازی شەڕیان نییە، بەڵام هێندێک لە دیموکراسییەکان، ئەوانەی ناسنامەی موژدەبەر، یا پۆلیسی ئاسایش دەدنە پاڵ خۆیان، ئەو جۆرە نیازەیان هەیە. کارێکی بێسودە بگەڕێنەوە بۆ ئەو بیروباوەرەی هەمیشە جاڕی بۆ دەدرێ بەوەی ڕژێمە دیموکراسییەکان بە سروشت ئاشیخوازن. ئەوانە بەپێی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە ئاشتیخوازن کە لەگەڵ ڕای گشتیی، بەدرێژایی بونیاتنانی مێژوو بۆ ناسنامەکەی خۆیان هۆنیویانەتەوە. کەواتە هەوڵیانداوە لەسەر "چارەنووسی حەتمی" ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەمەریکییەکان دەربڕن! ویلایەتە یەکگرووەکان ئەرکی پاراستنی

ئاسایشی جیهانی بەخۆی داوە کە بەشێوەیەکی سەیر بەرژەوەندییەکانی دەپارێزێت. بەپێودانگێکی بچووکتر، سیاسەتی فرەنسی بەرامبەر بە ئەفەریقیا لەگەڵ هاوکارییەکانی لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا نایەتەوە. دوا دەستوەردان لە ساحل عاج (لە نیسان/ ئەیپرڵ ٢٠١١)دا تاکە بەری ڕێگە پێدراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە خواستی ئەوەی هەیە ڕێز لە دەرئەنجامی سنوقەکانی دەنگدان بگرێت. بەڵام بارگرانی ڕابردوو بە ڕادەیەکە کە تا ئێستاش گومان لە ئامانجەکانی پرۆسەی لیکۆرن (Licorne) دەکرێت.

لە بەرامبەردا، سەرکردە سیاسییەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە میکانیزمەکانی لێکهەڵوەشاندنەوە دەگێڕن. دیگۆل و ئەدیناوەر (Adenauer) و ویلی براندت (Willy Brandt) لەبەردەم شوێنەواری گیتۆ وارسۆ دا بەچۆکدادێن، گۆرباچۆڤ، پاشان پۆتن لە دوای کۆمەڵکوژییەکەی کاتین، ئەرشیفی سۆڤێت هەڵدەدەنەوە، نیلسۆن ماندێلا واز لە تۆڵەسەندنەوە لە سەرانی ڕژێمی ئاپارتاید دەهێنێت و پاپا یۆحەنا پۆڵسی دووەم، ساڵی ٢٠٠٣ لە بنیالۆکا پۆزش دەهێنێتەوە، گشت ئەوانە دەیسەلمێنێت کە هێندێک بزوێنەری تەقلیدی لەڕێی دانانان بە بەرپرسیارێتیدا کاڵ دەبنەوە. وادادەنرێت بەبوونی سەرکردەی سیاسیی جیاکار قبووڵیان بێت واز لە سەرمایەی سیاسیی بهێنن کە ڕەنگە گوتاری شەڕانگیزی فەراهەمی بکات، هۆکاری ململانێکان لە کەمی بدات. پێویستە هاوکاری لە نێوان دەستەبژێری مەدەنی و سەربازیدا هەبێت کە توانای گۆڕینی عەقڵییەتی هەیە، بەوپێیەی بەرهەمهێنی ئەفسانەکانە.

پێویستە کۆشانی فیکری دەربارەی میکانیزمەکانی بیناکردنی دوژمن ئەو بیرکردنەوەیەی لێ نەکەوێتەوە کە هەموو هەڕەشەیەک بیناکردنە. هەمیشە لەسەر ئەم ئەستێرەیە زۆرێک لە کیم جۆنگ ئێل و سەدام حسێن، یا جۆرج بوش و تۆنی بلێر بوونیان هەیە. هێشتا گەلێک ڕژێم لە جیهاندا هەیە بەوە دەناسرێنەوە کە ئینتمایان بۆ ڕەوتی شمیتی (سەبارەت بە کارل شمیت) هەیە، لەوانە سیستمە دیموکراسییەکان کە پێویستیان بە دوژمن هەیە بۆ ئەوەی یەکێتی نیشتمانی خۆیان تۆکمە و پتەو بکەن، یا بۆ ئەوەی ڕای گشتی مۆبیلیزە بکەن و سەرنج لەسەر گرفتەکانی ناوخۆ لابدەن و لە گەڕانەوە بۆ ویژدان

دووربکەونەوە، یا زۆر بەسادەیی بۆ ئەوەی جەخت لە هێزوتوانای خۆیان بکەنەوە…

لە بەرامبەردا، توانای سیاسی لە بەریەکهەڵوەشانەوەی دوژمن، لە بیروهۆشی شمیتدا بزر بوو. ئەوروپای سیاسی، قەوارەیەکە دەسەڵاتی موڵکداریێتی دەکاتە وڵاتانی هاودەنگیی بەشداریکردن، دوژمنی نییە، خۆی لەسەر سازان بونیات دەنێت، نەک لەسەر ململانێ (ناتوانین دوژمن فریو بدەین، تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە لە کێبەرکێکار بێبەشی دەکەین و شتێکی دەدەینی بیخاتە ژێر دانی)، هەروەکو رێنیە جیرار دەڵێت. بەڵام ئەم پێناسەیە لەسەر ئەوروپا جێبەجێ نابێت. لە ڕاستیدا، زەحمەتە قەناعەتیان پێبهێنرێت خۆیان بە بەرگری هاوبەش پرچەک بکەن.

ئەم کتێبە بانگەواز بۆ ئاشتی ناکات، هۆبز دەنووسێت (Hobbes): "بەبێ شمشێر، پەیماننامەکان هەر بە وشەی ڕووت دەمێننەوە". ئەو خاڵەی دەمەوێت سەرنجی بۆ ڕابکێشم، کێشە لە ڕادەلەبەرەکەی تیورەکانی هێزە کە سروش بە میکانیزمە گشتییەکانی بیرکردنەوەی ستراتیجیی وڵاتانی دیموکراسی دەبەخشێت و مەیلی نائاگایانە بۆ شەڕ بەرهەم دەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێت بیر لەوە بکرێتەوە کە توێژینەوەی میکانیزمەکانی ئاشکراکردنی دوژمن، ڕەنگە یارمەتیدەر بێت لە پێشبینیکردنی هۆیەکانی ململانێ و کەمکردنەوەیان. چوونی هێندێک وڵات کە پێشتر کێبەرکێکار و هێندێک جاریش دوژمنکارانە بوون بۆ ناو یەکێتی ئەوروپا ئەوەی سەلماندووە.

چەند سەرنجێک

ئەم کتێبە هەروەکو میشیل فیڤیۆرکا دەڵێت؛ "لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەوجۆرە قسە لەسەر ستراتیجییەتی سەربازی ناکەین کە بەر لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە قسەمان لەسەری دەکرد و بەشێوەیەکی جیاواز لە بارودۆخە دەستەهەست و مێژووییە باسلێکراوەکانی دەڕوانین". ئەم کتێبە بە قەبارە بچووک و بە ناوەڕۆک گەورە و بە پێز، زۆر ڕووشینەرانە و دڵڕەقانە باس لە چۆنێتی دروستکردنی دوژمن دەکات و سیاسەتی وڵاتە زلهێزەکان سەرکۆنە دەکات، هەروەها نووسەر هەڵوەستە لەسەر زۆر بابەتی دیکەش دەکات، وەک کوشتنی بەکۆمەڵ، دروستکردنی ئەفسانە، تۆڵەسەندنەوە، لەبەریەکهەڵوەشانەوەی دوژمن، پیلانگێڕی، کودەتا، لێبوردن، لەبیرکردن، پۆزشهێنانەوە و هتد. لێرەدا نامەوێت باس لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بکەم، چونکە تەنیا بە خوێندنەوەی لێی تێدەگەیت، بەڵام دەخوازم تیشک بخەمە سەر دیدگای نووسەر لەسەر پرسی کورد، ئەگەر چی سەرنج و تێبینییەکانم لە گرنگی ئەم کتێبە کەم ناکەنەوە، هێندەی ئەوەی یان بێئاگایی نووسەرە لەسەر ئەو پرسە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا جێگەی پرسیار و گومانە، یان پەیوەندی بە بیرکردنەوەی نووسەرەوە هەیە کە ئەمەیان بە خراپ لەسەر بێلایەنی و جێمتمانەیی نووسەر دەکەوێت، ئەگەر چی بە خوێندنەوەی کتێبەکە ئەو هەستە لەلای خوێنەر دروست نابێت.

پیار کۆنیسا، تەنها لە چەند شوێنێکی کەمدا، زۆر ڕاگوزەرانە باس لە مەسەلەی کورد دەکات، بە تایبەتی لە دوو سەرنجیدا زۆر نێگەتیڤانە لێی دەڕوانێت کە من پێموایە گواستنەوەی هەمان دید و بۆچوونی داگیرکارانی کوردستانە لەسەر دۆزی کورد، ئەمەش بۆ کەسێکی وەک کۆنیسا مایەی ڕامان و هەڵوەستەلەسەرکردنە، بۆ نموونە، کاتێک دێتە سەر هەرێمی کوردستان بەمجۆرە بە دێڕێک باسی دەکات: "ڕەنگە کوردستانی عێراق کە سیستمێکی نیمچە سەربەخۆ پیادە دەکات، ببێتە مەرجەعی سی ملیۆن کورد و سەقامگیری ناوچەکە تێک بدات". لێرەدا کۆنیسا هەمان بیرکردنەوەی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریای بەرامبەر بە دۆزی کورد هەیە، ئەمەش کورتبینی کۆنیسا لەسەر پرسی کورد ڕووندەکاتەوە، هەروەها لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنووسێت:

"هەروەکو لیۆن ی. شارۆن (Leon I. Sharon)، کۆنە ئەفسەر لە هێزی تایبەتی ئەمەریکا دووپاتی دەکاتەوە و لە بنکەیەکی نزیک بەغداد، فەرماندەیی پێنج سەد پاسەوانی کورد دەکات. ئەوەش هەر بەڕاستی نیگەرانهێنە". لێرەدا ئەو پرسیارە قووت دەبێتەوە بۆ دەبێت ڕاهێنانی ٥٠٠ کەس نیگەرانهێن بێت، ئەمەش هەمان ترسی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانە کە ترسیان لە هەموو هەنگاوێکی کورد هەیە.

دەشێت ڕووداوێک یا بۆنەیەک لە ڕوانگەی نەتەوە و کەمایەتی و گرووپە جیاوازەکانەوە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێ و کاریگەری جیاوازی لەسەریان هەبێت، نەک لە یەک ڕوانگەوە تەماشای بکرێت کە خودی کۆنیساش هەمان کاری کردووە، کەچی بەرامبەر بە دۆزی کورد ئەوەی نەکردووە، بۆ نموونە دەڵێت " چی بکرێت بۆ ئەوەی لە جەنگی یادەوەرییەکان ڕزگارمان بێت؟ تێپەڕاندنی کارێکی سانا نییە، بەتایبەتی کاتێک سەربووردەکان دژبەیەک دەبن. گۆڕینی شوێنی یادەتەلاری "نصب التذكاري" سەربازی سۆڤیەتی، ساڵی ٢٠٠٨، لە ئەستۆنیا، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە تا چەند کارەکە زەحمەت و دژوارە. ماریک تام (Marek Tamm)، مێژوونووس و ڕۆژنامەوانی ئەستونی دەڵێت: "سەبارەت بە ئەستوونییە ڕەسەنەکان، نازیزم چوار ساڵ بوو، بەڵام کۆمۆنیزم پەنجا ساڵ بوو". بەپێچەوانەشەوە، سەبارەت بەو ڕوسییانەی لە دوای کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆرییەت لە شوێنی خۆیان مانەوە، ئەوانەی هێشتا ڕێژەی ٢٠ - ٣٠٪ دانیشتوانە خۆجێیەکە پێکدەهێنن، ئەو یادەتەلارە سیمبولی ئەو مەینەتییانەیە کە وەسف ناکرێن و بۆ تێکشکاندنی نازییەت چەشتوویانە. بەڵام ئەستۆنییەکان، گەڕانەوەی سوپای سوور لە ساڵی ١٩٤٤دا، بە داگیرکارییەکی نوێ دادەنێن، کەچی بۆ ڕووسەکان مانای ڕزگارکردن دەگەیەنێت. چۆن نێوان ئەو دوو یادەوەرییە دەگونجێنرێت؟، کەواتە لە دیدی کوردیشەوە، بوونی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆ، نەک هەر سەقامگیری ناوچەکە تێک نادات، بگرە دەبێتە مایەی سەقامگیری، گەر ئەوانیش بۆچوونی خۆیان بەرامبەر کورد بگۆڕن، ئەوا پێکەوە بەرەو کەناری ئارام هەنگاو دەنێین. " بە دیوێکی تریشدا زۆر پێداگری لەسەر ڕەوایەتی دۆزی فەڵەستینییەکان دەکات و کێشەی چەند دۆنمە زەوییەک دەکاتە کێشەیەکی گەورە، کەچی بە دێرێکیش خۆی لە قەرەی دڕندایەتی دەسەڵاتدارانی بەعس (عێراق و سوریا) و ئاخوندەکانی ئێران و

کەمالیستەکانی تورکیا نەداوە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بەئێستاشەوە، بەرامبەر بە کورد پیادەی دەکەن. ڕەنگە بەشێکی ئەو بەدحاڵیبوونەش بکەوێتە ئەستۆی خودی کورد کە وەک پێویست نەیتوانیوە ڕەوایەتی دۆزەکەی بگەیەنێتە دونیای دەرەوە، بۆ نموونە، ڕەوەندی کوردی زیاتر لە نیو سەدەیە لە دەرەوەی کوردستان بوونی هەیە و زۆربەشیان کەم تا زۆر ناسۆری، دەربەدەری، ئاوارەیی، کوشتنی بەکۆمەڵ، دەرکردنی زۆرەملێ لە شوێنی نیشتەجێ بوون، کۆڕەو و کردەی دڕندانەی دیکەیان بینیووە کە هێندێکیان دەچنە خانەی کومەڵکوژی و پاکتاوکردنی ڕەگەزییەوە، کەچی نەیانتوانیووە ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی ئەوتۆ بگێڕێت کە لەلایەکەوە کاریگەری لەسەر حکومەت و نێوەندەکانی بیرکردنەوە و ڕای گشتی ئەو وڵاتانە هەبێت، لەلایەکی دی، دەنگ و ڕەنگیان لە ناوەوەی کوردستان ببیسترێت و گوشاری جدی دروست بکەن، بەتایبەتی لەسەر حکومەتی هەرێمی کودرستان، هەروەکو ڕەوەندی جوولەکە (دیاسپۆرا)، ئەرمەنی و ئێرلەندی ئەوەیان کرد. دواجار هەروەکۆ میشیل فیڤیۆرکا دەڵێت، "ڕەنگە لە هێندێک بۆچووندا لەگەڵ کۆنیسا هاوڕا نەبین"، بەڵام پێویستە ئەم کتێبە بخوێنرێتەوە و هەڵوەستەی جدی لەسەر بکرێ، چونکە شایانی خوێندنەوەیە، لە کۆتاییشدا خوێنەر دوا حوکمی خۆی دەدات.

حەمە ڕەشید

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION

MAM HUMANITARIAN
FOUNDATION